# کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# کۆمەڵی کورد ١٩١٨-١٩٧٤

بەرگی دووەم: ١٩٣١-١٩٤٠

ئامادەکردنی

**ب. دەستانی**

وەرگێڕانی

**هیوا مەجید خەلیل**

**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٤**

**ناوی کتێب**

کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵی کورد

بەرگی دووەم: ١٩٣١-١٩٤٠

**ئامادەکردنی:** ب. دەستانی

**وەرگێڕانی:** هیوا مەجید خەلیل

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٤

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤١٩) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

# ناوەڕۆک

١. یاداشـتی نهێنـی و بەپەلـە، ژمارە ٣٠ لەلایەن عەبدولقادر ڕەشـید، سـکرتێری ئەنجوومەنی وەزیـران، بەغـدا، بـۆ کۆمسـیاری بـاڵای بەریتانیا لە عێـراق، ٥ی کانوونـی دووەمی ١٩٣١، لەبـارەی ئـەو کەسـانەی لـە یاخیبوونەکـەی سـلێمانیدا بەشـداربوونە، هاوپێـچ لەگـەڵ وەرگێڕانـی نووسراوێکـی نهێنـی و زۆر بەپەلە بە ژمـارە (C/17) لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ، عێـراق، بـۆ سـکرتێری ئەنجوومەنی وەزیـران، ٣ی کانوونـی دووەمی ١٩٣١، بەناونیشـانی "تاوانبارانـی ڕووداوەکـەی ٦ی ئەیلـوول لـە سـلێمانی"، هاوپێـچ لەگـەڵ وەرگێڕانـی نووسراوێکـی نهێنـی بـە ژمـارە ٣٢١٤، لەلایـەن وەزارەتـی ناوخـۆ بـۆ سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، ٢٧ی ئەیلـوول ١٩٣٠ [نووسراوەکـە هاوپێـچ نەکـراوە] [CO730/161/1].

٢. تەلەگرامـی ژمـارە ٢٩ لەلایەن کۆمسـیاری باڵا لـە عێراق بۆ وەزیری دەوڵـەت بۆ کاروباری کۆلۆنیـال، ١٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، لەبارەی گرێدانی کۆنفرانسـێک بـۆ گرتنەبەری هەنـگاوی سیاسـی و سـەربازیی پێویسـت بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی زنجیرەیـەک نائارامی کـە لە وەرزی بەهار لە کوردسـتان سـەرهەڵدەدات [CO730/161/2].

٣. نـووسراوی ژمـارە (E109/31/93) لەلایـەن مسـتر س. و. باکسـتر (Mr C. W. Baxter)، وەزارەتی دەرەوە، بۆ جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە، نووسـینگەی کاروباری کۆلۆنیال، ١٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، تایبەتـە بـەوەی کۆمەڵەی گـەلان وەها بیـر دەکاتەوە کە تێڕوانینـی حکومەتـی بەریتانیا و عێراق سـەبارەت بـەو داواکارییەی لەلایـەن کوردەکانی عێـراق خراوەتـە بەردەم کۆمەڵـەی گەلان جیـاوازە [CO730/161/2].

٤. تەلەگرامی ژمارە ٢١ لەلایەن وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیال بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣١، لەبارەی کاریگەریی کۆمەڵەی گەلان لەسەر جیاوازیی تێڕوانینی حکومەتی عێراق و بەریتانیا لەسەر داواکارییەکانی کورد [CO730/161/2].

٥. تەلەگرامـی ژمـارە ٢٢ لەلایـەن وەزیـری دەوڵـەت بـۆ کاروبـاری کۆلۆنیـال بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، ١٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، بـاس لـەوە دەکات وادیـارە بەپێـی ڕاپۆرتـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب، کۆمەڵـەی گـەلان لـە سیاسـەتی حکومەتـی

عێـراق بەرانبـەر کـورد ڕازی نییـە و ئـەم سیاسـەتە بەپێـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ڕێکەوتـی ١٦ی ئەیلـوول ١٩٢٥ نییـە [CO730/161/2].

٦. نووسراوێـک لەلایـەن شـاندی بەریتانیـا، کۆمەڵـەی گـەلان، جنێـڤ، بـۆ مقـەدەم سـێر ف. هامفریـس (Lieutenant Colonel. Sir F. Humphrys)، کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، ٢٢ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، لەبـارەی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لەسـەر ڕاپۆرتـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب پەیوەسـت بـە عێـراق، هاوپێـچ لەگـەڵ بەیانێـک کـە لەلایـەن شـاندی بەریتانیـا لـە کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنەکـە لەسـەر ڕاپۆرتـی ڕاپۆرتدەری[عێـراق] درا (ڕاپۆرتـی ڕاپۆرتـدەر، وەڵامـی نوێنـەری ئێـران و یاداشـتێک لەسـەر ئـەو خاڵانـەی کـە لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـاوە وروژێـنرا، ١٠ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، ڕاپۆرتەکـە هاوپێـچ نەکـراوە) [CO730/161/1].

٧. یاداشـتی ژمـارە (P.O./17) لەلایـەن سـکرتاریەتی کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق بـۆ نـوری پاشـا ئەلسـەعید، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیـران، بەغـدا، ٢٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، تایبەتـە بـە درەنـگ کەوتنـی پەسـەندکردنی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان، هاوپێـچ لەگـەڵ وەڵامەکـەی بـە ژمـارە٣٧١، ٢٧ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١ [CO730/161/1].

٨. یاداشـتی ژمـارە (R. O. 38) سـێر هامفریـس کۆمسـیاری بـاڵا لە عێراق، بەغـدا، بۆ مەلیک فەیسەڵ، بەغدا، ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣١، تایبەتە بە درەنگ کەوتنی پەسەندکردنی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان، هاوپێـچ لەگـەڵ وەڵامەکـەی، یاداشـتی ژمـارە ١٠٩، ٣١ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە یاسـای زمانـە خۆجییـەکان لـە ١ی شـوباتی ١٩٣١ دەخرێتـە بـەردەم پەرلەمانـی [عێـراق] [CO730/161/1].

٩. ڕاپۆرتێـک لەلایـەن مسـتر ک. کۆرنوالیـس (Mr. K. Cornwallis) ڕاوێـژکار، وەزارەتـی ناوخـۆ، بـۆ بەڕێـز وەزیـری [ناوخـۆ]، ٤ی شـوباتی ١٩٣١، تایبەتـە بـە وەڵامدانـەوەی خێـرای کۆمەڵـەی گـەلان لەبـارەی داواکارە کـوردەکان [CO730/161/2].

١٠. یاداشـتی ژمـاره (P. O. 26) لەلایـەن سـکرتاریەتی کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق بـۆ نـوری پاشـا ئەلسـەعید، سـەرۆکی ئەنجوومەنـی وەزیـران، بەغـدا، ٤ی شـوباتی ١٩٣١، بـاس لـەوە دەکات یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان لەلایـەن پەرلەمانـەوە بـە شـێوازێکی جیـاواز لـەو شـێوازەی مەلیـک لـە مانگـی تشرینـی دووەم پەسـەندی کردبـوو، پەسـەندکراوە [CO730/161/2].

١١. یاداشـتی ژمـاره (W1612/5/98) لەلایـەن سـکرتێری گشـتی کۆمەڵـەی گـەلان بـە وەکالـەت، جنێـڤ، بـۆ وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، ٧ی شـوباتی ١٩٣١، بۆچوونەکانـی حکومەتـی بەریتانیـا لەسـەر ڕاپۆرت[ەکانـی] تایبـەت بـە عێـراق دەخاتـەڕوو [هاوپێـچ لەگـەڵ بەبەتەکانـی دی] [ڕاپۆرتـەکان] هاوپێـچ نەکـراون] و داوا دەکات بەپێـی داواکانـی کۆمسـیۆن هەڵسـوکەوت بکـەن. هاوپێـچ لەگـەڵ نووسراوێـک [نووسراوەکانـی دی هاوپێـچ نەکـراون]: یاداشـتی ژمـاره (6A/22413/655) لەلایـەن بەڕێوەبـەری بەشـی ئینتیـداب بـۆ مسـتر عەزمـی بەگـی بابـان، سـلێمانی، ٧ی شـوباتی ١٩٣١، تایبەتـە بـەو ئەنجامانـەی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب لـە نۆزدەیەمیـن دانیشـتنیدا لەسـەر داواکارییەکانـی ڕێکەوتـی ٢٦ی تەمـووز و ٣ی ئابـی ١٩٣٠، پێگەیشـتووە و دروسـتکردنی حکوومەتێکـی کـوردی ڕەتدەکاتـەوە، بـەڵام داوا دەکات پێگـەی کـورد پارێـزراو بێـت [CO730/161/2].

١٢. یاداشـتی ژمـاره ٩٣ لەلایـەن کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق بـۆ وەزیـری کاروبـاری کۆلۆنیـال، ١٠ی شـوباتی ١٩٣١، بـاس لـەوە دەکات باشـترە لەبـارەی پرسـی کـوردەوە زانیاریـی زیاتـر نەخرێتەبـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، تـا ئەوکاتـەی حکومەتـی بەریتانیـا بتوانێـت کۆمەڵـەی گـەلان ئـاگادار بکاتـەوە کـە حکومەتـی عێـراق سیاسـەتی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان جێبەجـێ دەکات [CO730/161/2].

١٣. نووسراوێکـی زۆر نهێنـی لەلایـەن مسـتر هامفریـس، کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، بەغـدا، بـۆ وەزیـری کاروبـاری کۆلۆنیـال، ١٣ی شـوباتی ١٩٣١، تەلەگرامـی ژمـاره ٩٣ لـە ڕێکەوتـی ١٠ی شـوباتی ١٩٣١، هاوپێچکـراو بـە "ڕاپـۆرت لەسـەر نائارامییەکانـی سـلێمانی"، بـە بـێ ڕێکـەوت، [CO730/161/2].

١٤. نووسراوی نهێنی ژمارە ٥٩٨ لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە، بەغدا، بۆ سێر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، ١٤ی شوباتی ١٩٣١، باس لەوە دەکات حکومەتی تورکیا لەبارەی بڕیارێکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کە تایبەتە بە مافی کورد و کەمینەکان لە عێراقدا، بەرانبەر کۆمەڵەی گەلان ناڕەزایی دەربڕیوە. هاوپێچ لەگەڵ وەرگێڕانی یاداشتی ژمارە ٢٥ی وەزیری عێراق، ئەنقەرە، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، بەغدا، ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٣١، [CO730/161/4].

١٥. نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژمارە ٦٤٦، لەلایەن نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، ١٦ی شوباتی ١٩٣١، تایبەتە بە پرسی کورد و یاسای زمانە خۆجێییەکان [CO730/161/4].

١٦. نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژمارە (P.O40) لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، ١٦ی شوباتی ١٩٣١، لەبارەی بەکارهێنانی چەمکی "کوردی خۆجێ"، هاوپێچ لەگەڵ ڕەشنووسی بەندێکی نوێ بۆ یاسای زمانە خۆجێییەکان [CO730/161/1].

١٧. نووسراوی ژمارە (٣١/١/٨٨٠٢٠) لەلایەن مستر ف. ی. و. فلوود (Mr. J. E. W. Flood)، نووسینگەی کۆلۆنیال، بۆ مستر ج. و. ڕێندێڵ (Mr. G. W. Rendel)، وەزارەتی دەرەوە، ١٧ی شوباتی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ ڕەشنووسی تەلەگرامی ژمارە ٩، کە پێشنیاز کراوە وەک وەڵامی تەلەگرامی ژمارە ٩٣ بنێردرێت [بەڵگەنامەی ژمارە ١٢] [CO730/161/1].

١٨. نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژمارە (P.O.41) لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، ١٨ی شوباتی ١٩٣١، سەبارەت بەو ئاگادارکردنەوەیەی حکومەتی تورکیا لەباری پرسی کورد بەبێ ڕاوێژی پێشوەخت لەگەڵ کۆمسیاری باڵا خستوویەتەڕوو [CO730/161/1].

١٩. نووسراوێکی زۆر نهێنی لەلایەن مستر هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ وەزیری کاروباری کۆلۆنیال، ١٨ی شوباتی ١٩٣١، تایبەت بە ناڕەزایەتی دەربڕینی

هاوبەشی حکومەتی تورکیا و ئێران بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان لەبارەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لەسەر داواکاری کورد [CO730/161/4].

٢٠. تەلەگرامی ژمارە ٢١ لەلایەن وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کۆلۆنیال بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ١٩ی شوباتی ١٩٣١، لەبارەی شکستی حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە [تایبەت بە کوردەکان] کە ڕایگەیاندبوو [CO730/161/2]

٢١. ڕەشنووسی نووسراوێک لەلایەن مستر ف. ی. و. فلوود، نووسینگەی کۆلۆنیال، بۆ مستر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، ٢٠ی شوباتی ١٩٣١، لەبارەی داواکارییەکانی کوردەکان [CO730/161/2].

٢٢. نووسراوی ژمارە (E855/31/93) لەلایەن مستر ج. و. ڕێندێڵ، وەزارەتی دەرەوە، بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، ٢٠ی شوباتی ١٩٣١، خستنەڕووی حەفت داواکاری بە نوێنەرایەتی کورد بۆئەوەی بخرێتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب [داواکارییەکان هاوپێچ نەکراون]، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتنامەیەک (memorandum) ٢٠ی شوباتی ١٩٣١، بۆچوونە سەرەتاییەکانی حکومەتی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکانی [کورد] لەخۆ دەگرێت [CO730/161/2].

٢٣. تەلەگرامی ژمارە ١١٤ لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ وەزیری کاروباری کۆلۆنیال لە عێراق، ٢٤ی شوباتی ١٩٣١، لەبارەی چالاکییەکانی شێخ مەحمود [CO730/161/2].

٢٤. یاداشتی نهێنی و بە پەلە بە ژمارە ٧٣١، لەلایەن نوری ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ مستر ف، هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، ٢٥ی شوباتی ١٩٣١، لەبارەی ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجێییەکان [CO730/161/2].

٢٥. هەڵهێنجانی کورتەیەکی هەواڵگریی، ٢٥ی شوباتی ١٩٣١، بەناونیشانی "باکوور و ناوەڕاستی کوردستان"، پەرەگرافەکانی ٤٧ و ٤٨: پەنابەرە کوردەکانی تورکیا، پەرەگرافی ٤٩: لێبوردەیی حکومەتی تورکیا بۆ پەنابەرە کوردەکان، پەرەگرافی ٥٠: خەسرۆ س/و سمکۆ، پەرەگرافەکانی ٥٤، ٥٥، هەورامان (Avroman)؛ هەروەها هەڵێنجانی کورتەیەک لە گۆڤاری ژمارە ٣، سەبارەت بەوەی وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاندووە

دەستەیەکی تایبەت بۆ لیوای کەرکووک پێکدەهێنرێت [CO730/161/1].

٢٦. نووسراوێکی زۆر نهێنی لەلایەن مستر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ وەزیری کاروباری کۆلۆنیال، ٢٧ شوباتی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ ڕەشنووسی بەشە بابەتێک بە ناونیشانی "کورد"، پێشنیازکراوە ئەم بەشە بخرێتە ناو ڕاپۆرتی ١٠ ساڵەی حکومەتی بەریتانیا کە دەیخاتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، هاوپێچ لەگەڵ خشتەیەک لە تێبینییەکان لەسەر داواکاریی کورد بۆ خستنەبەردەم کۆمەڵەی گەلان دراوە و کۆپییەک بۆ وەزیری دەرەوە نێردراوە، بە بێ ڕێکەوت [CO730/161/2].

٢٧. تەلەگرامی ژمارە ٨٩، لەلایەن وەزیری کاروباری کۆلۆنیال بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٣ی ئاداری ١٩٣١، لەبارەی سیاسەتی [حکومەتی عێراق] بەرانبەر کوردی عێراق [CO730/161/4].

٢٨. نووسراوی ژمارە (٣١/١/٨٨٠٢٠) لەلایەن مستر ف. ی. و. فلوود، نووسینگەی کۆلۆنیال، بۆ مستر ج. و. ڕێندێل، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، ٣ی ئاداری ١٩٣١، لەبارەی داواکارییەکانی کوردەکان [CO730/161/2].

٢٩. نووسراوی ڕووماڵکەر بە ژمارە (E855/31/93) لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری کۆلۆنیال، ٤ی ئاداری ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، ٢٧ی شوباتی ١٩٣١، سوپاسی گەیشتنی یاداشتی ژمارە (E855/31/93) دەکات، ٢٠ی شوباتی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوەکانی دی [بڕوانە بەڵگەنامەی ٢٢] [CO730/161/2].

٣٠. تەلەگرامی ژمارە ١٢٥ لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ وەزیری کاروباری کۆلۆنیال لە عێراق، ٤ی ئاداری ١٩٣١، داوای هەندێك ڕێنمایی لەسەر داواکارییەکەی کورد دەکات [CO730/161/2].

٣١. نووسراوی نهێنی ژمارە ٨١١، لەلایەن نوری ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ مستر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، ٥ی ئاداری

١٩٣١، داوا دەکات لەبارەی پرسی کورد حکومەتەکانی عێراق و بەریتانیا هاوکاری پتەویان لەگەڵ یەکتردا هەبێت [CO730/161/1].

٣٢. نووسراوی ژمارە (E1015/31/93) لەلایەن مستر ج. و. ڕێندێل، وەزارەتی دەرەوە، بۆ جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە، وەزارەتی دەرەوە، ٥ی ئاداری ١٩٣١، پەیوەستە بە پێشنیازی حکومەتی تورکیا کە پێویستە حکومەتەکانی تورکیا، ئێران و عێراق نارەزایەتی هاوبەش ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان بکەن [CO730/161/4].

٣٣. هەڵێنجانی کورتەیەک لە [ڕۆژیاداشتی] ”The Near East“ بەناونیشانی ”کوردی عێراق“، لە ڕێکەوتی ٥ی ئاداری ١٩٣١، هەروەها ”عێراق“ لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩٣١، [CO730/161/1].

٣٤. نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژمارە (P.O.53) لەلایەن مستر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ نوری پاشا ئەلسەعید، ٥ی ئاداری ١٩٣١، لەبارەی یاسای زمانە خۆجێییەکان [CO730/161/1].

٣٥. ڕەشنووسێکی زۆر نهێنی بە ژمارە (٩٣/٣١/٨٨٠٢٠) لەلایەن وەزیری کاروباری کۆلۆنیال بۆ مستر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٦ی ئاداری ١٩٣١، لەبارەی یاداشتی بۆچوونە سەرەتاییەکانی [حکومەتی بەریتانیا] لەسەر داوکارییەکانی کورد کە بۆ کۆمیسۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان نێردراوە [CO730/161/2].

٣٦. نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژمارە (P.O.58) لەلایەن مستر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، ٧ی ئاداری ١٩٣١، لەبارەی سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد [CO730/161/1].

٣٧. تەلەگرامی ژمارە ٣٧ لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری کۆلۆنیال، ١٥ی ئاداری ١٩٣١، تایبەتە بە بابەتی کورد لە ڕاپۆرتی ١٠ ساڵە، هاوپێچ لەگەڵ وەڵامی تەلەگرامی ژمارە ١١٧، ٢٠ی ئاداری ١٩٣١ [CO730/161/2].

٣٨. یاداشتی ژمارە (P.O.96) بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەلایەن مستر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ مەلیک فەیسەڵ، بەغدا،

٢٣ی ئـاداری ١٩٣١، لەبـارەی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان [CO730/161/1].

٣٩. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (D.O.409) لەلایـەن مسـتر ف. هامفریـس، کۆمسـیاری بـاڵا لە عێـراق، بەغـدا، بـۆ سـێر ج. ێ. شـۆکبۆرگ (Sir J. E. Shuckburgh)، وەزارەتـی دەرەوە، ٢٦ی ئـاداری ١٩٣١، لەبـارەی یاداشـتێکی مسـتر ک. ویلیامـز (Mr K. Williams)، سەرنووسـەری "The Near East and India"، لەبـارەی کێشـەی کـورد [CO730/161/1].

٤٠. یاداشـتێکی شەخسـی و نهێنـی لەلایـەن مسـتر ف. هامفریـس، کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، بەغـدا، بـۆ مسـتر ک. ویلیامـز سەرنووسـەری "The Near East and India"، لەبـارەی کێشـەی کـورد [CO730/161/1].

٤١. هەڵێنجانێـك لـە ڕاپۆرتـی هەواڵگریـی بـە ژمـارە ٨، ١٥ی نیسـانی ١٩٣١، بـە ناونیشـانی "کـوردەکان" [CO730/161/1].

٤٢. یاداشـتی نهێنـی بـە ژمـارە ١٥٣٦، لەلایـەن عەبدولقـادر ڕەشـید، سـکرتێری ئەنجوومەنـی وەزیـران، بەغـدا بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، بەغـدا، ١٨ی نیسـانی ١٩٣١، تایبـەت بـە ڕەشنووسـی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان، هاوپێـچ لەگـەڵ وەرگێڕانـی یاداشـتی ژمـارە ١٦٢٣، لەلایـەن وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بـۆ سـەرۆک وەزیـران، بەغـدا، ١٥-١٦ نیسـانی ١٩٣١، لەسـەر گفتوگـۆی نێـوان وەزیـری کاروبـاری دەرەوە لەگـەڵ وەزیـری دەسـەڵاتپێدراوی ئێـران [CO730/161/1].

٤٣. یاداشـتێک لەلایـەن مقـەدەم تۆفیـق وەهبـی بـەگ، نوێنـەری دەسـەڵاتپێدراوی کـوردی عێـراق، بەیـروت، بـۆ وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، لەنـدەن، ١٩ی نیسـانی ١٩٣١، هاوپێـچ لەگـەڵ حەفـت بەڵگەنامـە بـۆ خسـتنە بـەردەم کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب، کۆمەڵـەی گـەلان، جنێـڤ: (١) یاداشـتێک لەلایـەن مقـەدەم تۆفیق وەهبـی، بەیروت، بۆ سـکرتێری گشـتی کۆمەڵەی گەلان، ١٩ی نیسـانی ١٩٣١، (٢) یاداشـتێک لەلایەن مقەدەم تۆفیـق وەهبـی بـۆ سـەرۆکی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی مەندێـت، کۆمەڵەی گـەلان، ١٩ی نیسـانی ١٩٣١، (٣) کۆپیـەک لـە یاداشـتی مقـەدەم تۆفیـق وەهبـی بۆ بەڕێز کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق، ١٩ی نیسـانی ١٩٣١، (٤) دەسـەڵات پێدانـی گەلـی کوردسـتانی باشـوور

بە مقەدەم تۆفیق وەهبی بەگ تا نوێنەرایەتیان بکات؛ (٥) داواکاریی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور بۆ کۆمەڵەی گەلان، هاوپێچ: بەیانێک لەلایەن میرزا تۆفیقی کوڕی حاجی ئەحمەد قەزازی سلێمانی، لەبارەی دەستگیرکردنەکەی لە ٦ی ئەیلوول ١٩٣٠، بەغدا، ٢٣ی ئاداری ١٩٣١. هەروەها تەلەگرامی ژمارە ٢٠١ لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ وەزیری کۆلۆنیال، ٣٠ی نیسانی ١٩٣٠؛ (٦) ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتن لە بەیانەکەی مێجەر یۆنگ (Major Young) لە جنێڤ، بێ ڕێکەوت؛ (٧) یاداشتی پشتگیریی لەلایەن کۆمیتەی خۆیبوونەوە، دیمەشق، بۆ ئەنجوومەنی نەتەوەیی کورد، ١٧ی نیسانی ١٩٣١، [CO730/161/1].

٤٤. هەڵێنجانێك لە پوختەی هەواڵگریی هێزی ئاسمانی، ژمارە ٨، ٢٢ی نیسانی ١٩٣١، سەبارەت بە: جاف، خێڵی دزەیی، barودۆخی ناوچەی هاوڕان (Hauran) و شێخان، پشدەر و هەورامان (Avroman) [CO730/161/1].

٤٥. نووسراوی ڕووماڵکردن بە ژمارە (E161/3/31/93) لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری کۆلۆنیال، ٢٨ی نیسانی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی ژمارە (٩٣/٣١/١٦١٦) لەلایەن مستر ج. و. ڕێندێل، وەزارەتی دەرەوە، بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، ٢٧ی شوباتی ١٩٣١، ئاگاداریان دەکاتەوە ڕاپۆرتی تایبەت بە عێراق بەشێکی تەواوکار لەخۆ دەگرێت کە بریتییە لە بۆچوونە سەرەتاییەکانی حکومەتی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکانی کورد، هەروەها یاداشتێکیتر بۆچوونی زیاتر لە دوای سەردانی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ ناوچە کوردییەکان ئامادە دەکرێت [CO730/161/2].

٤٦. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی بە ژمارە ٩، ٢٩ی نیسانی ١٩٣١، بە ناونیشانی "هەولێر" تایبەتە بە خێڵی دزەیی [CO730/161/1].

٤٧. تەلەگرامی ژمارە ٢٠١ لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری کۆلۆنیال، ٣٠ی نیسانی ١٩٣١، لەبارەی گەیشتنی کۆپیەک لە داواکەی تۆفیق وەهبی [بەڵگەنامەی ژمارە ٤٣ ] [CO730/161/2].

٤٨. نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژمارە (P.O.87) لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بۆ نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، ٩ی ئایاری ١٩٣١، وەک هاوپێچەک بۆ نووسراوی ژمارە ٥٣١ لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق [نووسراوەکە هاوپێچ نەکراوە] سەبارەت بەوەی پێویستە حکومەتی عێراق هەنگاوی پێویست بگرێتەبەر بۆ دڵنیاکردنەوەی داواکارە کوردەکان، هاوپێچ لەگەڵ داواکاریی کوردێک بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، ٣١ی ئاداری ١٩٣١، پەیوەست بە بڕیاری ژمارە (F.O C.A. 22413/655) لە ڕێکەوتی ٧ی شوباتی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ وەڵامی یاداشتی ژمارە (S.O.566) ٣ی ئایاری ١٩٣١ [CO730/161/3].

٤٩. یاداشتێک لەلایەن ئاسیە تۆفیق، هاوسەری تۆفیق وەهبی، موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانی، بۆ کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، لە ڕێگەی دەسەڵاتی ئینتیداب لە عێراق، ١٦ی ئایاری ١٩٣١، بەرگری لە کەیسی هاوسەرەکەی دەکات [CO730/161/3].

٥٠. تەلەگرامی ژمارە ٢٤٧ لەلایەن کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری کۆلۆنیال، ٢٣ی ئایاری ١٩٣١، لەبارەی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان [CO730/161/3].

٥١. یاداشتێک لەلایەن مستر ر. ڤ. ڤێرنۆن (MR. R. V. Vernon)، وەزارەتی دەرەوە بۆ م. ڤ. کاتاستینی (M. V. Catastini)، بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، ٢٣ی ئایاری ١٩٣١، سەرنج دەخاتەسەر هەڵەیەکی ڕێنووس لە تێبینییەکانی حکومەتی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکانی کورد کە بە یاداشتی ژمارە (٩٣/٣١/٨٥٥) لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩٣١ نێردراوە [بەڵگەنامەی ٢٢]، هاوپێچ لەگەڵ وەڵامی یاداشتی ژمارە (6A/22412/655)، ٢٧ی ئایاری ١٩٣١ [CO730/161/1].

٥٢. نووسراوی ژمارە (٣١/١/٨٨٠٢٠) لەلایەن مستر ف. ی. و. فلوود، نووسینگەی کۆلۆنیال، بۆ جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە، ٣٠ی ئایاری ١٩٣١، لەبارەی تێبینییەکانی حکومەتی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکانی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان، تا بخرێتە بەردەم دانیشتنی مانگی حوزەیرانیی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب [CO730/161/3].

٥٣. تەلەگرامــی ژمــارە ٢٤٧ لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــە وەکالــەت بــۆ وەزیــری کاروبــاری کۆلۆنیــال، ٣ی حوزەیرانــی ١٩٣١، بــاس لــە ئازادکردنــی بــێ مەرجــی تۆفیــق وەهبــی و کەســانی دی دەکات [CO730/161/3].

٥٤. نــووسراوی ژمــارە (E2557/31/93) لەلایــەن مســتر ج. و. ڕێندێــڵ، وەزارەتــی دەرەوە، بــۆ جێگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە، وەزارەتــی دەرەوە، ٣ی حوزەیرانــی ١٩٣١، لەبــارەی ڕەشنووســی یاســای زمانــە خۆجێیەکانــی عێــراق [CO730/161/1].

٥٥. نووسراوێکــی نهێنــی ڕووماڵکــردن لەلایــەن مســتر ێ. ر. لۆدلۆ-هێویــت (MR. E. R. Ludlow-Hewitt)، کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــە وەکالــەت، بەغــدا، بــۆ وەزیــری کۆلۆنیــال، ٥ی حوزەیرانــی ١٩٣١، لەبــارەی سیاســەتی [حکومەتــی عێــراق] بەرانبــەر کــورد و یاســای زمانــە خۆجێییــەکان" هاوپێــچ لەگــەڵ یاداشــتی ژمــارە (P.O.104)، لەلایــەن سێر هامفریــس، کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق، بەغــدا، بۆ نوری پاشــا ئەلســەعید، ســەرۆکی ئەنجوومەنــی وەزیــران، بەغــدا، ٢٩ی ئایــاری ١٩٣١؛ یاداشــتی ژمــارە ٢٢٥١، لەلایــەن نــوری پاشــا ئەلســەعید بــۆ مێجــەر یۆنــگ، ڕاوێــژکاری کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق، بەغــدا، ٣٠ی ئایــاری ١٩٣١، یاداشــتی ژمــارە (P.O.109) لەلایــەن مســتر لۆدلــۆ-هێویــت بــۆ نوری پاشــا ئەلســەعید، ٢ی حوزەیرانــی ١٩٣١؛ یاداشــتی نهێنی ژمــارە ٢٣٤٥، لەلایــەن ڕۆســتەم حەیــدەر، نووســینگەی ئەنجوومەنــی وەزیــران، بەغــدا بــۆ کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــە وەکالــەت ، بەغــدا، ٤ی حوزەیرانــی ١٩٣١ [CO730/161/1].

٥٦. نووسراوێکــی شەخســی و نهێنــی بــە ژمــارە (S.O. 744) لەلایــەن مســتر ێ. ر. لۆدلۆ-هێویــت، کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــە وەکالــەت، بەغــدا، بــۆ ســێر ف، هامفریــس، ٥ی حوزەیرانــی ١٩٣١، لەبــارەی یاســای زمانــە خۆجێییــەکان، هاوپێــچ لەگــەڵ یاداشــتی ژمــارە ٢٢٥١ لەلایــەن نــوری پاشــا ئەلســەعید بــۆ مێجــەر یۆنــگ، ڕاوێــژکاری کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق، بەغــدا، ٣٠ی ئایــاری ١٩٣١ [CO730/161/1].

٥٧. نووسراوێکــی نهێنــی لەلایــەن مســتر ێ. ر. لۆدلۆ-هێویــت، کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــە وەکالــەت، بــۆ وەزیــری کۆلۆنیــال، ٥ی حوزەیرانــی ١٩٣١، هاوپێــچ لەگــەڵ

ڕەشنووسێک و پاشکۆی تێبینییەکانی حکومەتی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکەی تۆفیق بەگ وەهبی، ١٩ی نیسانی ١٩٣١، لەبارەی پێگەی کورد لە عێراق، پاشکۆی (ا) لیستی ژمارەی قوتابخانە کوردییەکان لە عێراق، پاشکۆی (ب): خستنەڕوویەکی بەراوردکارانە لەبارەی داهات و پارەی تەرخانکراو لە کەرتی پەروەردە؛ پاشکۆی (س): ئاماری فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان [CO730/161/3].

٥٨. نووسراوێکی ڕووماڵکەر بە ژمارە (E2857/31/93) لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری کۆلۆنیال، ٩ی حوزەیرانی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی ژمارە (E2857/31/93) لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان، جنێف، ٨ی حوزەیرانی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی تێبینی زۆرتری حکومەتی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکانی کورد، کە خراوتەبەردەم کۆمەڵەی گەلان، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (E.855/31/73) لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩٣١ [بەڵگەنامەی ٢٢] [CO730/161/3].

٥٩. نووسراوێکی نهێنی لەلایەن مستر ێ. ر. لۆدلۆ-هێویت، کۆمسیاری باڵا لە عێراق بە وەکالەت، بەغدا، بۆ وەزیری کۆلۆنیال، ١٢ی حوزەیرانی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی ژمارە (P. O.113) بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق بە وەکالەت، ١١ی حوزەیرانی ١٩٣١، پەیوەست بە سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد و یاسای زمانە خۆجێییەکان .[CO730/161/1]

٦٠. نووسراوێک لەلایەن مستر ج. پێدلێر (Mr J. Pedler) بۆ مستر ج. هاڵ (Mr J. Hall)، نووسینگەی کۆلۆنیال، ١٧ی حوزەیرانی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی زۆر نهێنی (A) لەلایەن مستر ێ. ر. لۆدلۆ-هێویت، کۆمسیاری باڵا لە عێراق بە وەکالەت، بەغدا، بۆ وەزیری کۆلۆنیال، ١٢ی حوزەیرانی ١٩٣١، لەبارەی پاشکۆکانی بۆچوونەکە [بەڵگەنامەی ٥٧] [CO730/161/3].

٦١. نووسراوی نهێنی لەلایەن مستر ێ. ر. لۆدلۆ-هێویت، کۆمسیاری باڵا لە عێراق بە وەکالەت، بەغدا، بۆ وەزیری کۆلۆنیال، ١٩ی حوزەیرانی ١٩٣١، هاوپێچ

لەگەڵ داواکارییەک بۆ کۆمەڵەی گەلان کە لەلایەن ژمارەیەک کورد واژووکراوە، ٢٨ی ئاداری ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی بۆچوونەکانی حکومەتی بەریتانیا لەسەر داواکارییەکە، بێ ڕێکەوت، [CO730/161/3].

٦٢. یاداشتی ڕووماڵکەری ژمارە (E2873/31/93) لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری کۆلۆنیال، ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٣١، سوپاسی گەیشتنی یاداشتی ژمارە (E2857/31/93) لە ڕێکەوتی ٩ی حوزەیرانی ١٩٣١ دەکات کە زانیاری زۆرتر لەسەر بۆچوونەکانی حکومەتی بەریتانیا لەبارەی داواکارییەکانی کورد دەخاتەڕوو [CO730/161/3].

٦٣. یاداشتی نهێنی ژمارە ٢٩٥١، لەلایەن نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، بۆ مستر ێ. ر. لۆدلۆ-هێویت، کۆمسیاری باڵا لە عێراق بە وەکالەت، بەغدا، ٣١ی تەمووز ١٩٣١، لەبارەی یاسای زمانە خۆجێییەکان [CO730/161/1].

٦٤. نووسراوێکی زۆر نهێنی لەلایەن ڕائید ئێچ. یۆنگ (Major H. Young)، کۆمسیاری باڵا لە عێراق بە وەکالەت، بۆ لۆرد پەسفیلد (Lord Passfield)، وەزیری کۆلۆنیال، ١٩ی ئابی ١٩٣١، سەبارەت بەو داوکارییەی کە لەلایەن ئاسیە تۆفیق، هاوسەری تۆفیق وەهبی بەگ، خراوتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، [بەڵگەنامەی ٤٩] [CO730/161/1].

٦٥. گوتارێک لەلایەن گۆڤاری "The Whitehall Gazzette"، ژمارەی جولای-ئابی ١٩٣١، بە ناونیشانی "لێکۆلەر: پرسیارێک بۆ کۆمەڵەی گەلان: کورد لە عێراقدا"، [CO730/161/1].

٦٦. نووسراوی ژمارە (S.O.1168) لەلایەن ڕائید ئێچ. یۆنگ (Major H. Young)، کۆمسیاری باڵا لە عێراق بە وەکالەت، بەغدا، بۆ مستر ج. ێ. و. فلوود، وەزارەتی دەرەوە، ١٠ی ئەیلوولی ١٩٣١، لەبارەی کورد و کەمینەکانی دی، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتێک لەلایەن مستر ڤ. هۆڵت (Mr V. Holt)، سکرتێری ڕۆژهەڵاتناسی (oriental) کۆمسیاری باڵا بۆ عێراق، ٨ی ئەیلوولی ١٩٣١، پەیوەستە بە بێ

هەولێرنامەی کتێب

مەیلــی کۆمســیۆنی [هەمیشــەیی ئینتیــداب] کــە خۆیــان پابەنــدی بەرنامەکــەی جەعفــەر پاشــا [لەبــارەی کــورد] بکــەن [CO730/161/1].

٦٧. نووسراویـک لەلایـەن مسـتر ج. هاسـورن هـاڵ (Mr J. Hathorn Hall)، نووسـینگەی کۆلۆنیـال، بـۆ م. ڤیتـۆ کاتاسـتینی (M. Vito. Catastini). بەڕێوەبەری بەشـی ئینتیداب، کۆمەڵـەی گـەلان، جنێـڤ، ١٥ی ئەیلوولـی ١٩٣١، داوای کۆپیـەک لـە یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان دەکات تـا بیخاتـە بـەردەم کۆمسـیۆنی ئینتیـداب [CO730/161/1].

٦٨. نـووسراوی ژمـارە (P.O.141) لەلایـەن مێجـەر یۆنـگ، کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق بــە وەکالــەت، بەغــدا، بــۆ نــوری پاشــا ئەلســەعید، ســەرۆک وەزیرانــی عێــراق، ١٧ی ئەیلوولـی ١٩٣١، لەبـارەی گرتنەبـەری هەنـگاوی پێویسـت بـۆ جێبەجێکردنـی بەندەکانــی یاســای زمانــە خۆجێییــەکان [CO730/161/1].

٦٩. یاداشـتێک لەلایـەن م. ڤیتـۆ کاتاسـتینی، کۆمەڵـەی گـەلان جنێـڤ، بـۆ مسترهاسـورن هـاڵ، نووسـینگەی کۆلۆنیـال، ٢٣ی ئەیلوولـی ١٩٣١، کـە وەڵامـی نامەکـەی ڕێکەوتـی ١٥ی ئەیلوولـی ١٩٣١ە، [بەڵگەنامـەی ٦٧] لەبـارەی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان بـۆ ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق [CO730/161/1].

٧٠. نووسراوی ژمارە (6A/30628/516) لەلایەن سێر ئ. درۆمۆند (Sir. E. Drummond)، سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١، سەبارەت بەو ئەنجامانەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان پێیانگەیشتووە بە پشت بەستن بە بڕیاری دانیشتنی ٤ی ئەیلوولی ١٩٣١ی ئەنجوومەن لەبارەی ئەو داواکارییانەی بە فەڵەستین و عێراق پەیوەستە، هاوپێچ لەگەڵ کۆپی هەشت نامە کە بۆ داواکارەکان نێردراون، ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١: یاداشتی ژمارە (6A/22528/655) بۆ مستر یوسف مالک (Yusef Malek)، بەیروت، یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) بۆ عەلی کوڕی حەسەن و کەسانی تر، سلێمانی؛ یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) بۆ شێخ مەحمود و ٣٠ سەرۆک خێڵی تری پشدەر؛ یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) بۆ جەعفەر سوڵتان و کەسانی دی، هەورامانی خواروو (Auraman)، یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) بۆ حەمە

ئەمین ئاغای خورشید ئاغا و کەسانی دی، کەرکووک، یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) بۆ تۆفیق وەهبی بەگ، بەغدا؛ یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) بۆ کۆمپانیای بەریتانی پەرەپێدانی نەوت-سنووردار، هەموو ئەو نامانە لە دۆسیەیەکدا هاوپێچ لەگەڵ نووسراوێکی زۆر نهێنی لەلایەن مێجەر یۆنگ، کۆمسیاری باڵا لە عێراق بە وەکالەت، بۆ وەزیری کۆلۆنیال، ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٣١، داوای کۆپیەک لە وەڵامی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بۆ واژووکارانی داواکارییەکەی کوردان دەکات [CO730/161/3].

٧١. نووسراوی ڕووماڵکەری ژمارە (E5426/31/93) لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری کۆلۆنیال، ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی ژمارە (E5426/31/93)لەلایەن مستر ڕێندێڵ، وەزارەتی دەرەوە بۆ سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، ٢٩ی تشرینی یەکەمی حوزەیرانی ١٩٣١، لەبارەی ئاڕاستە کردنی داواکارییەک لەلایەن خاتوو ئاسیە تۆفیق، هاوسەری تۆفیق وەهبی بەگ، بۆ کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، لەبارەی دەستگیرکردنی هاوسەرەکەی و چۆنیەتی مامەڵەکردنی [حکومەتی عێراق] لەگەڵ کوردەکانی عێراق [CO730/161/3].

٧٢. نووسراوی ژمارە (E5251/31/93) لەلایەن مستر ج. و. ڕێندێڵ، وەزارەتی دەرەوە، بۆ مستر ج. ح. هال، نووسینگەی کۆلۆنیال، ١٧ی تشرینی دووەم ١٩٣١، داوای یاداشتێکی بڵاوکراوە (circular leteer) دەکات لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١، [CO730/161/1].

٧٣. یاداشتی ڕووماڵکەری ژمارە (E8426/31/93) لەلایەن جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ جێگری وەزیری کۆلۆنیال، ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣١، هاوپێچ لەگەڵ یاداشتی ژمارە (6A/22413/655) لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣١، سوپاسی گەیشتنی داواکارییەکەی خاتوو ئاسیە تۆفیق دەکات [CO730/161/3].

٧٤. نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژمارە (P.O.156) لەلایەن مستر ف. هامفریس، کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا، بۆ نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا، ٢١ی تشرینی دووەم ١٩٣١، لەبارەی هەنگاوەکانی حکومەتی

عێـراق لەبـارەی جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان [CO730/161/1].

٧٥. یاداشـتێکی نهێنـی لەلایـەن مسـتر ف. هامفریـس، کۆمسـیاری باڵا لـە عێـراق، بەغدا، بۆ وەزیـری کۆلۆنیـال، ٢٣ی تشرینـی دووەمـی ١٩٣١، لەبـارەی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان؛ هاوپێچ لەگەڵ یاداشـتێکی نهێنی لەلایەن نوری پاشـا ئەلسـەعید، سـەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانـی عێـراق، بـۆ مێجـەر یۆنـگ کۆمسـیاری باڵا لـە عێراق بـە وەکالـەت، بەغدا، ٧ی تشرینـی دووەمی ١٩٣١، سـەبارەت بـەو هەنگاوانەی لەلایەن حکومەتـی عێراق لەبارەی جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان گیراونەتەبـەر؛ هاوپێـچ لەگـەڵ یاداشـتی کۆبوونەوەی وەزارەتی ناوخۆ، ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١، کە لە نێوان سـەرۆک وەزیران و وەزیرانـی ناوخـۆ، دارایـی، ئابـوری و گەیانـدن، داد و پـەروەردە ئەنجامـدرا و چۆنیەتی جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان تاوتـوێ کـرا [یاداشـتی ژمـارە (P.O.156) لـە ڕێکەوتـی ٢١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٣١ هاوپێـچ نەکـراوە] [CO730/161/1].

٧٦. نووسراوێکـی زۆر نهێنی لەلایەن مسـتر ف. هامفریس، کۆمسـیاری باڵا لـە عێراق، بەغدا، بـۆ وەزیـری کۆلۆنیـال، ٣ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٣١، لەبـارەی وەڵامـی بەشـی ئینتیدابی سـەر بـە نەتـەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆمەڵێـک داواکاری کـورد [CO730/161/3].

٧٧. ڕاپۆرتــی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە ٥٣٣، لەلایــەن ئەفســەریی پەیوەندیــی ئاســمانی، بەغـدا، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای ئاسـمانی، هینایـدی (Hinaidi)، ١١ی ئابــی ١٩٣٦، بەناونیشــانی "کاروبــاری کــورد" [AIR23/671].

٧٨. ڕاپۆرتـی زۆر نهێنـی بە ژمارە ٣٢٨، لەلایەن ئەفسـەری پەیوەندیی ئاسـمانی، مووسـڵ، بۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بارەگای ئاسـمانی، هینایـدی، ٢٢ی ئابـی ١٩٣٦، (Section I, Iraq)، بەناونیشـانی "سیاسـەتی ناوخۆ-لیوای هەولێر" [AIR23/671].

٧٩. ڕاپۆرتــی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە ١٨٧، لەلایــەن ئەفســەری پەیوەندیــی ئاســمانی، سـلێمانی، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هینایـدی، ٢٣ی ئابـی ١٩٣٦، (Section I, Iraq)، بەناونیشـانی "سیاسـەتی ناوخـۆ" [AIR23/671].

٨٠. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بە ژمارە ٣٧٧، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ، بۆ

هەواڵنامەی کتێب

ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، هینایدی، ١٦ی ئەیلوولی ١٩٣٦، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ-بارودۆخی قەزای زاخۆ" [AIR23/671].

٨١. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بە ژمارە ٢٣٤، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، سلێمانی، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، هینایدی، ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ-ناسیۆنالیزمی کورد" [AIR23/671].

٨٢. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بە ژمارە ٤٣٢، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، هینایدی، ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ-(کورد-سەرنجێک لەسەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد)" [AIR23/671].

٨٣. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە (S.10868/27/I)، لەلایەن بارەگایی ئاسمانی، هینایدی، بۆ پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ، ١٣ی تشرینی دووەمی ئەیلوولی ١٩٣٦، هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتێکی زۆر نهێنی لەلایەن سەرۆکی فڕۆکەوانی ف. ل. ب. هێبێرت (Sq.-Ldr F.L.B Hebbert)، ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦، دوای سەردانەکەی بۆ مووسڵ لە ماوەی نێوان ٧-٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦ [AIR23/671].

٨٤. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە (I/M/20/3)، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، هینایدی، ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦، لەبارەی ڕاپۆرتەکەی سەرۆکی فڕۆکەوانی ف. ل. ب. هێبێرت [AIR23/671].

٨٥. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بە ژمارە ١٥٣، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، هینایدی، ١٤ی حوزەیرانی ١٩٣٧، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "لیوای مووسڵ-سەردانی فەریق بەکر سدقی بۆ مووسڵ" [AIR23/671].

٨٦. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بە ژمارە ١٥٤، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، هینایدی، ١٥ی حوزەیرانی ١٩٣٧، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ (ناسیۆنالیستە

عەرەبــەکان- بەرپەرچدانــەوەی سیاســەتی بەکــر ســدقی" [AIR23/671].

٨٧. ڕاپۆرتــی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە ١٦١، لەلایــەن ئەفســەری پەیوەندیــی ئاســمانی، سـلێمانی، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای ئاسـمانی، هینایـدی، ٩ی کانوونـی یەکەمــی ١٩٣٧، (Section I, Iraq)، بەناونیشــانی "سیاســەتی ناوخــۆ (ناسیۆنالیســتە عەرەبــەکان- بەرپەرچدانــەوەی سیاســەتی بەکــر ســدقی" [AIR23/671].

٨٨. ڕاپۆرتــی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە ٣٠٠، لەلایــەن ئەفســەری پەیوەندیــی ئاســمانی، مووســڵ، بــۆ ســتافی هەواڵگریــی ئاســمانی، بــارەگای ئاســمانی، هینایــدی، ٢٢ی کانوونــی یەکەمــی ١٩٣٧، (Section I, Iraq)، بەناونیشــانی "هێزەکانــی ســوپا (بەتالیۆنەکانــی ســنور-پڕوپاگەندە" [AIR23/671].

٨٩. ڕاپۆرتــی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە ٢٩، لەلایــەن ئەفســەری پەیوەندیــی ئاســمانی، سـلێمانی، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای ئاسـمانی، زیبـان (Dhibban)، ٢٣ی شــوباتی ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشــانی "سیاســەتی ناوخــۆی عێــراق- ناسـیۆنالیزمی کـورد" هاوپێـچ لەگـەڵ مەلزەئایاریـەک کـە لەلایـەن گەنجانـی کـوردەوە بڵاوکراوەتــەوە بــێ ڕێکــەوت [AIR23/671].

٩٠. یاداشــتی ســەرۆکی فڕۆکەوانــی (Sq.-Ldr"I" 2) بــێ ڕێکــەوت، بەناونیشــانی "کوردســتان و ناســیۆنالیزمی کــورد" [AIR23/671].

٩١. ڕاپۆرتــی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە ٤٧، لەلایــەن ئەفســەری پەیوەندیــی ئاســمانی، ســلێمانی، بــۆ ســتافی هەواڵگریــی ئاســمانی، بــارەگای ئاســمانی، زیبــان، ٢٥ی ئــاداری ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشــانی "سیاســەتی ناوخــۆی- جوڵانــەوەی خراپکارانــە" [AIR23/671].

٩٢. ڕاپۆرتـی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە ٤٩، لەلایـەن ئەفسـەری پەیوەندیـی ئاسـمانی، سـلێمانی، بۆ سـتافی هەواڵگریی ئاسـمانی، بارەگای ئاسـمانی، زیبان، ٢٦ی ئاداری ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشـانی "سیاسـەتی ناوخۆی- ناسـیۆنالیزمی کورد" [AIR23/671].

٩٣. ڕاپۆرتـی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە ٦٨، لەلایـەن ئەفسـەری پەیوەندیـی ئاسـمانی، مووسـڵ،

بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای ئاسـمانی، زیبـان، ٣٠ی ئـاداری ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشـانی "دانیشـتوان (لیـوای مووسـڵ-کورد)" [AIR23/671].

٩٤. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بە ژمارە ٥٧، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، سلێمانی، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، زیبان، ٤ی نیسانی ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "ئاسایشی ناوخۆ- ناسیۆنالیزمی کورد" [AIR23/671].

٩٥. ڕاپۆرتـی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە ٨٤، لەلایـەن ئەفسـەری پەیوەندیـی ئاسـمانی، مووسـڵ، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای ئاسـمانی، زیبـان، ١٣ی نیسـانی ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشـانی "ئاسایشـی ناوخـۆ (کوردەکان-بزوتنـەوەی ناسـیۆنالیزمی کـورد" [AIR23/671].

٩٦. ڕاپۆرتـی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە ٦٤، لەلایـەن ئەفسـەری پەیوەندیـی ئاسـمانی، سـلێمانی، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای ئاسـمانی، زیبـان، ٢٣ی نیسـانی ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشـانی "ئاسایشـی ناوخـۆ- ناسـیۆنالیزمی کـورد، ئۆپەراسـیۆنی پۆلیـس، پۆلیسـی نهێنـی" [AIR23/671].

٩٧. یاداشـتی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە (C/S/3)، لەلایـەن ئەفسـەری پەیوەندیـی ئاسـمانی سـلێمانی، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، زیبـان، ٢٦ی نیسـانی ١٩٣٨، لەبـارەی ناسـیۆنالیزمی کـورد و چالاکییەکانـی شـێخ جـەلال [AIR23/671].

٩٨. یاداشـتی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە (C/S/3)، لەلایـەن ئەفسـەری پەیوەندیـی ئاسـمانی، سـلێمانی، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای ئاسـمانی، زیبـان، ٢٧ی نیسـانی ١٩٣٨، سـەبارەت ڕوانگـەی ناسـیۆنالیزمی کـورد [AIR23/671].

٩٩. یاداشـتی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە (C/S/3)، لەلایـەن ئەفسـەری پەیوەندیـی ئاسـمانی، سـلێمانی، بـۆ سـتافی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای ئاسـمانی، زیبـان، ٢٩ی نیسـانی ١٩٣٨، لەبـارەی پەیوەنـدی دامەزرانـدن لەگـەڵ یەکێـک لـە ئەندامەکانـی ناوخـۆی [ئەنجوومەنـی] زانسـتی (Zanistiy)، کـە بریتییـە لـە ئەنجوومەنێکـی "ڕۆشـنبیران" یاخـود "گەنجانـی کـورد" [AIR23/671].

١٠٠. ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی نهێنی بۆ کۆتایی هەفتە، ٥ی ئایاری ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ"، پەیوەستە بە ناسیۆنالیزمی کورد [AIR23/671].

١٠١. یاداشتی زۆر نهێنی بە ژمارە (C/S/3)، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، سلێمانی، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، حەبانییە (Habbaniya)، ١٢ی ئایاری ١٩٣٨، لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد [AIR23/671].

١٠٢. ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی زۆر نهێنی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٢ی ئایاری ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ"، لەبارەی پڕوپاگەندە و پیلانگێڕیی و ناسیۆنالیزمی کورد [AIR23/671].

١٠٣. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بە ژمارە (S.10801/43/I)، لەلایەن ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، حەبانییە، بۆ ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، سلێمانی، ٢٠ی ئایاری ١٩٣٨، لەبارەی دەنگۆی هەبوونی ئەنجوومەنێکی نهێنی بەناوی "حزب ئەل-ئینتیقام" (پارتی تۆڵەسەندنەوە) بە سەرکردایەتی حیکمەت سلێمان کە ئامانجەکەی بریتیە لە نەهێشتنی گشت ئەو کەسانەی دەستیان لە ڕوخاندنی حکومەتەکەی بەکر سدقیدا هەبووە [AIR23/671].

١٠٤. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٢٠ی ئایاری ١٩٣٨، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" [AIR23/671].

١٠٥. پاشکۆی "A" لە ڕاپۆرتی نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە ٢٣ی ئایاری ١٩٣٨، بەناونیشانی "ڕاپۆرتێک لەسەر دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی کوردی لە کەرکووک " [AIR23/671].

١٠٦. یاداشتی زۆر نهێنی بە ژمارە (I/S/40)، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، سلێمانی، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، حەبانییە، ٢٨ی ئایاری ١٩٣٨، لەبارەی شێخ لەتیف و فەرەج عەمارە [AIR23/671].

١٠٧. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٣٠ی ئایاری ١٩٣٨، بەناونیشانی "ئەنجوومەنی سیاسی" (Political Society) باس لە

پەرەسەندنی بزوتنەوەیەک دەکات بۆ تۆڵەسەندنەوە لە مردنی بەکر سدقی [AIR23/671].

١٠٨. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٦ی حوزەیرانی ١٩٣٨، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" تایبەتە بە کتێبێك لەلایەن میرزا کە لە بنکەی پۆلیسی ئەزمەر کار دەکات نووسراوە کە چۆن کەمینەکان لە ئەوروپا و شوێنەکانی تر بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان جەنگاون [AIR23/671].

١٠٩. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی سلێمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ"، لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد [AIR23/671].

١١٠. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بە ژمارە ١٤٢، لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ، بۆ ستافی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای ئاسمانی، حەبانییە، ٢١ی تەمووز ١٩٣٨، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ"، لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد [AIR23/671].

١١١. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٨، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" باس لەوە دەکات کە مەترسی ئەنجوومەنی کورد لە کەرکووک بوونی نەماوە[AIR23/671].

١١٢. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٥ی تشرینی دووەم ١٩٣٨، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" باس لەوە دەکات کە لە سلێمانی بۆ مردنی کەماڵ ئاتاتورک لەلایەن کۆمەڵێک گەنجەوە ئاهەنگ گێڕدراوە [AIR23/671].

١١٣. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٨، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" [AIR23/671].

١١٤. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٤ی شوباتی ١٩٣٩، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" باس لەوە دەکات کە [خێڵەکانی] پشدەر و تاڵەبانی بە ناوەندگیریی شێخ سیا مەنسور هاوپەیمانێتیان دروست کردووە [AIR23/671].

١١٥. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ١١ی ئاداری ١٩٣٩، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" لەبارەی ئۆپەراسیۆنی پشدەر [AIR23/671].

١١٦. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٣١ی ئاداری ١٩٣٩، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" باس لە بەرەوپێشچوونی ئەم بزوتنەوەیە دەکات لە دەستەبەرکردنی یەکگرتوویی لە نێوان کوردەکاندا [AIR23/671].

١١٧. هەڵهنجێنان لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٥ی نیسانی ١٩٣٩، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ"، پەیوەستە بە ئیدارەی سلێمانی [AIR23/671].

١١٨. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٢٦ی نیسانی ١٩٣٩، بەناونیشانی "ناسیۆنالیزمی کورد" باس لەوە دەکات کە بۆ پاراستنی کورد لە قڕکردن، ئایا پەنا ببرێتە بەر ئامرازی دیپلۆماسی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی [عێراق] یاخود پەنا ببرێتە بەر هێز[AIR23/671].

١١٩. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٢٧ی ئایاری ١٩٣٩، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "سیاسەتی ناوخۆ-ناسیۆنالیزمی کورد" باس لە کۆبوونەوەیەک لە نێوان شێخ جەلال و هەمزەی ئاوڵە ئاغا دەکات [AIR23/671].

١٢٠. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٢٧ی ئایاری ١٩٣٩، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "ئاسایشی ناوخۆ-جوڵانەوەی ئەڵمانی باس لە بەشداریی [خێڵی] پشدەر لە بزاوتی ئەڵمانی دەکات [AIR23/671].

١٢١. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٩، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "ئاسایشی ناوخۆ-بزاوتی ئەڵمانی" لەبارەی چالاکی بریکارانی بزاوتی ئەڵمانی لە ناو ئەفسەرانی سوپا لە کەرکووک [AIR23/671].

هەواڵنامەی کتێب

١٢٢. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٩، باس لە بزاوتی ئەڵمانی دەکات [AIR23/671].

١٢٣. هەڵێنجانێك لە ڕاپۆرتی زۆر نهێنی هەواڵگریی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی بۆ کۆتایی هەفتە، ٧ی تەمووزی ١٩٣٩، (Section I, Iraq)، بەناونیشانی "ئاسایشی ناوخۆ-بزاوتی ئەڵمانی" باس لە حزبی ئەل-ئینتیقام دەکات [AIR23/671].

١٢٤. لاپەڕەی تێبینییەکان ژمارەکانی ١-٨٧، ١٢ی ئابی ١٩٣٦- ٢٨ی شوباتی ١٩٤٠، پەیوەست بە پرسی کورد [AIR23/671].

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

نهێنی و بەپەلە (ل ١)

ژمارە ٣٩

سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ٥ی کانوونی دووەمی، ١٩٣١

بۆ: بەڕێز سکرتێری سیاسی کۆمسیاریای باڵای لە عێراق، بەغدا

ئامـاژە بـە نامەکەتـان بـە ژمـارە (P.O/281) لـە ڕێکەوتـی ٢٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٣٠، تایبـەت بـەو کەسـانەی لـە ئاژاوەکانـی سـلێمانیدا بەشـدار بوونـە.

ڕاسـپێردراوم کۆپیـەک لـە یاداشـتی وەزارتـی ناوخـۆ بەژمـارە (C/17) لـە ڕێکەوتی ٣/٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، بۆتـان بنێـرم، ئـەو زانیارییانـە لەخـۆ دەگرێت کە داواتـان کردبوو.

هەروەهـا کۆپیـەک لـە یاداشـتی وەزارەتـی ناوخـۆ بـە ژمـارە ٣٢١٤، لـە ڕێکەوتـی ٢٧ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، هاوپێچکـراوە، لەگـەڵ ئـەو پاشـکۆیانەی کـە لـە یاداشـتی سـەرەوەدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە.

واژووکراو لەلایەن: عەبدولقادر ڕەشید

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕانـی یاداشـتی نهێنـی و زۆر بـە پەلـە بە ژمـارە (C/17) لـە ڕێکەوتـی ٣/٤ کانوونی دووەمـی ١٩٣١، لەلایـەن وەزارەتـی ناوخـۆ بۆ سـکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیـران (ل٢-٤)

**بابەت: تاوانبارەکانی ڕووداوەکانی سلێمانی لە ٦ی ئەیلوول ١٩٣٠**

ئاماژە بە نامەکەتان بە ژمارە ٤٠٤٩، لە ڕێکەوتی ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠

١. هـۆکاری بەندکردنـی ئـەو ١٠ کەسـەی لـە یاداشـتی نێـردراو بـۆ سـکرتێری سیاسـی کۆمسـیۆنی بـاڵای حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـۆ عێـراق، بەغـدا بـە ژمـارە (P.O/271) لـە ڕێکەوتـی ٨ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٣٠دا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، هەروەهـا [بەندکردنـی شـێخ مەحمـود قەلاتـی (Muhammad Al Kalati) بـە گوێـرەی زانیارییەکانـی دەسـەڵاتدارانی لیـوای [سـلێمانی] ئـەو کەسـانە خەڵکیـان وروژانـدووە، تـا ڕێگـری لـە بەڕێوچوونـی هەڵبژاردنـەکان بکـەن و ئارامـی تێکبـدەن. ئەمـەش لـە یاداشـتی موتەسـەڕیفی سـلێمانی بـە ژمـارە ١٩٨، لـە ڕێکەوتـی ١٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٣٠ بۆتـان دەردەکەوێـت. کۆپیـەک لـەم یاداشـتانە لـە ڕێگـەی یاداشـتی وەزارەتـی ناخـۆ بـە ژمـارە ٣٢١٤، لـە ڕێکەوتـی ٢٧ی ئەیلـوول ١٩٣٠، بـۆ سـەرۆک وەزیـران نێـردراوە.

٢. دواجـار، بـە پێـی ئەنجامـی لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکان، ٧ کـەس لـەو ١٠ کەسـە بـە مەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـەکان و تێکدانـی ئارامـی و کۆکردنـەوەی خەڵـک و وروژاندنـی خەڵـک بەشـدار نەبوونـە. بۆیـە هـەر وەک لـە یاداشـتی وەزارەتـی ناوخـۆ بـە ژمـارە ٤٣١٦ لـە ڕێکەوتـی ١٤/١٥ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٣٠، ئامـاژەی پێـدراوە ئـەو کەسـانە ئازادکـراون.

٣. لەبـارەی شـێخ قـادر، بەهـۆی نەبوونـی بەڵگـەی پێویسـت تـا بسـەلمێنێت کـە خەڵکـی هانـداوە ڕێگـری لـە بەڕێوەچوونـی هەڵبژاردنـەکان بکـەن، یاخـود بەڕێوەچوونەکـە تێکبـدەن، یاخـود بەشـدار بـووە لـە کۆکردنـەوەی خەڵـک، [لـە نامەکـەدا] هیـچ ئامـاژە بـە نـاوی ئـەو نـەدراوە. لەلایەکیـترەوە، گەڕانـەوەی ئـەو بـۆ سـلێمانی لەوانەیـە مەترسـی بخاتەسـەر ئاشـتی و ئارامـی سـلێمانی و یارمەتـی براکـەی شـێخ مەحمـود بـدات و دۆزەکـەی [دۆز کـوردەکان] بوروژێنێتـەوە. [شـێخ

مەحمود] ئەو کەسە بوو کە خێڵەکانی تەیارکرد و هێرشیکردە سەر بنکە و بارەگاکانی پۆلیس. بۆیە زۆر پێویست بوو ڕێگە نەدرێت شێخ قادر بگەڕێتەوە سلێمانی، یاخود لە شوێنێکی نزیکی لیوای سلێمانی نیشتەجێ نەکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانێک بە پشت بەستن بە مادەی ٤٠ی ڕێکارەکانی تایبەت بە ناکۆکی نێوان خێڵەکان" دەرکراوە.

٤. لەبارەی میرزا تۆفیق و ڕەمزی ئەفەندی، ئەوان لەگەڵ ئەو کەسانەی لە پەرگرافی ١دا، ئاماژە بۆ کراوە، ئازاد نەکران. چونکە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لەسەر کەیسی ئەم دوو کەسە بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ئەوان بەشداربوونە لە کۆکردنەوەی خەڵک و هانی خەڵکیانداوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز، بەربەست لەبەردەم بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان دروست بکەن. بە پێی شایەتی، شایەتحاڵ سەعید ئەحمەد (Saiyid Ahmad) گوێبیستی ئەوە بووە کە میرزا تۆفیق بە خەڵکی گووتووە بچنە "" بەردەم "سەرا"، من گەرەنتی ئەوە دەکەم هیچ کەس لە ئێوە ناکوژرێت"". هاوکات ٧ شایەتحاڵیتر گووتوویانە لە ڕۆژی ڕووداوەکەدا میرزا تۆفیق خەڵکی هانداوە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن و خەڵکی کۆکردووەتەوە. هەروەها ئەو بە دەستی خۆی یاداشتێکی بۆ نوری بەگ، بەڕێوەبەری ناحیەی ماوەت نووسیووە و داوای لێکردووە ڕێگری لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بکات. هەروەها بۆ ڕەمزی ئەفەندیش یاداشتی نووسیوە. بە گوێرەی قسەکانی دوو شایتحاڵ، بە ناوەکانی عەبدوڵا جاوی و تۆفیق بەکر، میرزا تۆفیق لە نێوان خەڵکە گردبووەوەکەدا بووە و پێیانی گوتووە ""ئێوە تا ئێستا هیچ کارێکتان نەکردووە، ئەگەر ئێوە لە کوشتن دەترسن، بگەڕێنەوە دوکانەکانتان. هاتوهاوارکردن بێ سوودە. ئەگەر هەروەک خۆتان دەڵێن پیاون و لە کوشتن ناترسێن، کەواتە هێرش بکەنە سەر سەرا. فەرمان بە پۆلیس نەکراوە تەقەمان لێبکەن".

بەم هۆیەشەوە بە پێی مادەکانی ٨٠، ٨٥، ٨٧ و ٢١٤ی یاسای سزادانی بەغدا، میرزا تۆفیق و ڕەمزی ئەفەندی، ئیحالەی دادگای تاوانەکانی کەرکووک کراون.

ئــەم مادانــەش ســزا دەخەنەســەر گێڕانــی ئــاژاوە، بەرگــری چەکدارانــە بەرانبــەر جێبەجێکردنــی یاسـا، کۆکردنـەوەی خەڵـک بـە مەبەسـتی ڕێگریکـردن لـە جێبەجێکردنـی یاسـا لەڕێگـەی بەکارهێنانـی هێـز و تاوانـی کوشـتن، بـەڵام دادگای بەرپرسـیار بەهـۆی نەبوونـی بەڵگـەی سـەلمێنەر لەسـەر تاوانـی ئـەم دوو کەسـە، بـێ تاوانیـان ناسـاندووە.

بـە گوێـرەی ئـەوەی لەسـەرەوە باسـکرا، ئـەوەی دەگووترێـت میـرزا تۆفیـق قـەزاز و ڕەمــزی، تەنیــا بــە هــۆی واژووکردنــی ئــەو بەیاننامەیــە دەستبەســەر کــراون کــە خراوەتەبــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان، بانگەشــەیەکی بــێ بنەمایــە.

ســەبارەت بــەو ماوەیــەی ئــەو کەســانە بــە تۆمەتــی بەشــداریکردن لــە ڕووداوەکان بەندکرابـوون و پێـش دادگایکردنیـان ئازادکـران، هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ پەرتوبـڵاوی ئــەو بەڵگانــەی دەبووایــە پۆلیــس پێکــەوە گرێیــان بــدات و بــۆ زۆری ژمــارەی ئــەو شـایتحاڵانەی کـە دەبـا پرسـیاریان لێکرابـا.

هەواڵنامەی کتێب

وەرگێڕانــی یاداشــتی نهێنــی بــە ژمــارە ٣٢١٤ لــە ڕێکەوتــی ٢٧ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، لەلایــەن وەزارەتــی ناخــۆوە بــۆ ســەرۆک وەزیــران، بەغــدا (ل ٥)

**بابەت: ڕووداوەکانی سلێمانی لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠**

لــە بەردەوامــی نامەکــەی ئــەم وەزارەتــە [وەزارەتــی ناوخــۆ] بــە ژمــارە ٣٠٩٩، لــە ڕێکەوتــی ١٨ی ئەیلوولــی ١٩٣٠، بــۆ زانیاریتــان کۆپیــەک لــە ڕاپۆرتــی موتەســەڕیفی سلێمانی بـە وەکالـەت، بـە ژمـارە ١٩٨ لـە ڕێکەوتـی ١٥ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، پەیوەسـت بـە ئـەو ئاژاوەیـەی لـە شـاری سـلێمانی لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئەیلـوول ڕوویـدا، بۆتـان دەنێریـن.

*******

کۆپیەک لە ڕاپۆرتەکە بۆ:

سەرۆکی دیوانی پاشایەتی، بۆ زانیاری.

وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە، لـە بەردەوامـی نامەکەمـان بـە ژمـارە ٣١١١ لـە ڕێکەوتـی ١٨ی ئەیلـوول.

دووبـارە داڕشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق بـۆ وەزیـری کاروبـاری کۆڵۆنیـال (ل ٦)

ڕێکەوتی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٣١

(لـە کاتژمێـر ٤.٤٥ خولـەک لـە ڕێکەوتـی ١٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، گەیشـتووەتە نووسـینگەی کۆڵۆنیاڵ)

ژمارە ٢٩، بارودۆخی کوردستان

لەبـارەی چالاکییـە بەردەوامەکانـی شـێخ مەحمـود، دوێنـی کۆنفڕانسـێکم گرێـدا تـا بزانییـن چ هەنگاوێکـی سیاسـی و سـەربازی بگرینەبـەر بۆئـەوەی مەترسـی سـەرهەڵدانی [جەمـاوەری] لـە کوردسـتان لـە وەرزی بەهـاردا کـەم بکرێتـەوە. هەروەها بـە دووروودرێژی لەگـەڵ شـا فەیسـەڵ و سـەرۆک وەزیـران باسـمان لـە سیاسـەتی تایبـەت بـە کـورد کـرد.

لـە ڕوانگـەی سیاسـییەوە زۆر گرنگـە لـە مـاوەی دوو مانگـی داهاتـوودا هەمـوو لایەنگرانـی شـێخ مەحمـود دوور بخرێنـەوە. کـورد تـا هەنوکـەش چاوەڕوانـی بڕیـاری کۆمەڵـەی گەلانـن لەسـەر داواکەیـان، هیـوادارم بـە تەلەگرافێك لـە جنێڤـەوە لـە بڕیارەکـە ئـاگادار بکرێمـەوە. هـەر کاتێـک بڕیارەکـەم بەدەسـت گەیشـت، پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم سـەردانێکی ناوچـە کوردییـەکان بکـەم و تـەواوی بارودۆخەکـە بـۆ سـەرکردەکانی کـورد ڕوون بکەمـەوە. بـە ڕای مـن زەرورە بڕیارەکـەی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان تەنیـا پشـت بـە ڕاسـپاردە(کانی) کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب (Permanent Mandate Commission) نەبەسـتێت کـە داواکاری کـوردەکان ڕەتبکرێتـەوە، بەڵکـو دەبـێ جەخـت لەسـەر ئـەو سیاسـەتە بکاتـەوە کە لـە یاداشـتنامەی بەریتانیـا ئامـاژەی پێکراوە و لـە مانگی تشرینـی دووەمـی ڕابـردوودا خرایـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر نوێنەرانـی بەریتانیـا هـەوڵ بـدەن لـە کۆبوونـەوەی ئێسـتای [ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان] بگەنـە ئـەو بڕیـارە و لـە یەکەمیـن دەرفەتـدا پرسـی [بڕیارەکـە] بوروژێنـن.

لەبـارەی سیاسـەتی سـەربازی، ڕێـکارەکان و ڕاسـپاردە پێشـنیازکراوەکانی کۆنفڕانـس، بـە نووسراوێـک بـۆ ئێـوە دەنێـرم.

بۆ زانیاری زیادتر لەسەر ئەم بابەتە تکایە بڕوانە [نووسراوی] ژمارە (E ۹۳/۳۱/۱۰۹) (ل٧-٨)

جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە

وەزارەتی دەرەوە. لەندەن، S.W.1

١٤ی کانوونی دووەمی ۱۹۳۱

بەڕێز...

١. لەلایەن وەزیر مستر هێندێرسۆن (Mr Henderson) ڕاسپێردراوم ئاگادارتان بکەمەوە نامەکەتان بە ژمارە (٣٠/١/٧٨٣١٥) لە ڕێکەوتی ٧ی کانوونی دووەم بەدەستمان گەیشتووە، کە تایبەتە بە داواکارییەك لەلایەن کۆمەڵێک کوردی عێراقەوە [بۆ کۆمەڵەی گەلان] بەرز کراوەتەوە.

٢. داواتان لێدەکەم لۆرد پەسفیلد (Lord Passfield) ئاگادار بکەنەوە کە وەزیری کاروباری دەرەوە ئەو پێشنیازانەی پەسەندکردووە کە لە پەرەگرافەکانی ٢، ٣ و ٤ی نامەکەتاندا ئاماژەتان پێداوە، هەرکاتێک ئەم بابەتە خرایە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، پێویستە لەلایەن نوێنەری بەریتانیاوە بە هەند وەربگیرێت؛ هەروەها وەزیر هیچ نارەزاییێکی لەسەر ڕەوتی گرتنەبەری ڕێکارە پێشنیازکراوەکە نییە.

٣. لەبارەی پەرەگرافی ٥ی نامەکەتان، ئاگادارتان دەکەمەوە وەزیری کاروباری دەرەوە لەگەڵ بۆچوونەکانی کۆمسیاری باڵا بۆ عێراق هاوڕایە. ئەم هاوڕابوونەشی لە پەرەگرافی ٣ی نووسراوەکەیدا لە ڕێکەوتی ١٩ی کانوونی یەکەم دەربڕیوە. کۆپیەک لەم نووسراوە هاوپێچی نامەکەتان کراوە. بە بڕوای وەزیر، بەشی (a)ی لە تەلەگرامی لۆرد پەسفیلد کە بەنیازە لەسەر ئەم بابەتە [داوکارییەکی کورد] بۆ فرانسیس هامفریس (Francis Humphrys) بنێرێت باشترە وردتر پێناسە بکرێت و حکومەتی عێراق پەشیمان بکرێتەوە لە بەرزکردنەوەی تێبینییەکانی لەسەر داوکاری کوردەکان [بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان] کە لەوانەیە بە هەبوونی جیاوازی لە نێوان ڕوانگەی حکومەتی عێراق و ڕوانگەی حکومەتی خاوەنشکۆ لێک بدرێتەوە.

٤. پێشنیازی من بۆ تێبینییەکانی لۆرد پەسفیلد بەوشێوەیە، بەشی (a) کە هاوپێچی نامەکەتان کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە:

٥. بەتەواوەتی هاوڕای بۆچوونەکەتانم لەسەر ئەو کاریگەرییە نەخوازراوانەی لەوانەیە لەلایەن کۆمەڵەی [گەلان] دروست ببێت، ئەگەر تێبینییەکانی حکومەتی عێراق لەگەڵ تێبینییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ ئاماژە بن [کە بۆچوونی ئەم دوو حکومەتە لێک جیاوازە] یاخود وەها لێک بدرێنەوە کە لەسەر ئەم بابەتە بۆچوونی جیاوازیان هەیە. باشتر دەبێت ئەگەر [خۆمان] دوور بکەینەوە لە پەیوەندی کردن بە کۆمەڵەی گەلان بەخستنەڕووی ڕوانگەی حکومەتی عێراق بە یاداشتنامەیەکی جودا [لە بەیاننامەکەی حکومەتی خاوەنشکۆ]. بۆیە دەکرێت بەڕێزتان لەسەر دارشتنی یاداشتنامەیەک لەگەڵ حکومەتی عێراق گفتوگۆ بکەن و بێئەوەی بنەماکان پێشێل بکەن، گشت هەوڵەکانی خۆتان بخەنەگەڕ، تا لەسەر ئەم بابەتە ڕێککەوتنی هاوبەشی حکومەتی عێراق [و حکومەتی بەریتانیا] دەستەبەر بکرێت. هەروەها لە دارشتنی یاداشتنامەیەکی [هاوبەشدا] باشترە ئاماژە بەو سەرنجانە بدرێت کە سەرۆک وەزیرانی عێراق لە نامەکەیدا لە ڕێکەوتی ١٨ی تشرینی یەکەم ئاماژەی پێداوە (لەگەڵ نووسراوە نهێنیەکەتان بە ژێدەری (A)ی لە ٢٤ی تشرینی یەکەم هاوپێچ کرابوو) کە ئەم سەرنجانە لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەی لە یاداشتنامەکەدا باسکراوە یەکتر ناگرنەوە.

٦. کۆپیەک لەم یاداشتە بۆ وەزارەتی بەرگری ئاسمانی (Air Ministry) نێردراوە.

بەڕێز من خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتانم

C. W. Burten

(ل ٩) “A”

Mr. Hall 15/1/31

Mr. Flood (away)

Sir J. Shuckburgh 16/1/31

S. H. W. 17/1/31

Secretary of State 19/1

88020/1/31

conson.

دووبارە دارِشتنەوەی تەلەگرامی وەزیری کاروباری کۆلۆنیال (Secretary of State for the Colonies) بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق

(لە کاتژمێر ٢:٤٥ خولەک لە ڕێکەوتی ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣١ نێردراوە)

گرنگ

ژمارە ٢١

ئاماژە بە پەرەگرافی ٧ لە نووسراوەکەتان لە ڕێکەوتی ١٩ی کانوونی یەکەم، بە ژێدەری (Secret A). کە پەیوەست بوو بە داواکاریی کورد.

١ بە تەواوەتی هاوڕای بۆچوونەکەتم، لەبارەی کاریگەرییە نەخوازراوەکان لەوانەیە لەلایەن کۆمەڵەی [گەلان] دروست ببێت، ئەگەر تێبینییەکانی حکومەتی عێراق لەگەڵ تێبینییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ ئاماژەبن [بەبوونی جیاوازیی لە نێوان ئەم دوو حکومەتە] یاخود وەها لێکبدرێنەوە کە لەسەر ئەم بابەتە بۆچوونیان جیاوازە. باشتر دەبێت ئەگەر [خۆمان] بەخستنەڕووی ڕوانگەی حکومەتی عێراق بە یاداشتنامەیەکی جودا [لە بەیاننامەکەی حکومەتی خاوەنشکۆ] لە پەیوەندی کردن بە کۆمەڵەی گەلان دوور بکەینەوە. بۆیە دەکرێت بەڕێزتان بێ پێشێلکردنی

بنەمـاکان، لەگـەڵ حکومەتــی عێـراق لەســەر داڕشــتنی یاداشــتنامەیەک گفتوگــۆ بکـەن و گشـت هەوڵەکانـی خۆتـان بخەنەگـەڕ، تـا لەسـەر ئـەم بابەتـە ڕێککەوتنـی هاوبەشـی حکومەتـی عێـراق [و حکومەتـی بەریتانیـا] دەسـتەبەر بکرێـت. هەروەهـا لـە داڕشـتنی یاداشـتنامەیەکی [هاوبەشـدا] باشـترە ئامـاژە بـەو سـەرنجانە بدرێـت کـە سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق لـە نامەکەیـدا لـە ڕێکەوتـی ١٨ی تشرینـی یەکـەم ئامـاژەی پێـداوە (لەگـەڵ نـووسراوە نهێنیەکەتـان بـە ژێـدەری (A)ی لـە ٢٤ی تشرینـی یەکەمـی هاوپێـچ کرابـوو) کـە ئـەم سـەرنجانە لەگـەڵ ئـەو ڕوانگەیـە یەکـتر ناگرنـەوە کـە لـە یاداشـتنامەکەدا بـاس دەکرێـت.

**ب** داوکارییەکان دەخرێنە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٤٣٦.

**ج** تکایــە بڕوانــە تەلەگرامەکــەم بــە ژمــارە ٢٢ کــە وەڵامــی تەلەگرامەکەتــان بــە ژمـارە ٢٩-٥. باشـترە ئێـوە ڕەشنووسـی یاداشـتێک ئامـادە بکـەن و گریمانـەی ئـەوە بکـەن کـە لـە کۆبوونـەوەی ئـەم مانگـەدا ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان تەسـدیقی سیاســەتی حکومەتــی عێــراق بەرانبــەر کــوردەکان نــاکات و هــەوڵ بدەیــن ئــەم تەســدیقە بەدەســت بهێنــن.

تێبینی: بە پەلە پێش تەلەگرامی ”B“، بنێردرێت.

کۆپیەک بۆ: وەزارەتی دەرەوە (١. Ff. A/M).

(ل ١٠-١١) ”B“

88020/1/31 Iraq

Mr. Hall 15/1/31

Mr. Flood (away)

Sir J. Shuckburgh 16/1/31

S. H. W. 17/1/31

S of S 19/1

دووباره داڕشتنەوەی تەلەگرامی وەزیری کاروباری کۆلۆنیال بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق

(لە کاتژمێر ٣:٥٠ خولەک لە ڕێکەوتی ١٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣١ نێردراوە)

گرنگ

ژمارە ٢٢

١. ئاماژە بە تەلەگرامەکەتان لە ڕێکەوتی ١٤ی کانوونی دووەم؛ هەر وەک لە ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب (Permanent Mandate Commission) (بڕوانە تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٤٨٨) و یاداشتی گفتوگۆکان وەدەردەکەوێت، کۆمسیۆن لەو بڕوایەدا نییە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد توانیبێتی بە پێی [مەرجەکانی] بڕیارەکەی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٢٥، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانی بە تەواوەتی جێبەجێکردبێت. هەروەها بە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی ڕاپۆرتی کۆمسیۆن، ئەگەری زۆرە ئەنجوومەنی گەلان لە کۆبوونەوەی ئەم مانگەیدا، تەسدیقی ئەم سیاسەتە نەکات.

ڕاپۆرتدەری ئەنجوومەنی گەلان کە پێشوەختە ڕاپۆرتەکەی خستووەتە بەردەم حکومەتی خاوەنشکۆ، تەنیا ئەو ڕاسپاردەیە دەکات کە ئەنجوومەن پاڵپشتی ڕاپۆرتەکەی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بکات. ئەگەری زۆرە، پێشنیازەکەی ئەم ڕاپۆرتدەرە پەسەند بکرێت و لە هەموو حاڵەتێکدا، دەتوانم هیوایەکی کەمم هەبێت کە بە

ڕاشـکاوی یـان ڕانەشـکاوانە دەکرێـت پشـتگیری ئەنجوومەنـی گـەلان لەبـارەی سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق [بەرانبـەر کـورد] بەدەسـت بهێنرێـت.

٢. پێشــنیازی ئــەوە دەکەیــن باشــترە نوێنــەری بەریتانیــا لــە ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان ڕوونــی بکاتــەوە کــە لــە حاڵیحــازردا کار لەســەر ئامادەکردنــی ڕاپۆرتێکــی هەمەلایەنــە لەســەر ڕەوشــی کوردانــی عێــراق دەکرێــت و لــە ماوەیەکــی کەمــدا دەخرێتــە بــەردەم کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب. حکومەتــی خاوەنشــکۆ دڵنیایــە سیاســەتی حکومەتــی عێــراق بەرانبــەر کــوردەکان لــە قۆناغــی تاقیکردنەوەدایــە، بــە تەواوەتــی لەگــەڵ بڕیارەکــەی ئەنجوومەنــی گەلانــی ســاڵی ١٩٢٥ دێتــەوە.

لەبـارەی ڕاسـپاردەی سـێیەمی کۆمسـیۆن، دەکرێـت بـۆ ئەنجوومـەن پێشـنیازی ئـەوە بکرێـت کـە لـەم قۆناغـەدا ئینتیـداب بـە گرتنەبـەری ڕێـکاری گرێنتیکردنـی [مافـی] کـورد لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە لەبەرچاوبگــرێ، تێبینــی ناتــەواون، ئەگــەر ئەنجوومــەن دەخوازێـت کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب تـا مانگـی تشرینـی دووەم ڕاسـپاردەکانی لەسـەر پرسـی کۆتاییهێنـان بـە ئینتیـداب [لەسـەر عێـراق] بخاتەڕوو، لـە هەمانکاتدا باشـترە ئـەو ڕێکارانـەش بخەنـەڕوو تـا پارێـزگاری لـە پێگـەی کـورد لـە عێـراق دوای وەرگرتنـی ئــەم وڵاتــە وەک ئەندامــی کۆمەڵــەی گــەلان بــکات. حکومەتــی خاوەنشــکۆ دڵنیایــە هــەر وەختێـک کاتـی هـات، حکومەتـی عێـراق لەمبـارەوە بـە خواسـتی خـۆی گەرەنتـی قەناعەتپێکــەر دەداتــە ئەنجوومەنــی گــەلان.

٣. بڕیاری ئەنجوومەن لە جنێڤ، بە تەلەگرام بە دەستتان دەگات.

شاندی بەریتانیا (ل ١٢-١٣)

هۆتێل بیو ڕیڤێج (Beau Rivage)

جنێڤ

٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٣١

بەڕێز سێر فرانیس

پێش ئەوەی ئەم یاداشتەت بە دەست بگات، تەلەگرامەکەم لەبارەی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لەسەر ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی ئینتیداب لەسەر عێراق گەیشتبووە دەستت. بەگشتی من لەو بڕوایەدام ئەم بڕیارانە، هەر وەک چاوڕوان دەکرا، چەند بڕیارێکی قایلکەرن. لەبارەی داواکارییەکەی کوردەکانیش، ئەنجامەکە لەوە باشتر بوو کە من چاوەڕوانم دەکرد. هەڵبەت ناکرێت ئەنجوومەن ناچار بکرێت بەشێوەیەکی تایبەتیی پشتگیریی سیاسەتی حکومەتی عێراق لەبەرانبەر کورد بکات، بەڵام شێوازی گرتنەبەری ئەو ڕێکارانەی بۆ هەموارکردنەوەی یاداشتنامەکەمان لەبارەی داواکارییەکە ئاماژە پێدراوە، خراوەتە بەردەم ڕاپۆرتدەری ڕاپۆرتی [کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب] و لەلایەن ئەنجوومەنی گەلانەوە پەسەندکراوە؛ بەو جۆرەی ڕێنمایکراوم، پاساوێکە بۆ قسەی ئێوە کە بە کورد بڵێن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، سیاسەتی عێراقی پەسەند کردووە. بە بڕوای من، ئەمەش گشت ئەو شتەیە کە ئێوە دەتانەوێت.

١. ئێمە ناتوانین، وەک ئەوەی خوازیاری بووین، خۆمان بە پرسی ڕێککەوتنی دادوەری گرێ بدەین. هەروەک بەڕێزتان دەزانن، لەو چواردە زلهێزەی ڕاوێژیان لەگەڵ کراوە، سێزدەیان دژی پێشنیازی ڕژێمێکی نوێ نین، بەڵام ئیتالییەکان لەگەڵ ئەم پێشنیازەدا نین. بەڕاستی ئەوان بێزارەکەرن و من نازانم چ شتێک لە پشتەوەی دژایەتیکردنی ئەواندا هەیە. کاتێک کە باڵیۆزی ئێمە لە ڕۆما نارەزایی دەربڕی، [لەلایەن ئیتالییەکانەوە] بە باڵیۆزی ئێمە گوترابوو کە پێویستە ئەم پرسە لە جنێڤ لەگەڵ سیگنۆر گراندی (Signor Grandi) یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام کاتێک کە ئێمە لێرە [بەریتانیا] پەیوەندیمان بە شاندی ئیتالیاوە کرد و داوای ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵانەمان کرد کە لەلایەن حکومەتی ئیتالیا وروژێنرابوون، ئەو شاندە بە ئێمەیان ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی شارەزاکانیان لەسەر ئەم بابەتە لە ڕۆمان، بۆیە

لەو پێگەیەدا نین بتوانن لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆ بکەن. لە حاڵیحازردا، ڕوونە من و نیهیڵ (Nihill) پێویستە لە هەفتەی داهاتوودا بۆ چەند ڕۆژێک بچینە ڕۆما و لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ شارەزایانی ئیتالیا گفتوگۆ بکەین. لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکی لەم گفتوگۆیە بۆ ئەوەیە بزانین چ شتێک لە پشتەوەی دژایەتیکردنی ئیتالییەکانە [بۆ ئەم پێشنیازە].

٢. بەهەرحاڵ، لە هەمانکاتدا، باشترە خستنەڕووی ئەم ڕێککەوتنە [ڕێککەوتنی دادوەری] بۆ بەردەم پەرلەمانی عێراق دوا نەخەین. دەزانم پەرلەمان لە کۆتایی مانگی شوبات کۆدەبێتەوە و تا مانگی نۆڤێمبەر دانانیشێ. پێشنیاز دەکەم ئەم دەرفەتەی ئێستا لە دەست نەدەین بۆئەوەی کە پەرلەمان ئەم ڕێککەوتنامەیە ڕاستاندن بکات، ئەگەرنا دەبێ تا وەرزی پاییز بوەستین. ئەگەر ئێمە نەتوانین لە ڕۆما لە ئیتالییەکان ببەینەوە، بە بەدەستهێنانی ڕاستاندنی پەرلەمان لەسەر [ڕێککەوتنە دادوەرییەکە]، بۆ ئێمە ئەگەرێکی کراوە دەبێت لەسەر ڕاستاندنی ئەم ڕێککەوتنە ڕەزامەندی ئیتالییەکان بەدەست نەهێنن، [پێشنیازەکە] ڕاگرین.

٣. کۆپییەک لە ڕاپۆرتی ڕاپۆرتدەری [ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان]، بەو جۆرەی بۆ ئەنجوومەن نێردراوە و ئەنجوومەنیش پەسەندی کردووە، بۆتان هاوپێچ دەکەم. هەروەها کۆپییەک لە لێدوانی نوێنەری بەریتانیا لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان و وەڵامەکەی بۆ نوێنەری ئێران تایبەت بە پێگەی ئێرانییەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕێککەوتنە نوێیەدا بۆتان ڕەوانە دەکەم.

هەروەها من یاداشتنامەیەکتان بۆ ڕەوانە دەکەم کە لەلایەن من و نیهیڵ ئامادەکراوە و پەیوەستە بە وردەکاری ئەو خاڵانەی لە یاداشتی حکومەتی ئیتالیا لە ڕێکەوتی ١٠ی کانوونی دووەم وروژێنراون (پێموایە کۆپییەک لەم خاڵانە لەلایەن نووسینگەی کۆلۆنیالەوە بۆتان نێردراوە). ئەمڕۆ شاندی ئیتالیا ئاگادارکراوەتەوە ئەو یاداشتە بگەیەنێتە ڕۆما.

خزمەتکارتان

واژووکراو: J. H. Hall

حاڵیحــازرد بەوپێیــەی مــن ســەرۆکم، ناتوانــم وەک نوێنــەری بەریتانیــا قســە بکــەم، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا، دەمەوێــت هەندێــك تێبینــی لەســەر ڕاپۆرتەکــەی ڕاپۆرتــدەری [ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان] بخەمــەڕوو.

هەمـوو ئـەم خاڵانـە تایبـەن بـە عێـراق و بـەو ڕیزبەندییـەی لـە ڕاپۆرتەکـەدا هاتـووە، ئاماژەیـان پێـدەدەم.

لــە لاپــەڕەی ٣ی ڕاپۆرتەکەیــدا، نوێنــەری یۆگســلاڤیا پێشــنیاز دەکات، بــۆ وەڵامــی [بڕیارەکــەی ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان] ڕوونکردنــەوەی کۆمســیۆن وەربگیرێــت تــا بزانرێـت مانـا و مـەودای وردی بڕیارەکـەی ئەنجوومەنـی [کۆمەڵـەی گـەلان] لـە ڕێکەوتـی ١٣ی کانوونــی دووەمــی ١٩٣٠ چییــە، کــە بــاس لــەوە دەکات پێویســتە پێــش کۆتایــی هاتنــی ئینتیــداب مەرجــە گشــتییەکان جێبەجــێ بکرێــن. بــە بۆچوونــی مــن پێشــنیازە پێشــنیازکراوەکە شــتێکی ڕازیکــەرە.

بەهەرحــاڵ، بــە بۆچوونــی مــن باشــترە کۆمســیۆن بــە ڕاوێژەکــەی پێــش دانیشــتنی داهاتــوو کــە لــە مانگــی حوزەیرانــی گــرێ دەدرێــت تــەواو بــکات و لــەم دانیشــتنەدا، ڕاپۆرتەکەیــان ڕاســپاردەی دیاریکــراو لەخــۆ بگرێــت.

هیــوادارم ئــەم کارە ئەنجــام بدرێــت، هەرچەنــدە مــن بــە تەواوەتــی لــە ســەختی و ئاڵــۆزی ئــەو ئەرکــە تێدەگــەم کــە خراوەتــە ســەر شــانی کۆمســیۆن.

لـەوە دڵنیـام هاوکارانـم لەگـەڵ من هـاوڕان کە بـە زوتریـن کات مەرجە سـەرەکییەکانی دیاریکردنـی کۆتایهاتنـی ئینتیداب دەستنیشـان بکرێن.

خاڵێکیـتر کـە دەمەوێـت ئامـاژەی پێبـدەم، پێشـنیازی گرێدانـی ڕێککەوتنێکـی دادوەری نوێیـە لەگـەڵ عێـراق.

بـە پێـی ڕاپۆرتـە بەسـوودەکەی کۆمسـیۆنی ئینتیـداب، دەبـێ تـا ئەمڕۆکـە ئەنجوومەنی [کۆمەڵـەی گـەلان] ئـاگادار بکرێتـەوە کـە گشـت ئـەو وڵاتـە زلهێزانـەی گەلەکانیـان لـەم ڕێککەوتنـە سـوودمەند بوونـە، بـە پێشـنیازی گرێدانـی ڕێککەوتنێکـی نـوێ ڕازیـن.

ئەمەش بابەتە سەرەکییەکە نییە، زۆربەی دەوڵەتە زلهێزەکان گوتوویانە لەلایەن خۆیانەوە هیچ ناڕەزایتیەکیان لەسەر پێشنیازی ڕژێمێکی نوێ نییە. کەچی، هەندێك بەهەڵە تێگەیشتن لە ئارادایە. هیوادارم ئەم بە هەڵە تێگیشتنانە بەهۆی ئەو بەهەڵە لێکدانەوانەی هەموارکردنی دادوەری بێت کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنە نوێیەکەوە هاتووەتە ناوەوە. بۆیە من دڵنیام ڕوونکردنەوەی زۆرتر دوایین بەربەستەکانیش لە ناو دەبات.

بـە داخـەوە لـە هەمانکاتـدا، ڕێککەوتننامـەی ١٩٢٤ کارایـی خـۆی لـە دەسـت نـەداوە و بـەرکارە، بـەم پێیـەش جیـاکاری لـە نێـوان بێگانەکانـدا، کـە خەسـڵەتی خراپـی ئـەم ڕێکەوتنەیــە، وەک خــۆی دەمێنێتــەوە.

لەم جۆرە هەلومەرجەدا، تەنیا دەتوانم ئەو ئامۆژگارییە بکەم کە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، لەمبارەوە ڕەشنوسی بڕیارێک بە پێی پێشنیازی ڕاپۆرتەکەی مۆنسیۆر مارینکۆڤیچ (Monsieur Marinkovitch) دەربکات. ئەمەش وا دەکات حکومەتەکەم [حکومەتی بەریتانیا] بتوانێت، هەر بە نەمانی ناڕەزایی [ناڕەزایی ئیتالیەکان] ڕێککەوتننامە نوێیەکە بخاتەکار.

*****

خاڵێکیـتر پەیوەسـتە بـە داواکارییەکـەی کۆمسـیۆنی ئینتیـداب کـە داوای زانیـاری تـەواو دەکات لەسـەر ئـەوەی عێـراق تـا ڕادەیـەک لـەڕووی سیاسییەوە ڕسـکابێ.

هیــوادارم کۆمســیۆن وردتــر تیشــک بخاتەســەر ئــەو خاڵانــەی داوای زانیــاری تەواویــان لەســەر دەکات.

[لـەم هەلومەرجـەدا] حکومەتـی خاوەنشـکۆ دەتوانێـت ڕاپۆرتێکـی هەمەلایـەن ئامـادە بـکات کـە ئاماژە بەو بەرەوپێشـچوونە بدات کە لەلایەن حکومەتی عێراق لە ژێر دەسـەڵاتی ڕژێمـی ئینتیـداب بەدەسـتی هێناوە، هـاوکات بە گشـتی بارودۆخی ئێسـتاش بخاتەڕوو.

حکومەتی خاونشکۆ دەتوانێت لەم ڕاپۆرتەدا گشت ئەو زانیارییانە بخاتەڕوو، کە کۆمسیۆن داوای کردووە. بەهەرحاڵ، بۆئەوەی یارمەتی کۆمسیۆنی ئینتیداب بدەین و بیخەینە بارودۆخێک کە لەسەر ئەم بابەتە دوای کۆبوونەوەی مانگی تشرینی دووەم، ڕوانگەیەکی

دیارکراو بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، حکومەتەکەی من دەتوانێت پێشنیازی ئەوە بکات کە ئەم ڕاپۆرتەی داواکراوە، شێوازی ڕاپۆرتێکی تایبەت وەرگرێت پێش هاتنی دانیشتنی مانگی حوزەیرانی کۆمسیۆن بۆئەوەی بخرێتە بەردەم کۆمسیۆن تا بتوانێت چاوێکی پێدا بخشێنێتەوە.

هەڵبـەت، مەبەسـت لـەم ڕاپۆرتـە تایبەتـە ئـەوە نییـە جێگـەی ڕاپۆرتـی سـاڵانەی تایبـەت بـە عێـراق بـۆ سـاڵی ١٩٣٠ بگرێتـەوە، دەبێـت بـۆ هەڵسـەنگاندن لـە دانیشـتنی مانگـی تشرینـی دووەمـی کۆمسـیۆندا، پێشـکەش بـە کۆمسـیۆن بکرێـت.

بـەڵام بـە پێـی ڕێکارەکان ئەگەر هـەر جۆرە کەموکوڕیـەک لەم ڕاپۆرتە تایبەتـەدا هەبوو، دەکرێـت لـە مانگـی حوزەیـران کۆمسـیۆن بـە خێرایـی چاوێکـی پێـدا بخشـێنێت و پێـش دانیشـتنی کۆمسـیۆن لەمانگـی نۆڤێمبەر، چـاک بکرێتەوە. ئـەو چاککردنەوەیـەش دەکرێت یـان بـە خسـتنەڕووی ڕاپۆرتێکـی تەواوکاریـی بێت یاخـود بە خسـتنەڕووی بەڵگـەی زارەکی بێـت لەلایـەن نوێنـەری ڕێگە پێـدراوەوە.

بـۆ زانیاریـی، ئـەم ڕێـکارە لەگـەڵ ئامادەکارییەکانـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب هاوتەریبـە و حکومەتـی خاوەنشـکۆ دەتوانێـت بـە خێرایی ڕاپۆرتـە تایبەتەکە ئامـادە بکات.

*******

لـە کۆتاییـدا، دەمەوێـت تیشـک بخەمەسـەر تێبینییەکانـی ڕاپۆرتـدەری [ئەنجوومەنـی گـەلان] لەسـەر داواکاری کۆمەڵێـک کـوردی عێـراق.

من هاوکارانم دڵنیادەکەمەوە کە کاتێک بە فیرۆنادەین لە جێبەجێکردنی تەواوی پرۆگرامی چاکسازیی یاسایی و کارگێڕیی [لە عێراقدا] کە لەلایەن ڕاپۆرتدەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

چونکـە پێگـەی ئـەم کەمینەیـە لـە ڕووداوەکانـی عێراقـدا لـە کۆنترۆڵـی دەسـەڵاتی ئینتیـداب دەرچـوو، مـن دڵنیـام لـەوەی هـەر کاتێـک وەختـی هـات خـودی عێـراق بـە خواسـتی خـۆی گەرەنتـی قەناعەتپێکـەر لەسـەر داهاتـووی خۆشـگوزەرانی کەمینەکانـی وڵاتەکـەی دەخاتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان.

(ل ١٩)

NO: P. O./17

سکرتاریەتی خاوەنشکۆ، کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا، ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیران

مـن ڕاسـپێردراوم تـا ئاماژە بە نامەکەم بـە ژمـارە (PO/283) لە ڕێکەوتـی ٣١ی کانوونی یەکەمـی ١٩٣٠ بکـەم و سـەرنجی بەڕێزتـان بـۆ ئـەو ڕاسـتییە ڕاکێشـم کـە، هەرچەنـدە ڕەشنووسـی یاسـای زمانـە لۆکالییـەکان لـە ڕێکەوتـی ٤ی کانوونـی یەکەمـی بـۆ کۆمیتـەی ئەنجوومەنـی نوێنـەران نێـردراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا هیـچ کۆپییەک لـە ڕاپۆرتی ئـەو کۆمیتەیە بەدەسـت بەڕێـز [کۆمیسـیاری بـاڵای تایبـەت بە عێـراق] نەگەیشـتووە و وەها دیاریشـە کە لەلایـەن ئەنجوومەنـی نوێنەرانیشـەوە تاوتوێـی ڕاپۆرتەکـە نەکـراوە. بـەو هۆیـەوە کـە زۆر گرنگـە لـە کەمتریـن کاتـدا ئـەو ڕێکارانە ببن بە یاسـا، بۆیە بەڕێز [کۆمیسـیاری بـاڵای تایبەت بـە عێـراق] لـەوە تێنـاگات کـە بۆچـی ڕاپۆرتـی ئـەم کۆمیتەیـە هێنـدە درەنـگ کەوتـووە و بەڕێـز [کۆمیسـیاری بـاڵای تایبـەت بـە عێـراق] خۆشـحاڵ دەبێت ئەگـەر ئـاگاداری بکەنەوە کـەی ئـەم ڕەشنووسـە یاسـاییە دوایـن قۆناغەکانـی دەبڕێت.

خزمەتکاری بەڕێزتان

واژووکراو: (Hubert Yong)

بەڕێز: نوری پاشا ئەلسەعید

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا

(ل ١٩)

NO. 371

سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٣١

بۆ: بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

ئاماژە بە نامەکەتان بە ژمارە (P. O./17) لە ڕێکەوتی ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٣١ کە پەیوەست بە ڕەشنووسی یاسای زمانە لۆکالییەکان ئاڕاستەی بەڕێز سەرۆک وەزیران کرابوو.

من ڕاسپێردراوم ئاگادارتان بکەمەوە کە لێژنەی یاسایی پەرلەمان، پێداچوونەوەی ڕەشنووسی یاساکەی تەواو کردووە، بۆیە ئەوان لە نزیکترین کاتدا ڕاپۆرتێک لەمبارەوە دەخەنە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران.

واژوو: عەبدولقادر ڕەشید

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران

(ل ٢١)

NO: R. O. 38

شوێنی مانەوە[1](The Residency) بەغدا، ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣١

بەڕێز

لە کۆبوونەوەکەم لەگەڵ بەڕێزتان [شا فەیسەڵ] لە ١٨ی کانوونی دووەم، لەسەر پرسی کورد گفتوگۆمان کرد، و بەڕێزتان [شا فەیسەڵ] منتان دڵنیاکردەوە کە یاسای زمانە لۆکالییەکان بە خێرایی دەخرێتە بەردەم پەرلەمان. ئاگادار کراومەتەوە کە لێژنەی یاسایی پەرلەمان لە ٤ی کانوونی یەکەم پێداچوونەوەی ئەم یاسایەیان تەواو کردووە، کەچی تا ئێستا ئەم یاسایە نەخراوتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران. ئامۆژگاری بەڕێزتان دەکەم کە خودی خۆتان بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەن و هیچ بەربەستێك نەخرێتە بەردەم جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی بەرێزتان و حکومەتی عێراق داوتانە کە ئەو ڕێکارە [یاسای زمانی] پەسەند دەکرێت. بە پشت بەستن بەم بەڵێنانە، نوێنەری حکومەتی بەریتانیا بۆ ئەم دانیشتنەی کۆمەڵەی گەلان، هاوکارانی دڵنیا کردووەتەوە کە کات بە فیڕۆ نادەین لە جێبەجێکردنی تەواوی یاداشتی چاکسازیی یاسایی و کارگێڕیی [لە عێراقدا] کە خراوەتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان.

هیچ پێویست ناکات ئاماژە بە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی پاشکەوتنی یاسای زمانە لۆکالییەکان لەسەر کۆمەڵەی گەلان بکەم، ئەگەر وەها هەست بکات کە [بە ئەنقەست] کات بە فیڕۆ دەدرێت و [بە ئەنقەست] یاسای زمانە لۆکالییەکان پەسەند ناکرێت.

هاوڕێی وەفاداری بەڕێزتان

(Sir Francis Humphrys)

بەڕێزیان شا فەیسەڵ،بەغدا

(١) (Residency) بە شوێنی مانەوەی فەرمی نوێنەری بەریتانیا دەگوترێت، بە تایبەتیش لە موستەعمەرەی هیند. هاوتای ئەم چەمکە لە کوردیدا نییە، هەر بۆیەش وەشی شوێنی مانەوەمان بەکار هێناوە. دەکرا وشەی نووسینگە بەکار بهێنرێت، بەڵام وشەی نووسینگە بۆ (office) بە کار هاتووە، بۆ تێکەڵ نەبوونی ئەم دوو چەمکە یەکێکیان بە شوێنی مانەوە هاتووە و ئەویتریان بە نووسینگە. وەرگێڕ.

(ل٢٢)

NO. 109

دادگای پاشایەتی (The Royal Court)

دیوان (The Diwan)

بەغدا، ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٣١

بەڕێز سێر فرانسیس

یاداشتی بەڕێزتانم لە ڕێکەوتی ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٣١، بەدەست گەیشت، لەو بڕوایەدام لەبارەی پاشکەوتنی یاسای [زمانە لۆکالییەکان] زیادەڕۆیی لەو زانیارییانە کراوە، کە بە ئێوە دراوە، چونکە هیچ درەنگ کەوتنێکی بە ئەنقەست لە ئارادا نییە، بەڵکو تەنیا [کێشەی] ناردنی بودجە لە ئارادایە. لە گشت حاڵەتێکدا، ئاگادار کراومەتەوە کە لێژنەی [یاسایی پەرلەمان] یاساکە دەخاتە بەردەم پەرلەمان.

هاوڕێی وەفاداری بەڕێزتان

واژوو: فەیسەڵ

بەڕێز سێر فرانسین هامپفریس (Sir Francis Humphrys)، کۆمسیاری باڵای حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا، بەغدا

(ل ٢٣-٣٣)

بەڕێز [سەرۆک] وەزیر (His Excellency The Minister)

١. لەوانەیــە لــە مــاوەی چەنــد رۆژی دی، کۆمەڵــەی گــەلان بــە فەرمــی وەڵامــی داواکارییەکانــی کــورد بداتــەوە. مــن لەلاییێکــەوە زانیومــە کــە خواســتی کــورد بــۆ ســەربەخۆیی ڕەت دەکرێتــەوە. بێگومــان ئــەو بڕیــارە لەســەر گشــت کــوردە ناسیۆنالیســتەکان کاریگــەری قــووڵ دروســت دەکات، بۆیــە پێویســتە دەســت لــە بارودۆخەکــە وەربدەیــن، چونکــە گرنگــتر لــە بڕیارەکــەی کۆمەڵــەی گــەلان، ئــەو سیاســەتەیە کــە حکومــەت [حکومەتــی عێــراق] لــە بەیاننامەکەیــدا ڕایدەگەیێنێــت. مرۆڤــی نائومێــد، بــە گشــتی، یەکێــک لــەم ســێ کارانــە دەکات: تــا ئــەو شــوێنەی پێــی بکرێــت گرفــت دروســت دەکات؛ یاخــود بــە نابەدڵــی و بــە ڕکوکینــەوە هێــدی هێــدی قبوڵــی دۆخەکــە دەکات؛ ئەویــش لــە ترســی ئــەوەی ئەگــەر دۆخەکــە قبــوڵ نــەکات تووشــی ئەنجامــی خــراپ بێــت؛ یاخــود لەوانەیــە بــە شــێوەیەکی تاکتیکییانــە ئیــدارەی دۆخەکــە بــکات، هێــدی هێــدی بــەو ئەنجامــە دەگات کــە قبوڵکردنــی خاڵــی دووەم باشــترە. ئێمــە نامانەوێــت کــورد هیــچ کێشــە و گرفتێــک دروســت بکــەن. هەروەهــا ئێمــە نامانەوێــت کــورد قیــن هەڵگــرن و چاوەڕوانــی دەرفەتێــک بــن تــا هەڵگەڕێنــەوە. ئێمــە دەمانەوێــت ڕازیــان بکەیــن کــە حکومەتــی عێــراق دۆســتی ئەوانــە و هاوســۆزی ئەوانــە، بۆیــە ئاشــتی و گەشــەی ئــەوان لــە هاوکاریکــردن [لەگــەڵ حکومەتــی عێراقدایــە].

مەبەســتم چەنــد کەســێکی کەمــی تونــدڕەو نییــە کــە ڕێککناکــەون. خــووی مرۆڤــە ئاژاوەچییــەکان ناگۆڕدرێــت، بــەڵام ئەگــەر زۆرینــەی خەڵــک ڕازی بکرێــن، ئــەم چەنــد کەســە کارێکــی ئەوتۆیــان پێناکرێــت.

٢. بــە بــڕوای مــن، کــورد بــە گشــتی و خوێندەوارەکانیــان بــە تایبەتــی و تەنانــەت گەشــبینترین کــورد، ئەمــڕۆ لــە ڕەفتــاری خــۆی ڕازی نییــە. ڕیشــەی گرفتــەکان بــۆ بــێ متمانەیــی کــوردەکان بــە حکومەتــی ناوەنــدی و سیاســەتەکەی دەگەڕێتــەوە، تــا ئەوکاتــەی ئــەم بــێ متمانەییــە لــە ئــارادا بێــت، ئاشــتی و ڕەزامەنــدی نایێتــەدی. دەبــێ

ڕەچاوی ئەوە بکەین کە ئایا حکومەت هۆکاری ئەم بێ متمانەییە بووە، ئەگەر وا بێت، دەکرێت چی بکەین بۆئەوەی ئەم بێ متمانەییە نەمێنێت.

هەروەک چەند مانگ لەمەوبەر ئاماژەم بۆ کرد، حکومەتی عێراق زۆر بە باشی دەستیپێکردوە [بۆ نەهێشتنی بێ متمانەیی] و ڕاگەیاندووە بەنیازە بەرانبەر کورد کراوە بێت؛ بۆیە چەندین تەلەگرامی سوپاسگوزاری لەلایەن کوردەکانی سلێمانییەوە بۆ حکومەت نێردراوە. ئەم هەوڵانەش بە دەرکردنی بڕیارگەلی پێشوەختە دەستی پێکرد کە لە داهاتوودا بۆ دامەزراندن لە لیوا کوردییەکان پشت بە زمان نەک نەتەوە دەبەسترێت. دووەمین هەوڵیش گەشتە درەنگ وەختەکەی سەرۆک وەزیرانی بە وەکالەت [بۆ کوردستان] بوو. بە گشتی زانراوە بەهۆی جیاوازیی بۆچوونەکان لە ناو خودی کابینەی حکومەتدا لەلایەک و کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت و دەستەی ڕاوێژکاران لە لایەکیترەوە و هەروەها هەستکردن بەوەی نائومێدی لە لیوا کوردییەکاندا زیادیکردووە [ئەم گەشتە دواخرا].

توندڕەوەکانی سلێمانی سوودی تەواویان لەم بارودۆخە وەرگرت و نەتەنیا توانیان پێگەی خۆیان پتەو بکەن، بەڵکو توانیان وەها خەڵک تێبگەیێنن کە نیازەکانی حکومەتی عێراق بە سوودی کورد نییە. لە ئەنجامی هەموو ئەو شتانەی باسکرا، سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بە وەکالەت وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا سەرکەوتوو نەبوو، تەنانەت لە سلێمانی سەرکەوتنی کەمتریشی بەدەستهێنا، چونکە ئامادەبوونی خراپی هێزەکانی سوپای عێراق بە چەکی ئۆتۆماتیکییەوە، خەریک بووە گەشتەکە بکاتە کارەسات. دوای ئەو سەردانە یاخیبوون لە سلێمانی دەستیپێکرد. بە نیاز نیم تیشک بخەمەسەر هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ئەم یاخیبوونە، تەنیا ئاماژە بەوە دەکەم کە کاریگەرییەکانی ئەم یاخیبوونە تا ئێستاش کارەساتبارن. لە چەند خولەکێکدا هەندێك کردار [لەلایەن حکومەتی عێراقەوە] ئەنجامدران کە چەندین ساڵی پێویستە بۆ ڕەشکردنەوەی بیرەوەری کردارەکان لە مێشکی کورد دا. ئەنجامی خێرای ئەم کردارە بریتی بوو لە دەرفەت ڕەخساندن بۆ شێخ مەحمود کە ڕاپەڕێت، بەڵام قورسایی و سەختی ئەم شۆڕشە، بە بڕوای من گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو و نەیتوانی

کاریگەری بکاتە سەر هەموو کورد هەر لە زاخۆوە بگرە تا دەگاتە خانەقین. هەڵبەت من دەزانم کاتێک یاخیبوون سەریهەڵدا، لێکۆڵەری ئیداری (Administrative Inspector) وەک موتەسەڕیفی بە وەکالەت کارەکانی ڕادەپەڕاند؛ من تەنیا جەخت لەوە دەکەمەوە چۆن بارودۆخەکە بەرەو خراپی ڕۆیشت.

٣. حکومەتی [عێراق] بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە چیکردووە؟ لە لێداوانەکەیدا بۆ کوردەکان، سەرۆک وەزیران بە وەکالەت، بەڵێنی گرتنەبەری سیاسەتێکی دۆستانەی بەرانبەر کورددا کە تێیدا ڕەچاوی داخوازییەکانی کورد کراوە و ئەم سیاسەتە لە دوای ساڵی ١٩٣٢ هەر بەردەوام دەبێت. بە تایبەتیش ئاماژەی بە ڕەشنووسی یاسای زمان، دامەزراندنی بەڕێوەبەرێکی گشتی یاریدەدەر بۆ [کاروباری] ناوخۆ [کە کورد بێت]کرد، دامەزراندنی نووسینگەی وەرگێڕانی [یاسا و پەرتووک بۆ سەر زمانی کوردی] و دامەزراندنی لێکۆڵەرێکی پەروەردەیی. ئەو بەڵێنی گرتنەبەری ڕێکاری پێویستیدا بۆئەوەی لێکۆڵەران و ئەفسەرەکانی پۆلیس شارەزاییان لە زمانی کوردی هەبێت. ئەم بەڵێنانە دووبارە لەلایەن سەرۆک وەزیران بە وەکالەت لە یاداشتنامەکەی بە ژمارە ٢٤٢٢ لە ڕێکەوتی ١٩ی ئابی ١٩٣٠ کە بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت ناردبووی، دووپاتکرایەوە. بە پشت بەستن بەم قسانە، لەو بڕوایەدام حکومەتی خاوەنشکۆ ئەم بەڵێنانەی خستووەتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان و جەختیان لەوە کردووەتەوە کە حکومەتی عێراق لەمبارەوە سیاسەتێکی باش و ڕازیکەر پەیڕەو دەکات. بێگومان، کۆمەڵەی گەلانیش بە پلەی سەرەکی لەسەر ئەم بەڵێنانە وەستاوە. تا ئێستا حکومەتی عێراق چەند [لەم بەڵێنانەی] جێبەجێکردووە؟ لەسەر لاپەڕە

هەموو شتێک باسکراوە و شوێنی ڕەخنەگرتن نییە. ڕەشنووسی یاسای زمان لەبەردەم پەرلەمانە، بەڕێوەبەرێکی گشتی یاریدەدەر بۆ [کاروباری/وەزیری] ناوخۆ و لێکۆڵەری پەروەردەیی دامەزراون، نووسینگەی وەرگێڕان کراوەتەوە و فەرمانی پێویست بۆ پۆلیس دەرکراوە، بەڵام بە لێوردبوونەوە دۆخەکە ئاوا قایلکەر نییە. ڕەشنووسی یاسای زمان کە دەبوو لەلایەن پەرلەمانەوە وەک بابەتێکی بەپەلە پەسەند بکرێت؛ هەم بۆئەوەی

بارودۆخی کوردستان نەختێك ئارام بکرێت، هەمیش بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵەی گەلان دوای داخستنێکی زۆر لەلایەن لێژنەی پەرلەمانەوە بە شێوازێکی نەگونجاو و بە ڕەزامەندی حکومەت، پێداچوونەوەی بۆ کراوە؛ بێگومان ئەو کەسەی وەک بەڕێوەبەری گشتی یاریدەردەری وەزیری ناوخۆ دامەزراوە لەلایەن هەموو [کوردەوە] ڕەتدەکرێتەوە و هیچ ئەرکێکی ئەوتۆشی نییە ئەنجامی بدات؛ پرسی چاپکردنی یاساکان و وەرگێڕانیان لەلایەن نووسینگەی وەرگێڕانەوە یەکلایی نەکراوەتەوە. تا ئێستاش لێکۆڵەر و ئەفسەرە پۆلیسەکانی لیواکانی کوردستان شارەزاییەکی باشیان لەسەر زمانی کوردی نییە. لێکۆلەری پەروەردە باش کار دەکات، بەڵام ئەم باش کارکردنەی سنوردارە، چونکە حکومەت پلەکەی وەک ئەفسەری پەروەردەی ناوچە (Area Education Officer) هەژمار ناکات. کوردە خوێندەوارەکان ئاگاداری ئەم ڕاستییانەن کە لە ناوچە کوردییانەدا بڵاوبوونەوەتەوە هەندێك کاربەدەست کردەوەی نەشیاویان ئەنجامداوە. جێگەی سەرسوڕمانە، تەنانەت کوردە میانڕەوەکانیش لە نیەتەکانی حکومەتی عێراق بەگومانن و دەڵێن هیچ کاتێک یاسای زمانی خۆجێی وەک پێویست ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٤. پێموایە کاتی ئەوە هاتووە حکومەتی عێراق خۆی یەکلابکاتەوە کە یان سیاسەتە ڕاگەیێندراوەکەی هەڵبوەشێنێتەوە و سیاسەتێکی نوێ بگرێتەبەر، یاخود بە نیەت پاکی و لە قووڵایی دڵەوە ئەو بەڵێنانەی داویە جێبەجێیان بکات. نزیکەی یەک ساڵە مشتومڕ لەسەر ئەم بابەتە بە کۆتا نەهاتووە، لەسەر پرسی زۆر بچووک مشتومڕی بێ سوود دەکرێت. ئەمەش زیان لە وره و دڵگەرمی هەموومان دەدات، بەڵام لەمەش خراپتر بریتییە لە نەهێشتنی شانسی ئیدارەدانی بارودۆخی کورد بە شێوەیەکی قایلکەر. هیچ سیاسەتێک، تەنانەت بە نابەدڵیش جێبەجێ نەکراوە و بەبێ دانبەخۆداگرتنیش ئەو سیاسەتانە سەرکەتوو نابن و لە حاڵێحازردا لەبری بەدەستهێنانی [پشتیوانی کوردەکان] ئەم پشتیوانیەمان لەدەستداوە. ئێمە دیوارەکانمان لەسەر لم بنیات ناوە و ئەنجامە نالەبارەکانی ئەم سیاسەتەش لە دوای ١٩٣٢ دەبینین، تەنانەت لەوانەیە پێش ئەم ڕێکەوتەش ئەنجامەکان بەدیارکەون. لە قووڵایی دڵەوە

داوا لـە بەڕێزتـان دەکـەم کـە ئێسـتا و داهاتـوو ڕەچـاو بکـەن و خۆتـان یەکلایـی بکەنــەوە بۆئــەوەی بزانــن بــۆ داهاتــووی عێــراق چ شــتێک باشــە ئەنجــام بدرێــت.

٥. بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە ئێـوەم گوتـووە باشـترە چـی بکەیـن، بـەڵام پێـم باشـە بۆچوونەکانـم بخەمەسـەر لاپـەڕە. زۆرێـک لـەو هەنگاوانـەی ئاماژەیـان پێکـراوە لـە ڕووی قەبـارەوە هەنـگاوی بچووکـن، بـەڵام کاریگەریـی زۆریـان هەیـە، کەچـی ئەگـەر ئـەم هەنگاوانـە ئـەم کەشـە گوماناوییـەی ئێسـتا لەبەیـن نەبـەن، هیـچ سـوودێکیان نابێـت. پەیوەندیـی شەخسـی و مامەڵەیەکـی دادپەروەرانـە، دەتوانێـت ئـەم کێشـەیە چارەسـەر بـکات، نـە تەنیـا دەبـێ بەرپرسـە بـاڵاکان ئـەم کەشـە بڕەخسـێنن، بەڵکـو بەرپرسـە پلـە نزمەکانیـش [دەبـێ هـاوکار بـن]. بەڕێزتـم ئاگادارکـردەوە کە گەشـتێک بۆ لیـوا کوردییـەکان ئەنجـام بـدەن و لـە نزیکـەوە و بـە شەخسـی و بـە نافەرمیانـە چاوتان بـە سـەرکردەکانی کـورد بکەوێـت، هـاوکات گرنگـە فەرمانبەرانـی گشـت وەزارەتـەکان ئـاگادار بکەیتـەوە کـە سیاسـەتی حکومـەت چییـە. لـە حاڵیحـازردا ئـەم فەرمانبەرانـە نازانـن سیاسـەتی حکومـەت چییـە. ئـەوان دەبینـن حکومـەت دوودڵـە، بۆیـە ئەوانیـش دوو دڵـن. چیـتر نامەوێـت تیشـک بخەمـە سـەر گرنگـی هێنانـەدی کەشـوهەوایەکی نـوێ، هەرچەنـدە ئـەم کەشـوهەوایە هەنـگاوی سـەرەتایە بـۆ سـەرکەوتن؛ بۆیـە لـە خـوارەوە تیشـک دەخەمەسـەر ڕێـکارە کردارییـەکان.

٦. یەکێـک لـە ئیمتیـازە بەهێـزەکان کـە کـورد دەیانەوێـت یاسـای زمانـی خۆجێییـە. بۆیــە زەرورە ئــەم یاســایە زوو پەســەند بکرێــت و جێبەجــێ بکرێــت. لەگــەڵ مســتر ســمیس (Mr. Smith) و لێکۆڵەرانــی ئیــداری قســەم کــردووە، ئەوانیــش ئــەم پێشــنیازانەی خوارەوەیــان خســتووەتەڕوو:

**دادپەروەری:** لەمبارەوە چاوەڕوانی بۆچوونەکانی مستر دروۆێر (Mr Drower) دەکەم.

**پـەروەردە:** لەمبـارەوە هیـچ کێشـەیەک لـە سـلێمانی و کەرکـووک و هەولێـر نابینرێـت، تەنیـا لەوانەیـە لـە عەنـکاوە، گوێـڕ و مەخمـور تووشـی کێشـە ببینـەوە. پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم کـە پێگـە و دەسـەڵاتی ئەفسـەری پـەروەردەی ناوچەکـە (Area Education Officer)، بـە لێکۆڵـەری پەروەردەیـی بدرێـت.

**هەولێر و مووسڵ:**

لە حاڵیحازردا لە قوتابخانەکانی ئەو ناوچانە، تەنیا پەرتووکی عەرەبی دەخوێندرێت و گومانی ئەوە هەیە کە ئایا دەکرێت کوردی بۆ زمانی خوێندن بەکار بهێنرێت یان نا. لە ناوچە کوردییەکاندا نزیکەی ٤٩ مامۆستا هەن کە ٢١یان کوردن و ٢٨ دیکە کورد نین؛ لەو کەسانە ٩ یان زانیارییان لەبارەی زمانی کوردی هەیە. پێشنیاز دەکەم وەزارەتی پەروەردە لەمبارەوە ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر. هەروەها باشترە ئەگەر لێکۆلەرێکی پەروەدەیی کورد دابمەزرێنرێت بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکات، پێویستە چ گۆڕانکارییەک بکرێت. دەمەوێت ئاماژەش بەوە بدەم کە لە ناحیەی سندی، گولی، بەرواری، نێروە و ڕێکان، هەرچەندە دانیشتوانی ئەم ناوچانە باجیش دەدەن، بەڵام هیچ قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوونی نییە. بۆیە بە بۆچوونی من پێویستە لەمبارەوە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر.

**ناوخۆ:**

**سلێمانی و کەرکووک :**

لەم ناوچانەدا جێبەجێکردنی یاسا ڕووبەرووی ئاستەنگ نابێتەوە.

**هەولێر:**

پۆلیس داوای کۆمەڵێک هەموارکردنەوە دەکات،چونکە لە سێ ئەفسەری [پۆلیس] تەنیا یاریدەردەری فەرماندەی ڕواندوز، عەلی غالب ئەف (Ali Ghalib Eff)، زانیاریی تەواوی لە زمانی کوردی هەیە. لە نۆ لێکۆلەر سێ کەسیان زانیاریی ئەوتۆیان لەسەر زمانی کوردی نییە. ئەو بەشەی ئەرکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و لێدوانەکانی هەیە دەبێ ئەو فەرمانبەرانە تێدا دابمەزرێن کە زانیاریی تەواویان لەبارەی زمانی کوردی هەبێت.

**مووسڵ:**

زانیاریی تەواوم لەبەر دەست نییە، بەڵام پێویستە گۆڕانکاری تەواو ئەنجام بدرێت؛ وەک ئەوەی من دەزانم لەم لیوایەدا لە نووسراوە فەرمییەکاندا، بە هیچ شێوەیەک زمانی کوردی بەکار ناهینرێت. هەروەها دەزانم لە ناوچە کوردییەکانی [ئەم لیوایەدا] ژمارەیەکی

بەرچـاوی فەرمانبـەر دامـەزراوە بێئـەوەی هیچ زانیارییەکیان لەسـەر زمانی کـوردی هەبێت. پێویسـتە موتەسـەڕیف ڕێنمایـی بکرێت، لەمبـارەوە ڕاپۆرتێکی تـەواو بخاتەڕوو.

**وەزارەت و بەشەکانیتر:**

پێشـنیازی ئەوە دەکەم گشـت وەزارەت و بەشـەکان ڕاپۆرتیک بدەنە سەرۆک وەزیران کە تێیـدا ئامـاژە بـە نـاو و پێگـەی فەرمانبـەرە غەیرە کـوردەکان بـدەن و ئەوەش دیـار بکەن کە ئایـا ئـەو فەرمانبەرانـە کـوردی دەزانن یـان نا. ئەگەر پێویسـت بوو فەرمانبەرێـک کە کوردی نەزانێـت لـە پێگـەی خۆیـدا بمێنێتـەوە، دەبێـت لەمبـارەوە ڕوونکردنـەوە بدرێـت. کاتێـک یاسـای [زمانـی خۆجێـی لەلایـەن پەرلەمانـەوە] پەسـەندکرا، پێویسـتە گشـت وەزارەتـەکان ڕەچاوی یاسـاکە بکەن. پێویسـتە ئەو وەزارەتانە ڕێنمایی بکرێن کە بە زووترین کات یاسـاکە جێبەجـێ بکـەن و لـە ماوەیەکـی دیاریکراودا ڕاپۆرتێک بۆ سـەرۆک وەزیـران بەرزبکەنەوە و بـاس لـەو هەنگاوانـە بکەن کە بە پێـی ڕێکارەکانـی سـەرەوە گیراونەتەبەر.

٧. لەبـارەی لێدوانەکانـی دیکـەی سـەرۆک وەزیـران بـە وەکالـەت، کـە مـن لـە سـەرەوە بـە خێرایـی ئامـاژەم پێـداون، ئـەو ڕاسـپاردانەی خـوارەوە دەخەمـەڕوو:

**ا** یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆ وەزارەتی ناوخۆ

بـۆ ئاسـانکاریی کۆپیەک لـە هەمـوارکردنە پێشـنیازکراوەکانم بۆ [وەزیـری] ناوخۆ هاوپێچ کـردووە، کـە پەیوەسـتە بـە ئەرکەکانـی ئـەو کاربەدەسـتە [واتـە یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی بـۆ وەزارەتـی ناوخـۆ] کـە لـە ١٨ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١ بـۆ ئێـوەم بـاس کردبوو (پاشـکۆی "A"). پێشـنیاز دەکـەم ئـەم ڕێـکارە بە زووتریـن کات جێبەجێ بکرێـت. بە بڕوای مـن دەکرێـت ئـەو کاربەدەسـتە ئەندامێـک بێـت لـە دەسـتەی هەڵبژێـردراوی وەزارەتـی [ناوخـۆ] و دەکرێـت بـە هەمـوو شـێوەیەک سـوودی لێوەربگیرێـت.

**ب** نووسینگەی وەرگێڕان

پێشنیاز دەکەم:

**ا** ئەو یاسایانەی لە پەرتووکی یاساکاندا هاتوونە و لەلایەن نووسینگەی وەرگێڕانەوە وەرگێڕدراون، دەکرێت بە پێی پێویست بۆ فەرمانبەران و خەڵکی ئاسایی چاپ بکرێت.

**ب** گشت ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە ناوچە کوردییەکان، لە کاتی دەرکردنیاندا وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و وەک پاشکۆی یاداشتی فەرمی بڵاو بکرێنەوە، ئەگەر نەتوانرێت ئەم پاشکۆیە لە بەغدا چاپ بکرێت، دەکرێ لە سلێمانی چاپ بکرێت.

**ج** هەڵبژادرنی فەرمانبەران

حکومەت زانینی زمان نەک ئەوەی سەر بە چ نەتەوەیەکە، وەک مەرجی دامەزراندن دەست نیشان کردووە. پێشنیازی ئەوە ناکەم واز لەم مەرجە بهێنرێت، بەڵام پێویستە بزانرێت کورد بە تەواوەتی نیگەرانن لەو ڕێکارە بێ سەروبەرانەی لەمبارەوە ڕاگەیێندراون و گیراونەتەبەر، چونکە گومانێکی زۆری دروستکردووە. باشترە حکومەت زۆر بە وریاییەوە ئەم سیاسەتە پەیڕەوی بکات و وەک هەل ڕەخساندنێک کوردەکان لەو پێگانە دامەزرێنێت کە لە حاڵیحازردا لەلایەن عەرب و تورکمانەکانەوە بەڕێوە دەبردرێن. بە تایبەتیش من دەمەوێت ئاماژە بە پێنج قەزای مووسڵ بدەم کە لە ئێستادا تەنیا یەکیان قائیمەقامەکەی کوردە. وەبیر بەڕێزتان دەهێنمەوە، کاتێک ئەم پێشنیازەم خستەڕوو، ڕاسپاردەی ئەوەشم کردم ئەگەر ئەم پێشنیازە جێبەجێ نەکرێت تا ئەوکاتەی ڕەشنووسی یاسای زمانەکان دەبێت بە یاسا. دەمەوێت ڕاسپاردەی ئەوە بکەم پێویستە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لەو دامەزراندنەدا ئەنجام بدرێت، زۆربەی کادیرەکانی قائیمەقام و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە حاڵیحازردا فەرمانبەری عەرەبن. ئەگەر ئەم پۆستانە چۆڵ بوون، دەبێ لەلایەن فەرمانبەری کوردەوە پڕ بکرێنەوە تا هاوسەنگی لە نێوان [فەرمانبەرە کورد و غەیرە کورد دروست ببێت]. دەمەوێت بڵێم، زۆر پێویستە بە وریاییەوە دامەزراندن لە ناوچە کوردییەکاندا ئەنجام بدرێت.

٨. نامەوێت هیچ ڕاسپاردەیەک بخەمەڕوو کە بەدیهێنانی سەخت بێت، بەڵام دەمەوێت پێشنیازی ئەوە بکەم ڕێکارگەلێک هەن، ئەگەر بگیرێنەبەر، کاریگەریی دڵنیاکەر دروست دەکەن؛ سەرەکیترینیانیش بریتیین لە:

**ا** دامەزراندنی کوردێکی پایەبەرز کە ناوبانگی باشی هەبێت بۆئەوەی لە بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ بەڕێزتان بەرپرس بێت کە سەرۆک وەزیرانن تا بزانیت چۆن یاسای زمانی خۆجێی و ڕێکارەکانیتر [پەیوەست بە کورد] جێبەجێ دەکرێن و هەر داوایەکی ڕەوای

کورد بە بەڕێزتان بگەیێنێت. ئێمە پێشتر لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆمان کردووە و بەڕێزتان پێتان باش بوو لێکۆلەرێکی ئیداری کورد دابمەزرێت. پێم باشە ئەم لێکۆلەرە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بتوانیت لێکۆڵینەوە لە ناو گشت بەشەکاندا ئەنجام بدات، بۆیە پێموایە ئەم پێشنیازەم لەلایەن کوردەکانەوە پێشوازیی لێدەکرێت.

**ب** قەرەبووکردنـەوەی ئـەو خێزانانـەی کەسـێکیان کـوژراوە، یاخـود بـۆ هەمیشـە بەهـۆی یاخیبوونەکانـی سـلێمانی لەهێـز داماڵـراون. کاتی خـۆی دژی ئەم کارە بـووم، چونکە لەو بڕوایـەدا بـووم ئـەم کارە کاریگەریی لاوازی دەبێت، بەڵام ئێسـتا لـەو بڕوایەدام [قەرەبوو کردنـەوە] کاریگـەری زۆر باشـی دەبێت.

**ج** گرتنەبـەری پلانـی ئابوریـی جۆراوجـۆر و بەتایبەتـی باشـترکردنی بەرهەمهێنانـی توتـن. گومـان لـەوەدا نیـە ئەگـەر توتن بە باشـی بەرهـەم بهێنرێت، سـەرەڕای گرنگی ئـەم کارە لـە ڕووی سیاسـییەوە بـۆ گشـت عێـراق سـوودی دەبێت.

**ه** پێدانـی زەمالـەی خوێنـدن بـە ڕۆڵەکانـی کـورد، بۆئـەوەی بـەراورد بـە خوێندنـی ئێسـتا، دەرفەتـی خوێندنـی باشـتریان بـۆ بڕەخسـێت.

هەندێـك وردە بابەتیتریـش هـەن کـە بـە بەردەوامـی دەوروژێنرێـن، هەرچەنـدە بـۆ حکومـەت گرنگـی کەمـی هەیـە، بـەڵام پشـتگیریی بـۆ حکومـەت دەسـتەبەر دەکات (یەکێـک لـەم بابەتانـەش کـە بـە مێشـکی منـدا دێـت، دووبارەکردنـەوەی یاداشـتی کـوردی زمانـی ڕوانـدوز). ئەگـەر گرنگـی بـەم وردە بابەتانـە بدرێـن، سـوودی زۆریـان دەبێـت.

٩. لە کۆتاییدا من تیشک دەخەمەسەر ئەو شێوازەی کە بۆ بڵاوکردنەوەی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان دەگیرێتەبەر کە گرنگی خۆی هەیە. دەبێ ئاگادار بین لەلایەن ڕۆژنامەکانی ناوخۆییەوە بێ ڕێزی بەرانبەر ئەم بڕیارەدا نەکرێت. هیوادارم سەرنووسەری گشت ڕۆژنامەکان ڕێنمایی بکرێن بە تیشک خستنەسەر گرنگی هاوکاری نێوان کورد و عەرەب و ئەو سوودانەی لەم هاوکارییە دەستەبەر دەکرێن. هەروەها پێشنیاز دەکەم ڕاگەیێندراوێک دەربکرێت و ئاماژە بەوە بدات کە حکومەت هیچ مەبەستێکی نییە، تەنیا نیەتێکی دۆستانە نەبێت بەرانبەر کوردەکاندا. بۆیە هەوڵ دەدات سیاسەتەکەی تەنیا قسە

نەبێت، بەڵکو کردار بێت. دەبێ باس لە هەندێک لە وردەکاری ئەم سیاسەتە بکرێت. هەروەها بە بڕوای من دەبێ بەرچاوڕوونییەکی تایبەت بدرێتە سەرکردە کوردەکانی سلێمانی، واتە ئەوانەی بەرپرسن لە [بەرزکردنەوەی] دواکارییەکان [بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان]. سروشتییە ئەوان هەست بە پەراوێزخراوی دەکەن، بەڵام ئەگەر بە دروستی لەگەڵ ئەم سەرکردانە ڕەفتار بکرێت، دووجار ئەوان ناچارن [بڕیارەکەی کۆمەڵەی گەلان] پەسەند بکەن و لە داهاتوودا ملکەچی [حکومەت] دەبن. پێشنیازی ئەوە دەکەم لەگەڵ هەندێك کوردی میانڕەوی دانیشتووی بەغدا ڕاوێژ بکرێت لەبارەی چۆنیەتی کێشکردنی ئەم کەسانە [بۆ لای حکومەت]، تەنانەت دەکرێت هانی یەکێک لەو کوردە میانڕەوانە بدرێت بچێتە سلێمانی و لەگەڵ سەرکردەکانی ئەوێ قسە بکات، یاخود دەکرێت ئەم ئەرکە بە موتەسەڕیفی [سلێمانی] بسپێردرێت. باشترە بۆ ئەم مەبەستە کەسێک بە نهێنی ڕاسپێردرێت، بەڵام دەبێ ئەم کارە بە ئاگاداری موتەسەڕیف بێت.

١٠. بۆ کورتکردنەوەی بۆچوونەکانم، پێموایە، یان دەبێ حکومەت لە قووڵایی دڵ و بە ڕاستی سیاسەتە ڕاگەیێندراوەکەی جێبەجێ بکات، یاخود سیاسەتێکیتر بگیرێتەبەر. ئەگەر حکومەت بە ڕاستی مەبەستیەتی [بژاردەی] یەکەم هەڵبژێرێت، ڕاسپاردەکانی من بە پوختی ئەمانەی خوارەوەن:

**١. پەرەگرافی ٥:** گەشتێک بۆ لیوا کوردییەکان ئەنجام بدە و نیەتەکانی حکومەت بۆ خەڵک و بۆ فەرمانبەران بخەڕوو. لە ڕاستیدا کەشوهەوایەکی نوێ بخوڵقێنە.

**٢. پەرەگرافی ٦:** بۆ جێبەجێکردنی یاسای زمانی خۆجێیی، دەبێ چەند ڕێکارێکی تایبەت بگیرێنەبەر.

**٣. پەرەگرافی ٧:**

ا دەبێ پێگەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە [وەزارەتی] ناوخۆ ڕێک بخرێت.

ب ئەو یاسایانەی لەلایەن نووسینگەی وەرگێڕانەوە، وەرگێڕدراون، دەبێ چاپ بکرێن و بخرێنە بەردەستی جەماوەر و فەرمانبەران.

ج بنەمای زمان نەک نەتەوە بۆ دامەزراندن، دەبێ زۆر بە وریاییەوە جێبەجێ بکرێت.

**٤. پەرەگرافی ٨:**

ا  دەبێ کوردێکی پایەبەرز بۆ ڕێنماییکردنی سەرۆک وەزیران دابمەزرێت، یاخود لێکۆڵەرێکی ئیداریی کە کورد بێت بە دەسەڵاتی تایبەتەوە دابمەزرێت.

**ب** خێزانی ئەو کەسانەی ئەندامێکیان کوژراوە، یاخود بۆ هەمیشە لە یاخیبوونەکەی سلێمانی، لەهێز داماڵراون، قەرەبوو بکرێنەوە.

**ج** پلانی ئابوری و بە تایبەتی باشترکردنی بەرهەمهێنانی توتن زۆر بە جیدیی کاری بۆ بکرێت.

**هـ** زەماله بە ڕۆڵە کوردە دەست نیشانکراوەکان بدرێت.

**٥. پەرەگرافی ٩:** دەبێ ڕۆژنامەکان ڕێنمایی بکرێن، کاتێک ئەنجوومەنی گەلان بڕیارەکەی دەرکرد، چۆن بابەتەکانیان بنووسن. باشترە ڕاگەیێندراوێک [لەلایەن حکومەتەوە] بڵاوبکرێتەوە. دەبێ لە ڕێگەی کوردە میانڕەوەکانەوە کار بکرێتە سەر سەرکردەکانی سلێمانی بۆ پەسەندکردنی بڕیاری [کۆمەڵەی گەلان].

واژوو: (K. Cornwallie)
ڕاوێژکار. وەزارەتی ناوخۆ.
٤ی شوباتی ١٩٣١

بەپەلە (ل ٣٤-٣٥)

ژمارە: P.O 36

سکرتاریەتی بەڕێز

کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا

٤ی شوباتی ١٩٣١

بەرێز سەرۆک وەزیران

بەرێـز کۆمسـیاری بـاڵا ئاگادارکراوەتـەوە کـە ڕۆژی یەکشـەممە، ڕێکەوتـی ١ی کانوونـی دووەم، دووەم خوێندنـەوە بـۆ یاسـای زمانـەکان کـراوە کـە جیـاوازە لەو [یاسـایەی] لەلایەن مەلیـک [فەیسـەڵ] لـە کۆتایـی مانگـی نۆڤێمبـەردا پەسـەندکرا بـوو. بێگومـان بەڕێزتـان نەتەنیـا خوازیـارن پێویسـتە ئـەم یاسـایە لـە مـاوەی ئـەم خولـەی پەرلەمـان تێبپەڕێنرێـت، بەڵکـو لـە دژی هـەر جـۆرە گۆڕانکارییەکـی حکومـەت لـە بەندەکانـی ئـەم یاسـایەدا دەوەسـتنەوە. کۆپیـەک لـە ڕەشنووسـی [یاسـاکە کـە لەلایـەن] حکومـەت [پەسـەندکرابوو] لـە نامەکـەی بەڕێـز جەعفـەر پاشـا، لـە ڕێکەوتـی ١٩ی ئابـی ١٩٣١، بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت هاوپێچکـراوە کـە ئـەم کۆپیـە لەگـەڵ بۆچوونەکانـی حکومەتـی بەریتانیـا لەسـەر داواکاریـی کـوردەکان بـۆ ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان نێـردراوە.

ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە مانگـی تشرینـی دووەمـدا ئـاگادار کراوەتـەوە، مەلیکـی [عێـراق]، کـە لـە کاتـی داڕشـتنی یاسـاکە لـە دەرەوەی عێـراق بـوو، یاسـاکەی بینیـووە و پەسـەندیکردووە. هیـچ ئاماژەیـەک نە لەلایـەن مەلیک و نە لەلایـەن بەڕێزتانەوە نـەدراوە کـە گۆڕانکاریـی بەسـەر ئـەم ڕەشنووسـەدا هاتـووە. هەروەهـا نوێنـەری بەریتانیـا لـە دانیشـتنی ئێسـتای ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـەم ئەنجوومەنـەدا هاوکارانـی دڵنیاکردووەتـەوە کـە بـە زووتریـن کات یاداشـتی چاکسـازیی یاسـایی و ئیداریـی جێبەجـێ دەکرێـت کـە خراوەتەبـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان.

کاتێـک یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان لەلایەن لێژنـەی یاسـایی پەرلەمانـەوە پێداچوونەوەی بـۆ کـرا، نوێنـەری بەریتانیـا، یاداشـتێکی ئاڕاسـتەی [سـەرۆکی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان کـردووە]، بـەڵام ئـاگادار نەبـووە کـە دواتـر گۆڕانـکاری جەوهەری بەسـەر یاسـاکەدا هاتـووە و لەلایـەن پەرلەمانیـش کۆمەڵێـک هەموارکردنـەوەی دی لەیاسـاکەدا کـراوە، بۆیـە ناوەڕۆکـی سـەرەکی یاسـاکە بـۆ [نوێنـەری بەریتانیـا] ڕوون نییـە.

بـەم هۆیەشـەوە ئـەو، منـی [کۆمسـیاری بـاڵا] ڕاسـپاردووە کـە داوا لـە بەڕێزتـان بکـەم ڕێگـە نەدەیـت خوێندنـەوەی سـێیەم بـۆ یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان بکرێـت، تـا ئەوکاتـەی دەرفەتێـک دەڕەخسـێت و مـن لەگـەڵ بەڕێزتـان لەسـەر ئـەم هەموارکردنانـە گفتوگـۆ دەکـەم، بۆئـەوەی بەنـدە سـەرەکییەکانی یاسـاکە بـە شـێوەیەک پەسـەند بکرێـت نزیـک بێـت لـەو چوارچێوەیـەی خراوەتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان.

من کۆپییەک لەم یاداشتە بۆ سەرۆکی دیوانی پاشایەتی دەنێرم.

خزمەتکارتان

بەڕێز نوری پاشا ئەلسەعید، S. M. G., D. S. O

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا

کۆپی (ل ٣٦-٣٧)

(w 1612/3/98)

6A/24326/516

کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

٧ی شوباتی ١٩٣١

بەڕێز...

هــەروەک حکومەتــی بەریتانیــا ئاگادارکراوەتــەوە، ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان لــە دانیشــتنی ژمــارە شەســت و دووی خۆیــدا، چــاوی خشــاندووە بــە ڕاپۆرتــی نۆزدەیەمیــن دانیشــتنی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب، کــە لــە جنێــڤ و لــە ڕێکەوتــی ٤-١٩ی نۆڤێمبــەر ١٩٣٠ بەڕێوەچــوو.

بـــە پێـــی بڕیارەکانـــی ئەنجوومـــەن کـــە لـــە ٢٨ی کانوونـــی دووەم دەرکـــراون، شــەرەفمەندم ڕاپۆرتــی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب و یاداشــتی کۆبوونــەوەی ٢٢ی کانوونــی دووەمیتــان بــۆ بنێــرم کــە تێیــدا ئەنجوومــەن تیشــکی خســتووەتە ســەر پرســیارەکانی کۆمســیۆنی ئینتیــداب و ڕاپۆرتــی ڕاپۆرتــدەری نوێنــەری یۆگۆســلاڤیا لــە یاداشــتێکەدا هاوپێچکــراوە.

ئەنجوومەنــی گــەلان بڕیاریــداوە تێبینیەکانــی کۆمســیۆنی ئینتیــداب کــە تایبەتــن بــە ڕاپۆرتــی عێــراق، کامێــرۆن (Cameroons) و تێگۆلەنــد (Tegoland) کــە لــە ژێــر ئینتیدابــی بەریتانیــادان، بخاتــە بــەردەم حکومەتــی بەریتانیــا و داوا لــە [حکومەتــی بەریتانیــا] دەکات داوکارییەکانــی کۆمســیۆن جێبەجــێ بــکات.

زیــاد لەمــەش، ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان داوای لێــم کــردووە کــە ســەرنجی حکومەتــی بەریتانــی بــۆ پەرەگرافــی (A (٢)) و (B) لــە بڕیارەکــە ڕاکێشــم [کــە تایبەتــن بــە] ســامانی گشــتی هەرێمەکانــی ژێــر دەســەڵاتی ئینتیــداب و پرســە جۆراوجۆرەکانــی تایبــەت بــە هەرێمــی تانگانیــکا (Tanganika)، عێــراق و فەڵەســتین.

لـە پەرەگرافـی (C) بڕیارەکـەی ئەنجوومەنـی گـەلان، ئەنجوومـەن ئەنجامگیرییەکانـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیدابـی پەسـەندکردووە کـە بـە سـێ داواکاریـی تایبـەت بـە عێـراق و فەڵەسـتین و ترانس-ئـەردەن پەیوەسـتە و داوای کـردووە ئـەم ئەنجامگیرییانـە هـەم بخرێنـە بـەردەم حکومەتەکەتـان [حکومەتـی بەریتانیـا] و هەمیـش بـەردەم داواکارەکان (petitioner). بـۆ بەرچـاو ڕوونـی بەرێزتـان کۆپیـەک لـەو یاداشـتەی بـۆ داواکارەکان، کۆمپانیـای نەوتـی گەشـەپێدانی بەریتانیـا (British Oil Development Company)، کۆمەڵێـک کـوردی عێـراق و کۆمیتـەی جێبەجێکاریـی سوریا-فەڵەسـتین دەنێـرم، بۆتـان ڕەوان دەکـەم.

هەروەهـا ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان پەسـەندی داوایەکـی کۆمەڵـەی بەریتانـی لـە نەتـەوە یەکگرتـووەکان (British League of Nations Union) کـردووە کـە بـە گشـت هەرێمەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئینتیـداب پەیوەسـتە. کۆپیـەک لـە ئەنجامگیرییەکانـی کۆمسـیۆنی ئینتیـداب هاوپێچـی ئـەو یاداشـتە کـراوە کـە بـۆ داواکارەکان دەنێردرێـت.

لەگەڵ ڕێزدا

واژوو: سکرتێری گشتی بە وەکالەت

(ل ٣٨)

(6A/23413/655)

سنووردار

جنێڤ

٧ی شوباتی ١٩٣١

بەڕێز...

بـە پێـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان کـە لـە کۆبوونـەی ٢٢ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١ دەرکـرا، شـەرەفمەندم پێتـان ڕابگەیێنـم لـە نۆزدەیەمیـن دانیشـتنی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب کـە تایبـەت بـوو بـە داوکارییەکانـی ڕێکەوتـی ٢٨ی تەمـووز و ٣ی ئابـی ١٩٣٠، لەلایـەن ژمارەیـەک کـوردی عێـراق [خرابـووە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان] گەیشـتە ئـەم ئەنجامانـەی خـوارەوە:

""کۆمیسـۆن ڕەچـاوی ئـەوە دەکات کـە هیـچ بڕیارێـک لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە دەرنەچـووە کـە پشـتی پـێ ببەسـترێت بـۆ خواسـتی کـوردە داواکارەکان بـۆ دامەزراندنـی حکومەتێکـی سـەربەخۆ لـە ژێـر سەرپەرشـتی کۆمەڵـەی گـەلان. هەروەهـا ڕەچـاوەی ئـەوە دەکات کـە ئـەم جـۆرە خواسـتە هیـچ بنەمایەکـی نییـە تـا ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان پشـتی پـێ ببەسـتێت، و تەنیـا ڕوونکردنـەوە بـۆ [ئـەم خواسـتە] بەهەڵـە لێکدانـەوەی ئـەو بڕیارانەیـە کـە لـە ١٦ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٦ خراوەتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، واتـە ئەوکاتـەی ئـەو ناوچانـەی داواکارەکان تێیـدا دەژیـن، بـە عێـراق لکێنرابـوون.

بـە ڕەچاوکردنـی ئـەوەی ئـەم بڕیارانـە، داوای مامەڵەکردنێکـی تایبـەت لەگـەڵ کـورد دەکات، کـە بـە پێـی دوایـن زانیارییەکانـی ئینتیـداب [ئـەم جـۆرە مامەڵـە تایبەتـە] بـۆ کـورد دابیـن نەکـراوە، هەروەهـا [بڕیارەکـە] داوای گەرێنتیکردنـی ئیـدارەی خۆجێیـی [بـۆ کـورد] دەکات کـە وادیـارە تـا ئێسـتا ئـەم داوایـە جێبەجـێ نەکـراوە.

بڕیاردرا بە ڕاسپاردنی ئەنجوومەن بە:

١. ڕەتکردنـــەوەی داواکاری کۆمەڵێـــک کـــوردی نـــاسراو کـــە داوای دامەزراندنـــی حکومەتێکـــی ســـەربەخۆ لـــە ژێـــر سەرپەرشـــتی کۆمەڵـــەی گـــەلان دەکـــەن.

٢. داوا لـە دەسـەڵاتی ئینتیـداب دەکات ڕێـکارە یاسـایی و ئیدارییەکانـی بـە گەرەنتیکردنـی پێگـەی کـورد تایبەتـن بـە شـیاوی بگیرێنـە بـەر و بخرێنـە واری جێبەجـێ کردنـەوە.

٣. ڕەچاوکردنـــی ئەگـــەری جێبەجێکردنـــی ڕێکارەکانـــی گەرەنتیکردنـــی پێگـــەی کـــورد، ئەگـــەر ئـــەو گەرەنتییانـــە پاشەکشـــەیان لێکـــرا کـــە ئێســـتا لەلایـــەن وەســـایەی بەریتانیـــای گـــەورەوە دابینکـــراوە.

ئەم ئەنجامانە لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسەندکران.

خزمەتکارتان

واژوو: (HASLER)

بۆ بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

مستەر عەزمی بەگی بابان، سلێمانی

هاوپێچ: دکتۆر کامەران عەلی

کۆپیەک بۆ: [....] ئەلشەریف، بەیروت، سوریا

دووبـارە دارشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق بـۆ وەزیـری کاروبـاری کۆلۆنیــال (Secretary of State for the Colonies) (ل ٣٩-٤٠)

لەڕێکەوتــی ١٠ی شــوباتی ١٩٣١، لــە ڕێکەوتــی ١١ی شــوباتی ١٩٣١، کاتژمێــر ١٢.٥ خولــەک بــە دەســت نووســینگەی کۆلۆنیــال گەیشــتووە.

ژمارە ٣٩

ئامــاژە بــە نووسراوتــان ژمــارە ٥٢ لــە ٢٣ی کانوونــی دووەم. لــە ئامادەکردنــی یاداشــتنامەیەکی هەمەگیــر ڕووبــەڕووی گرفــت بوومەتــەوە؛ چونکــە تــا ئێســتا بــەو قەناعەتــە نەگەیشــتووم کــە ئــەو سیاســەتەی ســاڵی ڕابــردوو دارێژرابــوو بــە ژیرانــە و خەمخۆرانــە [لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە] جێبەجــێ کرابێــت. هەروەهــا گەلاڵــەی زمانــە لۆکاڵییــەکان کــە دەبووایــە لەلایــەن دەوڵەتــی [عێراقــەوە] پەســەندکرابا، بــە هــۆی پشــووی پەرلەمانــەوە، تــا پێــش هەفتــەی دووەم لــە مانگــی ئــادار نابێتــە یاســا. بــە بــڕوای مــن حکومەتــی خاوەنشــکۆ هیــچ کاتێکــی لەبــەر دەســت نەمــاوە هیواخــواز بێــت هەمــوو شــتەکان بــە باشــی بەڕێــوە بچــن، بۆیــە بــە بــڕوای مــن ناکرێــت لەســەر پرســی کــورد چیــتر نــووسراو بخەینــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان، تــا ئەوکاتــەی حکومەتــی خاوەنشــکۆ بــە بــڕوای تــەواوەوە بتوانێــت بڵێــت، سیاســەتی [تایبــەت بــە کــورد] خەریکــی جێبەجێکردنــە. هیــچ دەرفەتێــک لەدەســت نــەدراوە بــۆ ڕوونکردنــەوەی کاریگەرییــە نەخوازراوەکانــی [جێبەجــێ نەکردنــی ئــەم سیاســتە] بــۆ مەلیــک فەیســەڵ و نــوری پاشــا؛ ســەرەڕای ئەمــەش باشــترە حکومەتــی خاوەنشــکۆ جارێکیــتر حکومەتــی عێــراق ئــاگادار بکاتــەوە کــە لــە [جێبەجێکردنــی ئــەم سیاســەتەدا] ســەرکەتوو نەبــووە. هەروەهــا جەخــت لــەوە بکاتــەوە کــە هەڵوێســتی گشــتی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب لەبــارەی وەرگرتنــی عێــراق لــە کۆمەڵــەی گەلانــدا پێچەوانــە دەبێتــەوە، ئەگــەر ڕاپۆرتــی دە ســاڵەی [تایبــەت بــە عێــراق] نیشــانی بــدات کــە سیاســەتی پەیوەســت بــە کــورد جێبەجێکــراوە و هەروەهــا دەبــێ لــە مانگــی حوزەیرانــدا نوێنــەری جێــی متمانــەی بەریتانیــا [کۆمەڵــەی گــەلان] دڵنیــا بکاتــەوە کــە ئــەم سیاســەتە جێبەجێکــراوە.

بێجگــە لەمــەش، بڕیــاری خســـتنەڕووی ڕاپۆرتـــی دە ســاڵە بــۆ خوێندنــەوە لــە دانیشــتنی مانگــی حوزەیرانــدا هــاوکات دەبێــت لەگــەڵ خوێندنــەوەی داواکاریــی کــورد [بــۆ ســەربەخۆیی]، بۆیــە بــە بــڕوای مــن پێویســتە یاداشــتێکی تایبــەت بــە کــورد بەجیــا بەرزبکرێتــەوە کــە هەمــان داواکاریــی لەخــۆ بگرێــت [واتــە سیاســەتی تایبــەت بــە کــورد جێبەجــێ بکرێــت]. تەنیــا خــاڵ کــە دوایيــن داواکاریــی لەخــۆ دەگرێــت لــە دەقــی ڕەســەنی داواکاریــی حکومەتــی خاوەنشــکۆ و بڕیــاری ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان ئامــاژەی بــۆ نەکــراوە، بریتییــە لــە ڕووداوی ســلێمانی و پرســێکی گشــتی لەبــارەی سیاســەتی تایبــەت بــە کــورد.

ڕاپۆرتێـک لەسـەر ڕووداوی سـلێمانی بەشـێوازێک کـە گونجـاو بێـت بـۆ خسـتنەبەردەم کۆمەڵـەی گـەلان لەلایـەن پۆسـتەی ئاسـمانییەوە (Air Mail) نێـردراوە. خسـتنەڕووی گشـتی لەسـەر سیاسـەتی تایبـەت بـە کـورد لەلایـەن ڕاپۆرتـی دە سـاڵەوە ڕووماڵکـراوە. بۆیـە پێشـنیاز دەکـەم ئەگـەر بتوانرێـت ئـەو داواکارییانـەی مـاون پێـش ڕێکەوتـی ٢٨ی شـوبات بخرێتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، دەتوانرێـت چەنـد سـەرنجێکی کـورت لەسـەر ئـەم بابەتانـەی لەسـەرەوە باسـکران و هەروەهـا ڕووداوەکـەی سـلێمانی لـە خۆبگـرن.

زۆر نهێنی (ل ٤١-٤٣)

شوێنی مانەوە

بەغدا. ١٣ی شوباتی، ١٩٣١

بەڕێزم

١. شــەرەفی ئــەوەم هەیــە ســەرنجتان ڕاکیشــێم بــۆ تەلەگرامەکــەم بــە ژمــارە ٩٣ لــە ڕێکەوتــی ١٠ی شــوباتی ١٩٣١، کــە بــە داواکاریــی کــورد بــۆ بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان پەیوەســتە؛ هەروەهــا ڕاپۆرتێــک لەســەر ئاڵۆزییەکانــی ســلێمانی بخەمــەڕوو بــە شــێوازێک کــە بــۆ خســتنەبەردەم کۆمەڵــەی گــەلان گونجــاو بێــت.

٢. هــەروەک لــە تەلەگرامــی ئامــاژە پێکــراودا ڕوونمکردووەتــەوە، گرفتــی مــن لــە قۆناغــی ئێســتادا لــە ئامادەکردنــی هــەر جــۆرە یاداشــتێک لەســەر سیاســەتی تایبــەت بــە کــورد ئەوەیــە، مــن لــەو قەناعەتــەدا نیــم حکومەتــی عێــراق بــە نیــاز بێــت، چ بــە قســە و چ بــە کــردرا، ئــەو سیاســەتەی ســاڵی پــار داڕێژرابــوو جێبەجــێ بــکات. ئاماژەیــەک بــۆ ئــەم ڕەفتــارەی ئــەوان بریتییــە لــەو ڕاســتییەی ئــەوان وەهــا دەبینــن کــە هیــچ زیانێکیــان لــە هەموارکردنــەوەی یاســای زمانــە خۆجێیەکانــدا بــەر ناکەوێــت، [یاسایەک کــە] وەک گەڵاڵەیاداشــتێک خراوەتــە بــەردەم ئەنجوومەنــی نوێنــەران. لــە لایەکیــترەوە، ڕاوێــژکاران ئــەم هەموارکردنەوەیــە وەک دەســتکاریکردنی ناوەڕۆکــی [یاســاکە] دەزانــن؛ هەروەهــا مــن مەلیــک [فەیســەڵ] و ســەرۆک وەزیرانــم ئاگادارکردووەتــەوە، تــا ئەوکاتــەی ئــەم هەموارکردنەوانــە نەوەســتێنرێن، مــن لــە دژی هەموارکردنەوەکانــی حکومــەت دەوەســتمەوە کــە لــە مــاوەی دەربازکردنــی گەڵالــە نامەکــە بــۆ بــەردەم ئەنجوومەنــی نوێنــەران لەســەر دەقــی ڕەســەنی یاســاکە ئەنجامــدراون. چەندیــن ئاماژەیــتر هــەن نیشــان دەدەن حکومەتــی عێــراق بــە دڵــەوە ئــەو سیاســەتانە پیــادە نــاکات کــە نوێنــەری بەریتانیــا لــە دانیشــتنی ئێســتای ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گەلانــدا، هاوکارانــی دڵنیاکردووەتــەوە بــە شــێوەیەک کــە پەســەندیان بێــت [ئــەم سیاســتەنانە لــە لایــەن حکومەتــی عێراقــەوە] جێبەجــێ دەکرێــن؛ ئەمــەش لــەو یاداشــتەی لەلایــەن

ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆ بـۆ وەزارەتەکـەی نـووسراوە دەردەکەوێـت کـە تێیـدا ئـەو بارودۆخــە ڕوون دەکاتــەوە کــە لەئارادایــە.

٣. مــن دڵنیــام بەڕێزتــان هــاوڕان لــەم چەشــنە بارودۆخــەدا کــە لــەم یاداشــتەدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، بـۆ حکومەتـی خاوەنشـکۆ مەحـاڵ دەبێـت بتوانـن هـەر جـۆرە نووسراوێــك، لەبــارەی داواکارییەکانــی دیــی تایبــەت بــە کــورد، بخاتــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان و ئــەو بەرپرســیارێتییە بخاتــە ئەســتۆی خــۆی و بڵێــت ئــەو سیاســەتەی پــار لەســەری ڕێککەوتــوون، جێبەجێکــراوە.

٤. بـە تەواوەتـی بـۆ مەلیـک [فەیسـەڵ] و سـەرۆک وەزیرانـم ڕوونکـردەوە، ئەگـەر یاسـای زمانــە خۆجێییــەکان بەبــێ هەموارکردنــەوەی ناوەڕۆکەکــەی پەســەند نەکرێــت و ڕاسـپاردەکانی ڕاوێژکاریـی وەزارەتـی ناوخـۆ لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە پەسـەند نەکرێـت بـۆ حکومەتـی خاوەنشـکۆ زۆر سـەخت دەبێـت ڕاسـتییەکان لـە ڕاپۆرتـی دە ســاڵەدا بخرێنــەڕوو کــە ئــەم ڕاپۆرتــە لــە قۆناغــی ئامادەکردندایــە. هەروەهــا هیـوادارم بتوانـم پێـش ئامادەکردنـی ئـەم ڕاپۆرتـە بابەتـەکان بخەمـەوە سـەر ڕێـگای ڕاسـتی خۆیـان، بـەڵام بـە بـڕوای مـن هـەر وەک لـە تەلەگرامـە ئامـاژە پێکراوەکەمـدا ڕوونمکردووەتـەوە، باشـترە هیـچ نووسراوێـك نەخرێتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، تـا ئەوکاتـەی حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـە بـڕوای تـەواوەوە بتوانێـت بڵێـت ئـەو سیاسـەتەی تایبەتــە بەکــورد خەریکــە جێبەجــێ دەکــرێ.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا، شەرەفمەندم خزمەتکاری ملکەچی بەڕێزتان بم

F. Humphreys

کۆمسیۆنی باڵای تایبەت بە عێراق

ڕاپۆرتی ئاڵۆزییەکانی سلێمانی (ل ٤٤-٤٨)

لـە ٥ی ئەیلوولـی ١٩٣٠ دا، لێکۆڵـەری ئیداریـی لـە سـلێمانی، کە لەو کاتـەدا بەوەکالەت موتەسـەڕیف بـوو، لەلایـەن ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆوە ئاگادارکرایەوە، ئەگـەر مومکین بێـت گرنگـە دەسـت بـە هەڵبژاردنـەکان بکـەن؛ هەروەهـا سـەرکردە توندڕەوەکانـی کـورد، واتـە ئەوانـەی هەوڵـی بایکۆتکردنـی ئەنجامدانـی هەڵـبژاردن دەدەن، بانگێشـت کـران و لەلایـەن لێکۆڵـەری ئیداریـی ئاگادارکرانـەوە کـە مەبەسـتیەتی لـە چەنـد ڕۆژی داهاتـوودا هەڵبژاردنـی لێژنـەی دامەزرێنـەر (inception committee) ئەنجـام بـدات (واتە هەنگاوی سـەرەتایی بـۆ ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـە [گشـتییەکانی ئەنجوومەنـی نوێنـەران]) و ئـەو سـەرکردانەی لـە ئەنجامدانـی[ ئەنجامەکانـی] هەر جـۆرە ئاژاوەنانەوەیەک ئـاگادار کردەوە. لـە کاتێکـدا سـەرکردەکانی کـورد خۆیـان لـە بەشـداریکردن دوور خسـتەوە، بـەڵام بەڵێنیاندا هیـچ ئاڵۆزییـەک دروسـت نەبێـت. لـە بەرەبەیانـی ڕۆژی ٦ی [ئەیلـوول]، ڕێوشـوێنی توندی پۆلیسـی گیرایەبـەر و ئەندامەکانـی داهاتـووی لێژنەی دامەزرێنـەر بەرەو "سـەرا"، واتە ئەو شـوێنەی هەڵبژاردنـەکان تێـدا دەسـتی پێکرد، پاسـەوانیکران.

هـاوکات، دەسـتەیەک تێکـدەر لـە بـازاڕدا دەگـەڕان و دوکاندارەکانیـان ناچاردەکـرد دوکانەکانیـان دابخـەن و بەشـدار بـن لـە خۆپیشـاندانەکانی دژی هەڵبـژاردن؛ لـە ماوەیەکـی کەمـدا جەماوەرێکـی زۆری تـوڕە لـە دەرەوەی سـەرا کۆکرانـەوە و دژی ئـەوە وەسـتانەوە کـە بڵاوەیـان پـێ بکرێـت. جەمـاوەر دار بەدەسـتەوە، بـەرەوڕووی نێزەکانـی پۆلیـس وەسـتانەوە و بـە هەڕەمەکـی پۆلیسـیان بەردبـاران دەکـرد. جامخانـەی زۆربـەی دوکانەکانـی سـەرا شـکێنران و ژمارێـەک پۆلیسـیش برینـدار کـران. هـاوکات ژمارەیـەک خەڵـک وەسـەر بانـی بەندیخانـە کەوتـن و هەوڵیانـدا بەندکـراوەکان ئـازاد بکـەن. کاتێـک زانـرا پۆلیـس ناتوانێـت بارودۆخەکـە کۆنتـڕۆڵ بـکات، موتەسـەڕیفی بـە وەکالـەت داوای لـە هێـزی پیـادەی سـوپا کـرد بـە هانایانـەوە بێـت و توانیـان بـە بەکارهێنانـی نێـزەی سـەر تفەنگەکانیـان بەسـەر جەمـاوەردا زاڵ بـن. بـەڵام، جەمـاوەر شـوێنی خۆیـان پاراسـت و هێرشـیان کـردە سـەر سـەربازەکان. بۆیـە دواتـر سـەربازەکان دەسـتیان بـە تەقـە کـرد، زۆرێـک لـە سـەربازەکان بـە ئەنقەسـت تەقـەی هەواییـان دەکـرد. ژمارەیـەک برینـدار لـە

ناو جەماوەردا کەوتنەوە و دواتر پەرتوبڵاوبوونەوە. بەڕای موتەسەڕیفی بە وەکالەت، کە شایەتحاڵی ڕووداوەکە بوو، تەقەکردنەکە تەنیا چەند خولەکێکی خایاند، واتە تا ئەوکاتەی پێویست بوو بەردەوام بوو، نەک زیاتر. ژمارەی بریندارەکان بەم جۆرەن:

سوپای عێراق یەک نەفەر کوژراو؛ سێ بریندار.

پۆلیس ١٠ بریندار.

یاخیبووان ١٣ کوژراو، ٢٣ بریندار.

دواتر سوپا دەستی بەسەر شارەکەدا گرت و ئارامی و ئاسایش بە تەواوەتی گەڕایەوە.

لە ڕوانگەی ئەو سکاڵایەی لەلایەن جەعفەر سوڵتان و هاوڕێکانییەوە لە ڕێکەوتی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ کراوە، ڕێکارەکان لە دژی چەند کەسایەتییەکی کورد گیراوتەبەر، چونکە ئەوان واژوویان لەسەر داواکارییەکەی ٢٦ی تەمووز ١٩٣٠ کردووە کە لەلایەن عەزمی بەگی بابان و هاوڕێکانییەوە واژووکرابوو. باشترە وردەکارییەکانی ئەو هەنگاوانە بخرێنەڕوو کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە هەر لە دوای یاخیبوونەکەی سەرەوە گیرانەبەر.

بە گشتی ٩٨ کەس دەستبەسەر کراون بەو پاساوەی ئەوان لەو کەسانە بوونە هانی یاخیبوونیان داوە. ئەمە ڕاستە هەندێك لەم کەسانە ئەو داواکارییەیان واژوو کردووە کە خراوەتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، دەکرێت ئەمەش هۆکارێکی بەڵگە نەویست بێ بۆ گومان خستنەسەر ئەو کەسانە؛ بەڵام حکومەتی عێراق ڕوونی کردووەتەوە کە هیچ ڕێکارێک لە دژی هیچ کەسێک ناگیرێتەبەر لەسەر بنەمای ئەوەی کەسەکە واژووی لەسەر ئەو داواکارییە کردووە کە بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز کراوەتەوە، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر لەبەردەم حکومەتی عێراق لەگرتنەبەری هەنگاوەکانی داهاتوو کە هەر کەسێک ببێتە هۆی تێکدانی ئارامی و ئاشتی بیهێنێتە بەردەم دادگا.

لەو ٩٨ کەسەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، ١١ کەسیان بە سەرکردەی بزووتنەوەی کورد ناسراون، بۆ کەرکووک گوازراونەتەوە تا لە مەترسی وروژاندنی هەستی جەماوەر لە سلێمانی و مەترسی تەشەنەکردنی دەنگۆی ئاژاوەکان

کـەم بکرێتـەوە. ٨٧ کەسـەکەیتریش لـە بەندیخانـەی پۆلیـس لـە سـلێمانی ڕاگیـران، بـەڵام سـەرەنجام بـە کەفالـەت ئازادکـران. دواتـر لـە دوای دادگاییکردنـی دوو لـە گومانلێکـراوەکان کـە بـۆ کەرکـووک گواسـترابوونەوە و تۆمەتەکانیـان بەسـەردا سـاخ نەبووتـەوە، گشـت تۆمەتـەکان لەسـەر ئـەم ٨٧ کەسـە پێـش دادگایکردنیـان و هێنانـی کەفالـەت، لەسـەریاندا لابـردران. بـۆ ئـەوەی ئـەو کەسـانە ئاسـایش بپارێـزن، دادوەر بـە پێـی یاسـای تاوانکاریـی دادگایـی گومانلێکراوانـی نەکـردووە، بەڵکـو لـە چوارچێـوەی ئـەو دەسـەڵاتەدا کاری کـرد کـە لەلایـەن ڕێکارەکانـی رێکخسـتنی تاوانەکانـی بەغـدا پێـی سـپێردرابوو کـە تایبەتـە بـە هێنانـەدی ئاسـایش لـە پێنـاو بەرقەرارکردنـی ئاشـتی و ئارامـی. ڕاسـتە دوو مانـگ لـە نێـوان دەسـتگیرکردنی ئـەم کەسـانە و ئازادکردنیـان بـە کەفالـەت تێپەڕیـوە، بـەڵام هـۆکاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەختی لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکان. بـە ئینسـافەوە ئەگـەر پشـتگیریی دەسـەڵاتدارانی [عێـراق] بکەیـن، هـەر لـە دوای ئـەوەی دەرکـەوت بەڵگـەی پێویسـت لـە دژی ئـەو کەسـانە لەبەردەسـت نییـە بۆئـەوەی ببرێنـە بـەردەم دادگا، یەکسـەر ئازادکـران. سـەبارەت بـەو ١١ کەسـەی کـە بـۆ کەرکـووک گوازراونەتـەوە، چیرۆکەکەیـان بـەم شـێوەی خوارەوەیـە:

هـاوکات لەگـەڵ ئـەو کەسـانە، ٨ لـەو کەسـانە بەپێـی هەمـان مەرجگـەل ئازادکـران کـە لـە سـلێمانی ئازادکرابـوون. دوو کـەس، واتـە ڕەمـزی ئەفەنـدی و تۆفیـق قـەزاز، لـە ٢٣ی تشرینـی دووەم لـە کەرکـووک ، هێنرانـە بـەردەم دادگا و لـە دانیشـتنەکانی دادگای تاوانـدا گـوێ لـە قسـەکانیان گیـرا. دادگا بـە ئازادکردنیـان بەکۆتـا هـات و لـە ٢٤ی تشرینـی دووەمـدا گەڕانـەوە سـلێمانی.

سـەبارەت بـەم دوو کەسـە، شـێوازێکی لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکان وەک کەیسـەکی بەڵگەنەویسـتی (prima facie case) وەرگـرت، چەندیـن شـایەتحاڵ ئەمەیـان خسـتەڕوو کـە ئـەم کەسـانە جەماوەریـان هانـداوە لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی هێـزەوە بەرپێوەبردنـی هەڵبژاردنـەکان بوەسـتێنن. لـە کەیسـی ڕەمـزی ئەفەندیـدا، دوو لـە شـایەتحاڵەکان سـوێندیان خـوارد کـە لـە کاتـی ئاژاوەکانـدا ڕەمـزی ئەفەنـدی لـە نـاو جەمـاوەردا بـووە و هەنـدێ تەعبیـری بەکارهێنـاوە کـە خەڵکـی بـەرەو توندوتیـژی هانـدەدا. هـەر دوو

تاوانبـار بـە پێـی بەندەکانـی ٨٠، ٨٥ و ٢١٤ی یاسـای تاوانـی بەغـدا تاوانبـار کـران، کـە تایبەتـن بـە تاوانەکانـی بەرگریـی چەکداریـی لـە دژی جێبەجێکردنـی یاسـا و کۆکردنـەوەی جەمـاوەر بەمەبەسـتی ڕێگریکردنـی لـە جێبەجێکردنـی یاسـا. بەنـدی ٢١٤، تایبەتـە بـە کوشـتن و کوشـتنی سـەربازی عێراقـی لـە کاتـی یاخیبوونـدا. هـەر وەک لەسـەرەوە ئامـاژەی پێـدرا، دادگا بـەو ئەنجامـە گەیشـت کـە بەڵگـەی پێویسـت لەبەردەسـت نییـە بتوانرێـت تاوانبارکـردن بەسـەر ئـەم تۆمەتبارانـەدا بسـەلمێنێت.

کەیسـی کەسـێکیتر، واتـە شـێخ قـادر، کۆمەڵێـک خەسـڵەتی تایبـەت لەخـۆ دەگرێـت. هەرچەنـدە بەڵگـەی پێویسـت لەبـەر دەسـت نییـە بیسـەلمێنێت ئـەو جەمـاوەری هانـداوە ڕێگـری بکـەن لـە بەڕێوەچوونـی هەڵبژاردنـەکان، یاخـود لـە یاخیبوونەکـەدا بەشـدار بـووە، بـەڵام بـە بـڕوای حکومەتـی عێـراق گەڕانـەوەی ئـەو بـۆ سـلێمانی ئاشـتی گشـتی دەخاتـە مەترسـییەوە، چونکـە لەوانەیـە هاوکاریـی [سـەرکردەکانی کـورد بـکات وەک تۆڵـە سـەندنەوەیەک] لـە نەفـی کردنـی براکـەی شـێخ مەحمـود، کـە کەسـێک نـاسراوە و لـە کاتـی خۆیـدا خێڵەکانـی لـە دژی حکومەتـی عێـراق ڕێکخسـتووە و سـنوری [عێراقـی] بـەرەو گوندێکـی ئێـران بڕیـوە و لـەوێ نیشـتەجێ ببـوو تـا لـەم شـوێنەوە هێـرش بکاتـە سـەر هەندێـك بنکـەی پۆلیسـی عێـراق. فەرمانێـک بـە پێـی بەنـدی ٤٠ لـە ڕێـکاری تاوانـی خێڵەکـی و ناکۆکـی مەدەنـی (Tribal Criminal and Civil Disputes Regulation) ئاڕاسـتەی شـێخ قـادر کـراوە کـە قەدەغەیـە ناوبـراو لەسـنووری لیـوای سـلێمانی نیشـتەجێ بـێ و داوای لێـدەکات شـوێنی نیشـتەجێ بوونـی بگوازێتـەوە ناسرییـە. ئـەم فەرمانـە بـە پێـی بەنـدی ٤٠ی ڕێکارەکانـی ئامـاژە پێکـراوە و ڕێگـە بـە حکومەتـی عێـراق دەدات وەهـا بیـر بکاتـەوە کـە ئـەم شـێخە لـە ڕوانگـەی ئاشـتی خێڵایەتیـەوە بـە کەسایەتییەکی مەترسـیدار هەژمـار بکرێـت، بـەڵام دواتـر ئـەم فەرمانـە هەموارکرایـەوە و ڕێگـە بـە شـێخ قـادر درا لـە بەغـدا نیشـتەجێ بێـت و ئێسـتا ئـەو لـە بەغـدا نیشـتەجێیە.

ئـەم زنجیـرە ڕووداوانـە کـە بـە دوای ڕووداوەکانـی ٦ی ئەیلوولـدا هـات، بـە ڕوونـی دەرخـەری ئـەوەن کـە گشـت دەسـتگیرکراوەکانی سـلێمانی بـە هـۆی یاخیبوونـەوە دەسـتگیرکراون، نـەک بـەو هۆیـەی کـە بەشـێک لـەو دەسـتگیرکراوانە واژوویـان لەسـەر

ئـەو داواکارییـە کـردووە کـە خراوەتەبـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. بۆیـە هـەر گومانێکـی بـە پێچەوانـە پووچـەڵ دەبێتـەوە، چونکـە چەندیـن هەفتـە لـە نێـوان بەرزکردنـەوەی داواکارییەکـە و دەسـتگیرکردەنەکاندا هەیـە. لـە ڕاسـتیدا، دەکـرێ پرسـیاری ئـەوە بکەیـن، بۆچـی حکومەتـی عێـراق لـە هەفتەکانـی پێـش ٦ی ئەیلوولـدا، هیـچ هەنگاوێکـی لـە دژی سـەرکردە توندڕەوەکان نەگرتەبـەر؟ وەڵامەکـەش بریتییـە لـەوەی لـە دەسـتپێکی مانگـی تەمـووزەوە، واتـە ئەوکاتـەی ڕێککەوتنـی نێـوان ئەنگلۆ-عێـراق بـۆ جەمـاوەر ئاشـکرا کـرا، سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بریتـی بـوو لـەوەی ڕێگـە بـە [خەڵـک] بـدات بـە ئازادانـە بۆچوونەوەکانیـان دەربـبڕن و هیـچ هەنگاوێکیـش لـە دژی سـەرکردەکان نەگرێتەبـەر، تەنیـا ئەوکاتـە نەبێـت کـە خـودی سـەرکردەکان بـە ئەنجامدانـی کـردەوەی ناعەقڵانـی، حکومـەت ناچـار دەکـەن هەنـگاوی پێویسـتییان لـەدژ بگرێتـە بـەر.

لـە هەفتەکانـی پێـش مانگـی ئەیلـوول، دۆخـی سـلێمانی لـە ڕووی سیاسـییەوە لـە تێکچوونـدا بـوو. بـەڵام لـە لایـەن حکومەتـی عێراقـەوە هیـچ ڕێکارێکـی پێشـگیرانە نەگیرایەبـەر، ئەمـە یاخیبـوون و تەنیـا و تەنیـا یاخیبـوون بـوو کـە دەسـەڵاتدارانی ناچـار کـرد دەسـت بـە دەسـتگیرکردنی [ئـەو سـەرکردانە بـکات].

نهێنی (ل ٤٩)

ژمارە ٥٩٨

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق

بەغدا، ١٤ی شوباتی ١٩٣١

بەڕێز سێر فرانسیس

لە ٢٨ی مانگی ڕابردوو، تەلەگرامێکم لەلایەن وەزیری عێراق لە ئەنقەرە بەدەست گەیشت و ئاگادارکرامەوە کە حکومەتی تورکیا بەنیازە بەرانبەر کۆمەڵەی گەلان لە دژی بڕیارێکی کۆمسیۆنی ئینتیداب کە تایبەتە بە کورد و کەمینەکانی عێراقە، نارەزایی دەربڕێت. لە وەڵامدا گوتم تا ئێستا بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بە شێوەیەکی فەرمی بەدەست حکومەتی عێراق نەگەیشتووە، هەروەها گوتم ئێمە ڕازی نین هیچ مافێک بە کەمینەکان ببەخشرێت، تەنیا ئەو مافانە نەبن کە ڕامانگەیناندووە.

بۆ زانیاریی بەڕێزتان کۆپیەکتان لە یاداشتی ژمارەی ٢٦، لە ڕێکەوتی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٣١، بۆ دەنێرم، کە هەر ئێستا لەلایەن وەزیرەوە لە ئەنقەرە بە دەستم گەیشتووە. زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بەڕێزتان لە باشی خۆتانەوە کۆپیەکم لە بڕیاری کۆمسیۆنی ئینتیداب لە نزیکترین دەرفەتدا بۆ بنێریت.

خزمەتکارتان

واژووکراو: عەبدوڵا ئەلدەمەلوجی

H.E. Sir Francis Henry Humphrys

G.C.V.O., K.C.M.G., K.B.K., O.I.E

His Britannic Majesty”s High Commissioner for Iraq, Baghdad

وەرگێرانی یاداشتی ژمارە ٢٥ لە ڕێکەوتی ٢٥ی کانوونی دووەمی، ١٩٣١، لەلایەن وەزیری عێراق، ئەنقەرە، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، بەغدا. (ل٥٠-٥١)

بەڕێز...

دوێنی ئێوارە پەیوەندیم بە ڕوشدی بەگ (Rushdi Beg)، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا، کرد. لە میانەی گفتوگۆکەدا، ئاماژەی بە بابەتێکی گرنگ کرد، واتە ئاماژەی بە بڕیاری ئەم دواییەی کۆمسیۆنی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان کرد کە تایبەتە بە کورد و کەمینەکانی عێراق. ڕوشدی بەگ گوتی هەر وەک باس دەکرێت، ئەم بڕیارە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکانی تورکیا، ئێران و عێراقدا دروست کردووە. بۆیە حکومەتی تورکیا داوای لە حکومەتی ئێران کردووە لەمبارەوە بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و داوایان لە حکومەتی ئێران کردووە ئاگاداریان بکەنەوە کە لەمبارەوە چ هەنگاوێک دەگرنەبەر.

لە وەڵامی حکومەتی تورکیا، حکومەتی ئێران ڕایگەیاندووە ئەم دوو وڵاتە دەتوانن پێکەوە نارەزایەتیەکی هاوبەش بخەنە بەردەم حکومەتی عێراق. بەهەرحاڵ، من وەها لە وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا تێگەیشتم کە حکومەتی تورکیا لە وەڵامدا گوتویەتی نارەزایەتی دەربڕین، تەنیا لەبەردەم حکومەتی عێراق سوودی نییە، چونکە بە بڕوای حکومەتی تورکیا ئەم کارە هەم پێویست نییە و هەمیش بێ سوودە؛ بەڵام لە لایەکیترەوە، حکومەتی تورکیا پێشنیازی کردووە هەر دوو حکومەت پێکەوە دەتوانن نارەزایەتیەکی هاوبەش بخەنە بەردەم خودی کۆمەڵەی گەلان، چونکە ئەمە حکومەتی عێراق نییە، بەڵکو حکومەتی بەریتانیایە هەموو کارەکانی بەدەستەوەیە" و دەستی لەو بڕیارەدا هەیە کە تایبەتە بەم پرسە [واتە پرسی کورد و کەمینەکانی عێراق].

بۆ زانیاریتان لەبارەی نارەزایی دەربڕینەکە، کە حکومەتی تورکیا بۆ حکومەتی ئێرانی پێشنیاز کردووە هەر دوو حکومەت پێکەوە بەرانبەر کۆمەڵەی گەلان نارەزایی دەرببڕن، من ئەم خاڵانەی خوارەوەم خستەڕوو:

١. حکومەتـی تورکیـا دانـی بـەو ئینتیدابـە دانەنـاوە کـە بەسـەر عێراقـدا سـەپێنراوە. ئـەوان حکومەتـی عێـراق بـە حکومەتێکـی سـەربەخۆ هەژمـار دەکەن؛ بۆیـە یاداشـتی ئەنقەرە لـە ڕێکەوتـی ٥ی حوزەیرانـی ١٩٢٦، پەیوەنـدی نێـوان هـەردوو وڵاتـی ڕێکخسـتووە.

٢. حکومەتـی تورکیـا لـەو بڕوایەدایـە حکومەتەکانـی ئێـران و عێـراق نابـێ پابەنـدی هیـچ ڕێککەوتننامەیـەک بـن کـە تێیـدا دانـی بـە بوونـی کەمینـەکان لـەم وڵاتانـەدا نابێـت.

٣. ئــەو کوردانــەی مووســڵمانن وەک کەمینــە هەژمــار ناکرێــن، چونکــە لــە بەســتێنی مووســڵمانێتیدا، کەمینــە بوونــی نییــە. لــە پەیمانــی لۆزانــدا هیــچ ئاماژەیــەک بــە کەمینــە مووســڵمانەکان نەکــراوە.

٤. پرســی کــورد بــە ڕاســتەخۆ ســەرنجی حکومەتــی تورکیــا و ئێــران و بــە ناڕاســتەوخۆ ســەرنجی یەکێتــی ســۆڤیەت ڕادەکێشــێت.

بۆیــە ئەگــەر بڕیــاری کۆمســیۆنی ئینتیدابــی ســەر بــە کۆمەڵــەی گــەلان کــە تایبەتــە بــە پرســی کــورد لــە عێراقــدا هەڵنەوەشــێنرێتەوە و هەمــوار نەکرێتــەوە، دەبێتــە هــۆی تێکدانــی ئاشــتی و ئارامــی لــە ڕۆژهەڵاتــی نزیــک، ئەمــەش بــە هــۆی کــردەوەی کۆمەڵــەی گەلانــەوە دەبێــت. بــە بــڕوای حکومەتــی تورکیــا ئــەو بڕیــارەی لەمبــارەوە دەرکــراوە، نــە تەنیــا بــە پێچەوانــە بنەمــا ســەرەکییەکانی کۆمەڵــەی گەلانــە، بەڵکــو دەبێتــە هــۆی تێکدانی ئاشــتی و ئارامــی ناوخــۆی تورکیــاش. هــەر بــەم هۆیەشــەوەیە ئــەم دوو حکومەتــە ناڕەزایــی دەربڕینێــک ئاڕاســتەی حکومەتــی عێــراق دەکــەن.

لەســەر ئــەم پرســە حکومەتــی تورکیــا چاوەڕوانــی وەڵامــی حکومەتــی ئێرانــە؛ هەروەهــا وەزیــری کاروبــاری دەرەوەی تورکیــا دەیەوێــت بــەر لــەوەی ئــەم ناڕەزایــی دەربڕینــە بخاتــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان، بۆچوونــی حکومەتــی عێــراق بزانێــت.

نهێنی (ل ٥٢-٥٥)

ژمارە ٦٤٥

نووسینگەی ئەنجوومەنی ئینتیداب

بەغدا، ١٦ شوباتی، ١٩٣١

بەڕێز فرانسیس

لەو گفتگۆیەی لەم دواییە لەگەڵ بەرێزتان و ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی سەرنجەکان لەسەر ڕووداوەکانی ٦ی مانگدا ئەنجامدرا کە بە پرسی کورد و یاسای زمانە خۆجێییەکان پەیوەست بوو، ئێستا خراوەتە بەردەم پەرلەمان، کۆمەڵێک بۆچوونم دەربڕی و ئێستاش دەمەوێت ئەم بۆچوونانە بە شێوەی نووسین بخەمەڕوو و بزانم ئایا دەکرێت ئەم بۆچوونانە لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکرێن.

دوایین لێدوانەکەی عەبدولموحسین بەگ لە پەرلەماندا کە بە سیاسەتی حکومەتی عێراق لەبارەی پرسی کورد و ڕاسپاردەکانی "کۆمسیۆنی سنووری سەر بە کۆمەڵەی گەلان" پەیوەست بوو؛ ئەم کۆمسیۆنە لە دوایین ئەنجامی ڕاپۆرتەکەیاندا ئەوەیان خستووەتەڕوو کە ئامانجیان دەربڕینی نارەزایی سیاسیی نییە، بەڵکو داوا [لە حکومەتی عێراق دەکەن] مامەڵەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە لەگەڵ کوردی عێراقدا بکات.

ئەو هەواڵەی بەڕێزتان بەتایبەت بە منتان ڕاگەیاند کە گوایە داواکەی کورد لەبارەی سەربەخۆیی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە ڕەتکراوتەوە، پشتگیریی لەم ڕوانگەیەی سەرەوە دەکات. پەیوەست بەم بنەمایە، بە بۆچوونی من دەکرێت ببێتە بناغەی گشت ئەو بابەتانەی بە کوردەکانەوە پەیوەستن، من بە گونجاوی دەزانم لەسەر ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجێییەکان گفتوگۆ بکەین.

لە خودی کوردەکانەوە زانیومە کە لە عێراقدا چەندین شێوەزاری کوردی هەن؛ بەڵام ئەم شێوەزارانە بەسەر دوو دەستەدا دەبەش دەبن کە هەر یەکێکیان زۆر لە ئەویتریان جیاوازە؛ سەرەڕای جیاوازیی شێوەزار لە نێوان خودی هەر یەک لەم

دەستانەدا. ئەگەر ئێمە وشەکانی ""زمانی کوردی"" لە یاساکەدا بهێڵینەوە و ئەم وشانە بە وشەگەلی ""زمانە خۆجێییەکان"" نەگۆڕینەوە؛ پێویستە ئێمە ئەو زمانە کوردییە جێگر بکەین کە [بە شێوەی فەرمی] بەکار دەهێنرێت و پێویستە هەموو کورد ناچار بکەین کە یەک زمان بەکار بهێنن.

ڕوونە کە ئەم جۆرە کردەوەیە پشت بە هاندانێکی سیاسی دەبەستێت، لە کاتێکدا مەبەست لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی [یاسای زمانە خۆجێییەکان] ئەوە بوو کە کورد بتوانن [بە زمانی خۆیان] کاروبارەکانیان بەڕێوە ببەن، نەک بە زمانێکیتر.

ئەگەر مەبەست لە بەکارهێنانی یەک زمان ئاسانکاریی کردن بێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، من ڕێز لەو بۆچوونە دەگرم، بەڵام لە هەمان کاتدا بڕوا ناکەم ئەم کارە کردەنی بێت؛ چونکە هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا چەندین شێوەزاری کوردی لە عێراقدا بەکار دەهێنرێت کە هەر کامەیان لە ئەویتر جیاوازە. قبوڵمە ئەگەر هەموو کورد ناچار بکەین، تەنیا یەک زمان بەکار بهێنن، بۆ نموونە زمانی سلێمانی، بەم کارەش ئێمە دەتوانین تەنیا چەند سیاسەتمەدارێکی سلێمانی ڕازی بکەین، بەڵام بەم جۆرەش ئێمە لە مەبەستی سەرەکی ڕەشنووسی یاسای [زمانە خۆجێییەکان] لادەدەین و بێ ڕێزی بە ژمارەیەکی بەرفراوانی کورد دەکەین، بەتایبەتیش ئەو کوردانەی لە باکووری عێراقدا دەژین.

هەموو ئەمانەی سەرەوە پەیوەستن بە سیاسەتی ناوخۆیی [عێراق] بەرچاو ڕوونین. ئێستا دەمەوێت ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئەم پلانە لەسەر کاروباری دەرەکی بکەم. ڕێککەوتننامەی سیڤەر کە بە هۆی پەیمانی لۆزانەوە پووچەڵکرایەوە، بە ڕوونی ئامانجەکەی بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. ئیدارەی عێراق پێش دامەزراندنی حکومەتی عێراق و لە ماوەی دامەزراندنیدا، بە پێی بنەماکانی ڕێککەوتننامەی سیڤەر بەڕێوە دەبردرا، ئەم سیاسەتەش بووە هۆی ترسی حکومەتەکانی تورکیا و ئێران و گومان خستنەسەر سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا، چونکە ئەم دوو حکومەتە هاووڵاتی کوردیان هەیە کە ژمارەیان زۆرترە لە ژمارەی کوردانی عێراق.

سـەرەڕای پووچەڵکردنـەوەی ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر ، بـە بـڕوای مـن ئـەو سیاسـەتەی لەسـەر بنەمـای ئـەم پەیماننامەیـە دامـەزراوە، لەلایـەن بەرپرسـانی بەریتانیـاوە بەردەوامی پێـدرا کـە لە [دامـەزراوە] ئیدراییەکانی گشـتی [عێـراق] دامەرزابـوون. ئەمەش لـەو ڕاپۆرتە جۆراوجۆرانـەدا دەردەکەوێـت کـە لەلایـەن ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخۆوە ئامادەکـراون کە هەمیشـە بـەدوای دابینکردنـی دەرفەتـی دادپەروەرانـە بـۆ کـورد دەگـەڕا، یاخـود هەوڵـی دابینکردنـی خواسـتەکانی دەدا، تـا بەم شـێوەیەوە وەفادری حکومەتی عێراق بن. سـەبارەت بـەو ڕاپۆرتانـەی لەلایـەن ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆوە لـە مـاوەی دوو مانگـی ڕابـردوودا ئامادەکـراون، وەهـا دەردەکەوێـت کـە بەتێپەڕبوونـی کات داواکارییەکانـی ڕاوێژکارەکـە بـە شـێویەکی بێسـنوور زیـاد و بەرفـراوان بوونە.

دەمەوێـت زۆر بـە ڕاشـکاوی ترسـی خـۆم لەسـەر داهاتـووی ئەم جـۆرە سیاسـەتە و ئەو گرفتانـەی بـۆ حکومەتی عێراق لەگەڵ دراوسـێکانیدا دروسـت دەبێت، دەرببـڕم؛ گرفتگەلێک کـە بەناچـاری دەبێتـە هـۆی پەلکێشـکردنی حکومەتـی بەریتانیـا بـۆ نـاو پرسـەکە، چونکـە هاوپەیمانـی عێراقـە. ئـەم گرفتانـە دەتوانن تا ئاسـتێک پەرە بسـێنن کە ببێتە هـۆی تێکدانی ئاشـتی، لـە ڕوودانـی هـەر جـۆرە ڕووداوێکـدا ئـەم گرفتانـە بـە بەردەوامـی دەبنـە هـۆی تێکدانـی پەیوەندییـەکان لـە نێـوان ئـەم دوو دراوسـێیە پاشـایەتیەدا [واتـە ئێـران و عێـراق] و دەبێتـە هـۆی ئـەوەی سیاسـەتی دژە-بەریتانیـا، لـە ڕادەبـەدەر سـوود لـەم بارودۆخـە وەرگرێـت؛ ئەمـەش پرسـێکە لەوانەیـە لەلایـەن کاربەدەسـتانی بەریتانیـاوە کـە لـە ئیدارەی ناوخۆیـی [عێـراق] کار دەکـەن بـە باشـی ڕەچـاو نەکرابێت.

مـن دان بـەوەدا دەنێـم، لـە داواکارییـە بـێ سـنورەکانی ڕاوێژکاریـی وەزارەتـی ناوخـۆ تێناگـەم کـە زۆر بـە خێرایـی و بـەردەوام ئـەم داواکارییانـە دەخاتـەڕوو؛ بۆیـە مـن لـە پاڵنـەری ڕاسـتەقینەی ئـەم داواکارییانـە بـە گومانـم. ئەگـەر هیـچ مەبەسـتێکی سیاسـی لەم داواکاریانـەدا نەبێـت، دەکرێت سـنورێک بۆ ئـەم داواکارییانە دابنێیـن و تەنیا بە ناوچەکانی کـورد تایبەتییـان بکەیـن، بێئـەوەی بەسـەر دامەزراوەکانـی حکومەتـی [ناوەندیـدا] درێـژ بکەینـەوە، بـۆ نموونـە پێدانـی کۆمەڵێـک پۆسـت [بـە کـورد] لـە پایتەختـدا.

پێویسـتە سـەرنجی بەڕێزتان ڕاکێشـم بۆ زەرورەتی دڵنیاکردنەوەی ڕای دەرەکی و گرنگی

نەهێشـتنی گۆمانـەکان لـە ناوخۆدا. بۆ دەسـتەبەرکردنی ئەم ئامانجە، بە ڕای من پێویسـتە:

١. وشـەی"زمانی خۆجێـی" لـە ڕەشنووسـی یاسـای زمانەکانـدا بمێنێتـەوە، تـا لـەم ڕێگـەوە، بـۆ نموونـە، هێنانـەدی دادپـەرووەی نیشـان بدرێـت.

٢. دەبـێ سـنوورێک بـۆ داواکارییەکانـی ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆ دابنرێـت کـە بـە نـاوی" دڵنیایـی بەخشـین بـە کـورد" دەیانخاتـەڕوو. یاخـود بـە هـەر جۆرێـک بێـت لـە کۆتایـدا سـنوورێک بـۆ ئـەو داواکارییانـە دابنرێـت و ئـەم داوکاریانـە لـە سـنووری ناوچە کوردییەکانـدا بێـت و دامـودەزگای دەوڵـەت بگرێتـەوە.

زۆر خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر بەڕێزتـان لـە باشـی خۆتانـەوە نامەکـەی مـن لەگـەڵ ئـەم تێبینیانـەم بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە و سـەرۆک وەزیرانـی بەریتانیـا بنێـرن. کۆپیـەک لـەو نامانەتـان بـۆ بـەرێ دەکـەم کە لەلایـەن وەزیـری عێراق لـە ئەنقـەرە بۆم نێـردراون کە تایبەتـن بـە بڕیارەکانـی کۆمەڵـەی گەلان لـە بارەی کەمینـەکان [لە عێراق] و ئـەو گوتارانەی لـە ڕۆژنامـە نیمچـە فەرمییەکانـی تورکیـا بڵاوبوونەتـەوە کـە تایبەتـن بـەم بڕیارانەوە.

داوا لـە بەڕێزتـان دەکـەم چاوێـک بـەم ڕۆژنامـە نیمچـە فەرمیانـەدا لـە ئەنقـەرە و تاران بخشـێنن، کـە بـاس لـە یاسـای زمانە خۆجێیـەکان دەکەن و هێرش دەکەنە سـەر ئەم یاسـایە.

بەڕێزتـان لـەم گوتارانەدا ئەو گرفتـە جیددیانە دەبینن کە لەوانەیە لـە دەرەوەی [عێراق] سـەر هەڵبـدەن، هەروەهـا ئـەو گومانانەی لە ناوخـۆی [عێراقەوە] دروسـت دەبـن لەبارەی ئامانجـی سیاسـی حکومەتـی بەریتانیـا، بـە شـێویەک لەوانەیـە ئـەو گومانانـە زۆر گەورەتـر بـن لـەوەی ئێمە وێنامـان کردوون.

تکایە ڕێزی من قبوڵ بفەرموون

خزمەتکارتان

واژوو: نوری ئەلسەعید

H.E. Sir Francis Henry Humphrys

G.C.V.O., K.C.M.G., K.B.K., O.I.E

His Britannic Majesty"s High Commissioner for Iraq, Baghdad

بەپەلە

ژمارە: P. O. 40

شوێنی مانەوە

بەغدا، ٦ی شوباتی، ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیران

کاتێک ئێمە لە ڕۆژی هەینی لەسەر یاسای زمانە خۆجییەکان گفتوگۆمان دەکرد، بەڕێزتان بۆتان ڕوونکردمەوە کە بەکارهێنانی [وشەی] "کوردی خۆجێیی" بە دوو هۆکار بووە:

**یەکەم:** بۆئەوەی حکومەتەکانی تورکیا و ئێران دڵنیا بکرێنەوە کە ئەم یاسایە نابێتە هۆی وروژاندنی بیرۆکەی یەکێتی سیاسیی لە نێوان کوردەکانی عێراق و کوردەکانی ئێران و تورکیا.

**دووەم:** بە هۆی ئەوەی شێوەزاری کوردی سلێمانی بەسەر کوردەکانی ناوچەکانی باکووری عێراق نەسەپێنرێت، کە لەوانەیە زمانەکەیان لە نووسینکانی داهاتوودا بەکار بهێنرێت و ئەم شێوەزارە بۆ کاروباری ئیداریی، لە شێوەزاری سلێمانی باشتر بێت.

بە تەواوەتی ڕێز لە هێزی ئەم دوو بۆچوونە دەگرم و بەڕێزتان ئاگادار دەکەمەوە دەکرێت هەر دوو خاڵەکە جێبەجێ بکرێن ئەگەر یاسای [زمانە خۆجێیەکان] بەم شێوەیەی خوارەوە هەموار بکرێتەوە؛ لە هەنگاوی یەکەمدا، لە بەندەکانی ٢ و ٥دا، دەبێ چەمکی "کوردەکانی عێراق" لەبری چەمکی "کوردی خۆجێیی" (Local Kurdish) بەکار بهێنرێت. ئەمەش نەتەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەبەست زمانێکی کوردی هەمەگیر نییە، بەڵکو جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، کوردەکانی عێراق بە عێراقی هەژمار دەکرێن.

دووەم، بەندەکانی ڕەشنووسی تەواوکاریی، دەبێ بە دەستکارییەوە بۆ یاساکە زیاد بکرێن و بخرێنە پێش بەندی .... [ژمارەی بەندەکە بە جوانی دیار نییە. وەرگێڕ] ڕەشنووسەکەی حکومەت.

ئەمەش پێویستی بە زیادکردنی بەندێکیترە ڕوونی بکاتەوە کە: یەکەم، هیچ نیەتێک لە گۆڕێدا نییە بۆ سەپاندنی شێوەزاری سلێمانی وەک زمانی فەرمی قسەکردن بەسەر ئەو ناوچانەی بەم شێوەزارە قسە ناکەن. دووەم، حکومەتی عێراق پارێزگاری لەو مافە دەکات کە لە داهاتوودا شێوازێکیتر لە زمانی کوردی بۆ نووسین بە فەرمی بناسێنرێت ئەگەر بە ئەزموون دەرکەوت کە شێوەزاری کوردی ناوچەکانی باکووری [کوردستانی] عێراق دەتوانرێت ببێت بە زمانی نووسین و بۆ کاروباری فەرمی گونجاوترە.

دڵنیام بەڕێزتان ئەم دوو پێشنیازە پەسند دەکەن و منیش لە جنێڤ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوو خاڵە ڕووبەڕووی هیچ گرفتێک نابمەوە و بەمجۆرەش ئەو ئامانجانەی بەڕێزتان لە گفتوگۆی ئەم دواییەماندا ئاماژەتان بۆ کرد، دێنەدی.

خزمەتکارتان....

کۆپیەک لەم یاداشتە بۆ سەرۆکی دیوانی پاشایەتی نێردراوە.

بەڕێز نوری پاشا ئەلسەعید (C. M. G, D. S. O)

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا

داڕشتنی بەندێکی نوێ بۆ یاسا خۆجێییەکان (ل٥٨)

لەو قەزایانەی کوردی زمانی فەرمییە، زمانی فەرمی قسەکردن لە هەر ناوچەیەکدا، ئەو شێوەزارە کوردییە دەبێت، کە خەڵك لەم ناوچەیەدا قسەی پێدەکەن. لەبارەی کتێبەکانی قوتابخانە، تۆمارەکانی دادگا، بەڵگەنامە فەرمییەکان و نووسراوەکان، دوای پەسەندکردنی ئەم یاسایە ئەو شێوازە نووسینە کوردییەی ئێستا [بە مەبەستی ڕاپەڕاندی کاروباری] فەرمی لە گشت قەزاکاندا بەکاردەهێنرێت، تا ئەوکاتەی حکومەت دوای وەرگرتنی خواستی دانیشتوانی ناوچەیەک بڕیار بدات، شێوازێکیتر لە نووسینی کوردی لە هەندێك قەزادا ببێت بە شێوازی فەرمی.

(ل ٥٩)

(88020/1/31)

Dowing Street

شوباتی ١٩٣١

بەڕێز ڕێندێڵ (Rendel)

ڕەشنووسـی ئـەو تەلەگرامەتـان بـۆ دەنێـرم کـە پێشـنیازمان کـردووە وەک وەڵامدانەوەیـەک بـۆ تەلەگرامـی [حکومەتـی عێـراق] بـە ژمـارە ٩٣، لەبـارەی داواکاریـی کـوردەکان، بـۆ عێـراق بنێردرێـت (کۆپیـەک لـە تەلەگرامـی حکومەتـی عێـراق لـە ١١ی شـوباتی بـۆ بەڕێزتـان نێـردراوە). لەوانەیـە کاتەکـەی درەنـگ بێـت، بـەڵام ئـەم کارە لـە پێنـاو ئەوەدایـە پێویسـتە ڕاسـتییەکانی تایبـەت بـەم کەیسـە بخرێنـە بـەردەم حکومەتـی عێـراق. هەروەهـا لـە پێنـاو ئەوەدایـە هامفریـس (Humphrys) و هاوڕێکانـی بتوانـن سـەرنجەکانیان لەسـەر ئـەم داواکارییـە بخەنـەڕوو. تکایـە ئـاگادارم بکـەرەوە کـە ئایـا لەگـەڵ ئـەم بۆچوونـە هـاوڕان یـان نـا.

خزمەتکارتان

J. E. W. Flood

G. W. RENDEL, ESQ.

زۆر نهێنی (ل ٦٢-٦٣)

ژمارە: (P. O. 41)

شوێنی مانەوە

بەغدا

١٨ی شوباتی ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیران

لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە یاداشتێکم بە دەست گەیشتووە، کە پەرەگرافێکی یاداشتی زۆر نهێنی بەڕێزتان بە ژمارە ٦٤٦ لە ڕێکەوتی ١٦ی شوباتی لەبارەی پرسی کورد لەخۆگرتووە. بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە نیگەرانی جیدی خۆم بخەمەڕوو کە حکومەتی عێراق لەم قۆناغەدا بە بێ ڕاویژکردن لەگەڵ مندا، بە گونجاوی زانیوە کە لەم بارەیەوە [لەبارەی بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی] نووسراوێک ئاڕاستەی حکومەتی تورکیا بکات.

لە گفتوگۆی ئەم دواییەماندا لەسەر پرسی کورد، بەڕێزتان بە منتان ڕاگەیاند کە لەلایەن وەزیری عێراق لە ئەنقەرە یاداشتێکتان بەدەست گەیشتووە و کۆپییەک لەم یاداشتەتان بۆم ناردبوو، بەڵام هیچ ئاماژەتان بەوە نەکردووە کە حکومەتی عێراق بەنیازە وەڵامی ئەم یاداشتە بداتەوە. دڵنیام بەڕێزتان هاوڕان لەسەر ئەوەی پێویستە حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق لەسەر ئەم بابەتە لە نزیکەوە پێکەوە هاوکاری بکەن، ئەمەش بۆچوونە ناو [ڕێکخراوی] کۆمەڵەی گەلان گرنگە و نابێت [ئەم کارە] ببێتە هۆی کاریگەری نواندن لەسەر هەڵوێستی ئەوان لەبارەی پرسی وەرگرتنی عێراق وەک ئەندامێک لە کۆمەڵەی گەلان.

یاداشتی بەڕێزتان کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، دژ دەبێت لەگەڵ نامەی ژمارە (P. O. ٤٠) ی من لە ڕێکەوتی ١٦ی شوبات کە تێیدا پێشنیازی کۆمەڵێک هەموارکردنەوەم لە یاسای زمانە خۆجێییەکان کردبوو. بۆیە چیتر پێشنیازی ئەوە

ناکــەم هیــچ گۆڕانکارییــەک لــەم یاســایەدا ئەنجــام بدرێــت، تــا ئەوکاتــەی وەڵامــی بەڕێزتــان بــۆ یاداشــتی ئامــاژە پێکــراو بــە دەســتم دەگات.

تەنیـا ئـەو شـتەی کـە پـتر لـە جارێـک بـە بەڕێزتانـم ڕاگەیانـدووە، دووبـارەی دەکەمەوە کـە حکومەتـی عێـراق دەبـێ ئـەو بەڵێنانـە جێبەجـێ بـکات کـە بـۆ چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کوردەکانـی عێـراق داویەتـی؛ حکومەتـی خاوەنشـکۆ بەنیـازی گەڕانـەوە نییـە بـۆ ئـەو سیاسـەتە هەڵوەشـێنراوەیە کـە لـە ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر دا ئامـاژەی پێدرابـوو؛ بۆیە پێویسـتە بەڕێزتـان لـەم بارەیـەوە بـڕوا بـە مـن بکـەن و منیـش گشـت ئـەو ئامرازانـەی لەبەردەسـتمدان بـۆ سـەلماندنی ئـەم قسـەیە بـەکار دێنـم.

خزمەتکارتان

واژوو: F. H. HUMPHRYS

بەڕێز نوری پاشا ئەلسەعید (C. M. G., D. S. O.)

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا

دووبـارە دارشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵای تایبـەت بـە عێـراق بـۆ وەزیـری کاروبـاری کۆلۆنیـال (Secretary of State for the Colonies) (ل ٦٤-٦٥)

ڕێکەوتی ١٨ی شوبات

(لە کاتژمێر ٧.٤٥ خولەک لە ٨ی شوباتی ١٩٣١، گەیشتووەتە نووسینگەی کۆلۆنیاڵ)

ژمارە ١٠٣

وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی عێـراق کۆپیەکـی لـە نامەکـەی وەزیـری عێـراق لـە ئەنقـەرەی بـۆ مـن نـاردووە کـە تێـدا ئامـاژە بـەوە دەکات کـە حکومەتـی تورکیـا پێشـنیازی بـۆ حکومەتـی ئێـران کـردووە کـە پێکـەوە نارەزایەتییەکـی هاوبـەش لەبـارەی بڕیـاری ئـەم دواییـەی ئەنجوومەنـی [کۆمەڵـەی گـەلان] کـە تایبەتـە بـە داواکارییەکـەی کـورد، بخەنـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. ناوەڕۆکـی نارەزایەتییـە پێشـنیازکراوەکە ئامـاژە بـەوە دەکات کـە حکومەتـی تورکیـا دان بـە ئینتیدابـی عێـراق دانانێـت و لـەو بڕوایەدایـە کـە نابـێ حکومەتـی ئێـران و حکومەتـی عێـراق ملکەچـی هـەر جـۆرە پەیماننامـە یـان ڕێککەوتنێـک بـن کـە تێیـدا دان بـە بوونـی کەمینـەکان [لـەم دوو وڵاتـەدا] بنێـت.

هەروەهـا، لەبەرئـەوەی کـورد مووسـڵمانن، کەواتـە ناکرێـت لـە وڵاتانـی مووسـڵماندا بە کەمینـە هەژمـار بکرێـن؛ هەروەها پەیمانی لۆزان هیچ ئاماژەیەک بە کەمینە مووسـڵمانەکان نـادات؛ هەروەهـا پرسـی کـورد ڕاسـتەوخۆ سـەرنجی حکومەتی تورکیـا و ئێران و ناڕاسـتەخۆ سـەرنجی سـۆڤیەت ڕادەکێشـێت. بۆیە ئەگەر بڕیاری کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیداب کە تایبەتـە بـە پرسـی کورد لە عێراقدا هەڵنەوەشـێنرێتەوە، یاخود هەمـوار نەکرێتەوە، کۆمەڵەی گـەلان بەرپرسـیار دەبێـت لە تێکدانی ئاشـتی و ئارامـی لە ڕۆژهەڵاتـی نزیکدا.

وەزیـری عێـراق لـە ئەنقـەرە ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە حکومەتـی تورکیـا چاوەڕوانـی وەڵامـی حکومەتـی ئێـران دەکات و هەروەهـا دەیەوێـت بۆچوونـی حکومەتـی عێراقیـش پێـش خسـتنەڕووی نارەزایەتیەکـە [بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان] بزانێـت.

وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق بێ ڕاوێژکردن لەگەڵمدا وەڵامی [یاداشتی تورکیای] داوەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە کە تا ئێستا بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بە شێوەیەکی فەرمی

بە دەست حکومەتی عێراق نەگەیشتووە و ئەوانیش دژی هەر جۆرە ماف بەخشینێکن بە کەمینەکان جیا لەو مافانە نەبێت کە خۆیان [واتە حکومەتی عێراق] ڕایگەیاندووە.

سەرۆک وەزیرانی عێراقم لە ئەنجامە مەترسیدارەکانی ئەم کردەوەیە ئاگادار کردووتەوە کە لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق گیراوەتەبەر کە ئەم جۆرە یاداشتە لەم قۆناغەدا و بێئەوەی سەرەتا ڕەزامەندی من دەستەبەر بکات بۆ حکومەتی تورکیای ناردووە. لە زووترین دەرفەتدا لە زانیاریی زۆرتر ئاگادارتان دەکەمەوە.

بۆ تارانیش نێردراوە بە ژمارە ١٠، ئیستانبۆل

ژمارە ١٢.٣

بگاتە دەستی وەزارەتی دەرەوە بۆ وەرگرتنی بۆچوونیان (ل ٦٦-٦٨)

هاوڕایی وەزارەتی دەرەوە لەبارەی هەموارکردنەوەکان کە بە هێڵی سوور دیارکراوە

J. Hall 18/2.

Mr. Hall 17/2/31

Mr. Flood 17.2

Sir J. Shuckburgh 18/2/31

S. H. W. 19/2/31

T. A. A 19/2/31

Secretar of the State 19/2

88020/1/31

دووبارە داڕشتنەوەی تەلەگرامی وەزیری کاروباری کۆلۆنیال بۆ کۆمسیاریای باڵای تایبەت بە عێراق

ڕێکەوتی ١٨ی شوباتی

(لە کاتژمێر ٧.٤٥ خولەک لە ١٩ شوباتی ١٩٣١، نێردراوە)

ژمارە ٨٠

١. ئاماژە بە تەلەگرامەکەتان ژمارە ٩٣، بە داخەوە من بیستوومە حکومەتی عێراق حاڵیحازر تەنانەت ئەو سیاسەتەی لەبارەی کوردەکانەوە ڕایگەیاندبوو جێبەجێی ناکات کە بۆ بەرژەوەندییەکانی خودی عێراق گرنگی تایبەتی هەیە، ئەگەر بۆچوونی کوردە میانڕەوەکان دەستەبەر بکات و بێ بەفیڕۆدانی کات نارەزایەتییە حەقیقەییەکانی کورد نەهێڵێت، ئەم کارەش پێویست بەوە ناکات جەختی لەسەر بکرێتەوە. پێشنیاز دەکەم بە حکومەتی عێراق بڵێن هەر جۆرە دوودڵییەک لەلایەن ئەوانەوە بۆ جێبەجێکردنی تەواوەتی و ئازادانەی ئەو

سیاسـەتەی بەرانبـەر کـوردەکان ڕایانگەیانـدووە، نـە تەنیـا شانسـی عێـراق بـۆ بـوون بـە ئەندامـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە سـاڵی ١٩٣٢دا ڕووبـەرووی مەترسـی دەکاتـەوە، بەڵکـو بەدڵنیاییـەوە کۆمەڵـەی گـەلان گەرێنتـی توندتـر لەبـارەی کەمینـەکان بەسـەر عێراقـدا دەسـەپێنێت و پێویسـت دەکات جێبەجێیـان بـکات. لەوانەیـە باشـتر بێـت لەمبـارەوە بەڕێزتـان وەبیـر حکومەتـی عێـراق بێننـەوە ئایـا باشـترە کۆمسـیاری کۆمەڵـەی گـەلان لـە عێراقـدا نیشـتەجێ بێـت بۆئـەوەی کـە چاودێـری [پاراسـتنی] بەرژەوەندیـی کەمینـەکان بـکات کـە ئـەم بەرژەوەندییانـە لەلایـەن کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیدابـەوە گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، ئەگـەر ڕێگـری لـەم کارە بکرێـت، مەترسـی گەورەتـر ئەوەیـە کۆمەڵـەی گـەلان، کۆمسـیۆنێکی تایبـەت بـە دۆزینـەوەی ڕاسـتییەکان بـۆ عێـراق بنێرێـت، بـەم جـۆرەش نابـێ هیـچ دواخسـتنێک لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە ڕوو بـدات لـە جێبەجێکردنـی تـەواو و ئازادانـەی ئـەو سیاسـەتەی [لەبـارەی کـوردەکان] ڕایگەیانـدووە.

٢. هـاوڕام دەکـرا وێنایەکـی باشـتر لـە جنێـڤ بخرابایەتـەڕوو ئەوکاتـەی هەشـت داواکارییـە هەڵپسـێردراوەکەی کـورد [بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان] نێـردرا، ئـەوکات حکومەتـی خاوەنشـکۆ دەیتوانـی بڵێـت سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق [تایبـەت بـە کـورد] بـە تەواوەتـی جێبەجێکـراوە، بـەڵام تـا ئەوکاتـەی ئـەم سیاسـەتە لەلایـەن ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـەوە لـە کۆتایـی مانگـی کانوونـی دووەم تەسـدیق نەکرێـت، هەروەهـا هـەر وەک پێشـبینی دەکرێـت حکومەتـی عێـراق جێبەجێکردنـی تـەواوی ئـەم سیاسـەتە هەڵپەسـێرێت و هۆکارێکـی بـاوەڕ پێکـراو بـۆ ئـەم هەڵپساردنە بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بخەنـەڕوو، بۆیـە کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب سـەختە بـڕوا بـەوە بـکات کـە ئـەم سیاسـەتە بەتەواوەتـی جێبەجـێ کـراوە. بـە بـڕوای مـن کاتـی ئـەوە هاتـووە حکومەتـی خاوەنشـکۆ کاتێـک کـە کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب لـە مانگـی حوزەیـران کـۆ دەبێتـەوە، ئـەم کۆمیتەیـە ئـاگادار بکاتـەوە کـە سیاسـەتی [تایبـەت بـە کـورد لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە] بـە تەواوەتـی پیادەکـراوە. بـەم پێیـەش، کاتێـک داواکارییـە

هەڵپەسـێردراوەکان دەخرێنـەڕوو ئـەوکات پێویسـت نـاکات چیـتر لەسـەر ئـەم بابەتـە قسـە بکرێـت؛ چونکـە حکومەتـی خاوەنشـکۆ گشـت تواناکانـی خـۆی وەگەڕخسـتووە تـا دڵنیـا بێـت ڕێـکارە ئیـداری و یاسـاییەکانی لـە بۆچوونەکانیـدا و لـە داواکارییـە ڕەسـەنەکانیدا ئاماژەیـان پێـداوە لـە زووتریـن کاتـدا [لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە] جێبەجـێ بکرێـن. بـەم جـۆرەش ئـەوان [واتـە کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب] هیواخـوازن بتوانـن لـە مانگـی حوزەیرانـدا ڕاییگەیێنـن کـە ئـەم ڕێکارانـە جێبەجێکـراون و کاریگەریـی ئـەم ڕێکارانـە بەسـەر کوردەکانـدا بـۆ [کۆمەڵـەی گـەلان] بـەرز بکەنـەوە.

٣. پێویسـتە داواکارییەکـە پێـش کۆتاییهاتنـی کاتـی دیارکـراو بگاتـە جنێـڤ (بـۆ نموونە پێش ٢٤ی شـوبات) هەروەهـا پێشـنیاز بـۆ حکومەتـی خاوەنشـکۆ دەکـەم گشـت داواکارییـە هەڵپەسێردراوەکان پێـش ٢٠ی شـوبات لەگـەڵ خسـتنەڕووی سـەرنجێکی کورت لەسـەر ئـەو کاریگەرییانەی لە سـەرەوە باسـکران، بخاتە بەردەم کۆمەڵەی گـەلان و بەڵێنی ئەوە بـە [کۆمەڵـەی گـەلان] بـدات کـە دواتر زانیـاری زۆرتـر و وردتریان پێشـکەش دەکات.

٤. داواکارییە هەڵپەسێردراوەکان لە سێ بەش پێکهاتوون:

١. ئەوانـەی پەیوەسـتن بـە ناڕەزایـی هەمـوو کـورد و دامەزراندنـی [دەوڵەتـی] کـوردی سـەربەخۆ.

٢. ئەوانەی سکاڵا دەربڕینن لەسەر ڕووداوی سلێمانی و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان.

٣. ئـەو داواکارییـەی شـێخ مەحمـود خسـتوویەتەڕوو، یاخـود بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بـە پلـە (١) پۆلیـن دەکرێـت و تـا ڕادەیـەک لـە داواکارییـە ڕەسـەنەکەدا لەلایـەن بۆچوونەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ ڕوومـاڵ کـراون، یاخـود لـە ڕێگـەی بڕیـاری ئەنجوومەنـی [کۆمەڵـەی گـەلان] ڕوومـاڵ کـراون کـە لـە مانگـی ڕابـردوودا دەرکـران.

بەهەرحـاڵ، ئاشـکرایە کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب بـە تەواوەتـی لـەم بینینانـە ڕازی نییـە. لەمـەش زیاتـر داواکارییەکانـی ئـەم دواییـە کۆمەڵێـک خـاڵ دەوروژێنـن، کـە لـە تێبینییـە ڕەسـەنەکەدا ڕەچـاو نەکـراون، چونکـە ئـەم داواکارییانـە بەهـۆی کۆمەڵێـک

هـۆکارەوە بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ هەڵپەسـێردراون؛ بـە بـڕوای مـن ئێسـتا کارێکـی کوشـندەیە ئەگـەر ئـەم داواکارییـە تەنیـا بـە ئامـاژە پێدانێکـی بچـووک بـە تێبینییەکانـی داواکارییـە ڕەسـەنەکە گـرێ بدرێـت و بخرێنـە [بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان].

٤. لـەو بـاوەڕەدام ئێسـتا زانیاریـی بەرچـاو لەمبـارەوە کۆکراونەتـەوە و یاداشـتێکی هەمەگیـر ئامـادە دەکرێـت کـە لـە نـووسراوە زۆر نهێنیەکەمـدا بـە ژمـارە (A NO. 151 on 78315/II31) لـە ڕێکەوتـی ٢٣ی تشرینـی یەکـەم داوام کردبـوو، هەروەهـا ئەگـەر بـە هـۆی ئـەو بارودۆخـەی لـە تەلەگرامەکەتانـدا ئاماژەتـان پێدابـوو، نەکرێـت یاداشـتێکی گونجـاو لـە بەغـدا ئامـادە بکرێـت تـا لـە جنێـڤ بخرێتـەڕوو، خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر ئـەو زانیارییانـەی تـا ئێسـتا کۆتـان کردووتـەوە بـە پوختـی بـۆم بنێـرن.

ئـەو ڕاپۆرتـەی بەڵێـن دراوە لەسـەر ڕووداوی سلێمانی بکـرێ، دەکرێـت بـە داواکاریـی پلـە (٢) پۆلیـن بکرێـت. پەیوەسـت بـە داواکارییەکانـی پلـە ٣، خۆشـحاڵ دەبـم سـەرنجێکی کورتـم لەسـەر چالاکییەکانـی ئـەم دواییـەی [شـێخ] مەحمـود بـۆ بنێـرن کـە لـە ڕاسـتیدا لـە تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٤٣٦ (٣٠/١/٧٨٣١٥) داوای ئـەم سـەرنجەم کردبـوو.

(ل ٦٩-٧٣)

C. O. 88020//1/31 IRAQ

Mr. Hall 10/2/31

Mr. Tomlinson

Sir C. Bottomey

Sir J. Shuckbourgh

Sir G. Grindle

Perml U.S. of S

Parly U.S. of S

Secretary of State

لە ٢٠ی شوبات بە پۆست بنێردرێت

Qto for Mr. Flood"s signature

DOWNING STREET

٢٠ی شوباتی ١٩٣١

Lieutenant Colonel Sir F. H. HUMPHRYS G.C.V.O K.C.MC. K.B.E. C.I.E

هیــوادرام بەڕێزتــان بــە پێــی تەلەگرامەکەمــان بــە ژمــارە ٨٠ کــە پەیوەســتە بــە داواکاریــی کــوردەکان وەهــا بیــر نەکەنــەوە کــە ئێمــە بــێ هیــچ هۆکارێــک نیگەرانیــن، چونکــە ڕێکارەکانــی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب لەبــارەی پرســی دەرفــەت پێدانــی شــەش مانــگ زۆر ڕوونــە کــە دەبــێ لــەم ماوەیــەدا داواکارییــەکان و بۆچوونــەکان پێشــکەش بــە [ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان بکرێــت]. هەروەهــا وەزارەتــی دەرەوە ڕێنماییــمان دەکات کارێکــی ناعاقڵانــە دەبێــت ئەگــەر لەبــارەی داواکارییەکانــی ئێســتا پێشــێلی ڕێســاکان[ی کۆمســیۆنی ئینتیــداب] بکەیــن.

دان بـەوەدا دەنێـم کـە بەڕێزتـان لـە تەلەگرامەکەتـان بـە ژمـارە ٩٣ ئێمەتـان ئـاگادار کـردەوە کـە ناتوانـن بـۆ بینینەکانمـان زانیاریـمان پـێ ببەخشـن؛ ئەمـە [هەواڵـەش] بـۆ ئێمـە وەک شـۆکێک بـوو. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی ئێمـە لـە کاتێکـی زۆر کەمـدا هەرچـی [زانیاریـی لەسـەر داواکارییەکـەی کـورد] هەبێـت کـۆی بکەینـەوە.

بەهەرحـاڵ، ئێمـە لـەم ماوەیـەدا بـە پشتبەسـتن بـە بۆچوونـەکان یاداشـتێکی کورتمـان داڕشـت، کۆپیـەک لـەم یاداشـتە بـۆ [ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان] دەنێـرم.

خۆشـبەختانە، ئەمـڕۆ بەیانـی بۆچوونەکانـی بەڕێزتمـان لەسـەر ئاژاوەکانـی سـلێمانی بـە دەسـت گەیشـت؛ واتـە ڕێـک لـەو کاتـەدا کـە کۆپیـەک لـەم تێبینیانـە هاوپێچـی یاداشـتێکە بکرێـت. لـەوە دەترسـم ئـەم بەڵگەیـە کۆمسـیۆنی ئینتیـداب ڕازی نـەکات، بـەڵام بـە پێـی ئـەو ماوەیـە و ئـەو زانیارییانـەی لەبەردەسـتماندا بـوو، ئەمـە باشـترین کارە کـە توانیـمان ئەنجامـی بدەیـن.

هــەر وەک بەڕێزتــان دەبینــن ئامانــج لــەم یاداشــتە تەنیــا بریتییــە لــە لەخۆگرتنــی بۆچوونـە سـەرەتاییەکانی حکومەتـی خاوەنشـکۆ و بەڵێندانـی ئـەوەی کـە لـە داهاتـوودا زانیاریــی وردتــر بخرێتــە بــەردەم [کۆمســیۆنی ئینتیــداب]. ئــەم کارە بەلانیکەمــەوە دەرفەتێکـمان پێدەبەخشـێت هەناسـەیەک بدەیـن گوشـار بخەینـە سـەر حکومەتـی عێـراق کـە بێتـە سـەر ڕێـگای ڕاسـت.

بـە بڕوای ئێمە باشـترە خۆمان پابەندی شـتی زۆرتـر لەوە نەکەین کە لـە وردەکارییەکانی بۆچوونەکانمـان لەسـەر داواکارییەکانـی [کـورد] لەخـۆ دەگرێـت. بـە بـڕوای ئێمـە ئەگەر بە تەواوەتـی و هەمەگیریـی وەک ئـەوەی پێویسـتە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم بابەتـەدا بکەین، واتە وردەکاریـی زۆرتـر لـە ڕاپۆرتـی ١٠ سـاڵەدا بخەینـەڕوو، دەبێتە هـۆی دروسـتکردنی بارگرانی زۆرتـر لەسـەر ئـەو بەڵگەیـەی [کـە لەبـارەی پرسـی کـورد لـە عێراقـدا دەخەینـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان]؛ بۆیـە باشـترە لەمبـارەوە ڕاپۆرتێکـی دی بـە جیا لـەم بەڵگەیـە بخەینەڕوو و ڕاپۆرتـی تایبەتـی ١٠ سـاڵە تەنیـا تەرخـان بکرێـت بـۆ کورتەیەکی مێژوویی لەسـەر پرسـی کـورد، بـەڵام لەوانەیـە لەسـەر ئـەم خاڵـە، داوای ڕێنمایی لـە بەڕێزتـان بکەین.

بـە بـڕوای مـن، هیـچ گومانێـک نییـە بەهـۆی کۆمەڵێـک هـۆکارەوە کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب وەهـا بیـر بکاتـەوە کـە ئێمـە بـە ئەنقەسـت زانیارییەکانـی لـێ دەشـارینەوە، بۆیـە بـە بـڕوای ئێمـە تەنیـا ئامـراز بـۆ نەهێشـتنی ئـەم گومانـە ئەوەیـە، پێـش ئـەوەی پرسـی وەرگرتنـی عێـراق [وەک ئەنـدام لـە کۆمەڵـەی گـەلان] بێتـە بـەر بـاس و گفتوگـۆ، تـا ئـەو شـوێنەی دەکرێـت ڕاپۆرتـی ورد و پـڕ زانیاریـی بخەینـە بـەردەم کۆمسـیۆنی ئینتیـداب.

بەمجـۆرش پێشـنیازی ڕاپۆرتـی ١٠ سـاڵە و خواسـتی ئێـوە بـۆ خسـتنەڕووی ڕاپۆرتـی پـڕ زانیـاری بـۆ بـەردەم کۆمسـیۆنی ئینتیـداب دەتوانێـت داواکاریـی کەمینـە نەتەوەیـی و ئایینیـەکان لـە عێراقـدا لەخـۆ بگرێـت.

هەرچەنـدە وەزارەتـی دەرەوە هەمـوو شـتێکی بەدەسـتەوەیە، بـەڵام لەبـارەی گەشـبینی ئاسـۆی وەرگرتنـی عێـراق [وەک ئەندامـی کۆمەڵـەی گـەلان] لـە سـاڵی داهاتـوودا، تەنیـا ئامرازێـک کـە لەبەردەسـتی ئێمـە بـێ بـۆ زیاترکردنـی ئـەو گەشـبینییە لـەم مـاوە زەمەنییـەدا، بریتییـە لـە ڕازیکردنـی کۆمسـیۆنی ئینتیـداب لـە ڕێگـەی خسـتنەڕووی کۆمەڵێـک بەڵگـە کـە بیسـەلمێنێت عێـراق حاڵیحـازر گونجـاوە ببێتـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ.

خزمەتکارتان

واژوو

J. E. W. Flood

(ل ٧٤)

Z 855/31/93

وەزارەتی دەرەوە

S. W. 1

٢٠ی شوباتی ١٩٣١

بەڕێز...

لەلایەن سکرتێر مستر [....ناوەکە ناخوێندرێتەوە، وەرگێڕ] ڕاسپێردراوم دەقی ڕەسەنی حەفت داواکاریی بۆ بەڕێزتان بنێرم کە لەبری کوردەکانی عێراقەوە بخرێتە بەردەم [کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب]، سەرەڕای وەرگێڕانی هەر یەک لەم داواکارییانە [بۆ سەر زمانی ئینگلیزی] کە بە زمانی ڕەسەنی خەڵکەکە نووسراوە. هەروەها کۆپییەک لە یاداشتنامەیەک لەبارەی بۆچوونە سەرەتاییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیایی گەورە و باکووری ئیرلەندا لەسەر ئەم داواکارییانە هاوپێچکراوە.

٢. سکرتێری دەوڵەت سوپاستان دەکات، ئەگەر ئێوە ئەم بەڵگانە پێشکەش بە کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بکەن.

سێر، من خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتانم

G. W. Rendel

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

یاداشتنامە (ل ٧٥-٨١)

١. ئـەو حەفـت داواکارییـەی [کـورد] کـە ئێسـتا نێـردراون، تاڕادەیەکـی زۆر هاوشـێوەی هەمـان داواکارییەکـەی ٢٦ی تەمـووز ١٩٣٠ی کوردەکانـە، ئـەم داواکارییـە لەلایـەن کۆمیسـۆنی هەمیشـەیی مەندێتـەوە لـە دانیشـتنی نۆزدەیەمـی خۆیـدا و لەلایـەن ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە شەسـت و دووەمیـن دانیشـتنی خۆیـدا، چـاوی پێـدا خشـێنرابوو. لـە زۆربـەی داواکارییەکانیانـدا، هەمـان سـکاڵای [جـاران] لـە دژی حکومەتـی عێـراق دەردەبـڕن و هەمـان داواکاریـی [جارانیـان هەیـە] بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ لـە کوردسـتانی عێراقـدا. ئـەم سـکاڵا و داواکارییـە، بەپێـی بۆچوونەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکو کـە بـۆ داواکارییـە ڕەسـەنەکەی کـورد ئەنجامـی دابـوو، چاویـان پێخشـێنراوەتەوە. بۆیە تـا ئەوکاتـەی ڕەزامەندی ئەنجوومەنـی کۆمەڵەی گـەلان دەسـتەبەر دەکرێـت، ڕێکارەکانـی چاکسـازیی کـە لـە بۆچوونەکانـی سـەر داواکارییـە ڕەسـەنەکەدا ئاماژەیـان بـۆ کـراوە، هەروەهـا تـا ئەوکاتـەی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بڕیـار لەسـەر سـەربەخۆیی کـورد دەردەکات، حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـۆ یارمەتیدانـی یارمەتـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی لـەو پێگەیـدا نییـە زانیـاری زۆرتـر بخاتـەڕوو. بۆیـە باشـترە خسـتنەڕووی بۆچوونـەکان لەسـەر ئـەم داواکارییانـە هەڵپەسـێردرێت، تـا ئەوکاتـەی لەلایـەن ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـەوە پرسـە سـەرەکییەکە دەخرێتـە بـەر بـاس و گفتوگـۆ و بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت.

٢. لـە هەمانکاتـدا، ڕێنماییـەکان بـۆ کۆمسـیاری بـاڵای تایبـەت بە عێـراق نێـردراوە بۆئەوەی بـەدوای ڕەوشـی کوردسـتانی عێراقـدا بچێـت؛ هەروەهـا لێکۆڵینـەوە لەسـەر گشـت سـکاڵا و ناڕەزایەتییەکانـی کـورد بـکات؛ بـە مەبەسـتی ئـەوەی حکومەتـی خاوەنشـکۆ بتوانێـت لـە زووتریـن کاتـدا ڕاپۆرتێکـی تـەواو و هەمەگیـر لەسـەر گشـت بابەتـەکان بخاتـە بـەردەم کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب. لـە حاڵیحـازر ئـەم لێکۆڵینەوەیـەی لـە عێراقـدا ئەنجـام دەدرێـت و تـا ئێسـتا قەبارەیەکـی زۆری زانیاریـی کۆکراونەتـەوە بـۆ بـەرەو پێشـەوەبردنی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە و بۆئـەوەی زانیـاری دەسـتەیەک دەسـتەبەر بکرێـت، خـودی کۆمسـیاری بـاڵا هـەر بـە بـاش بوونـی کەشـوهەوا دەسـت

بــە گەشــتێکی بەرفــراوان لــە ناوچــە کوردییەکانــدا دەکات. حکومەتــی خاوەنشــکۆ هیـواداره بتوانێـت بـه زووتریـن کات ئەنجامەکانـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بخاتـە بـەردەم کۆمسـیۆنی [ئینتیـداب]. ئـەم ئەنجامانـەش یـان بـە شـێوەی ڕاپۆرتێکـی جیـاواز و پـڕ وردەکاریــی لەســەر پرســی کــورد دەخرێتــەڕوو، یاخــود ئەگــەر پێویســت بــکات بــە شـێوەی ڕاپۆرتێکـی تایبـەت لەسـەر پێشـکەوتنەکانی عێـراق لـە ژێـر دەسـەڵاتی ڕژێمـی ئینتیدابـدا دەخرێتـەروو، کـە حکومەتـی خاوەنشـکۆ هـەوڵ دەدات پێـش کاتی بەسـتنی دانیشـتنی داهاتـووی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب ئـەم ڕاپۆرتـە پێشـکەش [بـە کۆمسـیۆن بـکات]. هـاوکات حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـە باشـی دەزانێـت ئـەم سـەرنجە سـەرەتاییانەی خـوارەوە لەسـەر داواکارییـەکان بخاتـەڕوو.

٣. بــۆ ئاســانتر ئاماژەپێکــردن، حەفــت داواکارییەکــە لــە “A” بــۆ “G” ڕیزبەنــد کــراوە. داواکاریـــی “A” لەلایـــەن کۆمەڵێـــک ســـەرۆک عەشـــیرەتی داوده (Dauda) کـــە عەشـیرەتێکی کـوردی نیشـتەجێی کەرکووکـن خراوتـەڕوو. لـە واژووکارەکان، خورشـید ئاغــا، هــەر لــە دوای واژووکردنــی داواکارییەکــە نــاوی خــۆی داوە بــە مەزبەتــە (Madhbata) و گووتەیەتـی ئـەو لـە ڕژێمـی ئێسـتا ڕازییـە و پشـتێوانێکی بەوەفـای حکومەتــی عێراقــە. ئــەم کارەی ئــەو، هــەر وەک دواتــر بــە ڕاوێژکاریــی بەریتانیــا لــە وەزارەتــی ناوخۆیــی گوتــووە، کردەوەیەکــی خۆبەخشــانە بــووە و لەوانەیــە مەبەسـتی ئـەوە بێـت کـە پێـی لـە هـەردوو بەرەکـەدا هەبێـت. هـەر وەک بـاس دەکرێـت واژووکارانــی دی، کەســانی گرنــگ نیــن.

٤. داواکاریـی ژمـارە “C” لەلایـەن ئـەو کوردانـەوە واژوو کـراوە کـە داواکاریـی ڕەسـەنی کوردەکانیـان لـە ٢٦ی تەمـووز ١٩٣٠ واژوو کـردووە، بـەڵام سـێ واژووکاری دیـش لـەم داواکارییـەدا زیـاد بوونـە. ئـەو بابەتانـەی لـەم دوو داواکارییـەی سـەرەوەدا وروژێـنراون لەگــەڵ ئــەو بابەتــەی لــە داواکارییــە ڕەســەنەکەی کوردەکانــدا وروژێــنراون، هیــچ جیاوازییەکیـان نییـە و لـە بۆچوونەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆدا تیشـک خراوەتـە سـەر ئـەم داواکارییـە. بۆیـە هیـچ پێویسـت نـاکات سـەرنجی زۆرتـر لەسـەر ئـەم داواکارییانـە بخرێتـەڕوو.

٥. داواکاری تەلەگرافی (telegraphic petition) بە ڕیزبەندی ”G“ لەلایەن هاوسەری یەکێک لە واژووکارانی داواکارییەکەی ٢٦ی تەمووز ١٩٣٠، واتە هاوسەری شێخ قادر حەفید، خراوەتەڕوو. لەم داواکارییەدا، بە پێچەوانەی داواکارییەکانی دی، تۆمەتێکی تایبەت خراوەتە پاڵ حکومەتی عێراق. ئەم تۆمەتەش پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە سلێمانی و ئەو یاخیبوونەی بەدوای ئەم هەڵبژاردنەدا سەریهەڵدا کە بووە هۆی هاتنە ناوەوەی سوپای عێراق [بۆ سەرکوتکردنی ئەم یاخیبوونە]؛ ئەم تۆمەتەش بووەتە هۆکارێکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەن کۆمسیاری باڵاوە و کۆپییەک لە سەرنجەکانی تایبەت بە ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هاوپێچی ئەم یاداشتە کراوە. لە ڕوانگەی حکومەتی خاوەنشکۆوە، ئەم تۆمەتە هیچ بنەمایەکی نییە و تەقەکردنی سوپای عێراق لە یاخیبووەکان، پێوست و بەناچاری بووە، هەروەها هەنگاوەکانی دواتری حکومەتی عێراق لە گرتن و بەندکردنی گومانلێکراوەکان کە هانی یاخیبوونەکەیانداوە بە تەواوەتی پاساو هەڵگرە.

چوار داواکاریەکەی دی، واتە F ، D ،E و G دەچنە چوارچێوەی پۆلین بەندیەکیترەوە. گشت ئەم داواکارییانە، یان لەلایەن شێخ مەحمودەوە واژوو کراون، یان بە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەوەوە هانی خستنەڕوویان دراوە. بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە عێراق کە لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆوە پێشکەشکراوە، کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ئاشنای مێژووی ئەم کەسە یاخی و ڕێگرە بەدناوەیە. (بڕوانە پەرەگرافەکانی ٣٣-٤٠ لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٣/١٩٢٢: لاپەڕەکانی ٢٩-٣٣ لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٤/١٩٢٣؛ لاپەڕەکانی ٢٠-٢٢ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٥؛ لاپەڕەی ١٥ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٦ و لاپەڕەکانی ٢٢ و ٢٣ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٢٧).

٦. شایانی وەبیرهێنانەوەیە وەک مەرجێک بۆ لێبوردنی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩٢٧دا، ئەو واژووی کردووە کە بە شێوەی هەمیشەیی لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێ بێت (لە ئێران نیشتەجێ بێت) و دەست لە کاروباری سیاسی پارێزگای سلێمانی، یاخود هیچ شوێنێکی دیکەی عێراق وەر نەدات، بەڵام

لــە مانگــی ئەیلوولــی ڕابــردوودا، بــە پێچەوانــەی ئــەم بەڵێنــەی داویەتــی، شــێخ مەحمــود بــە هاوڕێتــی ١٠٠ چەکــدار، پەڕیوەتــەوە نــاو ســنوری عێــراق و هاتووتــە ئــەو ناوچەیــەی کــە لــە لایــەن خێڵــی پشــدەرەوە داگیرکرابــوو. هــەر یەکســەر فەرمـان بـە شـێخ مەحمـود کـرا خاکـی عێـراق بەجێبهێڵێـت. ئەویـش بـە تەمومـژاوی وەڵامــی ئــەم فەرمانانــەی دواتــەوە و دواتــر داواکارییەکــی لــە دژی حکومەتــی ئێسـتای بـەرز کردووتـەوە و داوای دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کـوردی سـەربەخۆ لـە ژێـر فەرمانڕەوایـی خۆیـدا دەکات. بـۆ ئـەم مەبەسـتە و لـە پێنـاو ئـەوەی خێڵـەکان لـە دژی حکومەتـی عێـراق هـان بـدات، شـێخ مەحمـود ڕایگەیانـدووە حکومەتـی خاوەنشــکۆ پشــتگیری لێــدەکات.

٧. لـە ٢١ی تشرینـی یەکەمـدا، دوو یاداشـتی دی بـۆ شـێخ مەحمـود نێـردراون، یەکێکیـان لەلایــەن کۆمســیاری بــاڵا واژوو کــراوە، ئەویتریشــیان لەلایــەن وەزیــری کاروبــاری ناوخـۆوە. ئـەم نامانـە هۆشـداریان داوەتـە شـێخ مەحمـود، ئەگـەر بـە زووتریـن کات لـە خاکـی عێـراق دەرنەچێـت و واز لـە دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری عێـراق نەهێنێـت، هــەم خــۆی و هەمیــش لایەنگرانــی ڕووبــەڕووی کاردانــەوەی تونــد دەبنــەوە. ئــەم هۆشــداریدانە هیــچ ئەنجامێکــی نەبــووە. لــە ٣ی تشرینــی دووەمــدا نزیکــەی ٢٠٠ لایەنگـری شـیخ مەحمـود، هێرشـیان کردووەتـە سـەر بنکەیەکـی بچووکـی پۆلیـس لـە پێنجوێـن و سـەر گوندێـک. لـە ڕۆژی دواتـردا هێـزی ئاسـمانی لـە دژی شـێخ مەحمـود بەکارهێـنراوە و بــە هــاوکاری ســەرۆک خێڵــە کــوردە وەفــادارەکان، یاخیبــووەکان لــە پێنجوێـن دەرکـراون و بنکـەی پۆلیسیشـیان لـە دەسـت دەرهێـنراوە.

٨. دواتــر دەوریاتــی ســوپا عێــراق بــە هــاوکاری هێــزی ئاســمانی پاشــایەتی بــۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی شـێخ مەحمـود بەکارهێـنراوە، دواجـار ناچـار کـرا خاکـی عێـراق بەجێبهێڵێـت. بەهەرحـاڵ، بـە هـۆی سـەختی جوگرافیـای ناوچەکـە و سـەختی ڕەوشـی کەشـوهەوای زسـتانە، گشـت هەوڵـەکان بـۆ دەستگەیشـتن بـە شـێخ مەحمود شکسـتیان هێنـاوە. بەداخـەوە هێشـتا جـار ناجـار هێـرش دەکاتـە سـەر ئـەو بنکانـەی پۆلیـس کـە لێــک دوورن و دوورە دەســتن و ســەر گونــدە بــێ بەرگرییــەکان.

٩. بابەتـی سـەرەکی چـوار داواکاری کـە شـێخ مەحمـود بـە ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لێیـان بەرپرسـیارە، پێویسـت بـەوە نـاکات هیـچ سـەرنجێک لەسـەریان بخرێتـەڕوو. ئـەم داواکارییانـە لـە نـاوەڕۆک و تەنانـەت لـە داڕشتنیشـدا، ئیلهامیـان لـە داواکارییـە ڕەسـەنەکەی کـورد لـە ڕێکەوتـی ٢٦ی تەمـووز ١٩٣٠ و داواکاریـی دوای ئـەم داواکارییـە کـە لەلایـەن هەمـان کەسـانەوە لـە ڕێکەوتـی ٣١ی ئابـی ١٩٣٠ واژوو کرابـوو، وەرگرتـووە (داواکاریـی ریزبەنـدی B). ئەمـەش شـتێکی سەرسـوڕهێنەر نییـە، چونکـە لـە ڕاسـتیدا شـێخ قـادر حەفیـد، ڕێکخـەری سـەرەکی ئـەم دوو داواکارییـە، هـاوکات بـرای شـێخ مەحمـودە. تەنیـا جیاوازییـەک لـە نێـوان ئـەم داواکارییانـەدا بریتییـە لـەوەی کـە هەمـوو ئـەو داواکارییانـە داوای دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی سـەربەخۆ دەکـەن، ئـەو داواکارییانـەی لەلایـەن شـێخ مەحمـودەوە واژووکـراون، سـەرەڕای ئـەوەی هەمـان داواکاری لەخۆگرتـووە، هـاوکات داوای ئـەوەش دەکات کـە خـودی شـێخ مەحمـود ببێتـە فەرمانـڕەوای ئـەم دەوڵەتـە.

١٠. ئـەو کەسـانەی وژاووی داواکاری ڕیزبەنـدی ”B“یـان کـردووە، گشـتیان هاووڵاتـی ئێرانـن و هەڵوێسـتان لـە بەرزکردنـەوەی داواکاری بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان لـە بابەتێکـدا کـە کاریگـەری لەسـەر عێـراق دروسـت دەکات جێگـەی گومـان و پرسـیارکردنە. هەروەهـا زۆر ئەسـتەمە ڕاسـتی و دروسـتی واژووکارەکان بسـەلمێنرێت [کـە ئایـا خـودی خۆیـان ئـەم داواکارییەیـان واژوو کـردووە یـان کەسـانی دی]. یەکێـک لـە واژووکارانـی داوکاریـی ڕیزبەندکـراو بـە ”E“ هاووڵاتـی ئێرانـە، هەروەهـا هەندێـك هـۆکار هـەن گومـان بکرێـت لـە ڕاسـتی و دروسـتی واژووی ئـەو کەسـانەی داواکاری ”G“یـان واژوو کـردووە [کـە ئایـا هاووڵاتـی عێراقـن یـان ئێـران]، تەنانـەت ئەگـەر هەمـوو ئـەم واژووانـە ڕەسـەنیش بـن و واژووی شـێخەکانی پشـدەر لەسـەر داواکاری ”F“ە دروسـت بێـت، دەبـێ ئـەوە بزانیـن ئـەو کەسـانە، تەنیـا نوێنەرایەتـی بەشـێکی کەمـی ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق دەکـەن.

١١. لـە کۆتاییـدا، پێویسـتە حکومەتـی خاوەنشـکۆ، کۆمسـیۆنی هەمیشـەی ئینتیـداب ئـاگادار بکاتـەوە، کـە بـە پێـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ٢٢ی

مانگــی کانوونــی دووەمــی ڕابــردوو، حکومەتــی خاوەنشــکۆ گشــت هەنــگاوەکان بــێ کات بــە فیــڕۆدان دەگرێتەبــەر بۆئــەوەی دڵنیایــی بــدات کــە ڕێــکارە کارگێڕیــی و یاســاییەکانن لەســەر بۆچوونەکانــی داواکاریــی ڕەســەنی کــوردەکان بەدەســتی کەوتــووە، جێبەجــێ دەکرێــن و هیــوا خوازبێــت کاتێــک کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب لــە مانگــی حوزەیرانــی داهاتــوودا کۆدەبێتــەوە، بتوانێــت ئــەوە ڕابگەیێنێــت کــە ئــەم ڕێکارانــە جێبەجێکــراون و کۆمســیۆن لــە کاریگەرییەکانــی ئــەم ڕێکارانــە لەســەر کوردەکانــی عێــراق ئــاگادار بکاتــەوە.

٢٠ی شوباتی ١٩٣١

دووبـارە دارِشـتنەوەی تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵای تایبـەت بـە عێـراق و وەزیـری کاروبـاری کۆلۆنیـال (ل٨٢)

(لـە ڕێکەوتـی ٢٤ی شـوباتی ١٩٣١. لـە ڕێکەوتـی ١٤ی شـوباتی ١٩٣١ کاتژمێـر ١٢:٥٨ خولەکـی نیـوەڕۆ بەدەسـت وەزارەتـی دەرەوە گەیشـتووە).

ژمارە ١١٤.

ئامـاژە بـە تەلەگرامەکەتـان بـە ژمـارە ٨٠ لـە ڕێکەوتـی ١٩ی شـوبات. ڕەشنووسـی بەشـەکەی تایبـەت بـە کـوردەکان بـۆ ڕاپۆرتـی ١٠ سـاڵە ئامادە بـووە، کـە تێیـدا ئاماژەیەکی کـورت بـە چالاکییەکانـی ڕابـردوو و ئێسـتای شـێخ مەحمـود دراوە و لـە ڕێگـەی پۆسـتەی ئاسـمانی داهاتـوو بۆتـان دەنێردرێـت؛ هەروەهـا کۆمەڵێـک سـەرنج لەسـەر هـەر داواکارییەکـی [کـورد] هاوپێچـی بەشـەکە کـراوە. مـن دڵنیـام کـە ئـەم بەشـە زانیـاری قەناعەتپێکـەر بـۆ ئـەو لێدوانـە دەداتـە دەسـتتان کـە بڕیـارە لەسـەر دواکارییەکانـی ڕیزبەنـدی ١ و ٣ [بەرانبـەر ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـدا پێشـکەش بکـەن].

مـن بـە جیـا ڕاپۆرتێکتـان بـۆ بـەرز دەکەمـەوە و تێیـدا ئامـاژە بـەو پێشـنیازانە دەکـەم کـە پێویسـتە بگیرێنەبـەر تـا حکومەتـی عێـراق ئـەو بەڵێنانـەی [لەبـارەی کـورد] داویەتـی جێبەجێیـان بـکات.

هاوپێچکراوی نووسراوی ڕیزبەندی A (Class A) لەلایەن کۆمسیاری باڵای تایبەت بە عێراق. لە ڕێکەوتی ١٩٣١/٣/٦

نهێنی و خێرا

ژمارە ٧٣١

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ٢٥ی شوباتی ١٩٣١

بەڕێز سێر فرانسیس

سوپاس بۆ ناردنی نامەکەتان بە ژمارە (P. O. 40) لە ڕێکەوتی ١٦ی شوباتی ١٩٣١؛ کە پەیوەست بوو بە بابەتی ڕەشنووسی یاسای زمانە خۆجێیەکان. وادیارە ئێمە هەردووکمان لەسەر بنەماکان کۆکین، بە تایبەتی هێنانی وشەی یاسا دەبێ بە جۆرێک بێت نەبێتە هۆی دروستکردنی ترس لەلایەن هەندێك حکومەتەوە، ئەم وشەیە وەها لێک نەدرێتەوە کە دەبێتە هۆی دامەزراندنی یەکێتیەکی سیاسی لە نێوان گشت کوردەکان؛ هەروەها ڕوون بکرێتەوە سەپاندنی زمانی کوردی و بەکارهێنانی لە هەندێك ناوچەی عێراق بە مانای بەکارهێنانی لە ناوچەکانی تری عێراقدا نایێت؛ بە بڕوای من چەمکی "کوردەکانی عێراق"، ئامانجە دەست نیشانکراوەکان ناپێکێنێت، چونکە لە یاساکەدا ئاماژە بەوە دەکات، "لە عێراقدا تەنیا یەک زمانی کوردی هەیە کە لە گشت ناوچەکاندا دەکرێ بەکار بهێنرێت". بە نەهێشتنی ئەم ترسە و بە مەبەستی ڕووکردنە ئامانجی ئەم یاسایە، بە بڕوای من دەکرێت لە پاڵ ئەو پێشنیازانەی بەڕێزتان ئاماژەتان بۆ کردووە، دەتوانین چەمکی "کوردی عێراق" بە شێوازی کۆ بەکار بهێنین، بە نموونە "زمانەکانی/ شێوەزارەکانی کوردی عێراق"، یاخود دەکرێ چەمکی [زمانی] "کوردی لۆکالی" بەکار بهێنین کە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانیشەوە بەکار هێنراوە.

خۆشحاڵ دەبم بزانم بۆچوونی بەڕێزتان لەسەر ئەم پێشنیازە چییە.

تکایە ڕێزی من قبوڵ بفەرموون.

واژوو: نوری ئەلسەعید

بەڕێز سێر (Francis H. Humphrys)

G. C.V.O., K.C.M.G., K.B.E., C.I. R

کۆمسیاری باڵای حکومەتی بەریتانیا بۆ عێراق، بەغدا

(ل ٨٤-٨٦)

هەڵهێنجان لە لە کورتەیەکی هەواڵگریی لە ڕێکەوتی ٢٥ی فێبریوری ١٩٣١

Extracts from Summary of Intelligence dated 25th February 1931

باکوور و ناوەڕاستی کوردستان

پەنابەرە کوردەکانی تورکیا

٤٧. ئاماژە بە پەرەگرافی ٢٦٥ی ساڵی ١٩٣٠. پەنابەرە کوردەکانی تورکیا کە لە ناوچەی برادۆست (Baradost) نیشتەجێ بوونە، ئێستا لەلایەن شێخی بارزانەوە بۆ ناوچەی مێرگەزار (Mergazar) گوازراونەتەوە (ID/NW. Sq.3. A). لەم داوییانەدا بەشێک لەم پەنابەرانە چوونەتە ناو خاکی تورکیا و مەڕیان لە گوندی تەلکور (Telkour) دزیوە کە گوندەکە سەر بە بەهرام بەگی بەگزادەیە. ئەو کەسانە ئەم مەڕانەیان بۆ بارزان هێناوە. دواتر بەهرام بەگ سەردانی بارزانی کردووە و داوای مەڕەکانی کردووە، بەڵام شێخ ئەحمەدی بارزان گوتوویەتی ئەو فەرمانی بەم هێرشکردنە داوە، چونکە بەهرام بەگ لە پاییزی ڕابردوودا هاوکاری سوپای تورکیا کردووە بۆ هێرشکردنە سەر کورد. شێخ گوتوویەتی بەهرام بەگ عەفو دەکات و مەڕەکانیشی دەگەڕێنێتەوە بە مەرجێک واز لە پشتگیرییکردن لە تورکیا بهێنێت و پشتگیریی لە ئەو بکات. بەهرام بەگ ئەم داوایەی ڕەتکردووتەوە و بۆ شەمزینان (Shmsdinan) گەڕوەتەوە.

٤٨. حکومەتی عێراق داوای لە شێخ ئەحمەد کردووە سەرکردە کوردە پەنابەرەکان ڕادەستی دەسەڵاتدارانی عێراق بکات، بۆیە شێخ ئامۆژگاری ئەم سەرکردانەی کردووە بارزان بەجێبهێڵن. لە وەڵامی داواکارییەکەی حکومەتدا، شێخ گوتویەتی هیچ پەنابەرێک لە ناوچەی ئەودا بوونی نییە. مەزەندە دەکرێت نزیکەی ١٥٠٠ خێزان لە پەنابەرە تورکەکان لە عێراقدا بژین، نزیکەی ٤٠٠ بۆ ٦٠٠ کەس لەم پەنابەرانە چەکدارن.

(Authority:-S.S.O.s MOUSL and ARBIL and Political)

**لێبوردنی تورکیا بۆ پەنابەرە کوردەکان**

٤٩. حکومەتـی تورکیـا بـاس لـەوە دەکات لـە ڕێگـەی پەیامنێرێکـی تایبەتـەوە یاداشـتێکیان بـۆ سـەرۆک خێڵەکانـی کـوردە پەنابـەرەکان نـاردووە کـە ئێسـتا نیشـتەجێی عێراقـن و پێشـنیازی لێبـوردن و نەدانـی باجـی بۆ هەر کەسـێک دەرکردووە بگەڕێتـەوە تورکیا. ئەو کەسـانەی ئەم پێشـنیازە ئاڕاسـتەیان کراوە، لەبارەی پێشـنیازەکە ڕاوێژیان لەگەڵ شـێخی بـارزان کـردووە. تـا ئێسـتا نەزانـراوە ئەو کەسـانە چـۆن وەڵامـی حکومـەت دەدەنەوە.

(Authority:-S.S.O.s MOUSL and ARBIL)

**خەسرۆ و سمکۆ (Khusro s/o/ Simko)**

٥٠. ڕاپۆرتـەکان بـاس لـە ئەنجامدانـی چەندیـن هێـرش دەکـەن کـە لـە مـاوەی ئـەم چەنـد مانگـەی ڕابـردوودا لەلایـەن کـوڕی خـەسرۆ ئەنجامـدراون کـە کـوڕی ئیسـماعیل ئاغـای سـمکۆیە و ئێسـتا وەک پەنابەر لە عێراقدا نیشـتەجێیە. ئەم هێرشانە زۆرتر لە ناوچەکانی نێـوان شـنۆ و ڕەزایـەی سـەر بـە ئێران بوونە؛ بـەڵام والی وان سکاڵایاداشـتێکی ئاڕاسـتەی موتەسـەڕیفی هەولێـر کـردووە و بـاس لـەوە دەکات بەشـێک لـە پیاوەکانـی خـەسرۆ چوونەتـە نـاو خاکـی تورکیـا و بـاج و سـەرانەیان وەرگرتـووە و ١٥ ئەسـپی خەڵکیـان لەگـەڵ خۆیانـدا بـۆ عێـراق هێناوە. خـەسرۆ ئاغا لەگەڵ گشـت لایەنگرانیدا کـە مەزەندە دەکرێـت ٤٢ خێـزان بـن، ئێسـتا لـە هۆپـا (HUPA) نیشـتەجێیە (IC/SW. Sq. 33.c). دەگوترێـت ئـەو بـە بەردەوامـی سـەردانی گونـدی بـارزان دەکات.

(Authority:-S.S.O.s MOUSL and ARBIL)

**هەورامان (Avroman)**

٥١. ئێســتا مەحمــود خانــی دزڵــی و کوڕەکانــی لــە هانیقــۆڵ (HANA-I-QULL)دا نیشـتەجێن (2E/SE. Sq.13. B). دەگوترێـت ئـەو چەنـد هێرشـێکی بـۆ سـەر سـوپای ئێـران ئەنجامـداوە و لەشـکرێکی لـە نزیـک زەڵـم (ZALM) کۆکردۆتـەوە (Sq. 13.B) بـە مەبەسـتی ئـەوەی هـەر کەشـوهەوا خۆشـتر بـوو بتوانێـت هێرشـی زیاتـر [بکاتـە سـەر سـوپای ئێـران]. هەروەهـا ڕاپۆرتکـراوە هاوپەیمانێتیەکـی نزیکـی لەگـەڵ جەعفەر

سـوڵتاندا هەیـە کـە حکومەتـی ئێـران لـە پێگـە و هەڵوێسـتی جەعفـەر سـوڵتان زۆر ڕازی نییـە. لـەم دواییانـەدا یاداشـتێکی بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا و لێکۆڵـەری ئیداریـی لـە سـلێمانی نووسـیوە و ملکەچـی خـۆی بـۆ حکومەتـی بەریتانیـای گـەورە دەربڕیـووە. نامەکـەی ئاماژەیەکـە بـۆ تووڕەیـی لـە ڕەفتـاری حکومەتـی ئێـران بەرانبەریـدا، داوا دەکات حکومەتـی بەریتانیـا لەبـری ئـەو قسـە لەگـەڵ حکومەتـی ئێـران بـکات و داوا دەکات لـە کاتـی ڕوودانـی هـەر جـۆرە ئاژاوەیـەک، ڕێگـەی پێبدرێـت لـە دیـوی عێـراق لەسـەر سـنووری ئێـران نیشـتەجێ بێـت.

٥٢. بەڕێـز کۆمسـیاری بـاڵا داوای لـە لێکۆڵەریـی گشـتی کـردووە جەعفـەر سـوڵتان ئـاگادار بکاتـەوە کـە جـۆری پەیوەنـدی ئـەو لەگـەڵ حکومەتـی ئێرانـدا بـە تەواوەتـی بابەتێکـی ناوخۆیـی [ئێرانـە] و ئەگـەر ملکەچـی حکومەتـی ئێـران بێـت، لەوانەیـە [کۆمسـیاری بـاڵا] بتوانێـت لـە داهاتـوودا هەندێـك ڕێـکار بگرێتەبـەر کـە پەسـندی هـەردوو لابـن.

هەڵێنجان لە ڕۆژنامەی فەرمی ژمارە ٣٠ (extract from gazette No 30) (ژمارە ٣)

هۆشداریدان (notifications, ETC)

لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە

٥٣. بەپێی بەندی (١٦)ی یاسای ڕێکخستنی فەرمانبەرانی دەوڵەت ("State Officials Discipline Law) بە ژمارە ٤١ لە ساڵی ١٩٢٩؛ دەستەیەکی تایبەت بە ڕێکخستن (Disciplinary Board) لە لیوای کەرکووک کۆببێتەوە بۆئەوەی گوێ لە تۆمەتەکانی بەخراپ مامەڵەکردن لەگەڵ عیزەدین ئێف (Izz-ud-Din Eff)، بەڕێوەبەری ناحیەی چەمچەماڵ، بگرێت.

سەرۆک:-

عەبدوڵا عەونی بەگ، فەرماندەی پۆلیس، لیوای کەرکووک .

ئەندامان:-

راجیس ئێف پیۆ (Rajis Eff Pio)، یاریدەدەری کۆکەرەوەی باج و گومرگەکان، کەرکووک

هیسکایل ئێف (Hiskail Eff)، فەرمانبەری تاپۆ، لیوای کەرکووک

زۆر نهێنی (ل ٨٨)

شوێنی مانەوە

بەغدا، ٢٧ی شوباتی ١٩٣١

گەورەم

ئامــاژە بــە تەلەگرامەکــەم ژمــارە ١١٤ لــە ڕێکەوتــی ٢٤ی شــوباتی ١٩٣١، کــە پەیوەســت بــوو بەبەرزکردنــەوەی داواکاریــی کــوردەکان بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان ، شــەرەفمەندم لەمبــارەوە بڵێــم:

١. ڕەشنووســی بەشــی تایبــەت بــە کــورد دەبێتــە بەشــێک لــە ڕاپۆرتــی ١٠ ســاڵەی کۆمەڵــەی گــەلان، خەریکــە ئامــادە دەبێــت.

٢. خشــتەکە ســەرنجەکانی تایبــەت بــە داواکارییــە کەســییەکان لەخــۆ دەگرێــت، دەخرێتــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان.

هــەر وەک بەڕێزتــان دەبینــن یەکــەم نــووسراو، ئەگــەری هەموارکردنــەوەی هەیــە، چونکــە ئــەم نــووسراوە پێویســتی بــە نوێکردنــەوە هەیــە.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا...

شەرەفمەندم وەفادارترین خزمەتکاری بەڕێزتان بم.

H. Humphyrs

کۆمسیاری باڵای تایبەت بە عێراق

The Right Hon”ble

Lord Passfield. P. C.,

Secretary of State for the Colonies,

Downing Street, London, S, W, 1.

کورد (ل ٨٩- ١١٩)

ڕێککەوتننامەی سیڤەر

بۆئـەوەی تێگەیشـتنێکی دروسـتمان لەبـارەی کێشـەی کـورد لـە عێراقـدا هەبێـت و بۆئـەوەی لـەو هەڵوێسـتە تێبگەیـن کـە لـە داواکارییەکانـی کـورد خراونەتەڕوو و پێشـکەش بـە کۆمەڵـەی گـەلان کـراون، پێویسـتە دوو خاڵـی زۆر گرنـگ وەبیـر بهێنینـەوە.

**یەکـەم:** کـوردەکان لـە عێراقـدا تەنیـا بەشـێکی بچووکـن، بـەڵام بەشـێکی گرنگـن، لـەو کوردانـە پێکدێنـن کـە بەسـەر ئێـران، تورکیـا، سـوریا و عێراقـدا دابـەش بوونـە.

**دووەم:** حکومەتــی عێــراق دوای جەنگــی [یەکەمــی جیهانــی] دامــەزراوە و لــەم ماوەیــەوە سیاســەتێکی تایبــەت بــە کــوردەکان لەلایــەن هێــزە هاوپەیمانەکانــەوە داڕێـژراوە، هەرچەنـدە دواتـر واز لـەم سیاسـەتە هێـنرا، بـەڵام لـە ڕووی تیۆرییـەوە ئـەم سیاسـەتە بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵێک بـەردەوام بـوو و کاریگەریـی بەسـەر گشـت ئـەو ڕووداوانــەدا دروســت کــرد کــە دواتــر ڕوویانــداوە.

بەپێی ئەو داتایەی لە لاپەڕەی ٥٧ی کۆمسیۆنی سەربەخۆ هاتووە کە لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە تایبەت بە پرسی سنوری نێوان تورکیا و عێراق ڕاسپێردرا بوو و بە وریاییەکی زۆرەوە خوێندنەوەی بۆ کێشە جوگرافیاییەکانی ئەم ناوچەیە کردووە، بە پێی ئەم خشتەیە کۆی گشتی دانیشتوانی کورد نزیکەی ٣،٠٠٠،٠٠٠ کەسە. لەم ژمارەیە نزیکەی ١،٥٠٠،٠٠٠ کەس لە تورکیا دەژین، ٧٠٠،٠٠٠ کەس لە ئێران، ژمارەیەکیش لە سوریا و نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠ کەسیش لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی [نێوان عێراق و تورکیا] دەژین کە [ئەم بەشە] بە کۆمەڵێک هۆکاری پراکتیکییەوە بە ویلایەتی مووسڵی کۆن ناونرا.

بەپێی ئەم داتایە، کۆی گشتی کوردەکانی عێراق نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠ کەسە یاخود یەک لەسەر شەشی کۆی گشتی کوردەکان. بە گشتی کورد، تەنیا ئەو ٧٠٠،٠٠٠ کوردە نەبن کە لە ئێران دەژین، لە ماوەی گفتوگۆکانی ئاشتی لە نێوان تورکیا و هێزە هاوپەیمانەکاندا، خەسڵەتێکی تایبەتیان پێدرا، کە دواجار لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠، پەیمانی مردووی سیڤەر لەم گفتوگۆیانەدا لەدایک بوو. بەندەکانی ٦٢ بۆ ٦٤ی ئەم پەیماننامەیە، ئاماژەی بەوە داوە کە

لەماوەی شەش مانگ لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە، پلانێک بۆ ئەو ناوچانە هەیە کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و دەکەونە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات و باشووری ڕۆژئاوای ئەرمەنیا و باکووری سنورەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا و عێراقدا، ئۆتۆنۆمیان پێ دەبەخشرێت.

ئەگەر دوای یەک ساڵ لە جێبەجێکردنی ئەم پەیمانامەیە، کوردەکانی ئەم ناوچەیە داوایان لە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد، بە شێوەیەک زۆرینەی کوردەکان داوای جیابوونەوە لە تورکیا بکەن و ئەگەر بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان دەرکەوت کوردەکان شایانی سەربەخۆیین، ئەوکات دەبێ سەربەخۆییان پێبدرێت. لەمبارەوە نابێ هیچ یەک لە هێزە هاوپەیمانە سەرەکییەکان دژایەتی پێکەوە لکاندنی خۆبەخشانەی ئەو کوردانە بکەن کە لەو کاتەدا بە ویلایەتی مووسڵەوە لکێنراوە [تا بن بە بەشێک] لەم دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیە.

لێرەوە بیرۆکەی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ لە دایک بوو. بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی [کوردستان] ناوچە کوردییەکانی عێراق لەلایەن هاوپەیمانەوە [بە ویلایەتی مووسڵ لکێنراو] هەرچەندە دواتر لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ئەم لکاندنە ڕەتکرایەوە. (شایانی ئاماژە پێدانە هەرچەندە پاشایەتی حیجاز لە دەسپێکی ئەم پەیمانەدا وەک هێزی هاوپەیمان ناسراوە، بەڵام ئەم پەیمانە لەلایەن حیجازەوە واژوو نەکراوە).

کاتێک حکومەتی بەریتانیا لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٢٠، دەسەڵاتدارێتی ئینتیدابی بە سەر عێراقدا پەسەندکرد، ڕێککەوتننامەی سیڤەر ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کرا. ئەم پەیمانە لە ئابی ١٩٢٠ واژووکرا و تا ماوەیەکی بەرچاو هیچ پرسیارێک لەسەر بەکرداریکردنی سیاسەتی تایبەت بە کوردەکان نەوروژێنرا کە لەم پەیمانەدا ئاماژەی بۆ کرابوو. لە ڕاستیدا دواجار، دوای دەربازبوونی سێ ساڵ بە واژووکردنی پەیمانی لۆزان لە ٢٤ی تەمووز ١٩٢٣، سیاسەتی تایبەت بە کورد پشتگوێ خرا. ئەنجامی ئەم سێ ساڵە بریتی بوو لەوەی: یەکەم، سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ، دووەم، سیاسەتی حکومەتی عێراق بۆ یەکەم جار لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ [ئەم دەوڵەتە] بە شێوەی کاتی دامەزرا، ئەوە بوو [سیاسەتی ئەم دوو وڵاتە] لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی بەندەکانی ٦٢ بۆ ٦٤ی ڕێککەوتننامەی سیڤەر دابڕێژرێت.

**دامەزراندنی حکومەتی عێراق**

کاتێـک لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٢٠دا حکومەتـی کاتـی [عێـراق] دامـەزرا، پێگـە و هەلومەرجـی ناوچـە کوردییـەکان لەلایـەن کۆمسـیاری بـاڵاوە بـۆ حکومەتـی عێـراق ڕوونکرایـەوە کـە ناوچـە کوردییەکانـی گەڕاندبـووە ژێـر کۆنتڕۆڵـی خـۆی، بـەڵام هـەر زوو ڕوون بـووەوە ئاسـتەنگی جیـددی بەرانبـەر داڕشـتنی سیاسـەتی جیابوونـەوەی کاتـی هەیە.

یەکـەم ئاسـتەنگ بریتـی بـوو لـەوەی ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق لـە ڕووی جوگرافـی، ئابـوری و سیاسـییەوە، بـە تەواوەتـی لـە ناوچـە کوردییەکانـی تورکیـا جیـاوازن. هەمـان فاکتـەر کـە دواتـر بـووە هـۆی ئـەوەی کۆمسـیۆنی دیارکردنـی سـنورەکانی سـەر بـە کۆمەڵـەی گـەلان، ئـەم ڕاسـپاردەیە بخاتـەڕوو کـە ئـەو ناوچانـەی بـە عێراقـەوە دەلکێندرێـن، "دۆخێکـی ناواقعیانـە بـە هـەر پلانێـک دەبەخشـن کـە بـۆ هەمیشـەیی بـە دەوڵەتـە کوردییـە پێشـنیازکراوەکە بلکێنرێـن". سـەرەڕای ئەمـەش ئـەوان بـە گشـتی هیـچ هیوایەکیـان بـۆ ئـەم ڕێگـە چارەیـە دەرنەبڕیـوە [واتـە لکانـدن بـە دەوڵەتـی کوردسـتان]. ڕاسـتە لـە لیـوای سـلێمانی کـە دەکەوێتـە باشـووری ڕۆژهـەڵات، ڕوحێکـی ناسـیۆنالیزمی کـوردی لـە ئارادایـە، بـەڵام ئـەم ڕوحـە لـە ناوچـە کوردییەکانیـتردا بوونـی نییـە.

لـە ڕاسـتیدا لـە ئـەرزی واقیع، ئەوەمان بـۆ دەرکەتووە کـە ناوچە کوردنشـینەکان بە هیچ شـێوەیەک ڕازی نیـن وەک یەکەیەکـی ئیداریـی [یەکگرتـووە] مامەڵەیـان لەگەڵـدا بکرێـت. لیـوای هەولێـر بـە تونـدی دژی ئەو بڕیارە وەسـتایەوە کـە لەلایەن ئەنجوومەنـی دەوڵەتەوە دەرکرابـوو کـە ئـەم لیوایە و لیـوای کەرکووک پێکەوە گرێ بدات، هـەر وەک چۆن جاران ئەم کارە لەلایـەن ڕژێمـی تورکیـاوە ئەنجامدرابـوو. هەروەهـا لیوای کەرکووکیش کە دانیشـتوانی لـە کـورد و عـەرەب و تورکـمان پێکدێن، ئـەوە ڕەت دەکەنەوە بـە لیوای سـلێمانی بلکێنرێن.

سـەرەڕای ئەمـەش، تەنانـەت ئەگـەر یەکێتییـەک لـە نێـوان ناوچـە جیـاوازە کوردییەکانـەوە دروسـت بێـت، ئاشـکرایە بۆئـەوەی ناوچـە کوردییـەکان لـە عێـراق جیـا ببنـەوە، بـۆ کوردسـتان سـەختە بـەو بـازاڕەی هەیەتـی ئیـدارەی خـۆی بـکات و خـودی کـورد ڕووبـەرووی کێشـەی سـەختی ئابوریـی دەبنـەوە.

لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئایـاری ١٩٢١، کۆمسـیاری بـاڵا ئـەم لێدوانانـەی خوارەوەیـدا کـە مەبەسـت لێـی هێنانـەدی خواسـتی کوردەکانـی عێـراق بـوو؛ هەروەهـا مەبەسـت لـەم لێدوانـە لـەو کاتـەدا دڵنیابـوون بـوو لـەوەی تـا ئـەو شـوێنەی بکرێـت بنەمـای بەنـدی ٦٤ لـە ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر جێبەجـێ بکرێـت:-

"کۆمسـیاری بـاڵا زۆر بـە وردییـەوە ڕەچـاوەی ئـەوە دەکات ڕێـکارە ئیدارییـەکان بـۆ [دیارکردنـی] داهاتـووی ناوچـە کوردییـەکان لـە عێراقـدا بگیرێتەبـەر. بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا ئـەوە خراوتـەڕوو کـە ئـەو ترسـەی لەسـەر بەرژەوەندیـی کـوردەکان لـە ئارادایـە، دەکرێـت لەلایـەن ئـەو حکومەتـە نیشـتیمانییەوە بێـت کـە لـە بەغـدا دامـەزراوە، بـەم هۆکارەشـە داواکاریگەلێـک هەیـە بـۆ دامەزراندنـی ڕژێمێکـی ئۆتۆنۆمـی [لـە ناوچـە کوردییەکانـی عێراقـدا]".

"هـاوکات ڕێبەرانـی کـورد، بـە تەواوەتـی لـەوە تێدەگـەن کـە ئـەوان بـەو پەیوەندییـە ئابـوری و پیشەسـازییانەوە زینـدوون کـە ناوچەکانیـان بـە عێراقـەوە گـرێ دەدات و ئـەو گرفتانـەی کـە بـە هـۆی جیابوونـەوە [لـە عێراقـەوە] ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە. لـەم جـۆرە هەلومەرجـەدا بەڕێزیـان [واتـە کۆمسـیاری بـاڵا] خوازیـارە ئاماژەگەلـی ڕاسـتەقینە لەسـەر خواسـتی کۆمەڵـە کوردییـەکان دەسـتبەر بـکات، کـە ئایـا ئـەوان خوازیـارن لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی عێراقـدا بمێننـەوە، بۆیـە ئـەو کۆمەڵێـک ڕاسـپاردە دەخاتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی دەوڵـەت کـە بریتیـن لـە:

**یەکـەم:** لەبـارەی قـەزا کوردییەکانـی کەرتـی مووسـڵ، کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئینتیدابـی بەریتانیـا دان، پێوسـیتە لیوایەکـی دی (sub-Liwa) دروسـت بکرێـت کـە قەزاکانـی زاخـۆ، ئاکـرێ، دهـۆک و ئامێـدی لەخـۆ بگرێـت و بـارەگای سـەرەکی ئـەم لیوایـە لـە دهـۆک بێـت. ئـەم لیوایـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی یاریـدەدەری موتسـەڕیفی بەریتانیـا دەبێـت؛ دەبێـت حاڵیحـازر قایمقامـی ئـەم لیوایـە بەریتانـی بێـت، بـەڵام دواتـر ئەگـەر کەسـێکی گونجـاو بـۆ ئـەم [پۆسـتە] دۆزرایـەوە، ئـەو پۆسـتە بـە کوردێـک یـان عەرەبێـک دەدرێـت کـە بتوانێـت بـە کـوردی قسـە بـکات و لەلایـەن کوردەکانـەوە پەسـەند بێـت. ئـەم لیوایـە لـە ڕووی کاروبـاری دارایـی و دادوەرییـەوە سـەر بـە حکومەتـی نیشـتیمانی لـە بەغـدا

دەبێــت، بۆیــە دەتوانێــت نوێنــەر بــۆ ئەنجوومەنــی دامەزرێنــەران بنێرێــت، بــەڵام بــە مەبەســتی ڕاپەڕاندنــی کاروبــاری کارگێڕیــی گشــتی، قایمقــام بەرانبــەر موتەســەڕیف (Sub-Mutasariif) بەرپرسـیارە، دامەزراندنـی فەرمانبەرانـی کارگێڕیـی بـە ڕاوێـژ لەگـەڵ دەسـەڵاتدارە خۆجێیەکانـدا لـە ئەسـتۆی کۆمسـیاری بـاڵا دەبێـت.

**دووەم:** کۆمسـیاری بـاڵا هـەوڵ دەدات پەیوەندیـی بـە فەرمانبەرانـی بەریتانیـا لـە [یەکـەی] کارگێڕیـی هەولێـر، کۆیسـنجەق و ڕوانـدوز بـکات و گەرەنتـی ئـەوە دەکات کـە لـە دامەزراندنـی فەرمانبەرانـی حکومـەت [لـەم یەکە کارگێڕیانـەدا] خواسـتی خەڵک ڕەچاو بکرێـت. هـەر کاتێـک بـارودۆخ ڕەخسـا وەردەکارییەکانـی ئـەم هەوڵـە دەخرێتـەڕوو.

**سـێیەم:** سـلێمانی وەک موتسـەڕیفیە مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت و لەلایـەن موتەسـەڕیفێکی سـەر بـە ئەنجوومەنـی [دەوڵـەت] بەڕێـوە دەبردرێـت. موتەسـەڕیف لەلایـەن کۆمسـیاری بـاڵاوە دادەمەزرێـت و ڕاوێژکارێکـی بەریتانیشـی دەبێـت. تـا کاتـی دامەزراندنـی موتەسـەڕیف ئەفسـەری سیاسـی بەریتانیـا ئـەم پۆسـتە بەڕێـوە دەبـات.

"موتەسـەڕیفی سـەر بـە ئەنجوومـەن، دەسـەڵاتەکانی [موتەسـەڕیفییەی] پێدەبەخشرێـت، هەروەهـا مافـی ئەوەشـی دەبێـت داوا لـە کۆمسـیاری بـاڵا بـکات بەدواداچـوون ئەنجـام بـدات، ئـەم داواکاریـەش لـە دوای ڕاوێژکـردن لەگـەڵ موتەسـەڕیف لـە لایـەک و لەگـەڵ ئەنجوومەنـی دەوڵـەت، لەلایەکیـترەوە، پەسـەند دەکرێـت.

"حاڵیحـازر قائیمەقامـەکان بەریتانـی دەبـن، هـەر کاتێـک کـوردی بـە توانـا دۆزرانـەوە، شـوێنی بەریتانییـەکان دەگرنـەوە".

ئـەو پێشـنیازانەی لـەم ڕاگەیێنـدراوەدا خراونەتـەڕوو، لەلایـەن کوردەکانـی لیـوای مووسـڵ و هەولێـر پەسـەندکران، بـەڵام لەلایـەن لیـوای سـلێمانی ڕەتکرایەوە، واتـە ئەوەیان ڕەتکردووتـەوە کـە بـە هـەر مەرجێـک بێت، بچنـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتی عێـراق. بۆیە، لیـوای سـلێمانی لـە ژێـر کۆنترۆڵـی ڕاسـتەوخۆی بەریتانیـادا ماوەتـەوە و لەلایەن ئەفسـەری سیاسـی بەریتانیـاوە بەڕێوەدەبرێـت و بەرانبەر کۆمسـیاری باڵا بەرپرسـیارە و ئەم ئەفسـەرە لەلایـەن ئەنجوومەنـی خۆجێـی هەڵبژێـردراوە، هەڵسـەنگاندن [بـۆ کارەکانـی] دەکرێت. لە

لیـوای کەرکـووک لـە مانگـی شـوباتەوە، موتەسـەڕیف ئەرکەکانـی خـۆی ڕادەپەڕێنێـت.

لیـوای لاوەکـی (sub-Liwa) هەولێـر دامـەزراوە کـە چـاوەڕوان دەکـرا دابمەزرێـت، بـەڵام لیـوای لاوەکـی مووسـڵ هێشـتا دانەمـەزراوە، بۆیـە پێویسـتیش نـاکات دابمەزرێـت. ئەمـەش هەڵوێسـتی مانگـی تەمـووزی سـاڵی ١٩٢١ە، واتـە ئەوکاتـەی لەسـەر پرسـی پاشـایەتی ئەمیـر فەیسـەڵ ڕیفرانـدۆم ئەنجامـدرا. ئەمـەش سەرسـوڕهێنەر نییـە، چونکـە تـا هەنوکـەش چاوەڕوانـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی سـەربەخۆ دەکـەن، بۆیـە کۆمەڵێـک کـورد، دوو دڵ بـوون لـە دەنگـدان بـۆ هەڵبژاردنـی پاشـایەکی عـەرەب.

لیـوای سـلێمانی ڕەتیکـردەوە بەشـداری لـە دەنگدانـدا بـکات، هـاوکات بەشـێک لـە کوردەکانـی لیـوای کەرکـووک داوای حکومەتێکـی کوردییـان دەکـرد، بـەڵام ڕەتیانکـردەوە بچنـە پـاڵ لیـوای سـلێمانی. لەلایەکیـترەوە، لیواکانـی مووسـڵ و هەولێـر (جیـا لـە قـەزای ڕوانـدوز کـە هێزێکـی بچووکـی ناڕێکخـراوی تورکـی تێدایـە)، دووبـارە پەسـەندیان کـردەوە بچنـە پـاڵ عێـراق، ئەمـەش لـە ڕێگـەی دەنگـدان بـە مەلیـک فەیسـەڵەوە؛ بـەڵام دواتـر کۆمەڵیـک تەحەفوزاتیـان دانـا و داوای ئەوەیانکـرد حکومەتـی عێـراق دان بـە مەرکـەزی نەبـوون دا بنێـت، ئەگەرنـا خەڵـک ناچـار دەبـن بڕیـاری خۆیـان بـدەن؛ واتـە ئـەم بارودۆخـەش ئاماژەیەکـە بـۆ بەنـدی ٦٤ لـە ڕێککەوتننامـەی سـیڤەر.

دوای سـاڵی ١٩٢٢، زنجیرەیـەک ئـاژاوە لـە لیواکانـی هەولێـر و سـلێمانی ڕوویانـدا، بەڵام ناکرێـت ئـەم ئاژاوانە، وەک داواکارییەکی یەکگرتووی کورد بۆ سـەربەخۆیی هەژمار بکرێت. خێڵـە چیانشـینەکانی کـورد، شـانازی بـەوە دەکەن کە خەڵکێکـن کۆنتڕۆڵ ناکرێـن و خوویان بـە چەتەگەریـی گرتـووە و دان بـە دەسـەڵاتێکی دامـەزراودا نانێـن. بریکارەکانـی تورکیـاش زۆر بـە زیرەکانـە سـودیان لـەم خوانـەی [کـوردەکان] وەرگـرت و لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتنی هێـزە ناڕێکخـراوە [کوردییـەکان] و دابینکردنـی چـەک و تەقەمەنـی گشـت هەوڵـی خۆیـان خسـتەگەڕ تـا ناوچـە کوردییـەکان لە عێـراق جیا بکەنـەوە. ئـەم هەوڵانەی تورکـەکان تا ئەو جێگەیـە سـەرکەتوو بـوو کـە لـە ٤ی ئەیلـوول بڕیـاردرا سـلێمانی لـە سـوپا چـۆڵ بکرێـت و بـە شـێوەیەکی کاتـی بڕیـاردرا بەڕێوەبردنـی لیـوای سـلێمانی لەلایـەن کۆمسـیاری بـاڵاوە بە یەکێـک لـە ئەندامانـی ئەنجوومەنـی هەڵبژێردراو بسـپێردرێت.

## شێخ مەحمود

لە کاتی خۆیدا هەست دەکرا، هەر واش بوو، ناسیۆنالیستی کوردی لە کەسایەتی شێخ مەحموددا کۆکراوەتەوە؛ ئەو سەرۆکی [خێڵی] بەرزنجە و سەر بەخێزانی شێخان (Shaikhan family) بوو کە پێشتر لە ڕوی ڕوحی و دونیاییەوە دەسترۆیی زۆری لە سلێمانیدا هەبوو. شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩١٩ دژی حکومەت ڕاپەڕی و لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانییەوە لەگەڵ شێخ قادری برای نەفیکرا. ئێستا لەلایەن خێزانەکەیەوە دەنگێک پەیدابووە داوای گەڕانەوەی دەکەن. لە مانگی ئابدا، ڕێگە بە شێخ قادر درا لە مەنفا بگەڕێتەوە. لە مانگی ئەیلوول، واتە کاتی چۆڵکردنی سلێمانی [لەلایەن سوپاوە]، ئەو لەلایەن ئەنجوومەنی خۆجێی وەک سەرۆک هەڵبژێردرا.

دوای مانگێک بەهۆی پێداگری ئەنجوومەن لەسەر گەڕانەوەی شێخ مەحمود بەڕێوەبردنی [لیوای سلێمانی] پێی بسپێردرێت، ئەو لەلایەن کۆمسیاری باڵاوە وەک فەرمانڕەوای سلێمانی دەستنیشانکرا و دڵنیاکرایەوە کە لەلایەن حکومەتی عێراق و بەریتانیاوە هاریکاریی پێویستی پێشکەش دەکرێت. شێخ مەحمود کە ڕەزامەندی خۆی لەسەر پابەند بوون بە سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ دەربڕی، یەکسەر [لە دوای گەڕانەوەی] لەگەڵ خێڵەکانی دەرەوەی لیوای سلێمانی خەریکی پیلانگێڕیی بوو و ئاستی داواکارییەکانی بەرانبەر حکومەتی بەریتانیادا زیاد کرد. لە مانگی تشرینی دووەمدا، ئەو خۆی بە "مەلیکی کوردستان" ناساند، ئەمەش گشت ناوچە کوردییەکانی عێراقی دەگرتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە نە هەولێر و نە کەرکووک و نە قەزا کوردییەکانی مووسڵ، هیچ جۆرە دان پێدانانێکیان بە دەسەڵاتدارێتی ئەو نەکردبوو. بە هۆی خواستە دڕندەکانییەوە، شێخ مەحمود، زۆر بە خێرایی کەسایەتیە کوردە میانڕەوەکانی، تەنانەت لە خودی شاری سلێمانیش دوورخستەوە. لە لاپەڕە ٣٧ی ڕاپۆرتی "کارگێڕیی عێراق لە ماوەی نێوان نیسانی ١٩٢٢-ئاداری ١٩٢٣، (Iraq Administration for the period April 1922- March 1923) بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە ڕژێمەکەی ئەو کراوە:

""بەهۆی ئاڵۆزیی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری پێکهاتوو لە سەرۆک خێڵەکانی هەردوو دیوی سنور، نەتوانرا هیچ [سیستەمێکی] کارگێڕیی دامەزرێنرێت، هیچ باجێک کۆ نەکراوەتەوە و هیچ فەرمانێکی جێبەجێکاریش دەرنەچووە. لەوانەیە [وەزارەتی داد] هەر گرنگ نەبوو بێت، بۆیە پۆستی وەزارەتی داد بە چۆڵی ماوەتەوە"".

## ڕێککەوتننامەی لۆزان

لــە مــاوەی گفتوگۆکانــی ڕێککەوتننامــەی لــۆزان لــە ســاڵی ١٩٢٢دا، ڕوون بــوو کــە هیــچ ئاسـۆیەک بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی سـەربەخۆ لـە ئـارادا نییـە، تــا ناوچــە کوردییەکانــی عێــراق بــەم دەوڵەتــەوە بلکێندرێــن. بۆیــە شــتێکی بــڕاوە بــوو کــە دەبــوو ناوچــە کوردییەکانــی عێــراق بئاخنرێنــە چوارچێــوەی ســنورەکانی "پاشــایەتی عێــراق". هــەر جــۆرە هەوڵدانێکــی جیــددی بــۆ دامەزراندنــی پاشــایەتی ســەربەخۆی [کوردســتان] لــەم ناوچــە [کوردییانــەدا] بــە کۆمەڵێــک هــۆکارەوە، کارێکــی نامومکیــن بــوو. کێشــەکەش، ئابــوری نەبــوو، بەڵکــو کێشــەکە بــێ متمانەیــی قــووڵ بــوو کــە دراوســێکان ســەبارەت هاووڵاتییــە کوردەکانــی خۆیــان هەیانــە. هەروەهــا [بــۆ دامەزراندنــی دەوڵــەت] دەبــێ ئاســتێک لــە گونجــان و هاوکاریــی لــە نێــوان خــودی کوردەکانــدا بوونــی هەبێــت، ئەمــەش بوونــی نەبــوو. لــەم هەلومەرجــەدا حکومەتــی عێــراق و بەریتانیــا گشــت هەوڵەکانــی خۆیــان وەگــەڕ خســت تــا دڵنیایــی بــە کــوردەکان بــدەن خواســتەکانیان لەبەرچــاو دەگیرێــن و بۆیــە ڕاگەیێندراوێکــی هاوبەشــیان دەرکــرد، هــاوکات پەیوەســت بــوو بــە خواســتە زیادەڕۆییەکانــی شــێخ مەحمــود و هەمیشــە دڵنیایــی بداتــە کەسایەتییە کــوردە میانــڕەوەکان کــە بەرژەوەندییــە ڕەواکانیــان پشــتگوێ ناخرێــن. ئــەم ڕاگەیێنــدراوەش لــە مانگــی کانوونــی یەکەمــدا دەرکــرا بــەم شــێوەیەی خوارەوەیــە:

""حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق دان بـە مافـی ئـەو کوردانـەدا دەنێـن کـە لـە چوارچێـوەی سـنورەکانی عێراقـدا دەژیـن، تـا حکومەتێکـی کـوردی لـە چوارچێـوەی ئـەم سنورانەدا دابمەزرێنـن؛ بۆیـە هیـوادارن لایەنـە کوردییـە جوراوجـۆرەکان بـە زووتریـن کات لـە نـاو خۆیانـدا لەسـەر جـۆری ئـەو حکومەتـەی دەیانەوێـت فەرمانڕەواییـان بـکات و لەسـەر سـنوری [جوگرافیـای] ئـەم حکومەتـە ڕێککـەون تـا کـوێ درێـژ دەبیتـەوە، هەروەهـا شـاندێکی بەرپـرس [لـەم کارە] بـۆ بەغـدا بنێـرن، تـا گفتوگـۆ لەسـەر جـۆری پەیوەندییـە سیاسـی و بازرگانییەکانیـان لەگـەڵ حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق بکـەن"".

هیچ شتێک لەم پێشنیازە نەهاتەدی. بەهۆی ئەوەی پیلانگێڕییەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ کەسایەتیە خێڵەکییە ئاژاوەگێڕەکان چڕتر بوو، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا پلانی ئەویان دارِشتبوو هێرش بکەنە سەر کەرکووک، تا بەو دەوڵەتە بلکێنرێت کە بە "پاشایەتی کوردستانی شێخ مەحمود" ناونرابوو. بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە چالاکیانە هەڕەشە بوون بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتی عێراق. بۆیە حکومەتی بەریتانیا ڕێکاری توندی گرتەبەر. هێزە نارێکخراوەکەی تورکیا لە ڕواندوز کرایە دەرەوە و کارگێڕییەکی سەقامگیر لەم قەزایەدا دەمەزرا. سلێمانی بە شێوەیەکی کاتی دەستی بەسەردا گیرا و شێخ مەحمودیش بەرەو چیاکان هەڵات.

بەهۆی واژووکردنی پرۆتۆکۆلی٣٠ی ئابی ١٩٣٠ی ئەنگلۆ-عێراق، کە بووە هۆی سنوردارکردنی ڕێککەوتنی نێوان ئەم دوو لایەنە بۆ ماوەی چوار ساڵ، ماوەکەش دوای کۆتایهاتنی گەیشتن بە ئاشتی [لە نێوان عێراق و] تورکیا دەستی پێدەکرد، بارودۆخی گشتی [عێراق] گۆڕانی بەسەردا هات. ئەم ڕووداوەش بووە هۆی پشتگوێ خستنی سیاسەتی پێشوو کە بە هۆیەوە کارگێڕیی لیوای سلێمانی بووە بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی کۆمسیاری باڵا.

هەر بەم هۆیەشەوە تەنیا بەدیلێک بۆ فەرمانڕەوایی ستەمکارانەی شێخ مەحمود، بریتی بوو لە دامەزراندنی [یەکەیەکی] کارگێڕیی کە تێیدا ڕێز لە هەستە نەتەوەییەکانی کورد بگیرێت، ئەم لیوایەش دەبووایە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق یەکبگرێتەوە. لە کاتێکدا سەرکردەکانی کورد ئامادە بوون لەم [یەکە] کارگێڕییەدا هاوکاریی [حکومەتی عێراق] بن، داوایانکرد هێزەکانی ئیمپراتۆری [لە لیوای سلێمانیدا] بمێننەوە تا ڕێگە لە شێخ مەحمود بگرن بگەڕێتەوە و دەست بەسەر حکومەتدا بگرێت کە هێشتا دەستڕۆیی ئایینی لەسەر خەڵکی خێڵەکی ناوچەکەدا مابووە.

بەهۆی کەمکردنەوەی هێزەکانی سوپای ئیمپراتۆری لە عێراقدا، کە بەردەوامیش لە کەمبوونەدا بوو، مانەوەی ئەم هێزانە [لە لیوای سلێمانیدا] کارێکی ئەستەم بوو، بۆیە هیچ بژاردەیەکی دی لەبەردەم [حکومەتی بەریتانیا نەمایەوە]، تەنیا چۆڵکردنی سلێمانی نەبێت، تا بەم شێوەیە خۆی ڕێگەی ڕزگاربوونی خۆی بدۆزێتەوە. بەهەرحاڵ، هاووڵاتییە ڕێزدارەکانی ئەم شارە لەگەڵ هێزەکانی سوپا شارەکەیان بەجێهێشت و شار بوو بە نێچیرێک بۆ لایەنگرانی شێخ مەحمود. خودی شێخ مەحمود لە ١١ی

تەمووزی ١٩٢٣ گەڕایەوە ناو شاری سلێمانی. کۆمسیاری باڵا و حکومەتی عێراقیش هیچ بەدیلێکی دیکەیان نەبوو، تەنیا قبوڵکردنی ئەمری واقیع نەبێت. کۆمەڵێک ڕێکار بۆ ناوچە دوورە دەستەکانی لیوای سلێمانی گیرانەبەر، تاکو بخرێنە سەر لیوای کەرکووک و شێخ مەحمودیش ئاگادارکرایەوە، ئەگەر هەوڵی چوونە ناو ئەم ناوچانە بدات بە توندی بەرپەرچی دەدرێتەوە. ئەم ڕێکارە بۆ ماوەی نزیکەی یەک ساڵ بەردەوام بوو.

## کورد و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

هاوکات ئامادەکاری دەکرا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزرێنەرانی عێراق. لە لیوای کەرکووک و هەولێر کۆمەڵێک کەس لە نێوان دەنگدەرە سەرەتاییەکاندا بێ ئاپاریل بوون بۆ ناوتۆمارکردن [و بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا]. بۆیە لەلایەن کۆمسیاری باڵا و حکومەتی عێراقەوە هەست بەوەکرا کە پێویستە لەبارەی نیەتەکانی حکومەتی عێراق بەرانبەریاندا، دڵنیایی زۆرتر بە کوردەکان بدرێت تا لەم ڕێگەیەوە بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا ئاسانتر بێت. بەم پێیەش لە ١١ی تەمووزی ١٩٢٣دا -واتە ئەو ڕۆژەی شێخ مەحمود هاتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی- ئەنجوومەنی وەزیران ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

١. حکومەتی عێراق بە نیاز نییە هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە ناوچە کوردییەکاندا دامەزرێنێت تەنیا فەرمانبەری کاروباری تەکنیکی نەبن.

٢. [حکومەتی عێراق] بە نیاز نییە دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان ناچار بکات لە کاروبارە فەرمییەکاندا زمانی عەرەبی بەکار بهێنن.

٣. لە ناوچە ئاماژە پێکراوەکاندا، مافی دانیشتوانەکەی و [ئازادی] کۆمەڵە ئایینی و مەدەنییەکان بە شێوەیەکی گونجاو دەپارێزێت.

لە هەمانکاتدا، سەرۆک وەزیران، تورکمانەکانی شاری کەرکووکی دڵنیا کردەوە کە لە دامەزراندنی خۆجێییدا، خەڵکی خۆجێی دادەمەزرێت و زمانی خۆجێی (تورکمانی) بە زمانی فەرمی [لەم شارەدا] دەناسرێت.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی دواتر (١٩٢٤)، گشت ئەو ناوچە کوردیانەی لەلایەن حکومەتی عێراقە بەڕێوەدەبران، بەشداریان لە هەڵبژاردندا کرد. شایانی ئاماژە پێدانە ژمارەیەکی زۆری کورد لە قەزای سلێمانی ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود هیوای خۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا دەربڕی. بۆیە ڕێکاری پێویست گیرانەبەر، تا ئەو کەسانە بتوانن لە قەزاکانی دراوسێدا دەنگی خۆیان بدەن. لە ئەنجامدا پێنج کەس نوێنەرایەتی سلێمانیان دەکرد کە لە نێوانیاندا شێخ قادر، برای شێخ مەحمود کە لەگەڵ یەك ناتەبابوون، دەبینرا.

## دووبارە دەستگرتنەوە بەسەر سلێمانیدا

شێخ مەحمود لە شکستەکەی پێشووی لە دامەزراندنی حکومەتێکی خۆجێی لە سلیمانیدا، هیچ وانەیەکی وەرنەگرت. "بەرە بەرە سلێمانی لەلایەن دانیشتوانە دەوڵەمەندەکەیەوە چۆڵکرا و [ئەم شارە لە ژێر دەسەڵاتی] ستەمکاری دڕندانەدا ناڵاندی، تەنانەت شارەکە وەهای هەست دەکرد کە گۆڕە پیرۆزەکانی باب و باپیرانیان، چیتر ناتوانێت تەحەمولی نەوەکانی خۆی بکات". زیاد لەمەش، شێخ مەحمود سەلماندی ناتوانێت چالاکییە سیاسییەکانی لە چوارچێوەی ئەو سنورانە سنوردار بکات کە بۆی دیارکرابوون.

هەرچەنـدە پێشـێلکارییەکانی لـە ئاسـمانەوە دەبیـنرا، بـەڵام لەسـەر هێرشـکردنە سـەر قەزاکانـی دراوسـێدا بەردەوامبـوو و هەوڵیـدەدا خێڵەکانـی سـەر سـنوری ئێـران هـان بدات، تـا هێـرش بکەنـە سـەر کەرکـووک. دواجـار، لـە مانگـی ئایـاری ١٩٢٤دا، کۆمسـیاری بـاڵا، بڕیاریـدا ڕێـکاری پێویسـت بگرێتەبـەر. ئاگادارکردنەوەیـەك بـۆ شـێخ مەحمـود نێـردرا و داواکـرا ملکـەچ بێـت. ئاگادارکردنەوەکـە [لەلایـەن شـێخ مەحمـودەوە] پشـتگوێ خـراوە، دوای چەندیـن هۆشـداریدان، لـە ڕێگـەی هێرشـی ئاسـمانییەوە بارەگاکـەی لـە سـلێمانی وێرانکـرا. شـێخ مەحمـود و لایەنگرانـی بـەرەو چیـاکان هەڵاتـن و بـۆ دوو مانـگ دەسـتیان بـە کاری چەتەگـەری و تـرس و تۆقاندنـی [خەڵکـی] ئـەم ناوچەیـە کـرد. لـە مانگـی تەمـووزدا سـتوونێکی سـوپای عێـراق بـێ هیـچ بەرهەڵسـتییێک چـووە نـاو سـلێمانی.

کارگێڕییەکـی لـەرزۆک لـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی عێـراق دامـەزرا، بـەڵام ڕێککەوتـن کـرا تـا ئەوکاتـەی ئارامـی بـۆ شـارەکە دەگەڕێتـەوە، شـارەکە لـە ژێـر

کۆنترۆڵــی ڕاســتەخۆی کۆمســیاری بــاڵادا بمێنێتــەوە. ئەنجوومەنــی وەزیــران بڕیاریــدا ڕێــکاری بەپەلــە بگیرێتەبــەر و شــارەکە زۆر بــە خێرایــی دووبــارە خــۆی ئاوەدانکــردەوە. ژمــارەی دانیشــتوان کــە بــۆ ٧٠٠ کــەس کــەم ببــووە، لــە مــاوەی دوو مانگــدا بــۆ ١٢٠٠ کــەس بــەرز بــووە و دواتــر لــە مــاوەی چــوار مانگــدا گەیشــتە ٢٠،٠٠٠ کــەس.

شـێخ مەحمـود و تاقمەکـەی بـەردەوام بـوون لـە هاتوچۆکردن لە چیاکانی سـەر سـنوری ئێـران و خەریکـی بـاج و سـەرانە وەرگرتـن بـوون لـە خەڵکـی هـەژاری گونـدەکان. دواتـر سـتونێکی سـوپا بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی نێـردرا. بـەرە بـەرە لـە دوای بونیاتنانـی خانـوی بلـۆک لـە خاڵـە سـتراتیژییەکاندا و جێگرکردنـی پۆلیـس لـەم خانووانـەدا، حکومـەت ناوچـە سـنورییەکانی کۆنترۆڵکـرد، بـەڵام لـە مانگـی حوزەیرانیـی ١٩٢٧دا ، هـەر وەک لـە خـوارەوە ئامـاژە پێدەدرێـت، شـێخ مەحمـود لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق گەیشـتە ڕێککەوتنێـک.

بـە نزیکبوونـەوەی سـاڵی ١٩٢٤، هەلومەرجـی [سـلێمانی] لـە لاپـەڕەی ٣٣ی ڕاپۆرتـی حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا بـۆ سـاڵەکانی ١٩٢٣-٢٤، بەم شـێوەییە خـوارەوە هاتووە:

”جێگـەی دڵخۆشـییە پێشـکەوتنێکی گشـتی بـۆ چارەسـەری پەیوەندییەکانـی نێـوان حکومەتـی عێـراق و کەسـایەتییە کوردییەکانـی ئـەم دەوڵەتـە بەدیهاتـووە، ئەمـەش لـە بەشـداریی بەدڵـی ناوچـە کوردییـەکان لـە هەڵبژاردنەکانـدا بە لوتکە گەیشـتووە. بـۆ یەکەم جـارە کـورد لـە لیسـتی سـوپای عێراقـدا ناونـووس دەکرێـت. زیـاد لەمـەش ئـەم سـوپایە تـا ڕادەیەکـی زۆر لەلایـەن کوردکانـی بەرهەڵسـتکاریی [حکومەتـی عێـراق] فەرماندەیـی دەکرێـت؛ کـوردەکان ڕێگە پێدراون لە گشـت پۆسـتەکانی کەرتـی خزمەتگوزاریـی مەدەنیدا کار بکـەن، ئەمـەش تەنیـا قسـە نییـە، بەڵکو کرداریشـە. هیـچ هۆکارێک نییە وەها پێشـبینی بکەیـن کـە لە داهاتوودا ناکۆکی لەسـەر جیاوازیی نەتەوەیی ڕوودات و گشـت زەمینەیەک بۆ بەرەوپێشـچوونی زۆرتر لەسـەر پێکەوە کارکردنی نزیکتر وەسـتاوە، بەڵام پێویسـتە عەرەبە ناسیۆنالیسـتەکان ڕەچـاوی ئـەوە بکـەن، کـە کۆتایـی هاتـن بـە بۆچوونـی [متمانـە بەیەکـتر نەکـردن] ئـەو کاتـە دێتـەدی کـە خواسـتەکانی ناسیۆنالیسـتی هاووڵاتییـە کوردەکانیـان بـە شـێوەیەک مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت، هـەر وەک چـۆن ئـەوان [ناسیۆنالیسـتە عەرەبەکان] مامەڵـە لەگـەڵ هەسـتی [ناسیۆنالیسـتی] خۆیـان دەکـەن“.

## کۆمەڵەی گەلان

### کۆمسیۆنی سنور

ئەمـەش ئامـاژە بەوکاتە دەکات کۆمسـیۆنی سـنوری سـەر بە کۆمەڵەی گەلان لە شـوباتی ١٩٢٥دا، سـەردانی ناوچـە کوردییەکانـی کـرد. شـاری سـلێمانی و بەشـێکی زۆری ئـەم لیوایە وەک پارچەیـەک لـە خاکـی عێـراق نـاسرا و کەوتـە چوارچێـوەی سـنوری کارگێڕیـی دەوڵەتی عێراقـدا. لەگەڵ ئەمەشـدا کۆمسـیاری باڵا بـەردەوام بوو لـە چاودێریکردنـی وردی چۆنیەتی بەڕێوەبردنـی کاروبـاری ئـەم لیوایـە. هێشـتا ناوچەیەکـی سـنوری [ئـەم لیوایـە] بـە هـۆی چالاکییەکانـی شـێخ مەحمـودەوە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتدا بـوو. کەرکووک ، هەولێر و مووسـڵ لەلایـەن موتەسـەڕیفەوە بەڕێـوە دەبـردران کـە ڕاسـتەوخۆ بەرانبـەر حکومەتـی عێـراق بەرپرسـیار بـوون و لەلایـەن لیکۆڵـەری کارگێڕیـی بەریتانییەوە یارمەتـی دەدران.

ئەنجامگیرییەکانـی ڕاپۆرتـی کۆمسـیۆنی سـنور و بڕیـاری ئەنجوومەنـی [کۆمەڵـەی گـەلان] زۆر بـە باشـی نـاسراون، بۆیـە زۆر پێویسـت دەکات لێـرەدا ئاماژەیـان پێبدەیـن؛ هەروەهـا باشـترە دووبـارە جەخـت لـەوە بکەینـەوە کـە کۆمسـیۆنی سـنور لـە دواییـن ئەنجامگیریـی خۆیـدا راسـپاردەی ئـەوە دەکات "پێویسـتە ڕەچـاوی خواسـتی کـوردەکان بکرێـت کـە دەبێـت فەرمانبـەری کـورد بـۆ بەڕێوەبردنـی وڵاتەکەیـان دابمەزرێـن، دادپەروەریـی بەرقـەرار بکرێـت، زمانـی قوتابخانـەکان کـوردی بێـت و کـوردی بـە زمانـی فەرمـی گشـت کەرتەکانـی خزمەتگوزاریـی بناسـێنرێت"، هەروەهـا ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لەبـارەی سـنورەکانی باکـووری عێـراق و پرسـی کـورد دەڵێـت:

"حکومەتـی بەریتانیـا وەک دەسـەڵاتی ئینتیـداب، لەلایـەن ئەنجوومەنـی [کۆمەڵـەی گەلانـەوە] بانگێشـت دەکرێـت، تـا ئـەو ڕێـکارە کارگێڕییانـە پێشـکەش بـکات کـە لـە ڕاپۆرتـی کۆمسـیۆنی لێکۆڵینـەوەی ڕاسـتییەکان (Commission of Enquiry) بـۆ دانیشـتوانی کـورد ئاماژەیـان پێـدراوە و ئـەو گەرەنتیانـە بخاتـەڕوو کـە دەگیرێنەبـەر بـۆ [چۆنیەتـی بەڕێوەبردنـی] کارگێڕیـی خۆجێـی [ناوچـە کوردییـەکان] کـە کۆمسـیۆن لـە دواییـن ئەنجامگیرییەکانیـدا ڕایسـپاردبوو".

لـە مانگـی ئـاداری ١٩٢٦دا، حکومەتـی بەریتانیـا یاداشـتێک و پاشـکۆگەلێکی پێشـکەش بـە ئەنجوومەنـی [کۆمەڵـەی گـەلان] کـرد کـە تێیـدا بـاس لـەو ڕێکارانـە کرابوو کـە لەلایەن حکومەتـی عێراقـەوە گیرابوونـە بـەر بـۆ چۆنیەتـی بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردییەکانـی عێـراق و دواتـر ئـەم یاداشـت و پاشـکۆگەلە خرانـە بـەردەم کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب، ئەویـش بـە پێـی بۆچوونـەکان لـە دەیەمیـن دانیشـتنیدا دەڵێـت "بـە پێـی ئـەم بەڵگانـە حکومەتـی عێـراق بـە هـاوکاری لەگـەڵ حکومەتـی بەریتانیـا ئـەو سیاسـەتەی جێبەجێـی کـردووە کـە لەلایـەن کۆمسـیۆنی مووسـڵەوە ڕاسـپێردرابوو".

بۆئـەوەی هیـچ بەهەڵـە تێگەیشـتنێک لـە عێراقـدا لەبـارەی نیەتەکانـی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر هاووڵاتیـە کوردەکانـدا نەمێنێـت، سـەرۆک وەزیـران لـە لێدوانێکـدا بەرانبـەر ئەنجوومەنـی نوێنەرانـدا، لـە ٢١ی کانوونـی دووەمـی ١٩٢٦ ئـەم گووتـە ڕوونانەی خـوارەوەی پێشـکەش کـرد:

"ئـەم وڵاتـە ناتوانێـت بژیـت تـا ئەوکاتـەی گشـت پێکهاتەکانـی دەوڵەتـی عێـراق مافەکانیـان دەسـتەبەر نەکـەن. ئێمـە مافـی کـوردەکان دەدەیـن. فەرمانبەرەکانیـان لـە خۆیانـدا دەبـن. زمانـی فەرمـی، زمانـی خۆیـان دەبێـت. لـە قوتابخانەکانـدا منداڵەکانیـان بـە زمانـی دایکیـان دەخوێنـن".

لـە هەمانکاتـدا سـەرۆک وەزیـران ئـەم ڕێنماییانـەی خـوارەوەی بـۆ هـەر یـەک لـە وەزیرەکانـی کابینەکـەی دەرکـرد:

"بێگومـان ئێـوەی بەڕێـز، گوتەکانی سـەرۆک وەزیران بەرانبـەر ئەنجوومەنـی نوێنەرنتان بینیـوە کـە لـە ڕۆژی دواتـردا لـە چاپەمەنیەکانیشـدا بڵاوکرایـەوە. ئـەم گوتانە ئەو سیاسـەتە لەخۆدەگـرن کـە حکومـەت دەیانگرێتەبـەر، هەروەهـا بـەردەوام دەبێـت لـە پەیڕەوکردنـی ئـەم سیاسـەتە لـە بەڕێوەبردنـی ناوچـە کوردییەکانـدا، واتـە، فەرمانبـەرەکان کـورد دەبـن و زمانـی کوردیـش زمانـی فەرمـی دەبێـت. بۆیـە [مەلیک فەیسـەڵ] منـی ڕاسـپاردووە داواتان لێبکـەم هەوڵەکانتـان بخەنەگـەڕ بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەم سیاسـەتە و لـە گشـت پرسـەکانی بەڕێوەبردنـی ناوچـە ئاماژە پێکراوەکانـدا پەیڕەویـی [لـەم سیاسـەتە] بکەن".

## گەیشتن بە چارەسەر لەگەڵ شێخ مەحموددا

**(setlements with Shaikh Mahmud)**

لـە میانـەی سـاڵی ١٩٢٦دا، بارودۆخـی لیـوای هەولێـر بـە ئاسـایی مایـەوە، هـاوکات لـە سـلێمانی کارگێڕیـی حکومەتـی عێـراق کـە لـە هاوینـی ١٩٢٤دا دووبـارە [لـەم لیوایـەدا] دامەزرابـووە، پتـەو کـرا. تەنیـا لـە ناوچەیەکـی بچووکـی دەوروبـەری پێنجوێـن و باکـووری سـنوری ئێـران نەبێـت، دامـودەزگای کارگێڕیـی وڵات زۆر بـە باشـی کارەکانـی بەڕێـوە دەچـوون و شـێخ مەحمـود کـە لەلایـەن لایەنگرەکانییـەوە بەجێهێڵرابـوو، لەسـەر سـنوری ئێـران ئـاوارە بـوو. لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٢٦دا کۆبوونەوەیـەک لـە نێـوان ئـەو و ڕاوێـژکاری بەریتانیـا لـە وەزارەتـی ناوخـۆی [عێـراق] ئەنجامـدرا و ڕاوێـژکار ئـەو مەرجانـەی بـۆ شـێخ مەحمـود خسـتەڕوو کـە حکومەتـی عێـراق پێشـنیازی کردبـوو، بـەڵام یەکسـەر ئـەو مەرجانـەی قبـوڵ نەکـرد، بەڵکـو لـە ڕێگـەی بریکارێکـەوە کـە بـۆ بەغـدای دەنـارد، بـەردەوام بـوو لـە گفتوگـۆ کـردن. لـە جـولای ١٩٢٧دا، ناوچـە پێنجوێـن [لەلایـەن حکومەتـەوە] دەسـتی بەسـەردا گیرایـەوە و لـە مانگـی حوزەیرانـدا شـێخ مەحمـود ئـەو مەرجانـەی پەسـەندکرد کـە پێشـتر خراپوونـە بەردەمـی. ئـەم مەرجانـەش بریتـی بـوون لـەوەی ئـەو و خێزانەکـەی لـە دەرەوەی عێراقـدا نیشـتەجێ بـن و دەسـت لـە هیـچ کاروبارێکـی سیاسـی لیـوای سـلێمانی و شـوێنەکانیتری عێـراق وەرنـەدات؛ هەروەهـا یەکێـک لـە کوڕەکانـی بـۆ خوێنـدن بـۆ بەغـدا بنێرێـت. لـە بەرانبـەر بـۆ جێبەجێکردنـی تەواوەتـی ئـەم مەرجانـە، حکومەتـی عێـراق پابەنـد دەبێـت بـە گەڕانـەوەی موڵـک و سامانەکەی و دەتوانێـت کەسـێک بـۆ بەڕێوەبردنـی موڵـک و سـامانەکەی دەستنیشـان بـکات. لـە تەمـووزی ١٩٢٧دا شـێخ مەحمـود، لـە بەغـدا کۆمسـیاری بـاڵای بینـی و دواتـر گەڕایـەوە تـا لـە ئێـران لـە ناوچـەی مەریـوان نیشـتەجێ بێـت. لایەنگرەکانـی نائومێـد بـوون و کۆمەڵێـک لـە پشـتیوانە باوەڕپێکـرا و بەنرخەکانـی، لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە پێشـنیازیان بـۆ کـرا کـە خزمەتـی حکومەتـی عێـراق بکـەن و ئەوانیـش پێشـنیازەکەیان پەسـەندکرد و سـەلماندیان کـە فەرمانبـەری باشـن.

لایەنگـرە لەڕادەبـەدەر و دوژمنکارییەکانـی شـێخ مەحمـود و پێداگریـی بەردەوامـی ئـەو لـە خـەون بینیـن بـۆ بـوون بـە هێزێکـی مەلەکـی، هـەر لـە سـەرەتای دەسـتێوەردانی بەریتانیـا لـە کاروبـاری کوردەکانـدا، خراپتریـن بەربەسـت بـوو بەرانبـەر دامەزراندنـی کارگێڕییەکـی ڕێکوپێـک لـە لیـوای سـلێمانیدا. کاتێـک بڕیاریـدا دەسـت لـە چالاکییەکانـی هەڵگرێـت، بـازاڕ بوژایـەوە، بەخێرایـی بارودۆخـی گشـتی بـەرەو باشـی ڕۆیشـت. متمانـە گەڕایـەوە، ڕێگاوبانـەکان و ڕێـگای کاروانـەکان بوونـەوە و کشـتوکاڵ و بازرگانـی گەشـەیانکرد و بەرفـراوان بـوون.

## ساڵەکانی ١٩٢٨ و ١٩٢٩

گشـت ناوچـە کوردییـەکان لە هەڵبژاردنەکانی سـاڵی ١٩٢٨دا بەشـدار بـوون و توانیان لە کـۆی ٨٨ کورسـی ١٦ کورسـی ئەنجوومەنـی نوێنەران دەسـتەبەر بکـەن. لـە هەڵبژاردنەکاندا هیـچ ئاژاوەگێڕییـەک ڕووی نـەدا و کوردەکانیش خواسـتی بەشـدار بوونیان هەبوو.

لـە مـاوەی دوو سـاڵدا، ١٩٢٨-١٩٢٩، هیـچ ڕووداوێکـی گرنـگ ڕوویـنـەدا کـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە پرسـی کـوردەوە هەبێـت، بـەڵام لێـرەدا پێویسـتە ئـەوە ڕوون بکەینـەوە لـەم ماوەیـەدا ڕەوشـی ئارامـی چـۆن بـوو:

**ا** حکومەتـی عێـراق ئـەو سیاسـەتەی زۆر بـە باشـی بەڕێـوە بـرد کـە پابەنـدی خـۆی پێـوە [ڕاگەیاندبـوو].

**ب** کورد لەو مامەڵە تایبەتەی [کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەگەڵیان دەکرا] ڕازی بوون.

بـە گشـتی، هەڵەیەکـی کـەم لـە ڕەفتـاری حکومەتـی عێراقـدا دەدۆزرێتـەوە. بەدڵنیاییـەوە مرۆڤـە باشـەکان لـە ژیانـی گشـتیدا لـە دڵـەوە لـە ناوەڕۆکـی زیرەکانـەی ئـەم سیاسـەتە ڕازی بـوون کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە بۆیـان دەسـت نیشـانکرابوو، لەهەمانکاتیشـدا، ئـەو کەسـانە لـەوە دەترسـان و تـا هەنووکـەش لـەو هەڕەشـەی سـەر یەکپارچەیـی دەوڵـەت دەترسـن کـە لـە خەونـی سـەربەخۆخوازی و پلانـی کەمینەیەکـی ناسیۆنالیسـتی توندڕەو لـە نێـوان کوردەکانـدا خـۆی مەڵاسـداوە.

لـە لایەکیـترەوە ئـەم کەمینەیـە هاوتـای خۆیـان لـە نـاو پان-عەرەبـدا هەیـە، واتـە لـە نێـوان ڕۆشـنبیرە عەرەبـەکان، کـە زۆرتـر بیر لـە یەکێتی نێـوان عەرەبـەکان دەکەنـەوە، نەک یەکێتـی لـە نێـوان گەلانـی عێراقـدا. هەروەهـا لـە نێـوان ئـەو کەسـانەی هەسـت دەکـەن ڕەچاونەکردنـی هەسـتیارێتی کـوردەکان هـۆکاری بەردەوامـی دژیەکبوونـی نێـوان ئـەم دوو نەتەوەیەیـە. ئـەم نموونانەش ڕاسـتن، بۆنموونە بەشـەکان لە کاتـی دامەزراندنـی فەرمانبەران لـە ناوچـە کوردییەکانـدا بـە تەواوەتـی پەیـڕەوی لـە ڕێنماییەکانـی دامەزراندنـی کوردێکـی شـیاو ناکـەن؛ کۆمەڵێک کێشـە لە بـواری پـەروەردەدا هەن، کەمـی پەرتووکـی قوتابخانەکان بـە زمانـی کـوردی، مامۆسـتای نەشـیاو، ژمـارەی وانەکانـی عەرەبـی، هەروەها سـکاڵا فەرمی و نافەرمییـەکان، [گشـتیان نموونـەن لـە کەموکوڕی سیاسـەتی حکومەت]. کۆمسـیاری باڵا بە بەردەوامـی ئـەو کێشـانەی ڕەچـاو کردووە و بـە هـاوکاری حکومەتی عێـراق ڕێکارگەلێک بۆ چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم کێشـانەدا گیراونەتەبەر.

سـەختە بتوانیـن بڵێیـن تـا چ ڕادەیـەک کـورد لـەو سیاسـەتە ڕازی بوونـە کـە لەلایـەن حکومەتـی خاوەنشـکۆ و حکومەتـی عێراقـەوە گیراوەتەبـەر. هەندێـک کـورد تـا هەنوکەش هیوایـان بـە سـەربەخۆیی تەواوەتـی هەیـە و بـە بەردەوامـی پرسـیار دەکـەن کـە بۆچـی حکومەتـی بەریتانیـا ئـەوەی بـۆ عەرەبەکانـی کـرد بـۆ ئەوانیـش نـاکات و فێریـان بـکات کە چـۆن حوکمڕانـی خۆیـان بکـەن. لەوانەیـە هەمـوو [کـوردەکان] وەهـا بیربکەنـەوە کە ئەمە لـە بێبەختـی ئەوانـە بەریتانیـا پاشـایەتی بـە عەرەبـەکان بەخشـی و کوردەکانـی بـە پـەرت وبـڵاوی بەجێهێشـت و بە نایەکگرتوویی کەوتنە ژێر دەسـەڵاتی سـێ گەلـی بێگانەی جیاواز.

بەهەرحـاڵ، زۆرێـک لـە کوردە هزر-کـراوەکان، قبوڵ دەکەن لە هەلومەرجـی بەرقەراردا، هیوایـان بـۆ داهاتـوو هەریـەک بێـت، بـەڵام باشـترین بـژاردە بریتییـە لـە هاوکاریکردنـی عـەرەب و کەمینەکانـی دی لـە پێناو سەرخسـتنی دەوڵەتـی عێراقدا. سـەرەڕای ئەمەش، ئەو کوردانـەی بەرانبـەر ئیمتیازاتـی تایبـەت بـە خۆیـان زۆر هەسـتیارن و بـە تونـدی دژی هـەر شـتێک دەوەسـتنەوە کـە ببێتـە هۆی ئـەوەی ئـەم ئیمتیازاتانەیان پارێـزراو نەبێـت. زۆر جار ئـەو کوردانـە سـەرقاڵی داڕشـتنی پلانێکـن تـا لـەم ڕێگەیـەوە پێگـەی خۆیـان بەرزبکەنـەوە، بـەڵام ڕووداوگەلـی بچـووک کـە ڕووداوی بەسـودفەن [ئـەم پلانەیـان هەڵدەوەشـێنێتەوە].

لە شوباتی ١٩٢٩دا، شەش نوێنەری کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا، داواکارییەکیان خستەبەردەم سەرۆک وەزیران و نارەزایەتیان دەربڕی حکومەت بە تەواوەتی ئەو ڕاسپاردانە جێبەجێ ناکات کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە لەبارەی کارگێڕیی ناوچە کوردییەکان، ڕایسپاردبوو و داوایان کرد کە:

١. بودجەی خوێندن بە زمانی کوردی زیاد بکرێت.

٢. پێکهێنانی یەکەیەکی کارگێڕی تایبەتی کوردی لە لیواکانی هەولێر، کەرکووک ، سلێمانی و لیوای نوێ کە لە قەزا کوردییەکانی مووسڵ پێکدەهێنرێت، لەخۆ بگرێت. ئەم یەکەیە لەلایەن لێکۆڵەرێکی گشتی کورد بەڕێوە دەبردرێت و پردی پەیوەندی نێوان ئەم یەکەیە و حکومەتی عێراق لە بەغدا بێت.

٣. زیادکردنی بودجەی کەرتی خزمەتگوزاری گشتی لە ناوچە کوردییەکاندا.

سەرۆک وەزیران بۆ وەڵامدانەوەی ئەم داواکاریانە لەگەڵ کۆمسیاری باڵا قسەی کرد و هەردووکیان هاوڕابوون لەسەر زیانی دامەزراندنی یەکەیەکی نوێی کارگێڕی، چونکە بە چاوپۆشین لە گرفتە جیدییەکانی تایبەت بە کارگێڕیی لەم یەکەیەدا، بەڵام ئەم یەکەیە دەبێتە هۆی جیاخوازی لەبری یەکبوونی گشت نەتەوەکانی عێراق، ئەمەش دژی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عێراق و خودی کوردەکانە. شایانی ئاماژە پێدانە یەکێک لە واژووکارانی ئەم داواکارییە، لە ئاداری ی ١٩٣٠دا بوو بە وەزیری داد و تا هەنوکەش کە بەهاری ساڵی ١٩٣١ە، هەر لەم پۆستەدا ماوەتەوە.

بەهەرحاڵ، ڕەتکردنەوەی داواکارییە سەرەکییەکانی داواکارەکان، بەو مانایە نایێت کە نارەزایتیەکانیتری کورد لەبەرچاونەگیران و کۆمسیاری باڵا دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد تا لەوە دڵنیا بێتەوە تا چ ڕادەیەک ئەم داواکارییانە لەگەڵ ڕاستییەکاندا دەگونجێن. مردنی لەناکاوی کۆمسیاری باڵا و کەمی ئەو ماوەیەی کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت دەستی بەکار کردبوو و لەو پێگەیەدا نەبوو کە دەست لەم لێکۆڵینەوانە وەربدات تا ئەوکاتەی کۆمسیاری باڵای نوێ دەست بەکارەکانی دەکات، بووە هۆی دواکەوتنی [چاو خشاندن بەم لێکۆڵینانە] تا ساڵی ١٩٣٠.

## کاریگەرییەکانی ڕێککەوتننامەی ئەنگلۆ-عێراقی ساڵی ١٩٣٠

گفتوگـۆکان بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتننامەیەکـی نـوێ لەگـەڵ حکومەتـی بەریتانیـادا خەریکـی دەسـت پێکـردن بـوو، ئەمـەش ئـەو ڕاسـتیەی بـۆ کـوردەکان سـەلماند لەوانەیـە چاودێـری ئینتیدابـی بەریتانیـا لـە عێراقـدا کۆتایـی پـێ بێـت. یەکسـەر بـێ ئومێـدی کـورد وەدەرکـەوت و ترسـی ئـەوە پەیدابـوو کـە دوای نەمانـی دەسـتڕۆیی بەریتانیـا، چیـتر کـورد لـەو ئیمتیازاتانـە سـوود وەرناگـرن کـە کۆمەڵـەی گـەلان رایسـپاردبوون پێیـان بـدرێ.

لـە شـوباتی ١٩٣٠دا نوێنەرێکـی کـورد داوای کـرد مافـی ناوچـە کوردییـەکان کـە لـە ڕاپۆرتـی کۆمسـیۆنی دیارکردنـی سـنوری سـەر بـە کۆمەڵـەی گـەلان لـەم ڕێککەوتنامـە نوێیـە پارێـزراو بێـت کـە لـە نێـوان [عێـراق] و حکومەتـی بەریتانیـا گرێدەردێـت. ئەمـەش گەورەتریـن پرسـە کـە لـە مێشـکی گشـت کوردێکـدا هەیـە. ئـەوان بـۆ داهاتـوو داوای گرێنتـی دەکـەن. خەسـڵەتی جەوهـەری ڕێککەوتننامـە نوێیەکـە، واتـە هاوپەیمانێتـی لـە نێـوان دوو دەوڵەتـی سـەربەخۆدا، بـووە هـۆی ئـەوەی نەکرێـت ئـەم جـۆرە پارێزراوییـە تێـدا بگونجێنرێـت کـە لەوانەیـە لـە نیگەرانـی کـورد کـەم بکاتـەوە.

هـاوکات، کاتێـک بـۆ کـورد دەرکـەوت هیـچ مەرجگەلێکـی تایبـەت لـەم ڕێککەوتنامـەدا نییـە بـۆ هێشـتنەوەی ئیمتیازاتـی کـوردەکان، ترسـی ئـەوان بـۆ داهاتـوو، زیـادی کـرد. باشـترین ڕێگـە بـۆ دەسـتەبەرکردنی دڵنیایـی کـوردەکان لەوانەیـە بریتـی بێـت لـەوەی خـودی حکومەتـی عێـراق ئـەو ڕێـکارە کارگێڕیـی و یاسـایانە بگرێتەبـەر کـە لـە میانەیـدا بـۆ کـوردەکان ڕژێمێکـی تایبـەت دابمەزرێنیـت و پشـت بـە بناغەیەکـی هەمیشـەیی ببەسـتێت. ئـەم کێشـەیەش بـە وردی لەلایـەن کۆمسـیاری بـاڵاوە خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە؛ ئەویـش بـە ڕاوێژکـردن لەگـەڵ مەلیـک فەیسـەڵ، سـەرۆک وەزیـران و ڕاوێژکارەکانـی بەریتانـی تایبـەت بـەم پرسـە؛ بۆیـە بەریاداشـتێک کـە کۆمەڵێـک ڕێـکاری بونیاتنـەری لەخـۆ گرتبـوو، ئامادەکـرا کـە تایبـەت بـوو بـە پێداچوونـەوە بـۆ سـکاڵاکانی کـورد و دڵنیـا کردنەوەیـان کـە داهاتویـان لـە دەوڵەتـی عێراقـدا پارێـزراو دەبێـت.

لـەم بارەشـەوە، گرنگتریـن هەنـگاو بریتـی بـوو لە داڕشـتنی یاسـایەک بـۆ گەرەنتیکردنی بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی، ئەمـەش بـووە داواکاری سـەرەکی بەرنامـە پێشـنیازکراوەکە. ئەسـتەمە یاسـایەک دابڕێژرێـت کـە تێیـدا ڕەزامەنـدی گشـت بەرژەوەندییـە جیـاوازەکان دەسـتەبەر بکرێـت، بـەڵام یاسـاکە بـەو جـۆری ئێسـتا پەسـەندکراوە، دەتوانێـت مەبەسـتە سـەرەکیەکە لـە داڕشـتنیدا بپێکێـت. بەبەتەکانـی دیـی ئـەم بەریاداشـتە بریتـی بـوون لـە دامەزراندنـی نووسـینگەیەکی وەرگێـڕان کـە سـەر بـە وەزارەتـی ناوخـۆی بەغـدا بێـت، تـا ئەرکـی وەرگێڕانـی یاسـاکان، بڕیـار و فەرمانـەکان و نـووسراوە فەرمییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی لـە ئەسـتۆ بگرێـت. هەروەهـا لـە بـواری پـەروەردەدا قوتابخانـە کوردییەکانـی لیـوای هەولێـر، کەرکـووک و سـلێمانی بخرێنـە ژێـر دەسـەڵاتی لێکۆڵەرێکـی کـوردی شـیاو؛ هەروەهـا یاریدەدەرێکـی بەڕێوەبـەری کارگێڕیـی گشـتی کـە کـورد بێـت (Assistant Director General of Administration) لـە وەزارەتـی ناوخـۆدا دابمەزرێـت.

لــە هەمانکاتــدا، بڵاوکردنــەوەی دەقــی ڕێککەوتننامــەی ئەنگلۆ-عێراقــی کــە لــە حوزەیرانــی،ی ١٩٣٠ لــە بەغــدا واژوو کــرا، هــەر وەک چــاوەڕوان دەکــرا، بــە قووڵــی کوردەکانــی نیگــەران کــرد و ، بۆیــە چەندیــن داواکاری و تەلەگــرام کــە هەندێکیــان ئاڕاسـتەی کۆمەڵـەی گـەلان کـرا بـۆ چەندیـن بنکـە لـە بەغـدا نێـردران و دژایەتـی خۆیـان بـۆ ئامـاژە نـەدان بـە مانـەوەی ئیمتیازاتـی کـوردەکان لـە ڕێککەوتنامەکـەدا دەربـڕی.

زۆربـەی ئـەو داواکارییانـە پەیوەسـت بـوون بـەو داوایانـەی لەلایـەن واژوکارانـی ئـەم داواکارییانـەوە، بانگەشـەی بـۆ دەکـرا کـە گوایـە ئـەم داوایانـە مـاف و جیاوکگەلێکـن کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە لـە کانوونـی یەکەمـی ١٩٢٥دا بـە کـوردەکان دراوە؛ هەروەها ناڕەزایەتـی ورد لەبـارەی خراپ-بەڕێوەبردنـی [ناوچـە کوردییـەکان] لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە نیشـاندرا؛ ئـەم داواکارییانـە ئەوەیـان خسـتەڕوو کـە سـەرەڕای چەندیـن جـار ڕوونکردنـەوەی پێشـوو بـۆ کـوردە بەرپرسـەکان، بـەڵام تا هەنوکـەش بەهەڵە تێگەیشـتنێکی قـووڵ لەبـارەی مـەودای ئـەو ڕاسـپاردانە دەبینرێـت کـە ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان رایسـپاردوون. هـاوکات لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی ئاسـتی دڵەڕاوکـێ لـە نێـوان کوردەکانـدا، بەدگومانییـەک لـە ناوەنـدە سیاسـییەکانی عەرەبـدا سـەریهەڵدا، تەنانـەت لـە نێـوان ئـەو

کەسانەی پۆستی فەرمی باڵایان هەبوو، کە حکومەتی بەریتانیا بەنیازە یەکپارچەیی خاکی عێراق لە هەمبەر کۆمەڵەی گەلاندا ڕووبەڕووی مەترسی بکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی وروژاندنی کورد تا لە دژی حکومەتی عێراق بوەستنەوە.

بۆ کەمکردنەوەی گومانی عەرەبەکان و نەهێشتنی نیگەرانی کورد بڕیار درا کە لە غیابی کۆمسیاری باڵا و سەرۆک وەزیران کە هەردووکیان لە ئەوروپا بوون، کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت و سەرۆک وەزیران بە وەکالەت، سەردانی لیواکانی کەرکووک، هەولێر و سلێمانی بکەن و ڕاگەیێندراوێکی هاوبەش لەسەر سیاسەتی تایبەت بە کورد ڕابگەیێنن!

دەقی لێدوانەکانی لە میانەی ئەم سەردانە دران و ئەو یاداشتەی لەلایەن سەرۆک وەزیران بە وەکالەت لە ١٩ی ئابدا بۆ کۆمسیاری باڵا نێردرا، تێیدا تیشک خرایە سەر سیاسەتی حکومەتی عێراق [بەرانبەر کوردەکاندا] لە پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا خراوەتەڕوو.

بەڵگەکانیتر، سیاسەتی هاوبەشی حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق لە هەمبەر کوردەکانی عێراق دادەڕێژن کە دواتر خرانە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، هاوپێچ لەگەڵ داواکاریی کۆمەڵە کوردێک کە تایبەت بوو بە پێگەی کوردەکان لە عێراقدا کە لە لایەن کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، لە نۆزدەیەمین دانیشتنیدا لە تشرینی دووەمی ١٨٣٠دا، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

ئەمەی خوارەوە دەقی بڕیاری کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابە لەبارەی داواکاری کوردەکان، هەروەها ئەو بینین و بەڵگانەی لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە بۆ بەردەم [ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان] بەرز کرایەوە:

""چونکە ناکرێت ئاماژە بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلان بدرێت بۆ پاساوهێنانەوە بۆ خواستی داواکارەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان؛

""ئەم جۆرە داواکارییە هیچ بناغەیەکی لە کارەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلاندا نییە و ئەم داواکارییە تەنیا بەهەڵە لێکدانەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی [کۆمەڵەی گەلان]ە کە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥دا دەرکرا، ڕوون دەکرێتەوە،

کـە تێیـدا ئامـاژە بـەوە دراوە ئـەو ناوچانـەی داواکارەکان تێـدا دەژیـن، بـە عێراقـەوە لکێنراون؛""هەروەهـا ئـەم بڕیارانـە ئامـاژە بـە مامەڵەکردنێکـی تایبـەت لەگـەڵ کـوردەکان دەدەن، ئـەم مامەڵەکردنـەش، بـە پێـی دواییـن زانیارییەکانـی تایبـەت بـە دەسـەڵاتی ئینتیـداب، بـە تەواوەتـی جێبەجـێ نەکـراون، هەروەهـا [بڕیارەکـە داوای] گەرەنتیکردنـی دامەزراندنـی کارگێڕییەکـی خۆجێـی [بـۆ ناوچـە کوردییـەکان دەکات] کـە وادیـارە تـا هەنوکـە دانەمـەزراوە؛ [بۆیە]""کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب بڕیاریـدا ڕاسـپاردە بـۆ ئەنجوومەنـی [کۆمەڵـەی گـەلان] بنێرێـت:

١. داواکاریی کەسایەتیەکانی کورد ڕەتبکاتەوە، چونکە مەبەست لەم داواکارییە دامەزراندنی حکومەتێکی [سەربەخۆی] کوردییە کە لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلاندا بێت.

٢. داوا لـە دەسـەڵاتی ئینتیـداب بـکات ئـەو ڕێـکارە کارگێـڕی و یاسـایانەی بـۆ پاراسـتنی پێگـەی کـوردەکان داڕێـژراون بـە تەواوەتـی بگیرێنەبـەر و بـە باشـی جێبەجـێ بکرێـن.

٣. ڕەچـاوی ئـەوە بـکات ئەگـەر عێـراق بـە تەواوەتـی لـە ژێـر ماندێتـی بەریتانیـای گـەورەدا دەرچـوو، گرتنەبـەری ئـەم ڕێکارانـە، گرێنتـی بەردەوامبوونـی پێگـەی کـورد بـکات.

## ئاژاوەکانی سلێمانی لە کاتی هەڵبژاردندا

## (The Sulaimani election disturbances)

لـەو داواکاریانـەی بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان بەرزکرانـەوە، چەندینجـار ئامـاژە بـەو یاخیبوونـە دراوە کـە لـە کاتـی هەڵبژاردنەکانـدا لـە شـاری سـلێمانی ڕوویـدا، هـەر لەمبـارەوە یاداشـتێکی تێروتەسـەل خرایـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، هاوپێـچ لەگـەڵ تێبینیەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەسـەر ئـەم داواکاریانـە. بۆیـە پێویسـت نـاکات دووبـارە ئـەم چیرۆکـە بـە وردەکارییەکانییـەوە لێـرەدا بـاس بکرێتـەوە، بـەڵام ئـەم ڕاپۆرتـە بـێ ئاماژەدانێکـی کـورت بـەم ئاژاوانـە، ڕاپۆرتێکـی ناتـەواوە.

لـە ٦ی ئەیلوولـی ١٩٣٠دا، نزیکـەی ٣٠ کەسـایەتی [کـورد] بانگێشـتی بـارەگای حکومەتـی خۆجێـی لـە سـلێمانی کـران، تـا بـە گوێـرەی یاسـای هەڵبـژاردن [ئەندامانـی] کۆمیەتـی بەدواداچـوون هەڵبژێـرن. لـە کاتێکـدا پرۆسـەی هەڵبـژاردن بەڕێـوە دەچـوو، کۆمەڵـە خەڵکێـک لـە دەرەوەی بـارەگای حکومـەت گردبوونـەوە، لـە ماویەکـی کەمـدا ژمارەکەیـان زیـاد بـوو و هەڵچـوون و پۆلیـس کـە بـێ چـەک بـوو، نەیتوانـی کۆنترۆڵیـان بـکات. بـەرد دەهاوێـژرا. لـە سـەرا ١٥٣ شووشـە شـکێنران. بـە بـەرد هێرشـکرایە سـەر پۆلیـس و هەڕەشـە خرایـە سـەر بەندیخانـەی شـار و ئەمبـاری چەکـی پۆلیس. بـەم هۆیەوە داوای یارمەتـی لـە سـوپا کـرا، بـەڵام بـە گەیشـتنی کەتیبەیـەک لـە هێـزی پیـادەی سـوپا، جەمـاوەر پـەرت نەبـوو، بۆیـە بـۆ بـڵاوە پێکردنیـان، فەرمانـی تەقەکـردن درا. ژمـارەی بەرکەوتوانـی ئـەم ئاژاوەیـە بریتیـن لـە:

| | |
|---|---|
| پۆلیس | ١٠ بریندار |
| سوپای عێراق | ١ کوژراو، ٣ بریندار |
| یاخیبووان | ١٤ کوژراو، ٢٣ بریندار |

بـە تۆمەتـی جۆراجـۆرەوە، کـە گشـتیان پەیوەسـت بـوون بـە یاخیبوونەکـەوە، ٩٨ کـەس هێرانـە بـەردەم دادگا.

لەو کەسانە ٩٥ کەس ئازادکران.

٢ کەس تۆمەتبارکران و نەفی کران.

١ کەس فەرمانی پێکرا لە دەرەوەی سنوری لیوای سلێمانی نیشتەجێ بێت.

دوای ئـەو ڕووداوە، پڕۆسـەی هەڵبـژاردن بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە هەفتەیەک هەڵپەسێردرا و دواتـر دەسـتیپێکردەوە. سـەرەنجام پاڵێوراوانـی سـلێمانی بـۆ ئەنجوومەنـی نوێنـەران، پێـش دەسـت بەکاربوونـی پەرلەمـان لـە ١ی تشرینـی دووەم ١٩٣٠دا، هەڵبژێـردران.

لـە لیـوای هەولێـر و لـە قـەزا کوردییەکانـی لیـوای کەرکـووک و مووسـڵ، هەڵبژاردنەکان بەبـێ ڕوودانـی هیـچ ڕووداوێـک بەڕێوەچوون.

## سەر لەنوێ دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی شێخ مەحمود

لـە مـاوەی پاییـزی ١٩٣٠دا، ئاشـتی و ئارامـی لـە لیـوای سـلێمانی، دووبـارە بـە هـۆی چالاکییەکانـی شـێخ مەحمـودەوە تێکچـوو. هـەروەک چـۆن لـە بەشـی پێشـوودا ئامـاژەی پێـدرا، واژووی کردبـوو پابەنـد بێـت بـە دەسـتێوەرنەدان لـە هـەر جـۆرە کاروبارێکـی سیاسـی لـە عێراقـدا. لـە بەرانبـەردا گشـت موڵـک و سامانەکەی بـۆ گەڕایـەوە کـە [لەلایەن حکومەتـی عێراقـەوە] دەسـتی بەسـەردا گیرابـوو، ئـەم دەسـت بەسـەرداگرتنەش بـە هـۆی چالاکییـە دوژمنکارییـە بەردەوامەکانـی لـە دژی دەسـەڵات بـوو. لـە سـەرەتای ئەیلوولـی ١٩٣٠، زانـرا کـە شـێخ مەحمـود خەریکـی کۆکردنـەوەی خێڵـە چەکدارەکانـی سـەر سـنوری ئێرانـە، بـە مەبەسـتی ئەنجامدانـی کـردەوەی تێکدەرانـە. یەکسـەر هۆشـداری پێـدرا لـە دەرهاوێشـتەکانی شـکاندنی بەڵێنەکـەی کـە دەبـوو لـە دەرەوەی عێراقـدا بمێنێتـەوە و دەسـت لـە کاوربـاری سیاسـی وەرنـەدات. بـەڵام گوێـی بـەم هۆشـداریە نـەدا و دوای چەنـد ڕۆژێـک لەگـەڵ کۆمەڵێـک لایەنگـری چەکـداری خـۆی هاتـە نـاو خاکـی عێراق. سـێ ئەفسـەری کـورد لـە سـوپای عێـراق کـە لـە سـلێمانی دامەزرابـوون وازیـان هێنـاو چوونـە پـاڵ شـێخ مەحمـودەوە. سـەرەڕای دووبارەکردنـەوەی فەرمانـەکان و هۆشـدارییەکان، شـێخ مەحمـود ڕەتیکـردەوە لـە خاکـی عێـراق بچێتـە دەرەوە و بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە

ناوچـە خێڵەکییەکانـی باکووری سـلێمانی مایـەوە و بـە چالاکانـە هانـی سـەرۆک خێڵەکانی دەدا پشـتگیریی لـە داوا کەسـییەکانی بکـەن.

هەروەهــا داواکارییێکــی ئاڕاســتەی کۆمســیاری بــاڵا کــرد کــە حکومەتــی عێــراق "گشــت ناوچــە کوردییــەکان لــە زاخــۆوە تــا خانەقیــن" چــۆڵ بــکات و حکومەتێکــی کــوردی لــە ژێــر چاودێــری ئینتیدابــی بەریتانیــا دابمەزرێنرێــت تــا ئەوکاتــەی کۆمەڵــەی گــەلان دوایــن بڕیــاری خــۆی دەدات. ســەرەنجام بڕیــار درا کۆتایــی بــە هەڕەشــەکانی شــێخ مەحمــود بهێنرێــت و بەبەکارهێنانــی هێــز لــە عێــراق وەدەر بنرێــت. لــە ٣ی تشرینــی دووەمــدا، کەتیبەیــەک لــە هێزەکانــی شــێخ مەحمــود کــە لــە ٢٠٠ چەکــدار پێکهاتبــوون، هێرشـیان کـردە سـەر پێنجوێـن. سـتوونێک لـە سـوپای عێـراق بـە هـاوکاری هێــزی ئاســمانی بەریتانیــا نێــردران تــا پێنجوێــن ڕزگار بکــەن.

دواتـر لایەنەگرانـی شـێخ مەحمـود چالاکیەکانیـان بـۆ سـورداش گواسـتەوە، بۆیـە سـتوونێکیتری سـوپا لـە سـلێمانییەوە بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەیـان نێردرایـە ئـەوێ. چەندیـن پێکدادانـی بچـووک ڕوویانـدا و لـە یەکێـک لـەم پێکدادانـەدا لـە ٣ی کانوونـی یەکـەم، لـە سـوپای عێـراق ٤ کـەس کـوژران، ٢ ئەفسـەر برینـدار کـران و سـێ کەسـیترش برینـدار بوون. بـە درێژایـی مانگەکانی سـەرەتای سـاڵی ١٩٣٠، شـەڕی پارتیزانی لەم جۆرە بـەردەوام بوو، تا کاتـی نووسـینی ئـەم ڕاپۆرتە شـێخ مەحمود نە مەرجەکانـی قبوڵکردووە، نە دەسـتگیر کراوە.

بـە خۆشـحاڵییەوە، کاریگەرییەکانـی ئـەم چالاکیانـە، ئەوەنـدە جیـددی نیـن. بـە چـاو پۆشـین لـەو ڕووداوانـەی لایەنگرانـی بـە ڕاسـتەخۆ تێیـدا بەشـدار بـوون، یاسـا و ئارامـی زۆر تێــک نەچــوون و پڕوپاگەندەکانیشــی لــە لیواکانــی هەولێــر، کەرکــووک و مووســڵ ســەرکەوتنێکی ئەوتــۆی دەســتەبەر نەکــردووە.

خشــتەی ســەرنجەکان لەســەر داواکارییەکانــی کــورد بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان کــە بــۆ وەزیــری دەرەوەش نێــردراوە (ل ١٢٠-١٢٧)

Schedule of comments on Kurdish petitions to the League of Nations forwarded to the Secretary of State

**داواکاریی ژمارە ١ (petition No 1)**

لەلایــەن عەزمــی بەگــی بابــان و هاوڕێکانییــەوە، لــە ڕێکەوتــی ٢٦ی تەمــووزی ١٩٣٠ واژوو کــراوە. (بــە نووسراوێکــی نهێنــی لــە ڕێکەوتــی ٢٠ی ئابــی ١٩٣٠ نێردراوەتــەوە [واتــە بــۆ وەزیــری دەرەوە نێــردراوە]).

حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا ســەرنجەکانی خــۆی لەســەر ئــەم داواکارییــە دەربڕیــوە کــە لــە تشرینــی دووەمــی ١٩٣٠دا بۆ زانیــاری کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیداب، ئــەم ســەرنجانە بــۆ ســکرتێری گشــتی نێــردراون.

**داواکاریی ژمارە ٢، هێماکراو بە پیتی "A"**

لەلایــەن حەمەمیــن ئاغــای خورشــید ئاغــا و هاوڕێکانییــەوە، لــە ڕێکەوتــی ٢٤ی ئابــی ١٩٣٠ واژوو کــراوە. (بــە نووسراوێکــی نهێنــی بەژێــدەری (B) لــە ڕێکەوتــی ٣ی ئەیلوولــی ١٩٣٠ نێــردراوە).

یەکــەم واژووکار پــاش ماوەیەکــی کــەم لــە ناردنــی داواکارییەکــە، نووسراوێکــی واژووکــرد و تێیــدا ئامــاژەی بــەوەدا کــە خزمەتکاریــی وەفاداریــی حکومەتــی عێراقــە و بــە تەواوەتــی لــەم حکومەتــە ڕازییــە. لەکاتــە جیاوازەکانــدا ئامــاژەی بــەوە کــردوە بــە ویســتی ئازادانــەی خــۆی ئــەم نــووسراوەی واژوو کــردووە و ئــەم داواکارییــەی لــە ژێــر گوشــاردا واژوو نرکــردووە. خێڵەکــەی ئــەو تەنیــا ١٪ی کــورد پێکدێنێــت و تەنیــا دەســەڵاتی بەســەر ١/٥ی خێڵەکــەدا هەیــە. واژووکارانــی دییــش کەسایەتی گرنــگ نیــن.

ئــەم داواکارییــە ئــەو قســانە دووبــارە دەکاتــەوە کــە گوایــە کۆمەڵــەی گــەلان بەڵێنــی دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردی لــە ژێــر چاودێــری ئینتیدابــی کۆمەڵــەی گــەلان داوە. ئــەم

داواکارییە کە بۆ بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بەرز کراوەتەوە، هەروەها، تۆمەتی ئەوە دەخاتەڕوو کە گوایە:

ا گشت فەرمانبەرە حکومییەکانی عەرەب و تورکمان لە لیوای کەرکووک، بە شێوەیەکی ستەمکارانە و دڕندانە مامەڵە لەگەڵ کوردەکاندا دەکەن، مامەڵەکە هەر وەک مامەڵەکردنە لەگەڵ کەسێکی بێگانەیە،

ب لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، حکومەتی عێراق بە بەردەوامی فەرمانبەری غەیرە کورد لە لیوای کەرکووک دادەمەزرێنێت.

بارودۆخی کەرکووک لە ماوەی ڕابردوودا بە هۆی ئەو دڵنیاییەی لە مانگی تەمووزی ١٩٢٣ [بە نەتەوەکانی ئەم شارە] دراوە، ئاڵۆز بووە؛ پێویستە فەرمانبەری خۆجێیی لە پۆستە خۆجییەکاندا دابمەزرێنرێن و زمانی خۆجێیی (تورکی) ببێت بە زمانی فەرمی. یاسای نوێی زمانەکان زۆر بە باشی و بە لۆژیکانە پێگەی زمانی دیارکردووە. هیچ بنەمایەک بۆ ئەم قسەیە نییە کە گوایە کوردەکانی لیوای کەرکووک بە ستەمکارانە و دڕاندانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**داواکاریی ژمارە ٣، هێماکراو بە پیتی "B"**

لەلایەن عەزمی بەگی بابان و هاوڕێکانییەوە، ئەم داواکارییە لە ڕێکەوتی ٣١ی ئابی ١٩٣٠ و بە زمانی فەڕەنسی نووسراوە. (بە نووسراوێکی نهێنی لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلوول ١٩٣٠ دووبارە نێردراوەتەوە).

واژووکارانی ئەم داواکارییە هەر هەمان کەسن کە داواکاریی ژمارە ١یان واژوو کردووە. تۆمەتە تایبەتەکانی ئەم داواکارییە بریتین لە:

ا هەر یەکسەر لە دوای بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنامە نوێیەکە [لە نێوان عێراق و بەریتانیا، کورد] بە تێکڕایی ناڕەزایەتیان دژی ئەم ڕێککەوتنە دەربڕی، ئەو ناڕەزایەتییە بە دەرکردنی فەرمانبەرە کوردەکان لە لیواکەدا (ئاماژە بە لیواکە نەکراوە) وەڵامدرایەوە، بە شێوەیەک دەبووایە گشت فەرمانبەرەکان کورد بن، بەڵام فەرمانبەری عەرەب لە جێگەیان دامەزران.

ئـەم تۆمەتـە هیـچ ڕاسـتییەکی تێـدا نییـە. ڕێـکاری زۆر ورد گیراونەتەبـەر کـە نیشـانی دەدەن کـۆی گشـتی فەرمانبەرانـی کـورد لـە لیواکانـی هەولێـر، کەرکـووک، سـلێمانی و قـەزا کوردییەکانـی لیـوای مووسـڵ لـە نیسـانی ١٩٣٠دا (ڕێککەوتنامـە نوێیەکـە لـە حوزەیرانـی ١٩٣٠ واژووکـرا و بڵاوکرایـەوە)، ٣٢٤ فەرمانبـەر بوونـە، هەروەهـا لـە دێسـەمبەری ١٩٣٠ ژمـارەی فەرمانبـەرە کـوردەکان ڕێـک هەمـان ژمـارەی سـەرەوە بـووە. لـەم ماوەیـەدا کـۆی گشـتی فەرمانبـەرە عەرەبـەکان لـە ١٦٥ فەرمانبـەر بـۆ ١٥٤ فەرمانبـەر کـەم بووەتـەوە.

**ب** گوایـە سـەرۆک وەزیـران بـە وەکالـەت و کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت و حکومەتەکانی بەریتانیـا و عێـراق ڕێککەوتـوون لەسـەر ڕەتکردنـەوەی هەمـوو داواکارییەکانـی کـورد بـەو بیانـووەی جێبەجێکردنیـان لـە ئـەرزی واقیعـدا ئەسـتەمە.

ئەمـەش تـا ئـەو ئاسـتە ڕاسـتە کـە ڕاگەیێنـدراوە، دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی سـەربەخۆ کارێکـی ئەسـتەمە، بـەڵام لـە دەقـی لێداونەکانـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت کـە لەمبـارەوە داویەتـی، دەبینیـن ئیمتیازاتێکـی بەرچـاو بـە داواکانـی کـورد دراوە.

داواکارییەکـە بـاس لـەوە دەکات ژمـارەی کـوردەکان لـە عێراقـدا لـە ژمـارەی عەرەبـەکان زۆرتـرە، کەچـی ئەمـە هـەر بابـەت نییـە، هەروەهـا داواکارییەکـە بـە ئارگیۆمێنتـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی سـەربەخۆ کۆتایـی هاتـووە، ئـەم ئارگیۆمێنتـەش پێشـتر وەڵام دراوەتـەوە.

### داواکاریی ژمارە ٤ هێماکراو بە پیتی C

لەلایـەن هاوسـەری عەبدولقـادر لـە سـلێمانی بـە تەلەگـرام نێـردراوە، [عەبدولقـادر] یەکێـک لـە واژووکارانـی داوکارییەکـەی ٣١ی ئابـی ١٩٣٠ بـوو. ( بـە نووسراوێکـی نهێنـی لـە ڕێککەوتـی ٢٦ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، نێردراوەتـەوە).

ئـەم داواکارییـە ئامـاژە بـە یاخیبوونەکـەی کاتـی هەڵبـژاردن لـە سـلێمانی دەکات، کـە ئـەم ڕووداوە پێشـتر بـە تەواوەتـی باسـی لێـوە کـراوە.

### داواکاریی ژمارە ٥ هێماکراو بە پیتی ”D“

لەلایەن عەلی کوڕی حەسەن و هاوڕێکانییەوە لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠دا واژووکراوە. (بە نووسراوێکی نهێنی لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، نێردراوەتەوە).

سەختە ڕاستی و دروستی ئەم واژووانە بسەلمێنرێت، چونکە دەگوترێت ئەو کەسانە هاووڵاتی ئێرانن، بەڵام بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان، چەندین گوند کە ئاماژەیان بۆ کراوە، چووڵکراون و پێشتریش چووڵ بوون، بەڵام گوندەکانیتر لە سنوری [نێوان عێراق و ئێران] دوورن.

داواکارییەکە باس لەوە دەکات،گوایە ئەم هاووڵاتییە ئێرانیانە، خوازیارن لە ژێر سێبەری حکومەتی بەریتانیا لە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا بژین کە شێخ مەحمود فەرمانڕەوایی بکات. ئەم داواکارییەش پێویست بەوە ناکات هیچ سەرنجێکی لەسەر بدرێت.

### داواکاریی ژمارە ٦

لەلایەن جەعفەر سوڵتان و هاوڕێکانییەوە لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، واژووکراوە. (بە نووسراوێکی نهێنی لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، نێردراوەتەوە).

(نازانرێت، ئایا ئەم داوکارییە و داواکاری پێشتر لەلایەن هاووڵاتیانی ئێرانەوە واژووکراوە یان نا، بۆیە ئەم داواکارییە [ڕاستەخۆ] دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان.

ئەم پرسە لە نووسراوی نهێنی کۆمسیاری باڵا لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠دا، ئاماژەی بۆ کراوە).

بەهای ئەم داواکارییە و داواکارییەکەی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ کە لەلایەن جەعفەر سوڵتانەوە واژووکراوە، دەکرێت لە ڕێگەی ئەم نووسراوەی خوارەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت کە لەلایەن جەعفەر سوڵتانەوە نووسراوە و پرسیاری ئەوەی لێکرا، ئایا ئەم واژووە، واژووکەی خۆیەتی یان نا:-

نامەکەی بەڕێزتانم لەگەڵ سوپاس یاداشتێک بەدەست گەیشت کە زۆر بە وردی خوێندمەوە.

""سەبارەت بەو مەزبەتەیەی (methbeta) دەگوترێت لەلایەن براکەی من، کوڕەکەی من و خودی من واژووکراوە، تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە هیچ زانیارییەکم لەوبارەیەوە نییە، نە من و نە لایەنگرانی من واژوویان نەکردووە. هەروەها نازانم کێ ئەو واژووەی ساختە کردووە. بانگەشەکانی ناو مەزبەتەکە لەگەڵ بۆچوون و خزمەتکارییەکانی من یەک ناگرنەوە. زیاد لەمەش، خۆم بە ئێوەم گووتوە و نووسیویشمە کە من کوردم، بەڵام خوازیارم "کوردایەتی" (KURDIYET) و [دامەزراندنی یەکەیەکی] کارگێڕیی نەتەوەیی کورد، تەنیا ئەوکاتە بێت کە لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە ڕەزامەندی لەسەر بدرێت و بە گونجاو بزانرێت. پێشوازی لە پشتگیریی حکومەتی بەریتانیا دەکەم [بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد] ئەگەر ئەمە لەلایەن بەریتانیاوە پەسەند بێت. مەبەستم نییە ئەو جۆرە کارانە ئەنجام بدەم، لەوانەیە بە دڵی ئەفسەرە سیاسییە بەڕێزەکان نەبێت؛ هەروەها تا ئەوکاتەی من زیندووم، خزمەتی "حکومەتی سیاسی" دەکەم و ملکەچی خۆم بۆ فەرمانەکانی دەسەلمێنم.

"دەمەوێت تیشک بخەمەسەر ئەوەی من ئەو کەسە نیم دوایین بڕیاری بەدەستەوە بێت. هەر کاتێک بە ڕەزامەندی حکومەتی بەریتانیا دان بە مافی کوردەکان نرا و بۆ ئەم حکومەتە کەسێک هەڵبژێردرا و دامەزرێنرا، ئەوکات هیچ شتێک ناکەم، تەنیا ملکەچ بوون نەبێت بۆ ئەم کەسە. جیا لەمە، پاڵاوتنی کەسێک بۆ فەرمانڕەوایی کردنی کوردستان لە دەسەڵاتی هیچ کەسێکدا نییە".

**داواکاریی ژمارە ٧ هێماکراو بە پیتی "F"**

لەلایەن شێخ مەحمود و هاوڕێکانی لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، واژووکراوە. (بە نووسراوێکی زۆر نهێنی بە ژێدەری (A) لە ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠ نێردراوە).

وەسفی ٣٠ کەس لە واژووکارانی ئەم داواکارییە، جیا لە شێخ مەحمود، بە شێوەی خوارەوەیە:-

پتر لە نیوەی لیستەکە ناوی ساختەن، یاخود ناوی منداڵ و گەنجن. یەکێک لە واژووکارەکان نزیکەی بیست ساڵە مردووە. ئەوانیتر ئاغای گوندن و بە چاوپۆشین لە دوو یان سێ ناو، ئەوانیتر کەسانی گرنگ نین.

ئـەو زانیاریانـە لەلایـەن کوردێـک دراون کـە شـارەزای خێڵـی پشـدەرە و نازانرێـت بـە چ مەبەسـتێک داوای ئـەم زانیاریانـەی لێکـراوە.

تۆمەتە تایبەتەکانی ناو ئەم داواکارییە بریتین لە:

ا عەرەبەکان خەڵکیان لە سلێمانی بە چەکی ئۆتۆماتیک، کۆمەڵکوژ کردووە.

ب زۆرێـک لـە ڕۆشـنبیرە کـوردەکان، بـێ ئەنجامدانـی هیـچ پێشـێلکارییەک، بەندکـراون و زۆرێـک لـە کەسـایەتیە نـاودارەکان خراونەتـە بەندیخانـە و نەفـی کـراون.

ج سـکی منداڵـی هەفـت ساڵە بـە سـەرە نێـزە کـون کونکـراوە، سـەرەڕای برینداركردنـی منداڵانـی تـر.

ئەمانە بێنە بەرچاوی خۆت:

ا ئـەو هەسـتەی بـە ئەنقەسـت لـەم وشـانەدا خراوەتـەڕوو مەبەسـتی ئەوەیـە کـە گوایـە بـێ جیاوازیکـردن و لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی چەکـی ئۆتۆماتیکی، لـە یاخیبوونەکەی ٦ی ئەیلوولـدا تەقـە لـە خەڵـک کـراوە. ئـەم بانگەشـەیەش بە گوێـرەی خسـتنەڕووی ژمارەی بەرکەتوانـی ڕووداوەکـەی سـلێمانی، کـە پێشـتر ئامـاژەی پێدرا، لـە ڕاسـتییەوە دوورە.

ب وردەکاری تەواو [لەسەر ئەم ڕووداوە] پێشتر خراوەتەڕوو.

ج هیچ بەڵگەیەک نییە ڕاستی ئەم بانگەشەیە بسەلمێنێت.

**داواکاریی ژمارە ٨**

لەلایـەن جەعفـەر سـوڵتان و هاوڕێکانییـەوە لـە ڕێکەوتـی ١٤ تشرینـی یەکەمـی ١٩٣٠، واژوو کـراوە. (بـە نووسراوێکـی نهێنـی بـە ژێـدەری (A) لـە ڕێکەوتـی ١٩ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٣٠، نێردراوەتـەوە).

بڕوانـە سـەرنجەکانی سـەر داواکارییەکـی ٩ی تشرینـی یەکەمـی، ئەویـش لەلایـەن جەعفـەر سـوڵتانەوە واژووکـراوە.

**داواکاریی ژمارە ٩**

لەلایـەن شـێخ مەحمـودەوە بـۆ کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب. لـە ڕێکەوتـی ١٢ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣١، بـە نـووسراوی زۆر نهێنـی نووسـینگەی کۆلۆنیـال بـە ژێـدەری (A) بـۆ ڕادەربڕیـن بـۆ کۆمسـیاری بـاڵا نێـردراوە.

بـە ئاشـکرا، ئـەم بەڵگەیـە بریتییـە لـە ئینزارێک نـەک داواکاریـی. نازناوی شـێخ مەحمود کـە خـۆی بـە سـەرۆکی نەتـەوەی کـورد دەناسـێنێت، بـە خوێندنـەوەی مێژووەکـەی لـە "پێداچوونـەوەی تایبەتـی ١٠ سـاڵانەدا" خراوەتـەڕوو، دەکرێ هەڵبسـەنگێندرێت.

پێشـتر ڕاسـتیی پەیوەسـت بـە یاخیبوونـی کاتـی هەڵبژاردنـەکان بـە گشـت وردەکارییەکانـەوە خراوەتـەڕوو، هەروەهـا بەرپرسـیارێتی فەرمـان بـە تەقەکـردن ئەرکـی موتەسـەڕیفی بەریتانـی بـە وەکالەتـە.

بـێ ئەمەکـی لەبەرانبـەر حکومەتـی خاوەنشـکۆ و ئـەو مەبەسـتەی کـە لـە دوو پەرەگرافـی کۆتایـی ئـەم بەڵگەیـەدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، شـایانی ئـەوە نییـە هیـچ سـەرنجێکی لەسـەر بدرێـت.

(ل ١٢٨)

Mr. Flood 2.31

Sir G. Grindle 23

S. H. W. 24. 2. 31

Secretary of State 26/2.

88020/2/31

چاوەڕوانی بۆ ڕەزامەندی دەربڕینی وەزارەتی دەرەوە.

هاوڕایی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ گۆڕینی لاپەڕە ؟ F.

دووبارە داڕشتنەوەی تەلەگرامی وەزیری کاروباری کۆلۆنیال بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق

(لە کاتژمێر ٦:١٨ خولەکی ئێوارە لە ڕێکەوتی ٣ی ئاداری ١٩٣١ نێردراوە)

ژمارە ٦٩

ئاماژە بە تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ١٠٨ لە ڕێکەوتی ١٨ی شوباتی. من پێشنیاز دەکەم کە بۆ حکومەتی عێراق ئەوە بخەنەڕوو ئەگەر ئەوان هەر هەنگاوێک بنێن کە بە ئاشکرا ببێتە هۆی ناساندنیان، لەکاتێکدا لەگەڵ حکومەتەکانی ئێران و تورکیا ناڕەزایەتیان پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کردووە، ئەمەش واتە ڕاستەوخۆ ئیهانەکردن بە دەسەڵاتی کۆمەڵەی گەلان.

ئەنجامەکانی ئەم جۆرە هەنگاوە لە گشت حاڵەتێکدا بریتییە لە زیانێکی قەرەبوو نەکراو کە لە داهاتووی عێراق دەدرێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاپۆرتێک لە ناوەندەکانی کۆمەڵەی گەلاندا دەستاودەست بکات کە حکومەتی عێراق پشتگیریی و تەنانەت هاوسۆزی ئەم جۆرە ناڕەزایی دەربڕینەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرپەرچدانەوەیەکی زۆر توند [لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە]. هاوکات دەبێتە

هـۆی ئـەوەی حکومەتـی خاوەنشـکۆ چیـتر نەتوانێـت بەرگـری لـە سیاسـەتی [حکومەتـی عێـراق] بەرانبـەر کـورد بـکات و بـە سیاسـەتێکی دوو فاقانـە دادەنرێـت و تەنیـا بـەو مەبەسـتە داڕێـژراوە وڵاتـە بیانییـەکان بەهەڵـەدا ببـات. بۆیـە بـە دڵنیاییـەوە ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی ئاسـۆی وەرگرتنـی عێـراق لـە کۆمەڵـەی گـەلان بـە تەواوەتـی لـە نـاو بچێـت.

F. O. concur. Now send off copies to A.M. F.O. L.FF. 2 drafts

(ل ١٢٩)

Dowing Street

Mrach 1931

88020/1/31

بەڕێز ڕێندێڵ (Rendel)

"ئاماژە بە نامەکەی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (N.8855/31/93) کە تایبەتە بە بابەتی داواکاریی کورد. من کۆپییەکتان لە مانەی خوارەوە بۆ هاوپێچ دەکەم:

١. نووسراوێک کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی شوباتی بۆ بەغدا نێردراوە، چەند کۆپییەک لەو یاداشتنامەیە دەنێرم کە بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکراوتەوە.

٢. چەندین نووسراویتر کە بڕیارە بۆ سێر فرانسیس هامفری (Francis Humphry) بنێردرێت، ئەویش ئەگەر بەڕێزت ڕازی بیت. ئەو هێڵانەی (سیاسەتانەی) کە لەلایەن هاڵ (Hall)وە پێش گەشتەکەی پێشنیاز کرابوون، خۆشحاڵ دەبم بزانم، ئایا بەڕێزت هیچ ناڕەزایتیەکت لەبارەی ئەو هێڵانە هەیە. وەزیری کاروباری دەرەوە لەسەر ئەم هێڵانە ڕازییە.

تکایە بە زووترین کات ئاگادارم بکەرەوە، ئێمە دەتوانین لە هەینی داهاتوودا [نووسراوەکان] بە پۆستەی هەوایی بنێرین.

خزمەتکارتان

واژوو: G. E. W. Flood

G. N. RENDEL , ESQ

(ل ١٣٠)

لە هەر جۆرە ئاماژەدان بەم بابەتە تکایە ئاماژە بکە بە نووسراوی (E 855/31/93)

هەروەهــا ئاڕاســتەکراوە بــۆ- نــاوی هیــچ کەســێک نەهێنرێــت- ”جێگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە“ (Under-Secretary of State). وەزارەتــی دەرەوە، لەنــدەن، S. W. 1

جێگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی پێشـکەش دەکات بـە: جێگـری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە بــۆ کاروبــاری کۆلۆنیــال، هەروەهــا بــە ڕێنمایــی وەزیــری کاروبــاری دەرەوە، کۆپیــەک لــەم نــووسراوەی خــوارەوە دەخاتــەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

٤ی ئاداری ١٩٣١

ئامـاژە بـە نـووسراوی پێشـوو: یاداشـتی وەزارەتـی دەرەوە بـە ژمـارە (E ٩٣/٣١/٨٥٥) لـە ڕێکەوتــی ٢٣ی شــوباتی ١٩٣١.

وەسفی نووسراوەکە

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| لەلایــەن: کۆمەڵــەی گــەلان (A/22413/655) لــە ڕێکەوتــی ٢٧ی شــوباتی ١٩٣١ | داواکاریی کوردی عێراق |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ (١٤-٢٢٠٦٥ (٢))

(ل ١٣١)

(E 855/31/93)

(6A/22413/655)

کۆمەڵەی گەلان

جنێڤ

٢٧ی شوباتی ١٩٣١

بەڕێز،

شەرەفمەندم پێتان ڕابگەیێنم نامەکەتان بە ژمارە (E 855/31/93) لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩٣١، بە دەستمان گەیشت. کە ئەم هاوپێچەی لەگەڵدا بوو:

١. دەقی ڕەسەنی ٧ داواکاریی کوردی عێراق، هاوکات لەگەڵ وەرگێڕانی ئەم داواکاریانە [بۆ سەر زمانی ئینگلیزی] کە بە زمانی خۆجێیی نووسرا بوون.

٢. یاداشتێکی سەرەتایی کە بۆچوونەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لە شانشینی یەکگرتووی گەورە و ئیرلەندای باکوور لەسەر ئەم داواکاریانەی لەخۆ گرتبوو.

نامەکەی بەڕێزتان و نووسراوەکانی دی، بۆ ئەندامانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەنێردرێن.

لەگەڵ ڕێزدا..

بۆ سکرتێری گشتی

واژوو: (VITO)

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

هاوپێچ کۆپیەک بۆ:

وەزیری کاروباری دەرەوە، وەزارەتی دەرەوە، (DowNing Street, S. W. 1)

تەلەگرامی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری کۆلۆنیال (Secretary of State for the Colonies) (ل ١٣٢)

(لە ڕێکەوتی ٤ی ئاداری ١٩٣١، لە کاتژمێر ٥.٠ خولەکی ئێوارە، لە ڕێکەوتی ٤ی ئاداری ١٩٣١ گەیشتووە)

ژمارە ١٢٥

نووسراوەکەتان لە ڕێکەوتی ١٢ی شوبات بابەتی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە. چاوەڕوانی ڕێنمایی تایبەتم تا پەیوەست بە داواکاریی کورد و داواکاریی دەستەی بەڕێوەبەران (B.O.D petition) بەو ئاڕاستەیە هەنگاو بنێم کە کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ڕایسپاردووە. یەکەمین بڕیاری ئەنجوومەنی [کۆمەڵەی گەلان] لەمبارەوە لە ڕۆژنامە خۆجێیەکاندا بڵاوکرایەوە، ناڕوونە؛ بۆیە خۆشحاڵ دەبم لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێنمایی بخەنەڕوو:

ا ئایا دەتوانم لەبارەی وەڵامی کۆمەڵەی گەلان پەیوەندی بە داواکارە کوردەکانەوە بکەم؛ ئەگەر بتوانم، لەسەر چ بنەمایەک ئەم کارە بکەم، مەرجەکان چین؛ بۆ نموونە، ئایا من دەتوانم تەنیا ئەوە بڵێم کە داواکارییەکەتان ڕەتکراوەتەوە، چونکە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان دەکەن، یاخود سکرتێری گشتی لە ڕێگەی دەسەڵاتی ئینتیدابەوە وەڵامیان بداتەوە؟

ب ئایا لەبارەی ڕاسپاردەی دووەمی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب پەیوەست بە داواکاریی کورد بۆ گرتنەبەری هەر جۆرە هەنگاوێک چاوەڕوانی ڕێنمایی تایبەت بم؟

ج ئایا من ڕاست دەکەم کە سێیەمین ڕاسپاردە دەڵێت، نابێ دەسەڵاتی ئینتیداب هیچ هەنگاوێک بگرێتەبەر؟ ئەگەر ئەمە وابێت بە بڕوای من باشترە حکومەتی عێراق لەمبارەوە ئاگادار بکەینەوە، چونکە ڕۆژنامە لۆکالییەکان لێکدانەوەی هەڵە بۆ ئەم بابەتە دەکەن.

د ئایا لەبارەی داواکاریی دەستەی بەڕێوەبەران (B.O.D petition)، خودی حکومەتی خاوەنشکۆ هەنگاوی پێویست دەگرێتەبەر، یاخود لێرەوە هەنگاوەکان بگرینەبەر؟

نهێنی (ل ١٣٣)

ژمارە ٨١١

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ٥/٤ی ئاداری ١٩٣١

بەڕێز سێر فرانسیس

ئاماژە بە یاداشتی بەڕێزتان بە ژمارە (P. O/41) لە ڕێکەوتی ١٨ی شوباتی ١٩٣١.

من لەگەڵ بەڕێزتان هاوڕام پێویستە هەردوو حکومەتەکە، واتە حکومەتی عێراق و حکومەتی بەریتانیا، لەبارەی پرسی کورد لە نزیکەوە لەگەڵ یەکتردا کار بکەن و باشترە لەگرتنەبەری هەر جۆرە هەنگاوێک سەبارەت بەم پرسە ڕاوێژ بەیەکتر بکەن.

کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوە تەلەگرامی وەزیری عێراقی لە ئەنقەرە بە من نیشاندا کە تێیدا ئاماژە بەوە کرابوو حکومەتی تورکیا بەنیازە بەرانبەر کۆمەڵەی گەلان لە دژی ڕاسپاردەکانی کۆمسیۆنی ئینتیداب نارەزایی دەرببڕێت، داوا لە من کرا کە وەڵامی بەڕێزتان بدەمەوە بە هەمان ئەو شێوەیەی ئەو لەو یاداشتەی کە بۆ بەڕێزتانی ناردبوو، وەڵامی دابووەوە. لەوانەیە بەڕێزتان تێبینی ئەوەتان کردبێت ئەم وەڵامە هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت دووپاتکردنەوەیە لەسەر ئەو شتەی لەسەری ڕێککەوتووین، واتە حکومەتی عێراق ئامادە نییە هیچ مافێک بە کەمینەکان ببەخشێت، تەنیا ئەو مافانە نەبێت کە ڕایگەیاندووە. بۆیە من بە پێویستم نەزانی پێش وەڵامدانەوە، لەم بارەیەوە بۆچوونی بەڕێزتان وەرگرم.

وەڵامی یاداشتی بەڕێزتان بە ژمارە (P.O/40) لە ڕێکەوتی ١٦ی شوباتی، لە ڕێگەی نامەکەم بە ژمارە ٧٣١ لە ڕێکەوتی ٢٥ی شوباتی ١٩٣١، داوەتەوە.

خزمەتکارتان

واژوو: نوری ئەلسەعید

H.E. Sir Francis Henry Humphrys

G.C.V.O., K.C.M.G., K.B.K., O.I.E

His Britannic Majesty"s High Commissioner for Iraq, Baghdad

(ل ١٣٤)

لە هەر جۆرە ئاماژەدان بەم بابەتە تکایە ئاماژە بکە بە نووسراوی (E ٩٣/٣١/١٠١٥)

هەروەها ئاڕاستەکراوە بۆ- ناوی هیچ کەسێک نەهێنرێت- ""جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە"" (Under-Secretary of State)، وەزارەتی دەرەوە، لەندەن، S. W. 1

وەزارەتی دەرەوە، S. W. 1

٥ی ئاداری ١٩٣١

سێر

١. لەلایەن مستر سکرتێر هێندرسۆن (Mr. Secretary Henderson) ڕاسپێردراوم ئاگادارتان بکەمەوە کە نامەکەتان بە ژمارە (٣١/٢/٨٨٠٢٠) لە ڕێکەوتی ٢٨ی شوبات بە دەستمان گەیشت کە پەیوەست بوو بە پێشنیازی حکومەتی تورکیا بۆ دەربڕینی نارەزایەتی هاوبەش لەلایەن حکومەتەکانی تورکیا، ئێران و عێراق بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان، لەبارەی بڕیاری ئەنجوومەنی [کۆمەڵەی گەلان] لەبارەی داواکاریی کوردەکانەوە.

٢. داواتان لێدەکەم لۆرد پەسفیلد (Lord Passfiled) ئاگادار بکەنەوە کە وەزیری کاروباری دەرەوە هاوڕایە لەسەر مەرجەکانی ئەو تەلەگرامەی بەڕێزیان پێشنیازی کردووە بخرێتە بەردەم کۆمسیاری باڵا لە عێراقدا، کە پەیوەست بوو بەوەی لە دوایین هێڵی یەکەم لاپەڕەی ئەو ڕەشنووسەی هاوپێچی نامەکەتان کرابوو، وشەی "بەرگریکردن" (to defend) بگۆڕدرێت بە وشەی "پشتگیریی کردنیان لە" (their support of).

بەڕێز،

من خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتانم

جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە،

نووسینگەی کۆلۆنیال

(ل ١٣٥)

لە [یاداشتی] ڕۆژهەڵاتی نزیک، هەڵهێنجراوە (Extracts from The Near East)

٣/٣/١٩٣١

کوردی عێراق

پـتر لـە جارێـک لـەم تێبینیانـەدا ئێمـە بانگەشـەی ئەوەمانکـردووە لـە پەیوەندییەکانیـدا ڕەچـاوی مەترسـییە جیددیەکانـی بارودۆخـی باشـووری کوردسـتان لەگـەڵ پاشـایەتی عێراق بکـەن. وادیـارە هەندێـك ناوەنـد لـە بەغـدا لـە مەترسـیداربوونی دۆخەکـە تێناگـەن. لـە لاپەڕەیـتردا وەسـفێک دەخوێنینـەوە کـە لەلایـەن پەیامنێرەکەمـان لـە بەغـدا لەبـارەی جـۆری بیرکردنـەوەی کۆمەڵێـک عـەرەب لـە پایتەختـی عێراقـدا بەرانبـەر کێشـەی کـورد، خراوەتـەڕوو. ئێمـە دڵنیایـن قسـەکانی ئـەو- ئـارەزووی داهاتوویەکـی بـاش بـۆ عێـراق- بـە وردی دەخوێندرێتـەوە. کێشـەی کـورد، کێشـەیەکی نیوەچـڵ نییـە، کێشـەیەکی سـاختەش نییـە، ئـەم کێشـەیە پێویسـتی بـە لێوردبوونەوەیەکـی قـووڵ هەیـە، [ئەمـەش لـە پێنـاو] بەدیهێنانـی ئاشـتی و ئارامـی لـە عێراقـدا، تەنیـا کۆمەڵـە وشـەیەک نەبێـت. ئـەم کێشـەیە تەنانـەت بەهـۆی هەڵکەوتـەی جوگرافیایـی خێڵـە کوردییـە جۆراوجـۆرەکان کێشـەیەکی نەتەوەیـش نییـە، چونکـە ئـەم کێشـەیە بەلانیکەمـەوە کاریگەریـی لەسـەر دوو دەوڵەتـی دراوسـێی عێـراق دروسـت دەکات.

ئێمـە ئامۆژگاریـی خۆمـان دووبـارە دەکەینـەوە کـە ئەمـە لـە بەژەوەنـدی خـودی عێراقییەکاندایـە دەسـت لـە سـەرکۆنەکردنی کـورد یاخـود سـەرکۆنەکردنی حکومەتـی بەریتانیـا هەڵگـرن و بـۆ جیهـان و بەتایبەتیـش بـە جنێـڤ، نیشـانی بدەن کە بەجـدی ڕێز لە مافـە تایبەتییەکانـی کـورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا دەگرن. لـەم کاتـەدا دەکرێت هەندێـك بەشـی باشـووری کوردسـتان بەتەواوەتـی لـە ژێـر کۆنترۆڵـی حکومەتـی ناوەنـدی لـە بەغـدا دەربچـن، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کە مێـژوو خۆی دووبـارە دەکاتـەوە، بەڵام ئەمـە کارێکـی نیگەرانکـەرە، بەتایبەتـی لـەو ڕوانگەیـەی کـە حکومەتـی عێـراق لـە سـاڵی داهاتـوودا بـە نیـازە پێشـنیازیی بـوون بـە ئەندامـی کۆمەڵـەی گـەلان بخاتـەڕوو.

## عێراق

بەغدا، ٢٠ی شوباتی

باشووری کوردستان

نەبوونی مەیلێکی گشتی، یاخود نەبوونی زانیاری لەسەر ئۆپەراسیۆنە سەربازییە گرنگەکان لە باشووری کوردستاندا، جێگەی سەرنجدانە. کەمتر لە دوو سەد میل لەم پایتەختەوە، هێزە چەکدارەکان، کە لەلایەن کەسێکی خاوەن ڕەچەڵەك و دوژمنی حکومەت بەڕێوە دەچێت (دۆستە کۆنەکەمان شێخ مەحمود) تەحەدای حکومەتی عێراق دەکات، هەندێك سەرکەوتنی کەمیشی بەدەستهێناوە. کۆمەڵێک ڕێگا پارێزراو نین، یەک یان دوو بنکەی پۆلیس کەوتونەتە دەست دوژمن، بە دڵنیاییەوە بەشێکی فراوانی خاکی عێراق (تەنانەت ئەگەر بە شێوەی کاتیش بێت) لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتدایە، بەڵام بۆ سیاسەتمەداران و خەڵکی ناوچە غەیرە کوردییەکان ئەمە لە دەنگۆکانی جنێڤ لایان کەمتر سەرنج ڕاکێشە، یاخود هێندەی دەست لەکارکێشانەوەی بەرپرسێك سەرنجڕاکێش نییە. سەرەڕای لە ڕاستیدا، حکومەت زۆر بڕوای بە تواناکانی خۆی هەیە کە دەتوانێت بە گشتی بەسەر گرفتی کوردەکاندا سەرکەوێت، بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە زۆر بە کەمی باس لەو گرفتانە دەکرێت. هەروەها خوێندنەوەیەکی زۆر کەم بۆ کێشە سەرەتایی و ڕاستەقینەکەی کوردانی عێراق کراوە. بەشداریکردنی ڕۆژنامە لۆکالییەکان لە دۆزینەوەی چارەسەر زۆر دوورترە لە پرژاندنێکی عاقڵانە لەسەر ئەو ڕاستییانەی کەسێک [لە ڕاپۆرتی ئەم ڕۆژنامانەدا] دەخوێنێتەوە. ئەمەش جێگەی نائومێدییە. ڕۆژنامەنووسێک دەزانێت کورد، برا عەرەبەکانیان خۆش دەوێت. لەم ناوندەشدا هەندێك بریکاری قین لە دڵ (بێ گومان حکومەتی بەریتانیای خاوەنشکۆ) بوونەتە هۆی چاندنی دووبەرەکی؛ لای کەسانێك، ئەوان بەشێک لە سنورنشینە دڕندەکانن کە پێویستە لە ناو ببردرێن. لای کەسانێکیش، ئەوان هاوبەشێکی تازە پێگەیشتوون لە دەوڵەتی عێراقدا و دەبێ تەحەمول بکرێن، ئەویش بەو مەرجەی بە باشی ڕەفتار بکەن و سوپاسگوزاریی بەخشەندەییەکی کەمیش بن. هیچ یەک لەم [ڕەفتارانەی] سەرەوە وەک پێویست

بـەس نیـن. کـورد دڕنـدەن، جوامێـر و بەتایبەتیـش خەڵکـی هۆشـیارن. پێگـەی ئـەوان لـە پلانەکانـی داهاتـوودا نابینرێـت، بـەڵام سـەختە پشـتگوێ بخرێـن و فەرامـۆش بکرێـن.

ئایـا حکومەتـی عێـراق دەتوانـێ زووتـر و زۆرتـر هۆشـیاری سیاسـی خـۆی بـێ یارمەتیدانـی [حکومەتـی بەریتانیـا] دەسـتەبەر بـکات و تێڕوانینێکـی فراوانـتر بخاتـەڕوو، لێبـوردە بێـت، هاوسـۆز بێـت، ئەگـەر ئـەوە بیـری خـۆی بێنێتـەوە کـە دوێنـێ عـەرەب کەمینەیـەک بـوون لـە [دەوڵەتـی] عوسـمانیدا- بـێ ئـەم پرسـیارە بەهێزانـە، پرسـە قورسـەکان چارەسـەر ناکرێـن.

نهێنی (ل ١٣٦)

ژمارە (P. O 53)

شوێنی مانەوە

بەغدا، ٥ی ئاداری ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیران

تکایە ئاماژە بە نامەکەتان بە ژمارە ٧٣١ لە ڕێکەوتی ٢٥ی شوبات بدەن کە تایبەت بوو بە پرسی یاسای زمانە خۆجێییەکان.

زۆر بە وردییەوە ئەو پێشنیازانەم خوێندەوە کە لەم یاداشتەدا ئاماژەیان پێکرابوو و بڕیارمدا بە پێی تێگەیشتنم بەندی نوێ لە نامەکەم بە ژمارە (P O. 40) لە ڕێکەوتی ١٦ی شوبات پێشنیازکراوە، بە هەموارکردنێک لەم یاداشتەدا هاوپێچکراوە، لە یاساکەدا گونجێندراوە. هیچ ناڕەزایەتییەک لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەی "کوردی خۆجێیی" لە ئارادا نییە؛ هەم لەم بەندەدا و هەمیش لە بەندەکانی ٢ و ٥ی یاساکەدا. بەڕێزتان تێبینی ئەوەتان کردووە هەموارکردنێکی کەم، کە ئێستا لە بەندە نوێیەکدا گونجێنراوە، تەنیا بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەوە بووە کە ئەو شێوازە کوردییەی حاڵیحازر لە کاروباری فەرمی بەکار دەهێنرێت، بە پێی یاسا لە گشت ئەو ناوچانەدا، لەو کاتەوە کە یاساکە دەبێتە یاسایەکی بەرکار، زمانی کوردی بە زمانی فەرمی تێدا ناسراوە، ئەمەش تا ئەوکاتەی زمانێکی کوردی دووەم بۆ نووسین لە هەندێك ناوچەی [کوردستاندا] بە زمانی فەرمی دەناسرێت.

هەر لە بنەڕەتدا یاساکە بەم شێوەیە داڕێژرابوو کە حکومەت بتوانێت یەکسەر لە دوای پەسەندکردنی یاساکە، بڕیار بدات شێوازێکیتر لە نووسین بە زمانی کوردی لە هەندێك ناوچەدا بە زمانی فەرمی بناسرێت. بەم هۆیەوە هیچ شێوازێکی نووسینی کوردی بە هەمیشەیی بە شێوازی فەرمی ناناسرێت. دڵنیام بەڕێزیشتان هەر ئەم مەبەستەتان هەیە و گومانم لەوەدا نییە کە ڕەشنووسی

دووەمـی یاسـاکە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە پەسـەند دەکرێـت. خۆشـحاڵ دەبـم بەڕێزتـان پشـتگیریی لـەم یاسـایە بکـەن.

[دوو دێڕی کۆتایی بەڵگەنامەکە بە هۆی خراپی چاپ ناخوێندرێنەوە. وەرگێڕ].

خزمەتکارتان

واژوو: E. H. Humphrys

نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا

عێراق، زۆر نهێنی، کۆمسیاری باڵا (ل ١٣٨-١٤١)

٦ی ئاداری ١٩٣١ Downing Street

88020/1/31

Mr. Flood 3. 3. 31

Mr. Tomlinson

Sir C. Bottomley

Sir J. Shuerburgh

Sir G. Grindle

Permt. U.S of S.

Parly. U.S. of S.

Secretary of State

بەڕێز،

لە درێژەی نووسراوە زۆر نهێنیەکەمدا لە ڕێکەوتی ٢٧ی شوباتی، شەرەفمەندم سەرنجتان بخەمەسەر یاداشتنامەی بۆچوونە سەرەتاییەکانی پەیوەست بە داواکاریی کورد کە خراوەتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان.

لە دووەمین پەرەگرافی یاداشتنامەکەدا بەڕێزتان تێبینی ئەوە دەکەن حکومەتی خاوەنشکۆ بەڵێنی داوە لە دوای ئەوەی خودی خۆتان گەشتێک بۆ ناوچە کوردییەکان ئەنجام دەدەن؛ ڕاپۆرتێکی تەواو و هەمەگیر [لەبارەی ناوچە کوردییەکان] دەخاتەڕوو و دەرنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە زووترین کاتدا دەخرێتە بەردەم [کۆمەڵەی گەلان].

١. بە بڕوای من باشترە ڕاپۆرتەکە دوای گەشتەکەتان بۆ ناوچە کوردییەکان ئامادە بکرێت؛ هەروەها هیوادارم تا ئەوکات لە هەوڵەکەتان سەرکەوتوو بن بۆ هاندانی حکومەتی عێراق کە هەم بە قسە و هەمیش بە کردە، سیاسەتەکەی

بەرانبەر کوردەکاندا جێبەجێ بکات کە ساڵی پار ڕایگەیاندبوو. لە سێیەم پەرەگرافی نووسراوەکەتان لە ڕێکەوتی ١٣ شوبات، تێبینی ئەوەم کرد بەڕێزتان هیواخوازن شتەکان بخرێنە سەر ڕێچکەی ڕاست؛ بۆیە دڵنیاتان دەکەمەوە لەمبارەوە دەتوانن پشت بە پشتگیریی تەواوی حکومەتی خاونشکۆ ببەستن، لە گرتنەبەری هەر ڕێکارێک بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

٢. پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، ئایا ڕاپۆرتی تایبەت بە داواکاری کورد و ڕاپۆرتی پەیوەست بە پرسی کورد بە جیا پێشکەش بە کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەکرێن، یاخود هاوپێچی "ڕاپۆرتی ١٠ ساڵەی تایبەت بە عێراق" دەکرێن. بە پێی تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ١١٤، وەها دەردەکەوێت بەڕێزتان پێتان باشترە زانیارییە زەرورییەکانی تایبەت بە کورد بخرێنە ناو ڕاپۆرتی ١٠ ساڵە. بەهەرحاڵ، تاڕادەیەک لەگەڵ ئەم پێشنیازەدا نیم، چونکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییەکان، پێویست بە بەیانێکی پڕ لە وردەکاری و هەمەگیر هەیە. هەروەها گونجاندنی ئەم بەیانەش لە ڕاپۆرتی ١٠ ساڵەدا، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی پرسی کورد گرنگییێکی زەرەرمەندی پێبدرێت، ئەمەش لەوانەیە لە سەر حیسابی بابەتە گرنگەکانیتر بێت. هەروەها لەوانەیە ئەم کارە هاوسەنگی گشت ڕاپۆرتەکە تێکبدات کە دەخرێتە [بەردەم کۆمەڵەی گەلان].

بۆیە بە بڕوای من، باشترە لەگەڵ بابەتی داواکاری کوردەکان بە جیا لە یاداشتنامەیەکی تێر و تەسەلدا مامەڵە بکرێت و لە ڕاپۆرتی ١٠ ساڵەدا تەنیا پوختەیەک لەسەر بارودۆخی کورد و سیاسەتی حکومەتی عێراق [بەرانبەر کورد] بخرێتەڕوو.

خزمەتکارتان...

واژوو: Passfil

نهێنی (ل ١٤٢-١٤٥)

ژمارە (P. O. 58)

شوێنی مانەوە

بەغدا، ٧ی ئاداری ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیران،

تکایـە ئامـاژە بـە نامەکەتـان بـە ژمـارە ٦٤٦ لـە ڕێکەوتـی ١٦ی شـوباتی، و یاداشـتی ژمـارە ٨١١ لـە ڕێکەوتـی ٤/٥ی ئـادار بـدەن کـە پەیوەسـت بـوو بـە پرسـی سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بەرانبـەر کوردەکانـدا.

هـەروەک بەڕێزتـان لـە بیرتانـە لـە نامەکەمـدا لـە ڕێکەوتـی ١٨ی شـوبات، گووتـم هیـچ ڕێکارێـک لەبـارەی یەکـەم یاداشـتی ئامـاژە پێـدراو ناگرمەبـەر تـا ئەوکاتـەی پرسـی یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان پێداچوونـەوەی بـۆ دەکرێـت (disposed of). هەنوکـەش بـە تێروتەسـەلی وەڵامـی یەکـەم یاداشـتی بەڕێزتـان دەدەمـەوە، هەروەهـا بـاس لـەو خاڵانەش دەکـەم کـە لـە نامەکـەی بەڕێزتـان لـە ڕێکەوتـی ٤/٥ی ئـادار ناردبووتـان.

بەڕێزتـان ئاماژەتـان بەوەکـرد لـەو داواکارییـە بـێ سـنورانە تێناگـەن کـە ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆ بـە بەردەوامـی دەخاتـەڕوو، بۆیـە بەڕێزتـان لـە هانـدەرە ڕاسـتەقینە و هۆکارەکانــی ئــەم داواکارییانــە بــە گومانــن. هەروەهــا بەڕێزتــان ئاماژەتــان بــەوە کردبـوو، ئەگـەر هیـچ مەبەسـتێکی سیاسـی لـە پشـتەوەی ئـەم داواکارییانـەدا نەبێـت، کەواتـە دەکرێـت ئـەم داواکارییانـە تەنیـا تایبـەت بـن بـە ناوچـە کوردییـەکان بێئـەوەی دامودەزگاکانـی حکومەتـی [ناوەنـدی] بگرێتـەوە، بـۆ نموونـە پێدانـی کۆمەڵێـک پۆسـت [بـە کـورد] لـە پایتەختـدا.

بەڕێزتــان داواتــان کردبــوو دەکرێــت ئــەم داواکارییانــە ســنوردار بکرێــن کــە ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆ بـە نـاوی "دڵنیاییـدان بـە کـورد" دەخاتـەڕوو؛ یاخـود لـە دواجـاردا ئـەم داواکارییانـە سـنوردار بکرێـن و تایبـەت بـن بـە ناوچـە کوردییـەکان و

دامەزراوەکانــی حکومەتــی ناوەنــدی نەگرێتــەوە. مــن حەزدەکــەم بــۆ بەڕێزتــان ڕوون بکەمــەوە نامەوێــت پشــتگیریی لــە دەســەڵاتەکانی ڕاوێــژکاری وەزارەتــی ناوخــۆ بکــەم، بۆئــەوەی بڵێــم ئــەو پێشــنیازانەی ئــەو خســتوویەتەڕوو بــۆ ئــەم پــرس و ئــەو پرســە گونجــاوە. بەڕێزتــان دەزانــن وەک چــۆن منیــش دەزانــم، کاری ئــەو وەک خزمەتکارێکــی وەزارەتــی ناوخــۆ بریتییــە لــە ئامــۆژگاری کــردن. ڕاوێــژکار تەنیــا بــە پێــی مەیلــی خــۆی کار دەکات لــە هاوکاریکردنــی حکومەتــی عێــراق لــە چۆنیەتــی بەڕێوەبردنــی دامــودەزگای کارگێڕیــدا؛ تــا بــەم شــێوەیە دەوڵەتێــک بتوانێــت بــە تەواوەتــی حوکمڕانــی خــۆی بــکات (self-governing) و ببێتــە ئەنــدام لــە کۆمەڵــەی گەلانــدا. ســەبارەت بــەو ئامۆژگارییانــەی لەلایــەن ســێر کینشــام کرۆنڤێلــی (Sir Kinsham Cornvallie) جــار نــا جــار دەخرێتــە بــەردەم وەزارەتــی ناوخــۆ، مــن پشــتگیریی لــەو کارە دەکــەم کــە تەنیــا مەبەســت لێــی بریتییــە لــە نەهێشــتنی بەهەڵەتێگەیشــتن لــە نێــوان کــورد و فەرمانڕەواکانیــدا کــە لــە گشــت دامــودەزگا کارگێڕییەکانــدا ســەریهەڵداوە، هەروەهــا مەبەســت لــەم کارە ڕەخســاندنی کەشــێکی برایەتــی و نیــەت پاکییــە، ئەمــەش بــۆ ئاشــتی و دامەزراندنــی حکومەتێکــی بــاش لــە وڵاتــدا پێویســتە.

دڵنیــام لــەوەی بەڕێزتــان دەبینــن ئــەم ئامۆژگارییانــە، شــایانی ڕەچاوکردنــن، هەروەهــا بــە جێبەجێکردنــی ئــەم پێشــنیازانە لــە ناڕەزایەتــی و نائارامییەکانــی ناوچــە کوردییــەکان کــەم دەبنــەوە کــە لــە مــاوەی ئــەم چەنــد مانگــەی دواییــدا ســەریهەڵدا، پێویســتە بەڕێزتــان لــەوە نەترســن ئــەم پێشــنیازانە مەبەســتێکیتریان هەیــە، تەنیــا ئــەوە نەبێــت کــە مەبەســت لێــی بەرەوپێشــبردنی دامــودەزگای حکومەتــی عێــراق و دەنگــی هاوســۆزی دەربڕینــە. دڵنیــام بەڕێزتــان بــە دووبــارە پێداچوونەوەیــەک، دەبینــن کــە پێشــنیازەکانی ڕاوێــژکاری وەزارەتــی ناوخــۆ یاخــود هــەر ڕاوێژکارێکیــتر، بــەوەی مەبەســتێکی سیاســی لــە پشــت بێــت، هیــچ بنەمایەکــی نییــە.

بــە تەلەگــرام حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــام لــە وەڵامــی وەزیــری کاروبــاری دەرەوە ئــاگادار کــردەوە کــە لــە ئەنقــەرە وەڵامــی تەلەگرامــی وەزیــری عێراقــی دابــووەوە، [وەزیــری عێــراق] باســی لــەوە کردبــوو حکومەتــی تورکیــا و ئێــران،

پێشـــنیازیان کردبـــوو ناڕەزایەتییەکـــی هاوبـــەش لـــە دژی ڕاســـپاردەکانی کۆمســـیۆنی ئینتیـــداب بخەنـــە بـــەردەم کۆمەڵـــەی گـــەلان.

ڕاســـپێردراوم بەڕێزتـــان ئـــاگادار بکەمـــەوە کـــە حکومەتـــی عێـــراق بـــە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ ســـەرکۆنەی دەســـەڵاتی کۆمەڵـــەی گـــەلان دەکات، ئەگـــەر هـــەر هەنگاوێـــک بگرێتەبـــەر و ئاشـــکرا بێـــت لەگـــەڵ حکومەتـــی ئێـــران و تورکیـــا ناڕەزایەتـــی خســـتووەتەڕوو.

ئەنجامەکانـــی ئـــەم جـــۆرە هەنـــگاوە لـــە گشـــت حاڵەتێکـــدا بریتییـــە لـــە زیانێکـــی قەرەبـــوو نەکـــراو کـــە لـــە داهاتـــووی عێـــراق دەدرێـــت و دەبێتـــە هـــۆی ئـــەوەی ڕاپۆرتێـــک لـــە ناوەندەکانـــی کۆمەڵـــەی گەلانـــدا بســـوڕێتەوە کـــە حکومەتـــی عێـــراق پشـــتگیریی و تەنانـــەت هاوســـۆزی ئـــەم جـــۆرە ناڕەزایـــی دەربڕینەیـــە، ئەمـــەش دەبێتـــە هـــۆی بەرپەرچدانەوەیەکـــی زۆر تونـــد [لەلایـــەن کۆمەڵـــەی گەلانـــەوە]. هەروەهـــا دەبێتـــە هـــۆی ئـــەوەی حکومەتـــی خاوەنشـــکۆ چیـــتر نەتوانێـــت بەرگـــری لـــە سیاســـەتی [حکومەتـــی عێـــراق] بەرانبـــەر کـــورد بـــکات و بـــە سیاســـەتێکی دوو فاقانـــە دادەنرێـــت کـــە تەنیـــا بـــەو مەبەســـتە داڕێـــژراوە وڵاتـــە بیانییـــەکان بەهەڵـــەدا ببـــات. ئـــەم کارەش لـــە ڕوانگـــەی حکومەتـــی خاوەنشـــکۆی بەریتانیـــادا دەبێتـــە هـــۆی ئـــەوەی ئاســـۆی وەرگرتنـــی عێـــراق لـــە کۆمەڵـــەی گەلانـــدا بـــە تەواوەتـــی لـــە نـــاو بچێـــت.

هـــەر وەک بەڕێزتـــان دەبینـــن حکومەتـــی خاوەنشـــکۆی بەریتانیـــا لەگـــەڵ ئـــەو وەڵامـــەدا نییـــە کـــە بـــە ڕێنمایـــی بەڕێزتـــان لـــە ئەنقـــەرە بـــە وەزیـــری عێـــراق دراوە و شـــتێکی نوێشـــی تێـــدا نییـــە، بـــەڵام ڕەچـــاوی ئـــەوە دەکات کـــە ئـــەم وەڵامـــە ئاماژەیەکـــە بـــەوەی کـــە حکومەتـــی عێـــراق دەیەوێـــت لەگـــەڵ ئـــەو ناڕەزاییـــە پێشـــنیازکراوەی حکومەتـــی تورکیـــا و ئێرانـــدا هـــاوکار بێـــت. دڵنیـــام لـــەوەی ئێســـتا بەڕێزتـــان لـــە ئەنقـــەرە بـــۆ وەزیـــری عێـــراق ڕوون دەکەنـــەوە کـــە حکومەتـــی عێـــراق نیەتـــی ئەنجامدانـــی ئـــەم کارەی نییـــە.

وەفادارتان

واژوو (Humpherys)

خاوەنشــکۆ، نــوری پاشــا ئەلســەعید (G. M. C. D. S. C) ســەرۆکی ئەنجوومەنــی وەزیــران، بەغــدا

دووبــارە دارِشــتنەوەی تەلەگرامــی کۆمســیاری بــاڵا لــە عێــراق بــۆ وەزیــری کاروبــاری کۆلۆنیــال

لە ڕێکەوتی ١٥ی ئاداری ١٩٣١ (ل ١٤٦)

(لــە کاتژمێــر ٣:١ خولەکــی ئێــوارە، لــە ڕێکەوتــی ١٥ ئــاداری ١٩٣١ گەیشــتووەتە نووســینگەی کۆلۆنیــال)

ژمارە ١٤١

ئامـاژە بـە نـووسراوە زۆر نهێنیەکەتـان بـە ژێـدەری (A) لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئـادار. لـە ڕوانگـەی گرنگـی پرسـی کـورد و گشـت کـردەوە کارگێڕییەکانـی حکومەتی عێـراق لە ماوەی ١٠ سـاڵی ڕابـردوودا کـە لـە "ڕاپۆرتـی تایبـەت"دا دەخرێتـەڕوو و حاڵیحـازر ئـەم ڕاپۆرتـە خەریکـە ئامـادە دەکرێت، ڕەشنووسـی بەشـی کـوردی کە لـە نـووسراوە زۆر نهێنیەکەمدا لە ڕێکەوتـی ٢٧ی شـوبات هاوپێچکـرا بـوو، بـە بڕوای مـن هاوسـەنگی ڕاپۆرتەکە تێـک نادات.

یاداشـتنامەکەی ٢٠ی شـوبات کـە لەبـارەی داواکاریـی کـورد خراوەتـە بـەردەم کۆمەڵەی گـەلان، پێشـبینی ئـەوەی کـردووە لەوانەیـە ئـەو زانیارییانە بخرێنە نـاو ڕاپۆتـی تایبەتی [١٠ سـاڵە]؛ بۆیـە بـە بـڕوای مـن ئەمە باشـترین ڕێچکەیـە بـۆ خسـتنەڕووی ڕاپۆرتەکە. بـە بڕوای مـن کاتێـک بەشـی تایبـەت بە کورد تـەواو بوو، ئەو بەشـە گشـت زانیارییە داواکـراوەکان لە خـۆ دەگرێـت، بـەڵام ڕەشنووسـی ڕاپۆرتەکە هەمەگیر نییە، هەر بۆ ئەم مەبەسـتە خۆشـحاڵ دەبـم، ئەگـەر بەڕێـزت ڕێنمایـی بکـەی چـۆن دەکـرێ ئـەم ڕاپۆرتـە دەوڵەمەنـد بکەیـن. من خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر بـە تەلەگـراف وەڵامـم بدەیەوە.

Mr. Hall 17.3

Mr. Flood 17.3

Sir J. Shuckburgh
J. H. Hall 20.3

88020/2/31

دەبێ ئێستا تەلەگرامەکە نێردرا بێت.

بۆ ڕەزامەندیی وەرگرتنی وەزارەتی دەرەوە.

وەزارەتی دەرەوە لە ڕێگەی تەلفۆنەوە هاوڕایی خۆی دەربڕیوە.

هاوڕایی یەکجارەکی لە ١٩٣١/٣/١٧

دووبارە دارشتنەوەی تەلەگرامی وەزیری کاروباری موستەعمەڕات بۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق

(لە کاتژمێر ٤:٣٥ خولەکی ئێوارە لە ڕێکەوتی ٣ی ئاداری ١٩٣١ نێردراوە)

ژمارە ١١٧

ئاماژە بە تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ١٤١ لە ڕێکەوتی ١٥ی ئادار. من هاوڕام کاتێک بەشی تایبەت بە کورد تەواو بوو دەکرێت بخرێتە ناو ڕاپۆرتی ١٠ ساڵە و پێویست بە ڕاپۆرتێکی جیا لەبارەی داواکاریی کورد ناکات. بەهەرحاڵ، بە بڕوای من باشترە نووسراوێک یان یاداشتنامەیەک هاوپێچ بکرێت لەگەڵ ئەم بەشە؛ ئەویش بە شێوەیەک بێت شیاوی خستنەبەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بێت و ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل لەسەر گەشتەکەت بۆ ناوچەکانی کوردستان لەخۆ گرتبێت. دواتر دەکرێت ئەم ڕاپۆرتە بە بەیانێک کە کۆمەڵێک تێبینی لەسەر داواکارییە کەسییەکان لەخۆگرتبێت، بەیانەکە پشت بەستراو بێت بە یاداشتی ژمارە ٢ی نووسراوە زۆر نهێنیەکەتان لە ڕێکەوتی ٢٧ی شوبات بنێردرێتە جنێف.

کۆپیەک بۆ وەزارەتی دەرەوە

شوێنی مانەوە (ل ١٤٨)

ژمارە (P.O. 96)

بەغدا ٢٣ی ئاداری ١٩٣١

خاوەنشکۆ

بە بۆچوونی من زۆر گرنگە یاسای زمانە خۆجییەکان لەلایەن هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە تێپەڕێنرێت و لەلایەن بەڕێزتانەوە لەم ماوەی ئەم [خولەی] دانیشتنی [پەرلەماندا] پەسەند بکرێت؛ ئەویش بە شێوەیەک بێت، حکومەتی خاوەنشکۆ بە تەواوەتی دڵنیا بێت کە ئەو یاسایە بە تەواوەتی گشت ئەو بەڵێنانە جێبەجێ دەکات کە بە کۆمەڵەی گەلان دراوە. زۆر بە جیدی ئامۆژگاری بەڕێزتان دەکەم هەموو هەنگاوێکی پێویست لەمبارەوە بگرنەبەر، بۆئەوەی دڵنیا بین کە [ئەم یاسایە] پەسەندکراوە.

من هاوڕێی وەفادارتان دەمێنمەوە.

واژوو: F. H. Humphrys

خاوەنشکۆ مەلیک فەیسەڵ، بەغدا

دەقی نووسراوەکە بە زمانی عەرەبی

رقم ار. او

دار الاعتماد

بغداد في... آذار سنة ١٩٣١

يا صاحب الجلالة

اني ارى أنـه مـن الاهميـة باعظـم مـكان أن يمـر قانـون اللغـات المحليـة مـن كلا مجلـسي الأمـة و يقـترن بموافقـة جلالتكـم في أثنـاء الاجتـماع البرلمـاني الحـالي في شـكل تعتـبر حكومـة صاحـب الجلالـة البريطانيـة انـه سـيفي تمـام الايفـاء بالتأكيـدات التـي اعطتهـا الـى جمعيـة الامـم، و اني اشـهر علـى جلالتكـم بقـوة بـأن تتخـذوا مـا قـد يلـزم مـن التدابيـر لأجـل تأميـن اجـراء ذلـک.

صديق جلالتكم المخلص

حضرة صاحب الجلالة الملک فيصل المعظم، بغداد

نهێنی (ل ١٤٩)

ژمارە ٤٠٩

شوێنی مانەوە

بەغدا، ٢٦ی ئاداری ١٩٣١

بەڕێز شۆکبۆرگ (Shuckburgh)

ویلیامــز (Williams) سەرنووســەری "The Near East and India" لــەم دواییانــەدا بــۆ وەڵامدانــەوەی نامەکــەی ســتۆرگز (Sturges) یاداشــتێکی شەخســی بــۆ نووســیوم؛ ستورگز ئامـاژەی بـە هەندێـك هەڵـە لـە نامەکـەی نەجـد (Najd)دا کـردووە کـە لەبـاری کۆنفرانســی لۆپێــن (Lupin Conference) و پێشــێلکارییەکانی حکومەتــی خاوەنشــکۆ و حکومەتـی عێـراق لـە کەیسـی ئیـبن مەششـور (Ibn Mashshur)دا بـوو و لـە "The Near East"دا بـڵاو بووەتـەوە. ویلیامـز ئـەم بەلاڕێدابردنـەی ڕاسـتییەکانی، لـە ژمـارەی دواتـری ڕۆژنامەکەیـدا ڕاسـت کردووەتـەوە. بەتایبـەت داوای لێـم کـردووە هیـچ هەواڵێـک هەیـە لـە نیگەرانییەکانـی ئـەو لەبـارەی کێشـەی کـورد کـەم بکاتـەوە. مـن یاداشـتێکم بـۆ ویلیـام نـارد (کـە لەلایـەن سـتۆرگێزەوە بـۆم نێردرابـوو) ئـەو یاداشـتە وێنـەی ڕاسـتەقینەی بارودۆخــی ئێســتای کوردســتانی بــۆ دەخاتــەڕوو، بــەڵام مــن نازانــم ئایــا نووســینگەی کۆلۆنیـال پشـتگیریی لـەو یاداشـتەی ئێمـە دەکات کـە سـەبارەت بەم پرسـە بـۆ ڕۆژنامەکان بنێریـن، تەنانـەت ئەگـەر بـە شـێوەی شەخسـیش بێـت؛ بۆیـە سـەرەتا نامەکـەم بـۆ تـۆ نـارد. ئەگـەر ئێـوە ڕازی بـن، تکایـە نامەکـە بـۆ ویلیامـز بنێـرن.

Hurmphrys

Sir JOHN E. SHUCKBURGH, K.C.M.G. C.B.

تایبەت و نهێنی (ل ١٥٠-١٥٣)

نووسینگەی کۆمسیاری باڵا

بەغدا

٢٦ی ئاداری ١٩٣١

بەڕێز مستەر ویلیامز

زۆر سوپاس بۆ نامەکەتان لە ڕێکەوتی ٥ی شوبات. بەڕێزت بە تەواوەتی لەسەر حەقی لەوەی یاداشتی سکرتێرە سیاسیەکەم بڵاو نەکرێتەوە، هەروەها دەبێ ئەوەش ڕوون بێت کە مەبەست لەم یاداشتە بۆ بڵاوکردنەوە نییە. بە بڕوای من سەرۆکی بەڕێزت زۆر بە باشی باسی لە بابەتەکەی کردووە.

لەبارەی کوردستان، بە دڵنیاییەوە، کێشەکە کێشەیەکی جیدییە و بۆیە بۆ من جێگەی سەرسوڕمان نییە کە خەڵکی وڵاتەکەم لەمبارەوە خۆشحاڵ نین. کێشەکە تا ڕادەیەکی زۆر بە هۆی ڕێککەوتننامەی بە مردوو لەدایکبووی سیڤەرە کە بەندەکانی ئاماژەی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ (autonomus) بۆ کوردی دابوو. تا ئەوکاتەی ڕێککەوتنامەکە بە تەواوەتی وازی لێهێنرا، سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر کورد پشتی بەو ڕێککەوتننامەیە دەبەست. کورد کە ئاسۆی سەربەخۆییان پێدرابوو، بەئاسانی قبوڵی ئەوەیان نەکرد وەک هاووڵاتی عێراقی بناسرێن. بەهەرحاڵ، کوردە ڕۆشنبیرەکان، دەیانزانی لە ڕووی ئابورییەوە، ئەوان بە عێراقەوە گرێدراون و لە بارودۆخی ئێستادا دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ واتە خەیاڵ. لەهەمانکاتدا ئەوان داوای مامەڵەیەکی تایبەتیان لە حکومەتی عێراق دەکرد، کەچی حکومەتی عێراقیش تاڕادەیەک کەوتبووە ژێر کاریگەریی دڵەڕاوکێی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ و لەوە دەترسا هەر جۆرە ئیمتیازدانێک بە کوردە ناسیۆنالیستەکان دەبێتە هۆی جیابوونەوەی [کورد لە دەوڵەتی عێراق]. بیرۆکەی ئەوان بریتی بوو لە بەعەرەبکردنی کورد و هەوڵەکانی ئەوان لەم پێناوەدا، بەداخەوە، کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد. بۆیە کورد بە کەم سەیری عەرەبیان دەکرد و لە هەوڵی عەرەبەکان بۆ بەعەرەبکردنی کوردەکان ئازاریان چێشت.

بڵاوکردنـەوەی ڕێککەوتننامـەی نـوێ [واتـە ڕێککەوتننامـەی ئەنگلۆ-عێراق] ئەم پرسـەی خسـتە ڕۆژەڤـەوە، چونکە کوردەکان چاوەڕوانـی ئەوە بوون ئـەم ڕێککەوتننامەیە کۆمەڵێک بەنـد لەخـۆ بگرێـت کـە پارێـزگاری لـە کـوردەکان بـکات، بـەڵام نائومێـد بـوون. ئاشـکرایە، ڕێککەوتـن لـە نێوان دوو دەوڵەتی سـەربەخۆ، ئەویـش کاتێک بەرکار دەبێت بەرپرسـیارێتی ئینتیدابـی ئێمـە [لـە عێـراق] بـە کۆتـا هاتبێـت، ناتوانێـت ناچارمـان بـکات عێـراق پابەنـدی [بەڵێنەکانـی] بەرانبـەر کـورد بـکات. هـەر جـۆرە پابەندییـەك خستنەسـەر عێـراق، لـە دوای کۆتایـی هاتنـی ئینتیـداب، دەبـێ لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە بێـت. هـەر بـەم هۆیـەوە، بـۆ ئێمـە مومکیـن نییـە، هـەر وەک بەڕێزتـان پێشـنیازتان کـردووە، کـورد دڵنیـا بکەینـەوە کاربەدەسـتانی بەریتانیـا لـە دوای سـاڵی ١٩٣٢ لـە ناوچەکەیـان دەمێننـەوە. ئـەو شـتەی ئێمـە دەتوانیـن بیکەیـن و خەریکیـن ئـەم کارەش دەکەیـن، بریتییە لەوەی چـۆن حکومەتی عێـراق دەتوانێـت ئـەو گومانـە لەجێیـە لەبەیـن ببـات کە کـورد هەیانـە و ئـەو بەڵێنانەی لە ڕابـردوودا [سـەبارەت کـورد] داویەتـی جێبەجێیـان بکات.

زۆر سـەختە حکومەتـی عێـراق ناچـار بکەیـن تـا ئـەم هەنگاوانـە بگرێتەبـەر، بـەڵام ئێمـە لـە گوشـارەکانمان بەردەوامیـن و پێموایـە سـەرکەتووش دەبیـن. مـن ناڵێـم کـە ئـەم ئیمتیازاتانـە کـورد ڕازی دەکـەن. مـن پێموایـە هیـچ شـتێک کـورد ڕازی نـاکات تـا ئەوکاتـەی نەبوونـی متمانـە لـە نێـوان کـورد و عـەرەب لـە ئـارادا بێـت، بـەڵام لەگشـت پێشـهاتێکدا دەبـێ ئێمـە هەوڵـی خۆمـان بدەیـن بـەوەی گومانـە ڕەواکانـی کـورد نەمێنـن پێـش ئـەوەی دەسـەڵاتی ئینتیـداب ڕادەسـت بکەیـن.

هەڵبـەت هەمـوو کێشـەکە یەکسـەر بـە هـۆی یاخیبونەکـەی شـێخ مەحمـود ئاڵۆزتـر بـوو. مـن لـە ڕۆژنامـەی "The Near East" لە ڕێکەوتـی ١٥ی کانوونـی دووەم، خوێندمەوە کـە بەڕێـزت دەڵێیـت، ئاشـکرایە بارودۆخەکـە هێـدی هێـدی مەترسـیدار دەبێـت و "هیـچ گریمانەیەکیـتر ناتوانێـت دووبـارە سـەرهەڵدانەوەی شـێخ مەحمـود ڕوون بکاتـەوە بـە هـۆی ئـەو نائومێدیـە ڕەوایـەی تووشـی بـووە". هەروەهـا بەداخـەوە یاخیبوونـی کاتـی هەڵبژاردنـەکان لـە سـلێمانی لـە ٦ی ئەیلـول، ئـەو دەرفەتـەی بۆ شـێخ مەحمود ڕەخسـاند دووبـارە وەک تۆڵەکـەرەوەی "شـەهیدانی" کـورد بێتـە مەیدانـەوە، هەروەهـا دەبـێ ئـەو

ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین ئەو کەوتبووە ژێر گوشاری ئەو ڕاستییەی دەسەڵاتدارانی ئێران، شێخ مەحمودیان ترساندبوو کە بارودۆخەکەی لە ئێران ناخۆش دەکەن. لەوانەیە ئاگادار بیت لەم دواییانەدا سوپای ئێران هێرشی کردووەتە سەر ناوچەی مەریوان، واتە ئەو شوێنەی شێخ مەحمود تێیدا نیشتەجێیە و مەحمود خانی دێزلیش، سەرۆکی مەریوان، بەرەو سنورەکانی عێراق دەرکراوە. هەروەها گریمانەیەکیتر هەیە دەتوانێت دووبارە دەرکەوتنی شێخ مەحمود ڕوون بکاتەوە. بەڵام کێشەکە لێرەدایە، هەروەک بەڕێزیشت بە دروستی لە هەمان گوتاری ئاماژە پێکراودا باستان کردووە، شێخ مەحمود هیچ مافێکی نییە بە ناوی گشت خێڵەکانی باشووری کوردستان قسە بکات، داواکارییەکەشی لەلایەن کۆمەڵێک داواکاری ساختەوە پشتگیریی دەکرێت، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ لە ژێر فەرمانڕەوایی شێخ مەحموددا، دەبێ لە ناسیۆنالیزمی کوردی ڕاستەقینە جیا بکرێتەوە. بەهەرحاڵ، یاخیبوونەکەی شێخ مەحمود ئەرکی ئێمەی زۆر قورستر کرد لە وەرگرتنی ئیمتیازات لە حکومەتی عێراق بۆ کورد، چونکە دەتوانێت بڵێت ئەم جۆرە ئیمتیازاتانە، تەنازولکردنە بۆ یاخیبووان.

لە کۆتایدا، گومانێکی بەرفراوان لە ئارادایە، ئەو گومانانەش نەك تەنیا لەلایەن توندڕەوە عێراقیەکانەوە پەرەی پێ دەدرێت، بەڵکو لەلایەن خودی یاخیبووەکانیشەوە، بەوەی هەموو وروژاندنێکی کورد لەلایەن ئێمەوە ئەنجام دەدرێت، بیرۆکەیەکیش هەیە کە وەها بیردەکاتەوە ئێمە ئەو کارانە دەکەین لە پێناو ئەوەدا کە عێراق نەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان. بەڕێزت لەوە تێدەگەیت کە لە چەقی ئەم گرفتانەدا، کە من زۆر بە ڕاشکاوی باسم کردن، ڕەخنەگرتن لە چۆنیەتی ئیدارەدانی پرسی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە و بڵاوبوونەوەی لە رۆژیاداشتێکی ئینگلیزیدا، لەبری سوود گەیاندن زیانی لە پرسەکە داوە. هەر ئەمڕۆکە من بابەتێکم لە ڕۆژیاداشتێکی لۆکالی عەرەبی زماندا خوێندەوە، کە ئاوێزانی کردبوو لە بۆچوونەکانی پەیامنێری ئێوە لە بەغدا و خودی تێبینیەکانی تۆی (کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا بڵاو ببووە- ڕێکەوتەکە ئاماژەی پێنەداروە) لەبارەی کورد و بەم شێوەیەی خوارەوەی دەستی پێدەکرد:

""ڕۆژنامەی "The Near East and India"، هەڵویستی خۆی لەبارەی پرسی کورد بڵاو کردووەتەوە. بۆ زانیاری ئێوەی خوێنەر، لە خوارەوەدا، دوایین وتاری ئەم ڕۆژنامەیە بڵاو دەکەینەوە، بۆئەوەی عێراق وریا بێت لە هەموو ئەو شتانەی ئەوان دەڵێن و هۆشیار بێت لە هەوڵی بێگانەکان لە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناتەبایی لە نێوان گەلێکدا کە بۆ چەندین سەدە لە ئاشتی و ئارمیدا ژیاون"".

شتەکان زۆر سەختن، بەڵام هیوادارم لە کۆتایدا هەموو شتێک باش بێت.

وەفادارتان

واژوو: F. H. Humphrys

Kenneth Williams. Esq

The Near East and India,

170, Strand,

London, W. C. 2

هەڵێنجراوە لە ڕاپۆرتی هەواڵگری ژمارە ب(Extracts from Intelligence Report B)

١٥ی نیسانی ١٩٣١ (ل ١٥٤)

کورد

١٨٩. ئەنجامەکانی [ڕاپۆرتی] کۆمسیۆنی ئینتیداب لەبارەی داواکاریی کورد کە لە نۆزدەیەمین دانیشتنی ئەم کۆمسیۆنە لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠ خرایە بەر باس و گفتوگۆ، لە ڕێگەی بەڕێوەبەری بەشی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان وەڵامی داواکارییەکان درایەوە. وادیارە ئەنجامەکانی کۆمسیۆنی ئینتیداب، لەبری ئەوەی بۆچوونی کۆمەڵەی گەلان لەبارەی پرسی کورد ڕوونتر بکاتەوە، کەچی بووە هۆی تارماویترکردن و بەهەڵە تێگەیشتنی زۆرتری کۆمەڵەی گەلان.

وشە ناڕوونەکانی دووەم ئەنجامگیری لە سێ ئەنجامگیرییەکە، بەتایبەتیش ئەو بڕیارەی لە ساڵی ١٩٢٥دا لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە دەرکراوە کە مامەڵەیەکی تایبەتی بۆ کورد فەراهەمکردووە، هەروەها گەرەنتیکردنی بەڕێوەبردنی خۆجێیی [سەربەخۆ بۆ کورد]، وادیارە بە پێی دوایین ڕاپۆرتی دەسەڵاتی ئینتیداب [ئەو ڕاسپاردانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە] جێبەجێ نەکراون؛ ئەمەش کەشێکی دروستکردووە و وەڵامی کۆمەڵەی گەلان بەو مانایە دێت کە دەبێ حکومەتی بەریتانیا کۆمەڵێک ڕێکاری نوێ ( دیاریش نەکراون ئەم ڕێکارانە چین) بگرێتەبەر تا پێگەی کورد [لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا] بەو شێوەیەی باسکراوە پارێزراو بێت. بەم هۆیەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان لە جاران زۆر قورستر بووە کە بە شێوەیەکی قەناعەتهێن ڕوانگەی فەرمی بەریتانیا ڕوون بکرێتەوە بەوەی ئەنجامەکانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بە تەواوەتی پاڵپشتی لە شایستەیی ئەو سیاسەتە دەکات کە هاوینی ڕابردوو لەلایەن جەعفەر پاشاوە لە [سەردانەکەیدا بۆ] ناوچە کوردییەکان ڕاگەیێندرا.

نهێنی (ل ١٥٥)

ژمارە ١٥٣٦

سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ١٨ی نیسانی ١٩٣١

بۆ: بەڕێز سکرتێری کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

ڕاسپێردراوم تا بۆ زانیاری بەڕێز کۆمسیاری باڵا، کۆپیەک لە یاداشتی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بە ژمارە ١٦٢٣ لە ڕێکەوتی ١٦/١٥ی نیسانی ١٩٣١، تان بۆ بنێرم کە تایبەتە بە گفتوگۆی نێوان وەزیری کاروباری دەرەوە لەگەڵ وەزیری خاوەن دەسەڵاتی ئێران (Persian Minister Plenipotentiary) لەبارەی یاسای زمانە خۆجێییەکان.

واژوو: عەبدولقادر ڕەشید

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران

وەرگێڕانـی یاداشـتی ژمـارە ١٦٢٣ لـە ڕێکەوتـی ١٦/١٥ی نیسـانی ١٩٣١، لەلایـەن وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بـۆ سـەرۆک وەزیـران، بەغـدا (ل١٥٦)

لـە میانـەی چاوپێکەوتنێکیـدا لەگەڵـم لـە بەغـدا و لـە ١٢ی ئـەم مانگە، وەزیـری خاوەن دەسـەڵاتی ئێـران، لـە کاتـی گفتوگۆکـەدا ئامـاژەی بـەوە کـرد حکومەتەکـەی خوازیـارە حکومەتـی عێـراق یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان وەگەڕبخـات و مافـی کـورد و تورکمانـەکان بـدات و بەهەمـان شـێوەش ڕەچـاوی زمانـی فارسـی بـکات کـە لەلایـەن بەشـێکی کەمـی دانیشـتووانی عێـراق قسـەی پێدەکرێـت. مەبەسـتی وەزیـر لـەم قسـەیە ئـەوە نەبـوو داوا لـە حکومەتـی عێـراق بـکات ڕەچـاوەی ئـەم پرسـە بـکات و لـە یاسـای زمانـە خۆجێییەکاندا دان بـە زمانـی فارسـیدا بنرێـت. ئـەو تەنیـا مەبەسـتی ئـەوە بـوو خواسـتی حکومەتەکـەی خـۆی بخاتـەڕوو، بەلانیکەوەمـە ئەگـەر بـە قسـەش بێـت.

لـە وەڵامـدا ئامـاژەم بەوەکـرد ئامانـج لـە یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان جێبەجێکردنـی ئەو بەڵێنەیـە کـە پێشـتر حکومەتـی عێـراق دایبـوو، تـا داواکاریـی نەتـەوەی کـورد فەراهـەم بـکات کـە بەشـێکی گرنگـی گەلـی عێـراق پێکدێنـن و لـە چارەنووسـی سیاسـی، مەعنـەوی و کۆمەڵایەتـی وڵاتـدا هاوبـەش بـن. بەداخـەوە مـن پەشـیمانم کـە باسـم لـەوە نەکـرد ئامانجـی ئـەو یاسـایە بـە تەواوەتـی لـە داواکارییەکـەی حکومەتـی ئێـران جیـاوازە، چونکـە بوونـی کۆمەڵـی ئێرانییـەکان لـە عێراقـدا، جـا ژمارەیـان زۆر بێـت یـان نـا، بـەو مانایـە نایێـت کـە هەمـان ئـەو ئیمتیازاتانـەی بـە کـورد وەک دانیشـتووی ڕەسـەنی ئـەم وڵاتـە دراوە، بەوانیـش بدرێـت.

کۆپی بۆ زانیاریی بۆ:

وەزارەتی ناوخۆ.

سەرۆکی دیوانی پاشایەتی

بەیروت (لاپەڕە ١٥٧)

١٩ی نیسانی ١٩٣١

Secretary of State for Foreign Affairs

Foreign Office

وەزارەتی دەرەوە

Downinf Street

London, S, W, 1

بەڕێز

بە پێی ئەو ڕێکارانەی گیراونەتەبەر بۆ چۆنیەتی خستنەڕووی داواکاری لەلایەن دانیشتوانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئینتیدابەوە بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان، شەرەفمەندم بۆ زانیاری بەڕێزت بەڵگە هاوپێچکراوەکان بۆ بەڕێزت بنێرم؛ هەروەها بەمەبەستی پێشکەشکردنیان بۆ بەردەم سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب تا لە دانیشتنی مانگی حوزەیراندا خوێندنەوەی بۆ بکەن. هەروەک بەڕێزت لە بەڵگە هاوپێچکراوەکاندا دەبینن من نوێنەرەی باوەڕپێکراوی گەلی کورد لە باشووری کوردستانم کە ئێستا بەشێکە لە عێراق و پتر لە ٨٠٠،٠٠٠ کەس لەخۆ دەگرێت.

کۆپییەک لەم بەڵگەنامانە ڕاستەخۆ لەلایەن منەوە بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب و خاوەنشکۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق نێردراوە.

بەڕێز،

شەرەفمەندم خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزت بم

مقەدەم تۆفیق وەهبی

موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانی

نوێنەری ڕێگە پێدراوی گەلی کورد لە عێراق

ناونیشانی هەمیشەیی

تۆفیق وەهبی بەگ

گەڕەکی سینک، بەغدا

کۆپی (ل ١٥٨)

لیستی ئەو بەڵگەنامانەی بۆ خاوەنشکۆ وەزیری کاروباری دەرەوە وەک دەسەڵاتی ئینتیداب لە عێراق نێردراوە، تا بیانخاتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان، بەشی جنێڤ.

١. یاداشتێک لە ڕێکەوتی ١٩ی نیسانی ١٩٣١، بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان.

٢. یاداشتێک لە ڕێکەوتی ١٩ی نیسانی ١٩٣١، بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی ئینتیداب.

٣. کۆپیەک لە یاداشتێک بۆ خاوەنشکۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق.

٤. ڕێگەدان بە مقەدەم تۆفیق وەهبی بەگ تا نوێنەرایەتی گەلی کورد بکات.

٥. داواکارییەک لەلایەن گەلی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان، لەگەڵ هاوپێچەکاندا.

٦. ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتن لە لێدوانەکانی مێجەر یۆنگ (Major Young) لە جنێڤ.

٧. یاداشتی پشتگیریی لەلایەن کۆمیتەی خۆییبوونەوە.

کۆپی (ل ١٥٩)

بەیروت

١٩ی نیسانی ١٩٣١

بۆ سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

بەڕێز،

شەرەفمەندم داواتان لێبکەم زۆر باش دەبێت، ئەگەر نامە نێردراوەکە لەگەڵ بەڵگەنامە هاوپێچکراوەکان بخەیتە بەردەم سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب. بەڵگەنامە ڕەسەنەکان بەپێی ڕێکارە گونجاوەکان بۆ دەسەڵاتی ئینتیداب نێردراون، هەروەها داواکراوە ئەم بەڵگەنامانە لە ڕێگەی کەناڵە گونجاوەکانەوە بخرێنە بەردەم کۆمەڵەی گەلان.

خزمەتکارتان

واژوو: مقەدەم تۆفیق وەهبی

موتەسەڕیفی پێشوی سلێمانی

نوێنەری ڕێگە پێدراوی گەلی کورد لە عێراق

ناونیشانی هەمیشەیی:

تۆفیق وەهبی بەگ

گەڕەکی سینک

بەغدا

کۆپی (ل ١٦٠-١٦١)

بەیروت، ١٩ی نیسانی ١٩٣١

بۆ: سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

بەڕێز

**ئاماژە بۆ ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان**

شـەرەفمەندم کۆپیـەک لـە تێبینیەکانـم لەسـەر لێدوانەکانـی مێجـەر یۆنـگ، نوێنـەری باوەڕپێکـراوی دەسـەڵاتی ئینتیـداب، لـە نۆزدەیەمیـن دانیشـتنی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب بخەمـەڕوو کـە لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٣٠دا، لـە جنێـڤ بەرێـوە چـوو.

بەڵگەنامە ڕەسەنەکان بە پێی ئەو ڕێکارانەی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە داڕێژراوە، بۆ خاوەنشکۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، لەندەن، نێردراون؛ هاوپێچ لەگەڵ کۆپیەک بۆ خاوەنشکۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا. بۆ زانیاری بەڕێزتان کۆپیەک لە بەڵگەنامەی ڕێگە پێدانتان بۆ دەخەمەڕوو کە ڕێگەم پێدەدات نوێنەرایەتی پتر لە ٨٠٠،٠٠٠ کورد بکەم.

دڵنیـام بەڕێـزت، تێبینیەکانـی مـن دەخەیتەبـەردەم کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب کـە بڕیـارە لـە مانگـی حوزەیرانـی ئـەم سـاڵدا کۆبێتـەوە. شـەرەفمەندم نوێنەرایەتـی گەلەکـەم بکـەم کـە داوایـان لێـم کـردووە بەڕێزتـان ئـاگادار بکەمـەوە تـا چ ڕادەیـەک ئـەوان سوپاسـی ئـەو هاوسـۆزیە دەکەن کـە لەلایـەن ئەندامـە جۆراوجۆرەکانی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیدابـەوە لەبـارەی هاوڵاتیـە سـتەملێکراوەکانم نیشـاندراوە.

ئەگەر کۆمەڵەی گەلان داوای ئامادەبوونی خۆم و نوێنەرەکانیتری [کورد] لە هەر دانیشتنێکی کۆمەڵەی گەلاندا بکات، ئامادەم بێم و وەڵامی گشت پرسیارەکانیش دەدەمەوە.

خزمەتکارتان

واژوو: مقەدەم تۆفیق وەهبی

موتەسەڕیفی پێشویی سلێمانی

نوێنەری ڕێگە پێدراوی گەلی کورد لە عێراق

ناونیشانی هەمیشەیی: تۆفیق وەهبی بەگ، گەڕەکی سینک، بەغدا

کۆپی ( ل ١٦٢)

بەیروت

١٩ی نیسانی ١٩٣١

خاوەنشکۆ کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

بەڕێز

**ئاماژە بۆ ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان**

شەرەفمەندم بۆ زانیاری بەڕێزتان کۆپیەک لە بەڵگەنامە هاوپێچکراوەکانتان بۆ ڕەوانە بکەم. بەڵگەنامە ڕەسەنەکانم بۆ خاوەنشکۆ وەزیری کاروباری دەرەوە ناردووە، تا بیانخاتە بەردەم سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب؛ بە پێی ئەو ڕێکارانەی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە داڕێژراوە.

جەخت لەسەر وەفاداری خۆم و ئەو کەسانە بۆ بەڕێزت دەکەمەوە کە نوێنەرایەتیان دەکەم کە وەفاداری خاوەنشکۆ مەلیک فەیسەڵین و هەروەها خواستی من و گەلەکەم خزمەتکردن بە خاوەنشکۆ [مەلیک فەیسەڵە] بە وەفاداریی و بە پاکی، بە تایبەتیش هیواداریـن مافە ڕەواکانمان پێ ببەخشرێت و ئەو بەڵێنانەی لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆ [مەلیک فەیسەڵ] دروان، بە پێی ڕاسپاردەکانی کۆمسیۆنی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گەلان، جێبەجێ بکرێن.

خزمەتکارتان

واژووکراو: مقەدەم تۆفیق وەهبی

موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانی

نوێنەری ڕێگە پێدراوی گەلی کورد لە عێراق

ناونیشانی هەمیشەیی:تۆفیق وەهبی بەگ، گەڕەکی سینک، بەغدا

کۆپی بۆ: کۆمسیۆنی هەمیشیی ئینتیداب، کۆمەڵەی گەلان، جنێف

ئەمەی خوارەوە وەرگێڕانی ئەو وەکالەت یاداشتەیە کە لەلایەن گەلی کورد لە عێراق واژووکراوە، کە دەسەڵات بە تۆفیق وەهبی بەگ دەدات تا نوێنەرایەتیان بکات (ل ١٦٣-١٦٤)

ئێمە ئەو کەسانەی لە خوارەوە واژووومان کردووە، مقەدەم تۆفیق وەهبی بەگ، فەرمانڕەوای پێشووی کەرتی سلێمانی کە خەڵکی سلێمانیە و ئێستا لە بەغدا نیشتەجێیە، دەست نیشان دەکەین کە نوێنەرایەتی ئێمە و گشت تاکەکەسێک لە کۆمەڵەکانی ئێمە دەکات و نوێنەرایەتی گشت پرسەکان دەکات کە پەیوەندی بە هەر داواکارییەکەوە هەبێت، کە لەمەبەدوا دەیخاتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان یاخود هەر دەسەڵاتێکیتر و دەیخاتە بەردەم سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان، بە نوێنەرایەتی ئەو کوردانەی نیشتەجێی پاشایەتی عێراقن. هەروەها ئێمە بە تایبەت تۆفیق وەهبی بەگ دەستنیشان دەکەین کە بریکاری ئێمە و کوردەکانی نیشتەجێ پاشایەتی عێراق بێت، تا لەبەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان نوێنەرایەتی ئێمە و گەلەکەمان بکات؛ یاخود لەبەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی سەر بەم کۆمەڵەیە، یاخود لەبەردەم هەر کۆمیتە و ئەندام و ئەندامانێک کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان یاخود کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابەوە دەستنیشان دەکرێن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییە ئاماژە پێکراوەکان یاخود هەر بابەتێکیتر. مقەدەم تۆفیق وەهبی بەگ ئەو دەسەڵاتەی هەیە هەر بریکار یان بریکارگەلێک دەستنیشان بکات کە ئەو پێی باش و گونجاو بێت تا بە نوێنەرایەتی ئەو و بە نوێنەرایەتی ئێمە کار بکات؛ هەروەها بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە لەندەن، یاخود لەگەڵ هەر دامەزراوەیەکیتر یان ئەفسەر و ئەفسەرگەلێکی حکومەتی بەریتانیا، لەبارەی هەر پرسێک کە لە داواکارییە ئاماژەپێکراوەکان خراوەتەڕوو، یاخود هەر یەک لەم داواکارییانە بخرێتە بەردەم وڵاتانیتر، یاخود هەر کەسێک کە پەیوەندی بە داواکارییە ئاماژە پێکراوەکان هەبێت یاخود پەیوەست بێت بەو بابەتانەی لێرەدا ئاماژەیان پێکراوە. هەروەها خۆمان و لەبری کۆمەڵەکانمان کە نوێنەرایەتیان دەکەین ئێمە پشتڕاستی دەکەینەوە، دەکرێ مقەدەم تۆفیق وەهبی بەگ لە بری ئێمە هەر بەڵگەیەک بخاتەڕوو، یاخود پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، یاخود حکومەتی [بەریتانیا] یاخود لەلایەن دامەزراوەکانی هەر حکومەتێکیتر، یان کەس یان کەسانێک بکات، هەر وەک لە سەرەوە باسکرا پەیوەندی بە داواکارییەکانەوە هەبێت.

ڕێکەوتی ئەم نووسراوە ڕۆژی چواردەی ئاداری ١٩٣١.

| واژوو | وەسف |
|---|---|
| مستەفا شەوقی | ئەفسەری خانەنشین، سەرکردەی کورد لە سلێمانی، بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی پەیژە |
| فەتحوڵا ئەسعەد | سەر بە خێڵی ئاکۆ لە کۆیسنجەق. وەرگێڕی وەزارەتی داد |
| محەمەد ئەمین | لە خێڵی بارزان. دانیشتووی ڕواندوز |
| ئیسماعیل ڕواندوزی | لە ئەشرافی ڕواندوز و نەوەی پاشای کوێر، نوێنەری پێشووی پەرلەمان. |
| سەعید حوسێن | سەرنووسەری زاری کرمانجی (Zan Kurmanji) لە ڕواندوز |
| ڕەئوف | ئەفسەری خانەنشین و لە ئەشرافی کەرکووک |
| عوسمان فایق | لە ئەشراف زادەکانی سلێمانی |
| عەزیز عەبدولقادر | سەر بە بنەماڵەی قادر ئەفەندی ئەلکەبیرییە کە لە سەرکردەکانی جافە، نوێنەری پێشووی پەرلەمان |
| سدقی ئەلقادری | بەڕێوەبەری گشتی پێشووی سلێمانی. لە خێڵی هەمەوەندە |
| عەلی عیرفان | خەڵکی سلێمانیە. کوڕی عەبدوڵا عیرفانی سەرنووسەری گۆڤاری ژیان |
| عەبدولقادر | لە ساداتی سلێمانی حەفیدزادەیە |
| عەبدولقادر | ئەندازیار و لە ئەشرافی سلێمانی |
| تەیب | لە ساداتی بەرزنجە |
| غایب | لە ساداتی سولاح |
| ئیسماعیل | لە ساداتی دەرەداغ |
| حیکمەتی ئەمین | ئەندازیار |
| شوکری سەگبان | پزیشکی پرۆفیسۆر |

بە دروستی وەرگێڕدراوە

واژوو: تۆفیق وەهبی

داواکاری گەلی کورد لە باشووری کوردستان کە ئێستا لە عێراق نیشتەجێن (ل ١٦٥)

PETITION OF THE Kurdish People of Southern Kurdistan now resident in Iraq

لــە ژێــر ســەروەری عێراقــدا خۆ-حوکمکردنــی خۆجێــی (Local self-Goverenmet) پێیــان بدرێــت و ئازادیــی تەواویــان بــۆ دابیــن بکرێــت لــە:

زمان

پەروەردە

ئازادی و پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی

ڕزگار بوون لە سەرکوتکردن و ستەمکاری

**هۆکارە جەوهەرییەکانی پێدانی حوکمی زاتی خۆجێی بە کوردەکانی باشووری کوردستان**

**ا** لە پێناو هێنانەدەی دۆخێکی ئارام لە عێراقدا.

**ب** لەپێناو هێنانەدی دۆخێکی ئارام لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**ج** لــە پێنــاو هێنانــەدی پەیوەندییەکــی ئاشــتیخوازانە لــە نێــوان کــورد و دۆســتەکانی و دراوسـێکانیدا، واتــە عــەرەب، کلــدان و ئاســور.

**د** لەپێناو بوژانەوە و بەختەوەری دانیشتووە ڕەسەنەکانی باشووری کوردستان.

(١) کورد عەرەب نین (ل ١٦٧)

ڕاستییەکی سەلمێنراوە. ڕاستە کورد مووسڵمانن، بەڵام لەم ڕووەشەوە لە عەرەبە مووسڵمانەکان جیاوازن، کورد "دەرمارگیری ئایینی" (Religious Fanatic)یان نییە، کەچی عەرەبەکانی عێراق بە تایبەتی عەرەبی شیعە، بە دەرمارگرژترین [مووسڵمان] لە ناو ئیسلامدا هەژمار دەکرێن. کورد زۆرتر ڕێز لە ئازادییەکانی ئەوروپا دەگرن.

سەلماندن

ا کورد ئازادی تەواو بە ژنەکانیان دەدەن.

ب ئافرەتانی کورد حیجاب لەبەر ناکەن و دەتوانن بە ئازادانە لەگەڵ پیاوانی کەسوکاری خۆی هەڵسوکەوت بکات هەر وەک چۆن ئەم کارەش دەکات.

ج تەنانەت ئافرەتی کورد دەتوانێ لەگەڵ پیاوان هەڵپەڕکێ بکات.

د تەنانەت لە بۆنە تایبەتەکاندا، فەرمانڕەوایی بەسەر پیاواندا بکات. بۆ نموونە، هاوسەری شێخ قادر.

ه ئافرەتی کورد لە غیابی مێردەکەیدا، دەتوانێ پێشوازیی لە مێوانی پیاو بکات و بیهێنێتە ماڵەوە.

(٢) باشووری کوردستان وڵاتی نەتەوەیی و میراتی گەلی کوردە (١٦٨)

باشـووری کوردسـتان، لـە سـەردەمی خەلافەتـدا نەبووەتـە وڵاتێکـی عەرەبـی، تەنانـەت پێـش ئـەو سـەردەمەش کـورد لـە ژێـر فەرمانڕەوایـی و سـتەمکاریی عەرەبـدا نەبـوون. لـە سـەردەمی ئەمـڕۆدا، هیـچ عەرەبێـک لـە باشـووری کوردسـتاندا نیشـتەجێ نییـە، تەنیـا هەندێـك خیڵـی بچـووک نەبـن کـە لـە دەوروبـەری کەرکـووک و هەولێـر هـەن.

بـە درێژایـی مێـژووی کـورد هیـچ کاتێـک عـەرەب نەیتوانیـوە دەسـت بەسـەر کوردەکانـی عێراقـدا بگرێـت. لکاندنـی کوردسـتان بـە عێراقـەوە نـە کارێکـی ڕاسـتە و نـە دادپەروەرانەشـە، ئـەم کارەش چارەسـەر نابێـت تەنیـا لـە ڕێگـەی لەبەریـەك هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەتـی خـاوەن سـەروەریی [عێـراق] نەبێـت. کـورد داوا دەکـەن کـە وەک نەتەوەیەکـی جیـاواز لـە وڵاتـی خۆیانـدا بـە ئـازادی بژیـن و وەفـاداری تاجـی [پاشـایەتی] عێـراق بـن.

**زمان (١٦٩)**

ئەمـڕۆ، کـورد بـە زمانـی کـوردی قسـە دەکـەن، کـە زمانێکـی ئارياييـە و هیـچ پەیوەندییەکـی بـە زمانـی عەرەبییـەوە نییـە کـە زمانێکـێ سـامیە.

لـە کاتێکـدا لـە سـوریا، میـسر و شـوێنەکانیتر، عـەرەب زمانـی عەرەبییـان بەسـەر خەڵکـدا سـەپاند، کەچـی نەیانتوانـی لـە کوردسـتان ئـەو کارە بکـەن، هەروەهـا نەیانتوانـی [زمانـی عەرەبـی] بەسـەر کلـدو و ئاشـوریەکاندا بسـەپێنن کـە لەگـەڵ کـورد لـە کوردسـتاندا دەژیـن و بـە زمانـی کلدانـی قسـە دەکـەن کـە لـە زمانـی ئارامـی کـۆن وەرگیـراوە.

ئەگـەر خود-حوکمڕانـی بـە کـوردەکان نەدرێـت، بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژوودا، کـورد هێـدی هێـدی لـە ڕێگـەی ئامـرازە ئاشـتیخوازەکانەوە، یاخـود لـە ڕێگـەی هـەر ئامرازێکیـترەوە ناچـار دەبـن بـە زمانێکیـتری بێگانـە قسـە بکـەن.

**سەلماندن**

دەتوانیـن بڵێیـن زمانـی فەرمـی کـوردی تەنیـا لـە سـلێمانیدا سـنوردار بـووە. زمانـی فەرمـی لـە لیـوای مووسـڵ عەرەبیـە، کەچـی لـەم لیوایـەدا زۆربـەی دانیشـتوان غەیـرە عەرەبـن. لـە کەرکـووک، عەرەبـی و تورکـی بـەکار دەهێنرێـت. لـە هەولێـر زۆر بـە کەمـی کـوردی بـەکار دەهێنرێـت. لـە قـەزا کوردییەکانـی لیواکانـی دیالـە و کـوت، زمـان بـە تەواوەتـی عەرەبیـە.

سـەرنجەکان خراونەتەسـەر "ڕەشنووسـی یاسـای زمـان" کـە لەلایـەن مێجـەر یۆنـگ (Major Young)ەوە لـە دانیشـتنی مانگـی تشرینـی دووەمـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب خرایـەڕوو. ئاشـکرایە مەبەسـت لـەم یاسـایە سەرلێشـێواندنە لـە [بەکارهێنانـی] زمانەکانـدا.

بوونی کورد لە بەڕێوەبردن و پەرەلەماندا (ل-١٧٠-١٧١)

لــە کاتــی دەســەڵاتداریّتی تورکــدا، کــورد ژمارەیەکــی بەرچــاوی پۆســتە گرنگەکانــی بەدەســتەوە بــوو، بــە تایبەتــی لــە ســێ ویلایەتــی بەســڕە، بەغــدا و مووســڵ. حاڵیحــازر ژمارەیەکــی زۆری فەرمانبــەری کــورد هــەن کــە لــە ڕژێمــی پێشــووی تورکــدا [واتــە لــە دەوڵەتــی عوســمانیدا] فەرمانبــەری کارامــە بــوون و پۆســتی زۆر گرنگیــان لــە ئەســتۆدابوو؛ ئــەو کەســانە بــە بەردەوامــی داوا لــە حکومەتــی عەرەبــی [عێــراق] دەکــەن بینــەوە فەرمانبــەر، بــەڵام ئــەم داواکاریانــە بــێ ســوودن. ناونووســینەکانی وەزارەتــی ناخــۆ[ ئــەم حەقیقەتــە] پشتڕاســت دەکاتــەوە. سیاســەتی حکومەتــی عەرەبــی [عێــراق] ئەوەیــە کــە هێــواش هێــواش کــورد لــە گشــت پۆســتە حکومییــەکان دوور بخاتــەوە. ئێســتا ئــەو کــوردە کاربەدەســتانەی کــە کارامــە بــوون و لــە توانایاندایــە پۆســتە گرنگــەکان لــە ئەســتۆ بگــرن، خەریکــە لــە نــاو دەچــن. هەروەهــا ئــەوان دەرفەتــی ئەوەیــان نییــە بچنــە قوتابخانــە، بۆیــە ژیانــی فەرمانبەرانــی کــورد، خۆبەخــۆ بــە کۆتــا دێــت. دواتــر بــۆ حکومەتــی عەرەبــی ڕوون دەبێتــەوە کــە لــە دوای ماوەیەکــی کــەم تەنانــەت یــەک فەرمانبــەری کــورد لــە خزمەتــی حکومەتــی عەرەبــدا نامێنێــت. هەروەهــا هیــچ ڕۆشــنبیرێکیش [لــە خزمــەت ئــەم حکومەتــەدا نامێنێتــەوە] کاتێــک دەرگای خوێنــدن بەڕوویانــدا داخرێــت. ئەمــە ئــەو سیاســەتەیە کــە حاڵیحــازر حکومەتــی عــەرەب گرتوویەتەبــەر و مەبەســت قڕکردنــی نەتــەوەی کــوردە.

بــۆ نموونــە، "ڕەشنووســی یاســای زمــان" بێنــە بــەر چــاوی خــۆت. بــە پێــی ئــەو یاسـایە ئـەو کەسـانەی بـە زمانـی کـوردی قسـە دەکـەن (کـە لـە نەتـەوەی کـورد نەبـن) دەتوانرێــت لــە کوردســتان دابمەزرێــن. هــەروەک چــۆن ڕاگەیێنــدراوە کۆمەڵێــک کــورد لــە ناوچــە عەرەبیەکانــدا دامــەزراون، ئەمــەش لــە ڕادەبــەدەر گەورەکردنــی شــتەکانە و بــەو مانایــە دێــت کــە ژمارەیەکــی کەمــی فەرمانبــەر هــەن، ئــەو فەرمانبەرانــەش بــە ئەنقەســت و بەهــۆکاری سیاســی بــۆ ناوچــە عەرەبییــە دوورە دەســتەکان نێــردراون.

لــە ٢٠ بەڕێوەبــەری گشــتی کــە فەرمانبــەری حکومەتــی عەرەبــن، تەنانــەت یــەک کوردیــش بەڕێوەبــەری گشــتی نییــە. هیــچ فەرمانبەرێکــی فەرمــی کــورد لــە

دامەزراوەکانی حکومەتی ناوەندیدا بوونی نییە، یاخو لە بەشی وەقفدا کار بکات، تەنیا ٢ یان ٣ کەسێک نەبێت. هیچ دیپلۆماتێکی کورد لە دەرەوە بوونی نییە. ژمارەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەماندا نادادپەروەری و نایەکسانیە؛ لە کۆی ٨٨ نوێنەر، کورد تەنیا ١١ نوێنەری هەیە، ئەمەش بەراورد بە ژمارەی کورد، ژمارەیەکی زور کەمە.

**ژمارەی دانیشتوانی کورد (١٧٢)**

کورد ڕەتی دەکەنەوە کەمینە بن. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بە پێی داتای دانیشتوان، بە بەردەوامی کورد بە هۆکاری سیاسییەوە خراونەتەسەر عەرەبی سونە و بە دانیشتووی عەرەب هەژمارکراون. ئەنجامدانی سەرژمێرییێکی دروست کە تەواوی نەتەوەی کورد لە سونەی عەرەب جیابکاتەوە، لە ئەمری واقیعدا دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەی کورد و عەرەب یەکسان بێت. بۆنموونە، زۆرینەی دانیشتوانی لیوای دیالە، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی لیوای کوت کوردن و گشتیان بە شێوەی دەستەجەمعی لە [بەشی] ڕۆژهەڵاتی ئەو لیوایەدا نیشتەجێن، کە [ئەو بەشە] دراوسێی لیوا کوردییەکانە.

ئارامی و یاسا (ل١٧٣)

لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، یاسا نە لە سیستەمی کارگێریی و نە لە دادگاکاندا، لە ناوچە کوردییەکاندا بە باشی جێبەجێ ناکرێت. لەو دادگایانەدا کە لایەنی جێبەجێکاری یاساکان کورد نین، یاخود لایەنێکی [کێشەکە] کوردە، ئەو کوردە کەیسەکە دەدۆڕێنێت. لەوانەیە ئەم نموونەی خوارەوە بەس بێت.

لە لیوای سلێمانی لە خوارووی موتەسەڕیفەوە بگرە تا دەگاتە بەڕێوەبەرەکان، فەرمانبەران خوێندەوار و لێهاتووو نین، زۆربەیان ناڕۆشنبیرن و هەندێکیشیان بە تەواوەتی نەخوێندەوارن. لە قەزای پشدەر نە بەرپرسێکی حکومی لێیە، نە دادگا و نە قوتابخانە. هەرچەندە ئەو قەزایە یەکێکە لە دەوڵەمەندترین قەزاکانی ناوچەکە، کەچی تا ئێستاش باجی لێوەرناگیرێت. لەلایەکیترەوە، حکومەتی عەرەب پارەیەکی لە ڕادەبەدەر بە سەرۆک خێڵەکان دەبەخشێت تا ئارامی و یاسا بپارێزن. هەر تاوانبارێک کە تاوانێکی ئەنجام دابێت، دەتوانێت لەم قەزایەدا پەناگەیەک بدۆزێتەوە و گیانی پارێزراو بێت. ئەمە تەنیا یەک نموونەیە لە خراپ-بەڕێوەبردنی حکومەتی عەرەب. بەمجۆرەش کورد هەمیشە لە دواکەوتوویدا دەمێننەوە، کەچی دراوسێکانیان لە پێشکەوتن دان. ئەگەر خود حوکمڕانی لە چوارچێوەی پاشایەتی عێراقدا بە کورد نەدرێت، کورد وەك حەمبالی، ئاغا عەرەبەکان دەمێننەوە.

خوێندەواری (ل ١٧٤-١٧٥)

لـە باشـووری کوردسـتاندا ٧٩ قوتابخانـە هـەن کـە لـە ٢٧ قوتابخانـە بـە کـوردی دەخوێندرێـت، لـە قوتابخانەکانیتریشـدا عەرەبـی زمانـی ئیجبارییـە، تەنیـا چەنـد قوتابخانەیـەک نەبێـت تێیـدا بـە تورکـی دەخوێندرێـت.

لـەم ٢٧ قوتابخانـە ئامـاژە پێکـراوەدا، ١٦ قوتابخانـە تەنیـا لـە یـەک پـۆل پێکدێـن، قوتابخانەکانیتریـش سـەرەتایی و ئامادەییـن. لـە ناوچـە کوردییەکانـدا قوتابخانـەی دواناوەنـدی بوونـی نییـە، تەنیـا دوو قوتابخانـەی ناوەنـدی لـە هەولێـر و سـلێمانی هـەن، ئەوانیـش تـەواو نەبوونـە.

لـە سەرتاسـەری باشـووری کوردسـتاندا تەنیـا ٨ قوتابخانـەی کچـان هەیـە و تەنیـا لـە یەکێـک لـەم قوتابخانانـەدا زمانـی کـوردی دەخوێندرێـت.

ژمـارەی دانیشـتوانی باشـووری کوردسـتان پـتر لـە ٨٠٠،٠٠٠ کەسـە؛ باشـووری کوردسـتان تەنیـا ٧٩ قوتابخانـەی هەیـە، بـەراوردی بکـە لەگـەڵ ئەلبانیـا کـە ٥٢٨ قوتابخانـەی هەیـە و فەڵەسـتینیش ٤٣٢ قوتابخانـەی هەیـە.

بـۆ بەراوردکردنـی سیاسـەتی حکومەتـی عـەرەب، لەبـارەی کەرتـی پـەروەردە بـۆ کـورد، ئـەم نموونـەی خـوارەوە بەسـە بـۆ خسـتنەڕووی سیاسـەتی بەئەنقەسـتی حکومەتـی عـەرەب بـۆ لەناوبردنـی نەتـەوەی کـورد.

لـە کـۆی گشـتی داهاتـی لیـوای بەغـدا، سـاڵانە بـڕی ٣٨٪ بـۆ کەرتـی پـەروەردە و خوێندنـی عەرەبـی لـەو لیوایـەدا تەرخانکـراوە. کەچـی لـە لیـوای سلێمانی کـە لیوایەکـی کوردییـە، تەنیـا بـڕی ١٪ی داهاتـی ئـەو لیوایـە بـۆ پـەروەردە و خوێنـدن تەرخانکـراوە.

بـۆ خسـتنەڕووی بیـر تەسـکی و سـتەمکارییە بچووکـەکان، تەنانـەت حکومەتـی عـەرەب لـە عێـراق لەبـارەی پرسـە بچووکەکانیـش، مێـز و کورسـی و کەرسـتە کۆنەکانـی قوتابخانەکانیـان بـۆ قوتابخانـە کوردییـەکان دەنێـرن و بۆخۆیـان کەرەسـتەی نـوێ دەکـڕن. ئـەو کارە منداڵانەیـەی حکومەتـی [عێـراق] کـە هـەوڵ دەدات وەک پیاوێـک سـەربەخۆ بێـت، بێئـەوەی بـە بێلایەنانـە لەگـەڵ هاووڵاتییـە غەیـرە عەرەبەکانیـدا مامەڵـە بـکات،

ئەگـەر کارێکـی خەمبارانـە نەبێـت، کارێکـی گاڵتەجاڕانەیـە. پـەروەردە کـە بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن لایەنەکانـی ژیانـی نەتەوەیـی هەژمـار دەکرێـت لـەم نموونانـەی سـەرەوە دەردەکەوێـت [بـۆ حکومەتـی عێـراق] تەنیـا بریتییـە لـە کات بەسـەر بـردن. ئەگـەر کـورد بکەونـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی تەواوەتـی عـەرەب، کاتێـک عـەرەب سـەربەخۆیی تـەواوی خۆیـان دەسـتەبەرکرد، زمـان و کلتـوری کـوردی لەنـاو دەچێـت.

سەلماندن

بەڵگەنامە و دۆسیە فەرمییەکان (Official files and Documents)

(N. B)

پڕۆگرامـی خوێندنـی زۆرەملـێ کـە لـە کوردسـتاندا پیـادە دەکرێـت، هەمـان ئـەو پرۆگرامەیـە کـە بـۆ گشـت قوتابخانەکانـی سەرتاسـەری عێـراق داڕێـژراوە. ئەمـەش بـە پێچەوانـەی ڕاسـپاردەی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب و کۆمسـیۆنی بەدواداچوونـی ڕاسـتییەکانی تەلەکـی-ئۆف-وایرسـن (Teleki-Auf-Wirsen)ە. تەنانـەت بـە پێچەوانـەی سـایکۆلۆژیا و خەسـڵەتی ڕۆڵەکانـی کـوردە کـە لـەڕووی خەسـڵەت و نـەژاد، لـە ڕۆڵەکانـی عـەرەب جیـاوازن. ئەمـە پلانێکـی سسـتماتیکی حکومەتـی عەرەبـە بـۆ سـەپاندنی ناسیۆنالیسـتی عەرەبـی بەسـەر نەتەوەکانیـتردا.

جێـی ئاماژەپێدانـە لـە سەرتاسـەر کوردسـتاندا کۆلێژێکـی مەشـق و ڕاهێنان[پیشـەیی] یاخـود قوتابخانەیەکـی تەکنیکـی بوونـی نییـە. بۆیـە داهاتـووی ڕۆڵەکانـی کـورد ئیفلیجکـراوە. ئـەوان وەک نـەوەی داهاتـوو ناتوانـن پۆسـتە کارگێـڕی و حکومییـەکان لـە ئەسـتۆ بگـرن. لـە مـاوەی ١٠ سـاڵی ڕابـردوودا حکومەتـی عـەرەب ١٢٠ مەشـقپێکراوی (trainee) بـۆ ئەوروپـا نـاردووە؛ لـە کـۆی گشـتی ئـەو کەسـانە تەنیـا دوو کەسـیان کـوردن.

کۆپی (ل ١٧٦)

**کاری گشتی**

ئێمە لە سەدەیەکدا دەژین کە هەموو نەتەوەیەک تێیدا هەوڵی بەشارستانیبوون و پێشکەوتن دەکات؛ کەچی ئێمە دەبینین خاک و شارەکانی کوردستان ڕۆژانە بە ئەنقەست پشتگوێ دەخرێن، تا لەناو دەبردرێن. حکومەتی عەرەب تەنیا یەک قوتابخانەی کچانی لە سلێمانی کردووەتەوە کە لە دوو پۆل پێکدێت. قوتابیانی ئەم دوو پۆلە لە یەک ژووردا وانە دەخوێنن، چونکە ژووریتر نییە کە ئەو قوتابیانە بە جیا تێیدا بخوێنن. لەلایەکیترەوە، حکومەتی عەرەب بە ملیۆنان ڕوپیە خەرج دەکات بۆ دروستکردنی بنکەی پۆلیس بۆئەوەی بەم کارە بەهای خۆی بەرز بکاتەوە.

کۆپی (١٧٧)

**کشتوکاڵ و ئاودێری (Irrigation and Agriculture)**

لە سەرتاسەری کوردستاندا هیچ بەشێکی ئاودێری بوونی نییە. ئەو شێوازانەی بۆ ئاودێریی بەکاردەهێنرێن زور سەرەتایین و بۆ چەندین هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە. کەچی حکومەتی عەرەب گشت تواناکانی خۆی وەگەڕخستووە تا چەندین بەشی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ناوچە عەرەبییەکاندا بکاتەوە.

جار نا جار، ئەم حکومەتە لە ڕێگەی پێدانی پێشینەی [کشتوکاڵ] یارمەتی جوتیارانی عەرەب دەدات، کەچی جوتیاری کورد پشتگوێ دەخات. سەرەڕای داواکاری کورد لە حکومەت، بەڵام حکومەتی عەرەب فەرمانبەری تەکنیکی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی تووتن لە کوردستان دانەمەزراندووە. جوتیاری کورد نوقمی هەژاری بووە. چونکە ناچارە باجێکی زۆر [بە حکومەت] بدات، کەچی ئەو باجە بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەی تەرخان ناکرێتەوە.

کۆپی (١٧٨)

**تەندروستی**

کوردستان بە پێچەوانەی ناوچە عەرەبییەکان کە بارودۆخیان بە تەواوەتی جیاواز و باشترە، لە بوونی دامەزراوە تەندروستییەکان، بێ بەشکراوە. پزیشک وەک پێویست لە کوردستاندا بوونی نییە. لەلایەن حکومەتی عەرەبەوە هیچ بایەخێک بە ڕەوشی تەندروستی خەڵک نادرێت. تەنیا ئەوە بەسە بڵێین، حکومەتی عەرەب هیچ کاتێک هیچ هەنگاوێکی بۆ بەگژداچوونەوەی نەخۆشی سورێژەی بچووک نەگرتووتەبەر.

خودی خۆم کاتێک موتەسەڕیفی سلێمانی بووم داوای کردنەوەی نەخۆشخانەیەکم کرد، کەچی وەڵامی وەزیری عەرەب ئەوە بوو کە بودجەی پێویست بۆ ئەم کارە لەبەردەست نییە. لەهەمانکاتدا موتەسەڕیفی عەرەبی مووسڵ داوای بودجەی لە حکومەتکرد بۆ کردنەوەی بەندیخانەیەکی نوێ و حکومەتیش بڕی پارەی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکرد.

کۆپی (١٧٩)

هەڵسەنگاندنی ژمارەی فەرمانبەری کوردی ڕاگەیێندراو لە کوردستان لە پێش کۆمسیۆنی کۆنت تالکی (Count Teleki) و لە ساڵی ١٩٣٠

ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە پێش [دامەزراندنی] لە پێش کۆمسیۆنی کۆنت تالکی

| وەزارەتەکانی حکومەت | کورد | غەیرە کورد | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| دارایی و ناوخۆ | ٤٣ | ١٤ | ٥٧ |
| داد | ١٠ | ٣ | ١٣ |
| وەزارەتەکانیتر | ٣٨ | ١٧ | ٥٥ |

**ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە ساڵێ ١٩٣٠**

| وەزارەتەکانی حکومەت | کورد | غەیرە کورد | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| دارایی و ناوخۆ | ٤٤ | ٢١ | ٧١ |
| داد | ٩ | ٧ | ١٦ |
| وەزارەتەکانیتر | ١١ | ٤٠ | ٥١ |

تێبێنی: زانیارییەکانی سەرەوە لیواکانی کوت و دیالە لەخۆ ناگرن، چونکە گشت فەرمانبەرەکانی ئەم دوو لیوایە عەرەبن.

کۆپی (١٨٠)

ڕاگەیێندراوی کۆمسیاری باڵای بەریتانیا لە عێراق

٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢

""حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق، دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە چوارچێوەی سنورەکانی عێراقدا دەژین، تا حکومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی ئەم سنورانەدا دابمەزرێنن و هیواداریـن لایەنە جۆراوجۆرەکانی کورد، لە زووترین کاتدا، لە نێوان خۆیاندا ڕێک بکەون کە ئەم حکومەتە چ شێوازێک بێت و سنوری [جوگرافیایی ئەم وڵاتە] کە تێیدا دەژین تا کوێ فراوان بێت و شاندێکی بەرپرسیار ڕەوانەی بەغدا بکەن، تا لەسەر جۆری پەیوەندییە ئابوری و سیاسیەکانیان لەگەڵ حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق گفتوگۆ بکەن"".

کۆپی (ل ١٨١)

پەیوەندیی کورد لەگەڵ کلدو و ئاسوریی

کــورد لــە ویلایەتــی مووســڵ لەبــارەی بانگەشــەی کەمینــە غەیــرە عەرەبــەکان بــۆ دانپێدانــان بــە شوناســی نەتەوایەتیــان و پاراســتنیان لــە دژی زاڵبوونــی عــەرەب بەســەریندا، هاوســۆزی زۆر بەهێزیــان هەیــە. هــەردوو نەتــەوەی کــورد و ئاشــور زۆر بــە باشــی ئــاگاداری پیلانگێــڕی بەردەوامــی فەرمانبــەرە عەرەبەکانــن بــۆ ورژاندنــی هەســتی ڕق لــە یەکــتر بوونــەوە لــە نێــوان کــورد و ئاشــوورییەکان، هــەروەک هەمیشــە ئــەم کارە لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە پشــتگوێ خــراوە.

مــن ، وەک موتەســەڕیفی ســلێمانی، باشــترین بەڵگەیــە لەســەر ئــەم [پیلانگێڕییــە و باســی لــە بوونــی ئــەو پیلانگێڕییانــە کــردووە]؛ هەروەهــا ئــەو باشــترین ئامــراز بــووە لــە هۆشــیارکردنەوەی گەلــی کــورد ســەبارەت بــەو پڕوپاگەنــدە پیســانەی [کــە لــە دژی گــەل کــورد و بــۆ تێکدانــی پەیوەنــدی نێــوان کــورد و ئاشــوری ئەنجــام دەدرێــت].

بــە دامەزراندنــی حکومەتــی خۆ-بەڕێوەبــەری خۆجێیــی، لەوانەیــە هەمــوو ئــەو بەربەســتانەی حاڵیحــازر لــە نێــوان [ئــەم دوو گەلــەدا هــەن] لەنــاو بچــن و دۆســتایەتی و هاوســۆزی کــە bv bc ئێســتا لــە نێــوان کــورد و دراوســێیە غەیــرە عەرەبەکانیــدا لــە ئارادایــە، زۆر بەهێزتــر دەبێــت.

داواکاری ئێمــە هەمــان داواکاری ئەوانیشــە، ســکاڵا و ناڕەزایەتــی ئێمــە، ســکاڵا و ناڕەزایەتــی ئەوانیشــە. ئــەو دوو گەلــە لەســەر شــێوازی پێشــکەوتنی ئەوروپــا هــاوڕان و بــۆ ئــەم مەبەســتەش یەکیــان گرتــووە- ئــەوان دەگەڕێنــەوە بــۆ ســەر شارســتانییەتی ڕۆژئــاوا- و ئیرەیــش بــە خەڵکــی ڕۆژئــاوا نابــەن.

ئێمــە ڕق هەڵگــری حکومەتــی عــەرەب بــۆ داهێنــان و پێشــکەوتن، شــەرمەزار دەکەیــن. ئێمــە و دراوســێیە غەیــرە عەرەبەکانمــان یەکمانگرتــووە لــە ڕەتکردنــەوەی وێرانکــردن بــە بــێ دووبــارە ئاوەدانکردنــەوە. ئــەو کەســانەی داواکاریــان بــۆ ئێــوە بەرزکردوتــەوە لەگــەڵ نوێنەرەکانیــتری گەلــی کــورد ئامادەیــن لــە جنیــڤ یــان هــەر شــوێنێکیتر لەگــەڵ نوێنــەری

کەمینەکانی دی لە عێراق کۆبینەوە و لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان بە شێوازێکی دۆستانە گفتوگۆ لەسەر هەر خاڵێک بکەین کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێت، یاخود گفتوگۆ بکەین بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش.

بەهەمان شێوە، ئێمە لەگەڵ کەمینە غەیرە عەرەبەکان ئامادەین لە ژێر چاودێری نوێنەرانی کۆمەڵەی گەلان لە جنێڤ یاخود لە هەر شوێنێکیتر لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی عێراق لە بەغدا و دەسەڵاتی ئینتیداب کۆبینەوە، تا بە شێوەیەکی دۆستانە لەسەر ئەو مەرجانە گفتۆگۆ بکەین کە لە ڕێگەیانەوە هەموومان ماف و ئاواتەکانمان، دەستەبەر دەکەین.

واژوو: تۆفیق وەهبی

ڕاسپاردەکان (ل ١٨٣-١٨٤)

ڕاسپاردەکانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە نۆزدەیەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کە لە تشرینی دووەمی ١٩٣٠ لە جنێڤ بەڕێوەچوو:

**ڕاسپاردەکان**

(٢) داواکارە دەسەڵاتی ئینتیداب، ئەو ڕێکارە کارگێڕیی و یاساییانەی بۆ پاراستنی پێگەی کورد داڕێژراون، بگرێتەبەر و بە خێرایی وەگەڕیان بخات و بە گونجاوی جێبەجێیان بکات.

ئەو کەسانەی داواکارییان بۆ ئێوە بەرزکردووتەوە [واتە ئەو کوردانەی داواکارییان بۆ ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان بەرز کردووەتەوە] زۆر بەڕێزەوە ئاماژەیان بەوە کردووە، تا ئەم ڕێکەوتە هیچ ڕێکارێک لەلایەن حکومەتی عەرەب لە عێراقدا نەگیراوتەبەر بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان؛ بۆنموونە، داواکارەکان هەندێك بەڵگەیان خستووەتەڕوو کە هاوپێچی [ئەم ڕاسپاردانە] کراون و نیشانی دەدەن تا ئەم ڕێکەوتە بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی فەرمانبەری فەرمی کورد لە سەردەمی ئەلتەلەکی پاولسن (Al-Teleki Paulsen) ژمارەی فەرمانبەری فەرمی (gazetted officials) کورد کەمیکردووە.

**پەیوەندی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی کلد و ئاشور**

داواکارەکان بەڕێزەوە بۆ کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ئاماژەیان بەوە کردووە کە بۆ دژایەتیکردنی پێدانی مافە ڕەواکانی کورد و نەتەوەی کلد و ئاشور، بۆئەوەی خۆ-بەڕێوەبەرییان پێنەدرێت، بە بەردەوامی لێدوان دەدرێت کە گوایە ئەم دوو گەلە لە دێر زەمانەوە دوژمنی یەکترن. ئەم بانگەشەیە بە تەواوەتی لە ڕاستییەوە دوورە. گەلی من و کلد و ئاشور دەتوانن لە ئاشتی و یەکگرتوویدا (بگونجێن) بژین و ژیاون. بۆنموونە گوندی بادی (Badi). هەندێك جار کە کێشە لە نێوان جوتیاری نەخوێندەواری کورد و جوتیاری ئاشوریدا ڕوودەدا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ

سیاسـەتی حکومەتـی عـەرەب لـە عێـراق لـە دروسـتکردنی ڕق لێبوونـەوە لـە نێـوان ئـەو دوو گەلـە کـە لـە ڕووی خوێنـەوە لـە یەکتری نزیکترن، تـا لەگـەڵ عەرەبـی عێـراق. هـەر دوو گەلـی کلـدو و ئاشـور لەگـەڵ گەلـی مـن خاڵـی هاوبەشـی زۆریـان هەیـە، بـەڵام گەلەکـەی مـن ئـازاری زۆرتـر دەبینـن لـەو سیاسـەتەی لـە کاتـی سـەرهەڵدانی هـەر جـۆرە ئاژاوەیەکـی بچووکیـش دەگیرێتەبـەر، چونکـە یەکسـەر هێـزی ئاشـوریی لـە دژی گەلـی مـن ڕەوانـە دەکرێـت، کەواتـە چـۆن پەیوەنـدی دۆسـتانە بوونـی دەبێـت لـە کاتێکـدا حکومەتـی عـەرەب ئاشـورییە چەکـدارەکان بـەکار دێنێـت کـە چەکەکانیـان بـەرەو سـینگی ئێمـە نیشـانە گرتـووە و بـە پڕوپاگەنـدە و ئامرازەکانیـتر هـەوڵ دەدات مێشـکی دراوسـێیە کلـد و ئاشـورییەکانمان ژەهـراوی بـکات.

واژوو: تۆفیق وەهبی

مـن میـرزا تۆفیـق کـوڕی حاجـی ئەحمـەد قـەزازی سـلێمانی، سـوێند بـە خـوای گـەورە دەخـۆم کـە ئـەم قسـانەی خـوارەوەم لەبـارەی دەسـت بەسـەرکردنەکەم لـە ڕۆژی ٦ی ئەیلوولـی ١٩٣٠، بـە تەواوەتـی دروسـتن.

١. لـە ڕێکەوتـی ٦ی/٩ی/١٩٣٠، کاتژمێـر سـێ ئێـوارە، کاتێـک لەگـەڵ خانەوادەکـەم لـە ماڵـەوە دانیشـتبووین. سـوپای عـەرەب و پۆلیسـی عـەرەب گەمـارۆی ماڵەکەمیانـدا و هێرشـیان کـردە سـەر مـاڵ و خانەوادەکـەم. ئـەوان تفەنـگ و دۆشـکەیان (Lewis gun) پێبـوو. بـێ گۆتنـی هیـچ هۆکارێـک منیـان دەستبەسـەر کـرد. کـردەوەی ئـەوان لـە دژی یاسـای بنەڕەتـی عێـراق بـوو. هاوسـەرەکەم هاتـە نـاو بابەتەکـە و هـۆکاری دەستبەسـەرکردنی منـی پرسـی و لـە دژی ئـەم کارە وەسـتایەوە؛ چونکـە کارەکـەی ئـەوان بـە پێـی یاسـا و دابونەریـت، لەگـەڵ ژیانـی شەخسـیدا (Haiat al Ikhtiyaryyah) ناگونجێـت. هەروەهـا هاوسـەرەکەم ناڕەزایـی دەربـڕی کـە هیـچ فەرمانێکـی ئاگادارکردنـەوە بـۆ دەستبەسـەرکردنی مـن دەرنەچـووە. بۆیـە سـوپا و پۆلیـس هەڵوێسـتێکی دوژمنکارانەیـان وەرگـرت و چەکەکانیـان بـە ڕووی هاوسـەرەکەمدا نیشـانە گـرت. دواتـر ئـەوان بـە زەبـری چـەک منیـان بـردە دەرێ و

لـە ژێـر چاودێـری پۆلیـس و سـوپا منیـان بـۆ بەندیخانـە بـرد. ئـەوان تـا گەیشـتنە بەندیخانـە جنێویـان دەدا و بـێ ڕێزیـان بـە مـن کـرد و زمانێکـی زۆر پیسـیان بەکاردێنـا و نزیکـەی ١٠ کەسـیتری هاوڕێـی منیـان بـە هەمـان شـێوە لەگـەڵ خۆیـان بـرد. تـا کاتژمێـر ١١ی شـەو ئێمـە لـە بەندیخانـەماینـەوە. لـەم ماوەیـەدا ئـەوان بـە شـێوازێکێ زۆر نەشـیاو مامەڵەیـان لەگـەڵ ئێمـەدا دەکـرد، تـا ئەوکاتـەی بـە قۆڵبەسـت کـراوی ئێمەیـان بـەرەو کەرکـووک بـرد. ئێمـە دوو بـە دوو قۆڵبەسـت کرابوویـن. لـە بەندیخانـەی کەرکـووک بـۆ مـاوەی ٧٢ کاتژمێـر ڕاگیـرام.

٢. لــە ئەنجامــی لێکۆڵینــەودا ئێمــە زانیــمان ئــەو تۆمەتــەی لەلایــەن پۆلیســەوە ئاڕاســتەی ئێمــە کــراوە و هــۆکاری بەندکردنمــان ئەوەیــە کــە ئێمــە داواکاری و تەلەگرامــمان بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان و دەســەڵاتی ئینتیــداب بەرزکردووەتــەوە و واژووی تەلەگرامەکەمــان کــردووە، بــەڵام وەک ئــەوەی ئاگاداریــن ئــەو کارانــە کاری یاســایین، کەچــی بۆئــەوەی خۆیــان لــە بەرپرســیارێتی ئــەو کارە بدزنــەوە، کۆمەڵێـک پرسـیاریان لەبـارەی ڕووداوەکـەی ٦ی ئەیلوولـی ١٩٣٠ کـرد، هەرچەنـدە خۆیــان دەیانزانــی بــە هیــچ شــێوەیەک پەیوەندیــمان بــەو ڕووداوەوە نەبــووە.

٣. ئــەوان بــە ئەنقەســت بــۆ ماوەیــەک، بــێ هیــچ لێکۆڵینەوەیــەک ئێمەیــان لــە بەندیخانــەدا ڕاگــرت. هەروەهــا داوکاری گشــتی (procurators department) هەڕەشــەی لــە ســێدارەدانی لــە ئێمــە دەکــرد، چونکــە بــە قســەی ئــەوان ئێمــە لــە کۆمەڵــەی گــەلان داوای مافەکانــی خۆمــان کــردووە. دواتــر ئێمــە توانیــمان بــۆ دادگای بسـەلمێنین کـە هیـچ پەیوەندییەکـمان بـەو یاخیبوونـە نەبـووە کـە لەسـەرەوە ئامــاژەی بــۆ کــراوە؛ پاشــان بۆمــان دەرکــەوت هــۆکاری جەوهــەری لــە بەندکردنــی ئێمــە خســتنەڕووی داواکارییەکانمانــە بــۆ بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان. دوای ئەوەــی دادگا ئێمــە بــە بــێ تــاوان ناســاند، ئازادکرایــن.

"بۆچی ئێوە [داواکاریتان] بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکردووەتەوە؟"

ئـەو شـایەتحاڵانەی پۆلیـس هێنابوونییـە دادگا، سـوێندیان خـوارد و زۆر بـە ڕاشـکاوی ڕایانگەیانـد کـە ئێمـە بەریـن لـەو تۆمەتانـە و پۆلیـس ئـەم کەسـانەی ترسـاند بـوو کـە

ئەگـەر بەڵگـەی درۆ لـە دژی ئێمـە بـەکار نەهێنـن، دەیانکـوژن. بـەڵام شـایەتحاڵەکان ڕاسـتییەکەیان گـووت، چونکـە ئـەوان سـوێندیان خـوارد کـە ڕاسـتییەکە بڵێـن، بۆیـە دادگا بـە بـێ لایەنگـری بڕیـاری خۆیـدا. دەبینیـن سـەرەڕای تـرس و هەڕەشـەکانی بەشـێک لـە پۆلیـس شـایەتحاڵەکان ڕاسـتییەکەیان گـووت.

٤. کاتێـک دادگا منـی بـە بـێ تـاوان ناسـاند و گەڕامـەوە سـلێمانی، بەشـی پۆلیـس منـی بانـگ کـرد و داوای کـرد کەفالـەت بـدەم، چونکـە مـن داواکاریـم بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان بـەرز کردووتـەوە، بۆیـە ئـەوان ناتوانـن متمانـە بـە مـن بکـەن. زیـاد لەمـەش، لەمـە بـەدوا ناتوانـم دەسـت لـە کاروبـاری سیاسـی وەربـدەم و چیـتر نابـێ مەزبەتـە و سـکاڵا بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان بنێـرم. بـۆم دەرکەتـووە ئـەوان هـەوڵ دەدەن کێشـەم بـۆ دروسـت بکـەن. ڕەتمکـردەوە هیـچ کەفالەتێـک بـدەم. شـایانی ئاماژە پێدانـە، بەشـی پۆلیـس لـەو کاتـەوە چەندیـن جـار منیـان بانـگ کـردووە و داوای کەفالەتیـان کـردووە. ئـەوان منیـان بردووەتـە بەشـی سـەرەکی تـا کەفالەتـی پێویسـت بـدەم ئەگەرنـا دەمخەنـە بەندیخانـە.

٥. لـە سـلێمانی مرۆڤێکـی موڵکـدار و بازرگانـم و لـە مـاوەی بەندکردنمـدا نزیکـەی ١٠،٠٠٠ ڕووپیـەم زەرەر کـردووە، هەروەهـا لەبەرئـەوەی بـە بەردەوامـی لەلایـەن پۆلیسـەوە هۆشـداریم پێدەدرێـت، هەروەهـا چونکـە ئـەوان بـە بیانـۆی جیـاوازەوە گوشـارم بـۆ دێنـن، ناتوانـم دووبـارە دەسـت بـە کارەکـەم بکەمـەوە، بۆیـە زەرەری مـن بـە بەردەوامـی لـە زیـاد بووندایـە.

بەغدا، ٢٣ی ئاداری ١٩٣١

واژوو

حاجی ئەحمەد قەزاز زادە (بازرگان تۆفیق قەزاز)

کۆپی (ل١٨٨-١٨٩)

مـن شـێخ قـادر کوڕی شـێخ سـەعیدی سـلێمانی و بـرای بچووکی شـێخ مەحمود، سـوێند بـە خـوای گـەورە، ئـەم قسـانەی خـوارەوەم لەبـارەی دەسـتگیرکردنەکەم، بە هـۆی ڕووداوی ٦ی ئەیلوولـی ١٩٣٠ ڕاسـتن.

١. دەوروبەری کاتژمێر ٣ی ئێوارە کاتێک لەگەڵ خانەوادەکەم لە ماڵ دانیشتبووم، لەناکاو ماڵەکەم لەلایەن پۆلیس و سوپای عەرەبەوە هێرشی کرایەسەر. بە بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت و بەبێ یاداشتی موختار و [گوێدان بە] ژیانی شەخسی، ئەوان بە چەک و دۆشکە هێرشیان کردە سەر خانووەکەم. ئەوان منیان دەستبەسەر کرد و لەگەڵ ١٠ کەس لە هاوڕێکانم بەند کراین. لەو ماوەیەدا و تا کاتژمێری یەکی شەو، زۆر بە خراپی مامەڵە لەگەڵ ئێمەدا کرا. دواتر ئێمەیان دوو بە دوو قۆڵ بەست کرد و لە ژێر چاودێری پۆلیس کە بە چەک و دۆشکە پۆشتە کرابوون بەرەو کەرکووک نێردراین. لەوێ ئێمە بەند کراین و من بۆ ماوەی ٧٠ ڕۆژ لە بەندیخانە مامەوە.

٢. ئەو تۆمەتەی لەلایەن پۆلیسی سلێمانیەوە ئاڕاستەی من کرا، پوختەکەی بریتییە لەمانەی خوارەوە. ""بۆچی تۆ مەزبەتە و تەلەگرامت بۆ کۆمەڵەی گەلان و وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ناردووە"". هەروەها ئەوان بەوە تاوانباریان کردم کە هۆکاری یاخیبوونەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ بوومە، بەڵام سەلمێنراوە کە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەو ڕووداوەوە نەبووە. تەنیا هۆکاری بەندکردنی ئێمە بریتی بوو لەوەی ئێمە مەزبەتەمان بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردووە. ئەمەش لەو پرسیارانەدا دیار بوو کە پۆلیس لە ئێمەی دەپرسی ""بۆچی ئێوە لەبەردەم کۆمەڵەی گەلان سکاڵاتان کردووە"".

٣. دوای ٧٠ ڕۆژ مانەوە لە بەندیخانە لە کەرکووک و دوای ئەو هەموو خراپ مامەڵەکردنەی لەگەڵمـدا کـرا، ئـەوان [واتـە حکومەتـی عێـراق] لـە ژێـر چاودێرییـەوە منیـان بـۆ کەرتی ناسـڕیە نـارد و لـەوێ ئازادیـان کـردم، بـە شـێوەیەک نـە دەتوانـم لـە ناسـڕیە دەربچم و نـە دەتوانـم بگەڕێمـەوە سـلێمانی. ئـەوان کەفالەتێکـی ٥٠٠٠ ڕوپیەییان لێـم وەرگرتووە. دوای ئـەوەی کـە ٣٩ ڕۆژ لـە ناسریـە مامەوە، دووبارە لـە ژێر چاودێری [پۆلیس و سـوپا]

منیان بۆ بەغدا گواستەوە. لە بەغدا کەفالەتێکی ٥٠٠٠ ڕوپیەییان لە من وەرگرت و بەو مەرجەی نەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، واتە شارەکەم، منیان ئازادکرد. لە حاڵێحازردا من لە بەغدام و ڕێگەم پێنادەن بگەڕێمەوە شارەکەم. دوای دەستبەسەرکرانم، ماڵەکەم لە سلێمانی، لەلایەن پۆلیس و سوپای عەرەب پشکێنراوە. ناوی ئەفسەری بەرپرس لە پشکنین "ملازم محەمەد"ە. دوای پشکنین کاڵا بەنرخەکانی وەک خشڵ و زێڕی خێزانەکەمیان بردووە. بەشێک لەو زێڕ و خشڵانە هێنراونەتەوە و بەشێکیش هەر لای خۆیانن. تا ئەم ڕێکەوتەش خانەوادەکەم لە ژێر چاودێری پۆلیس و سوپای عەرەبدایە. دواتر ناچارکرام کە خانەوادەکەم بگوازمەوە بەغدا و ماڵ و سامانەکەم بەجێ بهێڵم و هیچ کەسیشم نییە ئاگاداری ماڵ و سامانەکەم بێت.

٤. ئەو تۆمەتەی کە بە هۆیەوە بەند کراین هیچ پەیوەندییەکی بە هەڵبژاردنەکان و ڕووداوی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠یەوە نەبوو، بەڵکو هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، تەنیا هۆکارەکەی ناردنی مەزبەتە بوو بۆ کۆمەڵەی گەلان و حکومەتی بەریتانیا. یەکەم پرسیاری پۆلیس لەبارەی مەزبەتە و سکاڵاکانمان بوو [کە بۆ کۆمەڵەی گەلان و حکومەتی بەریتانیا ناردووبومان]، چونکە لەبەردەم دادگا سەلمێنرا کە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بە یاخیبوونی [سلێمانی] نییە، بەڵکو [دەستبەسەرکردنمان] بەو هۆکارانەوە بوو کە لە سەرەوە باسمکردن.

٥. لە سلێمانی من موڵکدارم کە سەرچاوەی داهات و بژێوی ژیانمە. لە ئەنجامی ئەم بەندکردن و نەفی کردنە، بە ئۆتۆماتیکی موڵک و ماڵی من زیانی وەبەر کەوتووە. ئەمەو سەرەڕای زیانی دەستبەرسەرداگرتنی ئەو سامانەی کە لە سەرەوە باسم کردن. تا ئێستاش من لە هەمان بارودۆخدام کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد.

واژوو: شێخ قادری حەفیدزادەی سلێمانی

Baghdad, 23rd Mrch 1931

True translation

(Sgd.) Taufiq Wahbi

بەیاننامەیـەك بـۆ ڕەتکردنـەوەی بەیاننامەکـەی مێجـەر یۆنـگ (Major Young) نوێنـەری باوەڕپێکـراوی دەسـەڵاتی ئینتیـداب لـە عێـراق (ل ١٩١-١٩٤)

لاپەڕەی ٧٩ی یاداشتی کۆپیکراوی نۆزدەیەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب.

نوێنـەری باوەڕپێکـراوی دەسـەڵاتی ئینتیـداب، مێجـەر یۆنـگ لـە پەرەگرافـی (١) بـە ناونیشـانی "پێگـەی کـورد و کریسـتیان و کەمینـە ناموسـڵمانەکانیتر"، لـە دوای دێباجـەدا دەڵێـت، پرسـی کـورد و کریسـتیانەکان لـە بنەڕەتـدا هەمـان ئـەو کێشـەیەن کـە ئـەو ڕایگەیانـدووە، واتـە ئـەو داواکارییـەی کـورد و کریسـتیانەکان پێشـکەش بـە کۆمەڵـەی گەلانیـان کـردووە، هۆکارەکـەی ئەوەیـە لـەو ڕێککەوتننامـەی لـەم دواییانـەدا لـە نێـوان حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق گرێـدارەوە، هیـچ بەندێکـی تیـدا نییـە ئامـاژە بـە داهاتـووی کـورد و کریسـتانەکان یاخـود کەمینـە ناموسـڵمانەکان بـکات.

لـە پەراگرافـی ٢دا، مێجـەر یۆنـگ ئامـاژە بـەوە دەکات، لەبەرئـەوەی هیـچ ئاماژەیـەک [بـە کـورد و کەمینەکانـی دی لـە ڕێککەوتنەکـەدا نـەدراوە] بۆیـە هەندێـك کەسـایەتی لـە نێـوان ئـەم [کەمینانـەدا] بیریـان کردووەتـەوە باشـترە کێشـەکەیان بخەنـە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان.

هـۆکاری داواکارە[ کـوردەکان] کـە داواکانیـان بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان بـەرز کردووەتـەوە، ئـەوە نەبـووە کـە لـە ڕێککەوتنەکـەدا هیـچ ئاماژەیەکـی [بـە داهاتـوی کـورد] نەکـردووە، بەڵکـو بـۆ سـەرکوتکردنی بەرنامـە بـۆ داڕێژراوی کـورد و پشتگوێخسـتنی داوکاریـی و مافـە ڕەواکانـی کـورد دەگەڕێتـەوە.

(تێبینـی): دەبـوو بەوپـەڕی ڕێـزەوە داواکارەکان، کۆمەڵـەی گەلانیان ئـاگادار بکردبایەوە کـە لەلایـەن دەسـەڵاتی ئینتیدابـەوە پێـش واژووکردنـی ڕێککەوتنەکـە، ڕێـکاری پێویسـت بـۆ پاراسـتنی کـورد و هەمـوو کەمینەکانـی دی گیراونەتەبـەر.

ئامـاژەدان بـە یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان. داواکارەکان دەزانـن مەبەسـتی حکومەتـی عـەرەب لـە عێـراق ئەوەیـە بەردەوامـی بـدات بـە ناسـاندنی زمانـی کـوردی وەک مەرجێک بـۆ دامەزراندنـی فەرمانبـەری کـورد لـە ناوچـە کوردسـتانییەکان، بـە چاوپۆشـین لـەوەی

ئـەو فەرمانبەرانـە سـەر بـە نەتـەوەی کـوردن یـان نـا.

هەروەهـا مێجـەر یۆنـگ دەڵێـت، حاڵیحـازر بڕوایەکـی بـاو لـە نـاو کوردانـدا هەیـە کــە ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان ڕاســپاردەی دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی کــوردی ســەربەخۆی لــە باشــووری کوردســتان کــردووە، بــەڵام ئــەو نازانێــت کــورد باســی چــی دەکـەن. ئامـاژە بـەوە دەدەم کـورد زۆر بـە ئەسـتەم لـە لایەنـە تەکنیکییەکانـی یاسـای نێودەوڵەتــی تێــدەگات و بیرۆکــەی ئۆتۆنۆمــی نەتەوەییــان (national autonomy) لەگــەڵ بیرۆکــەی ســەربەخۆیی تــەواو (free independence) لێکجیــا ناکەنــەوە. نارەزایـی کـورد کـە ئـەوان بانگەشـە دامەزراندنـی حکومەتێکـی ئۆتۆنۆمـی خۆجێیـی لەسـەر خاکـی بـاب و باپیرانیـان و لـە چوارچێـوەی پاشـایەتی عێراقـدا دەکـەن، لەسـەر ئــەو بەڵێنــە بــڕاوە دامــەزراوە کــە حکومەتــی خاوەنشــکۆی بەریتانیــا و حکومەتــی عێــراق [بــە کوردەکانیــان] داوە، کۆپیــەک لــەم بەڵێنــەش هاوپێچکــراوە.

**بەندکردنی کوردەکان لە سلێمانی**

نوێنـەری بـاوەڕ پێکـراو، مێجـەر یۆنـگ، سـەر بـە دەسـەڵاتی ئینتیـداب بـە کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیدابـی ڕاگەیانـدووە (بڕوانـە لاپـەڕەی ٧٩ی ڕاپۆرتەکـە) ئەمـە بـە تەواوەتـی لـە ڕاسـتییەوە دوورە کـە کۆمەڵێـک کـورد بـە هـۆی واژووکـردن و بەرزکردنـەوەی داواکاری بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، دەستبەسـەر کـراون. لـە ڕاسـتیدا، قسـەکانی مێجـەر یۆنـگ بـە تەواوەتـی لـە ڕاسـتییەوە دوورن. دەستبەسـەرکردنەکان بـە هـۆی سـەرهەڵدانی یاخـی بوونێکـی بچـوک لـە کاتـی هەڵبژاردنـەکان لـە سـلێمانیدا ڕوویـدا. تەنیـا دوو کـەس کـە واژوویـان لەسـەر چەندیـن داواکاریـی کردبـوو، تـا ئێسـتاش هـەر لـە زینداندا مـاون و بـە پێـی بەندەکانـی ٥٤، ٥٥؟، ٨٥، ٨٦؟ و ٢١٤ی یاسـای سـزادانی بەغـدا تۆمەتبـار کـراون. هـەر بیرۆکەیـەک کـە خەڵـک بـە هـۆی بەرزکردنـەوەی داواکاری بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان بەنـد دەکرێـت، بیرۆکەیەکـی گاڵتەجارییـە.

مـن تەنیـا دەتوانـم بڵێـم مێجـەر یۆنـگ ئـەم لێدوانانـەی بـە چاوپۆشـین و کـەم-ئەزموونـی لەسـەر کارەکتەرەکانـی حکومەتـی عـەرەب و کردەوەکانیـان داوە. داواکارەکان

دەتوانـن کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب دڵنیابکەنـەوە، هـەر لێکۆڵینەوەیـەک لەلایـەن هــەر [دەوڵەتێکــی] ئەورووپیــەوە کــە ئاشــنای وڵاتــی [عێــراق] بێــت، پشــتگیریی لــە قسـەکانی مـن دەکات کـە ئـەم بانگەشـەیە گاڵتەجـاڕی نییـە، بەڵکـو پێشـینەی ڕابـردووی هەیـە [واتـە لـە ڕابـردوودا ئـەو جـۆرە کارانـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە ڕوویانـداوە]. بۆیـە داواکاران، یاداشـتنامەیەکی واژووکـراوی دوو بەندکـراوی کوردیـان هاوپێـچ کـردووە.

مـن ترسـی خـۆم لـە دووبـارە ڕوودانـەوەی ئـەو جـۆرە کردەوانـە لەلایـەن فەرمانبـەران و پۆلیســی حکومەتــی عەرەبــەوە دەربڕیــوە، نــە تەنیــا بەرانبــەر ئــەو کوردانــەی داواکاریــان [بــۆ بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان] بــەرز کردووەتــەوە، بەڵکــو بەرانبــەر کریسـتیانەکانیش کـە داواکارە [کـوردەکان] ئـاگادارن ئەوانیـش داواکارییـان [بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان] بـەرز کردووتـەوە، تەنیا ئەوکاتـە ڕێ لـەو کارەی [حکومەتـی عـەرەب] دەگیرێــت کــە دەســەڵاتی ئینتیــداب ڕێنمایــی ڕوون و ئاشــکرا بــە موتەســەڕیفەکان بــدات، بــەوەی خۆیــان بەرپرســیارێتی هــەر جــۆرە تۆڵەســەندنەوەیەک لــە ئەســتۆ دەگـرن، لــە هەمبەریشــدا موتەســەڕیفەکان، قائیمەقامــەکان، بەڕێوەبــەرەکان، پۆلیــس و لایەنیـتر بـە بەرپرسـیار بزانـن. بـەم جـۆرەش هیـچ کردەویـەک لـە دژی واژووکارانـی داواکارییــەکان ناگیرێتەبــەر؛ نــە بەرانبــەر کــورد و نــە بەرانبــەر کەمینەکانــی دی کــە تەنیــا مومارەســەی مافەکانــی خۆیــان کــردووە کــە لالەیــەن کۆمەڵــەی گەلانــەوە دان بــەوەدا نــراوە و دەتوانــن هــەوڵ و ســکاڵای خۆیــان لــە ڕێگــەی کەناڵــی گونجــاو و ڕێــکاری دروســت [بــۆ بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان] بەرزبکەنــەوە.

هـەر لـە ئێسـتاوە لـە ڕێگەی گوشارخسـتنە سـەریان بـۆ دانـی کەفالـەت، دوورکەوتنەوە لـە سیاسـەت و دەسـتێوەرنەدان لـە کاروبـاری گەلەکـەی تۆڵـە لـەو کەسـانە دەکرێتـەوە کـە داواکارییەکانیـان واژووکـردووە. بـە پێچەوانـەوە، ئـەو کەسـانە بەنـد دەکرێـن. خـودی ئــەو داواکارە کــە نوێنــەری باوەڕپێکــراوی کــورد و خەڵکــی ســلێمانیە بــۆ بەغــدا نەفــی کـراوە، هەرچەنـدە دەیەوێـت بـۆ شـارەکەی واتـە سـلێمانی بگەڕێتـەوە.

**نەتەوایەتی (nationality)**

مێجەر یۆنگ دەڵێت (بڕوانە لاپەڕەی ٨٠ی ڕاپۆرتەکە) "ڕاستییەکە ئەوەیە بۆ ئاشورییەکان و بۆ کوردیش، تاکە چارەسەری ئەوەیە خۆیان بە عێراقی دابنێن و لەلایەن حکومەتی عێراقیشەوە بە [عێراقی] هەژمار بکرێن". سەرنجی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ڕادەکێشمە سەر ئەوەی کورد دەیانەوێت ببنە هاووڵاتی بەوەفای خاوەنشکۆ مەلیک فەیسەڵ، تا ئەوکاتەی ئەوان دەتوانن شوناسی (nationality) خۆیان وەک قەوارەیەک دەستەبەر بکەن. واتە دروست نییە چیتر کوردێک بە عەرەب هەژمار بکەن هەر وەک دروست نییە ئیرلەندییەک بە ئینگلیز دابنێن.

**ڕێککەوتننامەی ئەنگلۆ-عێراقی، لە بەغدا واژووکراوە لە ڕێککەوتی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠**

بەڕێزەوە کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ئاگادار دەکەمەوە کە لەم ڕێککەوتننامەیەی لە بەغدا واژووکراوە، تا ئەوکاتەی حکومەتی عەرەب بزانێت هێزی ئاسمانی بەریتانیای لە پشتە، هیچ ڕێگرییەک نییە لە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا لەلایەن حکومەتی عەرەبەوە بۆ سەرکوتکردنی نائارامی ناوخۆ، کە بەهۆی خراپ فەرمانڕواییکردن و خراپ حوکمکردنی [حکومەتی عەرەب] سەریهەڵداوە؛ ئەم هێزە وەک هێزی ڕێگر لە خراپ فەرمانڕەوایی کردن و خراپ حوکمکردن و سەرکوتکردن بەکار ناهێنرێت.

واژوو: تۆفیق وەهبی

خۆیبوون (ل ١٩٥-١٩٦)

کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد

کۆمیتەی ناوەندی

دیمەشق

١٧ی نیسانی ١٩٣١

ژمارە ٢٨٣٥

بۆ: سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

بەڕێز،

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد (خۆیبوون) شەرەفمەندە سەرنجی کۆمەڵەی گەلان بۆ ئەم بابەتەی خوارەوە ڕاکێشێت.

نەتەوەی کورد کە بانگەشەی مافە پیرۆزەکانی دەکات، هەمیشە بانگەشەکەی لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی نەتەوەکانیتر بووە و لەسەر ئەو بنەمایە بەردەوامیش دەبێت؛ هەروەک چۆن ئێمە خوازیارین مافەکانمان ڕێزی لێبگیرێت، هەروەها دەخوازین ڕێز لە مافی کلد و ئاشوریەکانیش بگیرێت.

لە ڕوانگەی ئەم بنەمایەوە، کۆمیتەی ناوەندی ئێمە زۆر خۆشحاڵە بە ڕێککەوتنی نێوان کوردەکانی باشووری کوردستان و لەگەڵ نەتەوە دەستەخوشکەکەیان، کلدو و ئاشورییەکان.

بە بڕوای ئێمە، ئەوە ئەرکی ئێمەیە دووبارە پشتڕاستی بکەینەوە کە نەتەوەی کورد و نەتەوەی کلد و ئاشور، بە درێژایی مێژوو وەک برا لەگەڵ یەکتردا ژیاون.

لە کۆتایدا، کۆمیتەی ناوەندی ئێمە، ئەو داواکارییانەی لەلایەن مقەدەم (Lieutenant Colonel) تۆفیق وەهبی بەگ، موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانی، کە لە داواکاری ١٩ی نیسانیی ١٩٣١خراونەتەڕوو ڕاستاندن دەکات و پشتگیریان لێدەکات، ئەو

نوێنـەری باوەڕپێکـراوی کـوردە کـە بـە پێـی [ئـەو نـووسراوەی] لـە ڕێکەوتـی ١٤ی ئـاداری ١٩٣١ واژووکـراوە دەسـەڵاتێکی بەرفراوانـی بـە وەکالـەت، پێـدراوە.

لەگەڵ ڕێزدا..

(Sd) D. A. Bedr Khan

For the Central Khoyboun Committee

Djeladet Aali Bedr Khan

Quartier Kurde

Damas

Copy to:

Secretary of State for Foreign Office

Foreign Office, Downing Street, London, S,W.1

His Excellency the High Commissioner for Iraq, Baghdad.

His Excellency the Chairman Mandates Commission, League of Nations, Geneva.

پوختەیەک لە هەواڵگریی هێزی ئاسمانی (Extract from Air Force Intelligence Summary) (ل ١٩٧-١٩٩)

ژمارە: ٨، ڕێکەوتی ٢٢ی نیسانی ١٩٣١

جاف

جاف کە خێڵێکی ئارام و توخمی ئاژاوەگێڕییان تێدایە، وادیارە کە لە حاڵیحازردا چاوەڕوانن لەگەڵ حکومەت بسازێن.

(Authority:- S.S.O. KIFRI)

**خێڵی دزەیی، لیوای هەولێر**

دەوروبەری ١ی نیسان، عەلی مەحمود (بڕوانە بەشی کاکەیی لە [خێڵی دزەیی) سەر بە گوندی گردمەلا (ID/SW. Sq. 31D) لەگەڵ براکەی سابیر و پێنج کەسیتر، سێ ئەسپیان دزی و ڕایانگەیاند ئەوان یارمەتی شێخ مەحمودیان نەداوە. لە ٧ی نیسان، هەواڵدرا کە ژمارەی ئەو تاقمە بۆ ٢٠-٣٠ کەس بەرز بووەتەوە. لە ٧ و ١١ی نیسان دووجار لەگەڵ پۆلیس تووشی پێکدادان بوونە. دوایین ڕاپۆرت باس لەوە دەکات لە شەوی ١٣/١٤ ئەم تاقمە لە ڕووباری زێی بچووک پەڕیونەتەوە و بەرەو مەرگە (IH/SW. Sq 32A) (Merga) چوونە. پرسی ئەوەی، ئایا خێڵی پشدەر دەکرێ بەوە تۆمەتبار بکرێت کە یارمەتی ئەم لە یاسا دەرچووانەی دابێت لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

وادیارە ژیانی عەلی مەحمود و براکەی، هەرچەندە میراتێکی باشیان وەبەرکەوتووە، سامانەکەیان تەخشان و پەخشان کردووە و بۆ ماوەیەکیش قەرزدار بوونە. ئەو دوو برایە لە شوێنێک دانانیشن و هەمیشە لە یەکەمین ئەو کەسانەن بەشداریی لە نائارامیە خۆجێیەکاندا دەکەن.

(Authority:- S.S.O. Arbil and Political)

**بارودۆخی هاوران و ناوچەی شێخان (situation in Hauran and Shaikhan Area)**

عوسـمان بـەگ ملکـەچ نەبـووە و پێدەچێـت خـۆی ڕادەسـت نـاکات تـا ئەوکاتـەی بزانێـت ئاسـتی سـزاکەی چەنـدە. لـە میانـەی کۆمەڵێـک نامـە گۆڕینـەوەدا لەگـەڵ فەرمانـدەی پۆلیـس، عوسـمان بـەگ پێشـنیازی ئـەوەی کـردوە حکومـەت بـۆ ئـەو زیانـەی لـە هۆریـن (Hurin)ی داوە قەرەبـووی بکاتـەوە و ببێتـە بەڕێوەبـەری هاوران-شـێخان و یارمەتـی دارایشـی بـدات.

لـە سـەرەتای ئـەم مانگـەدا یاخیبـووەکان زۆر چـالاک بـوون؛ هەڕەشـە لـە گوندنشـینان دەکـرا و مـاڵ و موڵکـی چەندیـن گونـد بـە تـاڵان بـردرا. زیـاد لەمـەش، وادیـارە سـەرەڕای ڕاپۆرتـەکان، کەچـی چەندیـن سـەرکردەی یاخیبـووان ڕەتیـان کردووەتـەوە خۆیـان ڕادەسـتی حکومـەت بکـەن. لەوانەیـە ئەگـەر پۆلیـس چالاکییەکانـی خـۆی زیـاد بـکات، بارودۆخەکـە بـەرەو باشـتر بـڕوات.

(Authority:- Political)

**پشدەر**

ئێسـتا شـێخ مەحمـود نزیکـی ناوچـەی پشـدەرە، هەڵسـوکەوتی پشـدەر جێگـەی نیگەرانییـە؛ بۆیـە نـووسراوی ئاگادارکردنـەوە بـۆ چەندیـن گونـدی پشـدەر فرێـدراون و هۆشـداریان دراوەتـێ پشـتگیریی لـە یاخیبـووان نەکـەن.

هـۆکاری کۆنفرانسـەکەی بابەکـر ئاغـا تـا ئێسـتاش نەزانـراوە (بڕوانـە پەرەگرافـی ١١٧). وادیـارە هەشـت ئاغـا لـە تیـرەی "عەباسـی مەحمـود" ئامـادەی ئـەم کۆنفرانسـە بوونـە. بـە پێـی ڕاپۆرتێـک، لـە قـەزای ڕوانـدوز سـێ نوێنـەر ئامـادەی کۆنفرانسـەکە بـوون، دەڵێـن یەکێـک لـەم ئامادەبووانـە هینـدی بـووە. هەمـان ڕاپـۆرت بـاس لـەوە دەکات کـە دوو لـە نوێنـەرەکان بـەرەو پیـران چوونـە و چاویـان بـە ئاسـیە خانـم، خێزانـی شـێخ مەحمـود، کەوتـووە.

(Authority:- S.S.O. SULAIMANI)

**هەورامان (Avroman)**

ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە پەیوەندی نێوان جەعفەر سوڵتان و حکومەتی ئێران دژ یەکن. یەکێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکات، جەعفەر سوڵتان لەگەڵ ئێرانییەکان ڕێککەوتووە و یارمەتی دارایی وەردەگرێت. لە کاتێکدا سەرچاوەیەکیتر دەڵێت، بەڵێنی یارمەتیدانی بە مەحمودخانی دێزلی داوە کە هەوڵ دەدات گوندەکەی خۆی وەرگرێتەوە. لەوانەیە هەردوو ڕاپۆرتەکە ڕاست بن. وادیارە مەحمودخانی دێزلی کە تا ئێستاش لە نزیک زەڵم (21/SW. Sq 13B) (Zalim) ماوەتەوە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هێزەوە موڵک و ماڵەکەی وەرگرێتەوە. وادیارە مەحمودخانی دێزلی، زۆر سەقاڵی کێشەکانی خۆیەتی و ناتوانێت یارمەتی شێخ مەحمود بدات.

(Authority:- S.S.O. SULAIMANI)

لــە هــەر جــۆرە ئامــاژەدان بــەم بابەتــە تکایــە ئامــاژە بکــە بــە نــووسراوی (E 16/3/31/93) (ل ٢٠٠)

هەروەهــا ئاڕاســتەکراوە بــۆ- نــاوی هیــچ کەســێک نەهێنرێــت- "جێگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە" (Under-Secretary of State). وەزارەتــی دەرەوە، لەنــدەن، S. W. 1

جێگری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی پێشـکەش دەکات بـە: جێگـری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە بــۆ کاروبــاری کۆلۆنیــال، هەروەهــا بــە ڕێنمایــی وەزیــری کاروبــاری دەرەوە، کۆپیــەک لــەم نــووسراوەی خــوارەوە دەخاتــەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

٢٨ی نیسانی ١٩٣١

ئامــاژە بــە نــووسراوی پێشــوو: یاداشــتی نووســینگەی کۆلۆنیالــی دەرەوە بــە ژمــارە (٣١/١/٨٨٠٢٠) لــە ڕێکەوتــی ٣٠ی ئــادار.

وەسفی نووسراوەکە

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| بۆ: کۆمەڵەی گەلان، ٢٧ی نیسان | داواکاریی کورد و بارودۆخی کورد لە عێراق |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ...

**(2) 1422065**

(ل٢٠١)

٩٣/٣١/١٠١٣

وەزارەتی دەرەوە، S. W. 1

٢٧ی نیسانی ١٩٣١

بەڕێز،

١. مــن لەلایــەن بەڕێــز ســکرتێر هێندێرســۆن (Mr. Secretary Henderson) -وە ڕاسـپێردراوم، ئامـاژە بـە یاداشـتی وەزارەتـی دەرەوە بـە ژمـارە (E 855/31/93) لـە ڕێکەوتـی ٢٠ی شـوبات بـدەم کـە دەقـی ڕەسـەنی حەفـت داواکاریـی کـوردی عێراقـە کـە خۆیـان یـان لەبـری ئـەوان [دەخرێتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان] لەگـەڵ کۆپیـەک لـە یاداشـتنامەی بینینـە سـەرەتاییەکانی حکومەتـی خاونشـکۆ لـە شانشـینی یەکگرتـووی بەریتانیـای گـەورە و ئیرلەنـدای باکـوور، لەسـەر داواکارییـە ئامـاژە پێکـراوەکان، بخەمـەڕوو.

٢. لـە پەرەگرافـی ٢ی یاداشـتنامەکەدا هاتـووە بینینـە سـەرەتاییەکانی ئـەم یاداشـتنامەیە، بـە خسـتنەڕووی ڕاپۆرتێکـی جیـا و تێروتەسـەل لەسـەر پرسـی کـورد پاڵپشـتی دەکرێـت، یاخـود ئەگـەر باشـتر بێـت [ئـەم ڕاپۆرتـە] هاوپێچـی "ڕاپۆرتـی تایبـەت لەسـەر پێشـکەوتنی عێـراق لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئینتیدابـدا (Special Report on the Progress in Iraq under the Mandatory Regime) دەگونجێنرێـت، حکومەتـی خاونشـکۆ بـە نیـازە ئـەم ڕاپۆرتـە تایبەتـە بخاتـە بـەردەم کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب تـا لـە دانیشـتنی داهاتـوودا تیشـکی بخرێتەسـەر.

٣. وەزیـری دەوڵـەت [بـۆ کاروبـاری دەرەوە] خۆشـحاڵ دەبێـت، ئەگـەر بەڕێـزت کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب ئـاگادار بکەیتـەوە ڕاپۆرتـی تایبـەت بـە عێـراق، بەشـێکی تایبەتـی تێدایـە کـە ڕوانینـە سـەرەتاییەکانی [حکومەتـی خاوەنشـکۆ] لەسـەر داواکاری کـوردی لەخـۆ گرتـووە کـە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە لـە یاداشـتی ئامـاژە پێکـراودا، نێـردراوە؛ هەروەهـا یاداشـتنامەیەکیتر، کـە تێڕوانینـی زیاتـر

لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆوە سەبارەت بەم داواکارییە لەخۆ دەگرێت، هاوپێچ لەگەڵ ڕاپۆرتێک کە ئەنجامەکانی سەردانی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ ناوچە کوردییەکان لەخۆ دەگرێت و دوای تەواوبوونی ئەم سەردانە ئامادە دەکرێت، [گشتیان پێکەوە دەخرێنە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب].
گەورەم، من خزمەتکاری بە وەفای بەڕێزتم

واژوو: G. W. RENDEL

سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان، جنێف

لە ڕاپۆرتی هەواڵگریی ژمارە ٩ وەرگیراوە (ل٢٠١)

٢٩ی نیسانی ١٩٣١

هەولێر

٢٠٩. لـە ١ی مانگـی نیسـانی، عەلـی مەحمودخـان، کـە سـەرۆکێکی بچووکـی خێڵـی دزەییـە لـە لیـوای هەولێـر، لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە پەیڕەوانـی گوندەکـەی بەجێهیشـتوو و دەسـتی بـە ژیانـی دزی و تاڵانـی کـردووە. سـەرەتا ئەسـپی یـەک یـان دوو گونـدی دزی. دواتـر ژمـارەی شـوێنکەوتوانی گەیشـتە ٢٠ سـوارچاک کـە لـە نێـوان هەولێـر و کۆیسـنجەق لـە هاتوچـۆدان [و دزی دەکـەن]. لـە ١٢ی مانگـی نیسـاندا، پۆلیـس بەرەنـگاری بـووەوە و یەکێـک لـە پەیڕەوەکانـی کـوژرا، لـەم شـەڕەدا دوو پۆلیـس کـوژران. دواتـر یەکێـک لـەم دوو بریندارانـە، بەهـۆی برینەکەیـەوە گیانـی لەدەسـتدا.

دەسـتەیەک لـە هێـزی سـوارە لـە مووسـڵەوە بـەرەو هەولێـر نێـردران و لـە ١٨ی مانـگ گەیشـتنە هەولێـر. لـە هەمانکاتـدا، لـە شـەوی ١٣/١٤ی مانگـی نیسـان، عەلـی مەحمودخـان و پەیڕەوانـی لـە ڕووبـاری زابـی بچـووک بـەرەو ناحیـەی چنـاران پەڕینـەوە و چوونـە ناوچـەی پشـدەر.

کۆدەکانی کراونەتەوە (ل ٢٠٣)

تەلەگرامی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆلۆنیال.

ڕێکەوتی ٣٠ی نیسانی ١٩٣١. لە کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆ لە ٣٠ی نیسانی ١٩٣١، گەیشتووەتە نووسینگەی کۆلۆنیال.

ژمارە ٢٠١.

کۆپیەک لە داواکاری تۆفیق وەهبی، موتەسەڕیفی سلێمانیم بەدەست گەیشتووە کە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە ناردوویەتی، تا بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. هەروەها کۆپیەک لەم داواکارییە بۆ سکرتێری گشتی [کۆمەڵەی گەلان] نێردراوە تا بیخاتە بەردەم سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب. بەبڕوای من هەڵەیە بە بیانووی ڕێکارەکانی [چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ئەم داواکارییە بۆ بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان] بە زووترین کات مامەڵە لەگەڵ ئەم داواکاریەدا نەکرێت. ، پێشنیازی کۆکردنەوەی زانیاری دەکەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەم داواکارییە و ئەم داواکارییە لە مانگی حوزەیراندا لەگەڵ خۆم ببەمە جنێڤ.

دواتر بەیانێکی تەواو لەسەر پێشبینی تێڕوانینە فەرمییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ پێشکەش بە [کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب] دەکەم، ئەگەر پێویست بکات دەکرێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەیکات، ئەم بەیاننامەیە بە زانیاری زیاتر دەوڵەمەند بکرێت،

ئایا ئێوە لەسەر ئەم بۆچوونە هاوڕان؟

ژمارە (O .P. ٨٧) (ل ٢٠٤)

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا، ٩ی ئایاری ١٩٣٠

بەڕێز سەرۆک وەزیران

بەڕێز کۆمسیاری باڵا داوای لە من کرد کۆپیەک لە یاداشتی هاوپێچکراو بۆ بەڕێزتان بنێرم، کە لەلایەن یەکێک لە واژووکارانی داواکاریی کورد کە بۆ کۆمەڵەی گەلان نێردراوە بۆی ناردراوە. هەروەها بە فەرمانی ئەو کۆپیەک لە وەڵامی [کۆمسیاری باڵا بۆ کورد] بۆ بەڕێزتان هاوپێچکراوە. ئەم یاداشتە ئاماژە بە کاریگەری وەڵامی ئەو یاداشتە لەسەر واژوکارانی داواکاری کورد دەکات [کە لەلایەن کۆمەڵەی گەلان] لە جنێڤ بۆیان نێردراوە. هەروەها باس لە گرنگی گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ دڵنیاکردنەوەی کورد دەدات.

بەڕێز کۆمسیاری باڵا خۆشحاڵ دەبێت بزانێت بەڕێزتان لەمبارەوە دەتوانن چ هەنگاوێک بگرنەبەر.

خزمەتکارتان

واژوو (Hubert Young)

His Excellency

Nuri Pasha al Sa"id C. M.G. D.S.O

Resident of the Council of Ministers Baghdad

٣١ی ئاداری ١٩٣١ (ل٢٠٥)

بۆ بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

بەڕێز...

هاووڵاتیانی وڵاتەکەم داوایان لە من کردووە سەرنجی بەڕێزتان بۆ بڕیاری ژمارە (F.O.C.A 22413/655)ی ڕێکەوتی ٧ی شوباتی ١٩٣١ ڕاکێشم کە لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان لە جنێڤ دەرکراوە. بێگومان کۆپییەک لەو بڕیارە بۆ بەڕێزیشتان نێردراوە و تێیدا پرسیارکراوە ئایا دەسەڵاتی ئینتیداب مەبەستیەتی مەرجەکانی ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات یان نا؟ ئەگەر مەبەستیەتی جێبەجێیان بکات، زۆر باش دەبێت بەڕێزتان ئاگادارمان بکەنەوە کەی ئەو کارە دەکەن.

دوو مانگ بەسەر دەرکردنی ئەم بڕیارەدا دەرباز دەبێت، بەڵام تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەک [لەبارودۆخی کوردەکاندا] بەدی نەهاتووە، بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین بەڕێزت نارەزایەتییێکتان نەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی داواکاری زۆرتر بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان، ئەگەر جێبەجێکردنی بڕیارەکە [لەلایەن دەسەڵاتی ئینتیدابەوە] زۆرتر دواخرا.

سوود لەم دەرفەتە وەردەگرم تا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە دەقی ڕەسەنی داواکاری کوردەکان، داوای حکومەتی سەربەخۆ ناکەن، بەڵکو تەنیا داوای ئۆتۆنۆمییەکی بەرفراوان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەکەن.

بەڕێز

من شەرەفی ئەوەم هەیە کە بە خزمەتکاری بەوەفای بەڕێزت بمێنمەوە.

ژمارە (P. O. 556) (ل ٢٠٦)

سکرتاریەتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

بەغدا، ٣ی ئایاری ١٩٣١

بەڕێز،

ڕاسپێردراوم ئاگادارتان بکەمەوە کە نامەکەتان لە ڕێکەوتی ٣١ی ئادار، خراوەتە بەردەم کۆمسیاری باڵا، کە بە ڕاوێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق زۆر بە وردییەوە کار لەسەر بڕیارەی [کۆمەڵەی گەلان] دەکات.

بەڕێز کۆمسیاری باڵا لەم دواییانەدا سەردانی چەند ناوچەیەکی کوردستانی کردووە و بڕیارە لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا، سەردانی ناوچەکانیتریش بکات.

گەورەم،

من خزمەتکاری بەوەفای بەڕێزتانم

واژوو: V. Helt

سکرتێری ڕۆژهەڵاتی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

(Oriental Secretary to H.E the High Commissioner for Iraq)

بەغدا (عێراق) (ل ٢٠٧-٢٠٩)

١٦ی ئایاری ١٩٣١

بۆ: سکرتێری کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، لە ڕێگەی دەسەڵاتی ئینتیداب لە عێراق.

بەڕێز

بەوپەڕی لەخۆبوردەیی و ڕێزەوە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە بۆ بەرچاو ڕوونیتان دەخەمەڕوو.

ڕایدەگەیێنم کە هاوسەرەکەم، تۆفیق وەهبی، دانیشتووی سلێمانی کە بە ڕەچەڵەک کوردە و موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانی بوو، لە نیسانی ١٩٣١، کەسە ناودارەکان، شێخەکان و دانیشتووانی [سلێمانی] بە بە نوێنەرایەتی خۆیان هەڵیانبژاردووە، داواکارییەکەی خستە بەردەم کۆمسیۆنی بەڕێزتان و تێیدا ئاماژە بە مامەڵەی نادادپەروەرانەی حکومەتی عێراق بەرانبەر گەلی کوردی کراوە. کاتێک حکومەتی عێراق بە خستنەڕووی ئەم جۆرە داواکارییەی زانی، یەکسەر فەرمانی بە پۆلیس کرد، پشکنین لە ناو دانیشتوانی [شارەکەی] ئێمەدا بکات؛ لە ڕێکەوتی ٥ی ئایاری ١٩٣١، کاتژمێر ٤ی بەرەبەیانی کاتێک ئێمە لە پێخەودا بووین، لە ناکاو پۆلیس گەمارۆی ماڵەکەی ئێمەیدا. دواتر بۆ ماوەی هەفت کاتژمێر و نیو ماڵەکەی ئێمەیان پشکنی. نەمتوانی بەرانبەر ئەم دیمەنەدا خۆم ڕاگرم و بەهۆی درێژی ماوەی زیندانیکردنم (detention) لە گۆشەیەکی دووری خانووەکەم لەلایەن پۆلیسەوە، لەهۆش خۆم چووم، تەنانەت ڕێگەم پێنەدار لە جێگەی خۆم بجوڵێمەوە و هەستی مێینەشم ڕەچاو نەکرا. بە کۆتایی هاتنی پشکنینە درێژخایەنەکە، هاوسەرەکەم دەستگیرکرا و خرایە شوێنێکی پارێزراو لە ناو بەندیخانەدا. نازانم لەوێ چ جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ ئەودا دەکرێ، چونکە ڕێگەم پێنادرێ ببینم. بۆیە من لە کۆمسیۆنی بەڕێزتان دەپاڕێمەوە زۆر بە پەلە ڕەچاوی ئەم کەیسەی خراپ مامەڵەکردنی حکومەتی عێراق لەگەڵ کوردەکاندا بکەن؛ کەچی نوێنەری حکومەتی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان لەبەردەم کۆمسیۆنە بەڕێزەکەتان لە کۆنفرانسی ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣٠، ئاماژەی بەوە

کرد،""تەنانـەت یـەک کەسـیش بـڕوا بـەوە نـاکات حکومەتـی عێـراق سـکاڵاکارانی سـزا داوە، یاخـود بەندکـردووە یاخـود گوشـاری خسـتووەتە سـەریان"".

دوای خسـتنەڕووی ئـەم لێدوانـە کورتـە لـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، حکومەتـی عێـراق هاوسـەرەکەم، تۆفیـق وەهبـی" و چەندیـن کەسـیتریان دەستبەسـەر کـرد و خسـتیانە بەندیخانـە، بـێ گوێدانـە ئـەو لێدوانـەی لەلایـەن نوێنـەری [عێـراق] لەبـەردەم کۆمسـیۆنە بەڕێزەکەتـان خرایـەڕوو. کەواتـە ئـەم پێشـێلکردنە چ مانایـەک دەدات؟ ئـەم مامەڵـە نادادپەروەرانـە بەرانبـەر ئێمـەدا (کـوردەکان) چ مانایـەک دەدات؟ ئەمـە گاڵتەکردنـە بـە دادپەروەریـی!!!

دووبـارە سـەرنجی کۆمسـیۆنی بەڕێزتـان بـۆ کەیسـەکەمان ڕادەکێشـم و داوا دەکـەم لـە پێنـاو ئێمـە و بـۆ ناوبانگتـان لـە یەکسـانی و دادپەروەریـی، سـەرکوتکاریی و وابەسـتەیی حکومەتـی عێـراق لەسـەر ئێمـەدا لابـەرن. لـە خـوارەوە بەشـێکی کـەم لـەم سـەرکوتکارییە دەخەمـەڕوو:

"""هاوسـەرەکەم کاتێـک موتەسـەڕیفی سـلێمانی بـوو لەلایـەن حکومەتـەوە بـێ سەروشـوێن کـراوە، بـەو هـۆی ئـەوەی لـە کاتـی خۆیـدا ڕێگـری لـە سـکاڵاکارانی (کوردەکانـی) نەکـردووە تـا سـکاڵاکانیان نەخەنـە بـەردەم کۆمسـیۆنە بەڕێزەکەتـان. بـۆ ئـەم تاوانـە- ناچارکـرا لـە سـلێمانی نیشـتەجێ نەبێـت و دەبـێ لـە بەغـدا بژیـت- کەچـی بەغـدا بـە بـەراورد لەگـەڵ گشـت شـارەکانیتری باکـووری عێـراق گرانتریـن شـارە، لـە خـۆدا بـۆ ئێمـە کارەساتێکی گەورەیـە کـە هیـچ ئامرازێکیـتری بژێـوی ژیانمـان نییـە، تەنیـا پیشـەی مێردەکـەم نەبێـت. تێچـووی ژیانـی ئێمـە لـە بەغـدا گەلێـک زۆرە کـە لـە تواناماندا نییـە دابینـی بکەیـن. حکومەتـی عێـراق تێچـووی ژیانـی ئێمـە دابیـن نـاکات کـە لـەم هەلومەرجـەدا دەبـا تێچوونـی ژیانـی ئێمـەی دابینکردبـا. ئێمـە بەدرێژایـی نـۆ مانـگ لـە بارودۆخێکـی زۆر خراپـدا ژیایـن، ڕێگـە بـە هاوسـەرەکەم نـەدرا وانـەی زمـان بـەو کەسـانە بڵێـت کـە حەزیـان لـە فێربوونـی زمانـی بێگانەیـە تـا لـەم ڕێگەیـەوە پارەیـەک بەدەسـت بهێنێـت. ئێمـە بـە تەواوەتـی بـێ هیـوا بووینـە. سـەرەڕای هەمـوو ئەمانـە، ئێمـە لە گشـت سـووچێکەوە لەلایـەن سـیخوڕەکانی حکومەتـی عێـراق گەمـارۆ دراویـن. ئایـا مـرۆڤ

دەتوانێت بەم هەموو خەمۆکییەوە بژیت؟ بەهەرحاڵ با خودی کۆمسیۆن لەمبارەوە بڕیار بدات. زیاد لەمەش ئێمە بە ئاگادارکردنەوە و هۆشداریدان ڕاهاتووینە تا بەم شێوەیە هاوسەرەکەم فریو بدەن"".

هەڵەی تۆفیق وەهبی لە کاتی خۆیدا [واتە ئەوکاتەی موتەسەڕیف بوو] ئەوە بوو ڕێگەی دابوو کورد [داواکاری] بخەنە بەردەم کۆمەڵەی گەلان و داوای مافە ڕەواکانیان بکەن، هەڵە بووە لەوەی ڕێگر نەبووە لە ئەنجامدانی ئەم کارە و بە نادادپەروەرانە و بەخراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم کەسانەدا [واتە داواکارەکەن (petitioners)] نەکردووە؛ بۆیە حکومەتی عێراق هەنگاوی هەڵەی لە دژی ئەو گرتووتەبەر و دەستگیری کردووە و بەندیکردووە و ڕێگە نادات هیچ کەس چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکات. ڕێگە بە من نادرێت ببینم، من ئاگاداری تەندروستی ئەو نیم، ئەمەش بۆ من بووەتە نیگەرانیەکی زۆر.

تۆفیق وەهبی نەخۆشی مێشکی هەیە، بۆیە پێویستی بە هەوای پاک، خواردنی باش و وەرزشکردنە، ئەمانەش لە لایەن دکتۆرەوە تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە. لە کاتێکدا گشت ئەم شتانە لە بەشی مەدەنی ئەم وڵاتەدا بوونی نییە. کێ بەرپرسیارە لە تێکچوونی ڕەوشی تەندروستی هاوسەرەکەم لە بەندیخانە قوفڵ لێدراوەکەدا؟ کێ بەرپرسیارە لە دابینکردنی بژێوی ژیانی من لە نەبوونی هاوسەرەکەمدا. من خەوم زڕاوە و مەیلی خواردنم لە دەست داوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەندروستیم خراپتر دەبێ.

بە جیددی داوا لە کۆمسیۆنە بەڕێزەکەتان دەکەم، پێش ئەوەی هیچ شتێکی خراپ بەسەر تەندروستی هاوسەرەکەمدا بێت، زۆر بەپەلە ئەم بابەتە گرنگە بخەنە بەردەم حکومەتی عێراق و حکومەتی عێراق بەرانبەر پاراستنی تەندروستی ئەو بە بەرپرسیار بزانن.

هیوادارم ئەم داواکارییەی من نەخرێتە سەتڵی پەڕە بێ کەڵکەکان.

زۆر سوپاسی وەرگری ئەم یاداشتە دەکەم.

گەورەم،

شەرەفمەندم خزمەتکاری بەوەفا و ملکەچی بەڕێزتان بم.

ئاسیە تۆفیق. خێزانی تۆفیق وەهبی- موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانی.

کۆپیەک بۆ:

وەزیری کاروباری دەرەوە، لەندەن.

کۆپیەک بۆ زانیاریی بۆ:

سکرتێر سیاسی بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق، بەغدا

هەروەها لەوانەیە ئەم یاداشتە بۆ چەند لایەنیتر بنێردرێت.

ناونیشانی من:

چوارڕیانی سیناک (Sinak Quarters)، بەغدا، عێراق.

کۆدەکانی کراونەتەوە (ل ٢١٠)

تەلەگرامی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆلۆنیال.

ڕێکەوتی ٢٣ی ئایاری ١٩٣١. لە کاتژمێر ١١:١٥ خولەکی بەیانی مانگی ئایاری، گەیشتووەتە نووسینگەی کۆلۆنیال.

ژمارە ٢٤٧.

تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ١٨. بە هۆی کۆمەڵێک بابەتی گرنگەوە کە لە بەغدا سەرنجی منیان ڕاکێشاوە، بۆم دەرکەوتووە زۆر باشترە زنجیرە سەردانێک بۆ ناوچە کوردییەکان ئەنجام بدەم، تا لە گەشتێکی دورودرێژدا ڕووماڵێکی مەیدانی ئەنجام بدەم. دوایین بەشی ئەم زنجیرە سەردانە لە نێوان ٢٥ بۆ ٢٧ی مانگی ئایار دەبێت، بۆیە تا کۆتایی هەفتەی داهاتوو ڕاپۆرتەکەم تەواو نابێت. ئەگەر ئەو ماوەیەش دەرنگ بێت تا ڕاپۆرتەکە پێش دانیشتنی مانگی حوزەیرانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان، پێشنیاز دەکەم پوختەیەک لەم ڕاپۆرتە بخەمەوە ناو لێدوانەکەم کە پێشکەش بە کۆمسیۆنی دەکەم.

(ل٢١٢ )

C. O. 88020/1/IRAQ

Mr. Pedler 22/5

Mr. Flood 22/3

Sir C. Tomlinson

Sir G. Bottomley

Sir J. Shuckburgh

Sir G. Grindle

Perml U.S. of S

Parly U.S. of S

Secretary of State

S.O for Mr. Vernon"s signature

DOWNING STREET

23 May 1931

بەڕێز کاتاستینی (Catastini) بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب، سکرتاریەتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

""ئاماژە بە یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (١٩٣١/١/٨٨٠٢٠)ی ڕێکەوتی ٢٠ی شوبات کە حەفت داواکاریی کوردی لەگەڵدا هاوپێچکرابوو، هەروەها لەگەڵ تێبینییەکانی حکومەتی خاونشکۆ، لەبارەی یادەوەری سەرنجی ئێمە خراوتە سەر هەڵەیەکی ڕێنووسی لە لاپەڕە ٣ی سەرنجەکان. وشەکانی داواکاری ژمارە "C" کە لەلایەن واژووکارانی داواکارییە کوردییە ڕەسەنەکە واژووکراوە، دەبێ داواکاری ژمارە "B" بێت کە لەلایەن واژووکارانی داواکارییە کوردییە ڕەسەنەکە واژووکراوە. بێگومان بەڕێزتان چاوتان بەم هەڵەیە کەوتووە، بۆیە هیوادارم بە زووترین کات ئەم هەڵەیە لەو کۆپیانەدا کە خراونەتە بەردەم ئەندامانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ڕاست بکرێنەوە.

وەفادارتان

واژوو: R. V. VERNON

کۆمەڵەی گەلان (ل ٢١٣)

6A/22413/655

جێنێڤ، ٢٧ ئایاری ١٩٣١

بەڕێز مستر ڤێرنۆن (Vernon)

بە سوپاسەوە نامەکەتان بە ژمارە (N 88020/1/1931) لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئایاری ١٩٣١، بەدەستم گەیشت کە تێیدا سەرنجی منتان بە هەڵەی ڕێنووسی لە لاپەڕەی ٣ی یاداشتنامەی سەرنجەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر هەر حەفت داواکارییەکەی کورد ڕاکێشابوو.

چونکە ئەم هەڵەیە، هەڵەیەکی بچووکە، بە وردی خوێندنەوەی بەڵگەکە، [مەبەستی] بەڵگەکە بە تەواوەتی ڕوون دەکاتەوە. بە بڕوای من پێویست ناکات ئەندامانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، دوای گەیشتنی بەڵگەنامەکە بەدەستیان [لەم هەڵەیە] ئاگادار بکەینەوە. تەنیا مستر ڕەپڕێد (Mr. Rappard) نەبێ [کە پێویستە لەم هەڵەیە ئاگادار بکرێتەوە] چونکە ئەو لێپرسراوی ئەم داواکارییانەیە.

بەهەرحاڵ هەر کاتێک لە دانیشتنی داهاتوودا بەڵگەنامەکە خرایە بەر باس و گفتوگۆ من بە زارەکی [ئەندامانی کۆمسیۆن لەم هەڵەیە] ئاگادار دەکەمەوە.

من هەڵەی تەواوی کۆپییەکانی لای خۆمانم ڕاست کردووەتەوە.

وەفادارتان

R. V. Vernon, Esq., C. B.,

Colonial Office

Downing Street

London, S.W. 1

(ل٢١٤-٢١٥ )

C. O. 88020/21

Mr. Pedler 28/5

Mr. Flood 22/3

Sir C. Tomlinson

Sir G. Bottomley

Sir J. Shuckburgh

Sir G. Grindle

Perml U.S. of S

Parly U.S. of S

Secretary of State

DRAFT U S of S

DOWNING STREET

May 1931

گەورەم،

١. ڕاسپێردراوم ئاماژە بە یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (E/1613/31/93) لە ڕێکەوتی ٢٧ی نیسانی بدەم کە ئاڕاستەی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان کراوە، نامەکە پەیوەستە بە داواکاری کوردەکانی عێراقە. لە نامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە یاداشتنامەیەکیتر کە تێڕوانینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر داواکارییەکان و ڕاپۆرتێک لەبارەی ئەنجامەکانی سەردانی کۆمسیاری باڵا لە عێراق بۆ ناوچە کوردییەکان لەخۆدەگرێت کە دوای تەواوبوونی ئەم سەردانە ئامادە دەکرێت، [دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان].

٢. کۆمسیاری باڵا سەردانی ناوچە جۆراوجۆرە کوردییەکانی کردووە و لەوانەیە ئەو سەردانە لە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ی مانگی ئایار کۆتایی پێبێت. لۆرد پەسفیلد (Lord Passfield) هیوادارە ڕاپۆرتەکە، یان بە پۆستەی هەوایی پێش ٤ی حوزەیران بەدەستی بگات، یاخود لە ٨ی حوزەیران لە لەندەن دەستی بگات. بەهەر حاڵ لە هەردوو حاڵەتدا گشت تواناکان دەخرێنەگەڕ تا ڕاپۆرتەکە لە زووترین کاتدا بگاتە جنێڤ.

٣. هاوکات لۆرد پەسفیلد خۆشحاڵ دەبێت، ئەگەر مستر هێندرسۆن (Mr. Henderson) ڕێگە بدات، یاداشتنامەی تێبینییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر داواکارییەکانی کورد بخرێتە بەردەم سکرتێری گشتی [کۆمەڵەی گەلان]، تا یاداشتنامەکە بۆ کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بنێردرێت، چونکە لە یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ژێدەری ئاماژە پێدراو، بەڵێنی ئەم کارە دراوە. لە هەمانکاتدا، سکرتێر گشتی ئاگادار بکرێتەوە کە سێر ف. هامفریس (Sir F. Humphrys) حاڵیحازر سەردانەکەی بۆ ناوچە کوردییەکان تەواو کردووە. هەروەها ئاگادار بکرێتەوە کە تێبینییەکانی سێر هامفریس لەسەر گەشتەکەی بۆ کوردستان ئامادەیە و لە دانیشتنی داهاتووی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، دەخرێتە بەردەمیان.

٤. کۆپیەک لە یاداشتنامەی تەواوکەری تێبینییەکان بۆ هەڵگرتن، هاوپێچکراوە.

من خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتانم

واژوو: J. E. W. FLOOD

دووبـارە داڕشـتنەوە تەلەگرامـی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت لـە عێـراق بـۆ وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی کۆلۆنیـال

ڕێکەوتـی ٣ی حوزەیرانـی ١٩٣١. لـە ڕێکەوتـی ٣ی حوزەیرانـی کاتژمێـر ٧:٢٠ خولەکـی بەیانـی گەیشـتووەتە نووسـینگەی کۆلۆنیـال.

ژمارە ٢٦٥

بۆ زانیاری مێجەر یۆنگ [کۆپیەک] بۆ ئۆرشەلیم نێردراوە.

ئامـاژە بـە تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٢٢٥ لـە ١٣ی ئایـار. ئـەو کەسـانەی دەستبەسـەرکرا بـوون کـە تۆفیـق وەهبیـش لـە نێوایانـدا بـوو، گشـتیان بـێ مـەرج ئازادکـران. ئەفسـەری یاسـایی حکومەتـی عێـراق ئامـاژەی بـەوەدا ئـەو بەڵگانـەی لەبەردەسـتن، بـۆ دادگایکـردن بـەس نیـن. هیـچ بەڵگەیەکـی سـەرەتایی لـە ئـارادا نییـە کـە بەپێـی یاسـای سـزادان ئـەو کەسـانە بـە تاوانبـار هەژمـار بـکات. تکایـە سـێر هامفریـس ئـاگادار بکەنـەوە.

لـە هـەر جـۆرە ئامـاژەدان بـەم بابەتە تکایە ئامـاژە بکە بـە نـووسراوی (E 2557/31/93) (ل ٢١٧)

هەروەهـا ئاڕاسـتەکراوە بـۆ- نـاوی هیـچ کەسـێک نەهێنرێـت- "جێگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە" (Under-Secretary of State). وەزارەتـی دەرەوە، لەنـدەن، S. W. 1

٣ی حوزەیرانی ١٩٣١

بەڕێز،

ئامـاژە بـە نامەکەتـان بـە ژمـارە ٨٨٠٢٠/٣١ لـە ڕێکەوتـی ١٤ی ئایـار کـە تایبـەت بـوو بـە ڕەشنووسـی یاسـای زمانـە خۆجێیەکانـی عێـراق؛ بـۆ زانیـاری مسـتر پەسـفیلد، لەلایـەن وەزیـری کاروبـاری دەرەوە مسـتر هێندرسـۆن ڕاسـپێردراوم کۆپیـەک لـە یاداشـتی ئاڕاسـتەکراو بـۆ سـکرتێری کۆمسـیاری بـاڵا لـە عێـراق لـە ڕێکەوتـی ١٨ی نیسـان، لەلایـەن سـکرتێری ئەنجوومەنـی وەزیرانـی عێراقـەوە، بـۆ وەزیـری [حکومەتـی] خاوەنشـکۆ لـە تـاران بنێـرم.

گەورەم،

من خزمەتکاری بەوەفای بەڕێزتم

G. W Rendel

جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە.

نووسینگەی کۆلۆنیال

نهێنی (ل ٢١٨)

نووسراوی وەزیری کاروباری دەرەوە بە ژمارە...

شوێنی مانەوە

٥ی حوزەیرانی ١٩٣١

١. بۆ زانیاری بەڕێزت و سێر فرانسیس هامفریس، شەرەفمەندم کۆپیەک لە ڕاپۆرتی خوارەوە کە لەبارەی سیاسەتی [حکومەتی عێراق] بەرانبەر کوردەکان و کۆپیەک لە یاسای زمانە خۆجێیەکانتان بۆ بخەمەڕوو.

٢. بۆ زانیاریتان سێر فرانسیس هامفریس، ئێرەی بەجێهێشتووە؛ هەروەها کۆپیەک [لەم بەڵگانەی سەرەوە بۆ ڕائید ح. و. یۆنگ (Major H. W. Young) نێردراوە تا لەگەڵ خۆی بۆ جنێف ببات.

بەڕێز،

شەرەفمەندم بە وەفاترین و ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

بەڕێز وەزیری کاروباری دەرەوەی نۆ کۆلۆنیال

(E. R. Ludlow-Hewitt)

| ڕێکەوت | وەسف |
|---|---|
| ٢٩ی ئایاری ١٩٣١ | یاداشتی ژمارە (P.O.104) بۆ سەرۆک وەزیران، بەغدا |
| ٣٠ی ئایاری ١٩٣١ | یاداشتی ژمارە ٢٢٥١ لەلایەن سەرۆک وەزیران، بەغدا |
| ٢ی حوزەیرانی ١٩٣١ | یاداشتی ژمارە (P.O.104) بۆ سەرۆک وەزیران، بەغدا |
| ٤ی حوزەیرانی ١٩٣١ | یاداشتی ژمارە ٢٣٤٥ لەلایەن سەرۆک وەزیران بە وەکالەت، بەغدا |

شوێنی مانەوە (ل ٢١٩-٢٢٠)

ژمارە (P.O.104)

بەغدا، ٢٩ی ئایاری ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیران

مـن هیـچ گومانـم نییـە، بەڕێـزت بەنیـازن لـە زووتریـن کاتـدا کۆمەڵێـک ڕێنمایـی تایبـەت دەربکـەن تـا نیگەرانییـەکان بڕەوێننـەوە و یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان لـە لیواکانـی هەولێـر، کەرکـووک و سـلێمانی بخەنـە بـواری جێبەجێکردنـەوە؛ هەروەهـا خواسـتی دانیشـتووانی قـەزا کوردییەکانـی لیـوای مووسـڵ لەبەرچـاو بگیرێـت لـە هەڵبژاردنـی جـۆری ئـەو شـێوازە کوردییـەی دەیانەوێـت بـەکار بێنـن بۆئـەوەی بـە زووتریـن کات [لـە یاسـاکەدا] بگونجێنرێـت.

ئـاگادار کراومەتـەوە لـە ٣٠ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٣٠، ژمـارەی فەرمانبەرانـی ئـەو ناوچانـەی بـە پێـی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان، زمانـی کـوردی تێـدا بـە زمانـی فەرمـی هەژمـار دەکرێـت، بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

لـە کـۆی گشـتی ١٥٢ فەرمانبـەر کـە لـە ناوچـە کوردییەکانـی لیـوای مووسـڵ دامـەزراون، ٥٢ فەرمانبـەر کـوردن و ١٠٠ فەرمانبەریـش غەیـرە کـوردن کـە ٢٥یـان زمانـی کـوردی نازانـن. لـە لیـوای هەولێـر، لـە کـۆی گشـتی ١٩٩ فەرمانبـەر، ١١٥ فەرمانبـەر کـوردن و ٨٤ فەرمانبەریـش غەیـرە کـوردن، ٢٥ کەسـیان زمانـی کـوردی نازانـن. لـە لیـوای کەرکـووک لـە کـۆی گشـتی ٢٣٢ فەرمانبـەری دامـەزراو، ٤٢ فەرمانبـەر کـوردن و ١٩٠ فەرمانبەریـش غەیـرە کـوردن کـە ٣٩ کەسـیان کـوردی نازانـن. لـە لیـوای سـلێمانی لـە کـۆی گشـتی ١٧٣ فەرمانبـەر، ١٢٥ فەرمانبـەر کـوردن و ٤٨ فەرمانبەریـش غەیـرە کـوردن کـە ١١ کەسـیان کـوردی نازانـن.

کەواتـە نزیکـەی ١٠٠ فەرمانبـەر هـەن دەبـێ جێگەیـان بگۆڕدرێـت [واتـە کـورد لـە شـوێنیان دابمەزرێـت] یاخـود ئـەو فەرمانبەرانـە دڵنیایـی بـە حکومەتـی عێـراق بـدەن کـە لـە ماوەیەکـی دیارکـراودا ئاسـتێکی پێویسـت لـە زمانـی کـوردی فێـر بـبن.

پێشـنیاز دەکـەم بەڕێزتـان ڕێنمایـی پێویسـت بـە وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان بـدەن تـا لەمبـارەوە ئـەو هەنـگاوە پێویسـتانە بگرنەبـەر و دڵنیایـی بدرێـت کـە دامەزراندنـی فەرمانبـەری نـوێ بـە هـۆی جێبەجێکردنـی یاسـای ڕێکخسـتنی فەرمانبەرانـی دەوڵـەت (State Officials Discipline Law)، زۆر بـە وردییـەوە لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەم داواکارییانـە جێبەجـێ بکرێـت؛ چونکـە پێویسـتە نوێنـەری باوەڕپێکـراو، لـە مانگـی تشرینـی دووەمـدا کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب ئـاگادار بکاتـەوە کـە بەرەوپێشـچوونی بەرچـاو لـە جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجێیەکانـدا بەدیهاتـووە.

هەروەهـا پێشـنیاز دەکـەم بەڕێـزت ڕەچـاوی دامەزراندنی سیسـتەمێک بـۆ تاقیکردنەوە بکەیـت کـە دڵنیایـی بـدات ئـەو فەرمانبـەرە غەیـرە کوردانـە لـەو ناوچانـەی ئاماژەیـان پێـدرا بـە پێـی پێویسـت فێـرە زمانـی کـوردی بوونـە.

من کۆپییەک لەم یاداشتە بۆ سەرۆکی دیوانی پاشایەتی دەنێرم.

وەفادارتان

واژوو: F. H. Humphrys

خاوەنشکۆ نوری پاشا ئەلسەعید، C. M. G., D.S.O

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا

ژمارە ٢٢٥١

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران،

بەغدا، ٣٠ی ئایاری ١٩٣٠

بەڕێز مێجەر یۆنگ

ئاماژە بە نامەکەی سێر فرانسیس هامفریس بە ژمارە (P. O/104) لە ڕێکەوتی ٢٩ی ئایاری ١٩٣١ی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای زمانە خۆجێییەکان.

بەندی ٨ی یاساکە ئاماژە بەوە دەکات دانیشتوانی قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ، لە ماوەی یەک ساڵ لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایە دەتوانن ئەو شێوەزارە کوردییە هەڵبژێرن کە پێیان خۆشە. بەم هۆیەوە، پێویست ناکات داوا لە حکومەتی [عێراق] بکرێت ڕێکاری خێرا بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەندە بگرێتەبەر. سەرەڕای ئەمەش، تا ئێستا یاساکە بڵاو نەکراوەتەوە، بەڵام لە ژمارەی داهاتووی ڕۆژنامەی فەرمی، کە لە دووشەممەی داهاتوو دەردەچێت، بڵاودەبێتەوە. چونکە لە یاساکەدا هیچ بەندێک نییە ئاماژە بەوە بدات دەبێ هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەیدا، بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە، کەواتە ئەو یاسایە تا ١٦ی مانگی حوزەیران ناچێتە بواری جێبەجێکردن.

ئەو داتایانەم بینی کە لە نامەکەی تایبەت بە ژمارەی فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان ئاماژەی پێدرابوو کە بە پێی یاسا زمانی کوردی بە زمانی فەرمی هەژمار دەکرێت. بە بڕوای من لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا ئەو ژمارەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بۆیە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکەم لیستی نوێی ژمارەی فەرمانبەران و ناو و [ڕێکەوتی] دامەزراندنی ئەو فەرمانبەرانەم بداتێ کە کوردی نازانن. هەر لەمبارەوە، دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، هەرچەندە تەنیا وەزارەتە

تەکنیکییەکان، بۆنموونە وەزارەتی کاری کۆمەڵایەتی، پۆست و تەلەگراف و تەندروستی، لە یاسای زمانە خۆجێییەکاندا ڕێزپەڕ کراون، کەواتە لە پڕکردنەوەی پۆستەکانیتردا، بەتایبەتی پۆستە کارگێڕییەکان، لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا حکومەت دەتوانێ [لە دامەزراندنی فەرمانبەراندا] بەپێی ڕێکارە یاساییەکان، ڕەچاوی پێوەری لێهاتوویی و شایستەتەیی بکات. بەرپرسیارێتی فەرمانبەران لە لیوا سنورییەکاندا زۆر گەورەیە. بۆیە ئەو پێوەرە سەرەکییە ئەم فەرمانبەرانە پێش زانینی زمانی خۆجێی پێویستە هەیان بێت، لێهاتوویی تەواو و هەبوونی زانیاری قووڵ لەسەر کاروباری خۆجێییە.

خاڵێکیتر کە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم، زمانی فەرمی وەزارەتی ئەوقافە لەو ناوچانەی زمانی کوردی دەبێتە زمانی فەرمی؛ شاراوە نییە وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتێکی ئایینیە و عەرەبیش زمانی ئایینەکەیە، کەواتە گشت نووسراوەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و بەشەکانی سەر بەم وەزارتە دەکرێ بە زمانی عەرەبی بن.

دوای ئەوەی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە لیستی ناوی فەرمانبەرانی [ناوچە کوردییەکانم پێگەیشت] من پرسی ئەو فەرمانبەرانە لەبەرچاو دەگرم کە زمانی کوردی نازانن. هەروەها من لە سروشتی ئەو ڕێکارانە ئاگادارتان دەکەمەوە کە حکومەتی عێراق بە نیازە لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا بە پێی بەندەکانی یاسا بجوڵێتەوە.

خزمەتکارتان

واژوو: نوری ئەلسەعید

Major Hubert w. Young C.M.G. D.SO.

Councillor to H.E the High Commissioner for Iraq

بەپەلە (ل ٢٢٣-٢٢٤)

ژمارە (P.O 109)

شوێنی مانەوە

بەغدا، ٢ی حوزەیرانی ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیران

لە نامەکەی بەڕێزتان بە ژمارە ٢١٤٥ لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئایاری ١٩٣١، کە بۆ سێر فرانسیس هامفرێستان ناردبوو، لێدوانی نیمچە فەرمی حکومەتی عێراق کە لە ڕێکەوتی ١٠ی نیسانی ١٩٣٠ لە ڕۆژنامەکان بڵاوکراوەتەوە، بە سیاسەتی گشتی [حکومەتی عێراق] دیارکراوە کە بەرانبەر کوردەکان دەیگرێتەبەر.

هەست دەکەم پێویستە بەڕێزتان ئاگادار بکەمەوە لە دوایین لێدوانی فەرمی سەرۆک وەزیران بە وەکالەت کە لە سەردانەکەی بۆ ناوچە کوردییەکان لە ئابی ١٩٣٠، لەبارەی سیاسەتی [حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد خستیەڕوو]. هەروەها ئەو لە نامەکەیدا لە ڕێکەوتی ١٩ی هەمان مانگ، بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت جەختی لەم سیاسەتە کردووتەوە. بۆیە بەڕێزتان ئاگادار دەکەمەوە هەم ئەم لێدوانە و هەمیش نامەکە وەک سیاسەتی هاوبەشی حکومەتی عێراق و حکومەتی بەریتانیا بەرانبەر کوردەکانی عێراق، خراوەتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان.

دڵنیام ئاماژەدانی بەڕێزتان بە لێدوانە نیمچە فەرمییەکەی ١٠ی نیسانی ١٩٣٠، وەک سیاسەتی فەرمی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد، لەبری ئاماژەدان بە نامەکەی بەڕێز جەعفەر پاشا لە ڕێکەوتی ١٩ی ئابی ١٩٣٠، تەنیا هەڵەیەک بووە، بەڵام بۆئەوەی لە داهاتوودا هەڵەتێگەیشتنی زۆرتر لەسەر ئەم خاڵە ڕوونەدات، خۆشحاڵ دەبم ئەگەر نووسراوێکی پشتڕاستکراوەم بۆ بنێرن و تێیدا ئاماژە بەوە بدەن کە حکومەتی عێراق پابەند بوونی تەواوی خۆی بە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە ڕادەگەینێت کە لەلایەن جەعفەر پاشاوە لەو یاداشتە ڕاگەیێندراوە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە و [حکومەتی عێراق] بە نیازە ئەم سیاسەتە جێبەجێ بکات.

وەفادارتان

واژوو: E. R. Ludlow-Hewitt

بەڕێز نوری پاشا ئەلسەعید، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بەغدا

نهێنی و بەپەلە (ل ٢٢٥)

ژمارە ٢٣٤٥

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا ٤ی حوزەیرانی ١٩٣١

بەڕێز لۆدلۆ-هێویت (Ludlow-Hewitt)

نامەکەی بەڕێزتم بە ژمارە (P.O/19) لە ڕێکەوتی ٢ی حوزەیرانی ١٩٣١ بینی کە تایبەت بە سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرانبەر کورد بۆ سەرۆک وەزیرانت ناردبوو، پێش ئەوەی بە غدا بەجێبێڵێت.

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەمەوە حکومەتی عێراق بە نیاز نییە بە هەمان شێوەی لە نامەکەی جەعفەر پاشا لە ڕێکەوتی ١٩ی ئابی ١٩٣٠ هاتووە، لەم سیاسەتە لابدات کە بەڕێزیشتان لە یاداشتێکە ئاماژە پێکراودا، ئاماژەتان پێداوە.

خزمەتکارتان

ڕۆستەم حەیدەر

His Excellency E.R. Ludlow-Hewitt

C.B., C.M.G, D.S.O., M.C

Hid Britannic Majesty"s Acting High Commissioner For Iraq, Baghdad

شەخسی و نهێنی (ل ٢٢٦-٢٢٨)

ژمارە: S. O. 744

شوێنی مانەوە

بەغدا، ٥ی حوزەیرانی ١٩٣١

بەڕێز هامفرێس

ژمارە (d 2251) ٣٠ی ئایاری ١٩٣١)

یاداشتی نوری (Nuri)یتان بۆ دەنێرم، پێموایە پێش ئەوەی ئێرە [بەغدا] بەجێبهێڵیت، ئەم کەسەتان بینیبوو. هەروەک ئاگادارن بەندی ٥ لە یاسای زمانە [خۆجێییەکان] ئەم ڕستەیەی خوارەوەی لەخۆ گرتووە.

بێجگە لە خزمەتگوزارییە تەکنیکییەکان و گۆڕینەوەی نووسراو لە نێوان بارەگا سەرەکییەکانی لیواکان و وەزارەتەکان و بارەگا سەرەکییەکەی لیوای مووسڵ و قەزاکان کە زمانی عەرەبی بەکار دەهێنرێت، زمانی کوردی لە قەزاکانی خوارەوە زمانی فەرمی دەبێت.

لە نامەکەی نوری بە ژمارە "d/o" و لە خاڵی "A"دا دەردەکەوێت، دەستەواژەی "خزمەتگوزارییە تەکنیکییەکانی" بۆ گشت ئەو فەرمانبەرانە لێکداوەتەوە کە لە وەزارەتەکانی وەک کاری گشتی، پۆستە و تەلەگرام و تەندروستیدا کار دەکەن. ئەم جۆرە لێکدانەوەیە دەبێتە هۆی کارانەبوونی یاسای زمانە خۆجێیەکان لە زۆربەی بەشەکانی خزمەتگوزاریی کارگێڕیی لە لیوا کوردییەکاندا.

ئەگەر سەیری لۆژیکی ئەنجامەکەی بکەی، دەبێ کورد لە نووسینگەکانی پۆستە و نەخۆشخانەکاندا زمانی عەرەبی بەکار بهێنن؛ واتە لە دوو دامەزراوەی کارگێڕیدا کە کورد زۆرترین پەیوەندی پێوەدەکەن.

پێش دەرچوونی نوری [لە بەغدا] باسی ئەم خاڵەم لەگەڵدا کرد؛ ئەویش دڵنیایی ئەوەیدا کە لە نامەکەیدا بۆچوونی وایە کە ""وەزارەتەکانی کاری گشتی، پۆستە و

تەلەگـرام و تەندروسـتی لەبەندەکانـی یاسـای [زمانـە خۆجێیـەکان] ڕێزپـەڕن"". لـە ڕاسـتیدا، بەهەڵـە تێگەیشـتنێکی دروسـت کـردووە. ئـەو دڵنیایـی بـە منـدا کـە لێکدانـەوەی حکومەتـی عێـراق بـۆ دەسـتەواژەی "خزمەتگوزارییـە تەکنیکییـەکان"" لـە بەنـدی ٥ی یاسـاکەدا، تەنیـا ئەماژەیـە بـە دامەزراندنـی سـتافی خزمەتگوزاریـی ڕاسـتەقینە لـەم وەزارەتانـەدا؛ بـۆ نموونـە دکتـۆرەکان، کارەباچییـەکان، ئەندازیـارەکان. هەروەهـا ئامـاژەی بەوەکـرد، فەرانبەرانـی ئاسـایی لـەم وەزارەتـە تەکنیکییانـە خەڵکـی خۆجێیـی دەبـن، ئەگـەر ئـەو خەڵکـەش وەدەسـت نەکـەوت، تەنیـا ئـەو کەسـانە دادەمەزرێـن کـە بـە زمانـی کـوردی قسـە دەکـەن و گووتـی، فەرمانبەرانـی نووسـینگەی پۆسـتە لـەو کەسـانە دادەمەزرێـن کـە بـە سـێ زمـان قسـە بکـەن.

داوام لـــە نـــوری کـــرد، ئایـــا دەتوانێـــت لێکدانەوەکـــەی حکومەتـــی عێـــراق بـــۆ دەســـتەواژەی "خزمەتگوزارییـــە تەکنیکییـــەکان" بخاتـــە ســـەر لاپـــەرە و بنووســـێتەوە، لەوەڵامـــدا گووتـــی ئـــەوە دەکات.

بۆیـە یاداشـتێکم بـۆ حکومەتـی عێـراق نووسـی و داوامکـرد پێناسـەی خۆیـان بـۆ ئـەم دەسـتەواژەیە بخەنـەڕوو، بـەڵام دڵنیـا نیـم، ئایـا [لەمبـارەوە] دەتوانـم هیـچ پێناسـەیەکی دیارکراویـان لێوەرگـرم یـان نـا.

چونکـە ئـەم خاڵـە لـە جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجێیەکانـدا، خاڵێکـی زۆر گرنگـە، هەسـتم کـرد دەبـێ ئـەم زانیاریانەتـان بخەمـە بەردەسـت، ئەگـەر لـە جنێـڤ لەسـەر ئـەم بابەتـە گفتوگـۆ کـرا. ئەگـەر بـە بۆچوونـی بەڕێـزت گونجـاو بێـت، لەمبـارەوە دەتوانـی گفتـی پێویسـت لـە خـودی نـوری وەرگریـت کـە ئەمـڕۆ بەیانـی دوای ئـەوەی یەکترمـان بینـی بـە مەبەسـتی بینینـی بەڕێزتـان، ئێـرەی بـەرەو جنێـڤ بەجێهێشـت.

ئەگـەر بەڕێـزت دووبـارە سـەیری نامەکـەی نـوری بکەیتـەوە، دەبینـی لـە خاڵـی "B"ی نامەکەیدا، تیشـکی خسـتووتە سـەر بەشـەکانی وەزارەتی ئەوقاف. لەبارەی ئەم خاڵە، داوام لـە ئیدمۆنـدز (Edmonds) کـردووە بزانێـت کاری ئـەم بەشـانە چییـە. ئەگـەر حاڵیحـازر لـە بەشـەکانی وەزارەتی ئەوقافدا زمانی عەرەبی بەکار بهێنرێت، لەوانەیە هیچ بەرهەڵسـتییەک

لە دژی پێشنیازەکەی نوری لە ئارادا نەبێت، بەڵام ئەگەر حاڵیحازر لە هەندێک لە بەشەکاندا، زمانی کوردی بەکار بهێنرێت، پێموایە باشترە پێداگری لەسەر ئەمە بکەین، ئەو بەشانە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی بەردەوام بن.

لەبارەی خاڵی "C"، ئەم خاڵە ڕەچاو دەکەم و ئەگەر پێویست بوو داوا لە حکومەتی عێراق دەکەم زانیاریم پێبدات لەبارەی ئەو ڕێکارانەی دەگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی ناتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن. بێگومان ئەو زانیارییانە لە جنێف بە کەڵکی بەڕێزت دێن.

خزمەتکارتان

E. R. Ludlow-Hewitt

Lieut-Colonel Sir Francis H. Humphrys

C.C.V.O., K.C.M.G., K.B.E., C.I.E

ژمارە ٢٢٥١ (ل٢٢٩-٢٣٠)

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا

٣٠ی ئایاری ١٩٣١

بەڕێز مێجەر یۆنگ

ئامـاژە بـە نامەکـەی سـێر هامفرێـس بـە ژمـارە (P.O/104) ڕێکەوتـی ٢٩ی ئایـاری ١٩٣١ی پەیوەسـت بـە جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان.

بەنـدی ٨ی یاسـاکە ئامـاژە بـەوە دەکات، دانیشـتوانی قـەزا کوردییەکانـی لیـوای مووسـڵ، لـە ڕێکەوتـی جێبەجێکردنـی ئـەم یاسـایە، بـۆ مـاوەی یـەک سـاڵ دەرفەتیـان هەیـە ئـەو شـێوەزارە کوردییـە هەڵبژێـرن کـە خوازیـارن [لـە کاروبـاری فەرمیـدا بـەکاری بهێنـن]. بۆیـە هیـچ پێویسـت نـاکات داوا لـە حکومەتـی [عێـراق] بکەیـن بـە زووتریـن کات ئـەم بەنـدە جێبەجـێ بـکات. سـەرەڕای ئەمـەش، تـا ئێسـتا خـودی یاسـاکە [لـە ڕۆژنامـەی فەرمیـدا] بـڵاو نەبووەتـەوە، بـەڵام لـە دووشـەممەی هەفتـەی داهاتـوو لـە ژمـارەی داهاتـووی ڕۆژنامـەی فەرمیـدا بـڵاو دەبێتـەوە.

سـەیری ئـەو داتایانـەم کـرد کـە ""لـەو"" یاداشـتەدا تایبـەت بـە ژمـارەی ئـەو فەرمانبەرانـەی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا دەبـێ بـە پێـی یاسـا زمانـی کـوردی لـەم ناوچانەدا ببێتـە زمانـی فەرمـی. ئاماژەیـان پێدرابـوو، بـە بـڕوای مـن لـە مـاوەی پێنـج مانگـی ڕابـردوودا ئـەو داتایـە گۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە. بۆیـە داوا لـە وەزارەتـی ناوخـۆ دەکـەم تۆمـاری دامەزراندنـی نوێـم بداتـێ و تێیـدا ئامـاژە بـە نـاوی کەسـە دامـەزراوەکان و ئـەو کەسـانە بـکات کـە زمانـی کـوردی نازانـن. هـەر لەمبـارەوە دەمـەوێ ئامـاژە بـەوە بکـەم، هەرچەنـدە وەزارەتـە تەکنیکییەکانـی وەک کاری گشـتی، پۆسـتە و تەلەگـرام و تەندروسـتی لـە بەندەکانـی ئـەم یاسـایە ڕێزپـەڕ کـراون، بـەڵام لـە پڕکردنـەوەی پۆسـتەکانیتردا، بەتایبەتـی پۆسـتە کارگێڕییـەکان، حکومـەت لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتیدا، دەبـێ بـە پێـی بەندەکانـی یاسـاکە هەمیشـە ڕەچـاوی پێوەرەکانـی لێهاتوویـی و شـیاوی بـکات.

بەرپرسیارێتی فەرمانبەران لە لیوا سنوورییەکاندا، بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە. بۆیە لێهاتوویی سەرەکی بۆ ئەم فەرمانبەرانە پێش زانینی زمانی خۆجێیی بە لێهاتووی و هەبوونی شارەزایی فراوان لەسەر کاروباری خۆجێیی [ناوچە سنوورییەکان]بەندە.

خاڵێکیتر کە دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم، زمانی فەرمی وەزارەتی ئەوقافە، لەو ناوچانەی زمانی کوردی دەبێتە زمانی فەرمی؛ شاراوە نییە وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتێکی ئایینیە و عەرەبیش زمانی ئایینە، کەواتە گشت نووسراوەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و بەشەکانی سەر بەم وەزارەتە دەکرێ بە زمانی عەرەبی بن.

دوای ئەوەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە لیستی ناوی فەرمانبەرانی [ناوچە کوردییەکانم پێگەیشت]، پرسی ئەو فەرمانبەرانە لەبەرچاودەگرم کە زمانی کوردی نازانن. هەروەها لە سروشتی ئەو ڕێکارانە ئاگادارتان دەکەمەوە کە حکومەتی عێراق بە نیازە لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا بە پێی بەندەکانی یاسا جێبەجێ بکات.

خزمەتکارتان

واژوو: نوری ئەلسەعید

Major Hubert w. Young C.M.G. D.SO.

Councillor to H.E the High Commissioner for Iraq, Baghda

زۆر نهێنی (ل٢٣١-٢٣٢)

شوێنی مانەوە

بەغدا، ٥ی حوزەیرانی ١٩٣١

بەڕێز

١. ئاماژە بە نووسراوی زۆر نهێنی بەرێزتان بە ژێدەری "A" لە ڕێکەوتی ٨ی ئایاری ١٩٣١، کە بۆ سێر فرانسین هامفرێستان ناردبوو، شەرەفمەندم ڕەشنووسی بۆچوونەکانی حکومەتی خاوەنشکۆی [بەریتانیا]تان لەبارەی داواکارییەکەی "تۆفیق بەگ وەهبی" بۆ بنێرم کە بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردبووی.

٢. هەر وەک بەڕێزتان ئاگادارن تۆفیق بەگ کۆپیەک لە داوکارییەکەی بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ناردووە، بۆ زانیاری بەڕێزت دەزانم نیگەرانی ئەم بابەتەی، سێر فرانسیس پێشنیازی کردووە کاتێک لە مانگی حوزەیران سەردانی جنێف دەکات، کۆپیەک لە ڕەشنووسی ئەو بینینانە بخرێتە بەردەم کۆمسیۆنی ئینتیداب. هەروەها پێشنیازی ئەوەی کردووە [کۆمسیۆنی ئینتیداب] ئاگادار بکرێتەوە، دوا سەرنجەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ، زانیاری زۆرتر لەبارەی ئەو داواکارییە لەخۆ دەگرێت کە لە زووترین کاتدا ئەو تێڕوانینانە، هاوپێچ لەگەڵ دەقی ڕەسەنی داواکارییەکان کە لە دوا دانیشتنی مانگی حوزەیرانی کۆمسیۆنی [هەمیشەیی ئینتیداب] دەخرێنەڕوو.

هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوەدا، ئەو داواکارییەتان بۆ بەڕێدەکەم کە لە نووسرای بەرێزتان بە هەمان ژێدەر، [ژێدەری "A"] ناردبووت.

گەورەم،

لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزدا، شەرەفمەندم بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکارتان بم.

E. R. Ludlow-Hewitt

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت لە عێراق.

سەرنجەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەسەر داواکارییەکەی ڕێکەوتی ١٩ی نیسانی ١٩٣١ی تۆفیق بەگ وەهبی، تایبەت بە پێگەی کورد لە عێراقدا (ل ٢٣٣-٢٥٤)

پێش ئەوەی بە تێروتەسەلی تیشک بخرێتەسەر ناوەڕۆکی ئەم داواکارییە، بە بڕوای حکومەتی خاونشکۆ باشترە ئەم زانیارییانەی خوارەوە لەسەر داواکارەکە بخرێتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب.

تۆفیق بەگ خەڵکی سلێمانیە و لە ئیستامبۆل مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی بینیووەوە و پێشتر لە سوپای تورکیا ئەفسەر بووە. لەماوەی داگیرکردنی سەربازی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە، لە لیوای سلێمانی بەرپرسی کۆمیسۆنێک لە سوپای کوردەکان (Kurdish Levies) بووە، دواتر لە کانوونی دووەمی ١٩٢١دا چووەتە ناو سوپای عێراق. لە ساڵی ١٩٢٥ بووە بە ڕائید (Major). لە ساڵی ١٩٢٩ بەشداری لە خولێکی مەشق و ڕاهێنانی [سەربازی] لە ئینگلەنتەرا کرد و پلەکەی بۆ مقەدەم (lieutenant colonel) بەرزکرایەوە. لە شوباتی ساڵی ١٩٣٠ وەک فەرماندەی کۆلێژی سەربازی پاشایەتی دامەزرا. لە ساڵی ١٩٣٠ بوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی. دووبارە لە ئابی ١٩٣٠ وەک موتەسەڕیف [سلێمانی] دەستنیشانکرایەوە. بە هۆی ناکارامەیی لەسەر داوای خۆی لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٠ خانەنشین کرا.

پێش ئەوەی سەرنجدان لەبارەی سکاڵا تایبەتەکە کە لە داواکارییەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، پێویست دەکات لە بەڵگەی جوداوە سەرنج بخرێتەسەر کۆمەڵێک خاڵ، ئەم بەڵگەیەش هاوپێچکراوە. ئەم سەرنجانەش بریتین لە:

١. بەخشینی دەسەڵاتی وەکیل بوون کە لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە واژووکراوە و دەسەڵات بە تۆفیق وەهبی بەگ دراوە کە نوێنەرایەتیان بکات.

٢. لێدوانێکی [کوردان] ڕەتکردنەوەی بۆچوونی نوێنەری باوەڕپێکراوی بەریتانیا لە نۆزدەیەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب لە تشرینی دووەمی ١٩٣٠.

٣. کۆپیەک لە یاداشتی جەلادەت بەدرخان بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان.

با ئێستا تیشک بخەینە سەر ئەم خاڵانە:

**١. دەسەڵاتی وەکیلبوون** کە بانگەشەکەی تۆفیق بەگ پشتی پێدەبەستێت و لەلایەن ١٧ کەس واژوو کراوە، گوایە ""نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکات کە ژمارەیان پتر لە ٨٠٠،٠٠٠ کەسە"". بۆ دەرخستنی بەهای ئەم بانگەشەیە، لە جێی خۆیدایە تیشک بخەینە سەر پێگەی هەر یەک لەم واژووکارانە و پوختەیەک لەسەر ئەم واژووکارانە بەم شێوەیەی خوارەوە بخرێتەڕوو:

**مستەفا شەوقی:** کوردێکی خەڵکی سلێمانییە. ئەفسەری سەربازی بووە لە سوپای تورکیا و دواتر بوو بە ئەفسەر لە سوپای عێراق. لە ساڵی ١٩٢٥ خانەنشین کرا. چەندین جار هەوڵیدا ڕۆژیاداشتێکی کوردی یاخود گۆڤارێک دەربکات، بەڵام سەرکەوتنێکی کەمی بەدەستهێنا.

**فەتحوڵا ئەسعدەفەندی:** خەڵکی شاری کۆییە (لیوای هەولێر)، پۆستێکی بچووکی لە وەزارەتی داد هەیە.

**محەمەد ئەمین ئەفەندی:** زەویدارێکی گەورەی قەزای ڕواندوزی سەر بە لیوای هەولێرە.

**ئیسماعیل بەگی ڕواندوزی:** کەسێکی ناوداری شاری ڕواندوزە؛ پێشتر لە ئەنجوومەنی نوێنەران، نوێنەر بووە.

**سەعید [....ناوەکە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ] ئەفەندی:** کوردێکی خەڵکی دیاربەکرە (تورکیا). دوای سەرهەڵدانی پشێوییەکانی تورکیا، وەک پەنابەرێک هاتە عێراق. لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٤، چاپخانەیەکی کوردی لە شاری ڕواندوز کردەوە؛ تێیدا هەفتانەنامەیەکی کوردی و چەندین نامیلکەی لەسەر مێژووی کورد بڵاو کردوەتەوە. بە هۆی سەرهەڵدانی نائارامی سیاسییەوە، چاپخانەکەی داخست و حاڵیحازر لە ڕێگەی وانە گوتنەوە (private teaching) بژێوی ژیانی دابین دەکات.

**ڕەئوف بەگ**. کوردێکی خەڵکی کەرکووکە؛ لە ساڵی ١٩٢٤ چووە ناو سوپای عێراق لە کۆتایی ١٩٣٠ خانەنشین کرا.

**عوسـمان [...ناوەکـە ناخوێندرێتـەوە. وەرگێـڕ] ئەفەنـدی:** کوردێکـی خەڵکـی سـلێمانییە، پۆسـتێکی بچووکـی لـە نووسـینگەی تۆمارکردنـی زەویـوزاردا هەیـە.

**عەزیـز ئەفەنـدی عەبدولقادر:** سـەر بـە خێڵی جافە و لـە قەزای خانەقیـن دەژیێت. ئەو هیـچ کات ئەندامـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران نەبووە و هیـچ تۆمارێک لەبەردەسـت نییە، کە فەرمانبـەری حکومەت بووە.

**سـەدیق پاشا ئەلقادری:** کوردێکی دانیشـتووی بەغدایە؛ پێشـتر ئەفسـەر بووە لە سـوپای تورکیـا. لەلایـەن ڕووسـەکانەوە لـە سـەردانێک بۆ ئەم وڵاتـە، بەندکراوە و لـە دژی کۆلتاهاک (Koltahak) [ناوەکـە ناخوێندرێتـەوە. وەرگێـڕ] لـە سـاڵی ١٩١٩ شـەڕی کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٢٠ لەگـەڵ مەلیـک حوسـێن لـە حیجاز بووە. دووبارە لە سـاڵی ١٩٢١ سـەردانی ڕووسـیای کـردووە. بـۆ ماوەیـەک لەلایەن سـوپای بەریتانیـاوە وەک وەرگێـڕ لە عێـراق، کاریکردووە.

**عەلـی عیرفـان:** خەڵکـی سـلێمانییە، سەرنووسـەری هەفتەیاداشـتی نیمچـە فەرمـی کوردییـە کـە لەلایـەن چاپەمەنـی شـارەوانییەوە دەردەچـێ.

**شـێخ عەبدولقـادر:** بـرای شـێخ مەحمـود (بڕوانـە ڕاپۆرتـی پێشـکەوتنەکانی عێـراق لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٢٠ بـۆ ١٩٣١).

**عەبدولقـادر ئەفەنـدی:** کوردێکـی سـلێمانییە، لـە سـوپای تورکیـا بـوو. لەپـاڵ شـێخ مەحمـود لـە سـاڵی ١٩١٩ جەنـگاوە. لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە وەزارەتـی کاری گشـتی پۆسـتێکی بچووکـی وەرگرتـووە. دواتـر بـووە بـە فەرمانبـەری کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق.

**سەعید تەیب:** خەڵکی بەرزنجەیە، شوناسەکەی گومانی لەسەرە.

**سـەعید خەتیبـی [... ناوەکـە ناخوێندرێتـەوە]**. شـێخێکی ناوچـەی قەرەداغـی سـەر بـە لیـوای سـلێمانییە.

**شـێخ ئیسـماعیل:** خەڵکـی ناوچـەی قەرەداغـە. شـێخێکی بچووکـی تەریقەتـی قادرییـە کـە ئایینێکـی دەروێشـییە و [ دوو وشـە ناخوێندرێنـەوە. وەرگێـڕ].

**[ناوەکـە ناوخوێندرێتـەوە] ئەمیـن ئەفەنـدی:** کوردێکـی خەڵکـی سـلێمانییە، پێشـتر

لـە سـوپای تورکیـا ئەفسـەر بـووە. لـە پـاڵ شـێخ مەحمـود جەنـگاوە. لـەم دواییانـەدا لـە وەزارەتــی کاری گشــتی دامــەزراوە.

دکتـۆر شـوکری [....ناوەکـە ناوخوێندرێتەوە]: کوردێکـی دیاربەکرە (ئاناتۆلیـا). پەیوەندی بـە بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد لـە تورکیـا هەیە. لـە سـاڵی ١٩٢٦ چووە بەغـدا و توانی لـە ڕێگـەی قبوڵی هاووڵاتیبوون (naturalisation) ناسیاداشـتی هاووڵاتـی عێراق وەرگرێت.

جێگـەی ئامـاژە پێدانـە، لـە نامەکەیـدا بـۆ کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب لـە ڕێکەوتـی ١٩ی نیسـان، تۆفیـق بـەگ بانگەشـەی ئـەوە دەکات دەسـەڵاتی ئـەوەی هەیـە بـە نـاوی گشـت نەتـەوەی کـورد قسـە بـکات، کەچـی دەسـەڵاتی وەکیلبوونـی پێـدراوە، تەنیا نوێنەرایەتـی کوردەکانـی عێـراق بـکات. هەروەهـا بەپێـی وردەکارییـەکان کـە لەسـەرەوە تایبـەت بـەو ١٧ کەسـەی داواکارییەکەیـان وژاوو کـردووە، خراوەتـەڕوو، ئـەم وردەکارییانـە نیشـانی دەدەن ئەو کەسـانە مافێکـی ئەوتۆیـان نییـە، ئـەم دەسـەڵاتە بەرفراوانـە بـە تۆفیـق وەهبی ببەخشـن [تا بە نـاوی گشـت گەلـی کورد قسـە بـکات].

[زیـاد لەمـەش] لـە نێـو واژووکارانـدا تەنیـا یـەک واژووکار سـەر بـە لیـوای مووسـڵە کـە نزیکـەی ١٨٠،٠٠٠ کـوردی تێـدا دەژیـن. لـە لیـوای هەولێـر کـە مەزەنـدە دەکرێـت نزیکـەی ٨٨،٠٠٠ کـورد تێیـدا بژێـت، تەنیـا سـێ واژووکار سـەر بـەم لیوایـەن؛ دوو کەسـیان خەڵکـی قـەزای ڕوانـدوزن، ئەویتریشـیان (فەتحـوڵا ئەسـعەد، وەرگێـڕ لـە وەزارەتـی داد) بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە سـەر بـە خێڵـی ئاکـۆی کۆییـە.

هیــچ واژووکارێــک لــە خێڵەکانــی دزەیــی، خۆشــناو و ســورچی [نــاوی خێڵێــک ناخوێندرێتــەوە. وەرگێــڕ] یاخــود خێڵــی بڵبــاس بوونــی نییــە کــە ژمارەیەکــی زۆری دانیشــتوانی هەولێــر لــەم خێڵانــەن.

هیــچ نوێنەرێــک لــە خێڵەکانــی کەرکــووک ئــەو داواکارییەیــان واژوو نەکــردووە و لــە گشــت ئەنــدام پەرلەمانەکانــی ڕابــردوو و ئێســتا، تەنیــا یــەک کــەس نــاوی لــە بەڵگەکــەدا [داواکارییەکــەدا] هاتــووە.

هیـچ کەسـێک لـە نـاو کوردەکانـی لیواکانـی کـوت و دیالـە (لـە نێـوان ئـەو کەسـانەی

ناوەکەیـان لـە داواکارییەکـەدا هاتـووە) ئـەم داواکارییەیـان واژوو نەکـردووە.

٢. بەياننامــەی ڕەتکردنــەوەی ســەرنجەکانی نوێنــەری باوەڕپێکــراوی بەریتانیــا لــە نۆزدەیەمیــن دانیشــتنی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب.

لێدوانــی داواکارەکان لەبــارەی ڕەتکردنــەوەی لێدوانەکانــی نوێنــەری باوەڕپێکــراوی بەریتانیـا لـە نۆزدەیەمیـن دانیشـتنی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب، ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە بەرجەسـتە دەکات:

(i) گوایـە ئـەم ڕەتکردنەوەیـە بـەو هۆیـە نەبـووە کـە لـە ڕێککەوتنـی سـاڵی ١٩٢٦ [لـە نێـوان بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق] ئامـاژە بـە نـاوی کـورد نـەدراوە، بەڵکـو بەهـۆی سـەرکوتکاری بـە پـلان و پشـگوێ خسـتنی داوا ڕەواکانـی کـورد بـووە؛ بۆیـە داواکارییـە ڕەسـەنەکە بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان بـەرز کراوەتـەوە.

داواکاری ئـەم داواکارییـە [واتـە تۆفیـق وەهبـی]، یەکێـک لـەو کەسـانە نییـە داواکارییـە ڕەسـەنەکەی [ئـەو داواکارییـەی کـە لەلایـەن کـوردەکان خرایـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان] واژوو کردبـێ. لەوکاتـەی داواکارییەکـە خرایە بـەردەم [کۆمەڵەی گەلان]، بـۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانـگ موتەسـەڕیفی لیـوای سـلێمانی بـووە، واتە فەرمانبەری بەرپرسـیار بـووە بەرانبەر حکومەتـی عێـراق. بۆیـە لەمبـارەوە ئەمـە بەرپرسـیارێتی ئـەو [واتـە بەرپرسـیارێتی تۆفیـق وەهبـی] بـووە کـە هـەر حاڵەتێکـی سـەرکوتکردن و پشـتگوێ خسـتنی داواکاری و مافێکـی کـوردەکان پەیوەنـدی بـە حکومەتـی عێراقـەوە بـکات. لـە قسـەکانی ئێسـتای ئـەودا دیـارە خـۆی بـە داواکارییە ڕەسـەنەکەوە گـرێ دەدات، بە بەرپرسـیارێتی خۆی دەزانێـت هاندەری پشـت بەرزکردنـەوەی ئـەم داواکارییـە ڕوون بکاتـەوە. ناتوانـێ بانگەشـەی ئـەوە بـکات کـە [دەسـەڵاتی] ئـەوەی هەیـە ئـەم کارە بـکات. مەگـەر خـودی ئەو لەکاتـی خۆیـدا پێگەیەکی فەرمـی گرنگـی نەبـووە. ئـەو پەیوەنـدی ڕاسـتەخۆی لەگـەڵ بەرزکردنـەوەی داواکاریـی بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان هەبـووە، ئـەم کارەش لـە ڕوانگـەی حکومەتـی خاونشـکۆی [بەریتانیـا] کارێکـی نابەجێیـە. بەهەرحـاڵ، لەوانەیـە ئەمـە [ئەرکی] حکومەتـی بەریتانیا بێـت پابەندی ئـەو بۆچوونـە بێـت، چونکـە لـە ڕێککەوتنـی سـاڵی ١٩٣٠دا هیـچ ئاماژەیەک بە نـاوی کورد

نەکراوە، هەربۆیە کۆمەڵێک کەسایەتی لە ناو کوردەکاندا بیریان کردووەتەوە باشترە کەیسەکەیان بخەنە بەردەم ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان.

(ii) [پەیوەست بە] ناڕەزایەتی ئەو کەسایەتییانە لەبارەی داواکاری کورد داواکارییەکی ڕەوایە بۆ مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی خاکی باو و باپیرانیان لە چوارچێوەی پاشایەتی عێراقدا. ئەم بەڵێنەش لە ڕاگەیێندراوی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢، لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا و حکومەتی عێراق بە کوردەکان درا.

ئەو بارودۆخەی کە تێیدا ئەم ڕاگەیێندراوە ڕاگەیێندرا بە تێروتەسەلی لە "ڕاپۆتی تایبەت لەسەر پێشکەوتنی عێراق لە نێوان سالانی ١٩٢٠-١٩٣١، ئاماژەی بۆ کراوە؛ بۆیە پێویست ناکات هیچ سەرنجێکیتری لەسەر بدرێت.

(iii) [ئەو بانگەشەیەی] کە گوایە نوێنەری باوەڕپێکراو [ دوو دێڕی پەرەگرافەکە بە تەواوەتی بەهۆی خراپی کۆپیکردن ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ] خراوەتە بەندیخانە، چونکە ئەو [داوکاریی] بۆ بەردەم کۆمەڵەی گەلان بەرزکردووەتەوە کە بە تەواوەتی گاڵتەجارییە.

ئەو بارودۆخەی لە سلێمانی بە هۆی ئاژاوەکانی ئەیلوولی ١٩٣٠ بووە هۆی دەستگیرکردنی ئەو کەسانە، لە تێڕوانینە سەرەتاییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ [لەسەر ئەم ڕووداوەدا] و لەسەر داواکاری کۆمەڵێک کەسایەتی کورد کە بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرزکراوەتەوە، بە تێروتەسەلی باسی لێکراوە. تەنیا خاڵێک لەم لێدوانەی ئێستای داواکارەکەدا [واتە لە داواکەی تۆفیق وەهبیدا]، کە لەگەڵ ئەم بینینانە یەکتر ناگرنەوە، بریتیە لە ئاماژەدان بە کەیسەکەی تایبەت بە [بارودۆخی] خۆی. دوای دووبارە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە ئەو نوێنەری باوەڕپێکراوی کوردە، بانگەشەیەک کە ڕاست و دروستییەکەی خرایەڕوو، تۆفیق وەهبی بانگەشەی ئەوە دەکات بۆ بەغدا نەفیکراوە، کەچی دەخوازێت بگەڕێتەوە ماڵەکەی لە سلێمانی. لە ڕاستیدا، هیچ ڕێکارێکی یاسایی یاخود کارگێڕیی نەگیراوەتەبەر بۆ ڕێگری کردن لە داواکارەکە کە بگەڕێتەوە سلێمانی، بەڵام ئەمە ڕاستە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە ئامۆژگاریی کراوە

بـۆی باشـترە لـە بەغـدا بمێنێتـەوە. هـۆکاری ئـەم ئامۆژگارییـەش ڕوونـە و بـە بۆچوونـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ باشـترە داواکارەکـە ئـەم ئامۆژگارییـە پەسـەند بـکات.

لەبـارەی دوو لێـدوان کـە هاوپێچـی ئـەو داواکارییـە کـراوە کـە لەلایـەن میـرزا تۆفیقـی کـوڕی حاجـی ئەحمـەدی قـەزاز و شـێخ قـادر کـوڕی شـێخ سـەعیدی سـلێمانی واژووکـراوە، ئـەو بانگەشـەیەی لـە هـەردوو لێداوانەکـەدا هاتـووە کـە گوایـە دەسـتگیرکردنی ئـەوان بەهـۆی یاخیبوونەکـەی [سـلێمانییەوە] نەبـووە، بەڵکـو بـەو هۆیـە بـووە کـە لـە ناردنـی داواکاریـی [بـۆ بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان] بەشـدار بوونـە، لـەو تێڕوانینانـەی لـە سـەرەوە ئاماژەیـان پێکـرا، تیشـک خراوەتـە سـەر ئـەم بابەتـە. ئـەو ڕێـکارەی لـە دژی شـێخ قـادر گیراوەتەبـەر بـە پێـی بەنـدی ٤٠ لـە ڕێکارەکانـی ناکۆکـی تاوانکاریـی، مەدەنـی و خێڵەکـی بـووە، ئەمـەش لـە تێڕوانینەکانـی سـەرەودا ئامـاژەی پێـدراوە.

بانگەشـەکەیتر ئەوەیـە، گوایـە ئـەو دەسـتگیرکردنە بـە بـێ ئاگادارکردنـەوەی پێشـوەختە بـووە و هیـچ پێویسـتیش بـە بەکارهێنانـی هێـزی چەکـدار نەبـووە. لەمبـارەوە پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکرێـت لـە عێـراق هێـزی پۆلیـس لـە کاتـی ڕاپەڕاندنـی ئەرکـی ڕۆژانـەدا چـەک هەڵدەگرێـت. بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەم ڕاسـتییە و ئـەو ڕاسـتییەی پۆلیـس خەریکـی ڕاپەڕاندنـی ئەرکـی دەسـتگیرکردنی ئـەو کەسـانە بـووە کـە لـەو بڕوایـەدا بووە بەشـدارییان لـە [ڕووداوی یاخیبوونەکـەی سـلێمانیدا] کـردووە، یاخـود داڕێژەرانـی یاخیبوونەکـە بوونـە، یاخیبوونێـک کـە بـووە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی چەندیـن کـەس کـە کارێکـی پێشـبینی نەکـراو بـوو، بۆیـە پۆلیـس بـەرەو ماڵـی گومانلێکـراوەکان چـوو [ئەویـش بـە بـێ ئـاگاداری پێشـوەخت] تـا نەتوانـن خۆیـان ئامـادە بکـەن بەرەنـگاری پۆلیـس ببنـەوە.

لەبـارەی دەسـتگیرکردنەکە کـە بـێ ئاگادارکردنـەوەی پێشـوەخت بـووە، ئەمـە ڕاسـتە؛ بـەڵام ئـەو دەسـتگیرکردنە بـێ ئاگادارکردنـەوەی پێشـوەختە لـە بارودۆخـی سـلێمانی لـە ڕۆژی ٦ی ئەیلوولـی ١٩٣٠دا، بـە بـڕوای حکومەتـی خاوەنشـکۆ کارێکـی پاسـاوهەڵگرە و بە پێـی بەنـدی ٢٤(ب) لـە یاسـای ڕێکارەکانـی تـاوان (Criminal Procedurs Regulations) بـووە. یاخیبوونەکـە بـووە هـۆی گیـان لـە دەسـتدانی سـەربازێک و ژمارەیەک لـە هاووڵاتی مەدەنـی. لەوکاتـەدا پۆلیـس بیانـوی پاسـاوهەڵگری هەبـووە کـە لـەو بڕوایـەدا بێـت ئـەو

کەسانەی دەستگیریان کردوون بەشداربووی گردبوونەوەیەکی نایاسایی بوونە [دوایین دێڕی ئەم پەرەگرافە ناخوێندرێتەوە، وەرگێڕ].

(iv) [ئەو بانگەشەیەی] گوایە شتێکی دروست نییە کورد بە عێراقی هەژمار بکرێن.

حکومەتی خاوەنشکۆ لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە و لەمبارەوە بە تەواوەتی پشتگیریی لە بۆچوونی نوێنەری باوەڕپێکراو دەکات.

(v) ئەو بانگەشەیەی گوایە لە ڕۆژی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٣٠ [....] حکومەتی عەرەب لەلایەن هێزی ئاسمانی بەریتانیاوە [.....] [پەرەگرافەکە ناخوێندرێتەوە، وەرگێڕ]

هیچ پێویست ناکات حکومەتی خاوەنشکۆ کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ئاگادار بکاتەوە، هەروەها هێزی ئاسمانی بەریتانیا هیچ کاتێک بۆ ئەم مەبەستە بەکار نەهاتووە، یاخود هیچ کات بۆ ئەم مەبەستە بەکار نایێت.

٣. یاداشتی ژمارە ٢٨٣٥ی ڕێکەوتی ١٧ نیسانی ١٩٣١، بۆ سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان.

واژووکاری ئەم یاداشتە، جەلادەت ئەمیر بەدرخان-ە، هاووڵاتی عێراق نییە و بە گوێرەی زانیارییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ، کۆمەڵەی خۆیبوون کە بە نوێنەرایەتی کەسانێکەوە [یاداشتی] ئاڕاستەی کۆمەڵەی گەلان کردووە، ئامانجە سەرەکییەکەی بریتییە لە بەرگریکردن لە مافی کورد و ئەرمەنییەکانی تورکیا. بۆیە حکومەتی خاوەنشکۆ بە پێویستی نازانێت هیچ سەرنجێک لە بارەی ئەو یاداشتە بخاتەڕوو.

*******

ئێستا با تیشک بخەینەسەر خودی داواکە [واتە داواکاریی تۆفیق وەهبی].

ئەو هۆکارانەی خود-حوکمڕانی خۆجێی بۆ کوردەکانی باشوور کوردستان بە پێویست دەزانێت

بەبڕوای حکومەتی خاوەنشکۆ هەر جۆرە ڕێکارێك بۆ مامەڵەکردنێکی تایبەت، یاخود بەخشینی خود-حوکمڕانی خۆجێی بۆ کورد، ئەگەر زۆرتر بێت لەو ئاستەی لە بەرنامەی گرتنەبەری ڕێکاری تایبەت [بۆ کورد] کە هاوپێچ لەگەڵ بۆچوونەکانی

حکومەتــی خاوەنشــکۆ لەســەر داواکاریــی کــورد کــە بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان بەرزیــان کردبــووە، خراوەتــە بــەردەم کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب، زیاتــر بێــت، دەبێتــە هــۆی تێکدانــی ئاســتی و ئارامــی لــە عێــراق و لــە گشــت ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا و پەیوەنــدی نێــوان کــورد و عــەرەب خراپــتر دەکات.

لەبــارەی بوژانــەوە و بەختــەوەری خــودی کــورد، حکومەتــی خاوەنشــکۆ لــەو بڕوایەدایە لــە هەلومەرجــی ئێســتادا، بەرژەوەنــدی ئێســتا و بەرژەوەنــدی ئاینــدەی کوردەکانــی عێــراق باشــتر پارێــزراو دەبێــت لــە ڕووی سیاســی و ئابوورییــەوە بــە عێراقــەوە بلکێنرێــن. مافــە کلتــوری و زمانــی کــوردەکان تــا ئاســتێک بــە پێــی ئــەو رێــکارە تایبەتانــەی لەســەرەوە ئامــاژە پێــدران پارێــزراون.

بــە بۆچوونــی حکومەتــی خاوەنشــکۆ، گرتنەبــەری هــەر جــۆرە ڕێکارێــک بــۆ بەخشــینی خود-حوکمڕانــی خۆجێیــی دەبێتــە هــۆی تێکدانــی شــێوازی ئێســتای دەوڵەتــی عێــراق؛ بەمجــۆرەش کــورد لــە هەمــوو جــۆرە کاریگەرییەکــی شارســتانیبوون دوور دەکەونــەوە و ئاســۆی گەشــەی ئابــوری و کۆمەڵایەتــی ئاشــتیخوازانە تێکدەچێــت، ئــەم پێشــکەوتنەش لــە پلانــی لکاندنیــان بــە دەوڵەتــی عێراقــدا ئامــاژەی بــۆ کــراوە.

### کورد، عەرەب نین

حکومەتــی خاوەنشــکۆ هەمیشــە ڕەچــاوی جیاوازییــە نەتەوەییەکانــی نێــوان کــورد و عەرەبــی کــردووە. وادیــارە هیــچ پێویســت نــاکات، یاخــود پەیوەنــدی بــەم تێڕوانینانــەوە نییــە کــە تێیــدا ئامــاژە بــە دەمارگرژیــی تایفــە جیاوازەکانــی ئیســلام بدرێــت، یاخــود بــەراوردی نێــوان پێگــەی کۆمەڵایەتــی ژنەکانــی کــورد و عــەرەب بکەیــن.

### باشووری کوردستان زێدی نەتەوەیی و میراتی گەلی کوردە

لــە نەبوونــی پێناســەیەکی ورددا لەبــارەی چەمکــی کوردســتان واتــای چییــە، بــۆ حکومەتــی خاوەنشــکۆ ســەختە تێبینیەکانــی لەســەر مشــتومڕە مێــژووی و ئەتنۆگرافییــەکان بخاتــەڕوو کــە لــە لاپــەڕەی [داواکارییەکــەدا] ئامــاژەی بۆکــراوە، هەروەهــا ئــەم بابەتــە پەیوەنــدی بــە پرســی گرتنەبــەری

مامەڵەیەکی تایبەت لەبەرانبەر کورد نییە کە پێویستە حاڵیحازر بگیریتەبەر و باس لە جۆری ئەو پەیوەندییە دەکات کە بە درێژای ۱۰۰۰ ساڵ لە نێوان کورد و عەرەبدا بوونی هەبووە.

بەهەرحاڵ، حکومەتی خاوەنشکۆ دان بەوەدا دەنێت کە هەندێك ناوچە لە کوردستاندا هەن زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانەکەی کوردن؛ هەروەها بە بەردەوامی ئامۆژگاریی حکومەتی عێراق کراوە مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەم ناوچانەدا بکات کە [ئەم جۆرە مامەڵە تایبەتە] لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانەوە ڕاسپێردراوە.

## زمان

حکومەتی خاوەنشکۆ پابەند دەبێت کوردەکان مافی بەکارهێنانی زمانی کوردییان هەبێت و ئەو مافە بە پێی یاسای زمانە خۆجێییەکان گەرەنتیکراوە، ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، لە دوایین دانیشتنیدا بڕیاری لەسەر درا.

## نوێنەرایەتی کورد لە [پۆستەکانی] بەڕێوەبردن و پەرلەماندا

نوێنەرایەتی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا، ڕێک هاوشێوەی نوێنەرایەتی عەرەبە، واتە یەک نوێنەر بۆ هەر بیست هەزار کەس لە ڕەگەزی نێرینە (مادەی ۳۵ لە دەستوری عێراق).

ئەمە ڕاست نییە حکومەتی عێراق خوازیارە گشت کوردەکان لە کەرتی خزمەتگوزاری گشتی دووربخات. لە کۆتایی ساڵی ۱۹۳۰، نزیکەی ۹۰ فەرمانبەری کورد لەو ناوچانەی بە ناوچەی کوردی ناودەبرێن کاریان دەکرد و ۷۲ ئەفسەری کورد لە ڕیزی سوپای عێراقدا خزمەت دەکەن.

## دانیشتوانی کورد

هەروەک کۆمسیۆنی ئینتیداب ئاگادارە هیچ کاتێک سەرژمێرییەکی تەواو یاخود دروستی دانیشتوانی عێراق نەکراوە. تەنیا داتای بەردەست بریتییە لەو داتا مەزەندەکراوەی کە لە سەردەمی داگیرکاری سەربازی بەریتانیا لە ساڵی ۱۹۱۹ خراوەتەڕوو. بە گوێرەی ئەو داتایە، کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی کورد ٤۹۹،۳۳٥

کەسـە و ژمـارەی دانیشـتوانی عەرەبیـش ٢،٢٠٦،١٩٢ کەسـە. ئـەو ژمارەیـەش ٨،٦٤٥ کـوردی دانیشـتووی لیـوای کـوت و ١٣،٣٢٩ کـەس کـوردی دانیشـتووی لیـوای دیالە لەخـۆ دەگرێت.

## ڕێسا و یاسا

ئـەوە قسـەیەکی ڕاسـت نییـە یاسـای وڵات بـە دروسـتی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا جێبەجـێ ناکرێـت؛ هەروەهـا هیـچ پاسـاوێک بـۆ ئـەو قسـانە نییـە کـە دەڵێـت لـە دادگاکانـدا، هـەر کاتێـک ڕێـکارەکان بـە زمانـی کـوردی نەبـن، کوردەکـە دەدۆڕێنێـت.

تێبینییەکانـی داواکارەکـە [واتـە تۆفیـق وەهبـی] لەسـەر فەرمانبەرانـی لیـوای سـلێمانی هیـچ بنەمایەکـی لۆژیکـی نییـە، هەروەهـا ئـەو قسـانە پێویسـتیان بـە سـەلماندنە.

بەهـۆی سـەرۆک خێڵەکانـەوە دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەنـدی لـە ناوچـەی پشـدەر بوونـی نییـە و ئـەو ناوچەیـە تـا ڕادەیـەک کۆنترۆڵـی حکومەتی ناوەنـدی بەسـەرەوە نییە، دەکـرێ بڵێیـن ئەمـەش لەگـەڵ خواسـتی داواکارەکـە بـۆ ئۆتۆنۆمـی خۆجێیـی دەگونجێت.

## پەروەردە و خوێندن

ئـەو بەڵگەنامانـەی خـوارەوە وەک پاشـکۆیەک هاوپێچـی تێڕوانینەکانـی [حکومەتـی خاوەنشـکۆ] کـراون:

**ا** لیستی تەواوی قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکانی عێراق.

**ب** بەیانێـک لەسـەر بـەراوردی داتاکانـی داهـات و ڕێـژەی تێچوونـی کەرتـی پـەروەردە لـە هـەر لیوایـەک بـە پێـی داتـای ساڵی ١٩٢٩-١٩٣٠.

هــۆکاری ســەرەکی لــە هاندانــی [قوتابیــان] بــۆ خوێنــدن بــە زمانــی عەرەبــی لــە قوتابخانــە کوردییەکانــدا بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە، ئــەو کەســانەی خوێندنــی قوتابخانــە تــەواو دەکــەن، بتوانــن بــۆ خوێندنــی بــاڵا بچنــە بەغــدا. ئەمــەش لــە بەرژەوەنــدی خــودی کوردەکاندایــە، چونکــە لــە توانــای حکومەتــی بەغــدا نییــە خوێندنــی بــاڵا بــە سیســتەمی دووانەیــی [واتــە بــە زمانــی عەرەبــی و کــوردی] لــە ناوچــە کوردییەکانــدا دابمەزرێنێــت.

ژمارەی قوتابخانەکان [وەک ئەوەی تۆفیق وەهبی باسی دەکات]، هەروەک لە خشتەی هاوپێچکراودا نیشاندراوە، دروست نین. ئەو قسەیەی دەڵێت زمانی کوردی ""ڕێگەپێدراوە"" دوورە لە ڕاستییەوە. لە خشتەکەدا، لەو قوتابخانانەی زمانی وانەگووتنەوە "کوردییە" ئەوە بەو مانایە دێت ئەم زمانە ئامرازی سەرەکی وانەگووتنەوەیە. لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکانی لیوای مووسڵ، زمانی کوردی تەنیا وەک ئامرازیی شەرحکردنی وانەکان بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە کاتی وەگەڕخستنی یاسای زمانە خۆجییەکان، کە لەلایەن [پەرلەمانی عێراقەوە] پەسەندکراوە، [بە پێی یاساکە] کوردی دەبێتە زمانی وانەگووتنەوە، ئەویش هەر کاتێک دانیشتوانی ئەم ناوچەیە جۆری ئەو شێوازە کوردییە هەڵبژێرن کە خوازیارن بەکاری بهێنن. ژمارەی دانیشتووانی ناوچە کوردییەکان هەروەک لە سەرەوە ئاماژە پێکراوە ٨٠٠،٠٠٠ کەس نین، بەڵکو ٥٠٠،٠٠٠ کەسە.

ناکرێت ناوچە کوردییەکانی عێراق بە ئەلبانیا و فەڵەستین بەراورد بکرێن، چونکە تا ئێستا کوردەکانی عێراق زمانی نووسینیان نەبووە، تەنانەت تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر کەمی پەرتووک بە زمانی کوردی نووسراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە و بە بەراوردکردنی قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکان لەگەڵ قوتابخانەکانی لیواکانیتری عێراق، دەبینین کورد بە هیچ شێوەیەک پشتگوێ نەخراون. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەو ژمارانەی لە خشتەی هاوپێچدا خراونەتەڕوو لەبارەی ڕێژەی داهاتی خەرجکراو لە کەرتی پەروەردەدا، تەنیا ئەو داهاتەیە کە لە ناوچەکاندا کۆکراوەتەوە. واتە لە باجە سەپێنراوەکانی سەر خوێ و توتن، کە لە ناوچە کوردییەکانەوە دێن و لە بەغدا کۆ دەکرێنەوە، ئەگەر ناوچە کوردییەکان بەم بڕە داهاتە پشت ئەستور بن، ئەو بڕەی بۆ کەرتی پەروەردە لە ناوچە کوردییەکان تەرخان کراوە بە ڕێژەییەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

بەهەرحاڵ، لە هەموو حاڵەتەکاندا دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین، ئایا تێچوونی کەرتی پەروەردە، بڕەکەی بە پێی داهاتی هەر ناوچەیەک بێت یان نا، [بەڵام] حکومەتی خاوەنشکۆ لەو بڕوایەدایە کارێکی باش نییە حکومەتی عێراق ناچار بکەین پشت بەم پێوەرە ببەستێت.

ئـەو قسـەیەی گوایـە گشـت کەلوپەلـە کۆنـەکان بـۆ قوتابخانـە کوردییـەکان دەنێردرێـن و کـەل پەلـە نوێیـەکان بـە قوتابخانـەی عەرەبـەکان دەدرێـت، دووره لـە ڕاسـتییەوە. کاتێـک بودجـە بـۆ دابینکردنـی کەلوپەلـی نـوێ تەرخـان دەکرێـت، ئـەو کەلوپەلـە لـە بـازاڕی ناوخـۆدا بـۆ قوتابخانـە گـەورەکان دروسـت دەکرێـن. دواتـر کەلوپەلـە کۆنـەکان بـۆ قوتابخانـە بچووکەکانـی گونـدەکان و ئـەو قوتابخانانـەی تـازە کراونەتـەوە دەنێردرێـن.

لەبـارەی قوتابخانـە سـەرەتاییەکان، دۆخـی کوردسـتان لـە دۆخـی لیواکانیتر جیـاواز نییە. حاڵیحـازر تەنیـا دوو قوتابخانـەی دواناوەنـدی لـە هەمـوو عێراقـدا بوونی هەیـە، یەکێک لە بەغـدا و یەکێـک لـە مووسـڵ. هەمـان شـت بـۆ وانەکانیـش ڕاسـتە، هـەم بـۆ قوتابخانەکانی کوردسـتان و هەمیـش قوتابخانەکانیـتری عێـراق گونجـاو نیـن. ڕاسـتە کۆلێـژی ڕاهێنـان لـە کوردسـتاندا بوونـی نییـە، بـەڵام قوتابییـە کـوردەکان دەتوانـن لـە هـەردوو کۆلێـژی ڕاهێنان (training collage) و قوتابخانەی پیشـەیی (technical school) لە بەغدا بخوێنن کە تێیدا کـورد و نەتەوەکانیـتر بـە پێـی ئەو ڕێژەیەی بـۆ هەر ناوچەیـەک دیارکـراوە، وەردەگیرێن. لە هـەردوو دامەزراوەکـەدا، وانـە، پۆشـاک و خۆراک بـە خۆڕاییە.

حکومەتــی خاوەنشــکۆ ئــاگادار کراوەتــەوە ســێ کــورد، نــەک دوو کــورد، وەک نێــردەی پەروەردەیــی (educational mission) دامــەزراون. ڕاســتە ئەمــە ڕێژەییــە، ڕێژەیەکــی کەمــە؛ بــەڵام بــوون بــە ئەنــدام لــەم کۆمســیۆنەدا پشــت بــە کێبڕکــێ دەبەسـتێت تـا دڵنیایـی بدرێـت قوتابیـە هەڵبژێـردراوەکان کەمتریـن مـاوە لـە دەرەوەی وڵاتــدا دەمێننــەوە و لەمبــارەوە تێچــووی حکومــەت کەمــتر دەبێــت.

## کاری گشتی

مەبەسـتی [تۆفیـق وەهبـی] لـەم قسـەیە ئەوەیـە، گوایـە وەزارەتـی کاری گشـتی لیــوای ســلێمانی پشــتگوێ خســتووە. (شــایانی ئامــاژە پێدانــە لــەم پەرەگرافــە و لــە پەرەگرافەکانیتریشــدا، تۆفیــق بــەگ، بانگەشــەی ئــەوە دەکات بــە نوێنەرایەتــی گشــت نەتـەوەی کـورد قسـە دەکات، کەچـی تەنیـا ئامـاژە بـە لیـوای سـلێمانی دەکات و خـۆی دوور دەگــرێ لــە ئاماژەکــردن بــە لیواکانــی هەولێــر، کەرکــووک و مووســڵ).

ئەمـەی خـوارەوە پوختەیەکـە لـەو کارانـەی لـە مـاوەی ١٠ سـاڵی ڕابـردوودا لـە گشـت ناوچـە کوردییـەکان تـەواو کـراون.

**ڕێگاکان**

ڕێگای دهۆک-ئامێدی.

ڕێگای هەولێر-شەقلاوە-ڕواندوز-ڕایەت.

ڕێگای هەولێر-کۆیسنجەق.

ڕێگای کەرکووک -سلێمانی-هەڵەبجە.

ڕێگای سلێمانی-دوکان.

**پردەکان**

[ناوی ئەم پردە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

ئالوکا.

[ناوی ئەم پردە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

بێکاک سو.

[ناوی ئەم پردە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

**بیناکان**

سەرای بارزان.

سەرای [ناوی ئەم بینایە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

سەرای قادرکەرەم.

سەرای گۆک تەپە.

سەرای قەرەداغ.

سەرای سلێمانی.

سەرای پێنجوێن.

سەرای هەولێر.

سەرای سورداش.

سەرای [ناوی ئەم بینایە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

بنکەی پۆلیسی کانی ڕەش.

تانێل -بەهەمان شێوە-

سەگرمە –بەهەمان شێوە-

دەربەندی بازیان –بەهەمان شێوە-

[ناوی ئەم بینایە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

قەرە هەنجیر - بەهەمان شێوە-

بازیان - بەهەمان شێوە-

پایکولی - بەهەمان شێوە-

عەربەت - بەهەمان شێوە-

موسن - بەهەمان شێوە-

سارایە - بەهەمان شێوە-

گەلی ساردە - بەهەمان شێوە-

[ناوی ئەم بینایە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

والیاوە - بەهەمان شێوە-

[ناوی ئەم بینایە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

تاسلوجە - بەهەمان شێوە-

[ناوی ئەم بینایە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

[ناوی ئەم بینایە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

گۆمەسپان - بەهەمان شێوە-

بانەمان - بەهەمان شێوە-

گەلی عەلی بەگ - بەهەمان شێوە-

قوتابخانە، هەولێر

قوتابخانەی کچان، سلێمانی.

نووسینگەی پۆستە، هەولێر.

پۆستەی [ ناوی ناوچەکە ناخوێندرێتەوە].

قوتابخانەی کچان لە سلێمانی لە سێ ژوور بۆ قوتابیان پێکدێت؛ سەرەڕای یەک ژوور بۆ مامۆستایان. سەختە لەوە تێبگەین بۆچی دوو پۆل لە یەک ژووردا دەخوێنن، مەگەر مامۆستاکان ژوورەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبێت و تەنیا یەک ژووریان بۆ خوێندن بەجێهێشت بێت.

## ئاودێری و کشتوکاڵ

کێڵگەکانی ناوچە کوردییە شاخاوییەکان بە کەڵکی ئاودێری نایێن. سەرەڕای ئەوەش ،دۆخی ئەوان باشترە لە دۆخی ناوچەکانی باشووری کوردستانی [عێراق]، چونکە دەتوانن لە ناوچەیەکی بەرفراواندا چەندین جۆرە بەروبومی کشتوکاڵی بە بێ ئاودێری بەرهەم بێنن. هەروەها زۆربەی گوندەکان کانیاویان هەیە، خودی خەڵکەکە زۆر شارەزایانە ئەم ئاوە بۆ بەرهەمهێنانی برنج و سەوزەوات بەکار دێنن.

لەبارەی کشتوکاڵ، بودجەی گشتی تەرخانکراو بۆ ئەم کەرتە بڕەکەی لە [بڕە پارەکە ناخوێندرێتەوە بەڵام لە ژێر ٩٠٠،٠٠٠ ڕوپیەیە. وەرگێڕ] ڕوپیە زۆرترە. لە م بڕەش، بڕی ٣٥٠،٠٠٠ ڕوپیە بۆ [کڕینی دەرمانی] دژە-کلۆ خەرج دەکرێت کە لە

ناوچـە کوردییەکانـدا لـە ڕادەبـەدەر زۆرە.

بەڕێوەبەرایەتییەکانـی کشـتوکاڵ و بنکـەی تاقیکردنـەوەی ناوەنـدی تەنیا بـڕی ٢٠٠،٠٠٠ ڕوپیـە دەتوانـن لـەم کەرتـەدا خـەرج بکـەن کـە بـە یەکسـانی بەسـەر ناوچـە کوردنشـین و عـەرەب نشـینەکاندا دابـەش دەبێـت، چونکـە ئامانجـی کاری تاقیکردنـەوە سـوودگەیاندنە بـە سەرتاسـەری وڵات، نـەک تەنیـا ناوچەیەکـی دیارکـراو.

سـاڵانە بـڕی ١٨،٠٠٠ ڕوپیـە بـۆ بەرهەمهێنانی توتن خـەرج دەکرێت کە بـە تەواوەتی بۆ ناوچـە کوردییـەکان تەرخـان دەکرێت [چونکە توتـن تەنیا لەم ناوچەیـەدا بەرهەم دێت].

لـەم ڕوانگەیـەوە، ڕێژەیەکـی دادپەروەرانـە لـە یارمەتـی دارایـی لـە کەرتـی کشـتوکاڵدا، بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـەوخۆ، بـۆ ناوچـە کوردییـەکان خـەرج دەکرێـت.

لـەم سـاڵانەی دواییـدا، سـتافی وەزارەتـی کشـتوکاڵ بەدەسـت کـەم بوونـەوەی ڕێـژەی فەرمانبەرانیـان دەناڵێنێـت. لـە ئـەرزی واقیعـدا، تەنیـا سـتافێک کـە بەجێـماوە، سـتافی دژە-کلـۆ و ڕێنماییدەرەکانـی توتـن ماونەتـەوە.

هەڵبـەت ٢٥٪ چالاکییەکانـی فەرمانبەرانـی دژە-کلـۆ، پشـت بـە بـڕی کاری پێویسـت دەبەسـتێت. [واتـە ئەگـەر کلـۆ زۆر بـوو کاری ئەوانێـش زۆر دەبێـت و بـە پێچەوانـەوە]؛ بـەڵام بەشـی هـەرە زوری کارەکانیـان لـە ناوچـە کوردییەکانـە. هـەر ٩ فەرمانبـەری توتـن لـە ناوچـە کوردییەکانـدا دامـەزراون.

جگـە لەمانـەی سـەرەوە ئـەم وەزارەتـە تەنیـا چـوار فەرمانبـەری بـۆ ناوچـەکان هەیـە؛ کەواتـە ناوچـە کوردییـەکان پشـکی دادپەروەرانەیـان لـەو فەرانبەرانـەوە وەبەرکەوتـووە.

لەبـارەی توتـن کـە لـە داواکارییەکـەدا بـە تایبەتـی تیشـکی خراوەتەسـەر، ئـەم کارە هێـدی هێـدی بوژانـەوەی بەخـۆووە بینیـووە.

لـە سـاڵی ١٩٢٩دا، لـە ژێـر چاودێـری وەزارەتـی کشـتوکاڵ نزیکـەی شـەش تـەن و نیـو توتـن بەرهەمهێـنرا. لـە سـاڵی ١٩٣٠دا نزیکـەی ٢٠ تـەن توتـن بەرهەمهێـنرا، سـەرەڕای یـەک تـەن کـە لەلایـەن خـودی وەزارەتـەوە لـە تاقیگـەی پۆلێنکردنەکانـەوە بەرهەمهێـنرا.

دەبێ لەم ساڵەدا بڕی بەرهەمهێنراوی توتن زۆرتر بووبێت. سەرەڕای کەمبوونەوەی ژمارەی ستافی بەشەکانیتری وەزارەتی [کشتوکاڵ]، بەڵام ژمارەی ڕێنماییکارانی بەشی توتن هەر وەک خۆی ماوەتەوە. بۆیە حکومەت بە نیازە لە ماوەیەکی نزیکدا چوار ڕێنماییەکاریتر [لە بەشی توتندا] دابمەزرێنێت.

لە کۆتایدا، بە چاوپۆشین لە هەندێك چالاکی زۆر سنورادری وەزارەتی کشتوکاڵ، ناتوانین ئاماژە بە هیچ کەیسێك بدەین بیسەلمێنێت ناوچە کوردییەکان پشتگوێ خراون.

لە نێوان چەندین پلان کە لەم ساڵانەی دوایدا لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بۆ باشترکردنی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی کشتوکاڵ لە عێراقدا خراونەتەڕوو، تەنیا پلانی تایبەت بە توتن پشتیوانی دارایی دەکرێت، ئەم بەرهەمەش تایبەتە بە ناوچە کوردییەکان.

## تەندروستی

ئەوەی خوارەوە لیستی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستییە لە لیواکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک و قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ.

### لیوای مووسڵ

بنکەی تەندروستی زاخۆ

بنکەی تەندروستی دهۆک

بنکەی تەندروستی ئامێدی

بنکەی تەندروستی ئاکرێ

### لیوای هەولێر

٣٠ قەروێڵەی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لە شاری هەولێر هەن.

بنکەی تەندروستی کۆیسنجەق.

بنکەی تەندروستی شەقڵاوە

بنکەی تەندروستی باتاس

بنکەی تەندروستی ڕواندوز

**لیوای سلێمانی**

٢٠ قەروێلەی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی لە شاری سلێمانی هەن.

بنکەی تەندروستی هەڵەبجە کە ٤ قەروێلەی هەیە.

بنکەی تەندروستی [ناوی شوێنەکە ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

بنکەی تەندروستی پێنجوێن

**لیوای کەرکووک**

بنکەی تەندروستی کفری

بنکەی تەندروستی تەوق

بنکەی تەندروستی توز

بنکەی تەندروستی چەمچەماڵ

بنکەی تەندروستی ئاڵتون کۆپری.

لە ساڵی ١٩٣٠، نزیکەی ٧٤٠ نەخۆش لە نەخۆشخانە خەوێنراون و ٣٦٤،٩٣٨ نەخۆشی سەرپێی سەردانی ئەم بنکە تەندروستیانەیان کردووە.

لەم لیستەی سەرەوەدا دەبینین، هەرچەندە ژمارەی بنکەکانی تەندروستی بە باشی بنیاتنراون، بەڵام لە ڕووی ژمارەی نەخۆشخانەوە کەموکوڕی لە ناوچە کوردییەکاندا هەیە. کەچی پێویستە ئاماژە بەوە بکەین نەخۆشخانەیەکی گشتی پێکهاتوو لە ١٢٠ قەروێلە لە مووسڵ و نەخۆشخانەیەکی گشتی پێکهاتوو لە ١٥٠ قەروێلە لە کەرکووک هەن کە دراوسێی ناوچە کوردییەکانن و لەم نەخۆشخانانەدا خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ چینە جۆراوجۆرەکان و ئەو کەسانەی پێویستیان بە چارەسەری تایبەت هەیە پێشکەش دەکرێت.

ڕاستە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کوردستان پێویستی بە بەرەوپێشبردن هەیە، تا بگاتە ئاست بەشەکانیتری عێراق؛ بەڵام ئەگەر تەنانەت بودجەش بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی زۆرتر تەرخان بکرێت، دابینکردنی ستاف و فەرمانبەری پێویست بۆ ئەم دامەزراوانە گرفتێکیترە دەبێ ڕەچاو بکرێت.

لەبارەی هەندێك خاڵی تایبەت کە سکاڵاکار [واتە تۆفیق وەهبی] تیشکی خستبووسەر:

١. کۆی گشتی دامەزراوە تەندروستییەکان لە کوردستاندا، ٢٠ دامەزراوەیە، بەراورد لەگەڵ ناوچە عەرەبییەکانی عێراق [هاوشێوەی یەکن].

٢. یازدە پزیشک لە کوردستان خزمەت دەکەن، لەگەڵ کۆمەڵێک ستافی شارەزا لەم دامەزراوانەدا خزمەت دەکەن.

٣. حکومەتی عێراق زۆر گرنگی بە کەرتی تەندروستی لە کوردستان دەدات.

٤. لە ساڵی ١٩٣٠دا، ٢٤،٤٧٦ پرۆسەی کوتان (ڤاکسین) لە کوردستان ئەنجامدراوە؛ هەروەها لە بەغداوە کۆتەری گەڕۆک (Travelling Vacsinators) چوار جار بۆ کوردستان نێردراون تا لە هەڵمەتی کوتاندا یارمەتی کاربەدەستە خۆجێییەکان بدەن.

٥. شاری سلێمانی نەخۆشخانەیەکی هەیە کە لە ٢٠ قەروێلە پێکدێت و بەش دەکات. بینای نەخۆشخانەکە گونجاو نییە، بۆیە بڕیارە نەخۆشخانەیەکی نوێ دروست بکرێت. حاڵیحازر بەرنامەی دروستکردنی بینای خزمەتگوزاریی تەندروستی هەڵپەسێردراوە و تا ئێستا هیچ بنکەیەکی تەندروستی لە نەخۆشخانەکەی سلێمانیدا دروست نەکراوە.

نهێنی (ل ٢٢٥-٢٦٩)

C.P.M. 1192 (a)

**کۆمەڵەی گەلان**

جنێڤ.

٢٢ی حوزەیرانی ١٩٣١

**کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب**

**عێراق**

پاشـکۆکانی تێڕوانینەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەسـەر داواکاری تۆفیـق وەهبـی، لـە ڕێکەوتـی ١٩ی نیسـانی ١٩٣١ (١).

بڕوانە بەڵگەنامەی (C.P.M 1192)

*****

Confidential

C.P.M. 1192 (a)

LEAGUE OF NATIONS

Geneva, June 22nd, 1931

PERMANENT MANDATE COMMISSION

IRAQ

Appendices to the British Goverenment"s observations on the petition, dated April 19th, 1931, from Taufiq Wahbi Beg (1)

(1) See Dec. C.P.M. 1192

## پاشکۆی (A)

### لیستی قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکانی عێراق

(سنور: سەرتاسەری لیواکانی هەولێر و سلێمانی: قەزاکانی زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، زێبار و دهۆک لە لیوای مووسڵ، گشت لیوا کوردییەکان جیا لە ناحیەکانی کەرکووک ، مەلحە، شوبیجە و قەرەتەپە)

| لیوا | قەزا | شار | ناوی قوتابخانە | جۆر | ژمارەی پۆل | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا | نەتەوەی مامۆستاکان | | | زمانی وانەبێژی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | کورد | توورکمان | عەرەب | | |
| سلێمانی | - | سلێمانی | ناودندی | ناوەندیی (intermediate) | ٢ | ٣٢ | ٤ | ٢ | ١ | ١ | کوردی | |
| | - | سلێمانی | سەرەتایی | سەرەتایی (primary) | ٢ | ٥٦ | ٢ | ٢ | - | - | "" | بە قوتابخانەی ناوەندییەوە گرێدراوە |
| | - | سلێمانی | سلێمانی ١ | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ١٤٩ | ٥ | ٥ | - | - | "" | |
| | - | سلێمانی | سلێمانی ٢ | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ١٣٥ | ٦ | ٦ | - | - | "" | |
| | - | سلێمانی | قوتابخانەی کچان | سەرەتایی (primary) | ٥ | ١٢٦ | ٥ | ٣ | - | ٢ | "" | |
| | - | قەرەداغ | قەرەداغ | سەرەتایی (elementary) | ٣ | ٢٠ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | - | بازیان | بازیان | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ١٨ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | - | سورداش | سورداش | سەرەتایی (elementary) | ١١ | ١٧ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | هەڵەبجە | هەڵەبجە | سەرەتایی | سەرەتایی (primary) | ٦ | ٧١ | ٦ | ٦ | - | - | "" | |
| | "" | پێنجوێن | پێنجوێن | سەرەتایی (elementary) | ١ | ٢١ | ١ | ١ | - | - | "" | |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | "" | وارماوا | وارماوا | سەرەتایی (elementary) | ١ | ٢٤ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | "" | تەویلە | تەویلە | سەرەتایی (elementary) | ٣ | ٣٠ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | شارباژێر | شارباژێر | شارباژێر | سەرەتایی (elementary) | ١ | ١٣ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | "" | بەرزنجە | بەرزنجە | سەرەتایی (elementary) | ١ | ٢٤ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| هەولێر | - | هەولێر | ناوەندی | ناوەندی (intermediate) | ٢ | ٣٤ | ٣ | ٢ | - | ١ | عەرەبی | |
| | - | "" | سەرەتایی | سەرەتایی (primary) | ٣ | ٥٣ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | کوردی | |
| | - | "" | شوباتی هەولێر | سەرەتایی (elementary) | ٣ | ١٢٠ | ٤ | ٣ | ١ | ١ | "" | |
| | - | "" | هەولێری ٢ | سەرەتایی (primary) | ٦ | ١٦٥ | ٨ | ٢ | ١ | ٥ | عەرەبی | بو جووییەکان دامەزراوە |
| | - | "" | هەولێری کچان | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ٩٠ | ٥ | ٢ | - | ٣ | کوردی | مامۆستای ئافرەت هەیە |
| | - | شەقلاوە | شەقلاوە | سەرەتایی (primary) | ٥ | ٨٥ | ٤ | ٣ | - | ١ | "" | بۆ کلدانییەکانە |
| | - | قۆرشئۆغلو (Qprshaqlu) | قۆرشئۆغلو | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ٢٦ | ١ | - | ١ | ١ | کوردی | |
| | - | عەنکاوە | عەنکاوە | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ٨٧ | ٤ | - | - | ٤ | عەرەبی | |
| | مەخمور | مەخمور | مەخمور | سەرەتایی (elementary) | ٣ | ٢٧ | ١ | ١ | ١ | - | کوردی | |
| | "" | گویر | گوێر | سەرەتایی (elementary) | ١ | ٢٧ | ١ | - | - | ١ | عەرەبی | |
| | "" | دیبەگە | دیبەگە | سەرەتایی (elementary) | ١ | ٢٩ | ١ | ١ | - | - | کوردی | |
| | "" | عەبدوڵا گۆجەلان | عەبدوڵا گۆجەلان | سەرەتایی (elementary) | ٣ | ٤٠ | ١ | ١ | - | - | "" | |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوی سنجەق | کوی سنجەق | کوی سنجەق | سەرەتایی (primary) | ٦ | ٢٣٠ | ٧ | ٧ | - | - | "" | |
| | رانیە | رانیە | رانیە | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ٢٢ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | ڕواندوز | ڕواندوز | ڕواندوز | سەرەتایی (primary) | ٥ | ١٣٢ | ٥ | ٣ | ٢ | - | "" | |
| | - | باتاس | باتاس | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ٥٣ | ٢ | ٢ | - | - | "" | |
| | - | روست | روست | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ٢٧ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | - | گەڵاڵە | گەڵاڵە | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ٢٨ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| کەرکوک | چەمچەماڵ | چەمچەماڵ | چەمچەماڵ | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ٥٧ | ٣ | ١ | ٢ | - | کوردی | |
| | | قەریەت عەسکەر | قەریەت عەسکەر | سەرەتایی (elementary) | ١ | ١٦ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | گێل (Gil) | قادر کەرەم | قادر کەرەم | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ٢٧ | ١ | ١ | - | - | "" | |
| | - | کەرکووک | ناوەندی | ناوەندی (intermediat) | ٢ | ٦٣ | ٤ | - | ٢ | ٢ | عەرەبی | |
| | | "" | سەرەتایی | سەرەتایی (primary) | ٢ | ٧٦ | ٥ | - | ٥ | - | "" | |
| | | "" | ئەلقەلا | سەرەتایی (primary) | ٥ | ١٣١ | ٧ | - | ٥ | ٢ | تورکی | |
| | | "" | ئەلئیسرائیلە | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ٨٩ | ٤ | - | - | ٤ | عەرەبی | |
| | | "" | ئەل"" (کچان) | سەرەتایی (elementary) | ٣ | ٨١ | ٣ | - | - | ٣ | "" | |
| | | "" | کلدیان | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ٨٠ | ٤ | - | - | ٤ | "" | |
| | | "" | "" (کچان) | سەرەتایی (primary) | ٥ | ١٠٢ | ٥ | - | - | ٣ | "" | |
| | | "" | ئوجی کچان | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ٥٠ | ٣ | - | ٣ | - | تورکی | |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | قۆریەی کچان | سەرەتایی (elementary) | ۳ | ۷۵ | ۳ | - | ۳ | - | "" | |
| | | ئاڵتون کوپری | ئاڵتون کوپری | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ٥٣ | ۳ | - | ۲ | ۱ | عەرەبی | |
| | | داقوق | داقوق | سەرەتایی (elementary) | ۳ | ٥٥ | ۲ | - | ۱ | ۱ | تورکی | |
| | کفری | کفری | کفری | سەرەتایی (primary) | ٦ | ۱۹۹ | ۷ | - | ٥ | ۲ | "" | |
| | | توزخورماتو | توزخورماتو | سەرەتایی (primary) | ٥ | ۱۳۳ | ٦ | - | ۳ | ۳ | "" | |
| | | بەستەملێ | بەستەملێ | سەرەتایی (elementary) | ۳ | ٦٥ | ۲ | - | - | ۲ | عەرەبی | |
| | | ئەلبوسەباح | ئەلبوسەباح | سەرەتایی (elementary) | ۱ | ۲٤ | ۱ | ۱ | - | - | کوردی | |
| | | یەنیجە | یەنیجە | سەرەتایی (elementary) | ۳ | ٥٤ | ۲ | ۱ | ۱ | ۱ | عەرەبی | |
| | | لەیلان | لەیلان | سەرەتایی (elementary) | ۳ | ٤٧ | ۲ | ۲ | - | - | کوردی | |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مووسڵ | زاخۆ | زاخۆ | زاخۆ | سەرەتایی (primary) | ٦ | ١٦٠ | ٨ | ٢ | ١ | ٥ | [لە قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکانی لیوای مووسڵ] وانەکان بە هەر دوو زمانی عەرەبی و کوردی دەگووترێنەوە، بەتایبەتیش لە پۆڵەکانی سەرەتاییدا elementary) (classes |
| | زاخۆ | زاخۆ | زاخۆی کچان | سەرەتایی (elementary) | ١ | ٨٥ | ٢ | - | - | ٢ | |
| | زاخۆ | ئەلئاسی | ئەلئاسی | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ٢٥ | ١ | - | ١ | - | |
| | دهۆک | دهۆک | دهۆک | سەرەتایی (primary) | ٦ | ١٤٥ | ٧ | ٢ | ١ | ٤ | |
| | دهۆک | بایدە | بایدە | سەرەتایی (elementary) | ١ | ٥٠ | ٢ | ١ | - | ١ | |
| | ئامێدی | ئامێدی | ئامێدی | سەرەتایی (primary) | ٦ | ١٠٦ | ٦ | - | - | ٦ | |
| | "" | بامەڕنێ | بامەڕنێ | سەرەتایی (elementary) | ٤ | ٩٠ | ٤ | ٢ | - | ٢ | |
| | سنجار | سنجار | سنجار | سەرەتایی (primary) | ٦ | ١٥٤ | ٨ | - | - | ٨ | |
| | ئاکرێ | ئاکرێ | ئاکرێ | سەرەتایی (primary) | ٥ | ١٠٠ | ٥ | - | - | ٥ | |
| | زێبار | بیرا کەپرا | بیرا کەپرا | سەرەتایی (elementary) | ٢ | ١٩ | ١ | ١ | - | - | |
| | زێبار | بارزان | بارزان | سەرەتایی (elementary) | ٣ | ٣٢ | ١ | ١ | - | - | |

## پاشکۆی "B"

### بەراوەردێک لە نێوان داهات و ڕێژەی تەرخانکراو بۆ کەرتی پەروەردە

(Statement pf comparative figures for revenue and percentage expenditure on education)

| لیوا | داهات (ڕوپیه) | بڕی تەرخانکراو بۆ کەرتی پەروەردە | ژمارەی دانیشتووانی شار | ژمارەی قوتابخانەی حکومییەکان | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | کوڕ | کچ |
| هەولێر | ١٣-١١,٤٣,٥٥٧ | ٧,٢٥ | ١٨٤,٨٨٢ | ١٧ | ١ |
| بەغدا | ٤-٢٧,٠٩,٣٦٨ | ١٢,٣٢ | ٢٩٩,٨٨٣ | ٢٩ | ٦ |
| بەسرا | ٨-٢٤,٨٢,٠٧٥ | ١٠,٤٥ | ٣١٦,٠٤٣ | ٣٥ | ١٢ |
| حلە | ٦-١٦,٧٦,٩٧١ | ٥,١٢ | ٤٧,٤٠٠ | ١٤ | ١ |
| دولێم | ٥-٦,٨٠,٥١٤ | ١٠,٢٦ | ٢٠,٩٦٥ | ١٢ | ١ |
| دیالە | ٣-١٣,٩٦,١٦١ | ٩,٧١ | ٧١,٨٤٥ | ٢١ | ١ |
| دیوانیە | ٣-٢٢,٦٢,٤٧١ | ٣,٧٠ | ٦٨,٤٩٤ | ١٧ | ١ |
| عەمارە | ٥-٢٣,٥٧,٣٣٠ | ٧,٧٩ | ٣٢,٤٠١ | ١٢ | ٢ |
| کەربەلا | ٩-٨-٤,١٩,٢٢٩ | ١٧,٨ | ٤٩,٨٢١ | ٩ | ١ |
| کەرکووک | ١٥-١١,٣٣,٦٠٣ | ١٠,٦٦ | ٢٨,٠٢٩ | ١٧ | ٤ |
| کوت | ٤-٧,٣٢,٦٩٠ | ١١,١٥ | ١٩,٩٧٠ | ١٢ | ١ |
| مونتەفیق (Muntifiq) | ٦-١٣,٢٦,٤٩٢ | ٨,٣٩ | ١٩,٩٠٩ | ١٨ | ١ |
| مووسڵ | ٥-٣٠,١٨,١٠٢ | ٢٠,٨٢ | ٢٢٢,٠١١ | ٦٠ | ١٧ |
| سلێمانی | ١-٦,٩٠,٦٤٣ | ٧,٨١ | ١٨٦,٢٨٩ | ١٣ | ١ |

## پاشکۆی "C"

### سەرژمێری فەرمانبەرانی کوردستان

| ژ | یەکەی کارگێڕی | فەرمانبەری فەرمی (gazetted officials) | | | | فەرمانبەری نافەرمی non-gazetted) (officials | | | | کۆی گشتی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | عەرەب | کورد | تورکمان | ک، ج* | عەرەب | کورد | تورکمان | ک، ج* | عەرەب | کورد | تورکمان | ک، ج* |
| ١ | قەزای ئامێدی | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | ٤ | - | ١ | ٥ | ١٠ | ٢ | ٤ | ٥ | ١٤ | ٢ | ٥ |
| | ٢. بارەگا:ناحیە | - | - | - | ١ | ٢ | ٣ | - | ١ | ٢ | ٣ | - | ٢ |
| | ٣. بەرواری باڵا | - | ١ | - | - | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | - |
| | ٤. نێروە و ڕێکان | - | ١ | - | - | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | - |
| کۆی گشتی بۆ قەزای ئامێدی | | - | ٦ | - | ٢ | ٩ | ١٣ | ٢ | ٥ | ٩ | ١٩ | ٢ | ٧ |
| ٢ | قەزای ئاکرێ | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | ٢ | ٢ | ١ | ١ | ٩ | ٤ | - | ٤ | ١١ | ٦ | ١ | ٥ |
| | ٢.بارەگا: ناحیە (سورچی) | ١ | - | - | - | - | ١ | - | - | ١ | ١ | - | - |
| | ٣. عەشایری سەبعە | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - | - |
| کوی گشتی بۆ قەزای ئاکرێ | | ٤ | ٢ | ١ | ١ | ١٠ | ٥ | - | ٤ | ١٤ | ٧ | ١ | ٥ |
| ٣ | قەزای دهۆک | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | ٢ | ١ | - | ١ | ٨ | ٧ | ١ | ٧ | ١٠ | ٨ | ١ | ٨ |
| | ٢.بارەگا: ناحیە | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | ٢ | ٢ | ١ | - | ٢ |
| | ٣.ناحیەی دوسکی | ١ | - | - | - | - | ١ | - | ٢ | ١ | ١ | - | ٢ |
| | ٤. ناحیەی مزوری | - | - | ١ | - | ١ | ١ | ١ | - | ١ | ١ | ٢ | - |
| کۆی گشتی بۆ قەزای دهۆک | | ٤ | ١ | ١ | ١ | ١٠ | ١٠ | ٢ | ١١ | ١٤ | ١١ | ٣ | ١٢ |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | قەزای زاخۆ | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | ٢ | ٢ | - | ١ | ٦ | ٥ | - | ١٠ | ٨ | ٧ | - | ١١ |
| | ٢.ناحیەی گولی | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی سندی | - | ١ | - | - | ١ | ١ | - | ٢ | ١ | ٢ | - | ٢ |
| | ٤.ناحیەی سلێڤانیا | ١ | - | - | - | - | ١ | - | ٣ | ١ | ١ | - | ٣ |
| کۆی گشتی بۆ قەزای زاخۆ | | ٤ | ٣ | - | ١ | ٨ | ٧ | - | ١٥ | ١٢ | ١٠ | - | ١٦ |
| ٥ | قەزای زێبار | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | - | ١ | - | ٣ | ٣ | - | - | ٣ | ٣ | ١ | - |
| | ٢.بیرا کەپرا | - | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | - | ٢ | ١ | - |
| | ٣. ناحیەی شێروان | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٤. مزوری باڵا | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی بۆ ناحیەی زێبار | | - | ١ | ١ | - | ٣ | ٤ | ١ | - | ٣ | ٥ | ٢ | - |
| کۆی گشتی (Grand Total) | | | | | | | | | | ٥٢ | ٥٢ | ٨ | ٤٠ |

- * ک. ج واتە کریستیان و جولەکە و کەسانی دی.
- تێبینی: لە ١٠٠ فەرمانبەری غەیرە کورد کە لە خشتەی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە، ٢٥ کەسیان زمانی کوردی بە باشی نازانن.

## لیوای هەولێر

| ژمارە | یەکەی کارگێڕی | فەرمانبەری فەرمی (gazetted officials) | | | | فەرمانبەری نافەرمی (non-gazetted officials) | | | | کوی گشتی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | عەرەب | کورد | تورکمان | ک، چ | عەرەب | کورد | تورکمان | ک، چ | عەرەب | کورد | تورکمان | ک، چ |
| ١ | بارەگای لیوا (Liwa headquarters) | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | بارەگای هەولێر. قەزا | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | ٥ | ٤ | ١ | ٢ | ١٧ | ٣٣ | ١٢ | ١٢ | ٢٢ | ٣٧ | ١٣ | ١٤ |
| | ٢.بارەگای ناحیە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی قۆش تەپە | - | ١ | - | - | - | ١ | ١ | - | - | ٢ | ١ | - |
| | ٤.ناحیەی شەقڵاوە | - | ١ | - | - | - | ٦ | - | ٣ | - | ٧ | - | ٣ |
| | ٥.ناحیەی عەنکاوە | - | - | - | - | - | - | - | ٤ | - | - | - | ٤ |
| | کۆی گشتی بۆ بارەگای قەزا | ٥ | ٦ | ١ | ٢ | ١٧ | ٤٠ | ١٣ | ١٩ | ٢٢ | ٤٦ | ١٤ | ٢١ |
| ٣ | قەزای کۆیە | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | ٣ | - | ١ | ٥ | ١٦ | ٤ | - | ٥ | ١٩ | ٤ | ١ |
| | ٢.بارەگای ناحیە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی تەقتەق | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - |
| | کۆی گشتی بۆ قەزای کۆیە | - | ٤ | - | ١ | ٥ | ١٧ | ٤ | - | ٥ | ٢١ | ٤ | ١ |
| ٤ | قەزای مەخمور | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | ١ | - | - | ١ | ٧ | ٢ | - | ١ | ٨ | ٢ | - |
| | ٢.بارەگای ناحیە | - | ١ | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی گوێر | - | ١ | - | - | ١ | - | ١ | - | ١ | ١ | ١ | - |
| | ٤.ناحیەی کەندیناوە | - | ١ | - | - | ١ | ٢ | ١ | - | - | ٣ | ١ | - |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی بۆ قەزای مەخمور | | - | ٤ | - | - | ٢ | ٩ | ٤ | - | ٢ | ١٣ | ٤ | - |
| ٥ | قەزای رانیە | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | ١ | - | - | ١ | ٦ | ٢ | - | ١ | ٧ | ٢ | - |
| | ٢.بارەگای ناحیە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی چناران | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | ١ | ٢ | - | - |
| | ٤.ناحیەی ناودەشت | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - |
| کۆی گشتی بۆ قەزای رانیە | | - | ٣ | - | - | ١ | ٦ | ٢ | - | ١ | ١١ | ٢ | - |
| ٦ | قەزای ڕواندوز | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | ١ | ٢ | ١ | ١ | ٢ | ١٦ | ١ | - | ٣ | ١٨ | ٢ | ١ |
| | ٢.بارەگای ناحیە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی بالک | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - |
| | ٤.ناحیەی برادۆست | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | ١ | - |
| | ٥.ناحیەی دێرە حەریر | - | ١ | - | ١ | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | ١ |
| کۆی گشتی بۆ قەزای ڕواندوز | | ١ | ٥ | ١ | ٢ | ٢ | ١٩ | ٢ | - | ٣ | ٢٤ | ٣ | ٢ |
| کۆی گشتی (Grand total) لیوای هەولێر | | | | | | | | | | ٣٣ | ١١٥ | ٢٧ | ٢٤ |

تێبینـی: لـە ٨٤ فەرمانبـەری غەیـرە کـورد کـە لـە خشـتەی سـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە، ٢٥ کەسـیان زمانـی کـوردی بـە باشـی نازانـن.

## لیوای کەرکووک

| ژ | یەکەی کارگێڕی | فەرمانبەری فەرمی (gazetted officials) عەرەب کورد تورکمان ک، ج | | | | فەرمانبەری نافەرمی (non-gazetted officials) عەرەب کورد تورکمان ک، ج | | | | کوی گشتی عەرەب کورد تورکمان ک، ج | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بارەگای لیوا | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | بارەگای قەزای کەرکووک "" | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | ٧ | ٦ | ٤ | ٥ | ١٨ | ١٣ | ٤٥ | ٢٨ | ٢٥ | ١٩ | ٤٩ | ٣٣ |
| | ٢.بارەگای ناحیەی کەرکووک | - | ١ | - | - | - | - | ١ | - | - | ١ | ١ | - |
| | ٣.ناحیەی ئاڵتون کوپری | ١ | - | ١ | - | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٤ | ١ | ٢ | ١ |
| | ٤.ناحیەی مەلها"" | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - | ١ | - |
| | ٥.ناحیەی قەرەحەسەن | - | ١ | - | - | - | - | ٣ | - | - | ١ | ٣ | - |
| | ٦. ناحیەی شوان | - | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - |
| | ٧.ناحیەی شوباچە"" (Shubaucha) | ١ | - | - | - | - | - | ١ | - | ١ | - | ١ | - |
| | ٨.ناحیەی تەوق | - | - | ١ | - | ٢ | - | ٢ | - | ٢ | - | ٣ | ١ |
| | کۆی گشتی بۆ قەزای کەرکووک | ١٠ | ٨ | ٧ | ٥ | ٢٣ | ١٤ | ٥٥ | ٢٩ | ٣٣ | ٢٢ | ٦٢ | ٣٥ |
| ٣ | قەزای چەمچەماڵ | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | ١ | - | - | ٢ | ٦ | ٧ | - | ٢ | ٧ | ٧ | - |
| | ٢.بارەگای ناحیەی | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی ئاغجەلەر | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - | - | ٣ | - |
| | کۆی گشتی بۆ قەزای چەمچەماڵ | - | ١ | ١ | - | ٢ | ٦ | ٩ | - | ٢ | ٧ | ١٠ | - |
| ٤ | قەزای گل | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | ٢ | - | - | - | ١ | ٢ | ٤ | - | ٣ | ٢ | ٤ | - |
| | ٢.بارەگای ناحیەی | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی سەنگاو | - | ١ | - | - | - | - | ٢ | - | - | ١ | ٢ | - |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی بۆ قەزای گل | | ٢ | ١ | - | - | ١ | ٢ | ٦ | - | ٣ | ٣ | ٦ | - |
| ٥ | قەزای کفری | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | ٢ | ٣ | ٢ | - | ٢ | ١ | ١٦ | - | ٤ | ٤ | ١٨ | - |
| | ٢.بارەگای ناحیەی | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی قەرەتەپە"" | - | ١ | - | - | ٢ | - | ٣ | - | ٢ | ١ | ٣ | - |
| | ٤.ناحیەی شێروان | - | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - |
| | ٥.ناحیەی تۆز | ٢ | - | - | - | ٢ | ٥ | ٥ | ٢ | ٤ | ٥ | ٥ | ٢ |
| کۆی گشتی بۆ قەزای کفری | | ٤ | ٤ | ٣ | - | ٦ | ٦ | ٢٥ | ٢ | ١٠ | ١٠ | ٢٠ | ٢ |
| کۆی گشتی (Grand total) لیوای کەرکووک | | | | | | | | | | ٤٨ | ٤٢ | ١٠٦ | ٣٦ |

""لـەم ناحیانـەدا سـەرژمێریی نەتەوەیـی (racial statistics) نیشـان دەدات کـە کـوردەکان کەمینـەن.

تێبینـی: لـە ١٩٠ فەرمانبـەری غەیـرە کـورد کـە لـە خشـتەی سـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە، ٣٩ کەسـیان زمانـی کـوردی بـە باشـی نازانـن.

## لیوای سلێمانی

| ژ | یەکەی کارگێڕی | فەرمانبەری فەرمی (gazetted officials) عەرەب | کورد | تورکمان | ک، ج | فەرمانبەری نافەرمی (non-gazetted officials) عەرەب | کورد | تورکمان | ک، ج | کۆی گشتی عەرەب | کورد | تورکمان | ک، ج |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بارەگای لیوا | ١ | ٦ | ٢ | ٥ | ١٠ | ٤٧ | ٤ | ١٥ | ١١ | ٥٣ | ٦ | ٢١ |
| ٢ | بارەگای قەزای سلێمانی | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | - | - | - | ١ | ٥ | - | - | ١ | ٥ | - | - |
| | ٢.بارەگای ناحیە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣.ناحیەی بازیان | - | ١ | - | - | - | ٣ | - | - | - | ٤ | - | - |
| | ٤.ناحیەی قەرەداغ | - | ١ | - | - | ١ | ٣ | - | - | ١ | ٤ | - | - |
| | ٥.ناحیەی سەرچنار | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - | - | ٣ | - | - |
| | ٦.ناحیەی سەرۆچک | - | ١ | - | - | - | ٣ | - | - | - | ٤ | - | - |
| | ٧.سورداشی باکوور"" | - | ١ | - | - | - | ١ | - | ١ | - | ٢ | - | ١ |
| | ٨.سورداشی باشوور"" | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - | - | ٣ | - | - |
| | ٩.ناحیەی تانجەڕۆ | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - | - | ٣ | - | - |
| | کۆی گشتی بۆ بارەگای قەزای سلێمانی | ١ | ١٣ | ٢ | ٥ | ١٢ | ٦٨ | ٤ | ١٦ | ١٣ | ٨١ | ٦ | ٢٢ |
| ٣ | قەزای هەڵەبجە | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | ٣ | ٢ | - | ١ | ١٣ | - | - | ١ | ١٦ | ٢ | - |
| | ٢.بارەگای ناحیە | - | - | - | - | - | ٢ | - | - | - | ٢ | - | - |
| | ٣. ناحیەی خورماڵ | - | ١ | - | - | - | ٤ | - | - | - | ٥ | - | - |
| | ٤. ناحیەی پێنجوێن | - | ١ | - | - | - | ٣ | ١ | ١ | - | ٤ | ١ | ١ |
| | ٥. ناحیەی وارماوا | - | ١ | - | - | - | ٣ | - | - | - | ٤ | - | - |
| | کۆی گشتی بۆ قەزای هەلەبجە | - | ٦ | ٢ | - | ١ | ٢٥ | ١ | ١ | ١ | ٣١ | ٣ | ١ |
| ٤ | قەزای شارباژێر | | | | | | | | | | | | |
| | ١.بارەگای قەزا | - | ١ | ١ | - | - | ٦ | ١ | - | - | ٧ | ٢ | - |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٢.بارەگای ناحیە | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - | - |
| | ٣. ناحیەی ماوەت | - | ١ | - | - | ١ | ١ | - | - | ١ | ٢ | - | - |
| | ٤.پشدەری ١ "" | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - |
| | ٥.پشدەری ٢ "" | - | ١ | - | - | - | ١ | - | - | - | ٢ | - | - |
| کۆی گشتی بۆ قەزای شارباژێر | | - | ٤ | ١ | - | ١ | ٩ | ١ | - | ١ | ١٣ | ٢ | - |
| کۆی گشتی (Grand total) لیوای سلێمانی | | | | | | | | | | ١٥ | ١٢٥ | ٢ | - |

تێبینـی: لـە ٤٨ فەرمانبـەری غەیـرە کـورد کـە لـە خشـتەی سـەرەوە ئامـاژەی پێـدراوە، ١١ کەسـیان زمانـی کـوردی بـە باشـی نازانـن.

لـە هــەر جـۆرە ئامــاژەدان بــەم بابەتــە تکایــە ئامــاژە بکــە بــە نــووسراوی (E 3857/31/933) (ل ٢٧٠)

هەروەهــا ئاڕاســتەکراوە بــۆ- نــاوی هیــچ کەســێک نەهێنرێــت- ""جیگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە"" (Under-Secretary of State). وەزارەتــی دەرەوە، لەنــدەن، S. W. 1

جێگری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی پێشـکەش دەکات بـە: جێگـری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە بــۆ کاروبــاری کۆلۆنیــال، هەروەهــا بــە ڕێنمایــی وەزیــری کاروبـاری دەرەوە، چەنـد کۆپیـەک لـەم نـووسراوەی خـوارەوە دەخاتـەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

٩ی حوزەیرانی ١٩٣١

ئامــاژە بــە نــووسراوی پێشــوو: یاداشــتی نووســینگەی کۆلۆنیالــی دەرەوە بــە ژمــارە (٣١/١/٨٨٠٢٠)، بەشــی دووەم، لــە ڕێکەوتــی ٣٠ی ئایــار.

وەسفی نووسراوەکە

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| بۆ: کۆمەڵەی گەلان، ٨ی حوزەیرانی | داواکاریی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ...

14-5180 (2)

(ل٢٧١)

(Z 2837/3193)

S.W.1

٨ی حوزەیرانی ١٩٣١

سێر،

١. بەئاماژەدان بە یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (E 855/31/73) لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی [١٩٣١]، هەروەها ""ئاماژە بە پەرەگرافی ٣ لە یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (٩٣/٥١/١٦١٥) لە ڕێکەوتی ٢٧ی نیسانی [١٩٣١]، لەلایەن وەزیری [کاروباری دەرەوە] بەرێز هێندرسۆن (Henderson) ڕاسپێردراوم چەند کۆپییەك لە یاداشتنامەی هاوپێچکراو کە تێبینییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لە شانشینی یەکگرتوو و بەریتانیای گەورە و باکووری ئیرلەندا لەسەر حەفت داواکاری کوردەکانی عێراق لە خۆ دەگرێت، بۆتان بنێرم، ئەم داواکارییانە لەلایەن کوردەکانەوە یاخود وەگ ڕاگەیێندراوە بە نوێنەرایەتی کورد خراوتەبەردەم [کۆمەڵەی گەلان].

٢. وەزیری کاروباری دەرەوە خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر بەڕێزت ئەم یاداشتنامەیە بخەیتەبەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب. هەروەها ڕاسپێردراوم داوا لە بەڕێزتان بکەم کۆمسیۆن ئاگادار بکەیتەوە کە کۆمسیاری بالا بۆ عێراق، سەردانەکەی بۆ ناوچە کوردییەکانی عێراق تەواو کردووە؛ بۆیە سەرنجەکانی سێر ف. هامفریس لە سەر ئەم سەردانە، بۆ بەخشینی زانیاری زۆرتر بە کۆمسیۆن، لە دانیشتنی داهاتووی کۆمسیۆندا دەخرێتەڕوو کە لەم مانگەدا گرێدەدەرێت.

گەورەم،

من خزمەتکاری ملکەچی بەڕێزتم...

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان، جنێڤ

یاداشـتنامەی سـەرنجەکانی [حکومەتـی خاوەنشـکۆ] لەسـەر کۆمەڵێـک داواکاریـی کـورد کـە خراوەتەبـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان، هاوپێـچ لەگـەڵ یاداشـتی وەزارەتـی دەرەوە بـە ژمـارە (E 855/31/73) لـە ڕێکەوتـی ٢٠ی شـوباتی (ل ٢٧١-٢٧٧)

بـۆ بەئاسـانی ئامـاژە پێکـردن، داواکارییـەکان بەم شـێوەیەی خـوارەوە و بـە هەمان پیت هێمابەنـدی کـراوە کـە لـە سـەرنجەکانی یاداشـتنامە ڕەسـەنەکەدا ئاماژەیان بـۆ کراوە.

داواکاری هێمابەنـدی کـراوە بـە پیتـی ”A“: کـە لەلایـەن حەمەمیـن ئاغـا خورشـید ئاغـا و لایەنگرانـی، لـە ڕێکەوتـی ٢٤ی ئابـی ١٩٣٠ واژووکـراوە.

یەکـەم واژووکار پـاش ماوەیەکـی کـەم لـە ناردنـی داواکارییەکـە، نووسراوێکـی واژووکـرد و تێیـدا ئامـاژەی بـەوەدا کـە خزمەتکاریـی وەفاداریـی حکومەتـی عێراقـە و بـە تەواوەتـی لـەم حکومەتـە ڕازییـە. هەروەهـا لـە کاتـە جیاوازەکانـدا ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە بـە ویسـتی ئازادانـەی خـۆی ئـەم نـووسراوەی واژوو نکـردووە و ئـەم داواکارییـەی لـە ژێـر گوشـاردا واژوو نەکـردووە. خێڵەکـەی ئـەو تەنیـا ١٪ی کـورد پێکدێنێـت و تەنیـا دەسـەڵاتی بەسـە ١/٥ی خێڵەکـەدا هەیـە. واژووکارانـی دییـش کەسـایەتی گرنـگ نیـن.

ئـەم داواکارە ئـەو قسـانە دووبـارە دەکاتـەوە گوایـە کۆمەڵـەی گـەلان بەڵێنـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کـوردی داوە کـە لـە ژێـر چاودێـری ئینتیدابـی کۆمەڵـەی گەلانـدا بێـت. ئـەم داواکارییـە لە ٦٢یەمیـن دانیشـتنی ئەنجوومەنی کۆمەڵـەی گەلانـدا ڕەتکرایەوە.

هەروەها، تۆمەتی ئەوە دەخاتەڕوو کە گوایە:

**ا** گشـت فەرمانبـەرە حکومییەکانـی عەرەب و تورکمان لە لیوای کەرکووک، بە شـێوەیەکی سـتەمکارانە و دڕندانـە مامەڵـە لەگـەڵ کورد دەکـەن، مامەڵەکـە هـەروەک مامەڵەکردنە لەگـەڵ کەسـێکی بێگانە.

**ب** هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنییەوە، حکومەتـی عێراق بە بەردەوامـی فەرمانبەری غەیرە کـورد لە لیوای کەرکـووک دادەمەزرێنێت.

بارودۆخـی کەرکـووک لـە مـاوەی ڕابـردوودا بـە هـۆی ئـەو دڵنیاییـەی لـە مانگـی

تەمووزی ١٩٢٣ [بە نەتەوەکانی ئەم شارە] دراوە، ئاڵۆزبووە؛ پێویستە فەرمانبەری خۆجێیی لە پۆستە خۆجێییەکاندا دامەزرێنرێن و زمانی خۆجێیی (تورکی) ببێت بە زمانی فەرمی. یاسای نوێی زمانەکان زۆر بە باشی و بە لۆژیکانە پێگەی زمانی دیارکردووە. هیچ بنەمایەک بۆ ئەم قسەیە نییە کە گوایە کوردەکانی لیوای کەرکووک بە ستەمکارانە و دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

داواکاری هێمابەندی کراو بە پیتی "B": لەلایەن عەزمی بەگی بابان و هاوڕێکانییەوە، ئەم داواکارییە لە ڕێکەوتی ٣١ی ئابی ١٩٣٠ و بە زمانی فەرەنسی نووسراوە. واژووکارانی ئەم داواکارییە هەر هەمان کەسن کە داواکارییە ڕەسەنەکەی کوردەکانیان لە ڕێکەوتی ٢٦ی جولای ١٩٣٠، واژوو کردووە کە لە نۆزدەیەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابدا خرایە بەر باس و گفتوگۆ.

تۆمەتە تایبەتەکانی ئەم داواکارییە بریتین لە:

ا یەکسەر لە دوای بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتنامە نوێیەکە [لە نێوان عێراق و بەریتانیا، کورد] بە تێکڕایی نارەزایەتیان دژی ئەم ڕێککەوتنە دەربڕی، ئەو نارەزایەتییە بە دەرکردنی فەرمانبەرە کوردەکان لە لیواکەدا (ئاماژە بە لیواکە نەکراوە) وەڵامدرایەوە، بە شێوەیەک دەبا گشت فەرمانبەرەکان کورد بن، بەڵام فەرمانبەری عەرەب لە جێگەیان دامەزرا.

ئەم تۆمەتە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە. ڕێکاری زۆر ورد گیراونەتەبەر کە نیشان دەدات کۆی گشتی فەرمانبەرانی کورد لە لیواکانی هەولێر، کەرکووک ، سلێمانی و قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ لە نیسانی ١٩٣٠دا (ڕێککەوتنامە نوێیەکە لە حوزەیرانی ١٩٣٠ واژووکرا و بڵاوکرایەوە)، ٣٢٤ فەرمانبەر بوونە، هەروەها لە دێسمەبەری ١٩٣٠ ژمارەی فەرمانبەرانی کورد ڕێک هەمان ژمارەی سەرەوە بووە. لەم ماوەیەدا کۆی گشتی فەرمانبەرە عەرەبەکان لە ١٦٥ فەرمانبەر بۆ ١٥٤ فەرمانبەر کەم بووەتەوە.

**ب** هەروەها گوایە سەرۆک وەزیران بە وەکالەت و کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت و حکومەتەکانی بەریتانیا و عێراق لەبارەی ڕەتکردنەوەی گشت داواکارییەکانی کورد ڕێککەوتوون بەو بیانووەی جێبەجێکردنیان لە ئەرزی واقیعدا ئەستەمە.

ئەمەش تا ئەو ئاستە ڕاستە کە ڕاگەیێندراوی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ کارێکی ئەستەمە، بەڵام لە دەقی لێداونەکانی[(١)*] کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت کە لەمبارەوە داویەتی دەبینین ئیمتیازاتێکی بەرچاو بە داواکانی کورد دراوە.

داواکارییەکە باسی ئەوە دەکات ژمارەی کوردەکان لە عێراقدا لە ژمارەی عەرەبەکان زۆرترە، کەچی ئەمە هەر بابەت نییە، هەروەها داواکارییەکە بە ئارگیۆمێنتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ کۆتایی هاتووە، ئەم ئارگیۆمێنتەش هاوشێوەی هەمان داواکارییە کە تێڕوانینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لەبارەی داواکارییە ڕەسەنەکەی کورد لە ٢٦ی تەمووزی ١٩٣٠دا، تیشکی خستووەتەسەر.

**داواکاری هێمابەندی کراو بە پیتی "D":** لەلایەن عەلی کوڕی حەسەن و هاوڕێکانییەوە لە ڕێککەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠دا، واژووکراوە.

سەختە ڕاستی و دروستی ئەو واژووانە بسەلمێنرێت، چونکە دەگوترێت ئەو کەسانە هاووڵاتی ئێرانن، بەڵام بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان، چەندین گوند کە ئاماژەیان بۆ کراوە، چۆڵکراون یاخود پێشتریش چۆڵ بوون، بەڵام گوندەکانیتر لە سنوری [نێوان عێراق و ئێران] دوورن.

داواکارییەکە باس لەوە دەکات، گوایە ئەو هاووڵاتییە ئێرانییانە، خوازیارن لە ژێر سێبەری حکومەتی بەریتانیا لە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆدا بژین کە شێخ مەحمود فەرمانڕەوایی بکات. ئەم داواکارییەش پێویست بەوە ناکات هیچ سەرنجێکی لەسەر بدرێت.

**داواکاری هێمابەندی کراو بە پیتی "E":** لەلایەن جەعفەر سوڵتان و هاوڕێکانییەوە لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، واژوو کراوە.

بەهای ئەم داواکارییە و داواکارییەکەی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ کە لەلایەن جەعفەر سوڵتانەوە واژووکراوە، دەکرێت لە ڕێگەی ئەم نووسراوەی خوارەوە

(١)* بڕوانە لاپەڕەی ١٩١ لە یاداشتی نۆزدەیەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب (ژمارەی فەرمی No. C.643.M.262/1930 V1)

هەڵســەنگاندنیان بــۆ بکرێــت کــە لەلایــەن جەعفــەر ســوڵتانەوە نــووسراوە، پرســیاری ئــەوەی لێکــرا کــە ئایــا ئــەم واژووە، واژووکــەی خۆیەتــی یــان نــا:-

""مــن نامەکــەی بەڕێزتــان لەگــەڵ ســوپاس یاداشــتێکم بەدەســت گەیشــت کــە زۆر بــە وردی خوێندمــەوە.

""لەبــارەی ئــەو مەزبەتەیــەی (methbeta) دەگۆترێــت لەلایــەن براکــەم، کوڕەکــەم و خــۆم واژووکــراوە، تەنیــا دەتوانــم ئــەوە بڵێــم هیــچ زانیارییەکــم لــەو بارەیــەوە نییــە و نــە مــن و نــە لایەنگرانــی مــن واژوویــان نەکــردووە. هەروەهــا نازانــم کــێ ئــەم واژووەی ســاختە کــردووە. بانگەشــەکانی نــاو مەزبەتەکــە لەگــەڵ بۆچــوون و خزمەتکارییەکانــی مــن یــەک ناگرنــەوە. زیــاد لەمــەش، خــودی خــۆم بــە ئێــوەم گووتــوە و نووســیومەش کــە مــن کــوردم، بــەڵام خوازیــارم "کوردایەتــی" (KURDIYET) و [دامەزراندنــی یەکەیەکــی] کارگێڕیــی نەتەوەیــی کــورد، تەنیــا ئــەو کاتــە بێــت کــە لەلایــەن حکومەتــی بەریتانیــاوە ڕەزامەنــدی لەســەر بدرێــت و بــە گونجــاو بزانرێــت. پێشــوازی لــە پشــتگیریی حکومەتــی بەریتانیــا دەکــەم [بــۆ دامەزراندنــی دەوڵەتــی کــورد] ئەگــەر ئەمــە لەلایــەن بەریتانیــاوە پەســەند بێــت. مەبەســتم نییــە ئــەو جــۆرە کارانــە ئەنجــام بــدەم، کــە لەوانەیــە بــە دڵــی ئەفســەرە سیاســییە بەڕێــزەکان نەبێــت؛ هەروەهــا تــا ئەوکاتــەی مــن زینــدووم، خزمەتــی ""حکومەتــی سیاســی"" دەکــەم و ملکەچــی خــۆم بــۆ فەرمانەکانــی دەســەڵمێنم.

""دەمەوێــت تیشــک بخەمەســەر ئــەوەی مــن ئــەو کەســە نیــم دواییــن بڕیــاری بەدەســت بێــت. هــەر کاتێــک بــە ڕەزامەنــدی حکومەتــی بەریتانیــا دان بــە مافــی کــورد نــرا و بــۆ ئــەم حکومەتــە کەســێک هەڵبژێــردرا و دامەزرێــنرا، ئــەوکات هیــچ شــتێک ناکــەم تەنیــا ملکــەچ بــوون نەبێــت بــۆ ئــەو کەســە. جیــا لەمــە، بەربژێــری کەســێک بــۆ فەرمانڕەوایــی کردنــی کوردســتان لــە دەســەڵاتی هیــچ کەســێکدا نییــە"".

**داواکاری هێمابەنــدی کــراو بــە پیتــی "F":** لەلایــەن شــێخ مەحمــود و هاوڕێکانــی لــە ڕێکەوتــی ٩ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٣٠، واژووکــراوە.

وەسـفی ٣٠ کـەس لـە واژووکارانـی ئـەم داواکارییـە، جیـا لـە شـێخ مەحمـود، بـە شـێوەی خوارەوەیـە:-

پـتر لـە نیـوەی لیسـتەکە نـاوی سـاختەن، یاخـود نـاوی منـداڵ و گەنجانـن. یەکێـک لـە واژووکـەرەکان نزیکـەی بیسـت سـاڵە مـردووە. ئەوانیـتر ئاغـای گونـدن و بـە چاوپۆشـین لـە دوو یـان سـێ نـاو، ئەوانیـتر کەسـانی گرنـگ نیـن.

ئـەم زانیارییانـە لەلایـەن کوردێـک دراون کـە شـارەزای خێڵـی پشـدەرە و نازانرێـت بـە چ مەبەسـتێک داوای ئـەم زانیارییانـەی لێکـراوە.

تۆمەتە تایبەتەکانی ناو ئەم داواکارییە بریتین لە:

ا عەربەکان خەڵکیان لە سلێمانی بە چەکی ئۆتۆماتیک، کۆمەڵکوژ کردووە.

ب (ب) زۆرێـک لـە ڕۆشـنبیرە کوردەکان، بـێ ئەنجامدانی هیـچ پێشـێلکارییەک، بەندکراون و زۆرێـک لـە کەسـایەتییە نـاودارەکان خراونەتـە بەندیخانـە و نەفی کراون.

ج سـکی منداڵـی هەفـت سـاڵە بـە سـەرە نێـزە کـون کونکـراوە، سـەرەڕای بریندارکردنـی مندالانیتر.

ئەمانەی خوارەوە بێنە بەرچاوی خۆت:

ا ئـەو هەسـتەی بە ئەنقەسـت لـەم وشـانەدا خراوتـەڕوو مەبەسـتی بریتییە لـەوەی گوایە بـێ جیـاوازی و لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی چەکـی ئۆتۆماتیکـی، لـە یاخیبوونەکـەی ٦ی ئەیلوولـدا تەقـە لـە خەڵـک کـراوە. ئـەم بانگەشـەیەش بە گوێـرەی خسـتنەڕووی ژمارەی بەرکەوتووانـی ڕووداوەکـەی سـلێمانی، کـە پیشـتر ئامـاژەی پێـدرا، لـە ڕاسـتییەوە دوورە.

ب وردەکاری تەواو [لەسەر ئەم ڕووداوە] پێشتر خراوەتەڕوو.

ج هیچ بەڵگەیەک نییە ئەم بانگەشەیە بسەلمێنێت.

نهێنی H. C. F. 54 ( ل٢٧٨)

ئاماژە بە نووسراوی پێشوو

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت

نهێنی، لە ڕێکەوتی ٥ی حوزەیرانی ١٩٣١

شوێنی مانەوە

بەغدا، ١٢ی حوزەیرانی ١٩٣١

گەورەم،

بۆ زانیاریتان شەرەفمەندم کۆپیەک لە:

١. ڕاپۆرتێک لەسەر بابەتی سیاسەتی [حکومەتی عێراق بەرانبەر] کورد و بابەتی یاسای زمانە خۆجێییەکان بخەمەڕوو.

٢. کۆپیەک لەم ڕاپۆرتە لە ڕێگەی پۆستەی هەواییەوە بۆ سێر فرانسیس هامفرێس لە جنێڤ، نێردراوە.

گەورەم، شەرەفمەندم بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

His Majesty"s

Principal Secretary of State For the Colonies

| ڕێکەوت | وەسف |
|---|---|
| ١١ی حوزەیرانی ١٩٣١ | یاداشتی ژمارە (P.O.113) بۆ کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت، بەغدا |

شوێنی مانەوە (ل ٢٧٩-٢٨٠)

بەغدا ١١ی حوزەیرانی ١٩٣١

ژمارە (P.O.113)

بەڕێز ڕۆستەم حەیدەر

داوا لە بەڕێزت دەکەم ئاماژە بە نامەکەی خاوەنشکۆ نوری پاشا بە ژمارە ٢٢٥١ لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئایاری ١٩٣١ بکەیت، کە بۆ مێجەر یۆنگ ناردوویەتی. من دەرفەتی ئەوەم نەبووە کە لەگەڵ خاوەنشکۆ نوری پاشا، لەبارەی نامەکەی پێش چوونی بۆ ئەوروپا قسە بکەم؛ بە تایبەتیش لەبارەی پەرەگرافی سێیەمی نامەکەی کە پەیوەست بوو بە ستافی تەکنیکی لە کەرتی خزمەتگوازریی گشتی لە ناوچە کوردییەکانی عێراق.

لەمبارەوە بەڕێزی دڵنیای کردمەوە کە حکومەتی عێراق لە بەندی ٥ی یاسای زمانە خۆجێییەکان دەستەواژەی ""خزمەتگوزارییە تەکنیکییەکان""ی ڕوون کردووەتەوە؛ مەبەست لێی ستافی تەکنیکی ڕاستەقینەیە کە لە وەزارەتەکان دادەمەزرێن؛ بۆ نموونە، پزیشک، کارەباچی و ئەندازیار. ئاماژەی بەوە کرد کە ستافی ئاسایی لەو بەشانەی بە وەزارەتی تەکنیکی هەژمار دەکرێن لە خەڵکی خۆجێی دەبن، یاخود ئەگەر ئەم کارە مومکین نەبوو، تەنیا ئەو فەرمانبەرانە لە ناوچە کوردییەکان دادەمەزرێن کە بتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن.

داوام لە بەڕێزیان کرد، ئایا حکومەتی عێراق دەتوانێت لێکدانەوەکەی بۆ دەستەواژەی ""خزمەتگوزارییە تەکنیکییەکان"" بە نووسین بخاتەڕوو، بەڕێزی ئاماژەی بەوە کرد، ئەم کارە دەکات، چونکە خاوەنشکۆ نوری پاشا حاڵیحازر لە وڵاتدا نییە، داوا لە بەڕێزت دەکەم، ئایا دەتوانی لەبری حکومەتی عێراق ئەو دڵنیاییەی لەمبارەوە لەلایەن بەڕێزیەوە بە من دراوە، پشتڕاست بکەیتەوە.

پابەندیی [نوری پاش]م لە دواین پەرەگرافی بەڕێزیدا، تێبینی کردووە و هیوادارم لەلایەن بەڕێزتەوە لە زووترین کاتدا وەسفێک لەو ڕێکارانە بە دەستم بگات کە حکومەتی عێراق بەنیازە لەبارەی ئەو فەرمانبەرانەی حاڵیحازر لە لیوا کوردییەکان کار دەکەن و ناتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن، بگرێتەبەر.

خزمەتکارتان...

واژوو: E. R. Ludlow-Hewitt

ڕۆستەم بەگ حەیدەر، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە وەکالەت، بەغدا.

٣١ی حوزەیرانی ١٩٣١ (ل ٢٨١)

بەڕێز هاڵ (Hall)

کۆپیەک لە نووسراوێک کە لە عێراق هاتووە، هاوپێچ دەکەم لەگەڵ کۆپی لە دوو یەکەم پاشکۆکانی تایبەت بە تێڕوانینەکانی [حکومەتی بەریتانیا] لەسەر داواکارییەکەی تۆفیق وەهبیتان بۆ دەنێرم، هیوادارم ئەم یاداشتە پێش ناردنی پۆستی ڕاستەخۆ لە بەغداوە بۆ جنێڤ، بە دەستت بگات.

ئێستا ئێمە، ئێرەمان بەجێهێشت و تەنیا کۆپیەک لە خشتەکانی سەرژمێری [لەسەر ناوچە کوردییەکان]مان پێیە، بۆیە زۆر باش دەبێت، ئەگەر بەڕێزت کۆپیەکمان بۆ بگەڕێنیتەوە تا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بنێرم.

جێمز (James) منی ئاگادار کردەوە ئەو یاداشتەی بۆ هیلتۆن یۆنگ (Hilton Young) کە لەبارەی هۆگ (Hogg) بوو، گەیشتووەتە شوێنی خۆی. لۆدلۆ-هێویت (Ludlow-Hewitt) ئاگاداری کردووینەتەوە، واتە ئەو کەسەی ڕێگری لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کرد، گوایە ئەمریکییەک بە ناوی مۆنرۆ (Munroe) بانگێشتکراوە لەبارەی پەروەردە ڕاوێژ بە حکومەتی عێراق بدات.

من کاتێکی خۆشم لە پشووی هەفتانە لە کەمبریج بەسەر برد و ئەمڕۆ بەیانی گەڕاومەتەوە.

خزمەتکارتان

Pedler

پۆستەی ئاسمانی (ل ٢٨٢-٢٨٣)

زۆر زۆر نهێنی A

شوێنی مانەوە

بەغدا، ١٢ی حوزەیرانی ١٩٣١

بەڕێزم،

١. شـــەرەفمەندم ئامـــاژە بـــە تەلەگرامـــی بەڕێـــزت بـــە ژمـــارە ٢٠٣ی ڕێکەوتـــی ١٠ی حوزەیرانـــی ١٩٣١ بـــدەم کـــە تایبەتـــە بـــە پاشـــکۆکانی یاداشـــتنامەی تێڕوانینەکانـــی [حکومەتـــی خاوەنشـــکۆ] لەبـــارەی داواکـــەی تۆفیـــق وەهبـــی کـــە هاوپێـــچ لەگـــەڵ نـــووسراوە زۆر زۆر نهێنیەکەمـــدا لـــە ڕێکەوتـــی ٥ی حوزەیرانـــی بـــۆ بەڕێـــزت نێـــردراوە.

٢. وەک ئاگادارم، دەزانم سێ هاوپێچ هەبووە:

١. وردەکاریی قوتابخانەکانی ناوچە کوردییەکانی عێراق.

٢. خشتەیەک کە بڕی تەرخانکراو بۆ پەروەردە لە هەر لیوایەک دەخاتەڕوو.

٣. ئامارێـــک لەبـــارەی نەتـــەوە و شـــارەزایی زمـــان-ی ئـــەو فەرمانبەرانـــەی لـــە ناوچـــە کوردییەکانـــی عێراقـــدا کار دەکـــەن.

٣.بەداخـــەوە کۆپیەکانـــی پاشـــکۆی (١) و (٢) بـــە هـــۆی پێداچوونـــەوە و گوشـــارێکی زۆری کارکـــردن، بۆئـــەوەی [پاشـــکۆکان] پێـــش گەشـــتەکەی ســـێر فرانســـیس هامفرێـــس ئامادەبێـــت، هاوپێچـــی ڕەشنووســـی تێڕوانینەکانـــی داواکارییەکـــە، نەکـــراوە. مێجـــەر یۆنـــگ، پاشـــکۆی ســـێیەمی لەگـــەڵ کۆمەڵێـــک ڕاپۆرتیـــتردا، لەگـــەڵ خـــۆی بـــۆ جنێـــڤ بـــرد.

The Right Honourable

Lord Passfield, P. C.

Secretary of State for the Colonies

Downing Street, London, S. W.1

ئامار:

٤. مـن دوو کۆپـی لـە ئامـاری کەرتـی پـەروەردە (education) هاوپێـچ دەکـەم. هەروەهـا، چەنـد کۆپیەکیـتر بـۆ مێجـەر یۆنـگ لـە جنێـڤ دەنێـرم و هیـوادارم ئـەو کۆپییانـە پێـش دەسـتپێکردنی دانیشـتنی ئێسـتای کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب بەدەسـتی بـگات تـا بتوانێـت سـوودیان لێوەرگرێـت.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا،

شەرەفمەندم بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

واژوو:

E. R. Ludlow-Hewitt

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت بۆ عێراق

نهێنی ( ل ٢٨٤)

شوێنی مانەوە

بەغدا ١٩ی حوزەیرانی ١٩٣١

بەڕێز..

شەرەفمەندم داواکارییەک لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئاداری ١٩٣١، کە لەلایەن ژمارەیەک کورد واژوو کراوە بخەمە بەردەم کۆمەڵەی گەلان؛ هەروەها هاوپێچ لەگەڵ [کۆپیەک] لە وەرگێڕانی ئەم داواکارییە بۆ سەر زمانی کورد؛ هاوپێچ لەگەڵ ڕەشنووسی "تێڕوانینەکانی" [حکومەتی خاوەنشکۆ لەبارەی ئەم داواکارییە] تا بە شێوەیەکی گونجاو بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. ئەم داواکارییە لە ڕێکەوتی ٢١ی نیسانی ١٩٣١، پێشکەش بە سکرتاریەتی کۆمسیۆنی باڵا [لە عێراق] کراوە.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا،

شەرەفمەندم کە بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

واژوو:

E. R. Ludlow-Hewitt

کۆمسیاری باڵا بە وەکالەت بۆ عێراق

The Right Honourable Lord Passfield, P. C.

Secretary of State for the Colonies Downing Street, London, S. W.1

٢٨ی ئاداری ١٩٣١ (٢٨٥-٢٨٩)

سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان

جنێڤ

لە ڕێگەی

بەڕێز کۆمسیاری باڵا لە عێراق

لە ساڵی ١٩٢٥ کۆمەڵەی گەلان، لە بڕیارێکدا، کوردستانی بە [وڵاتی] عەرەبەکان لکاند بەو مەرجانەی خوارەوە، تا بەم جۆرەش عێراق بتوانێت بچێتە ناو کۆمەڵەی گەلان:-

١. پێویستە [یەکەیەکی] کارگێڕیی لە کوردستاندا دابمەزرێت و شوناسی کورد (Kurdish nationality) پارێزراوبێت.

٢. لە کاتی سەربەخۆیی عێراق و بوون بەئەندامی کۆمەڵەی گەلان، دەبێ [یەکەیەکی] کارگێڕیی تایبەت بۆ کورد بە گوێرەی خواستیان دابمەزرێت.

حکومەتی عێراق هیچ یەک لەم مەرجانەی جێبەجێ نەکردووە؛ کەچی هەموو کارێکی بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد ئەنجامداوە. کورد و نوێنەرەکانیان، بە تاکەکەسی یاخود بە دەستەجەمعی، بە نووسراو و بە گوتراو، بە بەردەوامی ناڕەزایەتییان دەربڕییەوە، بەڵام ئەو ناڕەزایەتییانە بێ وەڵام ماونەتەوە. حکومەتی بەریتانیا ئەرکی چاودێریکردنی خۆی بە جێ نەگەیاندووە و لە ئەنجامدا عەرەبەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داواکارییەکانی نەتەوەی [کورد] ڕەشەکوژییەکی گشتیان لە سلێمانی ئەنجامدا.

تا ئێستاش دەسەڵاتی ئینتیداب بێ دەنگی هەڵبژاردووە و نەتەوەی کورد ناچار بووە بە دەستەجەمعی ڕاپەڕێت و پەنا بۆ سەرکردەی گەورە شێخ مەحمود ببات کە لە ژێر چاودێری ئەودا کۆمیتەیەک لەلایەن گشت سەرۆک خێڵەکانەوە هەڵبژێردرا تا بە پێی دەستوری کاتی [عێراق] ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی و پێناسەکردنی مافەکانی گەلی کورد ئەنجام بدات. کوردەکان ئەم کۆمیتەیە بە نوێنەری فەرمی خۆیان هەژمار دەکەن.

جارێکیتر ئێمە داوای جێبەجێکردنی سێیەمین بڕیاری کۆمەڵەی گەلان دەکەین، تا دەرچوونی دوایین بڕیار داوا دەکەین ئەم کۆمیتە نەتەوەییە بە نوێنەری فەرمی نەتەوەی کورد هەژمار بکرێت. ئەم کۆمیتەیە کۆمیتەیەکی یاخیبوو نییە، بەڵکو کۆمیتەیەکە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی کورد. ئەم کۆمیتەیە مافی هیچ نەتەویەکیتری پێشێل نەکردووە، هەروەها بەنیاز نییە ئەم کارەش بکات، بەڵکو تەنیا داوای دانپێدانان بە مافەکانی گەلی کورد دەکات.

بۆ داگیرکردنی کوردستان، عەرەبەکان بە پێچەوانەی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان، گوندەکانی کوردیان داگیرکردووە و بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا، دەستیان بە کوشتاری کورد کردووە. بەرانبەر ئەم ستەمکارییەدا، تاکەی دەسەڵاتی ئینتیداب بێ دەنگ دەمێنێتەوە. ئێمە داوا دەکەین حکومەتی بەریتانیا بە دادپەروەرانە کۆتایی بەم سەرکوتکارییە بهێنێت.

لەگەڵ ڕێزدا،

ئێمە شەڕەفمەندین خزمەتکاری بەڕێزتان بین.

عەبدولرەحمان ئاغا، پشدەری.

حەسەنی عەبدول ئاغا، پشدەری.

سامینی (Samin-i) شاوەیس کەماڵەی، جاف.

حەمە حەسەن، تەرخانی جاف.

ڕۆستەمی حەمەی مەحمود، ڕۆژزادەی (Roghzadi) جاف.

عەبدولکەریم، جاف بەگزادە.

ئەحمەد، کوێخای بنگرد.

حەمە ئاغای گەلاڵی، جاف.

قادر ئاغای مستەفا ئاغا. پشدەری.

عەبدوڵا عەلی، کوێخای شیلانە.

پیرۆت، کوێخای بنگرد.

کامیل، ئەفسەری هەڵاتوو (deserter officer).

محەمەد تاڵب، شێخ ئیسماعیلی.

محەمەد ڕەشید، وانە (Waina).

محەمەد عەبدول حوسێن، بەرکێو.

حەسەن، کۆێخای جووت بڵاغ.

حەمە ئەمین، کۆێخای جافایەتی.

فەرهان، سەرۆک خێڵی چوچانی.

ئەفراسیاب، برازای جەعفەر سوڵتان.

مستەفا، کوڕی جەعفەر سوڵتان.

کاکە عەبدوڵا، هەمەوەند.

عەزیز، شێخی خێڵی بیزانی (Bizaini).

محەمەد ڕەشید، نوریک (سیوەیلی).

سەعید (Seyid) حەمزە، قەرە حەسەن.

ڕەشید، برادۆست.

فەتاح، برادۆست.

حەمدی، بارزانی.

میرانی ڕەشید، پشت گەلی.

عەبدولکەریم، عەبابەیلە.

ڕۆستەمی قادر، کوێخای دوکان.

بابا رەسوڵ، زەردەلیکاو.

شێخ ساڵح، پیسەکان (Pisakan).

عەبدولغەفور، چرچە قەڵا.

سەید (Said) ئاغا، جەعفەران.

نەجیم، سێوسێنان (Sewisenan).

محەمەد ئەمین، بانە.

محەمەد ساڵح، بانە.

دکتۆر؟

عەبدولخانی ؟، کەسایەتی سلێمانی.

شێخ فەرەج، داربەڕوو.

شێخ عیسا، درۆزینە (Dirozinah).

عەبدولقادر، سەگوماتان (Segumatan).

مەحمود ئاغا، ڕەبەت.

عوبەید ئاغا، ڕەبەت.

شێخ عەبدولغەفور، چرچەقەڵا.

ئەحمەدی ڕەحیم، مێسویی (Mesoyi).

ئەحمەدی حەمەی ئەحمەد. مێسوی.

حاجی محەمەد حەسەن، موختاری دێرەدەوار.

حەسەنی ئەحمەد، کوێخای کانی بەکتاش.

شێخ عەزیز، کۆێخای شێوەباز.

حەمە خورشیدی کاکل، موختاری ژاڵە.

حەمە ساڵی ئەمین، موختاری کچان.

عەبدوڵای خانزان، موختاری تیمار.

عەبدوڵرەحــمان، موختــاری هەمــرەز. (پیتــی یەکەمــی نــاوی شــوێنەکە بــە جوانــی ناخوێندرێتــەوە. وەرگێــڕ].

حەمەی فەرەج، موختاری مێسوی مەلاخالید.

محەمەدی مەحمود، تیرەی شاتری لە خێڵی جاف.

فەرەجی حەمەی ڕەسوڵ، -هەمان زانیاری.

حەمە فەرەجی ئاغا، -هەمان زانیاری

مستەفا کوڕی عەبدولقادر.

شێخ عەبدولقادر.

محەمەد، خادەمولعولەما.

مەحمودی مارف، تیرەی شاتری لە خێڵی جاف.

مەحمودی ئەمین، تیرەی شاتری لە خێڵی جاف.

ڕۆستەمی ئەحمەدی پەروێز، تیرەی تەرخانی لە خێڵی جاف.

حەمەی شاسوار، -هەمان زانیاری

نوری، خانی حەمزە.

خێڵی داودە.

حەمە خورشید، بنەتیرەی (sub-section) عەلی بەگ، میلایلی، جاف.

حەمەخانی سلێمان، بنەتیرەی ڕەشۆبۆری، میکایلی.

فەتاحی کامەران، تیرەی رۆژزادە، جاف.

عوسمانی ئەمین، -هەمان زانیاری.

قادری وەیسی، -هەمان زانیاری.

محەمەدی عەلی، -هەمان زانیاری.

ڕەشیدی باوەجان، -هەمان زانیاری.

قادری حاجی سلێمان، تیرەی عەمەلە، جاف.

کەریم قوباد، پشدەری-گەڵاڵە، جاف.

خەلیفە حەسەن، تیرەی بشاکی (Bshaki)، جاف.

ئەحمەد بەگ، تیلاکۆ، جاف.

ڕەمەزانی باغشا، شوانکارە، جاف.

حەمەی فەتاح، عەلی وەیسی، میکایلی، جاف.

حەمە عەلی مارف، نەوڕۆڵی، جاف.

عەبدوڵای حەمەی خواکەرەم، نەوڕۆڵی، جاف.

محەمەدی سوڵتان ئەحمەد بەگ. یەزدان بەخشی.

عەبدولمحەمەد، سادانی، جاف.

حەمە عەلی مورادخان، بۆداخی.

سەعید (Seyid) محەمەد، تاوگۆزی.

سەعید مەحمود، -هەمان زانیاری.

حەمەخانی سلێمان، نەوڕۆڵی، جاف.

ئەمینی عەزیز، -هەمان زانیاری-.

عەلی عەزیز، -هەمان زانیاری.

یاداشــتی ســەرنجەکانی حکومەتــی خاوەنشــکۆ لــە شانشــینی یەکگرتــووی بەریتانیــای گــەورە و باکــووری ئیرلەنــدا، لەســەر داواکاری بەرزکــراوە بــۆ بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان لــە ڕێکەوتــی ٢٨ی ئــاداری ١٩٣١، گوایــە لــە لایــەن کۆمەڵــە کوردێــك نــووسراوە. (ل٢٩٠-٢٩١).

ســەرەتا پێویســتە تیشــک بخرێتــە ســەر واژووکارانــی [ئــەم داواکارییــە]. بــە گشــتی ٨٧ واژوو لەبــارەی داواکارییەکــە هەیــە. زۆرێــک لە نــاوەکان ناتوانرێــت بخوێندرێنــەوە، وادیارە زۆربــەی هــەرە زۆری [ناوەکانیــش] لــە لایەن یەک کەســەوە نووسراون. وەهــا دەردەکەوێت زۆربــەی هــەر زۆری واژووەکان واژووی ئــەو کەســانە نییــە کــە ناوەکانیــان نــووسراوە.

بێگومــان شــێخ مەحمــود هەوڵــی وروژاندنــی داواکارییەکــەی داوە، کــە لــە کاتــی خۆیدا لــە دژی حکومەتــی عێــراق بــە ئاشــکرا یاخیبــوو. یەکێــک لــەو واژووانــە واژووی ”کەمــال“ە و واژوویەکــی ڕاســتەقینەیە. ئــەو ئەفســەرێکی حکومەتــی عێراقــە لەکاتی ئۆپەراســیۆنەکەی [حکومەتــی عێــراق لــە دژی شــێخ مەحمــود، لــە ســوپا هەڵاتــوو چــووە پــاڵ هێزەکانــی شــێخ مەحمــود. هەڵبــەت، ئــەو مافــی ئــەوەی نییــە بــە نــاوی ئەفســەرە کوردەکانیــترەوە قســە بــکات کــە بەوەفــاداری [حکومەتــی عێــراق] ماونەتــەوە.

زۆربــەی هــەرە زۆری کەســانی دی کــە ناویانهاتــووە ســەرۆکی گوندێکــی بچوکــن، یاخود ســەرۆکی تیرەیەکــی بچووکــی خێڵی جافن؛ ئەمەو کۆمەڵێک کەســیتر کەســانی بەرجەســتەی کۆمەڵــگای خۆجێیــن و بــە لایەنەگــری کەســیی شــێخ مەحمود هەژمــار دەکرێن.

ئێستا با تیشک بخەینە سەر خودی داواکارییەکە.

١. پێویســت نــاکات حکومەتــی خاوەنشــکۆ بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان ڕادەی ئــەو بــە بانگەشــە هەڵانــە لەبــارەی بڕیارەکــەی کۆمەڵــەی گــەلان بخاتــەڕوو، کــە داواکارییەکــە بــەم بانگەشــە هەڵــەوە دەســت پێــدەکات.

٢. ئەمــە لــە ڕاســتییەوە دوورە حکومەتــی خاوەنشــکۆ لــە عێــراق دا ڕەچــاوەی بەرژەوەندییەکانــی کــوردی نەکــردووە ؛ کۆمســیۆنی ئینتیــداب زۆر بــە باشــی ئــاگاداری ئــەم بابەتەیــە؛ ئەویــش لــە ڕێگــەی ئــەو ڕاپۆرتانــەی لەمبــارەوە حکومەتــی خاوەنشــکۆ پێشکەشــی کۆمەڵــەی گەلانــی کــردووە کــە تــا چ ڕادەیەکــی بــاش لەلایــەن نوێنەرەکانــی

حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە عێـراق بەرژەوەنـدی کـورد لەبەرچـاو گیـراوە.

٣. لەوانەیـە مەبەسـت لـە تۆمەتـی ئەنجامدانـی ڕەشـەکوژیی لـە سـلێمانی، ئامـاژە بێـت بـە پشـێوییەکانی کاتـی هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی ١٩٣٠. [لـە داواکاریـی پێشـوی کـورد تیشـک خراوەتەسـەر ئـەم پرسـە]، بۆیـە لەبـارەی ئـەو ڕووداوە زانیـاری تێروتەسـەل خراوەتـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان کـە بـە هەمـان داواکاریـی پێشـووی کـورد پەیوەسـت بـوو.

٤. ""کۆمیتـەی هەڵبژێـردراو لەلایـەن سـەرۆک خێڵەکانـەوە بـۆ ڕاپەڕاندنـی کاروبـاری کارگێڕیـی بەپێـی دەسـتوری کاتی""داواکارییەکـە ئامـاژەی پێـدەدات، لەوانەیـە ئـەم کۆمیتەیـە لەلایـەن کەسـانێکەوە پێکهاتبێـت کـە چەنـد کەسـێك بـن زوو لەبەریـەك هەڵدەوەشـێنەوە، یاخـود لەلایـەن سـەرکردەکانی یاخیبووەکانـەوە لـە ژێـر فەرماندەیـی شـێخ مەحمـود پێکهێنرابێـت.

لـە ١٣ی ئایـاری ١٩٣١، شـێخ مەحمـود ڕادەسـتی حکومەتـی عێـراق کـرا؛ لـەم کاتـەوە زۆربـەی لایەنگرانـی جیـا لـە یـەک یـان دوو کـەس نەبێـت، ملکەچـی خۆیـان [بـۆ حکومەتـی عێـراق] ڕاگەیانـدووە و لەلایـەن حکومەتـی عێراقیشـەوە بـە مەرجگەلـی زۆر جوامێرانـە لێیانبـوراوە.

پێویسـت بـە خسـتنەڕووی تێبینـی زیاتـر لەسـەر ئـەم داواکارییـە نـاکات و حکومەتـی خاوەنشـکۆ داوا لـە کۆمەڵـەی گـەلان دەکات ئـەم داواکارییـە شـایانی ئـەوە نییـە بەجیـددی ڕەچـاو بکرێـت.

لـە هـەر جـۆرە ئاماژەدانێـك بـەم بابەتـە، تکایـە ئامـاژە بکـە بـە نـووسراوی ژمـارە (E 2837/31/93)

هەروەهــا ئاڕاســتەکراوە بــۆ- نــاوی هیــچ کەســێک نەهێنرێــت- ""جێگــری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە"" (Under-Secretary of State). وەزارەتــی دەرەوە، لەنــدەن، S. W. 1

جێگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی پێشـکەش دەکات بـە: جێگـری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە بــۆ کاروبــاری کۆلۆنیــال، هەروەهــا بــە ڕێنمایــی وەزیــری کاروبـاری دەرەوە، چەنـد کۆپیـەک لـەم نـووسراوەی خـوارەوە دەخاتـەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

١٠ی حوزەیرانی ١٩٣١

ئامـاژە بـە نـووسراوی پێشـوو: یاداشـتی وەزارەتـی دەرەوە بـە ژمـارە (E 2857/31/93)، لـە ڕێکەوتـی ٩ی حوزەیرانـی، ١٩٣١

وەسفی نووسراوەکە

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| کۆمەڵەی گەلان، ژمارە (6a/224/3/655)<br>١٥ی حوزەیرانی | داواکاریی کورد بۆ کۆمەڵەی گەلان |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ...

14-5180 (2)

کۆپی (ل ٢٩٣)

(E 2857/31/93) (E 28373193)

کۆمەڵەی گەلان، جنێف ١٣ی حوزەیرانی ١٩٣١

گەورەم،

شەرەفمەندم کە ئاگادارتان بکەمەوە نامەکەتان بە ژمارە (E 2857/31/93)، لە ڕێکەوتی ٨ی حوزەیرانی ١٩٣١ بە دەستم گەیشت؛ کە تێڕوانینەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ لە شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای گەورە و ئیرلەندای باکوور لەخۆ دەگرێت لەسەر حەفت داواکاری کوردی عێراق کە خراوتەبەردەم، یاخود گوایە دەخرێتەبەردەم، یاخود بە نوێنەرایەتی [کوردەکان] دەخرێتەبەردم [کۆمەڵەی گەلان].

نامەکەی بەڕێزت و هاوپێچکەی بۆ ئەم دانیشتنەی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، خراوەتە بەردەم [ئەم کۆمسیۆنە].

شەرەفمەندم خزمەتکاری بەڕێزت بم.

بۆ سکرتێری گشتی

واژوو: Vito Cataseri

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب.

The Right Honourable, The Secretary of State for Foreign Affairs, Foreign Office, Downing Street, London, S, W, 1

نهێنی (٢٩٥-٢٩٤)

ژمارە ٢٩٥١

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا

٢٧ی تەمووز ١٩٣١

بەڕێز لۆدلۆ-هێویت (Ludlow-Hewitt)

یاداشتی بەڕێزتم بە ژمارە (P.O/113) لە ڕێکەوتی ١١ی حوزەیرانی ١٩٣١ بینی کە ئاڕاستەی ڕۆستەم بەگ حەیدەر کرابوو، تایبەت بوو بە پرسی یاسای زمانە خۆجێیەکان. ئەو قسانەی لە چاوپێکەوتنەکەماندا پێش سەردانەکەم بۆ ئەوروپا گووتم، پشتڕاستیان دەکەمەوە. بەتایبەی ئەوەی حکومەتی عێراق دەستەواژەی "خزمەتگوزارییە تەکنیکییەکان" کە لەبەندی ٥ی یاساکەدا ئاماژەی پێدراوە بەوە لێکدەداتەوە کە مەبەست لێی تەنیا ئەو فەرمانبەرە تەکنیکییە ڕاستەقینانەیە کە لەم وەزارەتانەدا (خزمەتگوزارییەکان) کار دەکەن، بۆ نموونە پزیشک، کارەباچی، ئەندازیار، ڤیتەرنەر؛ هەروەها فەرمانبەرە ئاساییەکانی ئەم وەزارەتانە لە خەڵکی ناوچەکە دەبن، ئەگەر ئەم جۆرە فەرمانبەرانە لە خەڵکی ناوچەکە نەبوو ""هیچ خەڵکیتر (خەڵکی دەرەوەی ئەم ناوچانە؟) لەم ناوچانەدا [واتە ناوچە کوردییەکان] دانامەزرێن ئەگەر زمانی کوردی نەزانن"".

پرسی ئەو فەرمانبەرانەی زمانی کوردی نازانن تیشکی زۆری خراوەتەسەر. من ئامارێکم لەلایەن وەزارەتی ناخۆوە بە دەست گەیشتووە کە تایبەتە بە ژمارەی فەرمانبەرانی ئەو قەزایانەی لیوای مووسڵ کە تێیدا بە پێی یاسای [زمانە خۆجێیەکان] زمانی کوردی (یاخود شێوەزارێک لەم زمانە) دەبێتە زمانی فەرمی. هەروەها وەزارەتی ناخۆ بەڵێنیداوە هەر کاتێک ئاماری [فەرمانبەرانی] لیواکانیتری بەدەست گەیشت، بۆم بنێرێت.

سوود لەو دەرفەتە وەردەگرم تا بەڕێزتان ئاگادار بکەمەوە کە بە نیازم لە هەفتەی داهاتوودا گەشتێک بۆ لیواکانی باکوور ئەنجام بدەم، تا لەبارەی [پرسی

فەرمانبــەران] خــۆم لــە نزیکــەوە ئاشــنای بارودۆخــی بەڕێوەبەرایەتییەکانــی حکومــەت و فەرمانبــەرەکان ئــەوێ بــم.

دواتــر لــە کاتــی گەڕانــەوەم بــۆ بەغــدا، بــە پێــی ئــەو زانیارییانــەی وەزارەتــی ناوخــۆ پێی داوم، ســەرنج دەخەمــە ســەر ئــەو ڕێکارانــەی پێویســتە بــۆ جێبەجێکردنی یاســا بگرێتەبەر.

وەفاداری بەڕێزت.

واژوو: نوری ئەلسەعید.

His Excellency E. R. Ludlow-Hewitt C.B., C.M.G., D.S.O., M.G.

Hid Britannic Majesty"s Acting High Commissioner For Iraq. Baghad

زۆر زۆر نهێنی (ل٢٩٦)

شوێنی مانەوە بەغدا، ١٩ی ئابی. ١٩٣١

بەڕێز (My Lord)

١. شـەڕەفمەندم سـەرنجتان ڕاکێشـم بـۆ نـووسراوە زۆر زۆر نهێنیەکـەی سـێر فرانسـیس هامفرێــس لــە ڕێکەوتــی ٢٩ی ئایــاری ١٩٣١، کــە تێیــدا داواکارییەکــەی خاتــوو ئاسـیە تۆفیـق، هاوسـەری تۆفیـق بـەگ وەهبـی، هاوپێچکـراوە کـە بـۆ کۆمسـیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب ناردوویەتــی.

٢. لـەو ڕوانگەیـەوە هۆکارەکانـی دەسـتگیرکردنی هاوسـەری داواکار لـە دانیشـتنی مانگـی حوزەیرانــی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب لەلایــەن نوێنــەری باوەڕپێکــراوی [بەریتانیـا] لـە سـەرەتای قسـەکانیدا تیشـکی دەخرێتەسـەر، بـە بـڕوای مـن باشـترە بۆچوونەکانــی حکومەتــی خاوەنشــکۆ لەبــارەی ئــەم داواکارییــە بــە جۆرێــک بێــت کــە حکومەتــی خاوەنشــکۆ هیــچ شــتێکیتری پێــوە زیــاد نــەکات، تەنیــا هەمــان قســەکانی [نوێنــەری باوەڕپێکــراو بێــت بەســە].

پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بکرێـت لـە دوای چەنـد ڕۆژێکـی کـەم لـە گەیشـتنی نامەکـە بـە دەسـت کۆمسـیاری بـاڵا، حکومەتـی عێراق تۆفیق بـەگ وەهبی بێ هیچ مەرجێـک ئازادکرد.

لەگــەڵ ئەوپــەڕی ڕێــزدا، شــەرەفمەندم وەفادارتریــن و ملکەچتریــن خزمەتــکاری بەڕێــزت بــم.

H. YOUNG

کۆمسیاری باڵای بە وەکالەت لە عێراق

The The Right Honourable Lord Passfield, P.C.

The Secretary of State for the Colonies Downing Street, London, S, W, 1

گۆڤاری وایتهال (THE WITHEHALL GAZZTTE) (ل٢٩٧)

ژمارەی تەمووز و ئابی ١٩٣١، [٣٨ و ٣٩]

لێکۆلەر.

پرسیارێک بۆ کۆمەڵەی گەلان: کوردی عێراق

یەک دوو هەفتە لەمەوبەر پۆلیسی بەغدا، بە فەرمانی حکومەتی عێراق، هەڵیکوتایەسەر نووسینگەی کۆمیتەی کوردەکان و مقەدەم تۆفیق بەگ (bey)، دکتۆر شوکری سەگبان بەگ، پارێزەر سەعید بەگ (barrister Said Namik bey) و دەیان کەس لە کلدو و ئاشوریان بە تۆمەتی خیانەتی گەورە دەستبەسەرکرد و چەندین بەڵگەنامەی تایبەت بە چالاکیەکانیان دەست بەسەرداگرت. ئێستا گشت ئەم کەسانە لە بەندیخانەدان؛ ئەگەر کۆمەڵەی گەلان یاخود حکومەتی بەریتانیا دەست لەو بابەتە وەرنەدات، بەبیانووی ئەوەی بێ خوێندنەوەیەکی پشوودرێژانە، کەیسی ئەو کەسانە ناخرێتە بەردەم دادگا، ئەوان بۆ چەندین مانگ لە بەندیخانەدا دەمێننەوە.

چاوم بە کۆپی کۆمەڵێک لەو بەڵگەنامانە کەوتووە کە زەوتکراون؛ گشت بەڵگەکان بە زمانی ئینگلیزین و بریتین لە پوختەیەک لەو بەڵێنانەی مافی بەخشینی ئۆتۆنۆمی خۆجێی بە کوردی دابوو و هیچ شتێکی خیانەتکارانە لەم بەڵگانەدا نەبووە. ئەو کەسانەی تامی بەندبوونیان لە بەغدا نەچێشتووە، لەوانەیە تەکانێک بە شانەکانیان بدەن [واتە ئەم شتە پشتگوێ بخات] و بڵێن ئەم پیاوە بێ بەختانە چاوەڕوانی دادگایکردنێکی دادپەروەرانەن و لە گشت حاڵەتێکدا دەستگیرکردنی ئەوان پرسێکی ناوخۆییە و بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە وڵاتانیترەوە نییە [یاخود وڵاتانیتر بۆیان نییە دەستی تێوەردەن]. ئەمەش وانییە، کۆمەڵەی گەلان و حکومەتی بەریتانیا هەردووکیان بەم بابەتەوە پەیوەندیدارن، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە ڕایبگەیێنن وەک پەڕی فڕێدراو مامەڵە لەگەڵ ئەو بەڵێنە تۆمارکراوانەدا بکرێت [کە ئەوان بە گەلی کوردیان داوە].

پێش دەستپێکردنی شەڕی [یەکەمی جیهانی] کورد سێ گرفتیان هەبوو؛ گرفتی تورک، ڕووس و ئێران. سەرکەوتنی کۆنفرانسی ئاشتی کە زۆربەی بەشداربووانی ئەم

کۆنفرانسە، بیروباوەڕی مافی چارەی خۆنووسین لەسەر لێویان بوو، دوو گرفتیتریان بۆ کورد زیاد کرد؛ گرفتی عەرەبەکانی عێراق و سوورییەکان. کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت هیچ سکاڵایەکیان نییە، چونکە ڕێگەیان پێدراوە حوکمڕانی خۆیان بکەن، زمانی خۆیان بەکاربهێنن و قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبێت. هەروەها ئەوانەی ئێرانیش شتێکی ئەتۆیان نییە سکاڵای لەسەر بکەن؛ هەرچەندە حکومەتی ئێران بەرانبەریاندا ئاستێکی کەمی لێبوردەیی لەخۆ نیشانداوە. پەیوەندی کورد لەگەڵ تورک لەلایەن هێزەکانی سەرکەوتووی [شەڕی یەکەمی جیهانی] بە پێی بەندەکانی ٦٢-٦٤ی پەیماننامەی سیڤەر ڕێکخراوە؛ بە جۆرێک کە کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کورد و کەمینەکانی دی کە لە چوارچێوەی سنوری تورکیادا دەژین، لە ژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان، ئۆتۆنۆمی خۆجێی دیاربکات.

ئەو بەندانە تا ئێستاش لەدایک نەبوونە، ئەویش بە هۆی سوود وەرگرتنی تورکیا لە ناکۆکی نێوان هاوپەیمانانی [سەرکەتووی شەڕ]؛ تورکیا سەرکەوت کە ڕێککەوتننامەی لۆزان لەبری [پەیماننامەی سیڤەر] جێگر بکات، بەڵام ئەو پەیماننامەیش بە گەرەنتی کۆمەڵەی گەلان، مافی ئۆتۆنۆمی بە کەمینەکان بەخشی. تورکە بە نهێنی ئەم پەیماننامەیەیان واژووکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پێش وشکبوونی حوبری لاپەڕەکان، وەک لاپەڕەی فڕێدراو مامەڵەی لەگەڵدا بکات. کورد [لە زێدی خۆیان] گوازرانەوە و ڕەشەکوژکران؛ قوتابخانەکانیان داخران؛ زمانیان قەدەغەکرا؛ ئەو نوێنەرە کوردانەی بۆ پەرلەمانی تورکیا هەڵبژێردرابوون دوورخرانەوە و تورک لە شوێنیان دانران؛ ئەوان ئێستا لە دژی حکومەتی تورکیا بەردەوام یاخین. ئەو بەشە کەمەی کورد کە لە سوریا هەن بە هۆی دەسەڵاتی ئینتیدابەوە پراکتیزەی مافەکانی خۆیان دەکەن؛ بەڵام فەرەنسا، واتە دەسەڵاتی ئینتیداب، ئێستا ئەم بابەتەی پشتگوێ خستووە، بە بیانووی سەرهەڵدانی گرفتی خۆجێی [لە جێبەجێکردنی ئەم مافانەدا] لەگەڵ ناسیۆنالیستە سورییەکان.

لە ساڵی ١٩٢٤دا، تورکەکان قبوڵیانکرد پرسی هەڵپەسێردراوی پارێزگای مووسڵ بخاتەبەردەم کۆمەڵەی گەلان؛ بۆیە کۆمسیۆنێک دامەزرا تا لێکۆڵینەوە لە بانگەشەی تورکەکان [لەبارەی ئەم ویلایەتە] بکات. لێکۆڵینەوەکان دەریانخست پێنج لەسەر

هەشتی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە کوردن، ئەوانیتر بریتین لە عەرەب، تورک، مەسیحی و جوولەکە. لە جێگیرکردنی سنوری نێوان تورکیا و عێراق، کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا بۆ ماوی ٢٥ ساڵ-واتە تا ساڵی ١٩٥٠- پێویستە عێراق لە ژێر ئینتیدابدا بمێنێتەوە و بەریتانیاش وەک دەسەڵاتی ئینتیداب، دەبێ ئەو ڕێکارانە بخاتەڕوو کە ئۆتۆنۆمی خۆجێیی بۆ کورد گەرەنتی بکات.

یەکێک لەو ئیمتیازە سەرەکییانەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڵێنی بەجێگەیاندنی درا، بریتی بوو لەوەی کورد دەتوانن قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەبێت و زمانی خۆیان بەکاربهێنن. حکومەتی عێراق پەیڕەوی لەم سیاسەتەی کرد، [بەڵام] یان لە ڕێگەی دروست نەکردنی هیچ قوتابخانەیەک بۆ کورد، یاخود ناچارکردنی منداڵی کورد بە زمانی عەرەبی بخوێنن. ئەو ژمارە کەمەی قوتابخانە کە لە باشووری کوردستاندا هەن لەلایەن مامۆستایانی عەرەبەوە بەڕێوە دەبردرێن، تێیاندا [وانەی] فەلسەفەی عەرەب، ئەدەبیات و جوگرافیا و مێژووی ئیسلام فێری منداڵانی کورد دەکەن.

پڕۆژەی کۆمەڵەی گەلان بریتی بوو لەوەی فەرمانبەری کورد لە کەرتی خزمەتگوزاری مەدەنی لە پارێزگا کوردییەکاندا دابمەزرێت؛ لە ڕاستیدا ٩٠٪ی فەرمانبەران عەرەبن. کورد جوتیارن؛ حکومەتی عێراق لە پارێزگاکانیتردا گەشە بە کاری کشتوکاڵ دەدات، کەچی هیچ یارمەتی جوتیارە کوردەکان نادات. لە ئەنجامدا کشتوکاڵ لە گشت پارێزگا کوردیەکاندا خەریکی داتەپینە. بیرەکانی نەوت کە خەڵکیان لە سەرتاسەری جیهاندا دەوڵەمەند کردووە، خودی حکومەتی عێراقیشی دەوڵەمەند کردووە، هیچ شتێکی بۆ ئەو خەڵکە بەدینەهێناوە کە بە درێژای چەندین سەدە ئەم خاکە دەکێڵن. حکومەت قازانجی [فرۆشتنی] نەوت بەسەر کوردەکاندا دابەش ناکات، کەچی کۆکەرانی باج ئەو خەڵکە لەبیر ناکەن.

لە سەرەتای ساڵی ڕابردوو، هیواکانی کورد بە بڵاوبوونەوەی لێدوانێک لە ڕۆژنامەکاندا، زمانی کوردی لەو پارێزگایانەی کورد زۆرینەن دەبێتە زمانی فەرمی، سەریهەڵدایەوە، بەڵام ئەو هیوایە بەخێرایی لەناوچوو کاتێک دەقی ڕێککەوتننامەی ئەنگلۆ-عێراقی لە مانگی تەمووزی ڕابردوو بڵاوکرایەوە و ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی بە دەسەڵاتی ئینتیداب لە عێراقی هێنا. لەم

ڕێککەوتنەدا هیچ ئاماژەیەک بە مافی کورد نەدرا کە [ئەم مافانە] لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بەڵێن داربوو. بۆیە لە ناکاو خۆپێشاندانی ناڕەزایەتی ئەنجامدرا و کۆمسیاری باڵای بەریتانیا بە یاوەری سەرۆک وەزیرانی عێراق گەشتێکی تایبەتیان بۆ ناوچە کوردییەکان ئەنجامدا تا کوردەکان دڵنیا بکەنەوە مافەکانیان دەدرێت.

لە ئابی ساڵی ڕابردوو، ئەوان، گەیشتنە هەولێر واتە ئەو شوێنەی گوتەبێژەکانی کورد کۆبوونەوە تا چاویان بە کۆمسیاری باڵا و سەرۆک وەزیران بکەوێت. لە میانەی گفتوگۆکاندا ناکۆکی لە نێوان گوتەبێژێکی کورد و سەرۆک وەزیرانی عەرەبدا ڕوویدا، کاتێک سەرۆک وەزیران بانگەشەی ئەوەی کرد گوایە کۆمەڵەی گەلان هیچ کات ئاماژەی بەوە نەداوە فەرمانبەرانی کوردستان دەبێ کورد بن، بەڵکو دەبێ ئەو کەسانە بن کە بە کوردی قسە دەکەن. ئەمەش پچڕانێکی نەخوازراو بوو و کاتێک تۆماری [گفتوگۆکە] نێردرا، قسەکانی کوردە قسەکەرەکە ڕاست بوون. لەمکاتەدا بوو کە تیشک خرایەسەر ڕێکارەکانی گفتوگۆکردن و سەرۆک وەزیران بە عاقڵانە بڕیاریدا گفتوگۆکان بۆ ماوەیەک بوەستێنێت تا لایەنەکان سارد ببنەوە. هاوکات نزیکەی ٣٠٠٠ کەس لە دەرەوەی کۆشکی گفتوگۆکان کۆبوونەوە تا ناڕەزایەتی لە دژی ڕێککەوتننامەکەی [ئەنگلۆ-عێراقی] دەرببڕن.

ئەو کەسانە، خەڵکی بێ چەک بوون. بە مەبەستی بڵاوەی ئەو خەڵکە، پۆلیس تەقەی لە دەرگاکانی کۆشک کرد. بەم جۆرەش خەڵک لە هاوڕێکانی کە چووبوونە ناو حەوشی کۆشکەوە جیاکرانەوە. ئەو کارەش [تەقەکردن] کارێکی ناعاقڵانە بوو، خەڵک هەوڵیدا بە شکاندنی دەرگای کۆشک [هاوڕێکانیان] ڕزگار بکەن. لەم بارودۆخەدا حکومەت سێ بەتاڵیۆنی عەرەبی نارد کە بە نێزە و تفەنگی ئۆتۆماتیکی هێرشیانکردە سەر خەڵک. ئێستا بەزەکە کەوتووتە ناو ئاگر. لە نێوان کوردی بێ چەکدا نزیکەی ١٥٠ کەس و ژمارەیەکی کەم سەرباز و پۆلیس بریندار بوون. دواتر [ کورد]ێکی زۆر دەستگیرکران.

کوردە گەنجەکان لە دەوری شێخ مەحمود کۆبوونەوە و هانیاندا سەرکردایەتی ڕاپەڕینی کوردەکان بکات. بۆ چەندین هەفتە دوو دڵ بوو، سەرنجام لە مانگی تشرینی دووەمدا بڕیاریدا؛ ئەو لەلایەن چاپەمەنییەکانی بەغدا وەک چەتە و ڕێگر نیشاندەدرا. فڕۆکەکانی بەریتانیا شار و گوندەکانی کوردیان بۆردمانکرد و چەندین بریندار لە نێوان پیاو و ئافرەتی

بەساڵاچوو و منداڵاندا کەوتەوە. دەستگیرکردنەکانیش لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا بوون.

ئەگەر ئەندامانی کۆمیتەی کورد لایەنگری توندوتیژی بن، کەواتە دەستگیرکردنی خەڵکەکە پاساوهەڵگرە؛ بەڵام ئەمە بابەتە سەرەکییەکە نییە. ئەو کۆمیتەیە کۆمیتەیەکی ئاشتیخوازە مەبەستی تەنیا ڕازیکردنی ڕای گشتی ئەوروپایە لەبارەی داوا ڕەواکانی کورد؛ ئەویش لە ڕێگەی بانگهێشتکردن و ڕازیکردنی کۆمەڵەی گەلان تا لەمبارەوە هەنگاو بنێت. دەستگیرکردنی ئەم کەسانە پێشهاتی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کورد ئارییاین و عەرەبەکان سامین، هەروەها زۆربەی کوردەکان چیانشینن و عەرەبەکان لە دەشتایدا دەژین. کۆی گشتی کوردەکان ٣،٠٠٠،٠٠٠ ملیۆن کەسە کە لەم ژمارەیە ٥٠٠،٠٠٠ کورد لە عێراق دەژین. ئەوان لە بنەڕەتدا زەردەشتین و ئێستا وەک عەرەبەکان مووسڵمان یاخود مەسیحین. خاڵی گرنگ لەبارەی کوردەکان کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ئەوان دەزانن چیان دەوێت و چۆن دەستەبەری بکەن، تەنانەت ئەگەر لە پێناو ئەمەدا ژیانیان لەدەست بدەن.

بەهەر حاڵ، عاقڵانە نییە ڕێگە بدرێت ئەو جۆرە خەڵکە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی ژمارەشەوە گرنگ نەبن، بەدەست نادادپەروەرییەوە بناڵێنن. لەوانەیە سیاسەتی حکومەتی عێراق بریتی بێت لەوەی سەرکردەکانی ئەم خەڵکە لە بەندیخانەدا بهێڵێتەوە تا ئەوکاتەی نائارمییەکانی کوردستان هێور ببێتەوە؛ دواتر بە خیانەتی گەورە تۆمەتباریان نەکات و ئازادیان بکات، لە هەمان کاتدا لەوانەیە شتی چاوەڕواننەکراو ڕووبدات.

ئێستا کورد بە داواکردنێکی دادپەروەرانە، چارەنووسی خۆیان خستووتە دەست حکومەتی بەریتانیا و کۆمەڵەی گەلان. ئەگەر دادپەروەری، ئەم کەسانە پشتگوێ بخات لەوانەیە هەمان کار بکەن کە براکانیان لە تورکیا ئەنجامی دەدەن و پەنا ببەنە بەر هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە باڵادەستی شاخەکانیان. یاخود ئەگەر ئەمە بەس نەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کەسە خەوتووەکان لە جنێڤ، لەوانەیە ئەوان ئاگر لە بیرە نەوتییەکان بەربدەن، بەم جۆرەش بە ملیۆنان سەرمایە بەخۆڕایی ئاگری تێبەر دەبێت و دەبێتە دووکەڵ. کورد ئێستا گفتوگۆ لەبارەی جێبەجێکردنی ئەم پلانە دەکەن ئەگەر ئەو بەڵێنانەی پێیاندراوە، پشتگوێ بخرێن.

کۆمسیاری باڵا بۆ عێراق (ل ٢٩٩)

(D.O. No. S. O. 1168)

شوێنی مانەوە

بەغدا

١٠ی ئەیلوول ١٩٣١

بەڕێز فلود (Flood)

خۆشحاڵ بووم بە خوێندنەوەی نووسراوە نیمچە فەرمییەکەی بەڕێزت بە ژمارە (٣١/١/٨٨٣٧٩) لە ڕێکەوتی ٣ی ئەیلوول. هەروەها خوشحاڵم بە بینینی گۆڕینی هەڵوێستی لۆرد سێسیل (Lord Cecil) کە لە ڕاسپاردەکانیدا جەختی لەسەر "مافەکانی" کورد و کەمینەکانی دی دەکرد، بەڵام ئێستا جەخت لەسەر "ئەرکەکانیان" دەکەنەوە. وادیارە ئەستەمە کۆمیسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بێدەنگ بێت بەرانبەر سیاسەتی حکومەتی عێراق لەبەرانبەر کورد. هەروەها من نیگەرانی ئەوەم کاتێک واژووکارەکانی داواکارییەکانی کورد، یاداشتی سێر ئێریک درۆمۆند (Sir Eric Drummond) یان بەدەست بگات، یاخود یاداشتی هەر کەسێک کە وەڵامیان بداتەوە، ئەوکات ئەوان نامە بۆ کۆمسیۆنی باڵا دەنێرن، هەروەک چۆن جاری پێشتر ئەم کارەیان کرد و داوایان لێدەکات لە زووترین کاتدا هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی [کۆمەڵەی گەلان] بگرنەبەر. لە هەمانکاتدا، لە بێ مەیلی پابەندبوونی کۆمسیۆن بە بەرنامەکەی جەعفەر پاشا تێدەگەم، نارەزایەتییەکانی [کۆمسیۆن] زۆر بە ڕوونی لە نووسراوی تێبینییەکاندا ئاماژەی پێدراوە کە هۆڵت (Holt) لەسەر داواکاری من ئەم نووسراوەی لە بارەی [نارەزایەتی کۆمسیۆن] نووسیوە. لە نزیکەوە چاودێری پێگەی کورد دەکەم، هەروەها هیچ دەرفەتێک لە دەست نادەم لە بەخشینی زانیاری نوێ بە نوری [سەعید]؛ تەنانەت ئەگەر نوری لە ماوەی بەردەوام بوونی بەرپرسیارێتی ئینتیدابی ئێمە، پابەندی بەڵێنەکانی بێت- کە بە بڕوای من ئەو پابەند دەبێت- بە بەردەوامی ترسی ئەوە هەیە، ئەو یاخود هەندێک لە جێگرەوەکانی سەرۆک وەزیران لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو بەڵێنانە بشکێنن.

وەفادارتان

Hubert Young

تێبینییەکانی سکرتێری کاروباری ڕۆژهەڵات (٣٠٠-٣٠٢)

Note By Oriental Secretary

بـە گوێـرەی ڕێنماییەکانتـان، بـە هـاوکاری مسـتەر چاپمـەن (Mr. Chapman)، چاومـان بـەو دواییـن [تۆمـاری نـاوی] فەرمانبەرانـی ناوچـە کوردییـەکان کـەوت بۆئـەوەی ببینیـن کام یـەک لـەم فەرمانبەرانـە ناتوانـن بـە زمانـی کـوردی قسـە بکـەن و لـەو پۆسـتانەدا کار دەکـەن کـە زانینـی زمانـی کـوردی پێویسـتە.

بـە قەڵـەم ژمـارەی ئـەو کەسـانەم دەستنیشـان کـردووە کـە ناتوانـن بـە زمانـی کـوردی قسـە بکـەن. تکایـە بڕوانـە ژمارەکانـی ٥٣، ٥٢، ٥١ و ٤٩ کـە بـە هێڵـی سـوور نیشـاندراون.

بەهەرحـاڵ، دان بـەوەدا دەنێـم لەسـەر بنەمایەکـی زۆر بەرتەسـک مامەڵـە لەگـەڵ پرسـی گواسـتنەوەی ئـەو فەرمانبەرانـەدا دەکرێـت کـە ناتوانـن بـە زمانـی کـوردی قسـە بکـەن. ئەگـەر ئـەو بەڵێنانـەی بـە کـورد دراون تەنانـەت ئەگـەر پێداچوونـەوەش بـەم بەڵێنانـەدا کرابێـت و سـنوردارکرابن هـەر وەک ئـەوەی جەعفەرپاشـا لـە نامەکـەی لـە ڕێکەوتـی ١٩ی ئابـی ١٩٣٠دا کـردی؛ تەنانـەت ئەگـەر ئـەو بەڵێنانـە جێبەجـێ بکرێـن، ئـەوکات پێویسـتە سـەرنج بخرێتەسـەر فەرمانبەرانـی غەیـری نەتـەوەی کـورد کـە لـە ناوچـە کوردییەکانـدا دامـەزراون، تەنانـەت ئەگـەر بتوانـن بـە زمانـی کوردیـش قسـە بکـەن. ئەگـەر ئـەم کارە نەکرێـت، بـە بـڕوای مـن، لـە ماوەیەکـی زۆر کەمـدا ئـەو ڕێکارانـە دەبنـە هـۆی نەهێشـتنی کـورد لـە هەمـوو پۆسـتە باڵاکانـی کارگێڕیـی ناوچـە کوردییەکانـدا. هەروەهـا بـە بـڕوای مـن ئەگـەر ئـەم پۆسـتانە لەلایـەن ئـەو عەرەبانـەوە پـڕ بکرێنـەوە کـە زمانـی کـوردی دەزانـن، بـەڵام ئـەم کارە هەمـان ئـەو ئەنجامـەی نییـە کـە کۆمەڵـەی گـەلان هەوڵـی بەدیهێنانـی دەدات و ئـەم کارەی [حکومەتـی عێراقیـش] بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدی کـورد، کارێکـی نەزانانەیـە. دامەزراندنـی فەرمانبەرانـی کـورد لەوانەیـە مەرجەکانـی یاسـای زمانـە لۆکالییـەکان پـڕ بکاتـەوە، بـەڵام بـە داخـەوە ئـەم یاسـایە گشـت مافەکانـی کـورد ناپارێزێـت (تەنانـەت ئـەو مافانـەش کـە بـە تەواوەتـی مافـی کولتوریـن). بەبـێ هەبوونـی پارێزگارییـەک بـۆ

جێبەجێکردنــی مافەکانــی کــورد، وەک فەرمانبــەر، کــورد بــە هــۆی ئــەو بەربەســتانەی لەســەر ڕێکارەکانــی خوێنــدن و پــەروەردەدا دروســتکراون بــە زوویــی لــە کێبڕکــێ کــردن لەگــەڵ عەرەبەکانــدا بــۆ گەیشــتن بــە پۆســتە خزمەتگوزارییــەکان دەکەونــە دەرەوەی بازنــە. هەروەهــا بــە نەمانــی نــەوەی کۆنــی کــورد، کــە لــە ژێــر فەرمانڕەوایــی تــورک دەرفەتــی خوێندنــی یەکســانیان لەگــەڵ عەرەبــەکان هەبــوو، بــە نەمانــی ئــەم نەوەیــە، پلــەی کــوردەکان نــزم دەبێتــەوە و لــە ڕووی کلتورییــەوە ملکەچــی عەرەبــەکان دەبــن.

لەلایەکیـترەوە، ئەگـەر پۆسـتە [کارگێڕییەکانـی] ناوچـەی کـوردەکان بـۆ کـورد تەرخانکرا بێــت، کەواتــە پێویســتە هەنــگاو بــۆ دابینکردنــی ئامرازەکانــی خوێنــدن و خوێندەواریــی بهاوێژرێــت، تــا کــورد بــۆ گرتنــە دەســتی ئــەم پۆســتانە ئامــادە بکــەن. هــەروەک چــۆن ئــەم کارە بــۆ عەرەبــەکان ئەنجامــدرا و ئامــرازەی خوێندەوارکردنیــان گیرایەبــەر تــا ئــەو پۆسـتانەی بەدەسـت بەریتانییەکانـەوە بـوو، بگرنـە دەسـت. جگـە لەمـەش جێگرکردنـی ئــەو فەرمانبەرانــەی بــە زمانــی کــوردی قســە دەکــەن لەبــری فەرمانبــەری بــە ڕەچەڵــەک کــورد، لــە ئــەرزی واقیعــدا دەبێتــە هــۆی بــێ بەشــکردنی کــوردە فەرمانبەرەکانــی ئێســتا کــە ڕەفتــار و ویســتەکانییان یەکتــر دەگرنــەوە [واتــە داوای ئــەوە دەکــەن فەرمانبــەری کــورد لــە ناوچەکانــی کــورد دابمەزرێــن]. کــورد لــەم حەقیقەتــە تێدەگــەن، بۆیــە لــە دژی هەموارکردنــەوەی بەڵێنــە ڕەســەنەکەن کــە [ئامــاژە بــەوە دەدات] پێویســتە فەرمانبەرەکانیــان لــە نەتــەوەی خۆیــان بێــت.

**(ئاماژە کراو بە هێلی سور ژمارە ٥٣ (Red ٥٣))**

حاڵیحــازر پــتر لــە ٥٧٪ی فەرمانبەرانــی ناوچــە کوردییــەکان، غەیــرە کــوردن. لــە لیـوای سـلێمانی تەنیـا ١١ فەرمانبـەر هـەن کـە ناتوانـن بـە زمانـی کـوردی قسـە بکـەن. (ئامــاژە کــراو بــە هێلــی ســور ژمــارە ٤٨) بــەڵام ٤٠ پۆســتی پلــە بــەرز لەلایــەن غەیــرە کوردەکانــەوە بەڕێــوە دەبرێــن.

(ئامـاژە کـراو بـە هێلـی سـور ژمـارە ٤٩) لـە لیـوای هەولێـر ١٩ فەرمانبـەر ناتوانـن بـە زمانــی کــوردی قســە بکــەن، بــەڵام ٨٥ فەرمانبــەر لــە نەتــەوەی کــورد نیــن. کەواتە بــە بڕوای

مـن گواسـتنەوەی ئـەو فەرمانبەرانـەی ناتوانـن بـە زمانـی کـوردی قسـە بکـەن (یاخـود بـۆ خوێنـدن بـە زمانـی کوردی لـە قوتابخانە سـەرەتاییەکاندا) ئـەم کارانە، نارەزایەتـی کوردەکان پـڕ ناکاتـەوە کـە داوا دەکـەن فەرمانبـەری ناوچەکانیـان لـە نەتـەوەی خۆیـان نیـن.

کەواتــە پێشــنیازی قەرەبــوو کردنــەوەی ئــەم دۆخــە دەکــرێ کــورد لــە دەرەوەی ناوچــە کوردییــەکان دامەزرێــن، دەکــرێ بــە هەڵســەنگاندنی ئــەم ئامــارەی خــوارەوە بۆمــان ڕوون دەبێتــەوە:

ژمارەی فەرمانبەرانی غەیرە کورد لە ناوچە کوردییەکاندا: ٤٣٠ فەرمانبەر.

ژمارەی کوردەکانی دامەزراو لە دەرەوەی ناوچەکانی کورد: ٩١x.

X: ئەم ژمارەیە لە سەرژمێری پێشتر وەرگیراوە (Id. V. H.)

(Intld V. H) ٨ی ئەیلوول ١٩٣١

(ل ٣٠٣)

Downing Street

١٥ی ئەیلوول ١٩٣١

بەڕێز م. کاتاستینی (M. Catastini)

زۆر سوپاس بۆ نامەکەتان لە ڕێکەوتی ١٠ی ئەیلوول و سوپاس بۆ ناردنی ٥ کۆپی لە یاداشتی بیستەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، کە لە کاتی خۆیدا لە پشووی کۆتایی هەفتە بەدەستم گەیشت. سوپاس بۆ میهرەبانیتان، کە ئەم [بەڵگەنامانەت] بۆ ناردین.

خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بەڕێزت لە بابەتیکیتری بچووکدا یارمەتیم بدەن. پێشنیازی ئەوەم پێ دراوە کۆپییەک لە یاسای زمانە خۆجێیەکان کە بەسەر ناوچە کوردییەکانی عێراقدا جێبەجێ دەکرێت بخەینە بەردەم کۆمسیۆنی ئینتیداب. لە لاپەڕەی ١١٩ی یاداشتێکەدا، قسەی سێر فرانسین هامفریس تۆمار کراوە کە دەڵێت ""کۆپیگەلێک لە یاساکەم هەیە کە دەخەمە بەردەم کۆمسیۆن"". ئەگەر هەڵە نەبم بە پێی دووبارە بیرکردنەوەی خۆم، چەند کۆپیەکم لەم یاسایە دایە بەڕێز. م. د. هالێر (M. de Haller) تا لەو کاتەی سێر فرانسیس هامفریس دەست بە قسەکانی دەکات، بەسەر ئەندامانی کۆمسیۆندا دابەشی بکات. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر دڵنیام بکەیتەوە، ئایا بیرکردنەوەکەی من ڕاستە یان نا؛ چونکە ئەگەر ڕاست بێت، هیچ پێویست بەوە ناکات کۆپی زۆرتر لەم یاسایە بۆ کۆمسیۆن بنێرین.

خزمەتکارتان

واژوو: (J. HATHORN HALL)

MONSIEUR VITO CATASTINI

ژمارە: P. O 142 (٣٠٤-٣٠٧)

شوێنە مانەوە

بەغدا، ١٧ ئەیلوول ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیران

تکایە دەکرێت بۆ سێر لۆدلۆ-هەویت (Ludlow-Hewitt) ئاماژە بە نامەکەتان بە ژمارە ٢٩٥١ لە ڕێکەوتی ٢٧ی جولای ١٩٣١ بدەم کە تێیدا بۆ سێر لۆدلۆ ئاماژەتان بەوە کردبوو کە لە دوای گەڕانەوە لە گەشتەکەتان بۆ لیواکانی باکوور، بەڕێزت ڕەچاوی ئەو هەنگاوانە دەکەیت کە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی یاسای زمانە خۆجییەکان پێویستە بگرێتەبەر.

لەمبارەوە ئەو بابەتە سەرەکییانەی سەرنجی من ڕادەکیشن بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ ڕەچاوکردنی ئەو میکانیزمانەی خواستی دانیشتوانی قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ لەبەرچاودەگرێت کە خوازیارن چ شێوازێک لە زمانی کوردی بەکار بهێنن.

لەوانەیە بەڕێزتان لەبیرتان بێت سێر فرانسیس هافریس لە نامەکەی بە ژمارە (P. O. 104) لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ١٩٣١، تیشکی خستووتە سەر ئەم بابەتە؛ هەروەها ئەگەر لە بیرتان بێت بەڕێزت ئاماژەتان بەوە کرد، لەمبارەوە پێویست ناکات هەنگاوی خێرا بگیرێتەبەر، چونکە یاسای زمانە خۆجێیەکان ماوەی یەک ساڵی بە خەڵکی [ئەم قەزایانە] داوە ئەو شێوەزارەی دەیانەوێت [لە کاروباری فەرمیدا] بەکاری بهێنن هەڵبژێرن. تێدەگەم مەبەستی بەڕێزت چییە، بەڵام، لە دوای گەڕانەوەتان لە یەکەم گەشتتان لە باکوور، باشترە ئەم هەنگاوانە بگیرێنەبەر تا ئەم پرسە چارەسەر بکرێت پێش ئەوکاتەی نوێنەری باوەڕپێکراوی حکومەتی خاوەنشکۆ ئەنجامەکانی ئەم هەنگاوانە لە دانیشتنی مانگی تشرینی یەکەمی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بخاتەڕوو. بە تەواوەتی پشتیوانی لەم پێشنیازە

دەکـەم و هیـوادارم ئـەم هەنگاوانـە جێبەجـێ بکرێـن. بابەتێکیـتری پەیوەسـت بـەم پرسـەوە، بریتییـە لـەوەی ئەگـەر ئـەم پرسـە بـێ چارەسـەر بمێنێتـەوە تـا ئەوکاتـەی لـە دانیشـتنی داهاتـووی پەرلەمـان گفتوگـۆی لەسـەر بکرێـت، [ئـەم ڕسـتەیە بـە هـۆی خراپـی چـاپ ناخوێندرێتـەوە. وەرگێـڕ] لـەو کاتـەدا ئەسـتەمە پەرلەمـان وەک پێویسـت بـە وردی تیشـک بخاتـە سـەر ئـەم یاسـایە.

**ب** گواسـتنەوەی ئـەو فەرمانبەرانـەی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا کار دەکـەن و زمانـی کـوردی نازانـن.

سـێر فرانسـیس هامفریـس لـە نامەکەیـدا کـە لەمانگـی ئایـار نووسـیوە و لـە سـەرەوە تیشـکم خستەسـەر، باسـی ئـەم پرسەشـی کـردووە. بەڕێـزت لـە وەڵامـی ئـەم یاداشـتە کـە لـە غیابـی سـێر فرانسـیس ئاڕاسـتەی منـت کردبـوو، ئاماژەتـان بـەوە کـردووە ئـەم پرسـە لـە ژێـر چاودێریدایـە و منتـان دڵنیـا کردبـوو کـە لـەو ڕێکارانـە ئـاگادارم دەکەیتـەوە کـە حکومەتـی عێـراق بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجێیـەکان دەیگرێتەبـەر. دواتـر کاتێـک ئێمـە بـۆ دانیشـتنی مانگـی حوزەیرانیـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب لـە جنێـڤ بوویـن، بەڕێـز فرانسـیس لەمبـارەوە پشـتی بـەو دڵنیاکردنەوانـە بەسـت کـە بەڕێـزت دڵنیاتکردبـووەوە و بـە لـۆرد لۆگـۆرد (Lord Lugard) ڕاگەیانـد ژمارەیـەک لـە فەرمانبـەری غەیـرە کـورد کـە زمانـی کـوردی نازانـن شـوێنیان بـە فەرمانبـەری کـورد یاخـود ئـەو فەرمانبـەرە غەیـرە کوردانـە دراوە کـە زمانـی کـوردی دەزانـن. بـە داخـەوە، بـە پێـی دواییـن ئامـارەکان لەبـارەی ناوچـە کوردییـەکان، لـە ڕاسـتیدا لـە ژمـارەی ئـەو فەرمانبەرانـەی [زمانـی کـوردی نازانـن] کـەم نەبووەتـەوە. زۆر بـە وردی سـەیری ئـەو لیسـتەم کـرد، تەنانـەت ئەگـەر حاڵیحـازر چاوپۆشـی لـە قـەزا کوردییەکانـی لیـوای مووسـڵ بکەیـن؛ وادیـارە ئێسـتا لـە لیواکانـی کەرکـووک ، هەولێـر و سـلێمانی ٥٦ فەرمانبـەر هـەن کـە زمانـی کـوردی نازانـن، ئەگـەر مومکیـن بێـت، شـوێنیان بـە فەرمانبـەری کـورد بدرێـت، یاخـود ئەگـەر فەرمانبـەری کـورد نەبـوو، شـوێنیان بـەو فەرمانبەرانـە پـڕ بکرێتـەوە کـە دەتوانـن بـە زمانـی کـوردی قسـە بکـەن و بنووسـن.

هیـچ پرسـێکی تایبـەت لەسـەر فەرمانبـەرە کـوردەکان لـە ئـارادا نییـە تـا مـن سـوود لـەم دەرفەتـە وەربگـرم و ئامـاژەی پێبکـەم. هـەر وەک بەڕێـزت ئـاگاداری، دامەزراندنـی فەرمانبـەری پۆلیـس لـە نەتـەوەی کـورد لـە ناوچـە کوردییەکانـدا، ماوەیـەک لەمەوبـەر لەلایـەن ڕاوێـژکاری [بەریتانیـا] لـە وەزارەتـی ناوخـۆ پێداگـری لەسـەر کـرا (بـۆ نموونـە لـە یاداشـتی سـێر کینهـان کۆرنمالیـس (Sir Kinahan Coronmaliis) لـە ڕێکەوتـی ١٩ی شـوباتی ١٩٣١، پەرەگرافـی ٤، کـە بـۆ بەڕێزتـی ناردبـوو). ئێسـتا ئـاگادار کراومەتـەوە کـە پلانێکـی نـوێ بـۆ ڕاهێنانـی فەرمانـدەی یاریـدەدەری (Assistant Commandments) پۆلیـس و لێکۆڵەرەکانـی [پۆلیـس] خەریکـە ئامـادە دەکرێـت؛ بۆیـە داوا لـە بەڕێـزت دەکـەم ژمارەیەکـی گونجـاو لـە کـوردەکان لـەم پلانـەدا بگونجێنرێـت، تـا بەم جـۆرە ژمارەی پێویسـت لـە هێـزی پۆلیـس لـە ناوچـە کوردییەکانـدا دەسـتەبەر بکرێـت.

**ج** جێبەجێکردنـی بەندەکانـی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان لـە ناوچەکانـی ئاماژەپێکـراودا، لەبـارەی بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی لـە قوتابخانـەکان.

دەزانـم وەزارەتـی پـەروەردە لـە مـاوەی پشـووی هاوینـەی قوتابخانەکانـدا ڕەچـاوی ئـەم پرسـە دەکات، بـەڵام داوا دەکـەم ئەگـەر دەکرێـت خـودی بەڕێـزت کات بـۆ ئـەم کارە تەرخـان بکەیـت تـا بزانیـت کـە ئایـا هەنـگاوی پێویسـت لەمبـارەوە گیراوەتەبـەر.

دەمەوێـت سـوود لـەم دەرفەتـە وەرگـرم تـا بەڕێـزت ئـاگادار بکەمـەوە لـە یەکێـک لـە بڕیارەکانـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب لەسـەر داواکارییەکانـی کـورد، کـە لـە بیسـتەمین دانیشـتنی کۆمسـیۆنەکەدا دەرکـراوە و بریتییـە لـە:

""داوا لـە دەسـەڵاتی ئینتیـداب دەکرێـت گوشـار بخاتـە سـەر حکومەتـی عێـراق و ڕێنمایـی بکرێـت تـا لـە هەمبـەر هاووڵاتییـە کوردەکانیـدا ئەوپـەڕی ڕۆحـی لێبوردەیـی بگرێتەبـەر و بەرانبـەر ئـەم کەمینەیـەدا بـە ڕێزێکـی زۆرەوە ڕەفتـار بـکات، [چونکـە ملکەچـی کـوردەکان] بـە گوێـرەی ڕزگاربوونیـان لـە گشـت جۆرەکانـی مەترسـی لەسـەر مافـە نەتەوەییەکانیـان بـەرز دەبێتـەوە؛ ئـەو مافانـەش بـە ڕاشـکاوی لەلایـەن دەسـەڵاتی ئینتیـداب و کۆمەڵـەی گـەلان دانـی پێـنراوە"".

بەمجــۆرەش لەوانەیــە کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب لــە دانیشــتنی مانگــی تشرینــی یەکەمیــدا دووبــارە لەبــارەی کــورد پرســیار لــە نوێنــەری باوەڕپێکــراوی بەریتانیـا بـکات و دەزانـم بەڕێـزت خوازیـارن نوێنـەری باوەڕپێکـراو لەبـارەی سیاسـەتی بەخشـندەی حکومەتـی عێـراق [بەرانبـەر کـورد] قەناعـەت بـە کۆمسـیۆن بێنێـت. بـۆ پێکانــی ئــەم ئامانجــەش، پێویســتی بــە زانیاریــی تــەواو لەســەر جێبەجێکردنــی یاســای زمانــە خۆجێیــەکان هەیــە. هەروەهــا خۆشــحاڵ دەبــم ئەگــەر بەڕێــزت لــە زووتریــن کاتــدا لــە نیەتــی حکومەتــی عێــراق ئــاگادارم بکەیتــەوە لەبــارەی ئــەو پرســەی لەســەرەوە ئامــاژەم پێکــرد.

وەفادارتان

HISEXELEANCYNURI PASHA AL SA"ID, C. M. G., D.S.O

PRESIDENT OF THE COUNCIL OF MINISTERS, BAGHDAD.

کۆمەڵەی گەلان (ل ٣٠٨)

تکایە ئاماژە بە ژێدەری ژمارە... بکەن

جنێڤ

٢٣ی ئەیلوول ١٩٣١

بەڕێز مستر هاڵ (Mr. Hall)

یاداشتی بەڕێزت لە ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلوول ١٩٣١، بە دەستم گەیشت و خۆشحاڵم بە بیستنی ئەو هەواڵەی کە دواجار کۆپییەک لە یاداشتی بیستەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بە دەستت گەیشت.

لەبارەی یاسای زمانە خۆجێییەکان بۆ ناوچە کوردییەکانی عێراق، وەبیرهێنانەوەی بەڕێزت [کە کۆپیەکت لەم یاسایە بۆ جنێڤ ناردووە] دروستە. بەڕێزت لە مانگی تەمووزی ڕابردوو، چەند کۆپیەکی ئەم یاسایە کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسەندکراوە، خستەبەردەم کۆمسیۆنی ئینتیداب. ئەگەر لە بیرت بێت ئەو کۆپیانە بەسەر ئەندامانی کۆمسیۆنی ئینتیدابدا دابەشکران؛ بەڵام وادیارە کۆپیەکان لەسەر مێزی کۆمسیۆن بەجێماون، کاتێک لە میانەی دانیشتنی کۆمسیۆندا ڕاپۆرتەکان دابەش دەکرێن، بەجێهێشتنی ڕاپۆرتەکان زۆر بەکەمی ڕوو دەدات. لەوانەیە بەشێک لە ئەندامانی کۆمسیۆن چاویان بەم یاسایە نەکەوتبێت، بۆیە من دووبارە لە دانیشتنی بیست و یەکەمی کۆمسیۆندا کۆپی ئەم یاساییە بەسەر [ئەندامانی کۆمسیۆندا] دابەش دەکەمەوە، چونکە ئەو بەڵگەنامانەی لەمبارەوە لە بەردەستی ئێمەدان بەشی [ئەوە دەکەن بەسەر ئەندامانەدا دابەش بکرێن]، بۆیە پێویست ناکات کۆپیتر بنێرن، بەڵام ئەگەر هەندێك کۆپی زیادەتان هەبێت، باشترە هەندێک کۆپی لەگەڵ خۆتدا بهێنیت، چونکە لەوانەیە کۆمسیۆن گفتوگۆ لەبارەی یاساکە بکات.

دەزانم لە لیستی بەڵگەنامەکانی پێشکەشکراو بە کۆمسیۆن یاسای زمانە خۆجێیەکان وەک پاشکۆی یاداشتی بیست و یەکەمین دانیشتنی کۆمسیۆن ئاماژەی بۆکراوە. هەروەها ئاماژە بە ڕەشنووسی یاساکە دەدرێت کە لە یاداشتی نۆزدەیەمین دانیشتنی کۆمسیۆندا خراوەتەڕوو (لاپەڕەکانی ١٨٩-١٩١).

وەفادارتان

VITO CATASTINI

کۆمەڵەی گەلان (ل ٣٠٩-٣١٠)

جنێڤ

(6A/30628/516) (W.11661/5/98)

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

گەورەم،

هەروەک حکومەتی بەریتانیای گەورە ئاگادارە، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە شەست و چوارەمین دانیشتنیدا، چاوی بە کارەکانی بیستەمین دانیشتنی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب خشاند کە لە جنێڤ لە ماوەی نێوان ٩ بۆ ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٣١ بەڕێوەچوو.

بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە کۆبوونەوەی ٤ی ئەیلوول ١٩٣١دا، شەرەفمەندم ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب و یاداشتی کۆبوونەوەی ٤ی ئەیلوولتان بۆ ڕەوانە بکەم کە ڕاپۆرتی نوێنەری یۆگسلاڤیا و ڕاپۆرتدەرەکەی هاوپێچکراوە.

پرسی جێبەجێکردنی مەرجە گشتییەکان پێش کۆتایی هاتن بە ڕژێمی ئینتیداب لە وڵاتێکدا کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئینتیدابدایە لە پەرەگرافی ((A(1)ی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان تیشک خراوەتەسەر ئەو ئەنجامانەی لەلایەن کۆمسیۆنی ئینتیدابەوە خراونەتەڕوو، ئیزافەی بڕیاری ئەنجوومەن کراوە.

لە پەرەگرافی ((A(2) بڕیارەکەی ئەنجوومەندا، ئەنجوومەن داوای لێم کرد خشتەی ڕێککەوتنامە گشتییەکانی نێودەوڵەتی (general international conventions) چاپ و دابەش بکەم کە بە گوێرەی پێشنیازەکانی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، بەسەر هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی ئینتیدابدا جێبەجێ دەکرێن.

ئەنجوومەن بڕیاریداوە بۆچوونەکانی کۆمسیۆنی ئینتیداب بخاتە بەردەم حکومەتی بەریتانیای گەورە کە بە ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر فەلەستین و ناورۆ (Nauru) پەیوەستە و داوا لە حکومەتی بەریتانیا دەکات ئەو هەنگاوە بگرێتەبەر کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە خراوەتەڕوو.

کۆمسـیۆن تێبینیەکانـی لەبـارەی ڕاپۆرتـی تایبـەت بـە بەرەوپێشـچوونی عێـراق لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٢٠ تـا ١٩٣١، دەربـڕی و لـە پەرەگرافـی (C) بڕیارەکەیـدا داوای لێـم کـرد کـرد ئـەم بۆچوونانـە بخەمـە بـەردەم حکومەتـی بەریتانیـای مـەزن.

هەروەهـا ئەنجوومـەن داوای لێـم کـرد کـرد، حکومەتـی بەریتانیای مەزن لـە گرتنەبەری هەنـگاوی پێویسـت ئـاگادار بکەمـە کـە لـە پەرگرافـی (D) بڕیارەکەیـدا ئامـاژەی پێکـردووە لەبـارەی ڕێککەوتنەکانـی تایبـەت بـە هێڵـی نـەوت کـە هەرێمـی مووسـڵ بـە [دەریـای] سـپی ناوەڕاسـت (مەدیتەرانــە) گــرێ دەدات. گفتوگۆکانــی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیـداب و لێدوانـی نوێنـەری باوەڕپێکـراوی [بەریتانیـا] کـە لـە بڕیارەکـەی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گەلانـدا ئامـاژە پێـدراوە، لـە یاداشـتی بیسـتەمین دانیشـتنی کۆمسـیۆندا هەیـە کـە لـە ٢٠ی ئابـی ١٩٣١ بڵاوکرایـەوە (Document C.422.M.176.1931.VI).

دواجـار، ئەنجوومـەن بڕیارەکانـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیدابـی پەسـەند کـرد کـە تایبـەت بـوون بـە گفتوگۆکانـی کۆمسـیۆن لەبـارەی پرسـی عێـراق و فەڵەسـتین و داوای لێـم کـردووە ئـەم ئەنجامانـە بخەمـە بـەردەم حکومەتەکـەت و داواکارە پەیوەندیـدارەکان (petitioners concerned). بـۆ زانیـاری حکومەتەکـەت کۆپیـەک لـەو نـووسراوەی بـۆ داواکارەکان دەنێـرم، بـۆ ئێوەشـی هاوپێـچ دەکـەم. بـۆ نموونـە بـۆ داواکار مسـتر ئـە. ح. ڕەسـام (Mr. A. H. Rassam)، مسـتر یوسـف مالـک، کـە دوو کـوردی عێراقـن، تۆفیـق وەهبــی بــەگ، کۆمپانیــای گەشــەپێدانی نەوتــی بەریتانــی، کۆمیتــەی جێبەجێــکاری عــەرەب، ئاژانســی جوولەکــەکان و خاتــوو ئیڤێلیــن ئیڤانــس (Mrs. Evelyn Evans).

لەگەڵ ڕێزدا

واژوو: Eric Drummond

سکرتێری گشتی

(ل ٣١١)

(5A/22523/655)

تۆمارکراو

جنێڤ، ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

هاوکات بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە دانیشتنی ٤ی ئەیلوولی ١٩٣١، شەرەفمەندم بە بەڕێزت ڕابگەیێنم کە کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب لە بیستەمین دانیشتنیدا، لەبارەی داواکاریەکەی بەڕێزت لە ڕێکەوتی ٢٠ی نیسانی ١٩٣١، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

""بە بڕوای کۆمسیۆن ئەم داواکارییە بابەتێکی هێندە گرنگ نییە، تا وەک ڕاسپاردەیەک [بخرێتە بەردەم] ئەنجوومەنی [کۆمەڵەی گەلان]"".

ئەم ئەنجامگیرییەش لەلایەن ئەنجوومەنەوە پەسەندکراوە. بەم پێیە، بۆ زانیاریتان، کۆپیەک لەو ڕاپۆرتەی لەبارەی داواکارییەکەی بەڕێزت کە لەلایەن م. ئۆرتس (M. Orts)ەوە خراوەتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەخەمەڕوو کە ڕاپۆرتەکە هاوپێچی یاداشتی بیستەمین دانیشتنی کۆمسیۆن کراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

M. Yusuf Malek

55 Waqf al Myrian

Shara" Abullah Khalid

Beirut, Syria

تۆمارکراو (ل ٣١٢)

(6A 2413/655)

جنێڤ

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

بەپێـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە ٤ی ئەیلـوول ١٩٣١ کـە پشـت بـە ڕاسپاردەی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب بەسـتراوبوو، [ئەنجوومەن] منی ڕاسـپاردووە بەڕێـزت ئـاگادار بکەمـەوە کـە داواکارییەکـەت لـە ڕێکەوتـی ٩ی ئەیلـوول ١٩٣١ تیشـکی خرایەسـەر و کۆمەڵـەی گـەلان بەڕێـزت دڵنیـا دەکاتـەوە بەوپـەڕی هاوسـۆزی و هۆگرییەوە ڕێـز لـە مافەکانـی بەڕێـزت دەگیرێـت ئەگـەر بسـەلمێنرێت کـورد بـە وەفادارانـە بەشـداری لـە پاراسـتنی ئەمـن و بوژانـەوەی دەوڵەتـی عێراقـدا دەکـەن.

بـەم پێیـەش، بـۆ زانیاریتـان، مـن کۆپیـەک لـە ڕاپۆرتـی پەیوەسـت بـە داواکارییەکـەی بەڕێــزت کــە لەلایــەن م. ڕاپــراد (M. Rappard)ەوە خراوەتــە بــەردەم کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب دەخەمــەڕوو کــە ڕاپۆرتەکــە هاوپێچــی یاداشــتی بیســتەمین دانیشــتنی کۆمســیۆن کــراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

عەلــی ئیــن حەســەن، ســەرۆک خێــڵ؛ غــولام حوســێن، ســەرۆک خێڵــی ئۆلاگــەر (Aulager,)، تۆفیــق محەمــەد، ســەرۆک خێڵــی دەوڵەتــی (Daulati)؛ کەســایەتییە ناسراوەکانــی مەریــوان و خێڵەکانــی فەتالــی بــەگ (Fatali Beg).

تۆمارکراو (ل ٣١٣)

(6A 22413/655)

جنێڤ

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

بەپێــی بڕیــاری ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان لــە ٤ی ئەیلــوول ١٩٣١، کــە پشــت بــە ڕاســپاردەی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب بەســتراوبوو، [ئەنجوومــەن] منــی ڕاســپاردووە کــە بەڕێــزت ئــاگادار بکەمــەوە کــە داواکارییەکــەت لــە ڕێکەوتــی ٣١ی ئابــی ١٩٣١ تیشــکی خرایەســەر و کۆمەڵــەی گــەلان بەڕێــزت دڵنیــا دەکاتــەوە بەوپــەڕی هاوسـۆزی و هۆگرییـەوە ڕێـز لـە مافەکانـی بەڕێـزت دەگیرێـت ئەگـەر قەناعـەت بکرێـت کـورد وەفادارانـە بەشـداری لـە پاراسـتنی ئەمـن و بوژانـەوەی دەوڵەتـی عێراقـدا دەکـەن.

بـەم پێیـەش، بـۆ زانیاریتـان، مـن کۆپیـەک لـە ڕاپۆرتـی پەیوەسـت بـە داواکارییەکـەی بەڕێــزت کــە لەلایــەن م. ڕاپــراد (M. Rappard)ەوە خراوەتــە بــەردەم کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب دەخەمــەڕوو کــە ڕاپۆرتەکــە هاوپێچــی یاداشــتی بیســتەمین دانیشــتنی کۆمســیۆن کــراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

عەزمــی بابــان، محەمــەد ئاغــا، عەبدولڕەحــمان ئاغــا، عــزەت بــەگ، عەبدولڕەحــمان ئەحمــەد پاشــا، محەمــەد ســاڵح بــەگ، مەجیــد جــاف، فایــق بابــان، محەمــەد گوڵانــەی، شــەفیق ڕەشــید پاشــا، ڕەمــزی تۆفیــق قــەزاز.

سلێمانی، عێراق.

تۆمارکراو (ل ٣١٤)

(6A 22413/655)

جنێڤ

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ٤ی ئەیلوول ١٩٣١، پشت بەستراوبوو بە ڕاسپاردەی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، [ئەنجوومەن] منی ڕاسپاردووە بەڕێزت ئاگادار بکەمەوە داواکارییەکەت لە ڕێکەوتی ٧ی ئەیلوول ١٩٣١ تیشکی خرایەسەر و کۆمەڵەی گەلان بەڕێزت دڵنیا دەکاتەوە بەوپەڕی هاوسۆزی و هۆگرییەوە ڕێز لە مافەکانی بەڕێزت دەگیرێت ئەگەر قەناعەت بکرێت کە کورد وەفادارانە بەشداری لە پاراستنی ئەمن و بوژانەوەی دەوڵەتی عێراقدا دەکەن.

بەم پێیەش، بۆ زانیاریتان، من کۆپیەک لە ڕاپۆرتی پەیوەست بە داواکارییەکەی بەڕێزت کە لەلایەن م. ڕاپراد (M. Rappard)ەوە خراوەتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەخەمەڕوو کە ڕاپۆرتەکە هاوپێچی یاداشتی بیستەمین دانیشتنی کۆمسیۆن کراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

خاتوو حەفسەی نەقیبزادە (Mrs. Naqibzadah Hafsah)

سلێمانی

تۆمارکراو (ل ٣١٥)

(6A 22413/655)

جنێڤ

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

بەپێـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵەی گـەلان لە ٤ی ئەیلوول ١٩٣١، پشـت بەسـتراوبوو بــە ڕاســپاردەی کۆمســیۆنی هەمیشــەیی ئینتیــداب، [ئەنجوومــەن] منــی ڕاســپاردووە بەڕێـزت ئـاگادار بکەمـەوە داواکارییەکـەت لـە ڕێکەوتـی ٩ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣١، تیشـکی خرایەسـەر و کۆمەڵـەی گـەلان بەڕێـزت دڵنیـا دەکاتـەوە بەوپـەڕی هاوسـۆزی و هۆگرییـەوە ڕێـز لـە مافەکانـی بەڕێـزت دەگیرێـت ئەگـەر قەناعـەت بکرێـت کـورد وەفادارانـە بەشـداری لـە پاراسـتنی ئەمـن و بوژانـەوەی دەوڵەتـی عێراقـدا دەکـەن.

بـەم پێیـەش، بـۆ زانیاریتـان، مـن کۆپیـەک لـە ڕاپۆرتـی پەیوەسـت بـە داواکارییەکـەی بەڕێـزت کـە لەلایـەن م. ڕاپـراد (M. Rappard)ەوە خراوەتـە بـەردەم کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب دەخەمـەڕوو، ڕاپۆرتەکـە هاوپێچـی یاداشـتی بیسـتەمین دانیشـتنی کۆمسـیۆن کـراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

تۆمارکراو (ل ٣١٦)

(6A 22413/655)

جنێڤ

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ٤ی ئەیلوول ١٩٣١، پشت بەستراوبوو بە ڕاسپاردەی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، [ئەنجوومەن] منی ڕاسپاردووە بەڕێزت ئاگادار بکەمەوە داواکارییەکەت لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١، تیشکی خرایەسەر و کۆمەڵەی گەلان بەڕێزت دڵنیا دەکاتەوە بەوپەڕی هاوسۆزی و هۆگرییەوە ڕێز لە مافەکانی بەڕێزت دەگیرێت ئەگەر قەناعەت بکرێت کورد وەفادارانە بەشداری لە پاراستنی ئەمن و بوژانەوەی دەوڵەتی عێراقدا دەکەن.

بەم پێیەش، بۆ زانیاریتان، من کۆپیەک لە ڕاپۆرتی پەیوەست بە داواکارییەکەی بەڕێزت کە لەلایەن م. ڕاپراد (M. Rappard)ەوە خراوەتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەخەمەڕوو، ڕاپۆرتەکە هاوپێچی یاداشتی بیستەمین دانیشتنی کۆمسیۆن کراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

جەعفەر سوڵتان، سەرۆکی هەمیشەیی خێڵی هەورامان (Auraman)؛ ئەفراسیاب بەگ ڕۆستەم سوڵتانزادە؛ مستەفا بەگ سالاری جەنگ جەعفەر سوڵتانزادە؛ نادرخان سەرۆکی خێڵی حەسەن سوڵتان، هەورامانی خوواروو (Lower Auraman)،

عێراق

تۆمارکراو (ل ٣١٧)

(6A 22413/655)

جنێڤ

٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ٤ی ئەیلوول ١٩٣١، پشت بەستراوبوو بە ڕاسپاردەی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، [ئەنجوومەن] منی ڕاسپاردووە بەڕێزت ئاگادار بکەمەوە داواکارییەکەت لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١، تیشکی خرایەسەر و کۆمەڵەی گەلان بەڕێزت دڵنیا دەکاتەوە بەوپەڕی هاوسۆزی و هۆگرییەوە ڕێز لە مافەکانی بەڕێزت دەگیرێت ئەگەر قەناعەت بکرێت کورد وەفادارانە بەشداری لە پاراستنی ئەمن و بوژانەوەی دەوڵەتی عێراقدا دەکەن.

بەم پێیەش، بۆ زانیاریتان، من کۆپیەک لە ڕاپۆرتی پەیوەست بە داواکارییەکەی بەڕێزت کە لەلایەن م. ڕاپراد (M. Rappard)ەوە خراوەتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەخەمەڕوو، ڕاپۆرتەکە هاوپێچی یاداشتی بیستەمین دانیشتنی کۆمسیۆن کراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

حەمەمین ئاغا خورشید ئاغا؛ عەلی ئاغای مستەفا ئاغا؛ ئەحمەد ئاگای حەمە ئاغا؛ نامیق ئاغای قادر ئاغا؛ سەرۆکی خێڵی داوده (Dauda) و دانیشتووانی لیوای کەرکووک . ناوچەی (district) کەرکووک ، عێراق.

کۆپی (ل ٣١٨)

تۆمارکراو

(6A 22413/655) (6A 22413/655)

جنێڤ، ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ٤ی ئەیلوول ١٩٣١، پشت بەستراوبوو بە ڕاسپاردەی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، [ئەنجوومەن] منی ڕاسپاردووە بەڕێزت ئاگادار بکەمەوە داواکارییەکەت لە ڕێکەوتی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١، تیشکی خرایەسەر و کۆمەڵەی گەلان بەڕێزت دڵنیا دەکاتەوە بەوپەڕی هاوسۆزی و هۆگرییەوە ڕێز لە مافەکانی بەڕێزت دەگیرێت ئەگەر قەناعەت بکرێت کورد وەفادارانە بەشداری لە پاراستنی ئەمن و بوژانەوەی دەوڵەتی عێراقدا دەکەن.

بەم پێیەش، بۆ زانیاریتان، من کۆپیەک لە ڕاپۆرتی پەیوەست بە داواکارییەکەی بەڕێزت کە لەلایەن م. ڕاپراد (M. Rappard)ەوە خراوەتە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب دەخەمەڕوو، ڕاپۆرتەکە هاوپێچی یاداشتی بیستەمین دانیشتنی کۆمسیۆن کراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

تۆفیق وەهبی بەگ، مەحەلەی سیناک (Sinak Mahallah)

بەغدا، عێراق

کۆپی (ل ٣١٩) تۆمارکراو

(6A 22413/655) (6A 22413/655)

جنێڤ ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەڕێز،

بەپێـی بڕیـاری ئەنجوومەنـی کۆمەڵەی گـەلان لە ٤ی ئەیلوول ١٩٣١، پشـت بەسـتراوبوو بـە ڕاسـپاردەی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب، [ئەنجوومـەن] منـی ڕاسـپاردووە بەڕێـزت ئـاگادار بکەمـەوە داواکارییەکـەت لـە ڕێکەوتـی ٩ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣١، تیشـکی خرایەسـەر و کۆمەڵـەی گـەلان بەڕێـزت دڵنیـا دەکاتـەوە بەوپـەڕی هاوسـۆزی و هۆگرییـەوە ڕێـز لـە مافەکانـی بەڕێـزت دەگیرێـت ئەگـەر قەناعـەت بکرێـت کـورد وەفادارانـە بەشـداری لـە پاراسـتنی ئەمـن و بوژانـەوەی دەوڵەتـی عێراقـدا دەکـەن.

بـەم پێیـەش، بـۆ زانیاریتـان، مـن کۆپیـەک لـە ڕاپۆرتـی پەیوەسـت بـە داواکارییەکـەی بەڕێـزت کـە لەلایەن م. ڕاپراد (M. Rappard)ەوە خراوەتە بەردەم کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیداب دەخەمەڕوو، ڕاپۆرتەکە هاوپێچی یاداشـتی بیسـتەمین دانیشـتنی کۆمسیۆن کراوە.

خزمەتکارتان

واژوو: Vito Catastini

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

The Secretary,

British Oil Development Company, Ltd.,

8 Frederick"s Place, London, E.C.2.

زۆر نهێنی (ل ٣٢٠)

شوێنی مانەوە، بەغدا، ٤ی تشرینی دووەم ١٩٣١

بەڕێز،

١. شــەرەفمەندم بەڕێــزت ئــاگادار بکەمــەوە کــە ئاگادارکراومەتــەوە بەشــی ئینتیدابــی ســـەر بـــە کۆمەڵـــەی گـــەلان وەڵامـــی واژووکارانـــی داواکارییەکانـــی کـــورد کـــە کۆمســـیۆنی هەمیشـــەیی ئینتیـــداب لـــە بیســـتەمین دانیشـــتنیدا لـــە مانگـــی جـــولای ڕابـــردوو تیشـــکی خستەســـەر ناردووەتـــەوە.

٢. وەك گریمانـــە دەکرێـــت وەڵامـــەکان وەک ئەنجامگیرییەکانـــی کۆمســـیۆنی هەمیشـــەیی ئینتیـــداب لەســـەر ئـــەم داواکارییانـــە داڕێـــژراون؛ بۆیـــە خۆشـــحاڵ دەبـــم، ئەگـــەر بەڕێـــزت هـــاوڕا بیـــت، بـــۆ زانیـــاری خـــۆم چەنـــد کۆپییـــەک لـــە وەڵامەکانـــی [کۆمســـیۆنم] بـــۆ بنێریـــت.

٣. هـــەر لەمبـــارەوە شـــەرەفمەندم داوای نـــووسراوی زۆر زۆر نهێنـــی لـــۆرد پەســـفیلد بـــە ژمـــارە “D” لـــە ڕێکەوتـــی ٦ی ئـــاداری ١٩٣٠ بکـــەم کـــە کۆپیـــەک لـــە وەڵامـــی [کۆمســـیۆنی] بـــۆ داواکارە کوردەکانـــی (Kurdish petitioners) نـــاردووە و نووسراوەکەیـــان (communication) لـــە نۆزدەیەمیـــن دانیشـــتنی کۆمســـیۆنی هەمیشـــەیی ئینتیـــداب، گفتوگـــۆی لەســـەر کـــرا.

گەورەم،

شەرەفمەندم کە بەوەفاترین خزمەتکاری بەڕێزت بم.

H. Young The The Right Honourable

J. H. Thomas, P. C., M. P., The Secretary of State for the Colonies

Downing Street, London, S, W, 1

لـە هـەر جـۆرە ئامـاژەدان بـەم بابەتـە تکایـە ئامـاژە بکـە بـە نـووسراوی ژمـارە (٩٣/٣١/٢٥٤٢٦)

هەروەهـا ئاڕاسـتەکراوە بـۆ- نـاوی هیـچ کەسـێک نەهێنرێـت- ""جیگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە"" (Under-Secretary of State). وەزارەتـی دەرەوە، لەنـدەن، S. W. 1

جێگری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی پێشـکەش دەکات بـە: جێگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بـۆ کاروبـاری کۆلۆنیـال، هەروەهـا بـە ڕێنمایـی وەزیـری کاروبـاری دەرەوە، چەنـد کۆپیـەک لـەم نـووسراوەی خـوارەوە دەخاتـەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە ٢ی تشرینی دووەم ١٩٣١

ئامـاژە بـە نـووسراوی پێشـوو: یاداشـتی نووسـینگەی مسـتەعمەرات بـە ژمـارە (٣١/١/٨٨٢٢٧)، لـە ڕێکەوتـی ٣٠ی تشرینـی یەکەمـی [١٩٣١]

وەسفی نووسراوەکە

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| کۆمەڵەی گەلان، ٣٠ی تشرینی یەکەم | داواکاریـی خاتـوو ئاسـیە تۆفیـق، لەبـارەی دەسـتگیرکردنی هاوسـەرەکەی [تۆفیـق وەهبـی] و چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کوردەکانـی عێـراق [لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە] |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ...

14-5180 (2)

(ل ٣٢٢)

(R5426/31/23)

S.W.1 ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١

بەپەلە

گەورەم،

١. ""ئاماژە بە یاداشتی وەزارەتی دەرەوە بە ژمارە (E 3052/31/93) لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیران کە تایبەتە بە داواکاری تۆفیق وەهبی بەگ و بە ناونیشانی کوردەکانی عێراق پێشکەش بە سەرۆکی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب کراوە؛ لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە ڕاسپێردراوم دەقی ڕەسەنی داواکارییەکەی ئاسیە تۆفیق، هاوسەری ناوبراو لە سەرەوە، ئاڕاستەی کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیدابی کردبوو، بۆتان ڕەوانە بکەم.

٢. ئـەو هۆکارانـەی بـووە هـۆی دەسـتگیرکردنی تۆفیـق وەهبـی بـەگ، کـە داواکارەکـەی سـەرەوە لەبـارەی دەسـتگیرکردنەکەی ناڕەزایەتـی خـۆی دەربڕیـوە، لەلایـەن نوێنـەری باوەڕپێکـراوی شانشـینی یەکگرتـوو لـە دانیشـتنی مانگـی حوزەیرانـی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب لـە دەسـپێکی لێدوانەکەیـدا بـۆ بـەردەم کۆمسـیۆن بـە تێروتەسـەلی بـاس کـردووە. حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە شانشـینی یەکگرتـوو هیـچ قسـەیەکیتری نییـە بخاتەسـەر ئـەم لێدوانـە کـە لـە لاپـەڕەی ١٢٣ی یاداشـتی بیسـتەمین دانیشـتنی کۆمسـیۆندا تۆمـار کـراوە. هـەروەک لـە لێدوانەکـەدا دەردەکەوێـت، تۆفیـق وەهبـی بـە بـێ مـەرج لـە دوای دوو هەفتـە لـە ڕێککەوتـی پێشکەشـکردنی ئـەم داوکارییـە [واتـە داواکاری ئاسـیە تۆفیـق] ئازادکـراوە.

٣. لـۆرد ریدینـگ (Lord Reading) خۆشـحاڵ دەبێـت ئەگـەر بەڕێـزت داواکاریەکـە لەگـەڵ ڕوونکردنەوەیـەک لەسـەر پەرەگرافـی پێشـوو [واتـە پەرەگرافـی ٢] بخەیتـە بـەردەم کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب.

گەورەم

خزمەتکاری بەوەفای بەڕێزتم

سکرتێری گشتی، کۆمەڵەی گەلان

وەزارەتی دەرەوە S.W.1 (ل ٣٢٣)

(E5251/31/93)

١٧ی تشرینی دووەم ١٩٣١

بەڕێز هاڵ (Hall)

لەوانەیە بەڕێزت لەبیرت بێت لە کۆبوونەوەکەمان لە ڕێککەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەمی [١٩٣١]، کە تایبەت بوو بە چاوخشاندن بە ڕەشنووسی دەستپێکی لێدوانەکانی سێر ف. هامفرێس لەسەر عێراق کە لە بەردەم کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب ئەم لێدوانەیدا و بەڕێزت ئاماژەت بە چەند ڕێکارێکی نوێ یاخود چەند ڕێنماییەکی کارپێکراو کرد کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، ئەگەر هەڵە نەبم، لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی یەکەمی دەرکراوە و تایبەت بوو بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک بەندی یاسای زمانە خۆجێییەکان، بە تایبەتی لەبارتەی جێگۆڕکردنی ئەو فەرمانبەرانەی زمانی کوردی نازانن [بەو فەرمانبەرانەی زمانی کوردی دەزانن].

دوای کۆبوونەوەکە، بۆ بەڕێزت ئاماژەم بەوە کرد کە دوایین زانیاری لەبارەی هەڵوێستی حکومەتی عێراق لەبارەی یاسای زمانە خۆجێیەکان لە بەردەستی ئێمەدایە، بریتییە لە نامەکەی یۆنگ (Young) بە ژمارە (P.P. 142) لە ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلوولی [١٩٣١] کە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق ناردبووی، بەڕێزت کۆپیەکت لەو یاداشتە هاوپێچی نامەکەی خۆت بە ژمارەی (88020/31/Iraq) لە ڕێکەوتی ١٩ی تشرینی یەکەمی کردبوو و بۆ ئێمەت ناردبوو. دواتر بەڕێزت بەڵێنت پێمدا کە کۆپیەک لە بڕیاری ٧ی تشرینی یەکەم و هەر زانیارییێکیترم پێبدەیت، تا زانیارییەکانی ئێمە لەسەر ئەم دۆسیەیە [دۆسێی زمانە خۆجێیەکان] زانیاری دیاربێت.

تا ئێستا هیچ کۆپییەک لە بڕیاری ٧ی تشرینی یەکەم بە دەست ئێمە نەگەیشتووە و داوام لێ کراوە وەبیرتانی بێنمەوە [کۆپیەک لەم نووسراوەمان بۆ بنێرن] تا بەڵگەنامەکانی بەردەست ئێمە کامڵ بکرێن.

خزمەتکارتان

G. W. Rendel

J. H. Hall, Esq., D.S.O., M.C.

لـە هــەر جـۆرە ئامـاژەدان بـەم بابەتـە تکایـە ئامـاژە بکـە بـە نـووسراوی ژمـارە (E 5426/31/93)

هەروەهـا ئاڕاسـتەکراوە بـۆ- نـاوی هیـچ کەسـێک نەهێنرێـت- ""جیگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە"" (Under-Secretary of State). وەزارەتـی دەرەوە، لەنـدەن، S. W. 1

جێگـری وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بۆچوونەکانـی خـۆی پێشـکەش دەکات بـە: جێگـری وەزیـری کاروبــاری دەرەوە بــۆ کاروبــاری کۆلۆنیــال، هەروەهــا بــە ڕێنمایــی وەزیــری کاروبـاری دەرەوە، چەنـد کۆپیـەک لـەم نـووسراوەی خـوارەوە دەخاتـەڕوو.

وەزارەتی دەرەوە

١٧ی تشرینی دووەم ١٩٣١

ئامـاژە بـە نـووسراوی پێشـوو: یاداشـتی وەزارەتـی دەرەوە بـە ژمـارە (٩٣/٣١/٥٤٢٦)، لـە ڕێکەوتـی ٢ی تشرینـی دووەم [١٩٣١]

وەسفی نووسراوەکە

| ناو و ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| کۆمەڵەی گەلان، ژمارە (6A/22413/655) لە ڕێکەوتی ١٠ی تشرینی دووەم | داواکاری خاتــوو ئاســیە تۆفیــق، لەبــارەی دەســتگیرکردنی هاوســەرەکەی [تۆفیــق وەهبــی] و چۆنیەتــی مامەڵەکــردن لەگــەڵ کوردەکانــی عێــراق [لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە] |

نووسراوێکی هاوشێوە نێردراوە بۆ...

14-5180 (2)

کۆپی (ل٣٢٥)

(E 5426/31/93)

(6A/22413/655)

کۆمەڵەی گەلان

جنێڤ

١٠ی تشرینی دووەم ١٩٣١

گەورەم،

شـــەرەفمەندم ئاگادارتـــان بکەمـــەوە کـــە نامەکەتـــان بـــە ژمـــارە (E 5426/31/93) لـــە ڕێکەوتـــی ٣٠ی تشرینـــی یەکەمـــی ١٩٣١، هاوپێـــچ لەگـــەڵ دەقـــی ڕەســـەنی داواکارییەکـەی خاتـوو ئاسـیە تۆفیـق، کـە ئاڕاسـتەی کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب کرابـــوو، بەدەســـتمان گەیشـــت.

نامەکـەی بەڕێـزت و هاوپێچەکـەی خراوتەبـەردەم دانیشـتنی ئێسـتای کۆمسـیۆنی هەمیشـەیی ئینتیـداب.

خزمەتکارتان....

واژوو: [Vito Catastini]

بەڕێوەبەری بەشی ئینتیداب

The Right Honourable The Secretary of State for Foreign Affairs, Foreign Office, Downing Street, London, S, W, 1

نهێنی (ل ٣٢٦-٣٢٧)

ژمارە:P.O.156

شوێنی مانەوە

بەغدا

٢١ی تشرینی دووەم ١٩٣١

بەڕێز سەرۆک وەزیر

بـە تامەزرۆییـەوە نامەکـەی بەڕێزتـم بـە ژمـارە ٤٠٩٤، لـە ڕێکەوتـی ٧ی نۆڤەمبـەر ١٩٣١ خوێنـدەوە کـە بـۆ مێجـەر یۆنگـت ناردبـوو و تێیـدا ئاماژەتـان بـە هەنگاوەکانـی حکومەتـی عێـراق کردبـوو بـۆ جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان.

تێبینـی ئـەو گرفتانـەم کـرد کـە لـە هەڵبژاردنـی شـێوەزاری کـوردی لـە قـەزا کوردییەکانـی لیـوای مووسـڵ دێنەکایـەوە؛ لـەو بڕوایـەدام کۆمیتـەی تایبـەت کـە لـە مووسـڵ دادەمەزرێـت، دەتوانێـت لەبـارەی ئـەم پرسـە بـە چارەسـەرییەکی بـاش بـگات. خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر بەڕێـزت لـە ئەنجامەکانـی ئـەم کۆمیتەیـە پێـی دەگات ئـاگادارم بکەیتـەوە.

هەروەهـا تێبینـی ئـەوەم کـردووە بەڕێـزت سـەرنجتان داوەتـە سـەر کەمکردنـەوەی ژمـارەی ئـەو فەرمانبەرانـەی لـە لیـوا کوردییەکانـدا دامـەزراون و زمانـی کـوردی نازانـن؛ هیـوادارم ئـەو ڕێنماییانـەی بـە فەرمانـی بەڕێـزت بـۆ گشـت وەزارەتـەکان دەرکـراوە، ببێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ژمارەیەکـی بەرچـاوی ئـەم جـۆرە فەرمانبەرانـە.

لەبـارەی زمانـی خوێنـدن لـە قوتابخانەکانـدا، خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر بەڕێـزت ئـاگادارم بکەیتـەوە ڕاسـپاردەکانی کۆمیتـەی لیـواکان کـە بەڕێـزت لـە پەرەگرافـی "د"ی نامەکەتـان ئاماژەتـان پێدابـوو، بـە فەرمـی پەسـەندکراوە. مـن پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم پێـش پەسـەندکردنی ئـەو ڕاسـپاردانە ڕاوێـژ لەگـەڵ وەزارەتـی پـەروەردەدا بکرێـت (وادیـارە هیـچ ڕۆڵێکـی لـە پێکهێنانـی ئـەم کۆمیتانـەدا نەبـووە)؛ هەروەهـا

سـەرنجەکانی سـێر کینهـان کۆرنوالیـس (Sir Kinahan Cornwallis) کـە پێشـکەش بـە کۆمیتەکانـی کەرکـووک و مووسـڵی کردبـوو، بـە وردی لەبەرچاوبگیرێـن.

خزمەتکارتان...

واژوو: F. H. Humphrys

خاوەنشکۆ نوری پاشا ئەلسەعید،
سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران،
عێراق

نهێنی (ل ٣٢٨)

ئامـاژە بـە نـووسراوی پێشـوو: نـووسراوی کۆمسـیاری بـاڵا بـە وەکالـەت بـە ژمـارە (C.O.982) لـە ڕێکەوتـی ٢٥ی ئەیلـوول ١٩٣١.

(بابەتی چوارەمی بەرنامەی کار)

شوێنی مانەوە بەغدا، ٢٣ی تشرینی دووەم ١٩٣١

گەورەم،

شـەرەفمەندم بـۆ زانیـاری بەڕێـزت کۆپییـەک لـە ڕاپۆرتـی خـوارەوە بخەمـەڕوو کـە بـە یاسـای زمانـە خۆجییـەکان پەیوەسـتە.

گەورەم، شەرەفمەندم ملکەچترین و بەوەفاترین خزمەتکارتان بم.

F. H. Humpgrys

وەزیری سەرەکی حکومەتی خاوەنشکۆ بۆ کاروباری کۆلۆنیال

(His Majesty"s Principal Secretary of State for the Colonies)

وەسفی نووسراوەکە

| ڕێکەوت | بابەت |
|---|---|
| ٧ی تشرینی دووەم ١٩٣١ | یاداشتی ژمارە ٤٠٩٤، لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عێراق. |
| ٢١ی تشرینی دووەم ١٩٣١ | یاداشتی ژمارە (P.O 156) بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق |

نهێنی (ل ٣٢٩-٣٣٢)

ژمارە: ٤٠٩٤

نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران

بەغدا، ٧ی تشرینی دووەم ١٩٣١.

بەڕێز یۆنگ (Young)

ئاماژە بە نامەکەی بەڕێزت بە ژمارە (P.O/142) لە ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣١. ئێستا لە پێگەیەکدام دەتوانم لەو هەنگاوانە ئاگادارتان بکەمەوە کە بۆ جێبەجێکردنی یاسای زمانە خۆجێییەکان گیراونەتەبەر.

**١ شێوازی ئەو شێوەزارە کوردییەی لە قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ بەکاردەهێنرێت:**

لە ١٩ی مانگی ئەیلوول ڕابردوودا، وەزارەتی ناخۆ فەرمانی بە موتەسەڕیفی مووسڵ کرد تا چەند کۆمیتەیەک بۆ قەزا کوردییەکانی لیوای مووسڵ پێکبهێنێت تا لەسەر ئەو شێوەزارە کوردییەی لە لایەن دانیشتوانی ئەو قەزایانە [ و بەکارهێنانی لە کاروباری فەرمیدا] وەزارەت ئاگادار بکاتەوە. هەروەها داوا لە موتەسەڕیف کرا ڕاپۆرتی ئەم کۆمیتانە هاوپێچ لەگەڵ سەرنجەکانی خۆی پێش ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠، بۆ بەغدا بنێرێت. لەم ڕوانگەیەوە هیوادارم ئەم بابەتە لە کاتی خۆیدا چارەسەر بکرێت، تا نوێنەری حکومەتی خاوەنشکۆی بەریتانیا بتوانێت لە دانیشتنی مانگی ئۆکتوبەری کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب، ئەنجامەکانی [ئەم ڕێکارە] بخاتەڕوو.

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمدا موتەسەڕیف ئەنجامی ڕاپۆرتی ئەم کۆمیتانەی خستەبەردەم وەزارەتی ناوخۆ و بیروبۆچونەکانی لەم ڕاپۆرتانەدا خراونەتەڕوو، بیروبۆچوونی جۆراوجۆرن. کۆمیتەی قەزای زاخۆ داوای کردووە شێوەزاری بادینی لە دامودەزگا کارگێڕییەکان و لە دادگاکاندا بەکاربهێنرێت؛ هاوکات زمانی عەرەبیش وەک زمانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا بەکاربهێنرێت. هەروەها کۆمیتەی قەزای ئاکرێش داوای کردووە شێوەزاری بادینی لە سەرتاسەری قەزاکەدا بەکاربهێنرێت. ئەندامانی کۆمیتەی

ئامێـدی بەسـەر دوو بەشـدا دابـەش بوونە، بەشـێک داوای بەکارهێنانی شـێوەزاری سـۆرانی دەکات و بەشـێکیتریش داوای بەکارهێنانـی شـێوەزاری بادینـی دەکات.

لـه خسـتنەڕووی ڕاسـپاردەکانی ئـەو کۆمیتانـه بـۆ بـەردەم وەزارەتـی ناوخـۆ، موتەسـەڕیفی لیـوای مووسـڵ بـه باشـی دەزانێـت شـێوەزاری ماکریـە (Makriyah dialect) بـەکار بهێنرێـت کـه لـه هـەردوو شـێوەزاری بادینـی و سـۆرانی نزیکـه و بکرێتـه زمانـی فەرمـی؛ کۆمەڵێـک وشـەی ئـەم شـێوەزارە لـە شـێوەزاری بادینـی وەرگیـراوە. هەروەهـا بـه هـۆی جیـاوازی لـه نێـوان بۆچوونـی کۆمیتـە جۆراوجۆرەکانـدا و بەهـۆی ناردنـی تەلەگـرام و داواکاری جۆراوجـۆر کـه لـه سـێ قـەزاوە بـۆ موتەسـەڕیف نێـردراوە، دژی ئـەم ڕاسپاردەیە وەسـتاون؛ بۆیـه موتەسـەڕیف ڕاسـپاردەی کـردووە کۆبوونەوەیەکـی گشـتی لـه مووسـڵ بەڕێـوە بچێـت و نوێنـەری هەڵبژێـردراوی قـەزا جۆراوجـۆرەکان تێیـدا بەشـدار بـن و داوایـان لێبکرێـت شـێوەزارێک هەڵبژێـرن تـا لـه گشـت قـەزا کوردییەکانـی ئـەم لیوایـەدا بـەکار بهێنرێـت. وەزارەتـی ناوخـۆ ئـەم ڕاسـپاردەیەی پەسـەند کـردووە و فەرمانـی پێویسـتی بـۆ موتەسـەڕیف دەرکـردووە کـه ئـەم کۆبوونەوەیـه گـرێ بـدات و ئـەو ڕاسـپاردانەی لـەم کۆبوونەوەیـەدا دەگیرێنەبـەر بـۆ [وەزارەتـی ناوخـۆ] بنێرێـت.

**ب فەرمانبەران لە هەرێمی کورد (officials in the Kurdish zone)**

لـه ٧ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٣١دا، لـه وەزارەتـی ناوخـۆ و بـه سـەرۆکایەتی خـۆم، کۆبوونەوەیـەك گرێـدرا و تێیـدا بـاس لـەوە کـرا چـۆن یاسـای زمانـه خۆجێیـەکان جێبەجـێ بکرێـت. کۆمەڵێـک ڕاوێـژکار، وەزیـر و سـەرۆک بەشـەکان لـەم کۆبوونەوەیـەدا ئامـادە بـوون. لـەم کۆبوونەوەیـدا بـه تایبـەت بـاس لـه پرسـی فەرمانبەرانـی ناوچـە کوردییـەکان و ئـەو خاڵـە کـرا کـە دەبـێ فەرمانبەرانـی ئـەم ناوچانـە زمانـی کـوردی بزانـن. دوای ئـەم کۆبوونەوەیـە، جیـا لـە وەزارەتـی بەرگـری و کاروبـاری دەرەوە، یاداشـتێکم بـۆ گشـت وەزارەتـەکان نـارد و لیسـتی نـاوی ئـەو فەرمانبەرانـم هاوپێچکـرد کـه ناتوانـن بـه زمانـی کـوردی قسـه بکـەن؛ هەروەها یاداشـتی ئـەم کۆبوونەوەیەشـم هاوپێچ کـرد و داوام لێکردن بـاس لـەو ڕێکارانـە بکەیـن کـە پێویسـتە بگیرێنەبـەر (چ هەنگاوێـک ئـەوان دەگرنەبـەر) بـۆ گۆڕینـەوەی ئـەو فەرمانبەرانـە [بـەو فەرمانبەرانـەی زمانـی کوردیـش دەزانـن] یاخـود

ئامـاژە بـەو ڕێنماییانـە بکـەن کـە بـۆ گۆڕینـی ئـەو فەرمانبەرانـە گیراوتەبـەر، کۆپیـەک لـە وەرگێڕانـی ئـەم یاداشـتە کـە تێـدا ئامـاژە بـە بەبەتەکانـی دییـش کـراوە، هاوپێـچ لەگـەڵ یاداشـتی کۆبوونەوەکـە لـە ڕێگـەی وەزارەتـی ناوخـۆوە بـۆ بەڕێزتـان نێـردراوە.

**ج دامەزراندنی ئەفسەری پۆلیسی کورد لە ناوچە کوردییەکان.**

لەلایـەن بەڕێوەبـەری گشـتی پۆلیـس ئـاگادار کراومەتـەوە، گشـت هەوڵەکانـی خـۆی وەگەرخسـتووە و هەنـگاوی پێویسـتی گرتووەتەبـەر بـۆ دۆزینـەوەی پیـاوی گەنـج لـە نەتـەوەی کـورد کـە لێهاتوویـی ئەوەیان هەبێـت لە قوتابخانـەی پۆلیـس وەربگیرێن تا وەک فەرمانـدەی یاریـدەردەری پۆلیـس و لێکۆڵـەری پۆلیـس، مەشـق و ڕاهێنـان ببینـن؛ بەڵام لەم کارەدا سـەرکەوتوو نەبـووە. بێجگـە لەمـەش حاڵیحـازر لـەم قوتابخانەیـەدا ٨١ قوتابـی هەن کـە ٣١ لـەم قوتابیانـە (٧ کـورد، ١٠ تورکـمان و ١٤ عـەرەب) زمانـی کـوردی دەزانـن.

**د زمانی خوێندن**

وەزارەتـی ناوخـۆ لـە بـارەگای لیواکانـی مووسـڵ، کەرکـووک، هەولێـر و سـلێمانی چەنـد کۆمیتەیەکـی دامەزراندووە (بە سـەرۆکایەتی موتەسـەڕیفی هەر لیوایـەک) کە پێکهاتووە لە هـەر یـەک لـە نوێنەرەکانی پەرلەمانـی (deputies) [ئـەم لیوایانە]، ئەندامانـی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتـی و شـارەوانیەکان، بەڕێوەبـەری ناوچـە یاخـود لیکۆڵـەری پەروەردەیـی هەر لیوایـەک، تـا بڕیـار بـدەن بـە پێـی بەنـدی ٦ی یاسـای زمانـە خۆجێییـەکان چ زمانێـک لـە قوتابخانەکانـدا بەکاربهێنرێـت. ئەمـەی خوارەوە پوختەیەکە لە ڕاسپاردەکانی ئـەو کۆمیتانە:

**لیـــوای هەولێـــر:** بــۆ بەردەوامیـــدان بـــە بارودۆخـــی بەرقـــەرار، یەکێـــک لـــە دوو قوتابخانـــەی ســـەرەتایی [ئـــەم لیوایـــە] خوێنـــدن تێیـــدا بـــە زمانـــی کـــوردی دەبێـــت و ئەویتریـــان بـــە زمانـــی عەرەبـــی.

**لیـوای سـلێمانی:** خوێنـدن لـە گشـت قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا (elementary and primary schools) بـە زمانـی کـوردی دەبێـت، ژمارەیـەک لـە وانەکانـی عەرەبـی بـۆ پۆلـی پێنجـەم و شەشـەمی سـەرەتایی (primary) بـۆ مـاوەی ٥ بـۆ ٧ [کاتژمێـر بـە وانـەی] ئـەو پۆلانـە زیـاد دەکرێـت.

**لیوای کەرکووک :**

١. کــوردی زمانــی خوێنــدن دەبێــت لــە گشــت قوتابخانەکانــی قــەزای گل (Gil) و چەمچەمـاڵ. هەروەهـا زمانـی خوێنـدن لـە قوتابخانـەی ئەلبـو سـەباح لـە ناحیـەی توزخورماتــو کــوردی دەبێــت.

٢. عەرەبــی بــە زمانــی خوێنــدن لــە قوتابخانــە ســەرەتاییەکانی (primary) کــوڕان و کچانــی جوولەکــە لــە شــاری کەرکــووک دەمێنێتــەوە.

٣. تورکــی بــە زمانــی خوێنــدن لــە گشــت پۆلــە ســەرەتاییەکانی (elementary) قوتابخانــە ســەرەتاییەکانی (primary) ژێــر دەســەڵاتی بــارەگای لیــواکان و قــەزای کفــری دەبێــت، هەروەهــا خوێنــدن لــە پۆلەکانــی پێنجــەم و شەشــم بــە زمانــی عەرەبــی دەبێــت.

**لیوای مووسڵ:** تەنیا لەم قوتابخانانەی خوارەوە بە زمانی کوردی دەخوێندرێت:

(دهـۆک: کـوڕان و کچـان. زاخـۆ: کـوڕان و کچـان. ئەلعـاس (Al"As). ئەتـرۆش. بەیـدا (Bidah)، ئامێـدی، بامەڕنـێ، ئاکـرێ، بـارزان، بیراکەپـرا (Birakabrah)، شـێخان، تـەل ئەبوزاهیـر، مانگێـش، فیشـخابور، ئـەرەدن (Aradan)، سـانات (Sanat)، کانـی ماسـێ).

لــە ڕوونکردنەوەکانــی ســەرەوەدا بــۆ بەڕێــزت دەردەکەوێــت حکومەتــی عێــراق بەندەکانـی یاسـای [زمانـە خۆجێیـەکان] جێبەجـێ دەکات. خـودی خـۆم چاودێـری ئـەم پرسـە دەکـەم و لـە هـەر هەنگاوێـک ئاگادارتـان دەکەمـەوە کـە لەمبـارەوە دەگیرێتەبـەر.

وەفادارتان

واژوو: نوری ئەلسەعید

His Excelencay Mjor H. W. Young, C.M.G., D.S.O.,

His Britannic Majesty"s Acting High Commissioner for Iraq.

Baghdad.

ڕۆژی چوارشــەممە ڕێکەوتــی ٧ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٣١، کاتژمێــر ١٠:٣٠ خولــەک، کۆبوونەوەیــەک لــە وەزارەتــی ناوخــۆ بەڕێوەچــوو، تێیــدا گفتوگــۆ لەســەر پرســی [چۆنیەتی] جێبەجێکردنــی یاســای زمانــە خۆجێیــەکان کــرا. (ل ٣٣٣-٣٤٠)

ئامادەبووان بریتی بوون لە:

١. بەڕێز سەرۆک وەزیران

٢. وەزارەتی ناوخۆ.

**وەزیر**

٣. ڕاوێژکار.

٤. یاریدەدەری دووەمی ڕاوێژکار.

٥. بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس.

٦. لێکۆلەری گشتی پۆلیس بە وەکالەت.

٧. لێکۆلەری گشتی خزمەتگوزاریی تەندروستی.

٨. وەزارەتی دارایی.

**وەزیر بە وەکالەت.**

٩. ڕاوێژکار.

١٠. بەڕێوەبەری گشتی دارایی.

١١. کۆکەرەوەی گومرگ و باجەکانی بەغدا.

١٢. وەزارەتی ئابوری و گەیاندن.

**وەزیر**

١٣. ڕاوێژکار

١٤. وەزارەتی داد

**وەزیر.**

١٥. بەڕێوەبەری گشتی تاپۆ.

١٦. لێکۆڵەری گشتی تاپۆ.

١٧. وەزارەتی پەروەردە.

**وەزیر**

******

بەڕێــز ســەرۆک وەزیــران کۆبوونەوەکــەی کــردەوە و گووتــی مەبەســت لــەم کۆبوونەوەیــە گفتوگۆکردنــە لەســەر شــێوازی چۆنیەتــی جێبەجێکردنــی یاســای زمانــە خۆجێیــەکان؛ هەروەهــا بــۆ گفتوگۆکــردن لەســەر پرســی ئــەو فەرمانبەرانــەی زمانــی خۆجێــی نازانــن، بــە تایبەتــی لــە ناوچــە کوردییەکانــدا. ئامــاژەی بــەوە کــرد کۆمەڵێــک فەرمانبــەر لــە بەشــە جۆراوجــۆرەکان لــە ناوچــە کوردییەکانــدا شــارەزای زمانــی خۆجێــی [واتــە کــوردی] نیــن. هەروەهــا لیســتی نــاوی ئــەو فەرمانبەرانــەی هەیــە کــە ڕێــژەی ئــەو فەرمانبەرانــە لــە بەشــە جۆراوجــۆرەکان دەخاتــەڕوو، پێویســتە ئــەم پرســەش چارەســەر بکرێــت. ســەرۆک وەزیــران ئامــاژەی بەوەکــرد دەبــێ ئــەم بەشــانە هــەوڵ بــدەن ئــەو فەرمانبەرانــە دامەزرێنــن کــە زمانــی خۆجێــی دەزانــن.

یەکێــک لــە ڕێــکارە گرنگــەکان کــە دەبــێ لەبــارەی ئــەو فەرمانبەرانــەی ناوچــە کوردییــەکان لەبەرچــاو بگیرێــت، بریتییــە لــە بابەتــی پرســی گرتنەبــەری ڕێــکاری تایبــەت بــە دابینکردنــی پاداشــتی دارایــی بــۆ فەرمانبــەرە تەکنیکییــەکان تــا فێــری زمانــی خۆجێــی بــبن. ســەرۆک وەزیــران ئامــاژەی بــەوەدا ئــەو ئــاگاداری گرفتەکانــی پەیوەســت بــەم بابەتەیــە، بــەڵام هێشــتا لــەو بڕوایەدایــە دەکرێــت شــوێنی ئــەو فەرمانبەرانــەی زمانــی خۆجێــی نازانــن، بگۆڕدرێــت و ئــەو فەرمانبەرانــە دامەزرێــن کــە ئاشــنای زمانــی خۆجێیــن. بەمجــۆرەش یاســای زمانــی خۆجییــەکان بــە شــێوازێک جێبەجــێ دەکرێــت کــە لەگــەڵ ڕۆحــی بەندەکانــی ئــەم یاســایە بگونجێــت.

دواتــر داوای لــە یاریــدەدەری دووەمــی ڕاوێــژکاری وەزارەتــی ناوخــۆ کــرد، تــا ڕێــژەی فەرمانبەرانــی بەشــە جۆراوجــۆرەکان بخوێنێتــەوە کــە زمانــی خۆجێــی نازانــن؛

بەمجـۆرەش ڕێـژەی ئـەو فەرمانبەرانـەی لـە ناوچـە کوردییـەکان کار دەکـەن و زمانـی خۆجێـی نازانـن، دیـار دەکرێـت و شـوێنیان بـەو فەرمانبەرانـە دەدرێـت کـە ئـەم زمانـە دەزانـن. لەبـارەی ئـەو فەرمانبەرانـەی کـوردی نازانـن، فەرمـان بـە سـەرۆک بەشـەکان درا ڕێنمایـی ئـەو فەرمانبەرانـە بکـەن فێـری زمانـی خۆجێـی بـن؛ ئەگـەر فێـری ئـەم زمانـە نەبـوون، ئـەوکات شـوێنیان بـە فەرمانبەریـتر دەدرێـت [کـە زمانـی خۆجێـی دەزانێـت]. هـەروەک لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێـدرا، هەنـگاوی پێویسـت دەگیرێتەبـەر بـۆ بەخشـینی پاداشـتی دارایـی بـۆ فێربوونـی زمانـی خۆجێـی.

ڕاوێـژکاری وەزارەتـی ناوخـۆ، باسـی لەوەکـرد ئـەو لیستەی لەلایـەن وەزارەتـی ناوخۆوە ئامادەکـراوە بەسـەر وەزراتەکانیـتردا دابـەش نەکـراوە، بۆیـە بـۆ وەزارەتـەکان و سـەرۆک بەشـەکان ئەستەمە لـەم کۆبوونەوەیـەدا بۆچوونـی خۆیـان لەبـارەی کەیسـی تایبـەت بـە وەزارەتەکەیـان بخەنـەڕوو. بۆیـە پێشـنیازی ئـەوەی کـرد کـە بەڕێـز سـەرۆک وەزیـران ئـەم لیسـتە بـۆ وەزارەتـەکان بنێرێـت و فەرمانـی ئـەوە بـکات دەکـرێ ئـەم لیسـتە هەمـوار بکرێتـەوە و ئامـاژە بـە نـاوی هـەر فەرمانبەرێـک بدرێـت [کـە زمانـی کـوردی نازانێـت] و ئـەو شـێوازە بخرێتـەڕوو کـە بـۆ مامەڵـە کـردن لەگـەڵ ئـەم بابەتـە دەگیرێتەبـەر، هەروەها ڕاوێـژکار پێشـنیازی کـرد فەرمـان بـە وەزارەتـەکان بکرێـت دوای ماوەیـەک (بڵێیـن دوو مانـگ) ڕاپۆرتێـک لەسـەر ئـەو هەنگاوانـە بخەنـەڕوو کـە گیراونەتەبـەر.

بەڕێـز سـەرۆک وەزیـران ئـەو پێشـنیازەی پەسـەندکرد. هەروەهـا گووتـی دەیەوێـت بـە زارەکـی بـەو کەسـانەی ئامـادەی کۆبوونەوەکـە بوونـە ڕایبگەیێنێـت، پێویسـتە ڕەچـاوی بەرژەوەنـدی گشـتی و یەکسـانی لـە جێبەجێکردنـی یاسـای زمانـە خۆجییەکانـدا بگیرێـت، ئەمـەش بـە جۆرێـک بێـت کـە لەگـەڵ ڕۆحـی ئـەم یاسـایە بگونجێـت و هەروەهـا لەگـەڵ ئـەو ئامانجانـەش بگونجێـت کـە ئـەم یاسـایە لـە پێناویـدا دەرکـراوە؛ بۆیـە خوازیـارە ئامادەبـووان هەوڵەکانیـان چڕتـر بکەنـەوە بـۆ ئامادەکردنـی لیسـتی [نـاوی ئـەو فەرمانبەرانـەی زمانـی خۆجێـی نازانـن].

وەزیـری ناوخـۆ ئامـاژەی بەوەکـرد، ژمـارەی فەرمانبـەرە کارگێڕییـەکان کـە زمانـی خۆجێـی نازانـن، کەمـە. هەرچەنـدە فەرمانبەرانـی تەندروسـتی بـە فەرمانبـەری تەکنیکـی

هەژمــار دەکرێــن، بۆیــە ناکــرێ لۆمــەی وەزارەتــی ناوخــۆ بکرێــت لــە دامەزراندنــی ئــەم فەرمانبەرانــە [کــە زمانــی خۆجێــی نازانــن]، چونکــە دەبــێ ڕەچــاوی ئــەو ڕاســتییە بکەیــن، دۆزینــەوەی فەرمانبــەری تەکنیکــی کــە زمانــی خۆجێــی بزانێــت کارێکــی ئەســتەمە. لەبــارەی بەشــی پۆلیــس، ئامــاژەی بــەوە کــرد کــە زۆربــەی فەرمانبــەرەکان زمانــی خۆجێــی دەزانــن و هەروەهــا بەڕێوەبــەری گشــتی پۆلیــس گشــت هەوڵەکانــی خــۆی وەگەڕخســتووە تــا ئــەو فەرمانبەرانــە دابمەزرێنێــت کــە زمانــی خۆجێــی دەزانــن.

وەزیــری ئابــوری و گەیانــدن ئامــاژەی بەوەکــرد، وەزیــری ناوخــۆ ئامــاژەی بــەوە کــرد کــە ژمــارەی فەرمانبــەرە کارگێڕییــەکان لــە ناوچــە کوردییــەکان کــە زمانــی خۆجێــی نازانــن کەمــە، کەچــی بەڕێوەبــەری تەحریراتــی لیــوای کەرکــووک (Mudir Tahrirat Kirkuk Liwa) کــە بــە دەســتە ڕاســتی موتەســەڕیف هەژمــار دەکرێــت زمانــی کــوردی نازانێــت و هەروەهــا وەک پێویســت زمانــی عەرەبــی و تورکیــش نازانێــت. هەروەهــا زمانــی بــاو کــە لــە کەرکــووک بــەکار دەهێنرێــت تورکــی و کوردییــە و زۆربــەی داواکارییــەکان و ســکاڵاکان بــە زمانــی کــوردی بوونــە و ئــەو داواکاری و ســکاڵانەش دەبــێ بچێتــە بــەردەم بەڕێوەبــەری تەحریــرات. ئامــاژەی بــەوەش کــرد کــە ٢١٪ فەرمانبەرانــی ئــەم لیوایــە زمانــی خۆجێــی نازانــن و باشــترە شــوێنی ئــەم فەرمانبەرانــە بــەو فەرمانبەرانــە بدرێــت کــە شــارەزای زمانــی کــوردی و تورکیــن.

وەزیــری ناوخــۆ وەڵامــی [وەزیــری ئابــوری و گەیاندنــی] دایــەوە کــە دەیویســت ئامــاژە بــەوە بــکات، وەزارەتــی ناوخــۆ یەکــەم وەزارەتــە یاســای زمانــە خۆجێییەکانــی جێبەجێکــردووە و ئامــاژەی بــەوە کــرد، بەڕێوەبــەری تەحریــرات بڕێــک کــوردی دەزانێــت، بــەڵام بەهەرحــاڵ ئــەو ئامادەیــە ئــەو فەرمانبــەرە بگوازرێتــەوە ئەگــەر فێــری زمانــی خۆجێــی نەبووبــە. هەروەهــا ئــەو ئامــاژەی بــەوە کــرد، نکۆڵــی لــەوە نــاکات دۆزینــەوەی فەرمانبەرێــک بــۆ بەشــی پۆلیــس کــە شــارەزای زمانــی خۆجێــی بێــت کارێکــی ســەختە. ئامــاژەی بــەم نموونەیــە کــرد کــە ماوەیــەک لەمەوبــەر کاتێــک خولــی ڕاهێنــان بــۆ یاریــدەدەری فەرمانــدەی پۆلیــس و لێکۆڵــەری پۆلیــس کرایــەوە و ڕێــکلام لــە ڕۆژنامەکانــدا بڵاوکرایــەوە و داوای خــۆ پاڵاوتــن [بــۆ ئــەم پۆســتانە کــرا]، بــەڵام هیــچ

کەس نەبوو شارەزای زمانی خۆجێی بێت و خۆی بۆ ئەم پۆستانە بپاڵێوێت؛ ئەوان لەمبارەوە لێهاتوویی پێویستیان نەبوو.

ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ هەندێك لە مەرجەکانی پێویست بۆ ئەم خولە [خولی ڕاهێنانی یاریدەرەی فەرماندی پۆلیس و لێکۆڵەری پۆلیس] خستەڕوو کە بریتی بوون لەوەی پاڵێوراو دەبێ دەرچووی ناوەندی بێت (secondary school)، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەمی کورد دەرچووی قوتابخانەی ناوەندین.

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس ئاماژەی بەوە کرد مەرجەکانی وەرگرتن لەم خوولە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

دەرچووانی قوتابخانەی یاسا و سەربازیی وەک یاریدەدەری فەرماندی پۆلیس وەردەگیرێن. دەرچووانی قوتابخانەی ڕاهێنانی مامۆستایان و دەرچووانی قوتابخانەی ناوەندی وەک لێکۆڵەری پۆلیس وەردەگیرێن؛ ئەو کەسانەی لە تاقیکردنەوەکانی ساڵی یەکەم و دووەمی قوتابخانەی ناوەندی دەرچوونە وەک پاڵێورا بۆ پۆستی لێکۆڵەر (Inspector"s Cadre) وەردەگیرێن. بەڵام ئاماژەی بەوە کرد کە هیچ کوردێک بۆ وەرگرتن لە خولی ڕاهێناندا ناوی تۆمار نەکردووە؛ تەنیا یەک کەس نەبێت کە دەرچووی قوتابخانەی سەربازییە، بەڵام ئەو کەسەش لە ڕووی جەستەییەوە شیاوی ئەم کارە نییە. بەهەرحاڵ، ٧ کورد، ١٠ تورکمان، ٩ غەیرە کورد کە بە کوردی قسە ناکەن و نانووسن و ٥ غەیرە کورد کە دەتوانن بە کوردی قسە بکەن لەم خوولە وەرگیراون؛ چاوەڕوان دەکرێت ئەو کەسانەی دوای دەرچوون لەم خوولە ببن بە لێکۆڵەری پۆلیس. بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس ئاماژەی بەوەکرد، ئەو بە یاریدەدەری دووەمی ڕاوێژکاری گووتوە زۆرترین پاڵێوراوی کورد [بۆ خوولەکە] وەرگرێت؛ ڕاوێژکاری دووەم خوازیار بووە ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ ڕازی بێت، ئەم پاڵێوراوانە، خاوەن لێهاتووی دەستەی سێ (third category qualification) بن [واتە ئەو کەسانەی لە تاقیکردنەوەی ساڵی یەکەم و دووەمی ناوەندی دەرچوونە]. هەروەها ئەو کەسانەش وەردەگرێت کە خاوەن لێهاتووی دەستەی سێ نەبن. ئەو دەزانێت ئەو کەسانە شیاوی ئەوە نین ببن بە ئەفسەری پۆلیس، بەڵام

دەتوانــن ئەرکــی ســەرۆک پاســەوانەکان بگرنــە ئەســتۆ.

بەڕێــز ســەرۆک وەزیــران بۆچوونــی خــۆی دەربــڕی کــە ئــەو ڕێکارانــەی بــۆ دامەزرانــدن دەگیرێنەبــەر دەبــێ ڕێــکاری جێگــر بــن و ئــەو کەســانەی داشــدەمەزرێن دەکــرێ بەســەر دوو دەســتەدا دابــەش بکرێــن:

١. ئەو فەرمانبەرانەی مووچەیان ١٠٠ ڕوپیە و بەرەو سەرەوەییە.

٢. ئەو فەرمانبەرانەی مووچەیان لە ١٠٠ ڕوپیە بەرەو خوارەوەیە.

ئامــاژەی بــەوە کــرد، تــا ئــەو شــوێنەی لەبیــری مــاوە، ســاڵی پــار فەرمــان دەرکــرا ئــەو فەرمانبەرانــەی موچەیــان ١٠٠ ڕوپیــە کەمــترە، دەکــرێ لەلایــەن خــودی لیواکانــەوە دابمەزرێــن. بــۆ دامەزراندنــی فەرمانبەرانی ســەر بە دەســتەی دووەم، پێویســتە "قوتابخانەی فەرمانبــەران" (Officials School) بکرێتــەوە و بــەو ڕێســایە کار بــکات کــە هیــچ کەس جیا لــە دەرچووانــی ئــەم قوتابخانەیــە نەبێــت لــە نووســینگەکانی حکومەتــدا دانامەزرێــت. بــۆ ئــەم مەبەســتەش دەبــێ ڕێچکەیــەك دابنرێــت، ڕێــژەی داواکارەکان بــۆ هــەر لیوایــەک چەند کــەس بێــت. دوای ئــەوەی ئــەم قوتابییانــە دەرچــوون، بــێ جیــاوازی پۆســتە بەتاڵەکانــی لیــواکان پــڕ دەکەنــەوە. پێویســتە بــۆ دامەزرانــدن لــە ناوچــە کوردییــەکان فەرمانبــەران هــان بدرێــن فێــری زمانــی کــوردی بــن، تــا ئەگــەر پۆســتێکی چــۆڵ لــەم ناوچانــەدا هەبــوو پــڕ بکرێتــەوە. هەروەهــا هــەر کەســێک زمانــی خۆجێــی دەزانێــت، دەکــرێ دابمەزرێــت، بــێ ڕەچاوکردنــی ئــەوەی کــوردە یــان نــا. زانینــی زمانــی کــوردی دەکــرێ بــە پیــێ پێــوەری جیــاواز بێــت؛ بــۆ نموونــە فەرمانبەرێکــی کارگێــڕی دەبــێ بــە باشــی شــارەزایی ئــەم زمانــە بێــت لــە کاتێکــدا فەرمانبەرێکــی پزیشــکی (Medical Officer) یاخــود فەرمانبەرێکــی (Mamur) بەندیخانــە پێویســت نــاکات وەک فەرمانبەرێکــی کارگێڕیــی شــارەزای زمانــی خۆجێــی بێــت.

ئامــاژەی بــەوە کــرد مەبەســتی ســەرەکی زانینــی زمانــی کوردییــە، بــە چاوپۆشــین لــەوەی کەســەکە کــوردە یــان عــەرەب، ئەمــەش لــە پێنــاو جێبەجێکردنــی دادپــەروەری لــە دامەزرانــدن لــە ناوچــە کوردییەکانــدا. لەبــارەی پرســی دابەشــکردنی فەرمانبــەران

بەســەر دانیشــتوانی وڵاتــدا، ئــەم کارە چارەســەر ناکرێــت تەنیــا بــە کردنــەوەی قوتابخانەنــی ناوەنــدی فەرمانبــەران (Central Officials School) نەبێــت. هــەروەک لــە ســەرەوە ئامــاژەی پێــدرا، ئــەم کارەش بــە دڵنیاییــەوە کاتێکــی زۆری دەوێــت. هــاوکات ســەرۆک وەزیــران پێشــنیازی کــرد ئــەو فەرمانبەرانــەی زمانــی خۆجێــی دەزانــن، دەکــرێ بــۆ ناوچــە کوردییــەکان بگوازرێنــەوە؛ هەروەهــا ئــەو فەرمانبەرانــەی زمانــی خۆجێــی دەزانــن گوشــاریان بخرێتەســەر تــا بچنــە ناوچــە کوردییــەکان. ســەرۆک وەزیــران دووپاتــی کــردەوە ئامادەبــووان ڕێنمایــی بــۆ بەشــەکانیان دەربکــەن تــا ئــەو فەرمانبەرانــەی زمانــی خۆجێــی دەزانــن بنێردرێنــە ناوچــە کوردییــەکان. هەڵبــەت حکومــەت ســوچی نییــە ئەگــەر حاڵیحــازر نەیتوانــی فەرمانبەریــک بدۆزێتــەوە شــارەزای زمانــی خۆجێــی بێــت.

وەزیــری دارایــی بــە وەکالــەت ئامــاژەی بەوەکــرد، ئــەم وەزارەتــە لــە دامەزراندنــی فەرمانبەرانــدا ئــەو ڕیســایەی پەیــڕەوی کــردووە کــە ئــەو فەرمانبەرانــەی مووچەیــان لــە ١٠٠ ڕووپیــە دەربــاز نــاکات لــە خــودی خەڵکــی لیــواکان دادەمەزرێنێــت، زۆربەشــیان لــەو کەســانەن کــە زمانــی خۆجێــی دەزانــن. ڕێســای دامەزراندنــی فەرمانبــەران بــۆ ناوچــە کوردییــەکان کــە زمانــی خۆجێــی دەزانــن ڕەچــاو کــراوە، بــەڵام نکۆڵــی لــە بوونــی گرفــت ناکرێــت لەبــارەی کۆمەڵێــک فەرمانبــەر کــە دەبــێ مەرجــە داواکراوەکانــی هەبێــت تــا بــە کارامەیــی ئەرکەکانــی جێبەجــی بــکات [کەچــی ئــەم مەرجانــەی نییــە]، بــۆ نموونــە لــە کەیســی فەرمانبەرانــی گومــرگ ئــەم فۆرمۆلــە جێبەجــێ ناکرێــت. وەزیــری دارایــی گووتــی، وەزارەتــی دارایــی، بــە گەیشــتنی لیســتی نــاوی فەرمانبــەران، بــە دەســت ئــەم وەزارەتــە، هــەوڵ دەدات تــا ئــەو ڕادەیــەی مومکیــن بێــت ئــەو فەرمانبەرانــەی زمانــی خۆجێــی نازانــن لەگــەڵ ئــەو فەرمانبەرانــە بگۆڕێتــەوە کــە ئــەم زمانــە دەزانــن.

یاریــدەدەری دووەمــی ڕاوێــژکار لیســتێکی خســتەڕوو ژمــارەی ئــەو فەرمانبەرانــە نیشــان دەدا کــە زمانــی خۆجێــی ناوچــە کوردییــەکان نازانــن [ و لــەم ناوچەیــەش کار دەکــەن].

وەزیــری ئابــوری و گەیانــدن ئامــاژەی بەوەکــرد، پێویســتە یەکێــک لــە ئەندامانــی دادگای تێهەڵچوونــەوە (court of cassation) زمانــی خۆجێــی بزانێــت، تــا دووبــارە پێداچوونــەوە لەســەر ئــەو داوایانــە بــکات کــە لــە کوردســتان یەکلایــی کراونەتــەوە.

بەڕێز سەرۆک وەزیران جەختی لەسەر داواکەی کردەوە کە [هەر کاتێک وەزارەتەکان لیستی ناوی فەرمانبەرانی بەدەست گەیشت] بە زووترین کات وەڵام بدەنەوە. هەروەها ئاماژەی بە گۆڕینەوەی [ئەو فەرمانبەرانە کرد کە زمانی خۆجێی نازانن بەو فەرمانبەرانەی ئەم زمانە دەزانن] هەروەها ئەوانەی ماون لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا شوێنیان دەگۆڕدرێت و ئەو کەسانەش کە داواکراون فێری زمانی خۆجێی بن [دەبێ فێری ئەم زمانە ببن]. هەر کاتێک لیستی تازە بە دەست گەیشت دەکرێت لەگەڵ ئەم لیستەی لەبەر دەستە بەراورد بکرێت؛ لەم بارەشەوە فەرمانی پێویست دەرکراوە. هەروەها بەڕێز مەلیک [فەیسەڵ] خوازیارە ئاگاداری چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکە بێت.

سەرۆک وەزیران داواکەی دووپاتکردەوە، پێویستە بەشەکان لەبارەی دامەزراندن لە ناوچە کوردییەکان ئەو فەرمانبەرانە دابمەزرێنن کە زمانی کوردی دەزانن؛ ئەگەر ئەم کارەش ئەستەم بوو، دەبێ بە جیا لە هەر کەیسێک ئاگادار بکرێتەوە تا زانیاری لە هۆکاری دامەزراندنی ئەو کەسانە هەبێت کە زمانی خۆجێی نازانن و لە ناوچە کوردییەکاندا دامەزراون.

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٤١-٣٤٢)

شوێنی مانەوە، بەغدا، ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٣١

گەورەم،

١. شەرەفمەندم ئاماژە بە یاداشتی زۆر زۆر نهێنیتان لە ڕێکەوتی ١٩ی ئەیلوولی ١٩٣١ بکەم، هاوکات چەند کۆپیەک لە وەڵامی بەشی ئینتیدابی سەر بە کۆمەڵەی گەلان بۆ داواکاری کۆمەڵێک کوردی لەگەڵ هاوپێچکرا بوو.

٢. دوو لەم داواکارییانە هی جەعفەر سوڵتان بوون کە هاووڵاتی ئێرانە، بۆیە من شەڕەفی ئەوم هەبوو لە نامە نهێنییەکەمدا لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی دووەم ١٩٣٠، و هەروەها لە نووسراوە زۆر زۆر نهێنیەکەم لە ڕێکەوتی ٢٧ی شوباتی ١٩٣١، سەرنجی لۆرد پەسفیلد بۆ ئەم بابەتە ڕاکێشم. بەهەرحاڵ بڕیاردرا داواکارییەکەی جەعفەر سوڵتان بۆ کۆمەڵەی گەلان و کۆمسیۆنی هەمیشەیی ئینتیداب بنێردرێت و ناسنامەکەی کە هاووڵاتی ئێرانە پشتگوێ خرا؛ بۆیە هەروەک چۆن وەڵامی داواکارەکانی عێراق درایەوە بەهەمان شێوە وەڵامی ئەویش درایەوە.

٣. حاڵیحازر لەبەرئەوەی جەعفەر سوڵتان لەلایەن حکومەتەکەیەوە بە یاخیبوویەکی چەک بە دەست هەژمار دەکرێت؛ بەڵام ئەو دوو نووسراوی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە بۆ نێردراوە، لەوە دەترسم ئەو کارەش ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی بیرۆکەی خودی جەعفەر سوڵتان کە ئەو مرۆڤێکی گرنگە؛ هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی وەها هزر بکرێتەوە ئەو پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە، بەڵام خودی حکومەتی عێراق بە دەستی ئەم کێشەیەوە دەناڵێنێت.

گەورەم، شەرەفمەندم بەوەفاترین و ملکەچترین خزمەتکاری بەڕێزتان بم.

H. Humphrys

کۆمسیاری باڵا بۆ عێراق

زۆر زۆر نهێنی (٣٤٣)

ڕاپۆرت: ژمارە ٥٣٣

سیاسەتی ناوخۆ (Home Politics )

لەلایەن:ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی (Air Liaison Officer)، بەغدا.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی (Air Staff Intelligence) بـارەگای هەوایـی، هیهایـدی (HIHAIDI)

ژێدەر:I/HD/8/1

ڕێکەوت: ١١ی ئابی ١٩٣١

بابەت: کاروباری کورد

ڕەشـید عەلـی لـە کاتـی گەیشـتنی بـۆ کەرکـووک زۆر بـە خراپـی پێشـوازیی لێکـرا کـە تێیـدا هەسـتی دژە حکومـەت زۆر بەهێـزە. بارودۆخەکـە تـا ئێسـتا بـەرەو باشـی نەچـووە، چونکـە دادوەرێـک بـە نـاوی خورشـید بـە بـێ دادگایکـردن ٢٥ کەسـی بەندکـردووە، بـە بیانـوی ئـەوەی نووسراویـان بـڵاو کردووەتـەوە بانگەشـەی بـۆ سـەربەخۆیی دەکـرد. خورشـید لـە پۆسـتەکەی دوورخرایـەوە و نێردرایـە بەغـدا تـا [بـۆ لێپێچینـەوە] بچێتـە بـەردەم دەسـتەی بنەماکانـی وەزارەتـی داد، چونکـە ئـەو کارەی ئـەو کردوویەتـی بـە پێچەوانـەی فەرمانەکانـی وەزارەتـی ناوخـۆ بـووە.

Flight Lieutenant

A.L.O BAGHDAD

Copy to: A.L.O SULAIMANI

زۆر زۆر نهێنی (٣٤٤)

ڕاپۆرت: ژمارە ٥٣٣

لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی (Air Liaison Officer)، مووسڵ.

بۆ: بەشی هەواڵگریی ئاسمانی (Air Staff Intelligence) بارەگای هەوایی، هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، هینایدی (HINAIDI)

ڕێکەوت: ٢٢ی ئابی ١٩٣٦

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٤٢٨.

بەشی. عێراق (Section I. Iraq)

سیاسەتی ناوخۆ، لیوای مووسڵ (HOME POLITICS-MOUSIL LIWA)

ئاماژە بە زنجیرەی من بە ژمارە ٢٣٧، لە ڕێکەوتی ١٥ی تەمووزی ١٩٣٦، تێدا ئاماژە بەوە درا کە ئاس سەعید حوسنی (AS SAYID HUSNI) سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردی زمان "ئەلڕۆناکی (AL RONAKI) کە لە هەولێر دەردەچێت، بە دانانی کەفالەتی ٧٠ دیناری عێراقی ئازاد کرا ئەگەر بە باشی ڕەفتار نەکات دەبێ ئەم پارەیە بدات. حاڵیحازر ڕۆژنامەکەی لە چاپکردن وەستاوە، وا دەردەکەوێت کە مۆڵەتی دووبارە چاپکردنی پێنادرێتەوە.

هەروەها دەنگۆی ئەوە هەیە ئاس سەعید حوسنی بۆ ناحیەی گل لە لیوای کەرکووک دووربخرێتەوە.

squadron leader Air Liaison Officer, R. A. F.

Mosul

زۆر زۆر نهێنی (٣٤٥-٣٤٦)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، سلێمانی.

بۆ: بەشی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای هەوایی، هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، هینایدی

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٤٢٨.

ڕێکەوت: ١٣ی ئابی ١٩٣٦

بابەت: (SECTION. I. Iraq. Home politics)

١٨٧. لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئابی ١٩٣٦، وەزیری گەیاندن و ئابوری، محەمەد ئەمین زەکی و وەزیری ناوخۆ، محەمەد عەلی، بە هاوڕێیەتی ڕائید ئەدمۆندز و کاپتن گۆن (Gowen) گەیشتنە سلێمانی.

ئەم کاروانە لە ٤٠ ئۆتۆمۆبێلی شەخسی و ٣ی ئۆتۆمۆبێلی سەربازی پێکهاتبوو. سەراوژێری ڕێگاکە زۆر بوو. قایمەقامی چەمچەماڵ شوێنی گەیشتنی کاروانەکەی بە ئاڵا ڕازاندبووە و پێشوازی لە کاروانەکە کرد. بە گەیشتنی کاروانەکە بە چەمچەماڵ، نوێنەرانی سلێمانی دوو داواکارییان ڕادەستی وەزیرەکان کرد. دەگۆترێت یەکێک لەم دوو داواکارییە لەلایەن لایەنگرانی شێخ مەحمودەوە واژووکرابوو و داوای گەڕانەوەیان دەکرد. داواکاریەکەیتر لەلایەن خەڵکی ناودار واژووکرابوو کە خەڵکی پشدەریش لە نێویاندا بوو و داوای گەڕانەوەی ئەحمەد تۆفیق بەگیان دەکرد ببێتە موتەسەڕیفی سلێمانی.

تێبینی: دەبێ ئەم هەواڵە پشتڕاست بکرێتەوە. چاوەڕوان ناکرێت داواکاری بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحمود بکرێت.

بە گەیشتنی وەزیرەکان بۆ سلێمانی دوو داواکاریتر لەلایەن ڕەشید ناجی [...] و حەسەن قەرەم (Hasan Qaram) ڕادەستی وەزیرەکان کران. داواکارییەکان داوای لابردنی دوو پلانیان دەکرد، ئەگەر جێبەجێ بکرێن ماڵ و موڵکی ئەم دوو کەسە زیانی بەرچاویان پێدەگات.

داواکارییەک سەرۆکی شارەوانی بە خراپ-بەڕێوەبردن تۆمەتبار دەکرد کە لەلایەن دانیشتوویەکی کانی ئیسکانی سلێمانی خرایەڕوو.

لە هەمانکاتدا داواکارییەک لەلایەن گوندەکانی قلیاسان (QALIASAN)، بارا گەلدی (BARA GALDI)، کۆستە (KUSTEH) و گوندەکانیتر خرانەڕوو. ئەم داواکارییە بەڕێوەبەری بەکرەجۆ و فەرمانبەرانی تۆمەتبار دەکرد، تەنیا خەڵکی سلێمانی لە کێڵگەکاندا دادەمەزرێنن.

تێبینی: ئەم قسەیە بە تەواوەتی ڕاست نییە. نزیکەی ٣٠٠ پیاو، ئافرەت و منداڵ لەم کێڵگانەدا کار دەکەن کە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرن. ئەو کەسەی ئەم داواکارییەی واژوو کردووە لەلایەن وەزیری ئابوورییەوە بانگێشت کرا و پرسیاری لێکرا ئایا خودی خۆی ئەم داواکارییەی واژوو کردووە.

لە ئێوارەی گەیشتنی کاروانەکە، سەرۆک شارەوانی لە سەرچنار پێشوازیی لێکردن. مێوانیش بانگێشت کرابوون. ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی بانگهێش نەکرابوو. دوای بەخێرهێنان ، شێخێک بە ناوی عەبدولقادر نوری، لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد دەبێ سلێمانی "قوتابخانەی زانستی" (Elmiyya School) هەبێت، یاخود کۆلێژی تەکنۆلۆژیای هەبێت، هەروەها داوای کرد دەبێ دادوەر لە چوارتا و هەڵەبجە دامەزرێنرێت. ئەم قسەیەش وەک پێویست [لەلایەن وەزیرەکانەوە] پێشوازی لێنەکرا.

تێبینی: قادر نوری بەڕێوەبەری قوتابخانەیە، چوار ساڵ لەمەوبەر خانەنشینکراوە. ئەو پیاوێکی خوێندەوارە، بێگومان لەبارەی پێشنیازەکەی بە کردنەوەی کۆلێژی تەکنۆلۆژیا، ڕێزی لێدەگیرێت.

وەزیرەکان لە قوتابخانەی نزیک بارەگای کۆنی سوپا لە بەشی باکووری شارەکەدا نیشتەجێ بوون. بەرنامەی گەشتەکە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

لە ٢٣ی مانگ پێنجوێن.

لە ٢٤ی مانگ هەڵەبجە.

لە ٢٥ی مانگ قەرەداغ و سلێمانی.

لە ٢٦ی مانگ بەغدا.

سلێمانی و گوندەکان لە کاتی پێشوازیکردن لە وەزیرەکان نەڕازێنرابوونەوە.

F/Lt.

Air Liaison Officer,

SULAIMANI

زۆر زۆر نهێنی (٣٤٧-٣٥٢)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، مووسڵ.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، هینایـدی

ڕێکەوت: ١٦ی ئەیلوول ١٩٣٦

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٣٧٧.

(SECTION. I. Iraq)

**سیاسەتی ناوخۆ-بارودۆخی قەزای زاخۆ.**

ئامـاژە بـە زنجیرەکـەم بـە ژمـارە ٢٢٢ لـە ڕێکەوتـی ٦ی تەمـووزی ١٩٣٦ و ٢٢٣ لـە هەمـان ڕێکـەوت.

ئەمـەی خـوارەوە ڕاپۆرتێکـە کـە لەلایـەن هەواڵدەرێکـی تاڕادەیـەک جێـی متمانـە لـە قـەزای زاخـۆ هاتـووە، لەوانەیـە تاڕادەیەکیـش لایەنگـری لـە ڕاپۆرتەکـەدا هەبێـت، بـەڵام ئـەو کەسـە لـە نزیکـەوە پەیوەنـدی بـە کاروبـاری قـەزای زاخـۆوە هەیـە.

**ناسیۆنالیزمی کورد**

بزوتنـەوەی ناسـیۆنالیزمی کـورد لـە قـەزای زاخـۆ لـە مـاوەی گەیشـتنی ئەندامانـی لێهاتـوو لــە بەغــداوە چڕتــر بووەتــەوە. هەمــزە عەبــدوڵا، گەنجێکــی خەڵکــی زاخــۆ کــە خوێندنــی لــە بەغــدا و لــە کۆلێــژی یاســا لــە هاوینــی ســاڵی ١٩٣٦ تەواوکــردووە، هاتووەتــە زاخــۆ تــا وەکــو وەکیــل لــە دادگاکانــی زاخــۆدا خولــی پراکتیکــی ببینێــت. یەکەمیــن کاری بریتــی بــوو لــە کۆکردنــەوەی کەســە ناسیۆنالیســتەکان و ڕێکخســتنیان بــە پێــی ڕێبــازی پێشــکەوتوو، کــە ئــەو کاتێــک لــە بەغــدا بــوو فێــری ئــەم ڕێبازانــە بــووە. ڕاپۆرتــەکان بــاس لــەوە دەکــەن ئــەو کەســانە فێــری ئــەوە دەکات چــۆن بــە کارایــی زۆرتــر کار بکــەن و لــە هەمانکاتــدا کارەکانیــان وەک چالاکیــی دژی حکومــەت هەژمــار نەکرێــن.

دەسەڵاتدارانی [قەزاکە] ئاگایان لە چالاکییەکانی ئەوە و لە ئاست مەترسییەکانی بوونی ئەو لە قەزایەکەیاندا ئاگادارن، بۆیە بڕیاریاندا لە دەست هەمزە ڕزگار بن؛ ئەویش بە خستنە ناوی لە ناو لیستی سەربازیدا؛ هەرچەندە ئەو ناڕەزایەتی بەرانبەر ئەم کارەی دەربڕی کە تەمەنی لە سەرووی تەمەنی سەربازی کردنە. بۆیە هەمزە بەرەو بەغدا ڕۆیشت تا بیسەلمێنێت تەمەنی لە سەرووی تەمەنی بەسەربازگیریە، ئەمەش بە پشت بەستن بە تۆمارەکانی قوتابخانە کە لەبەر دەست دەسەڵاتدارە پلە باڵاکاندایە. دەسەڵاتدارانی زاخۆ بەم کارە بۆ ماوەیەکی کاتی لە دەست ئەو کەسە نەخوازراوە ڕزگار بوون.

**سیاسەتی لێبوردەیی بەرانبەر کورد.**

سەرۆک خێڵەکانی کورد بەردەوامن لە سوود وەرگرتن لە ڕەفتاری لێبوردووانەی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی. ئەم ڕەفتارە لێبوردووەی دەسەڵاتداران بەرانبەر کوردەکاندا بریتییە لە جێبەجێ نەکردنی وەکو خۆی، ڕێکارەکانی ناونووسیی سەربازی بەسەر خێڵە کوردییەکاندا و سەربازوەرگرتن تەنیا ئەوکات جێبەجێ دەکرێت کە کوردەکان ئامادەی ئەنجامدانی ئەم کارە بن. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن سەرۆک خێڵەکان بە ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە دەسەڵاتداران دەکەن ئەگەر ڕێساکانی سەربازوەرگرتن بەسەریاندا جێبەجێ بکرێت، ئەوان بەرگری لە خۆیان دەکەن یاخود بەرەو جزیرە (سوریا) کۆچ دەکەن.

دەسەڵاتدارانی خۆجێیی زاخۆ یان دەبێ فەرمانەکانی حکومەت جێبەجێ بکەن (وادیارە دەیەوێت کورد بەبێ لایەنی بمێننەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو ئاڵۆزییانەی حاڵیحازر لە باشوور لە ئارادایە) یاخود ئەم کارانە بە دەستپێشخەریی خۆیان ئەنجام دەدەن و لە ژێر کاریگەری وڵاتی دراوسێ، واتە سوریا دان (بۆ نموونە لە ژێر کاریگەری جزیرەدا)، بۆیە ڕەفتارێکی زۆر لێبوردوانەیان بەرانبەر کوردەکان گرتووتەبەر. ئەوان بۆ ڕازیکردنی کورد هەموو ئەو ئامرازانەی لەبەردەستیانە بەکاردێنن و ڕێگری دەکەن لەسەر هەڵدانی هەر جۆرە کاریگەرییەکی لاوەکی کە بە هۆی بێگانەکانەوە سەر هەڵبدات. حکومەت هەر کارێک دەکات گشت کێشە هەڵپسێردراوەکان کە بە هۆی سیاسەتی ڕابردوویان سەریانهەڵداوە، یاخود هەر کێشەیەکی نێوان تاکەکان و دەسەڵاتداران، بە شێوەیەکی دۆستانە چارەسەر بکات.

ماوەیـەک لەمەوبـەر فەرمـان بـە دەسـەڵاتدارانی زاخـۆ درا لێبـوردن بۆ جەمیل و ساڵح، ئاغاکانـی خێڵی سـندی دەربکەن. دەسـەڵاتداران سـوودیان لە هەبوونی "حازم ئەلشـەمدین ئاغـا" وەرگـرت (نوێنـەری زاخـۆ) داوایـان لـە حـازم کـرد ئـەم دوو ئاغایـە ئاشـت بکاتـەوە. حـازم ئەلشـەمدین ئاغـا بـە هاوڕێی کـوڕە مامەکەی حاجـی ئاغا (Haji Agha)، کە سـەرۆک شـارەوانی زاخۆیـە، ئەرکـی ئـەم ئاشـتبوونەوەیەی لـە ئەسـتۆ گـرت. سـەرەڕای گرفتـەکان، هەوڵـەکان سـەرکەوتن. دواتـر قایمەقـام چووە گوندەکانـی هەردوو ئاغاکە و سـەردانی هەر دووکیانـی کـرد. لـە کاتـی ئاشـتکردنەوەیان هەردووکیـان بانگێشـتی زاخـۆ کرابـوون (بەپێـی بانگەشـەی کاربەدەسـتان ئـەم کارە بـە ئاشـتکردنەوە هەژمـار دەکرێت).

وەزیـری ناوخـۆ لـە مـاوەی سـەردانیدا بـۆ زاخـۆ، فەرمانـی بـە دەسـەڵاتدارانی زاخـۆ کـرد، هەرچـی لـە دەسـتیان دێـت ئەنجـام بـدەن بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر گروپـی ناسیۆنالیسـتیەکانی زاخـۆ، هەروەهـا داواشـیکرد بەڵێـن بـدەن هیـچ پڕوپاگەندەیەکـی توندوتیـژ بەکارنەهێنـن و ئاشـتی تێـک نـەدەن. بـە پشـت بەسـتن بـەم ڕێنماییانـە، پۆلیسـی (A. C. P) زاخـۆ بـە ڕاشـکاوانە بانگـی کـوردە ناسیۆنالیسـتەکانی کـرد (تەنیـا سـەرۆکە نوێیەکەیـان نەبێـت کـە لـە زاخـۆ نەبـوو) و یەکـە بـە یەکەیانـی ڕێمانیکـرد کـە دەسـت لـە چالاکیەکانیـان هەڵگـرن، چونکـە ئـەو چالاکییانـە بـۆ ئـەوان و بـۆ ئـەو کەسـانەی تێیـدا بەشـدارن مەترسـیدارە؛ هەروەهـا ئـەم چالاکییانـە نەتەنیـا ئـەوان [واتـە دەسـەڵاتدارانی زاخـۆ و ناسیۆنالیسـتەکان] و لایەنگرانیـان تووشـی کێشـە دەکات، بەڵکـو حکومـەت ناچـار دەکات بـە نەخـوازراوی هەنـگاوی پێویسـت لەمبـارەوە بگرێتەبـەر.

**لێبوردنی چەتەکانی مچۆلی**

هەوڵەکانـی ئاغاکانـی خێڵی سـندی بـۆ ڕاوەدونانـی چەتەکانی مچۆلی (لـە زنجیرەکەمدا بـە ژمـارە ٣٥٥ لـە ڕێکەوتـی ٦ی ئەیلوولـی ١٩٣٦ ئامـاژەی بـەم بابەتـە کـردووە) بـۆ ئـەوە بـووە تـا بـۆ دەسـەڵاتداران بسـەلمێنن هەر لێبوردنێـک کە بۆیـان دەرکراوە کە لـە تاوانەکانی ڕابردوویـان خـۆش بـن، کارێکـی گونجـاو بـووە. بـە شـێوەیەکی فەرمـی لێبـوردن تەنیـا بـۆ کردەوەکانـی دژە حکومـەت دەرچـوو بـوو، بـەڵام بـە نافەرمـی گشـت ئـەو داواکارییانـە دەگرێتـەوە کـە لەلایـەن ئـەو کەسـانە دەخرێنـەڕوو کـە بـە دەسـت چەتـەکان ناڵاندوویانە.

**بەسەربازگیری**

گرفتـی سـەرەکی کـە ڕووبـەڕووی دەسـەڵاتداران بووەتـەوە بریتییـە لـە هەڵوێسـتی کـورد بەرانبـەر پرسـی سـەربازی کـردن. هـەروەک ئاشـکرایە، کـورد بـە تەواوەتـی دژی ئـەم ڕێـکارەن. لەلایـەک دەسـەڵاتداران ئـاگادارن کـە چـۆن خێڵـە کوردییـەکان دەڕواننـە بـێ سـوودی ئـەو ڕێـکارە و هـەوڵ دەدەن یاسـای سـەربازوەرگرتن بـە سـنورداری پیـادە بکـەن؛ لەلایەکیـترەوە کـورد بـە تەواوەتـی ئـاگاداری هەسـتیاریی دەسـەڵاتدارانن. بەهەرحـاڵ هـەردوو لایـەن، گشـت هەوڵەکانـی خۆیـان خسـتووەتەگەڕ تـا بـێ ڕوودانـی هـەر جـۆرە بەریەککەوتنێـک ئامانجەکانیـان دەسـتەبەر بکـەن.

**مەسیحییەکان قوربانی بەسەربازگیری.**

دواجـار ژمـارەی ئـەو کەسـانەی لـە هـەر ناحیەیـەک بـۆ بـە سـەربازگیری ناونـووس دەکرێـن بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

لەمبـارەوە کـورد بـە پاڵاوتنـی کەسـی پێویسـت بـۆ سـەربازگیری گرێبەسـتەکەیان جێبەجـێ دەکـەن، بـەڵام چونکـە زۆربـەی پاڵێـوراوەکان تەمەنیـان لـە سـەرووی تەمەنـی سـەربازگیرییە، یاخـود لـە ڕووی پزیشـکییەوە بـۆ ئـەم کارە گونجـاو نیـن، بۆیـە لەلایـەن کۆمیتـەی بەسـەربازگیری، لێبوردنیـان بـۆ دەرچـووە [واتـە نابنـە سـەرباز]. بەمجـۆرەش هەوڵیانـدا بـۆ دۆزینـەوەی پاڵێـوراو بـۆ بەسـەربازگیری تـا بـەم شـێوەیە ڕێگـری لـە پێداچوونـەوە لـە توانـا کەسـییەکانیان بکـەن. [واتـە کۆمیتەکـە دەرفەتـی ئـەوەی نەبێـت دووبـارە پێداچوونـەوە بـە توانـای کـورد بـکات کـە ئایـا بـۆ بەسـەربازگیری شـیاون یـان نـا]. بـەم پێیـەش دەسـەڵاتداران پەنایـان بـردە بـەر دۆزینـەوەی کەسـانی ناموسـڵمان و ژمارەیـەک مەسـیحی ( کلـد، ئاشـور و ئەرمـەن) و جولەکـە لـە گشـت تەمەنێـک ناونووسـکران. بەمجـۆرەش کێشـەی کـورد چارەسـەرکرا و هـەر دوولایـەن بـەم کارە ڕازی بـوون. (خسـتنەڕووی داتـای سـەربازەکانی قـەزای زاخـۆ ئـەم بۆچوونـە پشتڕاسـت دەکاتـەوە).

ئەندامانـی کۆمیتـەی ناونووسـی سـەربازی (مەسـیحی و جـووەکان کـە هـەر یەکـە

و یــەک ئەندامیــان لــەم کۆمیتەیــەدا هەیــە) ئاماژەیــان بەوەکــرد کاری ئــەوان تەنیــا بریتییــە لــە پشتڕاســتکردنەوەی ئــەو کەســانەی لەلایــەن قایمەقامــەوە هەڵبژێــردراون [کــە ئایــا بــۆ ئــەم کارە گونجــاوە یــان نــا] و لەبــارەی هیــچ پرســێکیتر ڕاوێــژ لەگــەڵ ئــەوان نەکــراوە. هەروەهــا ئاماژەیــان بــەوە کــردووە، ســەرەڕای ناڕەزایــی دەربڕیــن و خســتنەڕووی بەڵگەنامــە لەلایــەن مەســیحی و غەیرە-مووســڵمانەکانی بەســاڵاچوو و خــاوەن پێدوایســتی تایبــەت؛ کەچــی قایمەقــام پێشــنیازی کــردووە ئــەو کەســانە بــە ســەرباز وەربگیرێــن، بــەو بیانــوەی ئەمانــە کەســی ســوودمەندن.

موختــاری ئەرمەنــەکان لــە ناوچــەی کێســتەی ســەر بــە شــاری زاخــۆ، وەک ناڕەزایــی دەربڕینێــک بەرانبــەر بەســەربازکردنی کوڕەکــەی، دەســتی لــەکار کێشــایەوە، چونکــە تەمەنــی کوڕەکــەی زۆرە و تەنیــا ئــەم کوڕەیــان هەیــە کــە یارمەتــی مــاڵ بــدات.

ئەندامــە مەســیحییەکەی کۆمیتــەی ســەربازوەرگرتن بــە قایمەقامــی گووتــوە، ناتوانێــت لــە کۆمیتەکــەدا ئامادەبێــت، چونکــە ئــەو ســەرقاڵی کاری تایبــەت بەخۆیەتــی. (قایمەقــام ڕەزامەنــدی خــۆی بــۆ ئــەم داواکارییــە دەربڕیــوە، بــەڵام تــا ئێســتاش ئــەوی وەک ئەندامــی کۆمیتــەی ســەربازوەرگرتن هێشــتووتەوە).

ئەندامــە جووەکــەش بــە نیــازە دەســت لــەکار بکشــێتەوە، بــەڵام ئــەو لــە ئەنجامەکانــی دەســت لەکارکێشــانەوەکەی دەترســێت و لــەو بڕوایــە دایــە ئــەم کارەی لەلایــەن دەســەڵاتدارانەوە بــە ڕاســتەوخۆ بەرهەڵســتیکردنی ڕێســاکانی بەســەربازوەرگرتن هەژمــار دەکرێــت، بۆیــە لــە ئەنجامەکانــی گوشــاری ئیــداری و پێشــهاتەکانی تەمبێکردنــی ناڕاســەوخۆی، [دەســت لــە کارکێشــانەوەکەی] دەترســێت. بەمجــۆرەش کۆمەڵــە مەســیحی و غەیــرە مووســڵمانەکان بەدەســت بارگرانــی بەســەربازوەرگرتن دەناڵێنــن؛ چونکــە نەتەنیــا ئــەوان دەبــێ کۆتاکەیــان لــە ســەربازوەرگرتن پــڕ بکەنــەوە، بەڵکــو دەبــێ کێماســییەکانی نەبوونــی [ســەربازی] کوردیــش پــڕ بکەنــەوە. ئەوانیــش ئــەم کارە بــە نادادپەروەرییەکــی گــەورە هەژمــار دەکــەن و لەمبــارەوە بــەم شــێوەی خــوارەوە بۆچوونیــان دەردەبــڕن:

""کــورد، کــە خــاوەن زەوی خۆیانــن لــەو ماوەیــەی لــە خزمەتــی ســەربازیدان خێزانەکانیـان دەتوانـن لـە ڕێگـەی کاری [کشـتوکاڵییەوە] بژێـوەی خۆیـان دابیـن بکـەن؛ چونکـە لـە دایکبـووی عێراقـن، کەواتـە لـە دانـی پشـکی بەرهەمـی کشـتوکاڵیش [بـە ئاغاکانیــان] دەبووردرێــن، بــەڵام مەســیحییەکان ئــەم پشــکە دەدەن، مەســیحییەکان پەنابــەرن (زۆربــەی مەســیحییەکانی قــەزای زاخــۆ لــە شــوێنەکانیتر پەنابــەری زاخــۆ بوونــە]؛ لەســەر کێڵگــەی ئاغــاکان کار دەکــەن، ســەرەڕای دانــی بــاج بــە حکومــەت، دەبــێ دوو بەرامبــەر و هەندێــك جــار ســێ بەرامبــەری ئــەو باجــەی بــە حکومــەت دەدەن، بـە خـاوەن زەوییـەکان بـدەن. زیـاد لەمـەش ئـەو کێڵگەیـەی کاری تێـدا دەکـەن، بــە کرێیــە، تەنیــا لــە کاتــی کرێدانــدا دەتوانــن کاری تێــدا بکــەن؛ هــەر کاتیکیــش ئــەم خێزانــە [مەسـیحی و غەیـرە مووسـڵمانەکان] ئەندامێکـی کاریگەریـان لەدەسـتدا (هەرچەنــدە ڕێگــە بــە خێزانەکــە دراوە لــە گونــددا نیشــتەجێ بێــت)، کێڵگەکــە بــە هــەر کەســێکیتر دەدرێــت بتوانرێــت کار تێــدا بــکات.

بەمجــۆرەش خێزانــە مەســیحییەکان نەتەنیــا لــە پشــتگیریی ئەندامەکانیــان بێبــەش دەبـن [بەهـۆی چوونـە خزمەتـی سـەربازیی]، بەڵکـو لەهەمـان کاتـدا مـاف و زەویەکەشـی لـە دەسـت دەدات. بـە دڵنیاییـەوە ئەرکـی بەرگریکـردن لـە وڵات لـە ئەسـتۆی خـاوەن زەوییەکاندایــە، نــەک لــە ئەســتۆی پەنابــەران، هەروەهــا کەســی وەهــا هــەن دەتوانــن بــبن بــە ســەرباز، کەچــی بــە هــۆی هەبوونــی کەســی مەســیحی [بــۆ بەســەربازگیری] ئــەم کەسـانە عەفوکـراون، بـەم هۆیـەش پێگـەی مەسـیحییەکە بـۆ ئاسـت هـەژاری دابەزیـووە.

ســـەرەڕای ئەمـــەش حاڵیحـــازر ژمارەیـــەک کـــردەوەی دزی و تاڵانکـــردن لـــە دژی گونــدی مەســیحییەکان لــە قــەزای زاخــۆ ئەنجــام دەدرێــت؛ ئەمــەش لــە کاتێکدایــە مەســیحییەکان زۆربــەی ئەندامانــی ڕەگــەزی نێرینەیــان بەهــۆی ســەربازییەوە [لــە نــاو خێزانەکانیانــدا] نەمــاون. مــرۆڤ بیــر لــەوە دەکاتــەوە دەبــێ ئێســتا دەســەڵاتداران پــتر لــە دۆخــە ئاســاییەکان، ئاسایشــی ئــەو کەســانە دابیــن بکــەن و هەنــگاوی بەپەلــە بگرنەبــەر بــۆ لێکۆڵینــەوە لــەم ڕووداوە و بــە ســزاگەیاندنی تاوانبــاران. کەچــی ئــەو کارە ڕووینــەداوە و دەســەڵاتداران گشــتیان پێکــەوە بــە خراپــی ڕەفتــار دەکــەن.

گومـــان دەکرێـــت عەبدولکەریـــم، ئاغایەکـــی کـــوردی ســـلێڤانی، ڕێکخـــەر و دەســـتپێخەری ئـــەم تاڵانچێتیـــە بێـــت. دەســـەڵاتداران هەڕەشـــەی ئەوەیـــان لێکـــردووە پەلکێشـــی بـــەردەم دادگای بکـــەن، چونکـــە لـــەوە دەترســـن ئـــەم کەســـە لـــە ســـەر حیســـابی ڕەفتـــاری لێبوردەیـــی [حکومـــەت] بەرانبـــەر کـــورد دووبـــارە دەســـت بـــەم کارە ناشـــیاوە بـــکات. دەبینیـــن بەردەوامیـــدان بـــەم سیاســـەتەی [لێبوردەیـــی] حکومـــەت بەرانبـــەر کـــورد، کوردەکانـــی خســـتووەتە پێگەیەکـــی بەهێـــز و مەترســـیدار و دووبـــارە قوربانیانـــی [ئـــەم سیاســـەتە] کەمینـــە نامووســـڵمانەکانن.

Flight Lieutenant.Air Liaison Officer,Mosul

زۆر زۆر نهێنی (٣٥٣)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، سلێمانی.

بۆ: بەشی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای هەوایی، هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، هینایدی.

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٢٣٤. ڕێکەوت: ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦

بابەت (SECTION. I. Iraq)

**سیاسەتی ناوخۆ-ناسیۆنالیزمی کورد.**

٢٣٤. لەم دواییانەدا نووسراوێك لە سلێمانی بڵاو بووەتەوە کە لە هەمبەر کابینەی ئێستای حکومەتدا نارەزایەتی دەردەبڕێت و جەخت لەوە دەکاتەوە لەم کابینەیەدا کورد نوێنەریان نییە. هەروەها باس لەوە دەکات زۆرێک لەو فەرمانبەرە پلە نزمانەی لە کوردستان دامەزراون، کورد نین و بە بەردەوامی پێشێلی یاسای زمانە خۆجییەکان دەکرێت. ئەم نووسراوە لەلایەن "خۆشەویستانی ناوچەکە" (Lads of the Locality) واژووکراوە.

تێبینی: زۆرێک لە گەنجان لایەنگری لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی ئاستێک لە خوێندەواریان هەیە. هەروەها گومانی ئەوە هەیە ئەو نووسراوە یان لەلایەن "عەلی کەمال"ەوە بڵاو کراوەتەوە، یاخود جەمیل بابان بڵاوی کردووتەوە کە لەم دواییانەدا سەردانی مووسڵی کردبوو.

Flight Lieutenant.Air Liaison Officer, R. A. F

SULAIMANI

کۆپیەک بۆ: ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ.

زۆر زۆر نهێنی (٣٥٤-٣٥٦)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، سلێمانی.

بـــۆ: بەشـــی هەواڵگریـــی ئاســـمانی، بـــارەگای هەوایـــی، هێزەکانـــی بەریتانیـــا لـــە عێـــراق، هینایـــدی.

ڕێکەوت: ١٢ی تشرینی دووەم ١٩٣٦

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٤٣٢.

(SECTION. I. Iraq)

**سیاسەتی ناوخۆ، (کورد- تێبینی لەسەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد).**

١. ئـــەم ڕاپۆرتـــەی خـــوارەوە پوختکـــراوەی ئـــەو زانیارییانەیـــە کـــە لەلایـــەن ســـەرچاوە جۆراوجۆرەکانـــەوە هاتـــووە کـــە زۆر بەباشـــی ئاشـــنای کاروبـــاری کوردســـتانن:

٢. گشتی (General)

٣. هـەر لـە سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی ڕژێمـی تورکـەوە تـا کۆتایـی ئۆپەراسـیۆنی بـارزان لـە سـاڵی ١٩٣٢، بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد بـۆ سـەربەخۆیی لەلایـەن سـەرۆک خێـڵ و سـەرکردە ئایینییەکانـی کـوردەوە سـەرکردایەتی کـراوە. شکسـتی ئـەم سـەرۆک خێـڵ و سـەرکردە ئایینیانـە لـە بەدیهێنانـی ئـەم ئامانجـە، بەتایبەتـی بەهـۆی نەبوونـی هەماهەنگـی لـە نێـوان زۆربـەی ئاغاکانـی کـورد، کاریگـەری بەرچـاوی لەسـەر چینـی خوێنـدەواری کـورد هەبـوو و گەیشـتە ئـەوەی دەبـێ ئـەم کارە بخرێتـە ئەسـتۆی کەســە ڕۆشــنبیر و شارســتانەکان و ئــەم چینــەش لــە کەســانی خــاوەن ئەزموونــی سیاســی و کارگێڕیــی پێکهاتــوون و لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە دامــەزراون. لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٣٢، ئــەو کەســە پێشــکەوتووانە بڕیاریانــدا خۆیــان ڕێکخســتنی بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد لـە ئەسـتۆ بگـرن. بۆیـە ئـەم کەسـانە دەسـتیانکرد بـە گفتوگۆکـردن لەسـەر پلانـی جۆراوجـۆر بـۆ بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد جـا لـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی حکومەتـی ناوەنـدی عێراقێکـی بەهێـز بێـت یاخـود لاواز.

٤. ئـەو سیاسـەتەی وەک ئامانجـی سـەرەتایی [ئـەم بزوتنەوەیـەوە] پەیـڕەو کـرا، بریتـی بـوو لـە خوێندەوارکردنـی چینـی کـوردە دواکەتـووەکان؛ ئەمـەش وەک ئامانجێـک بـۆ گەیشـتن بـە سـەربەخۆیی کـورد. ڕێـک بـە پێچەوانـەی شـێوازەکانی پێشـووی گەیشـتن بـەم ئامانجـە بـوو، بەتایبەتیـش شـێوازی هێـزی چـەک، شـێوازی چەکیـش تەنیـا کاتێـک لـە ئاینـدەدا پەنـای بـۆ دەبـردرا کـە لـە ڕێگەیـەوە سـەرکەوتن مسـۆگەر بێـت و وەک دواییـن ڕێگەچـارە پەنـای بـۆ ببردرێـت.

## ئامانج و سیاسەتی ناسیۆنالیزمی کورد

## (THE AIMS AND POLICY OF KURDISH NATIONALISM)

٥. وەک باسـکراوە بەرنامـەی سیاسـی [ئـەم بزوتنەوەیـە] ئـەم بەندانـەی خـوارەوەی لەخـۆ گرتـووە:

١. زیادکردنـی خزمەتگوزاریـی کۆمەڵایەتـی و پەروەردەیـی لـە نێـوان کوردەکانـدا لـە پێنـاو ڕاهێنانـی ژمـارەی پێویسـت لـە کەسـی خوێنـدەوار تـا هـەر کاتێـک، کاتـی هـات، شـوێنی سـەرۆک خێڵـەکان بگرنـەوە.

٢. گوشـار خسـتنە سـەر حکومەتـی عێـراق بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو گرێنتییانـەی لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە بـە کەمینـەکان دراوە؛ بـۆ نموونـە بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی و دامەزراندنـی فەرمانبـەری کـورد لـە لیـوا کوردییەکانـدا.

٣. دەرکردنـی هەمـوو ئـەو کەسـانەی سـەر بـە نەتـەوەی [جۆراوجـۆرن] کـە لـە ڕابـردوودا بوونەتـە بەربەسـت بەرانبـەر سـەربەخۆیی کـورد.

٤. ناکۆکـی نوانـدن لـە نێـوان لایەنـە جۆراوجـۆرە غەیـرە کوردەکانـی عێـراق لەپێنـاو لاوازکردنـی یەکێتـی عێـراق.

٥. لاوازکردنـی هێـز و دەسـتڕۆیی کۆمەڵێـک سـەرۆک خێڵـی کـورد کـە لەوانەیـە هـاوکاری بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد نەکـەن.

٦. ئەم بەرنامەی سەرەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٢دا خراوتە بواری جێبەجێکردن.

هـەواڵ دراوە سـەرکردە نوێیەکانـی [ئـەم بزوتنەوەیـە] بـاس لـە گرنگـی بەدەسـتهێنانی متمانــەی حکومــەت بکــەن، تــا لــەم ڕێگەیــەوە فەرمانبــەرە کــوردەکان لــە پۆســتە باڵاکانـی سـەربازی و کارگێڕیـدا بتوانـن ئـەم سیاسـەتە نوێیـەی [بزوتنەوەکـە] جێبەجـێ بکــەن. بۆیــە بڕیــاردراوە هــاوکاری حکومــەت بکرێــت لــە مامەڵەکردنیــدا لــە دژی گشــت لایەنــە غەیــرە کوردییــەکان.

**سیاسەتی نوێ، ئەنجامە دەستەبەرکراوەکان**

**(THE NEW POLICY, RESULTS OBTAINED)**

٦. ئـەو بەرنامـە سیاسـییەی لـە پەرەگرافـی ٤، خرایـەڕوو تـا ئێسـتا ئـەم ئەنجامانـەی خـوارەوەی دەسـتەبەر کـردووە:

**بەندی (١)**

ا بەهـۆی کەمـی ژمـارەی فەرمانبەرانـی کـورد لـە پۆسـتە باڵاکانـی پـەروەردەدا، تەنیـا بەشـێک لـەم ئامانجـە بەدیهاتـووە، بـەڵام ئـەو سیاسـەتە بووەتـە هـۆی دروسـتکردنی خواسـتێک لـە نێـوان سـەرۆک خێڵەکانـدا بۆئـەوەی کوڕەکانیـان فێـرە خوێنـدن بـبن.

**بەندی (٢)**

**ب** وەگەڕخسـتنی زمانــی کــوردی لــە لیــوای هەولێــر، هەنگاوێکــە بــەرەو ئاڕاســتەی دروســت. ئێســتا زۆربــەی پۆســتە فەرمییــەکان لــە لیــوا کوردییەکانــدا لەلایــەن فەرمانبــەری کــوردەوە پــڕ کراونەتــەوە. هەروەهــا دەگوترێــت حاڵیحــازر کــورد بــە بــەراورد لەگــەڵ ئــەو ژمــارە فەرمانبــەرەی لــە حکومەتــی ئۆتۆنۆمــی کوردەکانــدا (Kurdish Autonomus State) هەیانـە، زۆرتریـن ژمـارەی فەرمانبەریـان لـە کەرتـە خزمەتگوزارییەکانــی حکومەتــدا هەیــە؛ بــۆ نموونــە ژمارەیــەک کــورد لــە لایــەن حکومەتــەوە لــە باشــووری عێــراق دامــەزراون.

**بەندی (٣)**

**ج** نەهێشــتنی مەترســیی ئاشــوورریەکان کــە بەهــۆی نائارامییەکانــی ســاڵی ١٩٣٣

بەدیهاتـــووە. دواتـــر پەنابەربوونـــی ژمارەیـــەک لـــە ئاشـــوورییەکان بـــۆ ســـوریا ئـــەو بەربەســـتەی لـــە ناوبـــرد کـــە پێشـــتر ببـــووە هـــۆی شکســـتی هەوڵەکانـــی کـــورد لـــە ڕابـــردوووداا بـــۆ بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی.

**بەندی (٤)**

**د** گرتنەبـــەری ڕێـــکاری تونـــد لەلایـــەن حکومەتـــەوە لـــە دژی شـــیعە، مەســـیحی و ئێزدییـــەکان، تـــا ئاســـتێکی بەرچـــاو یەکێتـــی عێراقـــی لاواز کـــردووە.

**بەندی (٥)**

**ه** ئەمـــەش تـــا ڕادەیـــەک بەدیهاتـــووە، ئەویـــش بـــە شـــکاندنی هێـــز و دەســـتڕۆیی شـــێخ ئەحمـــەدی بـــارزان و شـــێخ مەحمـــود.

HARISSION

Flight Lieutenant.

Air Liaison Officer, R. A. F

MOSUL

زۆر زۆر نهێنی (٣٥٧)

بارەگای هەوایی، هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، هینایدی.

ژمارەی ژێدەر: (S. 10868/27/"I")

١٣ی تشرینی دووەم ١٩٣٦

بەڕێز هاریسۆن (Harisson)

هێبێـرت (Hebbert) لێـی پرسـیم ڕاپۆرتـە هاوپێچکراوەکـەی کـە لـە گەشـتی ئـەم دواییەیـدا ئامـادە کـردووە، بـۆت بنێـرم.

خۆشـحاڵ دەبـم ئەگـەر بەڕێـزت ئـاگادارم بکەیتـەوە کـە ئایـا لەمبـارەوە هیـچ سـەرنجێکت هەیـە یـان نـا.

وەفادرتان

F. H. Harrison Flight Lieutenant.

Air Liaison Officer,

MOSUL

زۆر زۆر نهێنی (٣٥٨-٣٦٠)

ڕاپۆرتێـک لەلایـەن سـەرۆکی فڕۆکـەوان ف. ل. ب هێربێـرت پـاش سـەردانەکەی بـۆ مووسـڵ لـە ٧ بـۆ ٩ی تشرینـی دووەمـی ١٩٣٦.

(Report by Squadron Leader F. L. B. Hebbert after his visit to Mousl 7th to 9th November 1936)

لـە ئەنجامـی سـەردانی کۆتایـی هەفتەمـدا بـۆ مووسـڵ، لـە ٧ بـۆ ٩ی تشرینـی دووەمـی ١٩٣٦، تێبینـی ئەمانـەی خـوارەوەم کـرد:

١. کەسـایەتییە خوێنـدەوار و دەسـتڕۆیەکانی کەمینـە جۆراوجۆرەکانـی مووسـڵ بـە پێکهێنانـی حکومەتـی نـوێ زۆر خۆشـحاڵن، بـە گوتـەی ئـەوان ئـەو حکومەتـە حکومەتێکـێ "غەیرە-عەرەبـە" و دادپـەروەری و یەکسـانی بـۆ کەمینـەکان بەدیدێنێـت. تاڕادەیـەک قسـەکانیان هاوشـێوەی ئەمانـەی خـوارەوەن:

٢. ناسیۆنالیسـتە کوردەکانـی مووسـڵ ئەوپـەڕی ستایشـی خۆیـان بـۆ بەکـر سـدقی (Bekr Sidqi) و سوپاسـی خۆیـان بـۆ جێبەجیکردنـی پلانـی ناسیۆنالیسـتی کـوردی دەربـڕی، هەرچەنـدە بـە قسـەی ئـەوان ئـەم جێبەجێکردنـە لەسـەرخۆ ئەنجـام دەدرێـت و هیـچ کاتێـک ئـەم پلانـە نەنووسراوەتـەوە، بـەڵام داڕێـژراوە، بەتایبەتـی ئەوکاتـەی ڕوون بـووەوە بەریتانیـا گشـت کەمینـەکان بـە ڕەحمەتـی سیاسـەتمەدارە عەرەبەکانـی سـونەی بەغـدا دەسـپێرێت. دەگوترێـت ئامانجـی ئـەم پلانـە ئەوەیـە کـورد هێـدی هێـدی هەسـت بـە بەهێـزی خۆیـان بکـەن و بـبن بـە هاوبەشـێکی گرنـگ لـە دەوڵەتـی عێراقـدا، نـەک وەک کەمینەیـەک کـە لـە دەوڵەتێکـی عەرەبـدا بـە لێبوردەییـەوە ڕەفتاریـان لەگەڵـدا دەکرێـت.

٣. یەکـەم ئامانجـی کـورد بریتـی بـووە لـە ڕزگاربوونیـان لـە دەسـت کێشـەی ئاشـورییەکان. ئاشـورییەکان بـۆ ماوەیـەک خراپـەکاری پشـتگیریکراوبوون و لەلایـەن [حکومەتـی] بەریتانیـاوە پشـتگیری دەکـران. تەنانـەت کێشـەی ئاشـورییەکان بـە ئاسـتێک گەیشـت بانگەشـە بکـەن کـە کوردسـتانی عێـراق موڵکـی ئەوانـە؛

ئەمـەش بەهـۆی ئـەو خزمەتـەی کـە پێشکەشـی بەریتانیایـان کردبـوو؛ هەروەهـا بەهـۆی باڵادەسـتی عەقڵـی و ئەخلاقیـان بەسـەر کوردەکانـەوە. ئـەم باڵادەسـتیەش بـووە هـۆی ئـەوەی ئاشـوورییەکان کاریگـەری نەهامەتباریـان بەسـەر کوردەکانـەوە هەبێـت، بۆیـە کـورد بڕیاریانـدا لـە یەکـەم دەرفەتـدا بەسـەر ئاشـوورییەکاندا زاڵ بـن. ئـەم دەرفەتـەش بـە هـۆی "کێشـەنانەوەی ئاشـوورییەکان لـە سـاڵی ١٩٣٣دا بەدیهـات. کـورد بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن گوایـە بەکـر سـدقی بـەو بـێ ڕەحمیـەی هەیەتـی، ڕۆحـی ئاشـوورییەکانی تێکشـکاند و لـە هەمانکاتـدا "ئەفسـانەی" باڵادەسـتی ئاشوورییەکانیشـی تێکشـکاند؛ ئەمـەش یەکەمیـن هەنـگاو بـوو لـە بەدیهێنانـی بەرنامـەی ناسیۆنالیسـتی کـوردی.

٤. دووەم هەنـگاو لـە بەرنامـەی کـوردەکان بریتـی بـوو لـە سـوود وەرگرتـن لـە ناکۆکـی لـە نێـوان عەرەبـی سـونە و شـیعە. ئـەوان دەزانـن هەرچەنـدە زۆرینـەی عەرەبەکانـی عێـراق شـیعەن، کەچـی تاقمـی فەرمانـڕەوا سـونەیە. بۆیـە ڕێنمایـی بـە گشـت فەرمانبـەرە کـوردەکان دراوە پشـتگیریی لـە حکومەتـی بەرقـەرار بکـەن و هەروەهـا کەشـێکی وەفادارێتـی بـۆ تاقمـی فەرمانـڕەوا بخوڵقێنـن لـە پێنـاو ئـەوەدا ڕێگـری لـە جێگۆڕکـێ کـردن بـە فەرمانبەرانـی کـورد لـە [سیسـتەمی] کارگێڕیـدا بکـەن. لەهەمانکاتـدا چاوەڕوانـی دەرفەتێـک بـۆ تێکدانـی پەیوەنـدی نێـوان شـیعە و سـونە هاتەکایـەوە. ئـەم دەرفەتـەش کاتێـک هاتەکایـەوە کـە لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٣٦ کێشـە لـە ناوەڕاسـتی ناوچـەی فـورات سـەریهەڵدا. بۆیـە بەکـر سـدقی داوای [لـە حکومـەت کـردووە] بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی یاخیبوونـی خێڵـەکان دەسـتی کـراوە بێـت. حکومـەت لـە مەبەسـتی ئـەو تێگەیشـتووە کـە دەیەوێـت بەنـاوی حکومەتـی سـونە کـرداری سـتەمکارانی لـە دژی خەڵکـی شـیعە ئەنجـام بـدات، بۆیـە داواکارییەکـەی ڕەتکراوەتـەوە. بەکریـش هەڕەشـەی دەسـت لەکارکشـانەوەی کـردووە و هانیـش دەدرێـت [ئـەم کارە بـکات]. هەرچەنـدە بەکـر لـە ئامانجەکەیـدا بـۆ هێنانـەدی دڕدۆنگـی لـە نێـوان شـیعە و سـونەی عەرەبـدا سـەرکەتوو نەبـوو، بـەڵام پێگـەی خـۆی بەهێزکـرد و لەنـاکاو دەسـتی بەسـەر سـوپادا گـرت.

٥. ڕووداوەکانـی فەلەسـتین و کاریگەرییەکانـی لـە فووتێکـردن لـە بزوتنـەوەی پـان-عەرەبیـزم، هەروەهـا ئەگـەری سـەربەخۆیی سـوریا، بـووە هـۆی ئـەوەی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی وەک هەڕەشـەیەک بـۆ سـەر کـورد بـە خێرایـی گەشـە بـکات؛ بۆیـە دەبـێ هەنگاویـتر لـە یەکـەم دەرفەتـدا جێبەجـێ بکرێـت. ئـەم دەرفەتـەش وادیـارە بـە داواکـەی مەلیـک [فەیسـڵ] بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی حکومەتەکـەی یاسـین بەدیهاتـووە. حکومـەت لەلایـەن بەکـرەوە دەسـتی بەسـەرداگیرا و کوردەکانیـش ئێسـتا بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن حاڵیحـازر حکومەتێکـی ”غەیـرە عەرەبـی“ لەسـەر دەسـەڵاتە. بۆیـە ناسیۆنالیسـتە کـوردەکان بەکـر بـە سـەرۆکێکی گـەورە هەژمـار دەکـەن کـە هەنـگاو بـە هەنـگاو بەرنامەکەنیـان دێنێتـەدی. دواییـن هەنـگاو، بـۆ حکومەتـە نوێیەکـە، بریتییـە لـە هێنانـەدی گەلـی عێـراق لەبـەری ”دەوڵەتـی عەرەبـی عێراقـی“ ئێسـتا و بەخشـینی پێگەیـەک بـە گشـت کەمینـەکان، کـە بێگومـان کـورد پێشـەنگن.

٦. سـەرەڕای بەرنامـەی ناسیۆنالیسـتی کـورد و ئـەو مێـژووە بـێ ڕەحمـەی بەکـر سـدقی، کەچـی دەبـێ ڕوون بکرێتـەوە بۆچـی کلـد، ئاشـور، ئێـزدی و جووەکانـی مووسـڵ پێشـوازیان لـە گەیشـتنی بەکـر سـدقی بـۆ دەسـەڵات کـرد. ئـەوان ئێسـتا درکیـان بـەوە کـردووە کـە بـێ ڕەحمییەکـەی بەکـر سـدقی بریتـی نییـە لـەوەی خوێنمژێکـی دڕنـدە و کـوردە، بەڵکـو [ئـەو بێڕەحمییـە] پشـت بـە سیاسـەتێکی بیرلێکـراوە دەبەسـتێت و بـە دەسـتەبەرکردنی ئامانجەکـەی [ئـەم ڕەفتـارە] دووبـارە نابێتـەوە. ئـەوان وەهـا بیـر دەکەنـەوە بەکـر سـدقی هـەر وەک بەریتانییـەکان باسـی دەکـەن، مرۆڤێکـی خـراپ نییـە. کۆمەڵێـک ڕووداوی کـەم دەمێننـەوە کـە جێگـەی گومانـن، [بـۆ نموونـە] ئایـا ئـەو بەرپرسـیارە لـە کۆمەڵکوژییەکـەی سـێمێل، خەڵکەکـە دەڵێـن ئـەم کردەوەیـە بـە فەرمانـی ڕاسـتەوخۆی حیکمـەت سـلێمان بـووە، کـە لـە کاتـی خـۆی وەزیـری ناوخـۆ بـووە و گوایـە ژمارەیـەک ئاشوریشـی بـە دەسـتی خـۆی کوشـتووە؛ هەرچەنـدە ئـەم خەڵکانـە دەڵێـن، حیکمـەت بێـزاری خـۆی لـەم کۆمەڵکوژییـە دەربڕیـوە و هەندێـک فرمێسـکی تیمساحیشـی ڕشـتووە، بـەڵام بەکـر سـدقی ئـەم پلانـەی دارشـتووە و لـە لایـەن بەریتانییەکانیشـەوە [پلانەکـە]

پارێـزراو بـووە (سـێر فرانسـیس هامفریـس دەزانێـت سـەختە بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان ڕوون بکرێتـەوە لەبـارەی گونجاوێتـی عێـراق کـە ببێتـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ دوای ئـەو هەمـوو شـتەی گوتـراوە [بۆچـی ئـەم حکومەتـە ئـەم کارانـە دەکات]).

٧. هیـچ دوژمنکارییـەک لەلایـەن ئاشـورییەکانەوە بەرانبـەر حیکمـەت هەسـت پێناکرێـت، چونکـە ئـەوان دەزانـن هانـدەری ئـەم کارە، وەک هانـدەری گشـت کوردەکانیـتر، بریتـی بـووە لـە شـکاندنی ئەفسـانەی باڵادەسـتیی ئاشـوورییەکان. ئـەوان دەڵێـن حیکمـەت کەسـێکی عـەرەب نییـە، بەڵکو تورکمانە و دایکیشـی چەرکـەزە (Circassian). هەروەها ئامـاژە بـەوە دەکـەن چیـتر حیکمـەت سـەر بـە پارتـی ئەخـا یـان وەحـدە (Ikha or Wahda) نییـە. واتـە ئـەو کەسـانەی لـە نـاوەوە و دەرەوەی تاقمـی سیاسـەتمەدارانی بەغـدان. کەواتـە، سـەرەڕای سـتەمکارییەکەی، ئاشـوورییەکان حیکمـەت بـە کەسـێکی عێراقـی هەژمـار دەکـەن، نـەک بـە کەسـێکی عەرەبـی نیشـتیمانپەروەر.

٨. بـە هـۆی ئـەو هۆکارانـەی لەسـەرەوە باسـکران، کەمینەکانـی مووسـڵ پێشـوازییان لـە حکومەتـی نـوێ کـرد و بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن ئـەم حکومەتـە لـە ڕووی سیاسـییەوە حکومەتیکـی "غەیـرە عەرەبـە"" و لـەو بڕوایـەدان دوای شـکاندنی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی و جێگیرکردنـی ناسـیۆنالیزمی عێراقـی، بـە شـێوەیەکی دادپەروەرانـە [دەرفـەت] بـە گشـت کەمینـەکان دەبەخشـێت ڕۆڵـی خۆیـان ببینـن. ئـەوان دەزانـن بـە ڕۆژێـك ناتوانـن شـوێنی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی [بـە ناسـیۆنالیزمی عێراقـی] بگۆڕنـەوە، بـەڵام لـەو بڕوایـەدان حکومەتـی نـوێ هینـدە بەهێـزە بتوانێـت ئـەم ئامانجـە بەدیبهێنێـت. ئـەوان لـەو بڕوایـەدان ڕوانگـەی حکومەتـی نـوێ، ڕوانگەیەکـی غەیـرە عەرەبییـە؛ ئەمـەش بـە پشـت بەسـتن بـەو ڕاسـتییەی کـە بەهێزتریـن خێزانەکانـی عەربـی سـوونە لـە مووسـڵ، بـۆ نموونـە جەیـل مەدفەعـی لەلایـەن کودەتاچییەکانـەوە نەخراوەتـە نـاو دەسـەڵات و [ئـەم خێزانانـە] وەک ئەخائییـەکان و وەحدەوییـەکان کێبڕکێـی پێشـوازیکردن لـە حکومەتـی نـوێ ناکـەن کـە حاڵیحـازر لـە ڕووی سیاسـییەوە هێـدی هێـدی بـەرەو ئاوابـوون دەچـن (doggo) و چاوەڕوانـی ڕووداوەکانـن.

٩. ئـەو شـتەی لـە سـەرەوە خرایـەڕوو، بریتییـە لـە تێگەیشـتنی مـن لـە میانـەی ئـەو گفتوگۆیانــەی [لەگــەڵ کەمینــە جۆراوجــۆرەکان] و لەگــەڵ هاووڵاتیانــی بەریتانیــا لـە مووسـڵ هەمبـووە. لەوانـە وەهـا دەربکەوێـت ئـەم قسـانە زۆر سـادەن وەک حەقیقـەت وەربگیرێـن و خۆشـم بـێ ئاگایانـە ئـەو گفتوگۆیانـەم زۆر سـادە کردبێـت تـا لـەم ڕێگەیـەوە تێگەیشـتنی خـۆم بخەمـەڕوو. بەهەرحـاڵ، مـن لـەوە تێدەگـەم هێلـە گشـتییەکانی [ئـەو بابەتانـەی کـە لەسـەرەوە باسـمکردن[ ڕاسـتن.

١٠. کودەتاکــە ئــەوەی نیشــاندا کــە مێشــکێک لــە شــوێنێکەوە ســەرکردایەتی ئــەم بزوتنەوەیــە دەکات. کــوردە ناسیۆنالیســتەکان بانگەشــەی ئــەوە دەکــەن کــە ئــەو مێشــکەی پلانــەکان دادەڕێژێــت و بــە ســەرکەوتووی جێبەجــێ دەکات بریتیــن لــە بەکــر ســدقی، ئەحمــەد تۆفیــق (موتەســەڕیفی هەولێــر) و عومــەر نازمــی (موتەســەڕیفی مووســڵ).

١١. لەلایــەن کۆنســوڵی بەریتانیــا لــە مووســڵ ئاگادارکرامــەوە یــەک یــان دوو ڕۆژ لەمەوبــەر عومــەر نازمــی پەیوەنــدی پێــوە کــردووە و لەبــارەی ئــەوەی حکومــەت لەلایــەن ســوپاوە دامــەزراوە نیگەرانــی خــۆی دەربڕیــوە. ئەگــەر ئەمــە ڕاســت بێــت، چونکــە عومــەر نازمــی یەکێــک لــە کــوردە ناسیۆنالیســتەکانە و ""مێشــکی متمانەپێکــراوە"" (brain-trust)، کەواتــە دەربڕینــی ئــەم بۆچوونــە بــۆ کۆنســولی بەریتانیــا جێگــەی گومانــە. دەکرێــت بۆچوونــی فەرمــی بەریتانیــا لەبــارەی بەکــر ســدقی بزانیــن کــە بــە کەسـێکی دڕنــدە هەژمــاری دەکات و هیواداربــوو متمانــە لــە نــاو حکومەتــە نوێیەکــەدا دروســت بــکات و وەهــا بخاتــەڕوو کــە لایەنگرەکانــی دژی ئــەوەن ســوپا دەســت لــە کاروبــاری سیاســی وەر بــدات.

١٢. هــەر بــە ڕێکــەوت بــۆم دەرکــەوت ســتافی کۆنســوڵگەریی فەڕەنســا لــە مووســڵ بۆچوونەکــەی حکومەتــی بەریتانیــا لەبــارەی بەکــر ســدقی بــە بۆچوونێکــی دادپەروەرانــە نازانــن و هیــچ گومانێکیــان لــەوە نییــە حیکمــەت کەســیکی بێڕەحمــە. بەهەرحــاڵ دەرفەتــی ئــەوەم نییــە ئــەم بابەتــە ڕوون بکەمــەوە.

١٣. دەمـەوێ ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە سـەرکردایەتی ئاشـوورییەکان لـە مووسـڵ گووتیـان خۆشـحاڵن کـە بەکـر سـدقی بەنیـازە، ئەگـەر مومکیـن بێـت، ئاشـوورییەکان لـە ناوچـە بەرزاییەکانـی کوردسـتان نیشـتەجێ بـکات، ئەگەرنـا لـە دەشـتاییەکانی کوردسـتان نیشـتەجێیان دەکات. ئـەوان چاوەڕوانـی ئـەوە دەکـەن بەرپەچدانـەوەی ئاشـوورییەکانی ئـەم قەزایانـە [واتـە ئاشـوورییەکانی ئـەو قەزایانـەی بەکـر بەنیـازە بـۆ کوردسـتان بیانگوازێتـەوە]، بـە گەیشـتنی بەکـر سـدقی بـۆ دەسـەڵات، لـە سـەرەتای جێبەجێکردنـی ئـەم پلانـە، [ئاشـوورییەکان] تووشـی سەرئێشـە دەبـن، بـەڵام دواتـر هیـوادارن هێـدی هێـدی بۆچوونـی خۆیـان لـە نـاو [کوردەکانـدا] بـڵاو بکەنـەوە و دڵنیایـی بـە [کـورد] ببەخشـن.

١٤. ئازادکردنـی ١٢٥ بەندکـراوی ئێـزدی و ئەنجامدانـی سـەردانی فەرمـی [حکومـەت] بـۆ لایـەن سـەرکردەکانی جولەکـە لـە بەغـدا بـۆ دڵنیاکردنەوەیـان، گشـتیان ئامـاژەدەری ئـەوەن کـە خۆشـبینی کەمینـەکان لـە شـوێنی خۆیدایـە. توێـژی گەنجانـی عـەرەب لـە مووسـڵ و پۆلیسـە پلـە نزمـەکان، وەهـا نابینـن، حاڵیحـازر هیـچ گۆڕانکارییـەک بێتەکایـەوە و لـە دەسـتدرێژیکردنە (offensive) سـەر کەمینـە غەیـرە عەرەبـەکان بەردەوامـن. بـەڵام ئـەم کەمینانـە لـەو بڕوایـەدان کاتێـک حکومەتـی نـوێ کەوتـە سـەر سـکە، ڕێگـە نـادات ئـەم جـۆرە کردارانـە بـەردەوام بـن.

H. B. Hebbert

Squradon Leader

٩ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦

زۆر زۆر نهێنی (٣٦١)

ژێدەر: ژمارە (I/M/20/3) ئەفسەری پەیوەندی ئاسمانی، مووسڵ

١٩ی تشرینی دووەم ١٩٣٦ بەڕێز دێڤیس (Devies)

ئاماژە بە نووسراوتان بە ژێدەری (S.10868/27/I) لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٣٦.

١. لەو بڕوایەدام هێڵە گشتییەکانی ڕاپۆرتەکەی هێبێرت، سەرۆکی فڕۆکەوان، دروستە. پێشنیاز دەکەم بەڕێزت [نووسراوەکەم] بە زنجیرە ژمارەی ٤١٤، ٤٣٢، ٤٣٦ و ٤٣٧ بخوێنیتەوە کە پەیوەندی بەم ڕاپۆرتەوە هەیە. هەروەها حاڵیحازر خەریکی کۆکردنەوەی ئەو زنجیرە ژمارانەی خوارەوەم کە پشتڕاستی ڕاپۆرتەکەی هێبێرت دەکەنەوە:-

**ا** هەڵوێستی کورد بەرانبەر کابینەی نوێ.

**ب** هەڵوێستی ئاشورییەکان و مەسیحییەکان بەرانبەر کابینەی نوێ.

**ج** هەڵوێستی جووەکان بەرانبەر کابینەی نوێ.

**د** هەڵوێستی ئێزدییەکان بەرانبەر کابینەی نوێ.

٢. ""ئاماژە بە پەرەگرافی ١٤ [لە ڕاستیدا پەرەگرافی ٥٨. وەرگێڕ] لە ڕاپۆرتەکەی هێبێرت، دەڵێت ئەنجوومەنی گەنجانی ئیسلامی (Islamic Youth Society) لە ڕووی سیاسییەوە هێدی هێدی بەرەو ئاوابوون دەچن و چاوەڕوانی ڕووداوەکانن؛ هەروەها دەڵێت عەرەبە گەنجەکان و پۆلیسە پلە نزمەکان بەردەوامن لەسەر ڕەفتاری پێشێلکارانەیان بەرانبەر کەمینە ناموسڵمانەکان، جێی سەرنجدانە.

خزمەتکارتان

واژوو: Johnson

Air Staff Intelligence, Air Headquarters, Hinaidi

Squadron Leader A. D. Davies

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٦٢-٣٦٣)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، هینایـدی.

ڕێکەوت: ١٤ی حوزەیرانی ١٩٣٧

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ١٥٣.

(SECTION. I. Iraq)

**(سیاسەتی ناوخۆ- لیوای مووسڵ: سەردانی فەریق بەکر سدقی بۆ مووسڵ).**

١. لـە بەردەوامـی زنجیـرە ژمارەکـەم (١٩٣٧/١٥٠)، ئـەم ڕاپۆرتـەی خـوارەوە پوختەیەکـە لەسـەر ئـەو زانیارییانـەی لەلایـەن کەسـێکەوە هاتـووە کـە پەیوەندییەکـی نزیکـی لەگـەڵ ناوەندەکانـی سـەربازیی لـە بەغـدادا هەیـە:

٢. بـە گوێـرەی ئـەو قسـانەی بەکـر بـە [بەرپرسـی هێڵـی.... ناوەکـە ناوخێندرێتـەوە. وەرگێـڕ] گووتـووە، مەبەسـتی بەکـر سـدقی لـە سـەردانەکەی بـۆ مووسـڵ،کە بـە یـاوەی هاوسـەرە نەمسـاوییەکەی بـوو، لەبەغـدا دەنگـۆی زۆر لەبـارەی هاوسـەرە نەمسـاویەکەی ژەنـەڕاڵ [بەکـر] هەیـە. دەکـرێ بەکورتـی ئـەو دەنگۆیانـە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە پۆلێـن بەنـدی بکەیـن:

ا گوایـە دەگەڕێتـەوە نەمسـا تـا ڕاپۆرتێـک لەسـەر بارودۆخـی سیاسـی عێراق بۆ سـەرووی خـۆی بخاتەڕوو.

ب دەگەڕێتـەوە نەمسـا بۆئـەوەی ڕێنمایـی نـوێ لـە سـەرووی خـۆی وەرگرێـت و دواتـر مێردەکـەی هـان دەدات ئـەم سیاسـەتانە جێبەجـێ بـکات.

ج بە هۆی گەرمای هاوینەوە لە عێراق هەڵ دێت.

د لـە ڕەفتـاری مێردەکەیـەوە بێـزارە، بەتایبەتی بە هـۆی بوونی پەیوەندیی [هاوسـەرەکەی بەکـر] لەگـەڵ خۆشەویسـتەکەیدا.

پەرەگرافـی (آ) و (ب) زۆر بـە بەهێـزی لـە بەغـدا دەسـوڕێتەوە. پەرەگرافـی (د) لەلایەن هاوڕێیـە نزیکەکانـی بەکرد سـدقیەوە بـاس دەکرێت.

٣. بــە بــڕوای ناوەنــدە ســەربازییەکان کــە زانیــاری باشــیان هەیــە، بەکــر ســدقی لــە میانــەی ســەردانەکەی بــۆ مووســڵ ئــەو دەرفەتــە دەقۆزێتــەوە لێکۆڵینــەوە لەبــارەی هەڵوێســت و بۆچوونەکانــی یەکەکانــی ســەربازی لــە باکــوور و بۆچوونــی مووســڵاوییەکان لــە بــارەی حکومەتــە نوێیەکــە و بەتایبەتــی لەبــارەی خــودی خــۆی بــکات. دەگوترێــت بەتایبــەت خوازیــارە بزانێــت ئایــا گروپــی ناسیۆنالیســتی عەرەبـی مووسـڵ دەتوانـن لـە چالاکـی بریکارەکانـی بەکـر سـدقی تێبگـەن لەبـارەی هەوڵەکانـی بەکـر سـدقی بـۆ پێگەیاندنـی ناکۆکییەکانـی سـەرۆک خێڵـە کـوردەکان وەک ئامادەکارییــەک بــۆ یەکێتــی کــورد.

واژوو: Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer, R. A. F.

Mosul

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٦٤-٣٦٦)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، مووسڵ.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، هینایـدی.

ڕێکەوت: ١٥ی حوزەیرانی ١٩٣٧

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ١٥٤.

(SECTION. I. Iraq)

**(سیاسەتی ناوخۆ- ناسیۆنالیستە عەرەبەکان- بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی بەکرسدقی).**

١. ""ئامـاژە بـە زنجیرەکـەم بـە ژمـارە ١٠٩. پەرەگرافـی ٨ لەسـاڵی ١٩٣٧، ئـەم زانیارییانـەی خـــوارەوە- لەڕێکەوتـــی کۆتایـــی مانگـــی نیســـانی ١٩٣٧- لـــە ســـەرچاوەیەکەوە بەدەســـت گەیشـــتووە = کـــە شـــارەزایی زۆری لەســـەر سیاســـەتی ناوخـــۆی شـــاری مووسـڵ هەیـە: ناسیۆنالسـیتە عەرەبـەکان. تـرس لـە زیادبوونـی کاریگەریـی لایەنـی کـوردی لەســەر حکومەتـی عێـراق.

٢. تاقمـی عەرەبـی ناسیۆنالیسـت لـە عێـراق بـەرە بـەرە هەسـت بـەوە دەکـەن کـە کاریگـەری لایەنـی کـوردی لەسـەر دامـودەزگای سـەربازی، سیاسـی و کارگێڕیـی عێـراق بـەرەو زۆربـوون دەچێـت و لـەوە دڵنیـان بەکر سـدقی تـا ئاسـتێکی زۆر پشـتگیریی لەم لایەنـە دەکات. لـە ئەنجامـی چالاکییـە سیاسـییەکانی بەکـر سـدقی لـە مـاوەی چەنـد مانگـی ڕابـردوودا، بـە بـڕوای ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان، ئێسـتا ئـەوان لـە پێگەیەکـدان بتوانـن بـە دروسـتی لێکدانـەوە بـۆ لێدوانەکـەی بەکـر سـدقی بکـەن کـە لـە ئەنجامـی مشـتومڕێک لـە نێـوان ئەفسـەرە کـورد و عەرەبەکانـی سـوپای عێـراق کـە لـە یانـەی سـەربازی بەغـدا ڕوویـدا بـە شـێوەیەکی سەرکەشـانە گووتـی، هیـچ کات پەیوەنـدی بـە ناسیۆنالیسـتە کوردەکانـەوە نەبـووە و هیـچ کاتێکیـش نەیویسـتووە پشـتگیریی لـە بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد بـکات. لـە هەمانکاتـدا، جەختـی لـەوە کردووتـەوە،

نیشتیمانپەروەرێکی عێراقییە و بەتەواوەتی وەفاداری پرسی عێراقە (زنجیرەکەم بە ژمارە ١٠ پەرەگرافی ٦ (b) لە ساڵی ١٩٣٧).

ناسیۆنالیستە عەرەبەکان دەڵێن، ژەنەڕاڵ [بەکر] ئەوکاتەی ئەم لێدوانەیدا، هێشتا پێگەکەی لە عێراقدا لاواز بوو، بۆیە ئەم لێدوانەیدا تا پلانە سیاسییە ڕاستەقینەکەی پەردەپۆش بکات کە بریتیە لە:

ا تیرۆرکردنی عەرەبە ناسیۆنالیستە ناسراوەکان.

ب سنورداشکردنی سیاسەتمەداره عەرەبە سەرکردەکان.

ج دوورخستنەوەی کەسایەتییە عەرەبە گرنگەکان وەک سیناتۆرەکان، پەرلەمانتارەکان، ناسراوەکان و فەرمانبەرە پلە بەرزەکانی حکومەت.

د هەڵمەتێکی ترس و تۆقاندن لە دژی ناسیۆنالیستە پان-عەرەبەکان لە عێراقدا.

٣. بەپێی ئەم پێوەرانە، عەرەبە ناسیۆنالیستەکان دەڵێن بەکر سدقی کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی پلانی -ئەگەر بتوانێت- لەناوبردنی گشت کەسایەتییە عەرەبەکانی کارامەیی سیاسی، دپلۆماسی، سەربازی و ئەزموونیان هەیە. هەروەها هەوڵ دەدات عەرەبە ناسیۆنالیستەکانی عێراق لە سەرکردە بەئەزمونەکانیان بێبەش بکات. هەر پەیوەست بەم بابەتە، ئاماژە بەوە دەکەن بەکر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دامەزراندنی لایەنگر و هەوادارانی لە پۆستە سەرەکییەکانی کارگێڕیی مەدەنی، سوپا و سیاسەتدا پێگەی خۆی بەهێز بکات. ئەمەش لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی فەرمانبەرانی کەرتی کارگێڕیی مەدەنی بە دەرکردنی بڕیاری "زەیل" (dhail) و بە تێکشکاندنی یەکێتی خێڵایەتی عەرەب (زنجیرەکەم بە ژمارە ١١٤، ٩٧ و ١٥١ لە ساڵی ١٩٣٧). بە بڕوای ناسیۆنالیستە عەرەبەکان بەپێی ئەم پێوەرانە، بەکر سدقی هەوڵ دەدات هێدی هێدی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەب بەرانبەر ڕژێمە نوێیەکە لە ناو ببات و ئامانجە کۆتاییەکەی کە بریتییە لە دامەزراندنی لایەنی کوردی وەک فاکتەری باڵادەست لە سیاسەتی عێراقدا بەدیبهێنێت.

٤. ئـەم لێکدانەوەیـەی ناسیۆنالسـیتە عەرەبـەکان بـۆ سیاسـەتی ناوخـۆی بەکـر سـدقی، ئێسـتا تەنانـەت لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە بـڕوای پێدەکرێـت کـە گاڵتەیـان بـە یەکسـانی هاوپشـکی کـورد، وەکـو کـورد، لـە حکومەتی عێـراق دەهات. لـە زۆرێک لـە کۆبوونەوە بچووکـەکان کـە ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان تێیـدا بەشـدارن، پرسـیاری ئـەوەی، ئایـا لـە پێنـاو پشـتگیریی کـردن لـە سیاسـەتەکانی بەکـر سـدقی کـە بـە گەرمـی گفتوگـۆی لەسـەر دەکرێـت کوردەکانـی عێـراق یەکدەگـرن. بـە بەردەوامـی کۆمەڵێـک کـەس لـەم کۆبوونەوانـەدا دەبیـنران کـە گاڵتەیـان بـە ئەگـەری یەکگرتـووی کـورد دەهـات. ئـەو کەسـانە هەوڵیـان دەدا قسـەی خۆیـان بسـەلمێنن ""ئامـاژە بـە وەی لـە ڕابـردوودا گشـت شۆڕشـە نەتەوەییەکانـی کـورد لـە عێراقـدا شکسـتیان هێنـاوە بـە هـۆی ئـەوەی سـەرۆک خێڵەکانـی کـورد لـە کوردسـتانی عێراقـدا نەیانتوانیـوە جیاوازییەکانـی خۆیـان لەبەیـن ببـەن و پشـتگیریی لـە دۆزی هاوبەشـی خۆیـان بکـەن.

بەهەرحـاڵ، بەدەنـەی سـەرەکی ناسیۆنالیسـتی عەرەبـی وەڵامـی ئـەم ئارگیۆمێنتـە دەدەنــەوە بــە پێداگــری لەســەر ئــەوەی لــەو ڕۆژگارەدا ســەرۆکی خێڵەکانــی کــورد نەیاندەتوانـــی بگەنـــە ڕێککەوتـــن لەســـەر ئـــەوەی کـــێ لـــە کوردســـتانی عێراقـــدا ســەرکردایەتیان بــکات [بــەڵام ئێســتا لەســەر ئــەوە ڕێکــن]. هەروەهــا ئامــاژە بــەوە دەدەن شــێخ مەحمــود بانگەشــەکاری ســەرەکی ئــەم ســەرکردایەتی کردنــە بــوو و زۆرێـک لـە سـەرۆک خێڵەکانـی کەرکـووک و سـلێمانی و ڕۆشـنبیرانی کـورد پشـتگیریان لێدەکـرد، بـەڵام زۆر بـە تونـدی لەلایـەن سـەرۆک خێڵەکانـی پشـدەری سـەر بـە لیـوای سـلێمانی دژایەتـی دەکـرا. لـە لیـوای هەولێـر ئیسـماعیل بەگـی ڕوانـدوز، هەرچەنـدە زۆر پشــتگیریش نەدەکــرا، بــەڵام بانگەشــەی ئــەوەی دەکــرد هــەم بــە هــۆکاری لــە دایکبـوون و هەمیـش بـە هـۆکاری جەماوەرێتـی، ئـەو کەسـی شـیاوە بـۆ ئـەم پۆسـتە؛ لـە کاتێکـدا لـە لیـوای مووسـڵ، شـێخ ئەحمـەدی بـارزان خـۆی بـە "" تەنیـا کەسـایەتی بەهێــزی کوردســتانی عێــراق"" هەژمــار دەکــرد.

ئێســتا ئــەو عەرەبــە ناسیۆنالیســتانە دەڵێــن بەهــۆی ســەرهەڵدانی ســەرۆکێکی ناسیۆنالیسـتی ڕاسـتەقینە لـە نێـوان کوردەکانـدا، واتـە بەکر سـدقی، ڕۆژە کۆنەکانـی ناکۆکی

لـە نێـوان سـەرۆک خێڵـە کوردەکانـی عێـراق بەسـەرچووە، چونکـە بەکـر سـدقی لەلایـەن زۆرێـک لـە سـەرۆک خێڵەکانـی کـورد وەک سـەرۆکەکەیان هەژمـار دەکرێـت، هـەروەک چـۆن ئـەو توانیویەتـی خـۆی وەک کەسـایەتیەکی بەرجەسـتەی عێـراق بسـەلمێنێت.

٥. بــە کورتــی، بەدنــەی ســەرەکی ناسیۆنالیســتە عەرەبەکانــی عێــراق لــەو بڕوایــەدان زیادبوونـی دەسـتڕۆیی کـورد لـە دامـودەزگای سـەربازی، سیاسـی و کارگێڕیـی عێراقـدا، بەهـۆی پشـتگریی لەڕادەبـەدەری بەهێـزی بەکـر سـدقی بـۆ ئـەم زیادبوونـە دێـت؛ هەروەهــا یەکگرتــووی کــورد لــە نێــوان زۆرێــک لــە ســەرۆک خێڵەکانــی کــورد و هەروەهــا ســەرکردایەتیکردنی [کــورد]، ئێســتا بووەتــە حەقیقەتێکــی ســەلمێنراو، ئەویـش بـە هـۆی سـەرهەڵدانی سـەرۆکێکی ناسیۆنالیسـتی ڕاسـتەقینە، واتـە بەکـر سـدقی.

واژوو: Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer, R. A. F.

Mosul

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٦٧)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی، سلێمانی.

بۆ: بەشی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای هەوایی،

هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، هینایدی.

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ١٦١.

ڕێکەوت: ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٧

**بابەت: سیاسەتی ناوخۆ (SECTION. I. Iraq)**

١٦١. ڕاپـۆرت هاوتـووە لـە سـەرەتای تشرینـی دووەمـی ١٩٣٧، ئـەم پیاوانـەی خـوارەوە، بـە تۆمەتـی بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدە بـۆ کەسـایەتییەکی ناسیۆنالیسـتی کـورد و بـە تۆمەتـی ئاژاوەنانـەوە لـە نزیـک ناوچـەی ڕوانـدوز دەستبەسـەرکراون و نێردراونەتـە بەغـدا:

کەریـم ئەفەنـدی، یوزباشـی (Yuzbashi) خانەنشـینکراو کـە بـە ڕەچەڵـەک خەڵکـی ڕوانـدوزە، بـەڵام ئێسـتا لـە بەغـدا دەژیـت. [یوزباشـی سـەر بـە سـوپای عوسـمانی بـووە. وەرگێـر].

محەمـەد سـاڵح، خانەنشـینکراو کەرتـی خزمەتگوزاریـی، ئەویـش بـە هـۆی پێداچوونـەوە بـە یاسـای خانەنشـینی.

فەهمی ئەفەندی، پێشتر بەڕێوەبەری ناحیە بووە.

٢. باس لە گواستنەوەی ئەم فەرمانبەرە خۆجێیانەی خوارەوە دەکرێت:

عارف حیکمەت. بەڕێوەبەری پێنجوین بوو بە بەڕێوەبەری خورماڵ.

نـوری بەگـی فەتـاح بـەگ، لـە [بەڕێوەبـەری] خورمـاڵ هەڵپەسـێردرا و بـوو بـە بەڕێوەبـەری مـاوەت.

عیـزەدت محەمـەد، کاتـب لـە موتەسـەڕفیەی سـلێمانی بـوو بـە بەڕێوەبـەری پێنجویـن بـە وەکالـەت.

فەخـــری وەســـیف. بەڕێوەبـــەری خورمـــاڵ، وەک بەڕێوەبـــەری ناحیـــە گەڕایـــەوە وارمـــاوە.

واژوو: Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer, R. A. F. Sulemani

کۆپیەک بۆ:

Air Liason Officer, R. A. F. ,Mosul

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٦٨)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، مووسڵ.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، هینایـدی.

ڕێکەوت: ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٧ ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٣٠٠.

(SECTION. I. Iraq)

هێزی سەربازی ( بەتالیۆنەکانی سەر سنور-پڕوپاگەندە)

ئامـاژەدان بـە [نـووسراوی] ئەفسـەری پەیوەنـدی هێـزی ئاسـمانی لـە سـلێمانی، بـە زنجیـرە ژمـارەی ١٦٦/١٩٣٧، وادیـارە پڕوپاگەنـدەی ناسیۆنالیسـتە کـوردەکان، لەلایـەن کەسـایەتییە سیاسـی و سـەربازییەکانی کـورد، لـە نـاو خێڵـە کوردییەکانـدا بـڵاو دەبێتـەوە. [یـەک پەرەگرافـی ئـەم بەڵگەیاداشـتە بەهـۆی خراپـی چـاپ ناخوێندرێتـەوە. وەرگێـڕ]

واژوو: Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer, R. A. F. Sulemani

کۆپیەک بۆ:

Air Liason Officer, R. A. F.

Mosul

تێبینـی: نـووسراوی ئەفسـەری پەیوەنـدی هێـزی ئاسـمانی، سـلێمان، بـە زنجیـرە ژمـارەی ١٦١، پەرەگرافـی ١، سـاڵی ١٩٣٧، کـە نهێنـی نییـە، گەیشـتووەتە [نووسـینگەی پەیوەنـدی هەوایـی] ئـەم نووسـینگەیە.

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٦٩)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، سلێمانی.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، زیبـان (Dhibban).

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٢٩.

ڕێکەوت: ٢٣ی شوباتی ١٩٣٧

(SECTION. I. Iraq)

سیاسەتی ناوخۆ، ناسیۆنالیزمی کوردی

٢٩. [نـووسراوی] هاوپێچکـراو، وەرگێڕانـیناميلكەيـەك كـە بـە زمانـی عەرەبـی نـووسراوە و ژمارەیـەک لـەو نامیلکەیـە لـە سـلێمانی لـە شـەوی ١٣/١٤ی کانوونـی دووەمـی ١٩٣٨ بڵاکراوەتـەوە.

واژوو: Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer, Sulemani

وەرگێڕان (ل٣٧٠-٣٧١)

بۆ: بەڕێز...

پەیماننامــەی ڕۆژهەڵاتییانــەی "ســەعدئاباد" کــە لــە نێــوان تورکیــا، ئێــران، ئەفغانســتان و عێــراق گرێــدراوە، ئامانجــە ســەرەکییەکەی بریتییــە لــە نەهێشــتن و لەناوبردنــی کــورد. ئــەو بەڵگەنامەیــەی پشتڕاســتی ئــەم قســەیەی ســەرەوە دەکاتــەوە بریتییــە لــە گوتارێــک کــە لــە ژمــارەی ٤٠٥٣ی ڕۆژنامــەی "ئەلعالــەم ئەلعەرەبــی"، لــە ڕێکەوتــی ١٨.١١.١٩٣٧، بــەم شــێوەیەی خــوارەوە بــڵاو بووەوەتــەوە :

""ئامانـج لـەم پەیمانامـە ئاسـیاییە بریتییـە لـە وەسـتاندنی پرسـی کـورد و ڕێگریکـردن لێــی تــا نەبێتــە هــۆکاری ناکۆکــی لــە نێــوان تورکیــا، ئێــران، ئەفغانســتان و عێــراق، چونکــە هــەر یــەک لــەم دەوڵەتانــەی ســەرەوە ژمارەیــەک لــە کەمینــەی کــورد لەخــۆ دەگــرن و هــەر یــەک لــەم وڵاتانــە زۆر بــە دەســتی ئــەم کەمینەیەیــان ناڵانــدووە"".

ئەمــەش دادپــەروەری نییــە، چونکــە نەتــەوەی کــورد بیرەوەرییەکــە و لەلایــەن مێــژووەوە پێشــکەش بــە جیهانــی کــراوە. ئــەوان نەتەوەیەکــن لــە چیاکانــی نێــوان تورکیــا، ســوریا، قەفقازیــا، ئێــران و ڕوســیادا دەژیــن و بــە درێــژای چــل و چــوار ســەدە پارێزگاریــان لــە دابونەریــت، شــکۆ، زمــان و جلوبەرگــی خۆیــان کــردووە. ئــەوان نەتەوەیەکــن چالاکییــە شۆڕشــگێرانەکەیان بەردەوامــی هەیــە و هەمیشــە بوێریــان لــە زیادبووندایــە.

کــورد یارمەتــی تورکەکانیــان داوە و یارمەتیــدەری دامەزراندنــی شارســتانییەتی ئیســلام بوونــە. ئــەوان بــە گشــت تواناکانیانــەوە لەپێنــاو ئایینــی ئەحمــەدی (Ahmedi religion) جەنــگاون و ڕۆح و گیانیــان لــەم ڕێگەیــدا کردووەتــە قوربانــی. ئــەوان چوونەتــە نــاو بــەرەی هاوپەیمانانــی [جەنگــی یەکەمــی جیهانــی] تــا بتوانــن مافەکانیــان دەســتەبەر بکــەن. ئــەوان ڕقیــان لــە ســەرکوتکردن و بندەســتی دەبێتــەوە....... ئــەوان هــەروەک نەتەوەکانیــتر مافــی ئەویــان هەیــە ئــازاد بــن.

ئایــا ئێــوە ئــەم کارە بــە دادپــەروەری و مرۆڤایەتــی دەزانــن کــە ئــەم پەیماننامەیــە لــە دژی کــورد گرێبــدەن کــە بــە دەســت تورکــەکان و وڵاتانیــتردا ناخۆشــترین نەهامەتیــان

چێشــتووە. هەروەهــا دەناڵێنــن بــە دەســت کۆمەڵکــوژی، ئیمپریالیــزم، ســوتاندنی ســەدان گونــد کــە دانیشــتووانیان ئاشــتیخواز بــوون، ناچارکردنــی هەزارانیــان تــا بــە پێخواســی و بــێ جلــو بــەرگ و لــە ســەرمای زســتاندا، مــاڵ و حاڵیــان بەجــێ بهێڵــن و بــەرەو پارێــزگا دووره دەســتەکانی تورکیــا کــۆچ بکــەن؟

یاخــود ئــەم کارە، کردەیەکــی مرۆڤایەتییــە بــەوەی کــە ئــەم پەیماننامەیــە بــووە هــۆی زنجیرەیــەک ڕووداوی دڕندانــە و بەربەرییانــە کــە زیانــی بــە ســتراکتۆری ئاشــتی لــە نێــوان نەتەوەکانــی ئاسـیای بچــووک (ASIA MINOR) و تەنانــەت تــەواوی ئاسـیا گەیانـد.

ئایــا ئەمــە بۆچوونــی ئێمەیــە لەبــارەی ئاشــتی گەردوونــی یاخــود ئەمــە پلانێکــی کۆمەڵــەی گەلانــە؟

چی بەسەر ڕێککەوتننامەی ”سیڤەر“ هات؟ و چی لەبارەی مافی کەمینەکان؟

ئایــا شارســتانیەتی ئێســتا بــەرەو لەناوبردنــی کــوردەکان ڕێبەرێتیــمان دەکات کــە بــە درێژایــی هــەزاران ســاڵ بــێ ملکەچبــوون بــۆ هیــچ هێزێکــی دەرەکــی بــە ئــازادی ژیــاوە؟ یاخــود ئایــا ئــەم شارســتانیەتەی ئێســتای ئێمــە بــۆ ڕشــتنی خوێنــی ئــەو نەتەوانــە لەخــۆ دەگرێــت کــە لــە ڕابــردوودا پێشــکەوتوو ببــون و هێزەکەیــان گەشــەی کــردووە، یاخــود [لــە دژی] ئــەو نەتەوانــەی پارێــزگاری لــە زمــان و مێــژووی پڕشــانازیی خۆیــان کــردووە؟

ئایــا ئێمــە لــە ســەدەی بیســت و یەکەمــدا نیــن، یاخــود ئێمــە وەک نەتەوەکانیــتر ئادەمیــزاد نیــن؟

ئێمــە بــە نــاوی ئاشــتی گەردوونــی دژی ئــەم پەیماننامەیــەن؛ هەروەهــا ئێمــە داواکاریــن کــە ئێــوە وەڵامــی بانگەوازیــی ئێمــە بدەنــەوە تــا خوێنــی خەڵکــی بــێ تــاوان نەڕێژرێــت و خەڵکــی هــەژار و ئافــرەت ئــازار نەبینــن.

ئێمــە داواکاریــن کــە ئێــوە بــە نــاوی مرۆڤایەتــی ڕێــزی تایبەتــی ئێمــە بــە نەتەوەکەتــان ڕابگەیێنــن و وەک کەســانی دی، ئێمــە لــە مافەکەمــان بێبــەش نەکــەن، چونکــە ئێمــە دڵنیایــن کــە بەڕێــزت پــتر لــە ئێمــە لەبــارەی ئــەم پرســەوە نیگەرانــن.

هەروەهــا ئێمــە داواکاریــن ئــەم ناڕەزایەتییــەی ئێمــە لــە ڕۆژنامەکەتــدا بــڵاو بکەیتــەوە؛ چونکــە دەبێتــە هــۆی ڕەچاوکردنــی دادپەروەرانــەی ئــەم بابەتــە.

دواجار، هیوادارین بەڕێزت ڕێز و سوپاسی ئێمە قبوڵ بفەرموون.

گەنجانی کورد

(Kurdish Youth)

سەرنج لەسەر کورد و ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٣٧٢-٣٧٥)

بۆ زانیاریی

بۆ ئەو کەسانەی ئاشنای کورد و کوردستان نین، بەسوود و سەرنج ڕاکێش دەبێت کە بە کورتی چاوێک بخشێنن بە خەسڵەت و دۆخی ئێستای کورد. عاقڵانە نییە وەها هزر بکەیەنەوە کە ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو لە عێراقدا، بە بێ ڕەچاوەکردنی لەلایەن پان-کوردەکانەوە دەرباز بووە.

بۆ سەردەمێکی دوورو درێژی مێژوویی کوردەکانی ناو دۆڵ و چیاکانیان بەرە بەرە بوون بە خێڵ و دەستەی بچووک دابەشبوون و وەک ڕێسایەک ناچارکران تا ملکەچی حکومەتە ڕێکخراوەکانی بێگانەکان بن. کورد هیچ کاتێک نەتەوە نەبووەنە، بەڵام هیچ کاتێکیش کەس بەسەریاندا زاڵ نەبووە. لەلایەک، سروشتەکەیان یارمەتیدەریان بووە کە شانازیی نەتەوەیی خۆیان و بێگەردی زمانیان بپارێزن و لەلایەکیترەوە، [ئەم ژینگەیە] بووە هۆی پچڕانی پەیوەندی تەواو [بە جیهانی دەوروبەرەوە] کە لە ڕابردووەدا وەک بەربەبەستێکی بەهێز لەسەر ڕێگەی پلانی دەوڵەتی سەربەخۆیەکەیان کاریکردووە. نەبوونی پەیوەندی هۆکاری ڕاستەوخۆی بووە لە بەرتەسکی ئاسۆبینی سەرۆک خێڵەکانی [کورد]، نەزانیی ترسناک و نەبوونی هاوکاری سیاسی و ئابوری لە نێوان بەشێکی کوردستان لەگەڵ بەشەکانیتر. زیاد لەمەش لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، خوێندەواری و خولیای خوێندەواری، تا ئاستێکی زۆر لە ناو کوردەکاندا بڵاوبووەتەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کورد لەوە تێبگەن نهێنی کامڵبوونی لەسەرخۆی ئۆتۆنۆمی [لە خوێندەواریدا] خۆی مەڵاس داوە.

هەموو کوردێک لە دڵەوە بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە، بەڵام پێناسەکردنەکەی بۆ ئەم چەمکە بە تەواوەتی پشت بە تێگەیشتنەکەی لە پێگە کۆمەڵایەتیەکەی لەناو سیستەمی دەرەبەگایەتیدا دەبەستێتەوە؛ تەنانەت حاڵیحازر ئەم وڵاتە [کوردستان] بە تەواوەتی هاوتەریبی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستە بە گشت بارۆنەکان، شوالیەکان، قەشەکان و کوێلەکانیانەوە؛ هەروەها بە بەرتەسکی

دیدگاکەیـەوە کـە خەسـڵەتی سیاسـی ئەوکاتـەی [ئەوروپـای] بەرجەسـتە دەکـرد. چـوار چینـی سـەرەکی [لـە کوردسـتان] بریتیـن لـە:

١. ئەفەندییەکان، واتە ئەو کەسانەی ژمارەیان کەمەو زۆر بە باشی خوێندەوارن.

٢. پلەبەنـدی ئایینـی شـێخەکان، سـەیدەکان، مـەلاکان و دەروێشـەکان، بـەراورد لەگـەڵ سـەرۆک خێڵـەکان خوێندەوارتـرن.

٣. سەرۆک خێڵەکان.

٤. خەڵکـی عەوامـی خێڵـەکان کـە بـێ هیـچ پرسـیارێک پەیـڕەوی لـە سـەرۆک خێڵەکانیـان دەکـەن.

بـە پێچەوانـەی عێـراق، کوردسـتان هیـچ پۆتانسـیڵیکی لـە ڕووی کان و نەوتـەوە نییـە و دەکرێـت وەبیـر بهێنرێتـەوە کاتێـک شـەپۆلی ناسـیۆنالیزمی لـە دوای جەنگـی [یەکەمـی جیهانـی] بەسـەر جیهانـدا باڵـی کێشـا و کۆمەڵێـک وڵات لـە دایـک بـوون، کوردسـتان ئـەم دەرفەتـەی ئاشـتی لـە دەسـتدا و نوسـتبوو.

دواتـر [کـوردەکان] لـەم [دەرفـەت لـە دەسـتدانە] تێگەیشـتن و چەندیـن هەوڵـی ناسـەرکەتوو لەلایـەن شـێخ مەحمـود و کەسـانی دیـەوە درا بۆئـەوەی دەرفەتـە لـە دەسـتچووەکەیان بگەڕێننـەوە. دوای ئـەم هەوڵـە بـێ سـوودانە، ماوەیـەک ئارامـی لـە باشـووری کوردسـتاندا بەرقـەرار بـوو، ئەمـەش بـە هـۆی کاریگەریـی بەهێـزی چەنـد کەسێکی کەمـی خوێنـدەوار و ئاغـا دەسـتڕۆکان و بازرگانـە دەوڵەمەنـدەکان کـە نوێنەرایەتـی سیسـتەمی ئابـوری وڵات دەکـەن. ئـەم دوو لایەنـە، لـە بێسـوود بوونـی هەوڵەکانـی پێکـەوە گرێنـەدراوە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـازادی کـورد و تراژیدیـای خـراپ- ڕێکخسـتن و سـەرهەڵدانی جـار ناجـار لـە دژی ئـەو حکومەتانـەی [کوردیـان] کۆنتـڕۆڵ کـردووە، تێگەیشـتن لـە باشـووری کوردسـتان، بەهـۆی باشـتربوونی پەیوەندییـەکان و گەیانـدن، بازرگانـەکان توانیـان کۆنترۆڵـی خێڵـەکان بکـەن و تەنانـەت خێڵـی پشـدەر کـە تـا ئـەم دواییانـە بـە تەواوەتـی لـە دەرەوەی کۆنتڕۆڵـی حکومـەت بـوو بـەم بوژانـەوە ئابورییـە سەرسـام بـوو، ئێسـتا دەیانەوێـت بچنـە ژێـر ئیـدارەی حکومەتێکـی عەرەبـی.

بەهەرحاڵ سوودەکانی [ئەم بوژانەوەیە ئابورییە] زۆر لۆکالییە و تەنیا کاریگەری لەسەر ناوچەکانی سلێمانی و پشدەری کوردستاندا دروست کردووە. لە شوێنەکانیتری [کوردستان] هەستی نائارامی و نارەزایەتی خۆی مەڵاس داوە. تەنانەت لە تەمووزی ساڵی ١٩٣٧دا کوردی تورکیا هەوڵێکی بێوەچانیاندا و سەرهەڵدانێکی ڕێکخراویان ڕێکخست کە لەلایەن دوو کەرتی سەربازی سوپای تورکیا بە تەواوەتی تێکشکێنرا.

دواتر ڕۆحی شۆڕش بە زیندوویی مایەوە. دەزگاکانی شۆڕش ڕێکخراو لە شێوەی کۆرپەلەدا ماوەتەوە. هێزێکی بێلایەن لەگەڵ پارە، توانا و شارەزایی لە ڕێکخستن بۆ لێکنزیکردنەوەی ناکۆکی نێوان خێڵەکان، گشتیان بۆ ئەم بزاڤە [ناسیۆنالیزمییە] جێگەی نیگەرانییە. ئەمانە بارودۆخێکن ئەگەر لەلایەن کەسێکی شارەزا لە ڕێکخستنی شۆڕشەکان ڕێبەرایەتی بکرێت، ئەنجامی زۆر جیدیی لێدەکەوێتەوە. ئایا تەقینەوەی ئەم جۆرە ژەهرە تا ئێستا نەبینراوە؟ ئێستا بە باش زانراوە پڕوپاگەندە چییە بێگانەکان پەنادراون و تەنانەت لە عێراقدا هانیش دەدرێن. هەر بە هۆی ئەو جۆرە چالاکیانەیە کە حاڵیحازر هەستێکی بەرچاوی دژە بەریتانی و فەرەنسی دەبینرێت.

بۆیە لەم جۆرە ناوچەیەی وەک کوردستان، کە زۆر هەستیارە بە هەر جۆرە لاوازبوونێکی بەغدا، تاران و ئەنقەرە، بۆ کەسێکی شارەزا لە هەلقۆستنەوە ئەستەم نییە لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا باکووری عێراق، ڕۆژئاوای ئێران و باشووری تورکیا بخاتە دۆخێکی پشێو کە ئەنجامی مەترسیدار بۆ سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی نزیک دروست دەکات.

دووبارە ئەمانە هەلومەرجێکن دەبێ لەلایەن ئێمەومانانەوە بقۆزرێتەوە. لێرەدا چاوخشاندنێک لە بەشە جوداکانی دامەزراوەی ناسیۆنالیستی کورد بەسوودە، کە بریتین لە:

١. سەرۆک خێڵەکان لەناخەوەخۆشەویستیان بۆ ئازادی هەیە و ڕۆحی ناسیۆنالیستیان لە بەرزبونەوەدایە.

٢. ""کۆمیتە ناوچەییەکان"" خۆجێیی کەسانی ژمارە ١ [سەرۆک خێڵەکان] بەکار دێنن.

٣. کۆمیتەکانی ئێران، تورکیا و عێراق هەوڵ دەدەن، هەماهەنگی لە نێوان تێکۆشانی ژمارە ٢ [کۆمیتە ناوچییەکان] دروست بکەن.

٤. پـان کـورد، کـە شۆڕشـگێڕن لـە پانتایەکـی بەرفراوانـدا کار دەکـەن بـۆ وروژاندنـی ژمـارە ٣، چاوەڕوانـی دەرفەتێکـن کـە بـۆ سـەر ئاشـتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت مەترسـی دروسـت بکـەن، تـا بـەم جـۆرە هێزەکانـی ئەوروپـا ناچاربکـەن گرنگـی بـە دۆزی کـورد بـدەن.

٥. تاقمێکی بچووک کە بۆ کە وکاری سوڵتان عەبدولحەمیدی پێشوو کار دەکەن .

لەنـاو ئـەو کەسـانەی گومـان دەکرێـت بـۆ پـان کـوردی کار دەکـەن، لەوانەیـە تۆفیـق وەهبـی ناسراوترینیـان بێـت.

بـاڵا دەسـتی مـادی کـە بـە دامەزراندنـی کوردسـتانی سـەربەخۆ دەسـتەبەر دەکرێـت شـتێکی لەڕادەبـەدەر نییـە، بـەڵام دەسـتەبەرکردنی باڵادەسـتی ئەخلاقـی لـەم بارودۆخـە سـەختەی ئێسـتادا، وادیـارە شـتێکی گـەورە دەبێـت [ئەگـەر دەسـتەبەر بکرێـت]. وادیـارە کاتـی گونجـاو لـە دەسـت حکومەتـە بەرپرسـەکان دەرچـووە بـۆ تێگەیشـتن لـە ئەنجامـە نالەبارەکانـی متمانەکـردن بـە گەلانـی عـەرەب؛ واتە ئەو خەڵکـەی چۆن ئێمە وەک شـتێکی زیـادە، دەڕوانینـە ناوەڕاسـتی ئەفریقیـا یاخود ناوەڕاسـتی ئەوروپـا، کوردەکانیـش بە هەمان شـێوە دەڕواننـە عـەرەب. لـە عێراقـدا هەندێـك لـەم ئەنجامـە نالەبارانـە بریتیـن لـە:

١. لــە بیســت ســاڵی ڕابــردوودا بەکارهێنانــی وڵات لەلایــەن چەنــد کەســێکی کــەم لەپێنــاو هێشــتنەوەی خراپ-بەڕێوەبردەنەکەیانــدا ڕێگریــان لــە پێشــکەوتن کــرد؛ خۆشــبەختانە هیــچ یــەک لــەو کەســانە زیاتــر لــە دوو ســاڵ [لــە دەســەڵاتدا] نەماونەتــەوە.

٢. یارمەتیدانی ماددی و دارایی بۆ یاخیبووانی فەڵەستین.

٣. هەڵوێستی [عێراق] لە هەمبەر سوریا و کوێت.

٤. دابەشبوون بەسەر سێ کەرتدا.

٥. خۆپێشاندان لەدژی فەڕەنسا و بەریتانیا.

٦. مەڵاسدانی پرۆپاگەندەچییە بیانییەکان.

لـەم دواییـەدا وشـکبوونی پەیوەندیـی لـە نێـوان تورکیـا، ڕووسـیا و حکومەتـی خاوەنشـکۆی بەریتانیـای گـەورە، لەوانەیـە بناغـەی ئـەو فۆڕمـە دروست بـکات کـە چۆن نزیـک ببینـەوە لـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان، واتـە دامەزراندنـی ئـەو شـتەی ڕووبـەڕووی جیهانـی عـەرەب دەبێتـە [جیهانێـک] کـە دوژمنـی لـە بـەردەم دەرگای خۆیـدا هەیـە و پێویسـتە دووبـارە چـاو بـە ڕوانگـەی عەرەبـدا بخشـێنرێتەوە؛ سـەرەڕای ئـەوە ئـەو کارە سـەنگەرێک بەرانبـەر هەوڵـی نابەرپرسـانەی نـەژادی خـوارووی مـرۆڤ کـە وەک لافاوێـک بـەرەو ڕۆژهـەڵات دەڕوات، واتـە ئەڵمانیـا، دروسـت دەکات.

واژوو

[ناوی واژووکار ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ]

S/Ldr. ““I”“2.

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٧٦)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، سلێمانی.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، زیبـان (Dhibban).

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٤٧. ڕێکەوت: ٢٥ی ئاداری ١٩٣٧

بابەت: (SECTION. I. Iraq)

سیاسەتی ناوخۆ، بزوتنەوە خراپکارەکان (subversive movements)

٤٧. کوردێکـی نـاسراو کـە لـەم دواییانـەدا لـە بەغـدا گەڕاوەتـەوە، گووتـی پڕوپاگەندەیەکـی زۆر و هـاوکات لەوانەیـە پـارە و چـەک و تەقەمەنیـش لەگەڵیـدا بڵاوبکرێتـەوە لـە نێـوان خێڵەکانـی ناوەڕاسـتی فوراتـدا دەسـوڕێتەوە تـا بەمجـۆرە پشـێوی لـە ناویانـدا دروسـت بکرێـت. هەروەهـا گووتـی دەنگۆکانـی بەغـدا ئـەم کارە دەخەنـە پـاڵ ئیـبن سـعودی عەرەبسـتانی [سـعودی]. چونکـە ئێرانیـش حاڵیحـازر گـوێ بیسـتی سـەوت ئەلعـەرەب دەبێـت، ئیـبن سـعود دەیەوێـت داوای حـەوزی فـورات بـکات.

٢. بـاس لـەوە دەکرێـت نـوری پاشـا هەسـت بـە ماندوویّتـی دەکات لەبـارەی خواسـتەکەی لەبـارەی قەرەبووکردنـەوەی گلەیـی کـوردەکان لـە یارمەتیدانـی بـۆ گەیشـتنی بـە دەسـەڵاتی سیاسـی.

تێبینـی: دەکرێـت هـەر یـەک لـەم دوو پەرەگرافـەی سـەرەوە ئـەو بابەتـە لەخـۆ بگرێـت کـە لـە زنجیرەکـەم بـە ژمـارە ٤٠ ئامـاژەی پێـدراوە).

g. c. a Johnson

Squadron Leader, Air Liason Officer,

Sulemani

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٧٧)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، سلێمانی.

بۆ: بەشی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای هەوایی، هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، زیبان.

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٤٩. ڕێکەوت: ٢٦ی ئاداری ١٩٣٧

بابەت: (SECTION. I. Iraq)

سیاسەتی ناوخۆ، ناسیۆنالیزمی کورد

١. ئاماژە بە زنجیرەکەم بە ژمارە ٣٩. باس لەوە دەکرێت کە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ پێشوازی لە شێخ جەلیل کردووە و زۆر بە دڵسۆزییەوە گوێ لە گلەیی و گازندەکانی گیراوە. ڕاوێژکار ئاماژەی بەوە کردووە حاڵیحازر ئەستەمە بتوانرێت شێخ لەتیف بۆ ئینگلەند بنێردرێت.

٢. ڕاوێژکار گووتویەتی، لەبارەی پەنابارەکانی گوڵاغی (GULAGHI) گشت هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ.

٣. هەروەها شێخ جەلیل باسی لە گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی کردووە. ڕاوێژکار گووتویەتی سەرەتا پێویستە دڵنیا ببێتەوە کە شێخ مەحمود ئاشتی و ئارامی تێک نادات و خەڵکی سلێمانی بە ڕاستی دەیانەوێت ئەو بگەڕێتەوە. لەوانەیە ئەمجارە [ئەم دوو] شێخە مەزبەتەیەک بنووسن و داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود بکەن. هەرچەندە کورد هەمیشە ئەو شتانە واژوو دەکەن کە ببێتە هۆی گۆڕانکاریی یاخود شتێکی هەیەجان بێت، بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی کاریگەری بەسوودی هەبێت، هەروەها، لەڕاستیدا هیچ کوردێکی جیددی یاخود عێراقییەکانیتر نایانەوێت ئەو پێشکەوتنانەی بە گەڕانەوەی ئەو دەچنە ژێر مەترسییەوە، [بخەنە ژێر مەترسییەوە].

g. c. a Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer, Sulemani

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٨٧)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، مووسڵ.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، زیبـان.

ڕێکەوت: ٣٠ی ئاداری ١٩٣٧

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٦٨.

بابەت: (SECTION. I. Iraq)

دانیشتووان (لیوای مووسڵ-کورد).

ئامـاژە بـە زنجیرەکـەم بـە ژمـارە ٢٠٢ پەرەگرافـی ١٤ لـە سـاڵی ١٩٣٧. لە سـەرچاوەیەکی بـاوەڕ پێکـراوەوە ڕاپـۆرت هاتـووە، حەمـزە کـە کوردێکـی گەنجـی لایەنگـر و تونـدڕەوی ناسیۆنالیسـتی کـوردە لەلایـەن دادگای بەغـداوە لـە گشـت تۆمەتەکانـی بـێ بەریکـراوە.

Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer, A. R. F

Mousl

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٨٠-٣٧٩)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، سلێمانی.

بۆ: بەشی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای هەوایی، هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، زیبان.

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٥٧.

ڕێکەوت: ٤ی نیسانی ١٩٣٧

بابەت: (SECTION. I. Iraq)

ئاسایشی ناوخۆ، ناسیۆنالیزمی کورد

١. ئاماژە بە [نووسراوەکەم] بە زنجیرە ژمارەی ٥٦. شێخ جەلیل و شێخ قادر (برای شێخ مەحمود) لە مانگی شوباتدا، سەرەتا سەردانی کۆمەڵێک خێڵی ناوچەی کەرکووکیان کردووە. مەبەست لەم سەردانە بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەو خێڵانە بووە لە دژی [خێڵی] پشدەر. ئەم دوو شێخە گووتویانە، ئەگەر دەسەڵاتداران هەنگاوی پێویست بۆ نەهێشتنی [خێڵی] پشدەر نەگرنەبەر کە هاتووتە ناوچەی شارباژێر، خودی خۆیان لەشکرێک کۆدەکەنەوە و [خێڵی] پشدەر بە زەبری هێز دەردەکەن.

٢. دەسەڵاتداران بە گاڵتەجارییەوە دەڕواننە ئەم هەڕەشەیە و دەڵێن، دەبوو ئێستا لەشکرەکە وەدەرکەوتبا؛ بەڵام لەڕاستیدا ئەو دوو شێخە بۆ کۆکردنەوەی لەشکر نە پارە و نە دەسەڵاتیان نییە.

٣. ڕاپۆرتێکی سەربەخۆ باس لەوە دەکات لەکاتی سەردانەکەی شێخ جەلیل بۆ بەغدا کە لە ناوەڕاستی مانگی ئاداردا ئەنجامیداوە (زنجیرە ژمارەی ٤٩)، لەگەڵ شێخ ئیبراهیم و شێخ قادر سیامەنسور، دووبارە سەردانی سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی کەرکووکیان کردووە، تا پشتگیریان بۆ بزوتنەوەیەک کە مەبەستی تەنیا دەرکردنی [خێڵی] پشدەر لە شارباژێر نییە دەستەبەری بکەن.

دەگۆترێـت دارا بـەگ (داودە) لـە بەشـداربووەکان بـووە (سـەرەڕای ئـەو کەسـانەی لـە [نووسراوەکـەم] بـە زنجیـرە ژمـارەی ٥٦ (١) ئامـاژەم پێکردبـوو، بەشـداری ئـەم سـەردانە بوونـە).

٤. دەزانین دارا بەگ و شێخ جەلیل لە ژێر چاودێری پۆلیسدان.

٥. ڕاپۆرتێکـی پشتڕاسـت نەکـراو بـاس لـەوە دەکات عەباسـی مەحمـود ئاغـا (پشـدەر) (زنجیـرە ژمـارەی ٥٦) وەڵامـی شـێخ جەلیلـی داوەتـەوە و گوتوویەتـی (عەبـاس) هەمیشـە وەفـاداری شێخ مەحمـود بـووە و بـە وەفاداریـش دەمێنێتـەوە. لایەنگرانـی شـێخ دەڵێـن هـەر کاتێـک کەشـوهەوا لەبـار بـوو، خۆیـان ئامـادە دەکـەن بـۆ ئەنجامدانـی کردەیـەک [لـە دژی خێڵـی پشـدەر].

تێبینـی: ئێسـتا ڕەوشـی کەشـوهەوا باشـە. وادیـارە شـێخ دەیەوێـت هەنـگاو بنێـت، بـەڵام نـە دەسـەڵاتی هەیـە و نـە دەسـترۆیی؛ هەروەهـا پێدەچـێ پارەشـیان نەبـێ. وادیـارە سـەردانیان بـۆ لای ئەفسـەری پەیوەنـدی هەوایـی، مێجـەر ئەدمۆنـدز (Major Edmonds)، بـە ئامانجـی بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتی بـۆ غـرورو بێهۆدەکەیـان بـووە؛ یاخـود بـۆ دروسـتکردنی هەسـتکردن بـەوەی پاڵپشـتی بەریتانیایـان بەدەسـتهێناوە.

g. c. a Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer,

Sulemani

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٨١)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، مووسڵ.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هەوایـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، زیبـان.

ڕێکەوت: ١٣ی نیسانی ١٩٣٧ ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٥٧.

(SECTION. I. Iraq)

ئاسایشی ناوخۆ، (کورد- بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد).

ئامـاژە بـە زنجیرەکـەم بـە ژمـارە (٣٧/٢٠٢)، ئـەم ڕاپۆرتـەی خـوارەوە لەلایـەن کەسێکی باوەڕپێکـراوەوە هاتـووە کـە پەیوەنـدی نزیکـی لەگـەڵ ناوەنـدە کوردییـەکان هەیـە:

ئـەو دروشـمە نوێیـەی بەهۆیـەوە بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد لـە عێراقـدا ڕۆحـی ناسیۆنالیسـتی لـە نێـوان کوردەکانـدا دەپارێزێـت، بریتییـە لـە دروسـتکردنی کۆمەڵگاگەلـی ""سـێبەر"" بـێ بوونـی هیـچ بینایەک، ڕێسـایەک و تەنانەت بێ بوونی لیسـتی ناونووسـینی ئەندامانـی. ئـەم جـۆرە کۆمەڵگایانـە لـە هەولێـر، کەرکـووک، سـلێمانی و تەنانـەت لـە بەغـداش بوونیـان هەیـە. ئـەوان سـەرقاڵی هەڵگیرسـاندنی ڕۆحـی ناسیۆنالیسـتین لەنێـو کـورد. هیـچ وردەکارییـەک لەبـارەی سیاسـەتی ئـەم کۆمەڵگایانـە لەبـەر دەسـت نییـە و زانیاریـی زۆر کـەم لەسـەر چالاکییـە سیاسـییەکانیان لـە بەردەسـتە.

واژوو: Johnson

Squadron Leader

Air Liason Officer, A. R. F, Mousl

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٨٢-٣٨٤)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، سلێمانی.

بۆ: بەشی هەواڵگریی ئاسمانی، بارەگای هەوایی، هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق، زیبان.

ژێدەر: زنجیرەی ژمارە ٦٤.

ڕێکەوت: ٢٣ی نیسانی ١٩٣٧

بابەت: (SECTION. I. Iraq)

ئاسایشی ناوخۆ، ناسیۆنالیستی کوردی، ئۆپەراسیۆنی پۆلیس، پۆلیسی نهێنی

٦٤. ئاماژە بە ڕاپۆرتەکەم بە ژمارە ٥٥٤. هەواڵی ئەوە هەیە پۆلیسی نهێنی بەم شێوازەی خوارەوە دابەشکراوە:

ناوچەی هەڵەبجە:

عەلی س/و (s/o) مەحمود خدر، کورد.

ساڵح س/و سلێمان، کورد.

قادر س/و مەحمود، خەڵکی هەولێر.

سلێمان س/و ئۆسمان، خەڵکی کۆیسنجەق.

کەریم س/و عەلی، خەڵکی کەرکووک .

ناوچەی پشدەر و کویسنجەق.

خدر س/و مەحمود، کورد.

سەلیم س/و عەبدوڵا، کورد.

قادر س/و حەمە سور، کورد.

والی عەبدولقادر، کوردێکی خەڵکی ناوچەی کەرکووک.

کاکە وەیس س/و عەلی، سەر بە خێڵی شوان.

ناوچەی سلێمانی، ئاغجەلەر و سەنگاو.

والی س/و محەمەد عەلی، کورد.

ئالای حەمە سور، کورد.

کاکە کەرەم خەڵکی ئاغجەلەر.

ئیسماعیل س/و عەبدولکەریم، کورد.

ناوچەی هەولێر و ڕواندوز.

ئەبابەکر س/و کەریم خەڵکی ڕواندوز.

سەعید محەمەد عەلی، کورد.

سلێمان س/و حاجی ئەحمەد، خەڵکی کەرکووک.

محەمەد سەدیق، کورد.

عاتییە ئیبن محەمەد، عەرەب.

١. زانراوە ئەو کەسەی سەرپەرشتی ئەم پیاوانەی سەرەوەی لە ئەستۆیە، بارەگاکەی لە هەولێر دروست دەکات و ئەم دابەشکردنەی ئێستا تا ناوەڕاستی مانگی ئایار بەردەوام دەبێت، واتە تا ئەوکاتەی دەرفەت بڕەخسێت بۆ ناردنی ژمارەیەک لەو پۆلیسانە بۆ مووسڵ.

٢. ""ئاماژە بە [نووسراوی] زنجیرە ژمارەی (٣)٥٣، دوایین ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن سەرەڕای ئەو کەسانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا، ئەم کەسانەی خوارەوەش لە ژێر چاودێری وردی پۆلیسی نهێنیدان:
محەمەد ئەفەندی خادم ئەلسەجادیە (تۆفیق ئەلسەجادیە بە هەڵە ناوی هاتووە).

مستەفا ئەفەندی، بینباشی خانەنشینکراو.

شێخ فەزڵوڵای تاڵەبانی.

لە ڕێکەوتی ١٩ی نیسانی ١٩٣٨، ژمارەیەک پۆلیسی نهێنی نێردرانە ناوچەی خێڵەکانی کاکەیی، داودە و تاڵەبانی.

٣. ئامـاژەدان بـە [نووسراوەکـەم] بـە زنجیـرە ژمـارەی (٣)٥٧، شـێخ قـادر سیامەنسـور (تاڵەبانـی) بـە پێـی فەرمانـی وەزارەتـی ناوخـۆ دەسـتگیر کـراوە، دواتـر بـە یـەک سـاڵ بەندکـردن حوکمـدراوە و دواتریـش بـۆ مـاوەی یـەک سـاڵ لـە ژێـر چاودێـری پۆلیسـدا دەبێـت. ئەگـەر بتوانێـت بـڕی ٥٠٠ دینـاری عێراقـی وەک کەفالـەت دابنێـت و بەڵێـن بـدات لـە کەرکـووک ناچێتـە دەرەوە، ئـەوا بەردەدرێـت و لـە ژێـر چاودێـری پۆلیسـدا دەمێنێتـەوە. کاتێـك شـێخ قـادر دەسـتگیرکرا، پۆلیس دەسـتی بەسـەر کۆمەڵێـک بەڵگەدا گـرت، لـەم بەڵگانـەدا یاداشـتێک دۆزرایـەوە کـە بـۆ [خێڵـی] پشـدەر نووسرابـوو. ئـەو بـە هەبوونـی پەیوەنـدی نهێنـی لەگـەڵ سـەرۆک خێڵەکانـی پشـدەر، شـوان، شـێخ بزێنـی و جـاف و کۆمەڵێـک خەڵکـی دیارکـراو لـە سـلێمانی، تۆمەتبارکـراوە.

٤. دوو ئەفسـەری سـوپا لـە بنکـەی سـەربازی کەرکـووک دەسـتگیرکراون و بـەرەو بەغـدا نێـردراون. هـەر دوو ئەفسـەرەکە کـوردن و بـەوە تۆمەتبارکـراون کـە سـیخوڕی بـۆ شـێخ قـادر (تاڵەبانـی) دەکـەن و هەواڵـی نانـەوەی ئـاژاوە لـە کوردسـتان دەدەن.
نـاوی ئـەم دوو ئەفسـەرە بریتییـن لـە:
ڕەئیس عەلی ئەحمەد (بەتاڵیۆنی ٢/٥).

ملازمی یەکەم عەبدولجەبار حەمید (Hamid) (بەتاڵیۆنی ٥/٣).

٥. ئامـاژە بـە نـاوی چەندیـن کـوردی نـاسراو دراوە کـە پەیوەندییـان بـەم بزوتنەوەیـەوەی کـوردەوە هەیـە؛ تـا ئێسـتا نەتوانـراوە ڕیشـەی ڕاسـتەقینەی ئـەم بزوتنەوەیـە بدۆزرێتـەوە. نزیکـەی مانگێـک لەمەوبـەر دەسـەڵاتدارانی چەمچەمـاڵ چەندیـن نووسراویـان بـۆ موتەسـەڕیفی کەرکـووک بەرزکـردەوە. لـە ئەنجامـدا موتەسـەڕیفی کەرکـووک نووسراوێکـی بـۆ موتەسـەڕیفی سـلێمانی نووسـی و چەندیـن تۆمەتـی خسـتەپاڵ ناجـی بەگـی ئەلهورمـوزی (قائیمەقامـی قـەزای ناوەنـدی سـلێمانی).

داوای لـە موتەسـەڕیفی سـلێمانی کـرد لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەو تۆمەتانـە ئەنجـام بـدات و ئەنجامەکانـی بخاتـە بـەردەم وەزارەتـی ناوخـۆ، چونکـە ناجـی بـەگ تـا ئێسـتا لـە کارەکـەی بەردەوامـە، بۆیـە وادیـارە ئـەم تۆمەتانـە هیـچ بنەمایەکییـان نییـە.

٦. نزیکەی سێ هەفتە لەمەوبەر، دوو پۆلیسی نهێنی سلێمانی ڕاپۆرتیاندا گوایە عەقید فەرەج عەمار (بەرپرسی بنکەی سەربازی سلێمانی)، تۆفیق قەزاز (بازرگانی خەڵکی سلێمانی) و چەند کەسێکتر لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی ئاژاوەنانەوە لە کوردستان گفتوگۆیان کردووە تا بەم شێوەیە تۆڵەی کوشتنی جەمال مەدفەعی لە بەکر سدقی بکەنەوە. باس لەوە دەکرێت لە میانەی گفتوگۆکردن بۆ کۆکردنەوەی چەک و پارە بۆ ئەم کارە، تۆفیق قەزاز بەڵێنیداوە پارە بۆ ئەم کارە دابین بکات. بە گەیشتنی ئەم ڕاپۆرتە، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر کردووە و بەو ئەنجامە گەیشتووە ئەم تۆمەتە هیچ بنەمایەکی نییە. بەم هۆیەوە دوو پۆلیسە نهێنییەکە لەکار لادران.

٧. ئاماژە بە ناوی ئەو سیاسەتمەدارانەی بەغدا دراوە کە پەیوەندییان بەم بزوتنەوەیەی کوردەوە هەیە (یاخود بزوتنەوەی دژی حکومەتی ئێستا) کە بریتین لە:

١. محەمەد ئەمین زەکی.

٢. ڕەشید عالی ئەلگەیلانی.

٣. سەدیق ئەلبەسام.

٤. تەها ئەلهاشمی.

شێخ جەلال، سلێمانی بەرەو ناوچەی شارباژێڕ جێهێشت و بۆ ماوەی سێ هەفتە لەوێ دەمێنێتەوە. لەوانەیە بە مەبەستی سەردانکردنی توتن و بەرهەمەکانیتری خۆی چووبێت (لەوانەیە ئەو پەیوەندی بە سەعید عەتا و کەسایەتی دیکەی کورد بکات).

واژوو: Johnson g. c. a

Squadron Leader

Air Liason Officer, Sulemani

زۆر زۆر نهێنی (ل٣٨٥-٣٨٩)

ژێدەر: (C/S/3)

ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی،

سلێمانی

٢٦ی نیسانی ١٩٣٨

بەڕێز فەرماندە جۆپ سلەید (Dear Wing Commander Jope-slade)

١. ئاماژە بە نامەکەتان بە ژمارە (RJS/8/8) لە ڕێکەوتی ١ی نیسانی ١٩٣٣، بەڕێزت ئاماژەت بەوە کردبوو پێویستە ناسیۆنالیزمی کوردی وەک بزوتنەوەیەک چاودێری بکرێت. تەنیا نامیلکەیەك کە من لەبارەی [ناسیۆنالیزمی کوردییەوە] لە دوای گەڕانەوەم بۆ سلێمانی بینیوومە، ئەو نامیلکەیە بوو کە کۆپیەک لە وەرگێڕانەکەی لەگەڵ زنجیرەکەم بە ژمارە ٢٩ هاوپێچم کردبوو. هەروەها دەقی ڕەسەنی نامیلکەکەم هاوپێچ کردبوو. بەڕێزت دەبینی لە یاداشتی ڕۆژانەی گەشتەکەم لە ماوەی نێوان ٥-١٢ی نیسانی ١٩٣٣، (نهێنی) بۆچوونی هاوشێوەی بۆچوونەکەی نامیلکەکە هاتبوو کە محەمەد سەعید، قائیمقامی هەڵەبجە کاتێک ئاماژە بە پەیماننامەی سەعدئاباد دەکات، باسی کردبوو.

٢. چالاکییەکانی شێخ جەلال لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا شایانی ئاماژە پێدانە. ئەو چالاکییانە لە [نووسراوەکەم] بە زنجیرە ژمارەکانی ٣٩، ٤٧، ٤٩، ٥٦، ٦١ و ٦٤ ئاماژە پێدراوە. شێخ جەلال دەست لە هەموو شتێك وەردەدا، وەک، پرسی گوڵەباغی، دەستێوەردان لە [پرسی] سەعید عەتا، گەڕانەوەی شێخ مەحمود و چەندین بابەتیتر؛ هاوکات هاوکار و هاوئاهانگەکەی واتە شێخ لەتیف لەبارەی پرسی زمانی کوردی کە لە قوتابخانەکاندا ناخوێندرێت و لەبارەی کەمی ژمارەی ئەو قوتابییە کوردانەی بۆ خوێندن بۆ ئەوروپا دەنێردرێن سەردانی کردم (ئەوم نارده لای مێجەر ئەدمۆندز). وادیارە حاڵیحازر شێخەکانی سلێمانی لە بارودۆخێکی دژواردان. شێخ جەلال پێی گووتم لەم ساڵەدا نزیکەی ٢٠٠

دینــاری عێراقــی لــە بەرهەمــی توتنەکــەی لــە دەســتداوە. چونکــە شــێخ جــەلال چیــتر نوێنــەری [پەرلەمــان] نییــە. لەوانەیــە بــە شــتیترەوە ســەرقاڵ بێــت.

٣. چەندیــن گفتوگــۆی زۆر نهێنــی لــە نێــوان [شــێخ جــەلال] و هاوڕێکانــی ڕوویــداوە، بــەڵام ئایــا ئــەوان بــە ڕاســتی کۆمەڵەیەکیــان دامەزرانــدووە کــە خــاوەن ئامانجــی دیاریکــراو بێــت، یــان نــا، لــەوە دڵنیــا نیــم، بــەڵام لــەوە دڵنیــام کــە شــتێک لــە ئارادایــە. هەوڵەکانــی بــۆ گەڕاندنــەوەی شــێخ مەحمــود تەنیــا یــەک بــەش لــە چالاکییەکانــی پێکدێنێــت. لــەو بڕوایــەدام لــە ناوەنــدی بزوتنەوەکەیــدا ئــەو پێویســتی بــە کەســێکی مەعنــەوی وەک شــێخ مەحمــودە.

٤. بێگومــان ئامانجــی ئــەو لــە دەســتێوەردان لــە گشــت کێشــە کارگێڕییەکانــی کــورددا بــۆ ئەوەیــە نیشــانی کــورد بــدات ئــەو ســەرکردەیانە و دەتوانێــت زۆر کار بــۆ کــورد بــکات. لەوانەیــە بــۆ هەمــان مەبەســت چەندیــن جــار ســەردانی کردبــم و دوو یــان ســێ جــار هەوڵیــداوە دوای تاریــک بــوون ببینێــت، بــەڵام ســەرکەوتوو نەبــووە (بــە بیانــووی ئــەوەی ئەگــەر بــە ڕۆژ ســەردانم بــکات پۆلیــس لێکۆڵینــەوەی لەگــەڵ ئەنجــام دەدات کــە بۆچــی ســەردانی کــردووم). لەوانەیــە هــۆکاری ڕاســتەقینە بــۆ بــە شــەو ســەردانم دەکات ئــەوە بێــت هەســتێکی وەهــا لــە نێــوان [کوردەکانــدا] دروســت بــکات بــە نهێنییــەوە لــە لایــەن بەریتانیــاوە ڕەزامەنــدی لەســەر کارەکانــی دراوە (لــە لایەکیــترەوە لەوانەیــە مەبەســتی تەنیــا ئــەوە بێــت کــە بزانێــت مــن چ جــۆرە وێســکیەک دەخۆمــەوە).

٥. لــە ڕاســتیدا هــەوڵ دەدات لەبــارەی بۆچوونەکــەی قەناعەتــم پــێ بهێنێــت و چەندیــن جــار هەوڵیــداوە پشــتگیریی فەرمــی بەریتانیــا لەســەر ئــەو کارانــە دەســتەبەر بــکات کــە لەوانەیــە ئەنجامــی بدات(ئــەم کارانــەش بــە وردی دیــار نەکــراون، بــەڵام ڕوونــە ئەنجامیــان دەدات). لەمبــارەوە ئامــاژەم بەوەکــرد کــە ئێمــە حکومەتــی عێراقــمان دروســت کــردووە، چونکــە ئێمــە داوامــان لێکــرد یارمەتیــمان بــدات، بۆیــەش بــە دڵنیاییــەوە ئێمــە نامانەوێــت ئــەوان نیگــەران بکەیــن، هەروەهــا ئێمــە لــە ڕێککەوتنامەکــەدا [ڕێککەوتننامــەی ئەنگلۆ-عێــراق] ئەوەمــان ڕوون کردووتــەوە

ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە نییە (یاخود کاروباری شێخ جەلال)، تەنیا ئەوکاتە نەبێت لەمبارەوە داوای یارمەتی لە ئێمە بکرێت.

٦. هیچ لێدوانێکی یەکلاکەرەوەم لەبەر دەست نییە بە پشت بەستن پێی ڕاپۆرتەکەم دابڕێژم، بۆیە ئەمە تێڕوانینی شەخسی خۆمە و تێڕوانینێکی گشتگیریشە کە مەبەست لە هەوڵەکانی شێخ جەلال لە نێوان خێڵەکاندا (زنجیرەی ٥٦) بریتییە لە دروستکردنی هەستانەوەیەکی گەورە، بەڵام ئاسۆی سەرکەوتنی ئەم کارە گومانی تێدایە بە هۆی:

ا بۆ ئەم کارە پارە پێویستە.

**ب** کورد - حاڵیحازر- لەم جۆرە بارودۆخانەدا هەڵناستن، تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە لە پشتگیری بەریتانیا دڵنیا بن، تەنانەت ئەگەر ئەم پشتگیرییە تەنیا پشتگیرییەکی مەعنەوی بێت.

**ج** پۆلیس کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی لە دەستە.

(موتەسەڕیف پێی گووتم، شێخ جەلال سێ تۆمەتی لەسەرە لەمبارەوە بەڵگەی تەواویش لەبەر دەستە و هەرکاتێک ئەو کەسانە کەمترین هەوڵ بۆ نانەوەی ئاژاوە بدەن، ئەم بەڵگانە دێنێتە سلێمانی و لەسەر ئەو تۆمەتانە کار دەکات کە بۆ هەر یەکێکیان چەندین مانگ دەخرێتە بەندیخانەوە و بۆ ماوەیەک لە خراپەکاری دوور دەکەوێتەوە).

٧. دوایین زانیارییەکانی بەر دەستم ئاماژە بەوە دەکەن، کەسایەتییە کوردەکان لە بەغدا- کە بە بڕوای من کۆمەڵەیەکی بەهێزن- لە پشت ئەم بزوتنەوەیەدان. بەگوێرەی زانیارییەکانم ئامانجی بزوتنەوەکە نییە حکومەت بڕوخێنێت، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگەی کورد و بۆ کورد سەربەخۆیی یان نیمچە سەربەخۆییەکی کارگێڕیی دەستەبەر بکات.

٨. بە هەرحاڵ، لەمبارەوە بە گومانم و لەو بڕوایەدام کۆمەڵێک وەزیری پێشوو کە لە هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵاتدان لەوانەیە لە پشت ئەم بزوتنەوەیە

بـن (هـەر وەک چـۆن لـە ڕووداوی هاوشـێوە لـە ناوەڕاسـتی ئەوروپـادا ئەوەمـان بینـی). هۆکارەکانـی مـن بـۆ ئـەم بۆچوونـە بریتیـن لـە:

ا کاتێـک شـێخ جـەلال سـەردانی بەغـدای کـرد، سـەردانی نـوری پاشـای کـرد (زنجیـرە (٢)٤٧، ئامـاژە بەمـە دەکات). هەروەهـا پێـی گووتـم نـوری پاشـا بـە کورتـی ئامـاژەی بـە کەمکردنـەوەی گلەییەکانـی کـورد کـرد، ئەگـەر نـوری بگاتـە دەسـەڵات، بـەڵام شـێخ جـەلال بـە نـوری گووتـوە، ئـەو متمانـەی بـە قسـەی هیـچ عەرەبێـک نییـە کـە دەڵێـت هـاوکاری کـورد دەکـەم، چونکـە ئامانجـی سـەرەکی عـەرەب لەناوبردنـی کـوردە. گومانـم لـەوە هەیـە کـە شـێخ جـەلال گشـت ئـەو شـتانەی لـەم گفتوگۆیـەدا باسـکراون پێـی گووتبـم، هەرچەنـدە هەوڵیـدەدا وەهـا نیشـان بـدات کـە باسـی تـەواوی بابەتەکانـی کـردووە.

ب دوای ئـەم ڕووداوە، هـەر کاتێـک شـێخ جـەلال، دەمبینێـت، هـەوڵ دەدات قەناعەتم پێ بهێنـێ کـە کابینەی ئێسـتا، کابینەیەکـی لاوازە و ناتوانێ بەردەوام بێت و نوری دۆسـتێکی گـەورەی بەریتانییەکانە و بەڕێوەبەرێکی باشـە.

ج کاتێـک مـن و وەزیرانـی پێشـوو بۆ گەیشـتن بە دەسـەڵات شـێوازی ئەوروپای ناوەڕاسـت دەگرینەبـەر، یەکـەم شـت کـە سـەرنجم ڕادەکێشـێت ئەوەیـە کـە- ئەویـش بەهـۆی شکسـتی باکـوور لـە سـەرهەڵدان،- دەکرێت ژمارەیەکی زۆری هێزی سـەربازی پشـتیوان و پۆلیـس بـۆ سـەرکوتکردنی سـەرهەڵدانی باشـوور ڕەوانـە بکرێـت.

د دووەم شـت کە سـەرنجم ڕادەکێشـێت ئەوەیە کە تەنیا شتێک دەبێتە هۆی دروستکردنی بەرژەوەنـدی ڕاسـتەقینە بـۆ کـورد، ئەوەیـە هـەوڵ بدرێـت هەوڵـی کوردەکان فۆڕمـی ڕاپەڕینـی ناسیۆنالیسـتی کوردی لەخـۆ بگرێت.

ه کاروبـاری حوسـێن بـەگ (جـاف) و ئەسـپەکەی (لـە یاداشـتی ڕۆژانـەی گەشـتەکەمدا لە مـاوەی ٥ بـۆ ١٢ی نیسـان ئامـاژەم پێکـردووە)، لەگـەڵ ئەو هەسـتەی بۆم دروسـت بووە کـە عەرەبەکانـی بەغـدا هـەوڵ دەدەن ئـەم بابەتـە ئاڵـۆز بکـەن، بابەتێکـی گرنـگ نییە، بـەڵام لـە چوارچێـوەی بۆچوونەکەمـدا جێـی دەبێتەوە.

٩. هـەر کاتێـک بەرژەوەندیـی هەمـوو ئـەو لایەنانـە کۆبکەمـەوە کـە دەوڵەتـی عێراقیـان پێکهێنـاوە (بەپێـی سیاسـەتەکەمان) ئـەو مەتەڵـەم وەبیـر دێتـەوە ""نـە عـەرەب ئینسـانە و نـە حوشـتر حەیوانـە (Na Arab insan-e, na hushtir heywan-e).

١٠. نموونەیـەک لەبـارەی هەسـتی ناسیۆنالیسـتی لـە نێـوان دانیشـتووانی خۆجێـی ئەوەیـە، چـۆن قەدەغەکردنـی شـتێک سـتایش و هاوسـۆزی لـە گشـت لایەنێکـەوە بـۆ دێـت (وەک نموونەکـەی شـێخ خاڵسـکە (Khaleska) کاتێـک قاچـی عەرەبێکـی شـۆفێری لـۆری بـە گولـە برینـدار دەکات، یاخـود سـەعید عەتـا کاتێـک تەقـەی لـە پۆلیـس کـرد، بـە هـۆی ئـەوەی ئەفسـەرەکانی پۆلیـس عـەرەب بـوون و هەمیـش بەهـۆی ئـەوەی خزمـەت بـە حکومەتێکـی عەرەبـی دەکـەن). نموونەیەکیـتر لـە هەسـتی خۆجێـی نیگەرانییـە لـە هاتنـی فەرمانبەرانـی بیانـی و مامەڵـەی ئـەو فەرمانبەرانـە لەگـەڵ مەیلە ناسیۆنالیسـتییەکانی [کـورد]. ئـەوان دەڵێـن ئێسـتا ئـەم هەرێمـە نـە بـە کـوردی قسـە دەکات نـە بـە عەرەبـی، بەڵکـو بـە تورکـی قسـە دەکات.

١١. وادیـارە، بەرەوپێشـچوونی خوێندەواریـی، ئـەم هەسـتە واقیعیـتر دەبێـت. لـە میانـەی گفتوگۆکەمـدا لەگـەڵ قائیمەقامـی هەڵەبجـە (بۆچوونەکانـی ئـەو لـە بۆچوونـی کـوردی مامناوەنـد (average present day-Kurds) کراوەتـر بـوو، لەوانەشـە ئەمـە بـە هـۆی بەرەوپێشـچوونی خوێنـدەواری بێـت)، وەک نموونەیـەک بـۆ تیـۆری جەنگـی جیهانـی ئامـاژەی بەوەکـرد لـەو بڕوایـەدا نییـە ئیتاڵیـا لـە مـاوەی بیسـت سـاڵی داهاتـوودا بـەرەو ڕۆژئـاوا فراوانخوازیـی بـکات، بۆیـە لەوانەیـە بەڵێنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆ بـە کـورد بـدات، ئەویـش بـە هەمـان شـێوە کـە ئێمـە دەوڵەتـی عەرەبـی عێراقـمان لـە جەماوەرێکـی دڕنـدە دروسـتکرد. هـەر بـە ڕێکـەوت گـوێ بیسـی ئـەوە بـووم کـە نەوتـی کەرکـووک هـی کوردەکانـە نـەک عـەرەب، کەواتـە بۆچـی ئـەوان قازانجـی ئـەم نەوتـە دەبـەن و زیـان لـە خاکـی خاوەنەکانـی ئـەم نەوتـە دەدەن.

١٢. ئەسـتەمە بتوانرێـت لـە ناوەڕاسـتی ئـەم جـۆرە پڕوپاگەنـدە پان-کوردییـەدا، مـرۆڤ بێلایەنانـە لەسـەر بارودۆخەکـە قسـە بـکات. بـە تایبەتـی مـن ناتوانـم بـە

نهێنـی هاوسـۆزی دژە-عـەرەب بـم، چونکـە ئەزموونـم هەیـە لەگـەڵ فەرمانبـەرە عەرەبـەکان و فەرمانبەرانیـتر کـە غرورێکـی قەڵبیـان هەبـووە، هەروەهـا بـە تەواوەتـی دژی مامەڵـەی دۆسـتانە و یارمەتیدەرانـەی کـورد بوومـە، بۆیـە لەمبـارەوە بۆچوونـی خـۆم دەربـڕم، تەنیـا ئـەوە نەبێـت کـە بارودۆخەکـە چـۆن دەبینـم وەهـای دەنووسـمەوە. هـاوکات هیـچ هۆکارێـک نادۆزمـەوە بـۆ پێداچوونـەوە بـە نووسـینەکانم لەبـارەی ناسـیۆنالیزمی کـورد ( کـە بـە پاکەتـی (D/O) یاداشـتی (I/S/43) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٥/٢/٧ بـۆ بەڕێـزت نێـردراوە).

١٣. ئایا ئـەم دۆخـە هەڵچـووەی ئێسـتای کـورد، دەتەقێتـەوە یاخـود لـە ڕێگـەی بەڵێنـی زارەکییـەوە کۆتایـی پـێ دێـت، حاڵیحـازر ئەمـە جێگـەی گومانـە. هۆکارەکانیـش بریتیـن لـە: (آ) ئـەو هێـز، سـامان و ڕێکخسـتنەی لـە پشـت ئـەم بزوتنەوەیەیـە (ئەگـەر هەبێـت)، (ب) بەهێـزی و لاوازی حکومەتـی ئێسـتا.

ئەمەش تەواوی ئەو شتەیە کە حاڵیحازر لەسەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد دەیزانم.

خزمەتکارتان

j. c. a Johnson

Wing Commander R. Jope-Slade, OBE. DSC.,

Air Staff Intelligence, DHIBBAN

زۆر زۆر نهێنی (٣٩٠)

ژێدەر: (C/S/3)

ئەفسەری پەیوەندیی هێزی ئاسمانی، سلێمانی

٢٧ی نیسانی ١٩٣٨

بەڕێز فەرماندە جۆپ سلەید (Dear Wing Commander Jope-slade)

بە خوێندنەوەی نامەکەی دوێنم بە ژمارە (C/S/3)، کە تێیدا هەوڵمدا ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد بخەمەڕوو، وەها دەردەکەوێت گریمانەی ئەوە بکەم کە دەسەڵاتدارە پلە بەرزەکانی ناوچەکە [واتە کوردستان]، گشتیان کورد نین. بە هیچ شێوەیەک ئەمە مەبەستی من نەبوو.

موتەسەڕیف، مەجید بەگ، (یەعقوبزادە) بناغەی [دەسەڵاتی] خۆی داڕشتووە و لەوانەیە دەسەڵاتی سلێمانی بگرێتە دەست. هەروەها بەیەك چاو لەگەڵ هەموو کەسێک مامەڵە دەکات و یاساش بێ هیچ جیاوازییەک بەسەر هەمووواندا جێبەجێ دەکات. بە هەقیقەت ئەو پیاوی کارکردنە و شایانی خانەنشینکردنە، بووەتە هۆی ئەوەی زۆر گوێ بە گلەیی و گازندەکانی بەغدا و شوێنەکانیتر نەدات- دۆخێک کە لە نێوان بەرپرسانی عێراق باو نییە.

فەرماندەی پۆلیس، سەعید عەلی س/و محەمەد خالید، خەڵکی حیجازە (هیچ کاتێکیش ڕەفتارێکی ناپەسندی نەبووە، بە پێچەوانەی ئەوەی من لە ناو عەرەبەکانی عێراقدا بینیومە). هەروەها زۆر خزمەتی لە کوردستان کردووە، لە پەرتووکی "حەیاز"یشدا ئاماژە بەم کەسە دراوە. ئەو زۆر بە باشی شارەزای کورد و فرت و فێڵەکانیانە و زۆریش پابەندی ئەرکەکانی خۆیەتی. بە من گووتراوە، بەڵام نازانم ئەم قسەیە ڕاستە یان نا، ئەو دەستێکی باڵای لە ناوەندی هەواڵگریدا هەیە. هیوادارم ئەم قسانەی سەرەوە وێنەیەکی دروست بۆ بەڕێزت دروست بکات و تاڕادەیەک ئەو هەڵەیەی کە من دوێنی لەسەر فەرمانبەران خستبوومەڕوو چاکبکاتەوە.

خزمەتکارتان

j. c. a Johnson
Wing Commander R. Jope-Slade, OBE. DSC.,
Air Staff Intelligence, Air Headquarters, DHIBBAN

زۆر زۆر نهێنی (٣٩١-٣٩٥)

ژێدەر: (C/S/3)

ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی،

سلێمانی

٢٩ی نیسانی ١٩٣٨

بەڕێز فەرماندە جۆپ سلەید (Dear Wing Commander Jope-slade)

١. ئامــاژە بــە نامەکــەم (C/S/3) لــە ڕێکەوتــی ٢٦ی نیســانی ١٩٣٨، پەیوەندیــم بــە یەکێــک لــە ئەندامەکانــی ناوەنــدی زانســتی (Zanistiy) کــرد، کــە بریتییــە لــە ئەنجوومەنــی ڕۆشــنبیران یاخــود ""گەنجانــی کــورد""، قســەکانی ئــەو کەســە بۆچوونەکــەم پشتڕاســت دەکاتــەوە کــە پێشــتر ئامــاژەم پێکردبــوو.

٢. لــە ١٥ی مانگــی ڕەمــەزان، نزیکــەی ١٥٠ ئەندامــی [ئەنجوومەنــی] زانســتی کۆبونەوەیەکیــان گرێــدا، لــە کۆبوونەوەکــەدا لەســەر ناداپــەروەری بەرانبــەر کــورد زۆر تــوڕە بوون-بەتایبەتــی لــە کاتــی گفتوگۆکــردن لەســەر کۆمەڵکــوژی کــورد لــە دەرســیم بــە دەســت تورکەکانــەوە؛ هەروەهــا لەبــارەی گوتــاری ژمــارە ٤٠٥٣٦ ڕۆژنامــەی ئەلعالــەم ئەلعەرەبــی لــە ڕێکەوتــی ١٨ی تشرینــی دووەمــی ١٩٣٨ کــە تێــدا ئامــاژەی بــە پەیماننامــەی ســەعدئاباد کردبــوو و بۆچوونــی ئــەم ئەنجوومەنــەی پشتڕاســت کردبــووە کــە ئــەو پەیماننامەیــە بــۆ لەناوبردنــی کــورد گرێــدراوە.

٣. دوای ئــەو کۆبوونەوەیــە، کۆبونەوەیەکیــتر گرێــدراو و نزیکــەی ٤٠ ئەندامــی زۆر متمانەپێکــراو بانگێشــتکرا بــوون. ســوێندیان بــە برایەتــی ئەبــەدی، هاوپەیمانێتــی و وەفــاداری بــۆ یەکــتر و پرســی کــورد خــوارد کــە ئامــادەن بــۆ مــردن تــا ڕێگــری بکــەن لــە لەناوبردنــی نەتەوەکەیــان بــە ڕێگاگەلــی جۆراوجــۆرەوە. دواتــرناملکەیەکییــان ئامادەکــرد کــە لــە [ڕاپۆرتەکــەم] بــە زنجیــرە ژمــارەی ٢٩ ئامــاژەم پێکــردووە (دەقــی ڕەســەنی ناملکەکــە بــە ژێــدەری (C/S/3) لــە ڕێکەوتــی ٢٦ی نیســانی ١٩٣٨دا

ناردوومــە). بیســت و پێنــج کۆپــی لــەو نامیلکەیــە ئامادەکــرا و بــۆ بالیۆزەکانــی بەریتانیـا، فەڕەنسـا، ئیتاڵیـا، ئەڵمانیـا و پاشـای عێـراق، سـەرۆک وەزیرانـی [عێـراق]، وەزیــری ناوخــۆ، وەزیــری کاروبــاری دەرەوە و لایەنەکانیــتر نێــردرا.

٤. بــۆ شــاردەنەوەی ئــەوەی دەقــی ڕەســەنی ئــەم نــووسراوە لــە کــوێ نــووسراوە، هەروەهــا بــۆ نیشــاندانی ئــەوەی بزوتنەوەکەیــان نوێنەرایەتــی گشــت کــورد دەکات و هەڵچوونێکــی لۆکاڵــی نییــە، ئــەو کەســانە کۆپییــەک لــە نامیلکەکەیــان بــۆ ئەنجوومەنەکانــی (کۆمەڵگەکانــی) کەرکــووک و هەولێــر نــارد تــا لــەم شــوێنانەوە [بــۆ لایەنــی مەبەســت] بنێردرێــن.

٥. دواتــر شــێخ لەتیــف بەگرێدانــی ئــەم کۆبوونــەوەی زانیــوە، چونکــە بانگێشــت نەکرابــوو، هەواڵــی کۆبوونەوەکــەی لــە شــار بڵاوکــردەوە، دواتــر یەکێــک لــە ئەندامانــی [ئەنجوومەنەکــە] کــە لــە بــارەگای پۆلیســدا کار دەکات باســی لەوەکــرد فەرمانــدەی پۆلیــس کۆپیــەک لــەو نامیلکەیــەی لــە بەغــداوە بــۆ هاتــووە و فەرمانــی پێکــراوە ســەرچاوەی نامیلکەکــە بدۆزێتــەوە. بەهــۆی هەنگاوەکانــی شــێخ لەتیــف هیــچ کام لــە ٤٠ کەســەکە لــە ترســی دەســتگیرکردن، نەوێــران بــۆ مــاوەی چەندیــن ڕۆژ بــە ئاشــکرا لــە شــەقامەکاندا بســوڕێنەوە. بــەڵام هیــچ شــتێک ڕوویـنــەدا.

٦. تــا ئــەو جێگەیــەی ئــاگادارم هیــچ کاتێــک ســەردانی منــی نەکــردووە، چونکــە لــەو بڕوایەدابــوو شــێخەکانی [سـلێمانی] بــە ڕەزامەنــدی مــن دەجوڵێنــەوە. دواتــر زانــی کــە کــوڕە شــەیتانەکەی شــێخ لەتیــف هەوڵیــداوە فێڵــمان لێبــکات و هیــچ کاتێــک لەگــەڵ ئێمــەدا کاری نەکــردووە. شــێخ جــەلال، واتــە براکــەی [شــێخ لەتیــف] لــە خــودی شــێخ لەتیــف خراپــترە.

٧. لــەوم پرســی بۆچــی وا بیــر دەکاتــەوە کــە شــێخ لەتیــف بــۆ ئێمــە کار دەکات. گووتــی هــەر وەک چــۆن ئێمــە ڕێککەوتنــی تایبــەت بــە خۆمــان هەبــوو بێئــەوەی داوای ڕاوێــژ لــە هیــچ کەســێک بکەیــن، ئــەو نەزانــە گەورەیــە، بەڵخــە گامێشــە، خــودی خۆشــی گامێشــە، واتــە شــێخ مەحمودمــان لــە دەســەڵات دانــا و کردمانــە

پاشـــای کوردســـتان، ئـــەو لـــەو بڕوایەدابـــوو لەوانەیـــە ئێمـــە هەمـــان کار بـــۆ کـــوڕە بێکەڵکەکـەی بکەیـن. هەروەهـا گوتـی هـەر شـتێک شـێخەکانی سـلێمانی دەسـتیان تێـدا هەبێـت، تێکیانـداوە؛ ئەگـەر ئـەوان دەسـەڵاتیان هەبێـت، ئـەم دەسـەڵاتە تەنیـا بـۆ کۆکردنـەوەی بـاج لـە گوندنشـینەکانیان بـەکار دێنـن، ئـەوان جێگـەی متمانەپێکـردن نیـن، نەخوێنـدەوارن، نـەزان و ئەحمەقـن، (لەمبـارەوە لەوانەیـە مـن لەگـەڵ ئـەو هـاوڕا بـم).

٨. پتر لە گروپێک لە سلێمانی کاردەکەن بۆ گۆڕینی بارودۆخی ئێستا:

**ا** گروپـی "زانسـتی" یاخـود "ڕۆشـنبیران" یاخـود "گەنجانـی کـورد"، ئەندامانـی بریتین لە کـوردە خوێندەوارەکانـی گشـت چینـەکان، قوتابـی، مامۆسـتا و فەرمانبـەر لـە کەرکـووک ، کۆیسـنجەق، چەمچەمـاڵ، هەڵەبجـە و پێنجوێـن و شـوێنەکانیتر. گەورەتریـن لقیـان لە هەولێـرە (جیـا لە سـلێمانی).

**ب** گروپێـک لـە شـێخەکان -شـێخ جـەلال، شـێخ لەتیف و شـێخ مەحمـود پێکهاتـووە. بەپێی زانیارییەکانـم جـەلال و لەتیـف کاتێـک لـە بەغـدا بـوون ڕێککەوتنێکیـان لەگەڵ ڕەشـید عەلـی [عالـی] گەیلانـی گرێـداوە، ئەویـش بەڵێنـی داوە کاتێـک بـە هـاوکاری ئـەوان گەیشـتە دەسـەڵات و کابینەی مەدفەعییان ڕووخاند، هەر شـتێک ئەوان لەبارەی پرسـی کـوردەوە داوای بکـەن جێبەجێی دەکات. هیوادارم بەم نزیکانـە هەموو وردەکارییەکانی پەیوەسـت بە گروپی شـێخەکان بەدەسـت بهێنم (ئەگەر ئەوان پلانێکی بڕاوەیان هەبێت لـە پشـت کۆکردنـەوەی ئـەم ژمـارە زۆرەی کـورد و بەکارهێنانیـان لە کاتی پێویسـتدا).

**ج** گروپێـــک هەیـــە کـــە تۆفیـــق قـــەزاز و عەقیـــد فـــەرەج عەمـــارە (Amara) تێیـــدا ئەندامـن. ئامانجـی ئـەم گروپـە بریتییـە لـە ڕووخاندنـی کابینـەی ئێسـتا و هەروەهـا تۆڵـەی بەکـر سـدقی بکەنـەوە.

٩. زانیارییەکانـی مـن ئامـاژە بـەوە دەدەن کـە ئـەو ئـاگاداری گروپـی شـێخەکانە، بـەڵام تـا ئیسـتا داوای زانیـاری تێروتەسـەلی لەسـەر ڕێکخراوەکەیـان نەکـردووە. کەچـی لەبـارەی گروپـی فـەرەج عەمـارە، ئـەو تەنیـا لـە ڕێگـەی دەنگۆکانـەوە گوێبیسـتی

ئـەم گروپـە بـووە و نازانێـت ئایـا ئـەم گروپـە لـە واقیعـدا بوونـی هەیـە یـان نـە. (ئـەوەی ئـەو گوییسـی بـووە لەوانەیـە لـە دەرنجامـی ئـەو ڕووداوە بێـت کـە لـە ڕاپۆرتەکـەم بـە زنجیـرە ژمـارەی (٦)٦٤، ئامـاژەم پێکـردووە).

١٠. هەروەهـا ئـەو دەیویسـت بزانێـت حکومەتـی بەریتانیـا دەخوازێـت گروپـی زانسـتی پەیـڕەوی لـە چ ڕێچکەیـەک بـکات. بـە بـڕوای مـن ئـەوان بڕیاریانـداوە لەناونەچـن، بـەڵام نازانـن پەیـڕەوی لـە چ ڕێچکەیـەک بکـەن. هەروەهـا پارەشـیان بـۆ پڕوپاگەنـدە و بڵاوکردنـەوەی [بابەتەکانـی تایبـەت بـە] ئەدەبیاتـی کـوردی نییـە.

١١. مـن پێـم ڕاگەیانـد، حکومەتـی بەریتانیـا هیـچ دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری ناوخۆیـی دەوڵەتـی عێراقـدا نـاکات و سیاسـەتی ئێمـە بریتییـە لـە هێشـتنەوەی عێـراق وەک دەوڵەتێکـی یەکپارچـە و هیـچ پرسـێک لەبـارەی عـەرەب و کـورد و ئاشـورییەکان بوونـی نەبێـت. ئەویـش گووتـی ئـەم شـتە مومکیـن نییـە و [قبـوڵ ناکرێـت] کـورد سـەرکوت بکرێـن و وەک سـەگ مامەڵـە لەگەڵیانـدا بکرێـت. بەڵێنـی هەمـوو شـتێک بـە کـورد دراوە، کەچـی هیچیـان بەدەسـت نەهێنـاوە.

١٢. دوای گفتوگۆیەکـی زۆر، گوتـی حکومەتـی بەریتانیـا چەندیـن ملیـۆن پاوەنـدی بـۆ بونیاتنانـی عـەرەب خەرجکـردووە و ئێسـتا بـە خەرجکردنـی ١٠ ملیـۆن پاوەنـد لـە سـاڵیکدا هەمـان کار بـۆ جوولەکـە لـە فەڵەسـتین دووبـارە دەکەینـەوە. ئەگـەر تەنیـا بەشـێک لـەم بـڕە پارەیـە بـۆ بونیاتنانـی کـورد خـەرج بکرێـت، کـورد باشـتر و وەفادرانەتـر لـە هـەر عەرەبێـک خزمەتـی [حکومەتـی بەریتانیـا] دەکـەن.

١٣. ئامـاژەم بەوەکـرد [دامەزراندنـی] دەوڵەتـی عـەرەب و دەوڵەتـی جوولەکـە پشـت بـە بەڵێنێـک دەبەسـتێت کـە لـە میانـەی جەنگـی [یەکەمـی جیهانیـدا] دراوە و ئێمـە ئـەم جـۆرە بەڵێنەمـان بـە کـورد نـەداوە. ئەویـش گووتـی، بەپێچەوانـەوە ئێمـە بەڵێنـمان داوە: ئێمـە بەڵێنـی سـەربەخۆییمان بـە ئـەوان داوە، بـەڵام دواتـر کوردەکانمـان خسـتە ژێـر دەسـەڵاتی عـەرەب. ئێمـە و کۆمەڵـەی گـەلان، بەڵێنـمان بـە کوردەکانـدا کـە فەرمانبـەری تایبـەت بـە خۆیـان، قوتابخانـەی تایبـەت بـە

خۆیـان، زمانـی تایبـەت بـە خۆیـان، یاسـا و بەڵگەنامـەی فەرمـی بـە زمانـی تایبـەت بەخۆیـان و... هەبێـت. کەچـی ئێسـتا ڕێگەیـان پێنادرێـت بـە زمانـی خۆیـان لـە قوتابخانـەدا بخوێنـن، بەڵگەنامـە فەرمییـەکان بـە زمانـی کـوردی نیـن، تـا خەڵـک بتوانێـت لێیـان تێبـگات. تەنیـا فەرمانبـەری کـورد بریتیـن لـە کاتبـەکان کـە مانگانـە چـوار دینـار وەردەگرن-گشـت فەرمانبەرانیـتر کەرکووکلیـن (Kirkuklis، لـە ڕاسـتیدا سـلێمانی بووەتـە ناحیەیەکـی تورکـی سـەر بـە کەرکـووک. ڕۆژنامـەی ""ژیـان""، لەلایــەن موتەســەڕیفەوە داخــراوە.

١٤. ئـەم گفتوگۆیـەی سـەرەوەم وەک ڕوانگـەی هزریـی گروپـی زانسـتی خسـتەڕوو. بەهەرحـاڵ، زۆر ئەسـتەمە کەسـێک بتوانێـت لـەم جـۆرە بابەتانـەدا خـۆی لـە کاروبـاری ناوخـۆی عێـراق بـە دوور بگرێـت. ئـەم پیـاوە زۆر بـە ڕاشـکاویی و کراوەیـی قسـەی لەگەڵـدا کـرد، دوای ئـەوەی دڵنیامکـردەوە کـە مـن بەرانبـەر حکومەتـی عێـراق هیچـم پێناکرێـت، ئـەو شـتەی ئـەو پێـی ڕاگەیانـدم بـە نهێنـی دەهێڵمـەوە. هیـوادارم لـەوەدا ڕاسـت بـم کـە گووتومـە خۆمـان لـە کاروبـاری ناوخۆیـی عێراقـدا هەڵناقورتێنیـن. بەپێچەوانـەوە لـەو بڕوایـەدا نیـم بتوانیـن پاسـاو بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری بـەم ڕێگەیـە و لەمجـۆرە سـەرچاوانەوە بهێنینـەوە. بـە چاوپۆشـین لـە فاکتـەری کەسـیی. ماوەیەکـی زۆر لەسـەر ئـەو "خیانەتـە" دەربـاز نەبـووە کـە بەریتانیـا لەبەرانبـەر کـورد کردویەتـی، بـۆ نموونـە کـوردی خسـتە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی عەرەبـدا.

١٥. لـە کاتـی خۆیـدا سـەخت بـوو وەڵامێکـی گونجـاو بـە دانیشـتوانی ئـەم ناوچەیـە بدرێـت؛ کـوردەکان وەک منداڵـی بچـووک وان و حاڵیحـازر شـێت بوونـە کـە خۆیـان وەک ئاریـان (Aryans) دەناسـێنن. هەروەهـا خەڵـک لـە گشـت چینـەکان، شـێخەکان، دزەکان، ئەندامانـی خێـڵ، گروپـی زانسـتی و تەنانـەت پەنابەرانـی گوڵەباغـی هاتـوون و دەردی دڵـی خۆیـان خسـتووەتەڕوو و داوایـان کـردووە بزانـن لەمبـارەوە فەرمانـی بەریتانیـا چییـە و ئەوانیـش پەیـڕەوی فەرمانەکـە دەکـەن؛ بـۆ نموونـە ئایـا دەتوانـن پشـتگیریی لـە سـەعید عەتـا بکـەن، یاخـود دەسـت بـە

شــەڕی ناوخۆیــی بکــەن، یــان کارێکیــتر بکــەن. ئەگــەر پێیــان بڵێــم پەیــڕەوی لــە [حکومەتــی عێــراق] بکــەن، ئــەوان چەندیــن هــۆکاری فــرە ڕەهەنــد دێننــەوە کــە بۆچــی ئــەم کارە ئەســتەمە، بــۆ نموونــە ئــەوان [لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە] ســەرکوتکراون، پشــتگوێ خــراون، یاخــود بــە نادادپەروەرانــە مامەڵەیــان لەگەڵــدا کــراوە. ئەگــەر پێیــان بڵێــم بــە پێچەوانــەی ئــەم کارانــە ڕەفتــار بکــەن، لەوانەیــە ئــەم کارە بیهــۆدە بێــت.

١٦. هیــوادارم کۆپیــەک لــە "ئــاوات (Awat) بەدەســت بێنــم (کــە بــە مانــای خواســت یاخــود مەبەســت دێــت). ئــاوات نــاوی پەرتووکێکــە لەلایــەن یەکێــک لــە ئەندامانــی گروپــی زانســتی نــووسراوە و چاپەکــەی لەلایــەن موتەســەڕیفەوە قەدەغەکــراوە. هەروەهــا پەرتووکێکیــتر هەیــە لەلایــەن پۆلیســیکەوە چاپکــراوە کــە لــەم دواییــەدا ئەویــش قەدەغــە کــراوە.

خزمەتکارتان

j. c. a Johnson

Wing Commander R. Jope-Slade, OBE. DSC.,

Air Staff Intelligence,

Air Headquarters,

DHIBBAN

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٩٦)

سلێمانی

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٨/٥/٥.

(SECTION I. IRAQ)

سیاسەتی ناوخۆ

٦٩. ناسیۆنالیزمی کورد

لە ئێوارەی ٥ی ئایاری ١٩٣٨ کۆبوونەوەیەکی نهێنی لایەنگرانی شێخەکان لە سلێمانی (بە سەرۆکایەتی شێخ لەتیف) لە سلێمانی بەڕێوە چوو. تا ئێستا سەر ڕاست نەبووەتەوە مەبەست لە گرێدانی ئەم کۆبوونەوەیە چی بووە؛ لەوانەیە مەبەست لە کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بووبێت لەسەر خێراترکردنی [هەنگاوەکانی] ڕوخاندنی حکومەتی ئێستای عێراق (چاوەڕوانی پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵەین) بە هاوکاری کۆمەڵێک سیاستەمەدار لە بەغدا. سەختە بێ سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی هاوشێوە لە باشووری [عێراق] ئەم تاقمە بتوانێت هیچ شتێک دەستەبەر بکات، چونکە ئەوان نە پارەیان هەیە نە دەستیان دەڕوا.

زۆر زۆر نهێنی (٣٩٧)

ژێدەر: (C/S/3)

ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، سلێمانی

١٢ی ئایاری ١٩٣٨

بەڕێز فەرماندە جۆپ سلەید (Dear Wing Commander Jope-slade)

١. ئاماژە بە نامەکەم بە ژێدەری سەرەوە لە ڕێکەوتی ٢٦، ٢٧ و ٢٩ی نیسانی، تا ئێستا نەمتوانیوە هیچ زانیارییەک لە سەر کارە ناوخۆییەکانی شێخەکان دەستەبەر بکەم، بەڵام تا ئەوکاتەی وردەکاریی زۆرترم بەدەست دەگات، بە بڕوای من ئەوان ناتوانن گفتوگۆیەکی بەرفراوان [لەبارەی ڕوخاندنی حکومەت] ئەنجام بدەن، ئەگەر لەلایەن سیاسەتمەدارانی بەغداوە بە چڕی یارمەتی نەدرێن؛ چونکە دەستکردن بە هەر جۆرە چالاکیەک، پشت بە سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی هاوشێوە لە باشوور دەبەستێت، ئەویش ئەگەر ئەم جۆرە بزوتنەوەیە سەرهەڵبدات.

٢. لەبارەی کەیسی گروپی زانستی، حاڵیحازر خەریکی خوێندنەوەی پەرتووکی "ئاوات"م، پەرتووکێکی قەدەغەکراوە کە لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی ئەم گروپەوە نووسراوە؛ وادیارە ئەم پەرتووکە جۆرە پڕوپاگەندەیەکە بۆ گەنجەکان نووسراوە و لەبری زمانی بێگانە بە زمانی خۆیان نووسراوە؛ پەرتووکەکە باس لەوە دەکات ئەوان هیچ کات ناتوانن خۆشی لە ئازادی خاک و نەتەوەکەیان ببینن، ئەگەر ئازاد نەبن. پەرتووکەکەیترم بەدەست گەیشت کە لەلایەن پۆلیسێکەوە نووسراوە، بەڵام تا ئێستا کاتی ئەوەم نەبووە بیخوێنمەوە.

خزمەتکارتان

j. c. a Johnson

Wing Commander R. Jope-Slade, OBE. DSC.,

Air Staff Intelligence, A. H. Q, Air Headquarters,

HABBANIYA

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٩٨)

سلێمانی

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٨/٥/١٢.

(SECTION I. IRAQ)

سیاسەتی ناوخۆ

٨١. پڕوپاگەندە و پیلانگێڕیی، ناسیۆنالیزمی کورد

""ئاماژە بە ڕاپۆرتەکانی پێشوو لەبارەی ئەم بابەتەوە [واتە لە بارەی ناسیۆنالیستی کوردی]، ئێستا ڕاپۆرت هاتووە کە لە ٢٣ی ئاداری ١٩٣٨ کۆبوونەوەیەک لە کەرکووک ئەنجامدراوە و ئەم کەسانەی خوارەوە تێدا بەشداربوونە:

شێخ جەلال (سلێمانی)

شێخ ئەحمەد کۆنەپۆشی

شێخ سەعیدی نەزارە (Nazara) (پێنجوێن)

شێخ ساڵح (سەعاتچی-کەرکووک )

١. لە میانەی گفتوگۆکەدا ڕەشید عالی گەیلانی و ملازمەکەی، ئەمین زەکی کە وەزیری پێشووی پەیوەندی و گەیاندن بووە، لە بەغدا چاویان بە کۆمەڵێک لە شێخەکانی سلێمانی کەوتووە، وەک کەریم فەتاح بەگ (جاف)، داود بەگی کەلار (جاف)، ئەمین ئاغا (برادۆست). مەبەست لەم گفتوگۆیە ڕێکخستنی خێڵە [کوردەکان] بووە بۆ ڕوخاندنی حکومەتی ئێستای عێراق. شێخ جەلال لە کۆبوونەوەکەی کەرکووکدا، گووتویەتی ئینگلیزەکان ئاگاداری پلانەکەی ئەون و دژی ئەم پلانە نین.

٢. ڕاپۆرتێک باس لەوە دەکات، شێخ عیسا، مفەوزی یاریدەدەری پۆلیس (A. C. P) کە بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری (C. I. D) لە کەرکووک بەڕێوە دەبات، چەندین ڕاپۆرتی لە دژی مستر چاپمەن (Mr. Chapman)، ئەفسەری

پەیوەندییەکانـــی (I. P. C) نووســـیوە. ڕاپۆرتەکـــە بـــاس لـــەوە دەکات شـــێخ عیســـا گووتویەتـــی مســـتر چاپمـــەن ســـەردانی هەولێـــر، کۆیســـنجەق و چەندیـــن شـــوێنیتری کـــردووە بـــە مەبەســـتی هەڵگیرســـاندنی بزوتنـــەوەی ناسیۆنالیســـتی کـــورد لـــە نـــاو خێڵـــە [کوردییەکانـــدا].

(تێبینـی: ئـەم ڕاپۆرتـە ئەگـەر ڕاسـت بێـت، ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە شـێخ عیسـا بـۆ ئـەم پۆسـتە گونجـاو نییـە. چونکـە مسـتر چاپمـەن، ئەگـەر شـتێک بێـت، دژە کـوردە، چونکـە تـا ئێسـتا لەبیـری ماوەتـەوە کـە لـە سـلێمانی لەلایـەن شـێخ مەحمـودەوە زیندانـی کـرا. بۆیـە بـە بـڕوای مـن ئـەو خـۆی لـەم جـۆرە بزوتنەوانـەدا هەڵناقۆرتێنێـت).

زۆر زۆر نهێنی (ل ٣٩٩)

ژمارەی ژێدەر: (S. 10801/43/"I")

ستافی هەواڵگریی ئاسمانی،

بارەگای هەوایی

حەبانیە

٢٠ی ئایاری ١٩٣٨

بەڕێز...

لەبارەی بابەتێکی بچووک کە سەرنجی ڕاکێشاوم، ئەم یاداشتە ئاڕاستەی بەڕێزت دەکەم. ئەم یاداشتەش کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد، یاخود هیچ بابەتێکی پەیوەست بە کوردەکانەوە دروست ناکات کە بەڕێزت مەیلت بۆ ئەم بابەتانە هەیە، بەڵکو مەبەست لێی ئاگادارکردنەوەی بەڕێزتە لەبارەی هەواڵێک کە ئەمڕۆ لە لایەن کەسێکەوە بە دەستم گەیشتووە، لەوانەیە بیناسیت.

ئەمڕۆ پێم گوترا کە حزبێکی نهێنی بوونی هەیە بە ناوی "حزبی ئەل-ئینتیقام"" (واتە حزبی تۆڵەسەندنەوە). ئەم حزبە لە ژێر چاودێری حیکمەت سلێمان کار دەکات. ئامانجی ئەم حزبە ناوبردنی هەر کەسێکە لە ڕێگەی تیرۆرەوە- ئەگەر ڕێگاکانیتر بێ سوود بوون- گوایە دەستیان لە ڕووخانی [کابینەکەی] بەکر سدیقدا هەبووە.

ئەم حزبە لە کورد و عەرەب پێکهاتووە، بەڵام بە هۆی چاودێری وردی پۆلیس لە بەغدا و باشووری عێراق، لقەکانی ئەم حزبە تەنیا لە سلێمانی، کەرکووک و دیانا هەن.

بە تایبەتی سوپا لەم حزبەدا بەشدارە.

ئەمە گشت ئەو شتەیە کە من دەیزانم. وادیارە ئەم بابەتە، چیرۆکەکەکەی دورودرێژە. ئایا بەڕێزت هیچ زانیارییەکت لەبارەی ئەم جۆرە چالاکیانە هەیە؟ لەوانەیە فەرەج عەمارە زانیاری لەمبارەوە هەبێت. هەروەک بەڕێزت دەزانی، فەرەج بە ڕەچەڵەک سەر بە خێڵی جافە. ئەو هاوڕێیەکی باشی من بوو، بۆیە ئەگەر تا ئێستا ئەوت نەناسیبێت و

پێتخۆش بێت ئەو بناسیت، دەتوانم بە ئاسانی یەکتر ناسینێک ڕێک بخەم. ئەو بە ڕادەی پێویست بێ مێشک و ئەحمەقە کە خۆی لە هەر جۆرە پیلانگێڕییەک هەڵبقورتێنێت بە بڕوای ئەو، لەوانەیە بۆ ئەو سوودمەند بێت. لە سەردەمی مندا، ئەو هاوڕێی بەکر سدقی بوو، بەڵام هیچ زانیارییەکم نییە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەو و بەکر لەو کاتەی بەکر بۆ ماوەیەکی کورت بوو بە دیکتاتۆر.

خزمەتکارتان

تێبینی: لەبیرم کرد، هەواڵدەرەکەم پێی گووتم، هۆکاری ئەوەی حاڵیحازر پارتی تۆڵەسەندنەوە چالاک نییە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا حیکمەت سلێمان چالاکییەکانی [ئەم حزبەی] ڕاگرتووە بە هۆی دۆستایەتیەکەی لەگەڵ مەلیک [فەیسەڵ]؛ چونکە ئەم دۆستایەتییە، بە بڕوای ئەو تا ڕادەیەک بەسە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بۆ سەر کارەکەی.

Squadron Leader J. C. A. Johnson

Air Liaison Officer

Sulaimani

ناسیۆنالیزمی کورد (ل٤٠٠)

٩٦. ڕاپۆرتێـک بـاس لـەوە دەکات، ئـەم کەسـانەی خـوارەوە لایەنگـری بەکـر سـدقییان کـردووە و بـە بەردەوامـی لـە نێـوان خۆیانـدا [لەبـارەی ڕوخاندنـی حکومەتـی ئێسـتا] گفتوگـۆ دەکـەن:

دارا بەگ (داودە).

عەلی ئاغا (کاکەیی).

شێخ ڕەئۆف (تاڵەبانی).

شێخ حەبیب (سەرۆک شارەوانی)، کەرکووک .

شێخ حەسیب (بەڕێوەبەری توزخورماتو).

عەزیز ئەفەندی قەدیکزادە (Gedikzadeh). کەرکووک .

محەمەد سەعید ئاغا.

تێبینـی: چەندیـن نـاو لـەم ناوانـە لەگـەڵ نـاوی ئـەو کەسـانەی کـە لـە بزوتنـەوەی ئێسـتای ناسـیۆنالیزمی کـوردا هـەن، یەکـتر دەگرنـەوە. بۆیـە لەوانەیـە بناغـەی ئـەم ڕاپۆرتـە دروسـت بێـت.

٢. ڕاکـردن لـە سـەربازیی لەلایـەن سـەربازە کوردەکانـەوە (بڕوانـە پەرەگرافـی ١٠٠) لەوانەیـە پەیوەنـدی بـە بزوتنـەوەی کـوردەوە هەبێـت.

پاشکۆی "A" (ل ٤٠١-٤٠٣)

ڕاپۆرتێک لەسەر پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی کورد لە کەرکووک

(Report on the Formation of a Kurdish Society)

(ئەم ڕاپۆرتە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی پێشتر لەسەر ئەم بابەتە دەستەبەرکراون یەکتر دەگرنەوە).

١. بەمەبەستی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی کوردی لە ئاستێکی بەرفراوندا لە لیوای کەرکووک، جەمال بابان لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٧، هاتە کەرکووک (پێشتر لە بەغدا بوو) و چاوی بە چەندین سەرۆک خێڵ و کەسایەتی ناسراوی شار و ناوچەکانی کەرکووک کەوت. کاتێک گەڕایەوە بەغدا و بەردەوامی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم خەڵکەی خوارەوە لە کەرکووک دا :
سەعید ئەحمەد خانەقا.

دارا بەگ (داودە).

ڕەفعەت بەگی ئیسماعیل بەگ (داودە).

شێخ حەبیب تاڵەبانی.

٢. لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییانە ئەنجوومەنەکە بە ئامانجی "سەربەخۆیی کوردستان" لە شوباتی ١٩٣٨ بە سەرۆکایەتی شێخ حەبیب دامەزرا. ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لە ١١ کەس پێکهاتووە کە چوار کەسیان ئەفسەری سوپای عێراقن (مولازم فەهمی، ڕەئیس عەبدولقادر، مولازم عەلی و مولازم عەبدولا). دواتر ١١ مامۆستای قوتابخانە و ئەمانەی خوارەوە پەیوەندیان بە ئەنجوومەنەکەوە کرد:

محەمەد ئەفەندی خادم- ئەلسەجادی.

جەلال س/و حەکیم ئەفەندی.

سابیر ئەفەندی.

شێخ فایق (تاڵەبانی)

شێخ عیزەدین (تاڵەبانی).

شێخ فەیزوڵا (تاڵەبانی).

عەبدولکەریم س/و سەعید محەمەد (جەباری).

٣. لە سەرەتای مانگی ئادار، ئەنجوومەنەکە بەرفراوانتر بوو و ئەم کەسانەی خوارەوە هاتنە ناوەوە:

شێخ نەجمەدین (ساڵی).

شێخ تاهیر (ساڵحی).

حەمە عەزیزی شەریف (شوان).

ئێستا ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لە ٥٠ کەس دەرباز بووە و هەردوو هەفتە جارێک کۆدەبنەوە.

٤. لە ڕێکەوتی ٤ی ئاداری ١٩٣٨، دارا بەگ (داودە) سەردانی بەغدای کرد و پێنج شەو لەوێ مایەوە؛ دواتر گەڕایەوە کەرکووک و سەردانی شێخ حەبیبی (تاڵەبانی) کرد. هاوکات ئەمانەی خوارەوە پەیوەندییان بە ئەنجوومەنەکە کرد:

حەسەن بەگ (داودە).

ڕەفعەت بەگ (داودە).

باقی ئاغا (سەرۆکی پێشووی شارەوانی کەرکووک ).

٥. بە زیادبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە دەسەڵاتدارانی حکومەت زانیارییان لەسەر پلانی ئەنجوومەنەکە بەدەستهێنا و ئەندامەکانی ئەنجوومەنەکە لەلایەن پۆلیسەوە بە نهێنی چاودێری دەکرێن. کاتێک ئەنجوومەنەکە زانی پۆلیس چاودێریان دەکات، چیتر کۆبوونەوەیان گرێنەدا و بە نهێنی پەیوەندیان بە یەکترەوە دەکرد.

٦. لـە ڕێکەوتـی ١٥ی ئـاداری ١٩٣٨، عەبـدوڵا ئاغـا س/و سـەعید (Sayid) موحسـین ئاغـای کفـری پەیوەنـدی بـە سـەرۆک خێڵەکانـی ناوچـەی کفـری کـرد، تـا بێنـە نـاو ئەنجوومەنەکـەوە. لەلایـەن قائیمەقامـی کفرییـەوە، موتەسـەڕیف لـەم کارە ئـاگادار کرایـەوە. عەبـدوڵا ئاغـا بانگێشـتی کەرکـووک کـرا، بـەڵام هیـچ بەڵگەیـەک لـە دژی بوونـی نەبـوو و بـە کەفالـەت (bail) ئازادکـرا.

٧. لــە ڕێکەوتــی ٢ی نیســانی ١٩٣٨، شــێخ قــادر (تاڵەبانــی، نوێنــەری پێشــووی پەرلەمــان) گەشــتێکی بــۆ نــاو ســەرۆک خێڵەکانــی ناوچــەی کفــری ئەنجامــدا و مەبەسـت لـەم گەشـتە هاندانـی سـەرۆک خێڵـەکان بـوو تـا بێنـە نـاو "ئەنجوومەنـی سـەربەخۆیی کوردسـتان"؛ بـەڵام دواتـر لەسـەر بابەتـی کارگێڕییـەوە دەسـتگیرکرا و بــە ســاڵێك زیندانــی حوکمــدرا. بــاس لــەوە دەکرێــت لــە کاتــی دەســتگیر کردنەکەیـدا کۆمەڵێـک یاداشـتی پـێ بـووە.

٨. لـە ڕێکەوتـی ١٤ی نیسـانی ١٩٣٨، وەزیـری ناوخـۆ فەرمانـی بـە موتەسـەڕیفی کەرکـووک کـرد تـا بەڵگـە لەسـەر بوونـی ئەنجوومەنەکـە کۆبکاتـەوە، بۆیـە پۆلیـس بەردەوامیــدا بــە چاودێــری کردنــی نهێنــی [ئەندامانــی ئەنجوومەنەکــە]. دوای ماوەیەکـی کـەم قائیمقامـی چەمچەمـاڵ ڕاپۆرتێکـی بەرزکـردەوە گوایـە ڕەمـزی و ناجـی (قائیمقامەکانـی قـەزای ناوەنـدی کەرکـووک و سـلێمانی) لەگـەڵ ژمارەیـەک فەرمانبەریـتر بـۆ ئەنجوومەنەکـە کار دەکـەن. لەمبـارەوە لێکۆڵینـەوە دەسـتیپێکرد، بـەڵام هیـچ بەڵگەیـەک لـە دژیـان نەدۆزرایـەوە.

٩. لـە سـەرەتای مانگـی ئایـار، عەبـدوڵا کەریـم، ئەفسـەرێکی خانەنشـینکراوی خەڵکـی ڕوانـدوز کـە نیشـتەجێی بەغدایـە، گەشـتێکی بـۆ ناوچـەی کۆیسـنجەق، هەولێـر و کەرکـووک ئەنجامـدا. دەگۆترێـت یاداشـتێکی بەسـەر سـەرۆک خێڵەکانـی ئـەم ناوچانــەدا بڵاوکردووەتــەوە. ئــەو کەســە لــە بــازاڕی کۆیســەنجەق دەستبەســەرکرا و بــە دەســتگیرکراوی نێردرایــە هەولێــر و کەرکــووک، دواتــر لــە ڕێکەوتــی ١٨ی ئایــاری ١٩٣٨ نێردرایــە بەغــدا. هیــچ یاداشــتێک لــەو کەســە نەگیــراوە.

١٠. لـە ڕێکەوتـی ١٥ی ئایـاری ١٩٣٨، عەباسـی مەحمـود و محەمـەد ئەمینـی محەمـەد ئاغـا (داودە) بانگێشـتی کەرکـووک کـران و فەرمانیـان پێکـرا لـە کەرکـووک دەرنەچـن. دەگۆترێـت ئـەوان پڕوپاگەندەیـان بـۆ پشـتگیری کـردن لـە "کوردیـزم" بـڵاو کردووتـەوە.

١١. زانـراوە ئەندامانـی ئـەم ئەنجوومەنـە کوردییـە بـە بەردەوامـی لـە زیادبوونـدان؛ سـەرۆک خێڵەکانـی داودە، تاڵەبانـی، ساڵحی، شـوان و شـێخبزێنی، گشـتیان چوونەتـە نـاو ئـەم ئەنجوومەنـەوە. ئەندامانـی ئـەو ئەنجوومەنـە لـە ڕێگـەی نێـردەی تایبەتـەوە پەیوەنـدی بـە بەغـداوە دەکـەن. حکومـەت زۆر بـە چـڕی کار دەکات، تـا بەڵگـە لـە دژی ئـەو کەسـانە کۆبکاتـەوە، بـەڵام تـا ئێسـتا هیـچ بەڵگەیەکـی تاوانکاریـی [لـە دژیـان] بەدەسـت نەهێنـاوە.

١٢. ئامانجـی ئەنجوومەنەکـە دروسـتکردنی کوردسـتانی سـەربەخۆ و حکومەتێکـی سـەربەخۆیە. ئـەوان لەلایـەن هیـچ وەزیرێکـەوە بـۆ ئاژاوەنانـەوە هـان نادرێـن. ئەنجوومەنەکـە تـا ئێسـتاش بوونـی هەیـە و ئەندامانـی هـەوڵ دەدەن لـە گشـت شـارە کوردییەکانـدا لـق بکەنـەوە. بـارەگای سـەرەکی ئەنجوومەنەکـە لـە بەغدایـە، بـەڵام لقەکانـی کەرکـووک و سـلێمانی بەبەردەوامـی لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ یەکـتردان.

زۆر زۆر نهێنی (ل ٤٠٤-٤٠٥)

ژێدەر: (I/S/40)

ئەفسەری پەیوەندیی هێزی ئاسمانی

سلێمانی

٢٨ی ئایاری ١٩٣٨

بەڕێز دۆمڤیلی (Domvile)

لە وەڵامی نامەکەت بە ژمارە (S.10801/43/1) لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ١٩٣٨، باشترین زانیاری کە دەتوانم لەبارەی "حزب ئەل-ئینتیقام" پێشکەشی بەڕێزت بکەم، ئاماژەدانە بە ڕاپۆرتەکەم بە زنجیرە ژمارەکانی ٩٢، ٩٦، (٦)٩٤ و نامەکەم (D.O) بۆ فەرماندە جۆپ-سلەید (Wing Commander Jope-slade) بە ژمارە (C/S/3) لە ڕێکەوتی ٢٩ی نیسانی ١٩٣٨، پەرەگرافەکانی ٨(س) و ٩.

لە ڕاپۆرتی ٩٢دا دەبینی شێخ لەتیف و فەرەج عەمارە پێکەوە کار دەکەن. هەرچەندە هیچ زانیارییەکم نییە، بۆیە تەنیا گریمانە لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر جۆرە ئاژاوەیەک دەکەم، شێخەکانی باشووری [عێراق]، کوردە ناسیۆنالیستەکان و حزبی ئەل-ئینتیقام (ئەگەر لە ڕاستیدا ناوی ئەم حزبە تۆمارکرا بێت)، ئەگەر نیوەی شانیسان [بۆ ڕوخاندنی حکومەت هەبێت] گشتیان پێکەوە سەرهەڵدەدەن.

لەوانەیە بەپێی ڕوانگە جیاوازەکان، ئاژاوە گێڕەکان وەها لێکبدەنەوە کە نە پارەیان هەیە و نە هێز و ناتوانن هیچ شتێک بەدی بهێنن؛ بۆیە "حزبی ئەل-ئینتیقام"یان پێکهێناوە، تا بتوانن لەم ڕێگەیەوە چەک دەستەبەر بکەن.

کاتێک (لە مانگی شوباتدا) بۆ یەکەمجار هاتمە سلێمانی، لە کاتی ئاماژەپێکردنم بە ناوی بەکر سدقی، فەرج عەمارە هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا، بەڵام نزیکەی مانگێک یان شەش هەفتە لەمەوبەر کاتێک قسەم لەگەڵی دەکرد، لەبارەی ڕژێمەکەی بەکر سدقی شتێکی ناخۆشم گووت، فەرج عەمارە یەکسەر توشی سەرسوڕمان بوو، بۆیە بە

بـڕوای مـن مەیلـی ئەو بـۆ "ئینتیقـام" بابەتێکـی نوێیە. لـە سـەردەمی ڕژێمی بەکر سـدقدا، فـەرەج عەمـارە لـە دیانـا بـوو، بۆیـە هیـچ زانیارییەکـم لەسـەر لایەنگرێتی ئـەو نییە.

""ئامـاژە بـە نووسراوەکـەت (P.S)، مـن بیسـتوومە نـاوی باڵێـۆزی عێـراق لـە پاریـس (ئیسـتا نەمـاوە) بـۆ کابینەکانـی داهاتـوو لـە بەغـداوە ڕاگەیێـنراوە.

خزمەتکارتان

j. c. a Johnson

Sqquadron Leader J. P. Domvile, MBE.,

Air Staff Intelligence

Air Headquarters,

HABBANIYA

ئەنجوومەنی سیاسی (Political Society) (٤٠٥)

١١٤. ""ئامـاژە بـە زانیارییەکانـی پێشـوو لەبـارەی بزوتنـەوەی "تۆڵەسـەندنەوە" لـە مردنـی بەکـر سـدقی، وادیـارە ئـەم بزوتنەوەیـە لـە نـاو سـوپا و کۆمەڵـە کوردێکـدا تەشـەنەی کـردووە. وادیـارە گفتوگۆکەیـان [لەبـارەی تولەسـەندنەوە] لـە قۆناغـی ئامادەکاریدایـە و هـەر کاتێـک دەرفـەت و بـارودۆخ لەبـار بـوو [ئـەم بزوتنەوەیـە] دێتـە نـاو گۆڕەپانـەوە. لـە ڕاپۆرتێکـی نوێـدا نـاوی ئـەو کەسـانەی خـوارەوە، هاتـووە کـە چوونەتـە نـاو ئـەم بزوتنەوەیـە:

فەرەج عەمارە ( بەرپرسی (O. C) بنکەی سەربازی سلێمانی).

تۆفیق قەزاز (بازرگان خەڵکی سلێمانییە).

حەمەی عەبدوڵرەحمان ئاغا (کەسایەتی ناسراوی سلێمانی).

عەلی غالب (.... پێشووی سلێمانی).

ناجـی حەمـزە (قائیمقامـی پێشـووی قـەزای ناوەنـدی کـە لـە سـەردەمی بەکـر سـدقیدا موتەسـەڕیفی بـە وەکالـەت بـوو).

نـاوی ڕەشـید جـەودەت وەک یەکێـک لـە سـەرکردەکانی [ئـەم بزوتنەوەیـە] هاتـووە. براکـەی مەحمـود جـەودەت، لەلایـەن حکومەتـی بەکـر سـدقیەوە بـە بیانـوی ئـەوەی شـێتە [بێتـاوان دەرچـوو]؛ بـەڵام لەلایـەن حکومەتـی ئێسـتاوە بـە بیانـوی کوشـتنی عەبدولقـادر سـینێوی (Sinewi) لـە سـێدارە درا.

ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٤٠٦)

١١٤. پۆلیسێک بە ناوی میرزا لە بنکەی پۆلیسی ئەزمەر (Azmir) لەم دواییانەدا پەرتووکێکی بە ناوی (du plume of ""M.M., PIZHDERI) نووسیوە، تێدا باسی لە قۆناغە مێژووییەکانی ئەوروپا و شوێنەکانیتری کردووە کە چۆن لەم شوێنانەدا کەمینەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان جەنگاون.

بیرۆکەی پەرتوکەکە، بیرۆکەی باوی گروپی زانستییە. پەرتووکەکە لە چاپکردن قەدەغەکرا و پۆلیسەکە لە کارەکەی دوورخرایەوە و بە بڕی پەنجا دینار کەفیلێکی (Kafiyl) لێ وەرگیراوە. تەنانەت نازانێت بە چ تۆمەتێک کەفیلی لێ وەرگیراوە، بەڵام دەزانێت ئەم کارە پەیوەندی بە پەرتووکەکەوە هەیە.

زۆر زۆر نهێنی (ل ٤٠٧)

سلێمانی

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٨/٦/٢٦.

(SECTION I. IRAQ)

سیاسەتی ناوخۆ

ناسیۆنالیزمی کورد

١٥٩. ڕاپۆرتێکی متمانەپێکراو، بەڵام پشتڕاست نەکراو، باس لەوە دەکات کە لە ١ی حوزەیرانی ١٩٣٨، کاربەدەستانی پۆلیس یاداشتنامەیەکی (واژوو نەکرا)یان دۆزیوەتەوە کە لەبەر دەرگای سەرای لەیلان (Serai in Leilan) هەڵواسرابوو؛ و تێیدا نووسرا بوو کە ئەگەر بێت و حکومەتی عێراق سەربەخۆیی بۆ کوردستان دابین نەکات، بە زەبری چەک سەربەخۆیی وەردەگیرێت. لەمبارەوە شێخ نەجیب و چوار گوندنشینی لەیلان دەستگیرکراون و دواتر بە کەفیل ئازادکراون و نزیکەی ١٥ پۆلیس دەستیان بە ئەنجامدانی گەشتێک لە ناوچەکانی داودە، تاڵەبانی، کاکەیی، شوان و شێخ بزێنی کردووە.

٢. لە ڕێکەوتی ٩ی حوزەیرانی ١٩٣٨، خانووی ڕەفعەت بەگ، دارا بەگ (داودە) و شێخ فەیزوڵا (تاڵەبانی) لەلایەن پۆلیسەوە پشکێنران. دەگۆترێت کە کۆمەڵێک نامە لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد، لە ماڵی دارا بەگدا دۆزراونەتەوە.

زۆر زۆر نهێنی (ل ٤٠٨)

لەلایەن: ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی، مووسڵ.

بـۆ: بەشـی هەواڵگریـی ئاسـمانی، بـارەگای هێـزی ئاسـمانی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە عێـراق، حەبانیـە.

ڕێکەوت: ٢١ی جولای ١٩٣٨

ژمارەی ژێدەر: ژمارە ١٤٢.

(SECTION. I. Iraq)

**سیاسەتی ناوخۆ، ناسیۆنالیزمی کورد**

ئەمـــەی خـــوارەوە پوختەیەکـــە لـــە گفتوگـــۆی ئاکادیمـــی لـــە نێـــوان مـــن و موتەســـەڕیفی هەولێـــر لەســـەر بابەتـــی ســـەرەوە [واتـــە لەســـەر ناســـیۆنالیزمی کـــورد]. موتەســـەڕیف پیاوێکـــی کـــورد و لایەنگـــری بەریتانیایـــە. بـــە ڕاشـــکاوانە، بـــاس لـــە بۆچوونەکانـــی خـــۆی دەکات، بـــە هـــۆی خۆپاراســـتنەکەی (precautions) [لـــەم گفتوگۆیـــەدا]، بۆیـــە گفتوگۆکـــە شـــایانی ســـەرنجدانە، نـــەک بەهـــۆی ئـــەو ڕوانگەیـــەی لـــە گفتوگۆکـــەدا خرایـــەڕوو، بەڵکـــو بـــە هـــۆی ئـــەو ئامادەگـــی و دڵنیاییـــەی لـــە خســـتنەڕووی ئـــەم بۆچوونانـــەدا لـــە ئارادابـــوو، زۆریـــش تیشـــک خرایـــە ســـەر بابەتـــی [ناســـیۆنالیزمی کـــورد] و ئـــەو گفتوگۆیـــەی لەمبـــارەوە لـــە ڕابـــردوودا لەگـــەڵ هاوڕێکانـــی ئەنجامیـــداوە.

تـــا ئەوکاتـــەی بەریتانیـــا و تورکیـــا بـــە دۆســـتی یەکـــتر بمێننـــەوە، ناســـیۆنالیزمی کـــورد پیتێکـــی مـــردووە و دامەزراندنـــی دەوڵەتـــی ســـەربەخۆ لـــە عێراقـــدا ئەســـتەمە، بـــەڵام دەکـــرێ [دۆســـتایەتی] بەریتانیـــا و تورکیـــا نەمێنێـــت و چاوخشـــاندنەوەی بـــە نەخشـــەی [جیهانـــی] ببێتـــە زەرورەتـــی ســـەردەم.

دواتـــر ئـــەو ســـەیری کوردســـتانێکی کـــرد کـــە گشـــت خێڵـــە کوردییەکانـــی تورکیـــا، ئێـــران و عێراقـــی لەخـــۆ گرتـــووە. ئـــەم دەوڵەتـــە کـــە دوژمنایەتـــی لەگـــەڵ ســـێ نەتـــەوەدا، هەیـــە پێویســـتی بـــە پشـــتیوانی زلهێزێکـــە، بـــۆ نموونـــە بەریتانیـــا. ئـــەم دەوڵەتـــە

پێویستی بە پشتیوانی سەربازی نییە، بەڵکو تەنیا پێویستی بەو جۆرە هاوکارییە هەیە کە [بەریتانیا] بە عێراقی بەخشی و ئەم پشتیوانییە ڕێگر بوو لە کەوتنی عێراق وەک نێچیرێک بەدەست وڵاتانیتردا. لەو بڕوایەدا بوو کوردستانی نوێ بە هاوکاری سەرمایە و ڕاوێژکاری دەرەکی، بە ڕادەی پێویست هێزی ئابوری هەیە کە پشت بە خۆی ببەستێت.

دەوڵەتی نوێ هەریەک لە لیواکانی سلێمانی، هەولێر، بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە لە لیوای مووسڵ، لیوای کەرکووک پێک دێت و بە چیای حەمرین دەورە دەدرێت.

ئەو خێڵە کوردییانەی لە دەرەوەی لیوای مووسڵدان، بەو خێڵە عەرەبانەی لە لیوای کەرکووک و هەولێردا دەژین، جێگۆڕکێیان پێ دەکرێ. لە هەمانکاتدا هەموو کورد دەتوانن مەشق و ڕاهێنان بکەن بۆئەوەی ئامادە بکرێن تا ئەرکی خۆیان لە دەوڵەتی نوێدا لە ئەستۆ بگرن. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو دەرفەتەی ئێستا پێشکەش بە فەرمانبەرانی کورد کراوە وەک پێویست نییە.

واژوو: [ناوی واژووکار ناخوێندرێتەوە].

F/Lieutenant

Air Liaison Officer, Mosul

ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٤٠٩)

٣٨٧.ڕاپۆرتــەکان بــاس لــەوە دەکــەن لەوکاتــەی ژمــارەی ســەربازانی ســوپا کــە لــە کەرکووکـەوە دەربـاز دەبـن بـۆ ئۆپەراسـیۆنەکەی پشـدەر زیادیکـردووە، ئەنجوومەنـی کــورد هەڕەشــەی دەکــرد لــە پشــدەر دادەمەزرێــت، ئــەم شــوێنەی چۆڵکــردووە؛ چونکـە خەڵـک لـەوە دەترسـن شـەڕ ڕووبـدات. مـەلا قـادر، بەڕێوەبـەری ئەوقـاف، (بـۆ نموونـە) بـڕی ٣٠ تـا ٥٠ دینـاری عێراقـی وەرگرتـووە، بۆیـە ئـەو چێـتر لایەنگـری لـە وروژاندنـی ناسیۆنالیسـتی نـاکات.

٢. ڕاپـۆرت هاتـووە کـە لـە ڕێکەوتـی ٢٦ی ئەیلـوول ١٩٣٨، ماڵـێ شـێخ حەسـەن س/و شـێخ حسـێنی سـەربیری (خێڵـی سـاڵحی) لەلایـەن پۆلیسـەوە پشـکنراوە و چەنـد یاداشـتێک دۆزراونەتـەوە کـە ڕێکەوتیـان بـۆ دوو مانـگ لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە؛ یەکێــک لــە نامــەکان لەلایــەن شــێخ حەبیــب (ســەرۆک شــارەوانی کەرکــووک) و یەکێکیشــیان لەلایــەن مــەلا قــادرەوە هاتــووە. یاداشــتی یەکــەم داوای لــە شــێخ حەســەن کــردووە بێتــە نــاو ئەنجوومەنــی [ناسیۆنالیســتی کــوردەکان]، یاداشــتی دووەمیـش ئاگادارکردووتـەوە کـە نەچێتـە پـاڵ ئـەم ئەنجوومەنـە. دەگوترێـت مـەلا قـادر بەڵێنـی بـە شـێخ حەسـەن داوە کـە پاداشـت دەکرێـت، ئەگـەر هـەوڵ بـدات کۆتایــی بــەم ئەنجوومەنــە بێنێــت.

ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٤١٠)

٤٦١. لەلایەن ژمارەیەک گەنجی سەرخۆش لە سلێمانی بۆ مردنی مستەفا کەمال ئەتاتورک ئاهەنگ گێڕدراوە و نەفرەتیان لەو سەرۆکە دەکرد، چونکە کوردەکانی تورکیای سەرکوت کردووە.

٢. لە دەوروبەری ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٣٨، عەلی کەمال بۆ ماوەی دوو شەو لە سلێمانی مایەوە و گفتوگۆی لەگەڵ ئەحمەد تەقی، نوێنەری عەباسی مەحمود ئاغا (پشدەر) ئەنجامداوە. ئەم کەسە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لە سلێمانی ماوەتەوە. لەوانەیە ئەم مانەوەیە هیچ ئەنجامێکی نەبووبێت.

ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٤١١)

٥٦٠. ڕاپۆرتێک باس لەوە دەکات، موتەســـەڕیفی کەرکووک بیســـتوویەتی ئەو کەســـانەی خـــوارەوە لـــە ســـەرەتای مانگـــی کانوونی یەکەمـــەوە چوونەتـــە نـــاو بزوتنەوەی ناســـیۆنالیزمی کورد:

عەبدوڵرەحمان (مامۆستای قوتابخانە).

جەلال (مامۆستای قوتابخانە لە گەڕەکی قۆریە).

عەبدولقادر (مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی).

عەبدولڕەحمان (ژمێریاری شارەوانی).

موتەسەڕیف بانگێشـــتی ئەو کەســـانەی کردووە. موتەســـەڕیف لەگەڵیاندا گفتوگۆی کردووە و دواتـــر لێی گەڕاون بڕۆن. دەنگـــۆی ئەوە هەیە موتەســـەڕیف نووسراوێکی بۆ بەغدا بەرزکردووتەوە و داوای گواســـتنەوەیانی بۆ باشـــووری عێراق کردووە.

٢. ڕاپۆرتێـــک لـــە ســـەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە، بـــاس لەوە دەکات کـــورد بە تایبەتی چەتەکانی ڕێگا و [خێڵی] پشـــدەر، تـــا هاتنی وەرزی بەهار هیـــچ هەنگاوێکی گرنگ ناگرنەبـــەر. ئەگەر تـــا ئەوکاتە کابینەی نـــوێ هیچ کارێکی بـــۆ کەمکردنەوەی گلەیی و گازنـــدەی کـــورد نەگرتەبەر، ئـــەوان هـــەوڵ دەدەن بزوتنەوەیەکـــی هەمەلایەن پێکبهێنـــن تا فەرمانبـــەرە بیانییەکان لـــە وڵاتەکەیانـــدا [واتە لە کوردســـتان] بکەنە دەرەوە. ئـــەم پلانە تا ئێســـتا لە قۆناغـــی [بیرۆکە]دایە.

ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٤١٢)

٧٤. ڕاپۆرتێکـــی پشتڕاســـت نەکـــراو بـــاس لـــەوە دەکات [خێڵـــی] پشـــدەر و تاڵەبانـــی، ئێســـتا لـــە ڕێگـــەی شـــێخ قـــادری سیامەنســـورەوە کـــە لـــە بەندیخانـــە ئازادکـــراوە، هاوپەیمانییەکیـــان پێکهێنـــاوە. هەروەهـــا دەنگـــۆی ئـــەوە هەیـــە هـــەوڵ دەدەن دۆســـتایەتی لەگـــەڵ [خێڵـــی] دزەیـــی پێکبێنـــن. لەمبـــارەوە پێویســـتە ئامـــاژە بـــەوە بکەیـــن کـــە حوســـەینی مـــەلا لـــە خێڵـــی دزەیـــی لـــە ژێـــر دەســـەڵاتی ڕەشـــید عالـــی گەیلانیدایـــە و هـــەوڵ دەدات بـــە نوێنەرایەتـــی ئـــەو، خێڵەکانـــی هەولێـــر ڕاپەڕێنێـــت، ئەوکاتـــەی لـــە ســـاڵی ١٩٢٦دا، یاخیبوونـــی ناوچـــەی ناوەڕاســـتی فـــوڕات ڕوویـــدا.

شـــایانی ئامـــاژە پێدانـــە بـــە ڕووخانـــی کابینـــەی ڕابـــردوو لـــە مانگـــی کانوونـــی یەکەمـــدا، هـــەروەک لـــە ڕاپۆرتەکـــەم بـــە زنجیـــرە ژمـــارەی (٣٨/٥٥٧(٢)) ئامـــاژەم پێـــداوە، بـــە ئاڕاســـتەی لیـــوای هەولێـــر چالاکـــی نهێنـــی ئەنجـــام دەدرێـــت. وادیـــارە خێڵەکانـــی دەوروبـــەری [هەولێـــر] لـــە بـــوون بـــە هاوپەیمانـــی [خێڵـــی] پشـــدەر بەگومانـــن، چونکـــە لـــەوە دەترســـێن لـــە کۆتاییـــدا لەلایـــەن ئـــەم خێڵـــەوە قـــووت بدرێـــن.

ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٤١٣)

١٦٤. لـــە ســـەرچاوەیەکەوە ڕاپـــۆرت هاتـــووە، لەوانەیـــە ســـەرچاوەکە جێگـــەی متمانەپێکـردن بێـت کـە لـە دەوروبـەری ٤ی ئـاداری ١٩٣٩، عەباسـی مەحمـود ئاغـا (پشــدەر) لەلایــەن ســەعید عەتــا و حەمــە ڕەشــیدخانی بانــە، لــە هــەر یەکێکیــان یاداشـــتێکی بەدەســـت گەیشـــتووە. لـــە یاداشـــتێکەدا ئاماژەیـــان بـــەوە کـــردوە حاڵیحــازر چەتەگــەری ناکــەن و چاوەڕوانــی ڕێنمایــی برادەرەکانیانــن لــە ســلێمانی، بــەڵام ئەگــەر [خێڵــی] پشــدەر بــە نیــازی ئەنجامدانــی ئۆپەراســیۆن بێــت، ئــەوان ئامـادەن یارمەتیـان بـدەن بـە دەسـپێکردنی [ڕاپەڕیـن] لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا. لـە ڕێکەوتـی ٨ی ئـاداری ١٩٣٩، کۆمەڵێـک ئاغـای تیـرەی عەلـی ئاغـا سـەر بـە خێڵـی پشـدەر لـە ناوچـەی مـاوەت سـەردانی شـێخ جەلالیـان کـرد تـا لەگەڵیـدا لەسـەر ناکۆکــی زەویــوزاری شــارباژێڕ گفتۆگــۆ بکــەن.

هەروەهــا ڕاپۆرتێکــی پشتڕاســت نەکــراو بــاس لــەوە دەکات ئــەوان باســیان لــە پرســی یەکگرتوویـی کوردیـش کـردووە. ڕاپۆرتێکـی پشتڕاسـت نەکراویـتر بـاس لـەوە دەکات، شــێخەکانی بەرزنجــە لــە ئێــران گەڕاونەتــەوە (زنجیــرەی ١٠٧ی خــوارەوە) کۆمەڵــە یاداشـتێکیان بـۆ شـێخ جـەلال هێنـاوە.

ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٤١٤-٤١٦)

١٧٩.بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی [ناسیۆنالیستی کورد] بۆ دەستەبەرکردنی یەکگرتوویی لە نێوان کوردەکاندا، کە [ئەم بزوتنەوەیە] لە وەرزی بەهاری ساڵی ١٩٣٨دا دامەزراو و لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا دووبارە زیندووبووەتەوە، لەم دواییانەدا لەچەندین بۆنەدا باسی لێ کراوە. هەنوکە کۆڵەکەی ڕووداوەکەی "شەشی ئەیلوول" دووبارە بەهێز بووەتەوە و بە کۆڵەکەیەکیتر، واتە ڕەفتاری خیانەتکارانەی کابینەی ڕابردوو بەرانبەر کوردەکاندا پەردەپۆشکراوە. ئامانجی ئێستای گروپە کوردییە ناسیۆنالیستەکان لە گشت ناوەندەکاندا بریتییە لە وروژاندنی بەرژەوەندی کورد لە ڕێگەی خستنەڕووی بەرەیەکی یەکگرتوو بەرانبەر فەرمانڕەواکانی عەرەبدا؛ ئەویش هەر کاتێک نادادپەروەریی، سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافی [کوردەکان] لە ئارادا بێت. کۆمەڵێک ئەندامی گروپی سلێمانی کە پەیوەندی بەهێزتریان لەگەڵ فەرمانڕەوایی بێگانەکاندا هەیە، لەوانەیە لە تەنیا بەدەستهێنانی مافەکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ئامانجیان پتر بێت و پێیانوایە ئۆتۆنۆمی ناوخۆ یاخود جیابوونەوەی یەکجارەکی لە عێراق تەنیا چارەسەری نەهامەتیەکانیانە.

١. زۆربەی فەرمانبەرە کوردەکان، سەرۆک خێڵەکان و کەسانی دی بە چالاکانە و ناچالاکانە لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەدا کار دەکەن. ئەندامانی نوێ بە سوێند خواردن بۆ بەوەفا مانەوە بۆ پرسی [کورد] دێنە ناو بزوتنەوەکە. ئەوان هیوادارن "دەستە"یێکی تایبەتیان هەبێت کە هاوشێوەی دەستەی عەرەبەکان و دەستەی ئیسلام و کۆمەڵگاکانیتر بێت.

٢. لەم دواییانەدا یەکێک لە ئەندامەکانی گروپی سلێمانی، ئەفسەرێکی خانەنشینکراو بەناوی ئیسماعیل حەقی شاوێس، هەوڵیدا بابەتی بەنادایەروەری [ڕەفتارکردن لەگەڵ] کوردەکاندا بخاتە بەردەم سکرتێری ڕۆژهەڵاتناسی لە باڵیوزخانەی بەریتانیا، بەڵام یەکسەر لە نووسینگەکەی وەدەریخست و پێی ڕاگەیاند حکومەتی بەریتانیا بۆ ماوەی ١٧ ساڵیتر ڕێککەوتننامەی لەگەڵ عێراقدا هەیە، تا ئەوکات هیچ شتێک گۆڕانکاریی بەسەردا نایێت. دواتر کورد بیریان لەوە کردەوە کە شاندێکی پێکهاتوو

لـە چەندیـن کـەس بـۆ لای باڵیـۆزی بەریتانیـا بنێـرن. کەسـانی دی گووتیـان بەریتانیـا هیـچ کارێکیـان بـۆ نـاکات و دەبـێ خۆیـان لـە هەندێـك وڵاتیتر نزیـک بکەنـەوە. گروپی سـلێمانی بیـری لـە نزیـک بوونـەوە لـە ئێـران کـردەوە. لـە کاتێـکدا گروپـی کەرکـووک وا بیـر دەکـردەوە باشـترە لـە تورکیـا نزیـک ببنـەوە و داوای یارمەتـی لێبکـەن، چونکـە دەنگـۆی ئـەوە هەبـوو، گوایـە عیسـمەت پاشـا کوردێکـی خەڵکـی دیاربەکـرە و بـەراورد لەگـەڵ کەسـەکەی پێـش خـۆی، واتـە مسـتەفا کەمـال، ڕەفتارێکـی کەمـتر سـتەمکارانەی بەرانبـەر کوردەکانـدا هەیـە. بەهەرحـاڵ سیاسـەتی ئـەم بزوتنەوەیـە حاڵیحـازر بریتییـە لـە بـێ دەنـگ بـوون و چاودێریکردنـی ڕووداوەکان. هەمـوو هیـواکان لەسـەر ڕوودانـی جەنگێکـی گەورەیـە لە داهاتوودا و هێنانـەدی ڕزگاربوونیانە، چ لـە ڕێگەی ناوەندگیریی بەریتانیـاوە بێـت، یاخـود لـە ڕێگـەی ئامرازیـترەوە.

٣. بــە کورتــی ئــەم بزوتنەوەیــە بــۆ هێنانــەدی یەکگرتوویــی کــورد، بەهــۆی خــراپ-مامەڵەکردنــی عەرەبــەکان لەگــەڵ کــورد، بزوتنەوەیەکــی بەرگریــکارە و زۆرتــر وەک بزوتنەوەیەکـی دژە عـەرەب دێتـە بـەر چـاو، نـەک بزوتنەوەیەکـی لایەنگـری کـورد (pro-Kurdish)، چونکــە هــەر کاتێــک تارمایــی ســتەمکاریی عــەرەب بەســەر کوردەکانــدا بوونــی نەمــا، بێگومــان درز دەکەوێتــە نــاو گروپــە کوردییــەکان.

٤. ""ئامـاژە بـە [ڕاپۆرتەکـەم] بـە زنجیـرە ژمـارەی (٢)١٣٣، بـە پێـی کۆمەڵێـک ڕاپۆرتیـتری پشتڕاســت نەکــراو، وادیــارە گروپــی کــوردەکان لــە ناوچــەی کەرکــووک کۆمەڵێــک لایەنگـری کۆنـی بەکـر سـدقی لەخـۆ گرتـووە و بـە دوای دەرفەتێکـدا دەگەڕێـن تـا لـە دژی سـەرۆک وەزیرانـی ئێسـتا هەڵویسـت وەرگـرن. لـەم دواییانـەدا مەزبەتەیـەک لەلایـەن ئـەم گروپـەوە نـووسراوە و خراوەتـە بـەردەم مەلیـک [فەیسـەڵ] و تێیـدا ڕەخنـە لـە نـوری سـەعید دەگـرن کـە بەڵێنـی بـە بەریتانیـاداوە ٥٠،٠٠٠ سـەربازیان بـۆ ئامـادە بـکات ئەگـەر پێویسـتیان پێبـوو. ئـەوان گووتیانـە نایانەوێـت لەگـەڵ بەریتانیـا بچنـە نـاو هیـچ کارێـک. دەگۆترێـت ئـەو کەسـانەی ئـەو مەزبەتەیـان واژووکــردووە (ســەرەڕای ئــەو کەســانەی کــە لــە ڕاپۆرتەکــەم بــە زنجیــرە ژمــارەی (٢)١٣٣ ئامــاژەم پێکردبــوون) بریتیــن لــە:

حەمە سەعید بەگ ساڵحی (خزمی بەکر سدقی).

شێخ فایق بناوە.

دارای عەلی بەگ.

عەزیز سەدیقزادە (Cediqzade)، کەرکووکلی.

دواتـر ئـەوان لـە ناردنـی مەزبەتەکـە پەشـیمان بوونەتـەوە، چونکـە نەیانتوانیـوە [خێڵەکانـی] هەمەوەنـد، شـوان و شـێخ بزێنـی ڕازی بکـەن. دەگوترێـت شـێخ قـادر سیامەنسـور و قـادر حوسـەین ئاغـا نەفتچیـزادە، هەردووکیـان سـیخوڕی شەخسـی بەکـر سـدقی بـوون و بەکـر سـدقی ئـەو دوو کەسـەی کـردووە بـە ئەندامـی [پەرلەمـان].

٥. ڕاپـۆرت هاتـووە لـەم دواییانـەدا چیرۆکێکـی شەیتانی-ئاسـا، لـە ڕادیـۆی شەخسـی مەلیـک غـازی بڵاوبووەتـەوە کـە بـاس لـەوە دەکات چـۆن سـنورەکانی عێـراق لەلایـەن هێزێکـی بێگانـەوە هەڕەشـەی لەسـەرە. بۆیـە سـوپای عێـراق بەمەبەسـتی بەرگریکـردن لـە سـنورەکان، بـەرەو سـنورەکان جـوڵاوە. لـە ڕێگاکەیاندا سـوپا لـە هەندێك چیـا دەرباز بوونـە کـە نەژادێـک لـە خەڵـک تێـدا دەژین کـە عـەرەب نیـن و زمانەکەیان پیتـی "زاد" (dhad)ی تێـدا نییـە. ئـەم خەڵکـە بەنیـاز بوونـە ڕێگـری لە سـوپای بوێری عێـراق بکەن، بـەڵام سـوپای عێـراق ئەوانـی تێکشـکاندووە و بـەرەو پێشـەوە پێشـڕەوی کـردووە و لـە نـاو خاکـی دوژمنـدا، گورزێکـی لـە دوژمـن وەشـاندووە. دواتر لـە گەڕانەوەیاندا سـوپای بوێـری عێـراق دووبـارە تووشـی ئـەم خەڵکـە بووەتـەوە کـە پیتـی "زاد"یـان نییە. سـوپا، ئـەم خەڵکـەی گەمـارۆ داوە و گشـتیانی لـە نـاو بـردووە.
جێگەی سەرسوڕمان نییە کوردی عێراق ڕێزێکی ئەوتۆ بۆ پاشای عێراق دانانێن.

٦. ڕاپۆرتێـک بـاس لـەوە دەکات لـە سـەرەتای مانگـی ئـادار، موتەسـەڕیفی کەرکـووک بـە وەکالـەت، بـە نهێنـی لێکۆڵینـەوەی لەبـارەی فەرمانبەرانـی کـورد لـە قـەزا و ناحیەکانـی ئـەم لیوایـەدا کـردووە بـە مەبەسـتی زانینـی ئـەوەی ئایـا ئـەوان لـە بزوتنـەوەی کـورددا بەشـدارن یـان نـا. دەنگـۆی ئـەوە هەیـە وەزارەتـی ناوخـۆ فەرمانـی پێکـردووە ئـەو کارە بـکات.

زۆر زۆر نهێنی (ل ٤١٧-٤١٨)

سلێمانی

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٨/٦/٢٦.

(SECTION I. IRAQ)

سیاسەتی ناوخۆ

ئیدارەی سلێمانی (Sulemani Administration)

٢١٥. حاڵیحازر خەڵک زۆر لە موتەسەڕیفی سلێمانی ڕازییە و ئەو کەسێکی جەماوەرییە. مەلا سەدیق، کە دادوەرە، لەلایەن خەڵکەوە بە ڕاستگۆیی و بێلایەنی ناسراوە، هەروەها فەرماندەی پۆلیس ناوبەنگی بەکارهێنانی توندوتیژی و ئەنجامدانی خراپەکاری نییە. بۆیە هەست دەکرێت ئاسایش لەم لیوایەدا بەرقەرارە کە لەسەردەمی ئیدارەی پێشتردا ئەم ئاسایشە بوونی نەبوو. ئەنجوومەنی ناسیۆنالیستی کورد، کە دەگوترێت ٩٠٪ی خەڵکی خوێندەواری لەخۆگرتووە، واتە نزیکەی گشت فەرمانبەرەکان، پۆلیس و سوپا، لەسەر ئەم بنەمایە کار دەکەن کە دیپلۆماسی دەتوانێت دەستکەوتی هەبێت، بەڵام هێز ناتوانێت ئەم دەستکەوتەی هەبێت. هیواداریـن ئەم دۆخە بەردەوامی هەبێت، بەڵام دەبێ چاوەڕوان بین ئایا دیپلۆماسی لە عێراقدا دەستکەوتی دەبێت.

٢. ڕاپۆرتێک لە سەرچاوەیەکی باوڕپێکراوەوە باس لەوە دەکات کە کوڕی کوێخا مەجیدی شانیشین (Shanishiyn)، لە ڕێکەوتی ٨ی نیسانی ١٩٣٩ سەردانی سلێمانی کردووە و داواکارییەکی خستووتە بەردەم دادوەر و باشچاوەشی (Bashchaosh) پۆلیس، سەید ساقی (Sa"id Saqiy) و مفەوز تۆفیقە ڕەش (Towfiqh Rash) بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە باوکیان داوە، ئەمەش بووەتە هۆی مردنی باوکی. هەروەها دکتۆر مەلیک، کە سەرۆکی پزیشکانە لە سلێمانی، بەوە تاوانبار دەکات کە فەرمانی داوە دەرزی ژەهراوی لە باوکی بدەن تا بمرێت. ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات دوای خستنەڕووی داواکارییەکە، کوڕەکەی کوێخا مەجید و هاوسەری کوێخا

مەجید بـەرەو بەغـدا بەڕێکەوتـوون بـۆ بینینـی ڕەشـید عالـی گەیلانـی تـا دڵنیـا بـن کاتێـک داواکارییەکـە گەیشـتە بەغـدا پشـتگوێ نەخرێـت. ئـەم بابەتـە لـە ڕاپۆرتەکـەم بـە زنجیـرە ژمـارەی ۱۰۷ ئامـاژەی پێـدراوە.

٣. خزمەکانـی حەمـە ڕەشـیدخانی وانـە (Waine)، حەمـە ئەمیـن بـەگ (بـرا) و مەجیـد (کـوڕ)، داواکارییەکیـان خسـتووتە بـەردەم موتەسـەڕیف و ئیـدارەی پێشـوو تۆمەتبـاری دەکـەن بـە:

ا  بەهەڵـە زیندانیکردنـی حەمە ڕەشـیدخان کاتێـک بە ئارامی لە سـلێمانی دەژیا و مۆڵەتی هاتوچۆکردنی  هەبوو.

ب بەهەڵە زیندانیکردنی ٢٥ کەسیتر کە خزمی حەمە ڕەشید خان بوون.

ج  پۆلیس کەلوپەلەکانی لە وانە دزیوە و کاریتری [خراپی] ئەنجامداوە.

٤. هاوینـی ڕابـردوو، یەحیاخـان و حەمـە عەلـی بـەگ، سـەرۆک خێڵەکانـی گوڵەباغـی، کـە بـە هاوڕێیەتـی لەگـەڵ ژمارەیـەک پەنابەریـتری گوڵەباغـی لـە ژێـر چاودێرییـەوە بـۆ کفـری نێـردران تـا لـەوێ بژیـن، ئێسـتا لـە سـلێمانین و داواکارییـەک بـۆ بـەردەم موتەسـەڕیف بـەرز دەکەنـەوە و دەڵێـن ئـەوان بـێ هـۆکار و بـە زۆر دەرکـراون و داوا دەکـەن ڕێگەیـان پێبدرێـت بگەڕێنـەوە سـلێمانی. موتەسـەڕیف یاداشـتێکی بـۆ بەغـدا نووسـیوە و داوای کـردووە کـە بەرانبـەر گوڵەباغییـەکان چ ڕێکارێـک بگرێتەبـەر.

٥. هاوسـەری سـەعید عەتـا داواکارییەکـی خسـتووتەڕوو و داوای گەڕانـەوەی ئـەو کاڵانەیـە دەکات کـە وەک بەرتیـل بـە مەجیـد یەعقوبـی و سـەعید عەلـی داوە تـا کاتێـک دەخالەتـی (dakhalat) بـەرز کـردەوە لـە قازانجـی ئـەو بڕیـار بـدەن.

ناسیۆنالیزمی کورد (ل ٤١٩)

٢٣٨. ڕاپـۆرت هاتـووە ئەنجوومەنـی کـورد لـە سـلێمانی، شـێخ "ئەحمـەدی ڕەشـادی"یان بـۆ بەغـدا نـاردووە تـا چـاوی بـە شـێخ مەحمـود بکەوێـت و لێـی بپرسـێت ئایـا بـۆ ڕێگریکـردن لـە قڕکردنـی کوردسـتان پلانـی دیپلۆماسـی بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ حکومـەت بگرنەبـەر، یاخـود پەنـا بـۆ بەکارهێنانـی هێـز ببـەن.

زانراوە بە شێوەی سەرەکی دوو گروپ لە ناو ناسیۆنالسینکاندا هەن: گروپێک بە سەرکردایەتی شێخ جەلال و شێخ لەتیف کە بەباشی دەزانن هێز بەکار بهێنرێت، بەڵام گروپەکەیتر خوازیارن ڕێگەی دیپلۆماسی بگرنەبەر. ئەوان تا ئێستاش لەو بڕوایەدان شاندێک بۆلای باڵیۆزی بەریتانیا [لە بەغدا] بنێرن و داوای لێبکەن لە پێناو پاراستنی کوردەکاندا کارێک بکات.

لاپەڕە ٥

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٨/٥/٢٧.

(SECTION I. IRAQ)

سیاسەتی ناوخۆ

ناسیۆنالیزمی کورد

٣١٢. لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە ڕاپۆرت هاتووە لە ڕێکەوتی ١٦ی ئایاری ١٩٣٩، شێخ جەلال چاوی بە حەمزەی ئاوڵە ئاغا کەوتووە، کە لەلایەن حاجی عەباسی سەلیم ئاغا نێرداوە تا چاوی بە شێخ جەلال بکەوێت، ئەم چاوپێکەوتنە لە نزیک ڕێڕەوی ئەزمەڕ بووە (2E/NW. 30d). ئەو دوو کەسە نەیانتوانیوە [هاوپەیمانێتی] بۆ یەکگرتن لە نێوان خۆیاندا دروست بکەن، چونکە هیچکامیان بڕوای بە ئەویتر نەبووە.

لە هەمانکاتدا عوسـمانی عوسـمان ئاغا، سـەردانی سـلێمانی کردووە. دەگۆترێت بابەکری سـەلیم و عەباسـی مەحمـود ئاغـا، ئـەو کەسـەی نـاردووە تـا چـاوی بـە شـێخەکان بکەوێت. [واتە شـێخ لەتیف و شـێخ جەلال]. عوسـمانی عوسـمان ئاغا لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئایاری ١٩٣٩ گەڕاوەتـەوە پشـدەر و نەیتوانیـوە یەکانگیری لەگەڵ شـێخەکاندا دروسـت بکات.

لاپەڕە ١٥ (ل ٤٢١-٤٢٢)

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٨/٥/٢٧.

(SECTION I. IRAQ)

ئاسایشی ناوخۆ

بزاوتی ئەڵمانیا (German Movement)

٣٢٠. بە ئاماژە بە ڕاپۆرتەکەم بە زنجیرە ژمارەی (٧)٢٩٢، ڕاپۆرتێکی سەربەخۆ باس لەوە دەکات ئەو کەسانەی خوارەوە لە ناوچەی هەمەوەند [لەم جوڵانەوەی سەرەوەدا] بەشدارن:

ئەمینی ڕەشید ئاغا (ڕەمەوەدن).

فەقێ محەمەد (ڕەشەوەند).

مەحمودی فەقێ محەمەد (ڕەشەوەند).

یونسی مەحمودی خزر (سەفرەوەند).

فەتاحی حەمە ڕەزا (سەفرەوەند).

ئەفەندی خزر دەروێش (خێڵی شوان).

٢. ئاماژە بە ڕاپۆرتەکەم بە زنجیرە ژمارەی (١٢)٢٩٢، لە سەرچاوەیەک کە لەوانەیە باوەڕپێکراو بێت، ڕاپۆرتێک هاتووە "حەمەی عەبدوڵڕەحمان"یش ئەو مەزبەتەیەی مۆر کردووە کە بە باڵیۆزی ئەڵمانیا دراوە.

٣. دوای دەنگۆی بەشداریکردنی [خێڵی] پشدەر لە جوڵانەوەی ئەڵمانیا، ئێستا دەگوترێت لەوانەیە ئەڵمانیا بتوانێت کوردەکان بپارێزێت، بەڵام ئەوان دڵنیانین کە بە هۆی دووری ئەڵمانیاوە، ئایا ئەڵمانیا دەتوانێت هیچ کارێک بکات یان نا. بەهەرحاڵ، ئەگەر بە ڕاستی ئێران لە پاڵ ئەڵمانیادا بێت، لە ڕاستیدا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەڵمانیا [لە ڕووی جوگرافییەوە] لە کورد نزیک ببێتەوە. ئەوان دەڵێن پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەن، بۆ

ماوەی مانگێکیتر چاوەڕوان دەبن تا بزانن لە ئەرزی واقیعدا چی ڕوودەدات. ڕاپۆرتێک باس لەوە دەکات کورد بیر لە ناردنی چوار ئاغا بۆ بەغدا دەکەنەوە تا لەگەڵ باڵیۆزی ئەڵمانیا قسە بکەن. دەگووترێت ئەو کەسانەی دەڕۆن بریتین لە:

قادری مستەفا ئاغا (تیرەی بەگزادە).

ئەحمەدی حاجی ئاغا (تیرەی مەحمود ئاغا).

ئەحمەدی حەمە ئاغا (تیرەی ئەحمەد ئاغا).

لەوانەیە، حاجی عەباسی سەلیم ئاغا.

تـا ئەوکاتـەی بابەتەکـە ڕوون دەبێتـەوە، دەبـێ بـە وریاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم ڕاپۆرتـەدا بکرێــت، چونکــە لەلایــەن حکومــەت و لایەنەکانیــترەوە پڕوپاگەنــدەی دژە-پشــدەری زۆر بڵاودەکرێتــەوە.

٤. ڕاپۆرتێکـی سـەرنج ڕاکێـش بـاس لـەوە دەکات فایـق مفـەوزی یاریـدەدەری پۆلیـس (A. C. P) (بەرپرسـی بەشـی لێکۆڵینـەوەی تاوانـکاری (C. I. D) لقـی سلێمانی) بەردەوامـە لەســەر لێکۆڵینــەوە لەســەر هــەر کەسـێک کــە ســەردانی ئەفســەری پەیوەندیــی ئاســمانی (A. L. O) و لایەنەکانیــتر دەکات. کاتێــک پرســیاری ئــەوەی لێکــرا، بۆچــی وەهــا پەرۆشــە بزانێــت [کــێ ســەرانی ئەفســەری پەیوەندیــی ئاســمانی دەکات]، لــە وەڵامــدا گوتوویەتــی شــتێکی گونجــاو نییــە، بەریتانیــا هــەر شــتێک کــە بــە نهێنــی لــە ناوچەکــەدا ڕوو بــدات، ئــاگاداری بێــت. ڕاپــۆرت هــەن گوایــە برایمــی ئەحمــەد (لایەنگـر لـە سلێمانی) و ڕەمـزی (قائیمەقامـی چەمچەمـاڵ) هەردووکیـان لـە گروپـی ئەڵمانیـدان و هـەر دووکیـان پەیوەنـدی نزیکیـان لەگـەڵ فایقـدا هەیـە.

٥. ڕاپۆرتێــک لــە ســەرچاوەیەکی متمانەپێکــراو بــاس لــەوە دەکات کــە لــە مــاوەی سـەردانەکەی شـێخ لەتیـف بـۆ بەغـدا، ڕەئـوف و بابـا عەلـی وەهـا فریـودرا بـوون کـە بـبن بـە ئەندامـی ئـەم جوڵانەوەیـە و کار بـۆ ئەڵمانیـا بکـەن؛ هەروەهـا بـە لەتیـف گوتــرا بــوو بــۆ گەڕاندنــەوەی شــەڕەفی خێزانەکــەی، هیــچ کاتێــک هیــچ قســەیەک لەمبــارەوە بــە کــەس نەڵێــت.

٦. ڕاپۆرتێکی متمانەپێکراو باس لەوە دەکات، شێخ کەریمی ئاودالان (Awdalan) (لە نەخشەدا بە سەدالان (Sedalan) لە ئاڕاستەی (2E/NW.12c) نیشاندراوە)، س/و شێخ حسامەدین (نەقشبەندی)، ئەندامی گروپی ئەڵمانییە. ڕاپۆرتێک کە دەگوترێت جێگەی متمانەپێکردنە، باس لەوە دەکات کەریم بەگی کەلار (جاف) ئەندامی ئەو گروپەیە.

٧. فەرەج عەمارە لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ١٩٣٠، (لە دوای جێهێشتنی مووسڵ) تا ئێستا لە سلێمانی ماوەتەوە. لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئایاری ١٩٣٠، شێخ قادر خوانێکی نانی نیوەڕۆی ئامادەکرد و ژمارەیەکی زۆری خەڵک هاتبوون. فەرج عمارە، عەلی کوردی (ئەم کەسە بەڕێوەبەری پێشووی سەنگەسەر نییە)، مولازم فواد، (زڕ برای مەجید مستەفا)، شێخ محەمەدی شێخ سەلام، مولازم شێخ ماروفی شێخ غەریب، شێخ ساڵحی شێخ محەمەد و چەندین کەسیتر، گشتیان لەم خوانەدا ئامادە بوون. تا ئێستا وردەکاری ئەم بۆنەیە لەبەردەست نییە.

٨. لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا پۆلیسی نهێنی لە هەڵەبجە زۆر چالاک بووە و بە پۆشاکی جۆراوجۆرەوە لە گەشتکردن دایە. چەند ڕۆژ لەمەوبەر، محەمەد عەلی، مفەوزی یاریدەدەری پۆلیس (A. C. P)، سەردانی بیارە و تەوێڵەی کرد و لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئایاری ١٩٣٩ گەڕاوەتەوە هەڵەبجە. دەگوترێت بەگزادەکانی جافی ناوچەکە، شێخەکانی ئەبابەیلێ، زۆر خۆشحاڵن بە هاتنی هێزی ئاسمانی بەریتانیا و ئەفسەرانی بەریتانی بە بۆنەی جەژن (whitsun) بۆ خورماڵ و دەڵێن ئەم هاتنە پشتڕاستی ئەو دەنگۆیانەی ئەم دواییە دەکاتەوە کە بەریتانیا گرنگی زۆرتر بە کاروباری عێراق دەدات و بۆی دەرکەوتووە عەرەب خائینن و کورد سەلماندویانە پیاون.

لاپەڕە ١٠ (ل ٤٢٣-٤٢٥)

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٩/٦/٨.

(SECTION I. IRAQ)

ئاسایشی ناوخۆ

بزاوتی ئەڵمانیا (German Movement)

٣٥٣. لە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوەوە ڕاپۆرت هاتووە، بریکارەکانی ئەڵمانیا، ئێستا لە ناو ئەفسەرە گەنجەکانی سوپای عێراق لە کەرکووک چالاکی ئەنجام دەدەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ئاسایی پڕوپاگەندەکردن ئەو ئەفسەرانە بۆلای خۆیاندا کێش بکەن. ئەمەش ڕاستە چونکە ڕاپۆرتی هاوشێوە لەلایەن ئەفسەرەکانی کەمپی ڕاهێنانی سەرچنار، باس لەم جۆرە چالاکییە دەکات. ڕاپۆرتێک کە جێگەی متمانەپێکردنە باس لەوە دەکات ئەو کەسانەی خوارەوە بە بەردەوامی، ئێواران سەردانی سەرچنار دەکەن و هەندێك جار تا نیوەی شەو ناگەڕێنەوە. ڕاپۆرتدەرەکە باس لەوە دەکات، ئەو کەسانە دەچنە سەرچنار تا چاویان بە ئەفسەرانی سوپای عێراق بکەوێت:

عەقید عیزەتی فەتاحی خولە درانیژ (Dranyzh).

تۆفیق قەزاز.

شێخ قادر.

حەمەی عەبدوڵرەحمان ئاغا.

عیزەت بەگ (جاف).

ئیبراهیم ئەحمەد (پارێزەر لە سلێمانی، خوشکەزای ڕەمزی فەتاح، قائیمقامی چەمچەماڵ).

٢. ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ، لێکۆڵەری ئیداریی نوێ لە کەرکووک و سلێمانی، ماوەی ٢ بۆ ٣ هەفتە لە سلێمانی مایەوە و لێکۆڵینەوەی لە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی حکومەتدا ئەنجامدا. بێگومان چاوی بە خەڵکێکی زۆر کەوتووە.

ئاشـکرایە لـە کەیسـی کوردێکـی بەناوبانگـدا، ئەحمـەد بـەگ بـۆ ئـەم کەیسـە نێـردرا و چـای لەگەڵـدا خواردووەتـەوە و باسـی لـەوە کـردەوە کـە ئینگلیـز هـزر لـە هیـچ شـتێک ناکاتـەوە تەنیـا بەرژەوەنـدی و قازانجـی خـۆی نەبێـت، ئەگـەر ئـەوان بـۆ سـەد ساڵیتریش لـە عێراقـدا بمێننـەوە، کـورد لـە هەمـان پێگـەی ئێسـتای خۆیـدا دەمێننـەوە و سـەرکوت دەکرێـن و سـتەمیان لێدەکرێـت. بۆیـە تەنیـا ڕێگەچـارە بـۆ کـورد بریتییـە لـە یەکگرتـن و خـودی خۆیـان کارێـک بـۆ خۆیـان ئەنجـام بـدەن. کاتێـک پرسـیارکراوە، کـورد دەتوانـن چ کارێـک بکـەن، ئەحمـەد بـەگ گوتوویەتـی لـە داهاتـوودا بەردەوامـی بـەم گفتوگۆیـە دەدات.

٣. ڕاپـۆرت هاتـووە حاڵیحـازر ئەمینی ڕەشـید ئاغـا (هەمەوەند) بـووە بە نوێنـەر و لەوانەیە لـە فتنەگێـڕی ئەڵمانییـەکان بێتـە دەرەوە. ئاغاکانیـتری هەمـان خێڵ لەسـەر هەڵبژاردنی ئەمینـی ڕەشـید ئاغـا، ناڕەزایەتییـان دەربڕیـوە. دەگوترێـت ئـەوان لـەلای موتەسـەڕیفی کەرکـووک لەسـەر ئەم بابەتە شـکایەتیان کردووە، موتەسـەڕیف گوتوویەتـی، ئەمە کاری حوسـێن فـەوزی (فەرمانـدەی گشـتی) (chief of general staff) بووە، کە سـەر بەخێڵی هەمەوەنـدە و ئەمینـی ڕەشـیدی بـۆ سـەرۆک وەزیران پێشـنیاز کردووە.

٤. ئـەم چـوار ئاغایـەی هەمەوەنـد لـە کەرکـووک سـەردانی ئەحمـەد بەگـی تۆفیـق بەگیـان کردووە:

یونس مەحمود خزر.

عارف کاکەوڵا.

حەمەد ئەمینی فەقێ قادر.

موشیری حەمەی سلێمان.

٥. لـە سـەرچاوەیەک دەگوترێـت جێگـەی متمانەپێکردنـە ڕاپـۆرت هاتـووە، شـێخ بابـا عەلـی، خاڵێکـی هەیـە بـە نـاوی مەحمـودی ئەمیـن، لـە بەشـی لێکۆڵینـەوەی تاوانـکاری (C. I. D) مفـەوزە. ئـەو کەسـە هـەر بابەتێکـی نهێنـی لەسـەر وڵات کـە لـە (C. I. D) فێـر دەبێـت دەداتـە باباعەلـی.

٦. ڕاپـۆرت هاتـووە، ئەمانـەی خـوارەوە لـە ڕێکەوتـی ٤ی حوزەیرانـی ١٩٣٩، لـە ماڵـی شـێخ قـادر کۆبوونەتـەوە:

عەقید عیزەتی فەتاحی خولە بەڕێزە.

تۆفیق قەزاز.

شێخ محەمەدی خاڵ.

کامل حەسەن.

عەلی پەرتاو (سکرتێری کونسوڵی ئێران).

هەروەها کەسێکیتر کە لە کۆنسوڵخانە کار دەکات.

٧. بیـنراوە ئـەو کەسـانەی خـوارەوە لـە ڕێکەوتـی ٣ی حوزەیرانـی ١٩٣٩، سـەردانی ماڵـی عیـزەت بەگیـان کـردووە:

شێخ قادر.

حەسەنی عەلی بەگ (بەگزادەی جاف کە لە هەڵەبجە دەژیت).

تۆفیق قەزاز.

لـەم سـەردانەدا گفتوگـۆ لەسـەر چەنـد بابەتیکـی تایبـەت کـراوە و تـا نیوەشـەو بـەردەوام بوونـە تـا ئـەو کەسـانە لـەم گروپـەدان لـە گروپەکـە جیـا نەبنـەوە.

٨. مـەلا جەلال (دوکاندارێکی سـلێمانی)، کە چەند مانگ لەمەوبـەر خەزنەداری (treasure-cheast) ئەنجوومەنـی کـورد بـوو، هەرکـەس بەپێی توانای خۆی بـڕە پارەیەکی دادەنا، لە ڕێکەوتـی ٥ی حوزەیرانـی ١٩٣٩، لەگـەڵ یەکتـا بەگ و چەند کەسـێکیتر بەرەو قەلیاسـان (Kaliasan) ڕۆیشـتوونە. لە ڕۆژی دواتر چووەتە عەبدالان (Abdalan) (لەسـەر نەخشـە بـە سـێدۆڵان (Sedolan) نیشـاندراوە کـە دەکەوێتـە هەڵکەوتـەی (2E/NW.13c) شـێخ فەتـاح، شـێخ حسـامەدینی عەبـدالان (ئـەم کەسـە لـە شـێخ حسـامەدینی نەقشـەبەندی جیـاوازە، ئـەو دوو شـێخە لـە ڕاپۆرتەکـەم بـە زنجیـرە ژمـارەی (٦)٣٢٠، بـە هەڵـە ئامـاژە بـە ناویـان دراوە) لـەوێ دەژین. پێشـتر لەلایەن سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکـراوەوە ڕاپۆرت

هاتـووە کە شـێخ فەتـاح ئەندامی گروپـی ئەڵمانییە.

٩. ڕاپـۆرت هاتـووە ئـەو کەسـانەی خـوارەوە لـە هەڵەبجـە بـە نهێنـی پەیوەندییـان لەگـەڵ یەکـتردا هەیە:

محەمەد سەعید قەزاز (قائیمقامی هەڵەبجە).

عیزەت تەلقی (Telghi) (بەڕێوەبەری پێنجوێن، ئێستا نەماوە).

مستەفا ئەفەندی س/و حاجی برایم ئاغا (بەڕێوەبەری ئیستیهلاک).

میرزا مەعریف [ئەم ناوە بە جوانی ناخوێندرێتەوە] (فەرمانبەری داهات).

ئەحمـەدی عەزیـز ئاغـا (فەرمانبـەری ژمێریـار لـە سـلێمانی، ئـەم کەسـە بـە بەردەوامـی و بەنهێنــی ســەردانی هەڵەبجــە دەکات).

١٠. ڕاپۆرتێـک بـاس لـەوە دەکات، ئێرانییـەکان کـورد بـۆ چوونـە نـاو جوڵانـەوەی ئەڵمانـی هـان دەدەن، چونکـە ئێرانییـەکان لەوە دەترسـێن ڕۆژێک لـە ڕۆژان، بەریتانییەکان هانی کوردەکانـی ئێـران بـدەن لە [دژی حکومەتـی] ئێران ڕاپەڕن. بۆیە هـەوڵ دەدەن نەهێڵن بەریتانییـەکان چـاو لـە کـورد ببـڕن و بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکاریـان بهێنـن، چونکـە بـەو شـێوەیە عەرەبـەکان دەتوانـن مامەڵـە لەگـەڵ کوردەکانـی خۆیـان بکەن هـەر وەک چـۆن ئێرانییـەکان دەتوانـن مامەڵـە لەگـەڵ کوردەکانی خۆیـان بکەن.

١١. دکتۆر عەبدوڵا بارسۆم (Barsoom)، سەرۆکی پزیشکانی کەرکووک، بۆ بەغدا گوازراوەتەوە و سەلیم خەیات (مەسیحییەکی مووسڵاوی) لە پۆستەکەی ئەو لە کەرکووک دامەزراوە. سەلیم خەیات لە ئەڵمانیا خوێندویەتی و مەشق و ڕاهێنانی بینیوە و لە سەردەمی شەڕدا لە ئەڵمانیا پزیشکی سەر بە شارەوانی بوو. دەگۆترێت ئەو لە ڕوخسار و ڕەفتاردا بە ئەڵمانییەکان دەچێت و ئینگلیزییەکی باشیش قسە دەکات.

١٢. حەمـەی عەبدوڵڕەحـمان ئاغـا لـە مـاوەی سـەردانەکەی بـۆ بەغـدا، چـل ڕۆژ لـە دوای مردنـی مەلیـک غـازی، بـۆ چەندیـن جـار ئەحمـەد بەگـی تۆفیـق بەگـی بینیـووە. لـە ڕابـردوودا ئـەوان زۆر بـە کەمـی لەگـەڵ یەکـتر قسـەیان دەکـرد.

لاپەڕە ١٦ (ل٤٢٦)

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٩/٦/٣٠.

تێبینی: پێشنیازێک بۆ لەبەرچاوگرتن دەخرێتەڕوو بۆ چۆنیەتی بە جدی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم "گروپە ئەڵمانییە" ئەوەیە ٥٪ی کەسانێک دەستنیشان بکرێت بۆ دژایەتیکردنی ئەو کەسانەی [کە لە گروپی ئەڵمانیدان] و بتوانن چالاکییە خراپکارانەکانیان بسەلمێنرێت، بۆ نموونە [دیارکردنی ئەوکەسانەی] واژوویان لەسەر ئەو مەزبەتەیە کردووە کە خراوەتە بەردەم باڵیۆزی ئەڵمانیا و دوای ئەوە بە پێی یاسای شەڕ، بە تاوانبار هەژمارکران، گورزیان لێبدرێت، هەنگاوی گورز وەشاندنیش دەبێ پێش ئاگادار بوونی خەڵک لە بابەتەکە بهاوێژرێت؛ بەم جۆرەش هیچ دەرفەتێک بۆ ئازادکردنیان نارەخسێت.

٦. ڕاپۆرتێک کە دەکرێت ڕاست بێت، باس لەوە دەکات لە ڕێکەوتی ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٣٩، ماڵی شێخ قادر سیامەنسور، لەلایەن پۆلیسی تاوق (Tawq)وە پشکێنراوە و دەست بەسەر چوار پارچە چەکی بێ مۆڵەت و ٢٠٠ پارچە تەقەمەنی گیراوە و بە خاوەندارێتی ئەو چەکانە تۆمەتبار کراوە.

٧. ڕاپۆرتێک باس لەوە دەکات نوێنەران، دارا بەگ (داودە) و شێخ فایەق (تاڵەبانی)، لە کۆتایی مانگی حوزەیران لە کەرکووک بوونە و ڕۆژانە سەردانی ئەندامانی "پارتی ئەڵمانیا" دەکەن.

٨. ڕاپۆرتێکی دی باس لەوە دەکات کۆمەڵێک لە شێخەکانی سەرگەڵو (پێشتر لەسەر چالاکییەکانی "حەقە" باس لەو شێخانە کرابوو)، لەم دواییانەدا لە کەرکووک سەردانی سەید (Seyid) ئەحمەدی خانەقیان کردووە. دەگۆترێت ئەوان بەنیازن بچنە پاڵ پارتی ئەڵمانی و لەم بارەو داوای ئامۆژگارییان لە سەید ئەحمەد کردووە. دەگوترێت سەید ئامۆژگاری ئەو کەسانەی کردووە لەم کارە دوور بکەونەوە. بەهەر حاڵ، لە ڕاپۆرتەکەم بە زنجیرە ژمارەی (٣)٢٩٢، ئاماژە بەوە دراوە دەگۆترێت کوڕەکەی سەید ئەحمەدی خانەقا ئەندامی ئەم پارتەیە.

لاپەڕە ٧ (ل ٤٢٧-٤٢٨)

ڕاپۆرتی هەواڵگریی بۆ کۆتایی هەفتە، ١٩٣٩/٧/٧.

(SECTION I. IRAQ)

ئاسایشی ناوخۆ

جوڵانەوەی ئەڵمانیا (German Movement)

١. ڕاپۆرتێــک کــە دەکرێــت جێگــەی متمانــە بێــت بــاس لــەوە دەکات، لــە ئێســتادا ئەنجوومەنێـک بوونـی هەیـە کـە پێـی دەڵێـن "حزبی-ئەلنـازی"، ئەندامانـی بریتیـن لـە ٤٠- تـا ٥٠ ئەفسـەری سـوپا، فەرمانبـەری جۆراوجـۆر و ئـەو کەسـانەی پێشـتر ئامـاژە بـە ناویـان دراوە ئەندامـی جوڵانـەوەی ئەڵمانیـن. دەگوترێـت تۆفیـق قـەزاز لـە سـلێمانی بریـکاری ئەڵمانییەکانـە. پێشـتر ڕاپـۆرت درابـوو کـە شـێخ مەحمـود لەگـەڵ کوڕەکانـی واتـە بابـا عەلـی و ڕەئـوف، بـە هـۆی چووەنـە پـاڵ ئـەم حزبـە، دەمەقاڵێیێکـی هەبـووە، دواجـار شـێخ مەحمـود کوڕەکانـی لـە مـاڵ دەرکـردووە.

٢. باڵیـۆزی ئێـران سـەردانی سـلێمانی کـردووە (بڕوانـە ڕاپۆرتـی زنجیـرە ژمـارەی (٢)(٣٧١). لـە ئێوارەیـەک تۆفیـق قـەزاز و شـێخ قـادر بانگێشـتی کونسـوڵگەری ئێـران کـراون و ٢ بـۆ ٣ کاتژمێـر لـەوی ماونەتـەوە.

٣. ئامـاژە بـە پەرەگرافـی ٤٠ی ڕاپۆرتـی سـەرەوە، تایبەتـە بـە کۆبوونەوەکـەی ماڵـی تۆفیـق قـەزاز و پلانـی مۆڵەتـدان بـە کۆمپانیـای ئیتاڵیـا.

٤. عوسـمان فایـەق، لێکۆڵـەری تاپـۆ لـە بەغـدا و بـرای مەجیـدی مسـتەفا، موتەسـەڕیفی عەمـارە، لـە حاڵـی حـازر لـە سـلێمانییە. دەگوترێـت مەبەسـتی لـە هاتـن بـۆ سـلێمانی پەیوەنـدی بـە کێشـەی زەوی و زار لـە گونـدی [نـاوی گوندەکـە ناخوێندرێتـەوە] هەیـە کـە دەکەوێتـە هەڵکەوتـەی جوگرافیایـی (2E/SE.123a). خـودی ئـەو لەگـەڵ شـێخ لەتیـف لـەم گونـدە پشـکیان لـە زەوی و زاردا هەیـە. حەمـەی [ناوەکـە ناخوێندرێتـەوە] لـە گونـدی بەردەشـین. لـە سلێمانی و لـە ماڵـی

فــواد عــارف دەمێنێتــەوە، دەگوترێــت ئــەو هاتــووە عوســمان فایــەق ببینێــت.

٥. لـەم دواییانـەدا گروپێـک لـە ئەفسـەرانی سـوپا و فەرمانبـەران لـە کارەکانیـان لادراون، چونکـە (وەک دەگوترێـت) ئـەوان سـەر بـە حزبـی بەکـر سـدقین. مـولازم فـواد عـارف یەکێـک لـەو کەسـانەیە. هەروەهـا عەقیـد عیزەتـی فەتاحـی خولـە بەڕێـزە کاتێـک لــە ســلێمانی بــوو، یەکێــک لــەم کەســانە بــووە. عیــزەت لــەلای موتەســەڕیفەوە ناڕەزایەتــی دەربڕیــوە کــە لەلایــەن پۆلیســەوە چاودێــری دەکرێــت. عەلــی غالــب بــە تەواوەتــی نکۆڵــی لــەم کارە کــردووە. بەهەرحــاڵ، لەلایــەن فایەقــەوە بــە نهێنــی عیــزەت ئاگادارکراوەتــەوە کــە عەلــی غالــب چاودێــری دەکات.

٦. ئەحمـەد تەقـی، کاتبـی عەباسـی مەحمـود ئاغـا (پشـدەر)، لـەم دواییانـەدا پرسـیاری لـە هاوڕێیـەک کـردووە کـە چ لەبـارەی پارتـی ئەڵمانـی دەزانێـت و پرسـیاری کـردووە وادیــارە ئێــران هاوپەیمانــی ئــەم پارتەیــە. هەروەهــا گوتوویەتــی لــەم دواییانــەدا دووجـار عەلـی ئەسـغەرخان (ئەفسـەری سیاسـی خێڵـەکان لـە سەردەشـت) داوای لــە ئەحمــەد تەقــی کــردووە لــە سەردەشــت ســەردانی بــکات، بــەڵام ئەحمــەد تەقـی داوای لێبوردنـی کـردووە کـە ناتوانێـت سـەردانی بـکات و گوتوویەتـی ئەگـەر ئێـران بـە ڕاسـتی یارمەتـی کـورد دەدات، چـۆن ئێـران ٨٠٠٠ سـەرۆک خێڵـی کـوردی لەســەر خاکــی کوردســتان بــۆ تــاران و شــوێنەکانیتر گواســتووەتەوە.

پەڕی ١ (sheet 1)

پەڕی تێبینییەکان (MINUTE SHEET)

ژێدەر (s.10801/43)

١. ١٩٣٦/٨/١٢

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی (A. L. O) لە بەغدا بە زنجیرە ژمارەی (533 d/d 11/8.)، چالاکی دژی حکومەت لەلایەن کوردەکان لە کەرکووک . (Encl. 1. A.).

٢. ١٩٣٦/٨/٢٥

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی لە سلێمانی بە زنجیرە ژمارەی(187 d/d 23/8.) ، چالاکی سەردانی وەزیرەکانی گەیاندن و ناوخۆ بۆ سلێمانی و ئەو داوکارییانەی خرایە بەردەمیان. (Encl. 2. A.).

٣. ١٩٣٦/٨/٢٦

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی لە مووسڵ بە زنجیرە ژمارەی (328 d/d 22/8)، دوورخستنەوەی سەرنووسەری "ڕۆناکی" و ڕاگرتنی ئەم ڕۆژنامەیە. (Encl. ٣. A.).

٤. ١٩٣٦/٩/٢١

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی لە مووسڵ بە زنجیرە ژمارەی (377 d/d 16/9)، بارودۆخی قەزای زاخۆ. (Encl. 4. A.).

٥. ١٩٣٦/١١/١٦

ڕاپۆرتی سەرۆکی فڕۆکەوانی هێبێرت (Squadron Leader Hebbert)، لەبارەی پەرچەکردارەکانی کورد و ئاشورییەکان بەرانبەر کودەتاکەی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦. (Encl. 5. A.).

٦. ١٩٣٦/١١/١٧

ئاماژە بە نووسراوی (Encl. 5. A.) لەبارەی تاقیکردنەوەی تیۆری (بیرۆکەی) زنجیرە ڕووداوەکان، هەرچەندە سەختە ئەم بیرۆکەیە پەسەند بکرێت.

٧. ١٩٣٦/١١/٢٨

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی لە سلێمانی بە زنجیرە ژمارەی (234 d/d 9.11.36)، لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد. (Encl. ٧. A.).

٨. ١٩٣٦/١٢/٢

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی لە مووسڵ بە زنجیرە ژمارەی (432 d/d 12.11.36)، لەبارەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. (Encl. 8. A.).

١٩٣٦/١٢/٢

یاداشتی (D. O) بۆ ئەفسەری پەیوەندیی ئاسمانی لە مووسڵ کە کۆپیەکی لە (Encl. 5. A.). بۆ ناردووە.

١٩٣٦/١٢/٢. (Encl. 7. A.).

ڕاپۆرتی ئەفسەریی پەیوەندی هەوایی بە زنجیرە ژمارەی (432 d/d 9.11.36) لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد. (Encl. 8. A.).

٩. ١٩٣٦/١٢/٢

ڕاپۆرتی ئەفسەریی پەیوەندی هەوایی بە زنجیرە ژمارەی (432 d/d 12.11.36) لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد. (Encl. 9. A.).

١٠. ١٩٣٦/١٢/٢

یاداشتێک لەلایەن ئەفسەری پەیوەندی هەوایی لە مووسڵ لە وەڵامی (Encl. 7. A.). (Encl. 16. A.).

١١. (S. A. S. O)

"ئاماژە بە یاداشتەکەی بە ژمارە ٦، تکایە (Encl. 9. A) بخوێنەوە کە لەلایەن ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە مووسڵەوە هاتووە و نوێترین ڕاپۆرتە لەسەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. حاڵیحازر ئەم بزوتنەوەیە بە مەترسی هەژمار ناکەم، بەڵام پێشنیاز دەکەم لە نزیکەوە چاودێری بکرێت، بۆیە ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە مووسڵ و

سلێمانیم ئاگادار کردووە کە زۆر بە وردی جاودێری ئەم بزوتنەوەیە بکەن.

٢. گرنگترین سەرکردەکانی [ئەم بزوتنەوەیە] بریتین لە:

ا بەکر سدقی، سەرۆکی گشتی ئەرکانی سوپای عێراق.

**ب** عومەر نازمی یاخود نزمی (Nazhmi) موتەسەڕیفی مووسڵ.

**ج** ئەحمەد تۆفیق، موتەسەڕیفی هەولێر.

ا عەلی کەمال، ئەندام پەرلەمانی پێشووی سلێمانی (١٩٣٦).

(Wing Commander “i)

١٢. ١٩٣٦/١٢/٣

بڕوانە (Encl. 7. A) و (S. A. S. O). ١٩٣٦/١٢/١٤.

١٣. ١٩٣٦/١٢/١٧

یاداشتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە مووسڵ کە هەموارکردنەوەیەکی بۆ (Encl. 9. A.) ناردووە. (Encl. 13. A).

١٤. ٦/١٧/

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە مووسڵ بە زنجیرە ژمارەی (dd 153/37) ١٩٣٧/٦/١٤ کە پەیوەندی بە کارەکانی هاوسەری بەکر سدقیەوە هەیە. ئامادەکاری بۆ یەکگرتنی کورد کاتێک بەکر سدقی داوای کرد. (Encl. 14. A.).

١٥. ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە مووسڵ بە زنجیرە ژمارەی (154/37 dd) ١٩٣٧/٦/١٥، تایبەتە بە ترسی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە پەرەسەندنی دەسترۆیی لایەنی کوردی لە حکومەتی عێراقدا. (Encl. 15. A).

١٦. ١٩٣٧/١٠/٢٠

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ١٩٣٧/١٠/١٤، تایبەتە بە بوژانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی. (Encl. 16. A.).

١٧. ١٩٣٧/١٢/١

ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە مووسـڵ بـە ژمـارەی (271 dd) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٧/١١/٢٦، کاروبـاری بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد. (Encl. 17. A.).

١٨. ١٩٣٧/١٢/٢

تکایـە بڕوانـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە مووسـڵ .(Encl. 17. A.) .(Encl. 18. A.)

١٩. ١٩٣٧/١٢/٢٠

ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سلێمانی بـە زنجیـرە ژمـارەی (161 d/d) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٧/١٢/٩، پەیوەسـتە بـە دەسـتگیرکردنی چەنـد کەسـێك بـە بیانـوی بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدە. (Encl. 19. A.).

٢٠. ١٩٣٨/١/١٢

ڕاپۆرتی ئەفسـەری پەیوەندیی هەوایی لە مووسـڵ بە زنجیـرە ژمارەی (300/37 d/d) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٧/١٢/٢٢، پڕوپاگەنـدەی ناسیۆنالیسـتی کـوردی لـە نـاو کوردەکانـدا بڵاودەبێتەوە. ئەفسـەرانی کوردی سـوپای عێراق بۆ باشـوور گوازراونەتەوە. (Encl. 20. A.).

٢١. ١٩٣٨/٣/٥

ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی بـە زنجیـرە ژمـارەی (29 d/d) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٨/٢/٢٣، کـە وەرگێڕانـیناملکـەی ناسیۆنالیسـتە [کوردەکانـی] بەرزکردووتـەوە. (Encl.21.A.).

٢٢. لەوانەیــە بەڕێــزت پێتخــۆش بێــت ڕاپۆرتــی (Encl. 21. A.) بخوێنیتــەوە کــە پەیوەســتە بــە بارودۆخــی ســلێمانی.

٢٣. ١٩٣٨/٣/٣١

ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە مووسـڵ بـە زنجیـرە ژمـارەی (68 d/d) لــە ڕێکەوتــی ١٩٣٨/٣/٣٠، هەمــزە کوریانکــی ئــازاد کــرا کــە ناسیۆنالیســتییە کار بــۆ ناسیۆنالیسـتی کـوردی دەکات. (Encl. 23. A.).

٢٤. ڕاپۆرتــی ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی بــە زنجیــرە ژمــارەی (47 d/d) لــە ڕێکەوتــی ١٩٣٨/٣/٢٥. لــە ڕێگــەی بڵاوکردنــەوەی چــەک، نائارامــی لــە ناوچــەی ناوەڕاســتی فوڕاتــدا بــڵاو دەکرێتــەوە. نــوری [ســەعید] گەشــتێکی بــۆ ناوچــە کوردییــەکان دەســتپێکردووە. ئەگــەر کــورد یارمەتــی نــوری بــدەن تــا دەگاتــە دەســەڵات، ئــەوا دواکاریــی کــورد لەبەرچاودەگــرێ. (Encl. 24. A.).

٢٥. ١٩٣٨/٤/١

ڕاپۆرتــی ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی بــە زنجیــرە ژمــارەی (49 d/d) لــە ڕێکەوتــی ١٩٣٨/٣/٢٦، شــێخ جــەلال چــاوی بــە ڕاوێــژکاری وەزارەتــی ناوخــۆ کەوتــووە، ڕاوێــژکار تەنیــا هاوخەمــی خــۆی دەربڕیــوە. (Encl. 25. A.).

٢٦. ١٩٣٨/٤/١

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی بە زنجیرە ژمارەی (53 d/d)، لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/٣/٣١، دوو ئەفسەر لە بەتالیۆنی ٥/٢ دەست بەسەرکراون بە تۆمەتی پڕوپاگەندە بڵاوکردنەوە. پۆلیس چاودێری کوردە ناسیۆنالیستەکان دەکات. (Encl. 26. A.).

٢٧. ١٩٣٨/٤/١

ڕاپۆرتــی ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی بــە زنجیــرە ژمــارەی (56 d/d)، لە ڕێکەوتــی ١٩٣٨/٣/٣١، شــێخ جــەلال و شــێخ لەتیــف بــەدوای پشــتگیریی لــە نــاو خێڵــەکان پشــدەردا دەگەڕێــن- داوای یارمەتــی بەریتانیــا دەکرێــت. (Encl. 27. A.).

٢٨. Wing Commander I

تکایــە بڕوانــە پەرەگرافــی ٤ی نــووسراوی (Encl. 26. A.) و (Encl. 27. A.). مــن لــە ڕاپۆرتــی مانگانــەدا ئامــاژەم بــە ناوەڕۆکــی نــووسراوی (Encl. 27. A.) نەکــردووە، بــەڵام پێموایــە پێتــان خــۆش بێــت ئــەو نــووسراوە ببینــن تــا لــە ڕووداوەکان ئــاگادار بــن.

Squardon Leader I. ٢ ١٩٣٨/٤/٢

٢٩. ١٩٣٨/٤/١٩

ڕاپۆرتــی ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی بــە زنجیــرە ژمــارەی (57 d/d)،

لـە ڕێکەوتــی ١٩٣٨/٤/٤. ئامــاژە بــە نــووسراوی (Encl. 27. A.). (Encl. 29. A.).

٣٠. ١٩٣٨/٤/١٩

ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە مووسڵ بە زنجیرە ژمارەی (84 d/d)، لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/٤/١٣، ئەنجوومەنی سیبەر (shodoww society) دامەزراوە. (Encl. 30. A.).

٣١. ١٩٣٨/٤/٢٠ Wing Commander I

تکایــە بڕوانــە نــووسراوی (Encl. 30. A.). کــە داوای زانیــاری لەبــارەی بزوتنــەوەی ناسیۆنالیســتی کــورد دەکات.

٣٢. ١٩٣٨/٥/٢

ڕاپۆرتــی ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی بــە زنجیــرە ژمــارەی (64 d/d)، لــە ڕێکەوتــی ١٩٣٨/٤/٢٠، پۆلیســی نهێنــی بڵاوکراوەتــەوە. شــێخ قــادر سیامەنســور دەســتگیرکراوە و تاوانبــار نــاسراوە. ئەفســەرانی پۆلیــس بەهــۆی خەمســاردییەوە دەســتگیکراون. نائارامــی لــە کوردســتان دەســتی پێکــردووە. سیاســەتمەدارانی بەغــدا لــە بزوتنــەوەی ناسیۆنالیســتی کــورددا بەشــدارن. (Encl. 32. A.).

٣٣. Wing Commander I

تکایە بڕوانە پەرەگرافی ٤ و ٥، لە نووسراوی (Encl. 32. A.).

٣٤. ١٩٣٨/٥/٩

یاداشــتی (O. D) لەلایــەن ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی لەبــارەی بزوتنــەوەی ناســیۆنالیزمی کــورد. (Encl. 34. A.).

٣٥. ١٣٩٨/٥/٩

یاداشــتی (O. D) لەلایــەن ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی لەبــارەی (Encl. 34. A.). (Encl. 35. A.).

٣٦. Wing Commander I

ڕاپۆرتــی ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی لەبــارەی بارودۆخــی ئێســتای [کوردســتان] و دووبــارە زیندووبوونــەوەی بزوتنــەوەی ناسیۆنالیســتی کــورد. بارودۆخەکــە

بــە کورتــی بــەم شــێوەیەی خوارەوەیــە:

**یەکــەم:** باڵــی بەغــدا هــەوڵ دەدات، کابینــەی ئێســتا بڕوخێنێــت. ئــەم باڵــە باڵێکــی سیاســییە و دژی باڵــی ناسیۆنالیســتییە.

**دووەم:** شـێخەکانی سـلێمانی هەوڵـی گەڕانـەوەی شـێخ مەحمـود دەدەن. ئـەم [باڵـە] زۆرتــر باڵێکــی ناسیۆنالیســتییە تــا سیاســی، ئــەوان هیــوادارن هــاوکاری باڵــی بەغــدا دەســتەبەر بکــەن تــا بــەم جــۆرە ئامانجەکانیــان بێننــە دی.

**سـێیەم:** "زانسـتی" یاخـود" بزوتنـەوەی گەنجانـی کـورد"، لـە سەرتاسـەری کوردسـتاندا لقیـان هەیـە. ئـەم باڵـە بـە تەواوەتـی باڵێکـی ناسیۆنالیسـتییە و لـە پێنـاو کوردسـتان و ئیدارەیەکـی کـوردی و پـەروەردە و خوێندنـی باشـتر، هـەوڵ دەدات.

٣. لـەم باسـەی سـەرەوەدا دەردەکـەوێ کـە هاوبەندییەکـی کـەم لـە نێـوان ئـەم سـێ باڵــەدا هەیــە و هێزێکــی هانــدەری زۆری لــە پشــتەوە نییــە و زۆرتــر بیرۆکەیەکــی ئیدیالییــە تــا پراکتیکــی.

Squadron Leader "I" 2

٣٧. یاداشــتەکەتان بــە ژمــارە ٣٦ و نــووسراوی (.Encl. 34. A). بــە بــڕوای مــن ترسـێکی زۆر لــە ڕاپۆرتەکانــی ئەفســەری پەیوەنــدی هەواییــدا دەبینرێــت، بــە بــڕوای مــن ئــەو بزوتنەوەیــەی بــە بزوتنــەوەی ناسیۆنالیســتی کــوردی هەژمــار دەکرێــت هێنــدە ترســناک نییــە کــە ئێمــە تووشــی بێخــەوی بــکات [واتــە لێــی بترســێین]. ئەگــەر ئەفســەری پەیوەنــدی هەوایــی لــە ســلێمانی بــە قســەی مــن بــکات. دەتوانێــت خوێندنەوەیەکــی ئەکادیمیانــەی لەســەر ئــەم بابەتــە لــێ بکەوێتــەوە. ئێمــە دەتوانــن دواتــر لەســەر ئــەم پرســە گفتوگــۆ بکەیــن.

Wing Commander I ١٩٣٨/٥/١١

٣٨. ١٩٣٨/٥/١٦

یاداشــتی (O. D) لەلایــەن ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە ســلێمانی لەبــارەی بزوتنــەوەی ناسـیۆنالیزمی کورد، تا ئێسـتا زانیاری زیاتر لەبەر دەسـت نییـە. (.Encl. 38. A).

٣٩. ١٩٣٨/٥/١٦

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی. ڕاپۆرتی "I" لەلایەن (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/٥/٥ لەبارەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. کۆبوونەوەی شێخ لەتیف لە سلێمانی. (Encl. 39. A.).

٤٠. ١٩٣٨/٥/١٩

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی. ڕاپۆرتی "I" بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/٥/١٢، شێخ جەلال و کەسانی دی هەوڵی هەڵگیرساندنی شۆڕش دەدەن. ئەمەش بە مانای ڕووخاندنی حکومەتی ئێستای عێراق دێت. مستر چاپمەن (Mr. Chapman) لەگەڵ بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد هاوسۆزە. (Encl. 40. A.).

٤١. ١٩٣٨/٥/٢٠

یاداشتی (D. O) بۆ ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی، لەبارەی دامەزراندنی [حزبی تۆلەسەندنەوە" لەلایەن حیکمەت سلێمانەوە. (Encl. 41. A.).

٤٢. ١٩٣٨/٥/٣١

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی. ڕاپۆرتی "I" بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/٥/٢٥ لەبارەی دوایین زانیارییەکان لەسەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. پاشکۆکە باس لە گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناوچەی کەرکووک دەکات. (Encl. 42. A.).

٤٣. ١٩٣٨/٦/٧

یاداشتی (D. O) بۆ ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی، لەبارەی دامەزراندنی "حزبی تۆڵەسەندنەوە". (Encl.43.A.).

٤٤. ١٩٣٨/٦/٨

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی. ڕاپۆرتی "I" بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/٥/٣٠ لەبارەی بڵاوبوونەوەی بزوتنەوەی [ناسیۆنالیزمی] کورد لە ناو سوپادا. (Encl. 44. A.).

٤٥. ١٩٣٨/٦/١٥

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی. ڕاپۆرتـی ”I“ بـۆ (w/e) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٨/٦/٦، پۆلیسـێک پەرتوکێـک دەنووسـێ. (Encl. 45. A.).

٤٦. ١٩٣٨/٦/٢١

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی. ڕاپۆرتی ”I“ بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/٦/١٦، (١٤١)، شێخ عیسا بۆ مووسڵ گوازرایەوە. (Encl. 46. A.).

٤٧. ١٩٣٨/٧/١

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی. ڕاپۆرتـی ”I“ بـۆ (w/e) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٨/٦/٢٦ (١٥٩)- کوردەکانـی لەیـلان هەڕەشـەی ئـەوە دەکـەن لەڕێگـەی بەکارهێنانـی چـەک سـەربەخۆیی بەدەسـتدێنن. فیتنەگێـڕە گومانلێکـراوەکان دەسـتگیر کـراون. (Encl. 47. A.).

٤٨. Wing Commander I

نووسراوی (47. A)، ڕاپۆرتێکە لەسەر:

١. ڕووداوێـک پەیوەنـدی بـە بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـوردەوە هەیـە. لەیـلان دەکەوێتـە ١٣ میلـی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی کەرکـووک، هەروەهـا بـاس لـەوە دەکرێـت شـێخ نەجیـب حـەزی لـە هـەر جـۆرە بزوتنەوەیەکـی کـوردە.

٢. دارا بـەگ سـەرۆک خێڵـی داودەیـە، لەوانەیـە لـە سەرتاسـەری باشـووری کوردسـتاندا دەوڵەمەندتریـن سـەرۆک خێـڵ بێـت. دارا بـەگ زۆر دژە تورکـە، ئەویـش بەهـۆی خـراپ مامەڵەکردنـی تـورک لەگـەڵ هاوسـەری سـێیەمیدا. هەروەهـا لـە مـاوەی یاخیبوونەکـەی سـاڵی ١٩٢٠ وەفـاداری [حکومەتـی عێـراق] ماوەتـەوە. لـە سـاڵی ١٩٢٣دا، لـە سەرتاسـەری لیـوای کەرکـووک دارا بـەگ متمانەپێکراوتریـن سـەرۆک خێـڵ بـوو و لـە هەسـتانەوەی شـێخ مەحمـوددا بەشـدار نەبـوو.

٣. سەرۆکی فڕۆکەوانی، جانسۆن، تا ئێستا هیچ زانیارییەکی لەمبارەوە بەدەست نەگەیشتووە تا ئەم ڕاپۆرتە پشتڕاست بکاتەوە سەرۆکی فرۆکەوانی (Squardon Leader “1”, 2)

٤٩. ١٩٣٨/٧/٢٨

ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەنـدی هەوایـی لـە مووسـڵ بـە زنجیـرە ژمـارەی (142 d/d) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٨/٧/٢١. یاداشـتنامەی [دەسـتەی پەیوەندیـی] هەوایـی هەولێـر لەبـارەی تێڕوانینـی لەسـەر ناسـیۆنالیزمی کـورد. (Encl. 49. A.).

٥٠. ١٩٣٨/٩/٢٩

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەنـدی هەوایـی لـە سـلێمانی لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٨/٩/٢٣. سـەرکوتکردنی بزوتنـەوەی کـورد لـە کەرکـووک. (Encl. 50. A.).

٥١. Wing Commander I

تکایـە بڕوانـە نـووسراوی (Encl. 50. A.) کـە بـە ئاگادارکردنـەوەی کۆمەڵێـک سـەرۆک خێـڵ پەیوەسـتە دەسـت لـە چالاکـی ناسیۆنالیسـتی هەڵگـرن. ئـەو کەسـانەی بـە ڕەنگـی سـوور نـووسراون، پەیوەندیـان بـە بزوتنـەوەی [ناسیۆنالسـیتی کوردەوە] هەیـە.

٢. بـۆ زانیـاری زۆرتـر، نـاوی تـەواوی ئـەو کەسـانەی دەگوترێـت مەیلـی ناسیۆنالیسـتی بەهێزیـان هەیـە لـە نـووسراوی (Encl. 50. A.) ئامـاژە بـە ناوەکەیـان کـراوە.

١٩٣٨/١٠/١ (Squardon Leader “1”, 2)

٥٢. ١٩٣٨/١٠/١

لیسـتی نـاوی سـەرۆک خێڵەکانـی کـورد کـە دەگوترێـت هەسـتی ناسیۆنالیسـتی کوردییـان هەیـە. (Encl. 52. A.).

٥٣. ١٩٣٨/١٠/١٠

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی. ڕاپۆرتی ”I“ بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/١٠/٢ لەبارەی لاوزبوونی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. (Encl. 53. A.).

٥٤. ١٩٣٨/١١/٢٥

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی. ڕاپۆرتی ”I“ بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٨/١١/١٥ (٤٦١) بۆ مردنی مستەفا کەمال [ئاتاتورک] لەلایەن گەنجانی سلێمانییەوە ئاهەنگ گێڕدرا. عەلی کەمال لەگەڵ نوێنەرەکانی پشدەر ڕاوێژی کردووە. (Encl. 54. A.).

۱۹۳۹/۱/۱۱ .٥٥

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی. ڕاپۆرتـی "I" بـۆ (w/e) لـە ڕێکەوتـی ۱۹۳۸/۱۲/۳۰ (٥٦٠)، دەنگـۆی گواسـتنەوەی ناسـیۆنالیزمی کـورد بـۆ باشـووری [عێـراق]. (.Encl. 55. A).

۱۹۳۹/۱/۱۱ .٥٦

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی. ڕاپۆرتی "I" بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ۱۹۳۸/۱۲/۳۰ (٥٦٠)، شێخ عیسا گەڕاوەتەوە کەرکووک . (.Encl. 56. A).

۱۹۳۹/۲/۱٤ .٥٧

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی. ڕاپۆرتـی "I" بـۆ (f/n/e) لـە ڕێکەوتـی ۱۹۳۹/۱/۲٦ (٥٦٠)، سـەرکوتکردنی ئیداریـی بووەتـە هـۆی یەکێتـی نـاو کـورد. (.Encl. 57. A).

۱۹۳۹/۲/۱٤ .٥٨

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی. ڕاپۆرتـی مانگـی حوزەیرانـی ۱۹۳۹ (٥٦) واژووکردنـی یەکێتـی نـاو کـورد. (.Encl. 58. A).

۱۹۳۹/۲/۱٤ .٥٩

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی. ڕاپۆرتـی "I" بـۆ (w/e) لـە ڕێکەوتـی ۱۹۳۹/۲/٤ (٧٤)، هاوپەیمانێتـی [خێڵـی] پشـدەر لەگـەڵ [خێڵـی] تاڵەبانـی. (.Encl. 59. A).

۱۹۳۹/۳/۱٦ .٦٠

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی. ڕاپۆرتـی "I" بـۆ (w/e) لـە ڕێکەوتـی ۱۹۳۹/۳/۹ (۱۳۳)، هەوڵـدان بـۆ زیندووکردنـەوەی بزوتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد. داوای یارمەتـی لـە خێڵـی پشـدەر دەکرێـت. (.Encl. 60. A).

۱۹۳۹/۳/۲۲ ...٦۱ .٦۱

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی. ڕاپۆرتـی "I" بـۆ

(w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٩/٣/١١ (١٦٤)، ڕێگرەکان پێشنیازی هاوکاری بە خێڵی پشدەر دەدەن. (Encl. 61. A.).

٦٢. ١٩٣٩/٤/١١

(W/Cdr.""I"")

لە نووسراوی (Encl. 62. A.) خەسڵەتە گشتییەکانی کێشەی کوردم و ئەو بەرپەرچانەی کە رووبەرووی حکومەتی عێراق دەبنەوە، ئاماژەم پێداوە.

٢. ئەم نووسراوە بۆ ئەو کەسانە بە سوودە کە هیچ ئاشنایی کوردستان نین.

٦٣. I. ٢

نووسراوەکەتانم (Encl. 62. A.) بە تامەزرۆییەوە خوێندەوە و کۆمەڵێک ئاستەنگ بەرانبەر کێشە دەستنیشانکراوەکەدا بوونی هەیە.

١. ئەم نووسراوە بەرز ناکەمەوە، چونکە لەو بڕوایەدام بیرۆکەی بەڕێزت هەڵەیە. لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، تورک پێگەی خۆیان لە ناوچەکانی دوورە دەستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر بنەمای دابەشکردن بە پێی پەرتکە و زاڵ بە (divide et impera) بەڕێوە دەبرد. حکومەتی بەریتانیا هەم لەسەردەمی ئینتیداب و هەمیش لە دوای ئینتیداب سیاسەتێکی تەواو پێچەوانەی سیاسەتەکەی تورکەکانی پەیڕەو کرد. ئێمە هەوڵماندا تا ڕادەیەک دادپەروەرانە گشت نەژاد و ئایینە جیاوازەکان کۆ بکەینەوە، لەم میانەیەدا کورد یەکێک لەم [نەژاد و ئایینە جۆراوجۆر] و دواکەوتووانە بوو.

٢. بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان لە سەردەمی سوانی (Soane)دا، بە خێرایی لەناوچوو. ئێمە خوازیاربووین بەربەستێکی بەهێز لە نێوان عێراق و ئەگەری مەترسیی چوونە ناوەوەی ڕووسیا بۆ ئێران دروست بکەین. لەو سەردەمەدا تورکیا ڕەگەزێکی نەناسراو بوو، تا ئێستاش لەگەڵ ئێمەدا لە دۆخی شەڕدایە. تەنانەت خوێنگەرمترین لایەنگری ناسیۆنالیستی کورد، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕا بوو کە پێش و دوای یاخیبوونەکەی ساڵی ١٩٢٠ کورد نەبوونەتەوە

بەیــەك. کاتێــک بــۆ یەکەمجــار لــە عێراقــدا هەســتی ناسیۆنالیســتی ســەریهەڵداو مەلیــک فەیســەڵ گەیشــتە دەســەڵات، مەلیــک فەیســەڵ گەیشــتە ئــەو ئەنجامــەی ئەگــەر بخوازرێــت عێــراق بمێنێتــەوە، پێویســتە کــورد بخرێنــە پــاڵ ئــەم دەوڵەتــە.

٣. نامەوێــت بڵێــم ناســیۆنالیزمی کــوردی بەرفــراوان نابێــت، لــە ڕاســتیدا بــەرۆژ بوونــی (to-day) شــتەکان لەوانەیــە ئــەم [بزوتنەوەیــە] ببێتــە فاکتەرێکــی کارا لــە کاروبــاری وڵاتــدا، بــەڵام لەلایەکیــترەوە ئــەم بزوتنەوەیــە لــە هیــچ شــوێنێکی سیاســەتی ئێســتای ئێمــەدا بەرانبــەر عێــراق، فەڵەســتین یاخــود هیــچ ولاتێکیــتری عەرەبــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا ناگونجێــت. ئێمــە سپۆنســەری بیرۆکــەی پان-عەرەبیســت دەکەیــن و تــا ئاســتێکی زۆر پشــتمان بــە دۆســتایەتی عــەرەب بەســتووە (لەوانەیــە ئەمــەش عاقڵانــە نەبێــت)، ئێمــە ناتوانیــن حاڵیحــازر بۆچوونــی خۆمــان بگۆڕیــن.

٤. لــەو بڕوایەدانیــم لایەنێکــی دەرەکــی ناڕەزایەتــی کــوردەکان [لەهەمبــەر حکومەتــی عێراقــدا] بــەکار بهێنێــت، چونکــە لــە شــوێنەکانیتر بەســتێنی بەپیتــر بــۆ ئــەم کارە هەیە. لەمــەش زیاتــر، لــەو بڕوایــەدا نیــم ئێــران بەرانبــەر بیرۆکــەی دەوڵەتــی کوردســتانی ســەربەخۆ بێدەنــگ بێــت؛ هەروەهــا لــە ڕوودانــی جەنگــی داهاتــوودا، بێلایەنــی ئێــران بــۆ ئێمــە بایەخێکــی لــە ڕادەبــەدەر زۆری دەبێــت.

٥. نــووسراوی (Encl. 62. A.)، نووسراوێکــی ســەرنجڕاکێش و شــایەنی وتوێژکردنــە، بــەڵام قەناعــەت بــە مــن نایێنێــت.

١٩٣٩/٤/١١

Signed. W/Cdr. Jope-Slade.

Wing Commander “I”

٦٤. ١٩٣٩/٤/٢٤

کورتەیــەک لــە ڕاپۆرتــی ئەفســەری پەیوەندیــی هەوایــی لــە سلێمانی بــۆ (w/e) لــە ڕێکەوتــی ١٩٣٩/٣/٣١ (١٧٩)، چالاکــی کــورد و هەنگاونان بەرەو یەکگرتــن. (.Encl. 64. A).

٦٥. ١٩٣٩/٤/٢٤

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٩/٤/١٥ (٢١٥)، لەبارەی بارودۆخی ئیداری ئێستا لە سلێمانی کە بە شێوەیەکی گشتی جێگەی ڕەزامەندییە. (Encl. 65. A.).

٦٦. ١٩٣٩/٤/٢٥ . W/Cdr. "I"

١. نووسراوی (Encl. ٦٤. A.)، تارادەیەک پشت بە نووسراوی (Encl. 62. A.) دەبەستێت و وەڵامی بەڕێزت بۆ یاداشتی ژمارە ٦٣، تا ڕادەیەکی زۆر وێرانکەر بووە.
٢. وادیارە، عیسمەت پاشا، سەرۆک وەزیرانی تورکیا، پشتگیریی لە کورد دەکات (پەرەگرافی ٢)؛ هەروەها لە شوێنێکتردا جانسۆن پێشنیازی ئەوە دەکات لەوانەیە یێسمەت لە مێشکیدا نیازی دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی هەبێت؛ هەڵبەت بە سپۆنسەری تورکیا. ئەمەش شتێکی سەرنجڕاکێشە.
٣. لە ڕوانگەی سەربازییەوە بە ڕوانین لە پەیماننامەی سەعدئاباد هۆکاری دامەزراندنی ئەو کۆمارە ڕونتر دەبێتەوە؛ کاتێک واژووکارانی ئەم پەیماننامەیە دەست بە دوژمنایەتی یەکتر بکەن، بەمجۆرەش کوردستان پێگەیەکی بێ هاوتایە هەیە کە لە بە لایەکدا شۆڕ ببێتەوە لەلایەکیترەوە تەواوی هێڵەکانی پەیوەندیی[لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا] بپچڕێنێت.
٤. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تورکیا زۆر بە باشی ئەم گەمە سەربازییە دەقۆزێتەوە. لە گشت حاڵەتەکاندا، لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم کارە، کارێکی کاتییە و تەنیا قوارویکردنی گۆمەکەیە و بەکارهێنانی گوشاری سیاسییە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم گوشارە لە زۆر بواردا بەکار دەهێنرێت.

Wing Commander "I" 2

٦٧. ١٩٣٩/٤/٢٦ (G. S. O. 2)

ئایا دەکرێت بەڕێزت تێبینی لەسەر پەرەگرافی ٣ لە یاداشتی ژمارە ٦٦ی سەرەوە بدەیت.

(Squardon Leader "1", 2)

(I.2.) .٦٨

بە مەراقەوە یاداشتەکەی بەڕێزت بە ژمارە ٦٦ و نووسراوی (Encl. 64. A.) و (Encl. 65. A.)م خوێندەوە. تا ئەوکاتەی پەیماننامەی ئەنگلۆ-عێراقی بوونی هەبێت، هیچ مەترسییەک لە زیندووبوونەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئارادا نییە. بڕوانە تێبینی باڵیۆز لە پەرەگرافی ٢ لە بڕگەی (64A). گشت ئەو شتەی ئێمە دەتوانین بیکەین بریتیە لە چاودێریکردن و بێلایەنییەکی کەم لە پێناو [دەستەبەرکردنی] بەرژەوەندییەکانی خۆمان.

١٩٣٩/٥/٨ "Wing Commander "I

١٩٣٩/٥/٩ .٦٩

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٩/٤/٢٦ (٢٣٨) کورد بۆ پاراستنی کوردستان بیر لە دوو ڕێگەچارە دەکاتەوە؛ یان هێز یان دیپلۆماسی. (Encl. 69. A.).

١٩٣٩/٥/٢٢ .٧٠

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی بۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٩/٥/١٤ (٢٩٢)، سەبارەت بە ناسیۆنالسینکانی کورد دەگۆترێت [بۆ چارەسەری] کێشەکەیان داوای یارمەتی لە ئەڵمانیا دەکەن. (Encl. 70. A.).

١٩٣٩/٥/٣٠ .٧١

وادیارە نووسراوی (Encl. 70. A.) ئاماژە بە پەرسەندنی لایەنگری بۆ بزوتنەوەی کورد و پشتگیریی کردن لە جوڵانەوەی ئەڵمانیا دەدات.

٢. (I. B) خستنەرووی ناوی ئەو کەسانەی کە گومان دەکرێت هاوسۆزیان بۆ جوڵانەوەی ئەڵمانیا هەیە.

s/Ld I2

(I. 2) .٧٢

١. نووسراوی (Encl. 70. A.) و یاداشتەکەی بەڕێزت بە ژمارە ٧١. بێگومان هەوڵ هەیە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی [جوڵانەوەی] لایەنگری

کـردن لـە کـورد (pro-Kurdish) ئەویـش لـە ڕێگـەی پـارە و دەسـتڕۆیی ئەڵمانیـا. وەزارەتـی ناوخـۆ لـەم کارە نیگەرانـە، بۆیـە بـە خێرایـی ئەدمۆنـدزی نـاردووە تـا لەمبـارەوە لێکۆڵینـەوە ئەنجـام بـدات. وادیـارە لیواکانـی کەرکـووک و سـلێمانی لـەم کارەدا دەسـتیان هەیـە. هەروەهـا لەوانەیـە ئـاژاوە لـە ناوچـەی پشـدەر سـەرهەڵبدات.

٢. زۆر بـە وردی ڕاپۆرتەکـەی جانسـۆندا بخوێنـەوە؛ بزانە دەتوانی تێیدا بـۆ ڕاپۆرتی پوختەی مانگـی ئایـاری شـتێک بدۆزیتـەوە کـە پشـتی بـە بەڵگـە بەسـتبێ. ئێمـە دەمانەوێـت بزانیـن کـە بـا بـەکام ئاڕاسـتەدا دێـت، بـەڵام مـن نامەوێـت قسـەی هەڵبەسـتراو بـۆ کەسـەکان دروسـت بکەیـت. لەمبـارەوە دەمەوێـت تا نیـوەڕۆی ڕۆژی هەینـی ڕێکەوتی ٢ی حوزەیـران ڕاپۆرتەکـەت بەدەسـتم بـگات تـا لەگـەڵ باڵیـۆز قسـەی لەسـەر بکـەم.

١٩٣٩/٥/٣١ “Wing Commander “I

٧٣. ١٩٣٩/٦/١

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی بـۆ (w/e) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٩/٥/٢٧ (٣١٢) لەبـارەی شکسـتی عوسـمانی عوسـمان لـە بەدەسـتهێنانی یەکگرتـن لەگـەڵ شـێخەکاندا. (Encl. 73. A.).

٧٤. ١٩٣٩/٦/١

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی بـۆ (w/e) لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٩/٥/٢٧ (٣٢٠) لەبـارەی جوڵانـەوەی ئەڵمانـی. .(Encl. 74. A.)

٧٥. ١٩٣٩/٦/١٥

کورتەیـەک لە ڕاپۆرتی ئەفسـەری پەیوەندیی هەوایی لە سـلێمانی بـۆ (w/e) لە ڕێکەوتی ١٩٣٩/٦/٨ (٣٥٣)، بریکارانی جوڵانەوەی ئەڵمانی زۆر چالاک بوونە. (Encl. 75. A.).

٧٦. ١٩٣٩/٦/١٥ (W/C. I.)

نـووسراوی (Encl. 75. A.) دواییـن ڕاپۆرتـە لەبـارەی جوڵانـەوەی ئەڵمانـی لـە سـلێمانی. پێدەچـێ پیلانەکـە لەمـە زیاتـر گەشـە بـکات. ئـەو هاتوچۆیـەی لـە پەرەگرافـی ٣٥٣ ئامـاژەی پێـدراوە، تەنیـا سـەردانکردنێکی ئاسـاییە.

s/Ld.I2

.٧٧

١. نـووسراوی (.Encl. 75. A) تێکـەڵ و پێکەڵکردنێکـی ئاسـایی ناوەکانـە کـە دەگۆترێـت دەسـتیان لـە چالاکـی تێکدەرانـەدا هەیـە، ئەویـش بـێ هیـچ پاڵنەرێکـی ئاشـکرا.
٢. ئەگـەر ئێمـە کۆپیەکـی زیـادە لـەم ڕاپۆرتەمـان هەبێـت، باشـتر بـۆ ویلکینـس (Wilkins) بنێردرێـت، مـن ڕۆژی هەینـی کۆپیەکـە لەگـەڵ خـۆم دەبـەم.
٣. زۆر ئەستەمە بەم ڕاستییە کەمانەی لەبەردەستدایە ڕێکاری بەرپەرچدانەوە هەبێ.
٤. پەرەگرافـی ١٠ لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی ناڕۆنتریـن بەشـی ڕاپۆرتەکەیـە.

١٩٣٩/٦/١٥ “Wing Commander “I

١٩٣٩/٧/١٧ .٧٨

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٩/٦/٣٠ (٣٨٠)، تایبەتـە بـە جوڵانـەوەی ئەڵـمان. (.Encl. 78. A)

١٩٣٩/٧/١٧ .٧٩

کورتەیەک لە ڕاپۆرتی ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی لە ڕێکەوتی ١٩٣٩/٦/٣٠ (٣٨٨)، تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە مردنی کۆخا مەجید (.Encl. 79. A). (Koka Majid)

١٩٣٩/٧/١٧ .٨٠

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی لـە ڕێکەوتـی ١٩٣٩/٧/٧ (٤٠٨) تایبـەت بـە دامەزراندنـی حزبـی نـازی. ئەفسـەرانی سـوپا پەرۆشـی ئـەم حزبـەن. (.Encl. 80. A)

١٩٣٩/٧/١٨ .٨١

نووسراوی (.Encl. 78. A) تا نووسراوی (.Encl. 80. A) هیچ ئاماژەیەکی ڕوونی لەسەر جوڵانەوەی ئەڵمانی نەخستووتەڕوو. ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی لە سلێمانی بۆ ماوەی چەند مانگ بەدواداچوونی بۆ بابەتەکە کردووە، بەڵام شتێکی ئەتۆی نەخستووتەڕوو. بڕوانە لاپەڕەی ١٦، ئەفسەری پەیوەندیی هەوایی پشتگیریی لەوە دەکات هەنگاوی توند بگیرێتەبەر.

s/Ld.I2

٨٢. ١٩٤٠/٢٢

کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی (w/e) لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٠/١/٨، لەبـارەی چالاکییەکانـی شـێخ عەلائەدیـن. (Encl. 82. A.)

٨٣. ١٩٤٠/١/٢٥

ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی لەبـارەی چالاکـی ناسیۆنالیسـتی. (Encl.83.A.)

٨٤. ١٩٤٠/٢/١٤

ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە مووسـڵ بـە ژمـارە (5/d/d) لـە ڕێکەوتـی ١٩٤٠/٢/٣. لەبـارەی تێڕوانینـی کـورد. (Encl. 84. A.)

٨٥. ١٩٤٠/٢/٢٨

ڕاپۆرتـی ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە مووسـڵ بـە ژمـارە (٤٠/٦) لەبـارەی ناسـیۆنالیزمی کـورد. (Encl. 85. A.)

٨٦. "Wing Commander "I

ئاماژە بە نووسراوی (Encl. 85. A.)

٢. هەڵوێسـت گۆڕیـن لەبـارەی هاوسـۆزی دەربڕیـن کـە لـەم ڕاپۆرتـەدا خراوتـەڕوو، هەڵویسـت گۆڕینێکـی خێـرا بـووە. هـەردوو ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە مووسـڵ و ئەفسـەری پەیوەندیـی هەوایـی لـە سـلێمانی، جەخـت لـەوە دەکەنـەوە کـورد بڕیاریانـداوە لـە دژی ڕوسـیا بوەسـتن و لایەنگـری بەریتانیـان.

٣. تەنهـا هـۆکار بـۆ ئـەم گۆڕانکارییـە دەکـرێ ئـەو هۆکارانـە بـن کـە لـە پەرەگرافـی (iii) ی نووسراوەکـەدا ئامـاژە پێـدراوە، واتـە هیواداربـوون بـۆ گەیشـتن بـە سـەربەخۆیی بـە یارمەتـی یەکێتـی سـۆڤیەت. لـە دژی ئـەم هـۆکارە دەکـرێ دژایەتیکردنـی ڕووسـەکان بێـت [لەلایـەن کوردەکانـەوە] وەک هێزێکـی سیاسـەت نادیـار کـە دەگوترێـت لـە سەرتاسـەری کوردسـتاندا ئـەم دەنگۆیـە بـاوە. ئـەو ناوچانـەی لـە ڕاپۆرتەکـەدا ئاماژەیان پێکـراوە لـە سنورەکانی رووسـیا دوورە و ئـەو مەیلـەی لـە ڕاپۆرتەکـەدا بـاس دەکرێـت

ئەگـەری هەیـە زۆرتـر لـە ناوچەکانـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێراقـدا پەرەبسـێنێت.

٤. پڕوپاگەنـدەی ڕوسـیا-ئەڵمانیا لەوانەیـە بوونـی هەبێـت، بـەڵام بـەو جـۆرەی لـە ڕاپۆرتەکانـی پێشـوو ئاماژەیـان بـۆ دەکرێـت کـە ئـەم پڕوپاگەندەنـە زۆر کاریگـەرن، لـە ڕاسـتییەوە دوورە.

١٩٤٠/٢/٢٨ (Elying Officer. I. 2)

٨٧. ١٩٤٠/٢/٢٩

یاداشـتەکەتان بـە ژمـارە ٨٦ و نـووسراوی (Encl. 85. A.)، بـە بـڕوای ئێمـە پڕوپاگەندەی سـۆڤیەت لـە ناوچـە کوردییەکاندا [دوو دێـڕی کۆتایـی ناخوێندرێتەوە].

## ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA